پرۆفیسۆر مستەفا زەلمی
بەرپرسیارێتی تاوانکاری
لە شەریعەتی ئیسلامیدا
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
وەرگێڕانی: ئیبراهیم حاجی زەلمی

بەرپرسیارێتی تاوانکاری
لە شەریعەتی ئیسلامیدا
لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری یاسایی

نووسینی

دکتۆر مصطفی زەڵمی

وەرگێڕانی

ئیبراهیم حاجی زەڵمی

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية

بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە شەریعەتی ئیسلامیدا

نووسینی : دکتۆر مصطفی زەڵمی
وەرگێڕانی : ئیبراهیم حاجی زەڵمی
پێداچوونەوەی : تۆفیق کریم
نەخشەسازی : جمعە صدیق کاکە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠١٧

نرخی هەر بیست و شەش بەرگ
٢٥٠.٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤٤) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

﴿ لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ
ٱلْكِتَٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ
بِهِۦ وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا
وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾ ﴾

النساء : ١٢٣

ناوەرۆك

دەروازەی دووەم

شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری ....١٢١....

دەروازەی سێیەم

بەرگیرەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری ....٢١٧..

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

((وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ)) [1]

سوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگارێك كە مرۆڤەكانت دوواندوە بە وتەی پیرۆزت :

((فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ، وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ)). [2]

صەلات و سەلام بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری ڕێنموونیكەر بۆ ڕەفتاری ڕێكوپێك، ئەی ئاگاداركەرو ترسێنەری لەڕێدەرچووان بە سزای پڕئێشی قیامەت.

هەروەها صەلات و سەلام بۆ یاروو یاوەرانت، ئەوانەی كە قوربانیاندا بەوەی خوا پێی بەخشیبوون و خاوەنی بوون لە گیان و هەرشتێ بەنرخە، لە پێناو رزگاركردنی نەوەی ئادەم لە گێچەڵ وخراپەكاریە دەروونیەكان.

پاش ئەوەی.. لەلایەن (كۆلێژی یاسا و رامیاری– زانكۆی بەغداد)ەوە ڕاسپێرام بە وتنەوەی بوارێك لە بوارەكانی شەریعەتی ئیسلامی لە خوێندنی باڵا (ماجیستێر)، بیری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەم (بەرپرسیارێتی تاوانكاری لە شەریعەتی ئیسلامیدا) كەوتە سەر. بە ئامانجی خستنەبەرچاوی ئەو بایەخە مەزنەی كە ئەم شەریعەتە لەوبارەوە هەیەتی، كە توانیویەتی هەموو یاسادانانێكی تاوانكاری لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی تاوان تێپەرێنێت. هەروەها بەراوردكردنی بە هەندێ مادەی یاسایی سزادان. لەگەڵ خستنەڕووی نهێنی هەژمونی تاوانكاری كە گێرە شێوێنی و ئاژاوە لەسەر ژیان جێی دەهێڵن، بە لێكترازانی ئاكاری و ڕەوشتی كە لە ئەنجامی پچڕانی پەتی پەیوەندی نێوان پەروەردگارو مرڤەكاندا ڕوودەدات. لەخوای پەروەردگار دەپاڕێمەوە كە بەرپرسان و یاسادانەران بۆ پەیوەست بوونیان بە یاسای ئاسمانی ئاراستە بكات، وەك بەزەییەك بە قوربانیانی دەستی دەستدرێژیكەرانی گوناهبار. كەخوای پەروەردگار خۆی بەسەرهەموو شتێكدا زاڵ و بەتوانایە.

---

[1] سورة النحل / ٩٣ .

[2] سورة الزلزلة / ٧ .

پێشەکی

﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾[1]. ﴿فَلا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ﴾[2] إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ﴾[3] ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾[4].

هەر لەسەرەتای درووستبوونەوە، گرۆی ئادەمی، نیشتەجێی ئەم هەسارەی زەمینە کە ئێمە لەسەری دەژین، بۆ دووسەربازگە دابەش بووە: سەربازگەی شەڕو خراپە، سەربازگەی خێرو چاکە، ململانێی هێزەکان و کێبەرکێی توانا و خەرجکردنی وزەکان لەنێو ئەم شەپۆلە توندو پر هاژەو نالآنەی ژیان وایکردووە ئەمە بەردەوامی هەبێت. گۆرەپانی ژیان بە هەرچوارلادا جمەی بێت لە تەراتێنی مرۆڤەکان، لە شێوەی بەرگریکردن و پێشبڕکێی ئامانجی دژبەیەك و بەرژەوەندی تێك ئالآو، هەمووشی بەدوای دەستخستنی دەسەلآت وسەرکەوتن.

ئەمە بەدەر لەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان چاکە سەرکەوتوو نەبوو بەوەی کە چاکەو خەصڵەتی چاکەیە، دیارە خراپەش دۆڕاوو نەبوو بۆکاتێك لەبەرئەوەی هەڵگری پێکهاتەی شەڕو خراپەیە. ئەم سوننەتی ژیانە هەروا بوە، کەدەبێت لەهەموو چەرخ و سەردەمێکدا دەستێکی ژیرو هۆشمەند بنەوێت لە گشت سەرەداوەکان و ئەو کەشتیە قەرەباڵغ و پڕجەنجاڵە و پڕکێشمەکێشە لێخوڕێت و، بۆ کەناری

---

1. سورة المدثر / ٣٨ .
2. سورة النجم / ٣٢ .
3. سورة يوسف / ٥٣ .
4. سورة البقرة / ٢٥١ .

چاکەو هێمنی و چاکسازی و گەشەپێدان، بیبات.

جاران و ئێستەش وتراوە کە: مرۆڤ بۆخۆی چاکەو، هەڵگری نیازمەندی چاکەشە، ئەوە ژینگەو باروئۆخەکەیەتی ڕووەو ڕەفتاری تاوانکاری هەنگاوی پێهەڵدەگرێت. لە بەرامبەریشدا ڕایەکی پێچەوانەش هەبووە کە پێی وابووە: نەخێر مرۆڤ بۆ خۆی سروشتێکی شەڕەنگێزی هەیەو مەیلی هەردەم بۆ خراپە لێدەدات، ئەوە فاکتەرە پەروەردەیی و هوشیاریەکانن ڕێگەی چاکەو چاکویستی پێ دەگرن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لە زۆرینەی دەقەکانیدا ئەم دوو بۆچوونە هەردوکیان وەك خۆیان پووچەڵ دەکاتەوە، باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە نێوان جیهانی غەیب (مەملەکەتی ئەرواحەکان) جیهانی گیانداراندا یە. بۆیە لەهەمانکاتدا هەڵگری مەیل وحەزی چاکەیەو هەم هەڵگری مەیلی شەڕانگێزیە، ئەم دووانەش لەکاتی سەرهەڵدانیەوە بەردەوام خەریکی ململانێن، بۆ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا سەربکەوێت، ئەوەش بە کاریگەری ئەو شوێن دانەرانەی کە بەشداری دەکەن لەو ململانێیەدا و لایەنی یەکێك لەو مەیلەخۆڕسکانە دژی ئەوی تر دەگرن. دەقی قورئانی زۆر جەختی لەمە کردوەتەوە، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا﴾ هەروەها ئایەتی: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الإنسان مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ [1] نَبْتَلِيهِ [2] فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا. إِنَّا هَدَيْنَاهُ [3] السَّبِيلَ [4] إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾[5].

بۆیە شتێکی سرووشتیە کە مەیلی شەڕ مرۆڤ بخاتە سەرخوانی ڕەوشتی دواکەوتووی دوورلە ئاکاری و کۆمەڵایەتی هەماهەنگی وئابووری . لە ساتو

---

[1] تێکەڵ بوونی ئاوی پیاو ژن ، بە دەربڕینی تر پێکێت لە سەرە مێکوتەی نێو مەنی پیاو لەگەڵ هێلکەی ئافرەت لە منداڵدانیدا.

[2] تاقی دەکەینەوە بە ئەرکخستنە سەرشان، تاقیکردنەوەش ئەنجام نادرێت تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە ئامادەباشیان لەسەر چوونەپێش وگەڕانەوە دواوە هەبێت .

[3] .ڕێبەریمان کردوون بەو ڕێنوێنیانەی پێغەمبەران (رسل و الانبیاء)

[4] ڕێگەی هیدایەت

[5] سورة الانسان / ٢ ، ٣ .

کاتێکەوە بۆکاتێکی تر چالاکی بکات لەسەر دەرکەوتنی دیاردە تاوانکاریەکانی لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تووشی یەکێك لەو نەخۆشیبە دواکەوتویە بووە. پاشان کەوتن و دۆڕانی هێزی شەڕ لەو جەنگەدا ئەوسایش و ئێستەشی لەگەڵدا بێت لە ژێر کاریگەری کۆمەڵە فاکتەرێکی خۆپارێزی و هەندێکیشیان چارەسەریدا بە ئەنجام گەیشتوە.

لەگۆشەنیگای میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی خراپەو تاواندا، گرنگی یاسادانانەکان بەدەردەکەون. یاسادانانی تاوانکاری مرۆیی (دانراو) هەتا ئێستەش رۆڵی سەرەکی بە میکانیزمە چارەسەریەکانی وەك سزادان دەدات، ئەمە پێچەوانەی ئەو یاسادانە ئاسمانیانەی کە بەردەوام بایەخیان داوە بە میکانیزمە خۆپارێزیەکان، بەو پێیەی کە خۆپاراستن لە چارەسەرکردن باشترە. دیارە ئەو بنەمایەش لە سەرکۆمەڵێك پرانسیپ وەستاوە گرنگترینیان:

١- خۆپاراستن بەواتای هەوڵی بەرلێگرتن لە درووستبوونی کەسێتی تاوانکاری هەر لەسەرەتای منداڵیەوە.

٢- خۆپاراستن، مرۆڤ رادەهێنێت لە سەر ئەوەی کە رەفتارێکی رێك و ڕەوان بە پێی سروشتی و خودی و تواناو هیمەتی کەسی خۆی هەڵگرێت. بەو شێوازەی ئیتر دەسەلآت و توانای حوکمدانی بەسەر ئەوەدا هەیە کە لە هەگبەکەیدایە.

٣- بە نیسبەت ئەوانەی کە قاڵ بوون لەکاری تاوانکاریدا. کاری چارەسەری هیچ بایەخێکی نیە،

٤- سیاسەتی خۆپارێزی پشت بەکۆمەڵی پرانسیپی زانستی و پراکتیکی دەبەستێت، بە شێوازێك کە سەرکەوتوبوون پێی لە نەهێشتنی تاواندا کارێکی بێگرێ و گومانە.

٥- خۆپاراستن لە کاتی پێشوەختدا دەگیرێتە بەر، هەر لەو ساتەوەی کە مرۆڤ لەدەورو خولی هەویریدایە و هەڵگری جۆرێك لە نەرمی و شایەنی کاریگەربوونە لەوەی کە دەخرێتە سەری.

لەڕوانگەی ئەم ڕاستیانەوە، شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو تەشریعاتەکانی تر پێشەنگترە لە پێشکەشکردنی هاوکاری خۆپارێزی بە مرۆڤایەتی، کە مەیلی خەیرو چاکە بەسەر مەیلی خراپەدا سەربکەوێت.

هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە هەوڵی ڕیشەکێش کردنی ئەو پاشماوەو نیشتوە مرۆییە خراپانەدایەو، لە شوێنیدا خەریکی چاندنی بیروباوەڕی تەندرووست بووە، پاشان ئاودێرکردنی ئەو چاندنە بە جۆگەلەی ئەو ووزە گیانەکیانەی کە پەیوەندیی مرۆڤ و پەروەردگارەکەی بەهێزدەکەن. بەشێوازێك کەخۆی دەکات بە چاودێر بەسەر خۆیەوە پێش ئەوەی کەسانی تر ببنە چاودێری، لەکاتێکدا ئەم ووزە گیانەکیەی کەلای مرۆڤی موسڵمان دروست دەبێت وەك چاودێرێك بەسەر خۆیەوەیەتی بەرهەمەکەی لەوێوە وەردەگیرێتەوە کاتێك جوتیارەو لە کێڵگەکەیدا کاردەکات، کرێکارەو لە کارگەکەیدایەو مامۆستایەو لەقوتابخانەکەیدایە، فەرمانبەرەو لە نوسینگەکەیدایە، سەربازەو لەگۆڕەپانی جەنگدایە، بەرپرسێکەو لە شوێنی فەرماندەرکردندایە... بەم شێوازە گیانەکیە جوانە هێزی شەرانگێزی لای مرۆڤ لە قالب دەدرێ و کۆمەڵگەش لە ژیانێکی ئارام و سەقامگیر ودوور لەمەترسیەکان دەبێت .

ئەمە وەك ڕەهەندی خۆپارێزی، بەڵام هەرچی لایەنی چارەسەریە کە لە ڕووی بایەخەوە رۆڵی لاوەکی دەبینێت لە نەهێشتنی تاواندا، شەریعەتی ئیسلام پێش شەریعەت ویاسادانانە تاوانکاریە سەردەمیەکان کەوتووە، لە داننانی بەو پرانسیپ و تیۆریە تاوانکاریە گشتیە باوانەدا، کە یاسادانانی مرۆیی، پاش شۆڕشی فەرەنسی نەبێت، دەستی بۆ نەبردن. وەك پرانسیپی شەرعیەتی تاوان و سزاکان، ئەوانەی کە قورئانی پیرۆز پێش زیاتر لە ١٤٠٠ساڵ بە ئایەتی ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[1]، باسی لێوەکردوە، هەروەها پرانسیپی کەسێتی

[1] سورە الاسراو / ١٥ .بنەمای (هیچ شتێك تاوان نیە و هیچ سزایەکیش بۆ هەرکەس نیە، لە سەرینەمای دەق نەبێت ،)، لەم دەقی قورئانی و ئەولنی ترەوە وەرگیراوە، ئەم پرانسیپە یاسای ڕێی پێنەبرەووە پاش کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا نەبێت، تەنانەت لەم مێژوەشدا لەناو یاساکاندا بەیەك شێوە جێگیرنەکراو و بەچەند قۆناغدا تێپەری و گەشەی کرد جا گەیشتە ئەم شێوەیەی خۆی.

بەرپرسیارێتی تاوانکاری کە قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردوەتەوە بە ئایەتی ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[1]. هەروەها کورتکردنەوەو حەصرکردنی شوێن بەرپرسیارێتی تاوانی لەسەر مرۆڤی زیندووی و تێگەیشتوو و پێگەشتووی ڕاوەستاو کە قورئانی پیرۆز بریاری لەسەرداوە بە ئایەتی پیرۆزی ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾[2]، هەروەها پرانسیپی دووبارە نەگەڕانەوەو ولانەکردنەوە لەدەقی تاوانی گوزەشتە، کە قورئانی پیرۆز لە چەند شوێن ئاماژەی پێداوە وەك لە ئایەتی ﴿عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَفَ وَمَنْ عَادَ فَيَنْتَقِمُ اللَّهُ مِنْهُ﴾[3] هەروەها ئایەتی: ﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ﴾[4]...ئەمەو چەند پرانسیپی تاوانکاری و تیۆریای گشتی کە لە تەشریعاتی ئەورووپیدا نەهاتوو و نەزانراو بوون تا دووای شۆڕشی فەرەنسی و لەسەدەی هەژدەیەمدا هێنرانە کایەوە، سەرەڕای ئەو پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونانەی کەلەبواری یاساداندا بەدەستیان هێنابوو بەبەراورد لەگەڵ ولاَتانی تری جیهانی.

لەپاڵ ئەوەشدا شەرعناس و شەرعزانە موسڵمانەکان خاوەن تیۆریای تاوانکاری گشتی بەئەنقەستو، هەروەها لێدانی هۆکار بۆمردن (شێوە ئەنقەست– شبە عەمدی) یان هەڵە، یان بەشداری وهاوبەشیکردنی تاوانکاری، هەروەها ڕێگرەکانی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری، هۆکارەکانی ڕێپێدان، وهتد ئەمە بەدەرلەو تیۆریاو پرانسیپ و بنەما تاوانکاریە گشتیانەی کەوا من لێرەدا دەمەوێت هەندێکیان بخەمە ڕوو، ئەویش لەدوو دەروازە دا بە شێوەیەك دەروازەی یەکەم : بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریە و دەروازەی دووەمیش شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریە. کەمن لەخوای پەروەردگار داوامە کە هاوکارو پشتیوانم بێت بۆ ئەوەو هەرخۆیشی زاڵو بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

---

[1] سورة الانعام / ١٦٤ .
[2] سورة البقرة / ٢٨٦ .
[3] سورة المائدة / ٩٥ .
[4] سورة الانفال / ٣٨ .

دەروازەی یەکەم

بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە شەریعەتی ئیسلامیدا

بەرپرسیاریتی تاوانكاری لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە واتای : مرۆڤ دەبێت دەرەئەنجامی ئەو كارە یاساغانەی كە ئەنجامیداون و خۆی هەڵبژاردوون و زانیویەتی ماناو دەرەئەنجامیان كامەیە، هەڵبگرێت.

دیارە یاسا لەو راستیەدا لەگەڵ شەریعەتدا بۆ بەرپرسیاریتی تاوانكاری جیاوازی نیە، و لە بەرپرسیاریتی مەدەنی دا نایەتەوە لەگەڵیدا، ئەوەتا لە شەریعەتدا واهاتوە: كە گەرەنتی مرۆڤ لە قەرەبووكردنەوەی زیان لەوكەسەی كە بە بێ پاساو لەوانی تری گەیاندووە . دیارە لە یاسادا هاتوە : كەسێك بە پێی یاسا پابەندە بە قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانەی كە بەكردەوەیەكی هەڵەی گەیاندوویەتی بەوانی تر. [(١)]

شەرعناسان (فوقەها) (پابەندی – گەرەنتی) دەكەن بە سێ بەشەوە: گەرەنتی پەیمان، ئەگەر لەكاتێكدا سەرچاوەكەی گرێبەست بوو، گەرەنتی دەستی، ئەگەر سەرچاوەكەی بندەستانەی ناشەرعی بێت، هەروەها گەرەنتی لەكەڵك خستن و فەوتان ئەگەر سەرچاوەكەی فەوتاندن بوو. دیارە یاساناسانی بەرپرسیاریتی مەدەنی بۆ گرێبەستی و كەمتەرخەمی دابەشیدەكەن، ئەم دوو پێناسانە وەك دابەشكردنەكان نزیكی تەواویان هەیە، ئەوەش بە پێچەوانەی هەندێ لەنوسەرانی فیقهی ئیسلامی. [(٢)]

---

[١] الدكتور محمود عثمان الهمشري، المسؤولية الجنائية عن فعل الغير، لاپەرە ٢٧ .

[٢] وەك ماموستا شێخ عەلی ئەلخەفیفە لە لێكۆڵینەوەیەكیدا (بەرپرسیاریتی مەدەنی لە تەرازووی فیقهی ئیسلامی- المسؤولية المدنية في الميزان الفقهي الإسلامي) لە گۆڤاری پەیمانگای لێكۆڵینەوەو دراساتی عەرەبی) بلاوكرابوەوە، لەژمارە سێ، ١٩٧٢ لاپەرە ٩٣و بەدواوە.ئەو نزیكبوونی دابەشكردنی فیقهی و یاسایی، رەتدەكاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی كە مەبەست لە پابەندی پەیمان بریتیە لە چونە ژێر پابەندی ئەو كەسەی كەپەیمانەكە دەبەستێت، بەومانایە بەرپرسیارە لە ئاستی و بەتەنها تەولوبوونی پەیمانەكە ئیتر پەیوەست ودلواكراوە لە ئاستی، بەپێی بنەماكانی ئەو پەیمانە. بەپێچەوانەی ئەو بەرپرسیاریتیە پەیمانیەی كە لەسەر دەستهەلگرتن لەجێبەجێكردنی پابەندی پەیماننامە...تا كۆتایی. لە راستیدا .ئەم دابەشكردنە بۆ دوویەش ئەگەرچی لە دارشتندا یەك ئەگرنەوە ئەوا دواجار هەمان جەوهەرو ئەنجامیان هەیە، چونكە ئەوەی رەتیدەكاتەوە بچێتە ژێر جێبەجێكردنی پەیمانەكەوە لە یاساو شەریعەتی ئیسلامیدا بەرپرسیارە بەپێی ئەوەی لە پەیمانەكەدا هاتووە. بۆیە لەسەریەتی قەرەبووی هەموو ئەو زیانانەی كەلەوە دەكەونەوە بكاتەوە، پابەندی بە بەڵێن و لەناوبردنی،
←

دیارە كۆمەڵێك پێوەری هاوبەش هەن لە نێوان شەریعەتی ئیسلامی و یاسای تاوانكاری مرۆیی دانراو، بەوپێیەی كەهەندێ ڕێو شوێن هەن بۆ جیاكاری بەرپرسیارێتی تاوانكاری لەگەڵ بەرپرسیارێتی مەدەنی ، بەهۆی بایەخی ئەو جیاكاریەش لە ڕووی شوێنەوار و ئەحكامەوە، لەم پێشەكیەدا هەندێك لەوانە دەخەمەڕوو:

١- لە بەرپرسیارێتی تاوانكاریدا كردەی تاوانی، پێویستە پێشتر دیاریكراوبن، ئەوەش لە پرانسیپی شەرعیەتەوە وەرگیراوە كەشەریعەتی ئیسلامی بڕیاری لەسەرداوە پێش یاسای تاوانكاری دانراوی مرۆیی، كە لەكاتی خۆیشیدا ئێمە باسی لێوەدەكەین.

لەكاتێكدا كردە ناڕەواكان لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا چوراچێوە بۆ دیارینەكراوە، چونكە هەرهەڵەیەك زیانێك بخاتەوە بەرپرسیارێتیەكی مەدەنی درووستدەكات. لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەم بەرپرسیارێتیە لەسەر جۆری ئەو زیانەی دەیخاتەوە چاوی لێدەكرێت، جا سەرچاوەكەی هەرچی بێت، .

٢- رەگەزی زیان بنەمایەكی سەرەكیە بۆ پێهەستانی بەرپرسیارێتی مەدەنی ، دواكەوتنی واتای دواكەوتنی ئەوە، لەكاتێكدا هەبوونی پێویست نیە لەهەموو بەرپرسیارێتیەكی تاوانكاریدا، وەك ڕێككەوتنێكی تاوانكاری بە بێ ئەوەی تاوانەكە جێبەجێبكرێت. هەروەها بندەستیكردنی چەك بە بێ دەرەفەت، لەكاتێكدا رەگەزی زیانمەندی ڕاستەوخۆ لەناویدا بوونی نەبووە. درۆی بە ئەنقەست و ڕژدی و ڕق و پاشملە باسكردن و خراپ باسكردنی یەكتر، لەو قەدەغەكراوانەن كە شەریعەتی ئیسلامی بەتەواوی نەهی لێكردووە، لە تاوانە ئاكاری و ئاینیەكان هەژماریكردوون، ئەمە لەكاتێكدا هیچ زیانێكی كرداری كە بەوانی تر بگەیەنێت، لەسەریان كەڵەكەنەبووە.

٣- پایە مەعنەویەكان بایەخێكی گەورەیان لە هەستان بە بەرپرسیارێتی تاوانكاری هەیە، لەكاتێكدا هەمان بایەخیان لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا نیە، بەڵكو لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەو یاسایانەی كە بەهەمان شێوازو ڕێچكەیا ڕۆیشتوون داوای چەسپاندنی هۆش و پێزانین و هەڵبژاردن ناكەن. لەسەرئەو بنەمایە ئەگەر مێرد منداڵێكی

بەرپرسیاریەتیەكی كەمتەرخەمیە لەئەنجامی كردەیەكی ڕێگەپێنەدراو-نامەشروع- لە هەریەك لە شەریعەت و یاسادا ئاماژەی پێكراوە.

پێنەگەیشتوو، یان شێتێك یان هەرکەسێك کەلەئاستی هەمان حوکمدا بێت، لە ڕوودانی زیان بەرامبەر ئەوانی تر، دەبێتە بەرپرسیاری مەدەنی لە قەرەبووکردنەوەی.

٤- لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا، داوای تایبەت کەسی زیان لێکەوتوو یان ئەو کەسەی کەبریکاریەتی، بەرزی دەکاتەوە، پاشان دەتوانێت پاشەکشە بکات لەو داوایەی و لەهەر قۆناغێکی ڕێکاریە یاسایەکانیدا داواکەی بکێشێتەوە. لەکاتێکدا لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا تایبەتمەند دەکرێت بە داواکاری گشتیەوە لە یاسادا. لەشەریعەتی ئیسلامیدا بۆ هەرتاکێك هەیە ئەو داوایە بەرزبکاتەوەو وەك هەرکەسێك کە لە کاروباری گشتیدا بەرپرسیاربێت، بەبێ ئەوەی جوڵێنەرەکەی بە هیچ شێوەیەك هەقی لێخۆشبوونی هەبێت. ئەوەش بە پێی ئایەتی پیرۆزی ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾[1]

بەرپەرچدانەوەی خراپە فەرزی کیفایەیە، پێویستە دەسەڵات پێی هەستێت و داوا لە دژی ئەنجامدەرانی بەرزبکاتەوە، وەك بەرپرسیارێك لەکاروباری گشتی، جائەگەر تاك نەیتوانی بۆخۆی ڕووبەڕووی بێتەوە.

٥- لەبەرپرسیارێتی مەدەنی دا سزا قەرەبوویەکی بەرامبەردانراوە بەپێی قەبارەی زیانەکە، بەڵام لەبەرپرسیارێتی تاوانکاریدا بە پێی جۆری ئەنجامدانی تاوانەکە شێوەکانی دەگۆڕێت.

٦- لە بەرپرسیارێتی مەدەنیدا مەبەست لە سزا جۆرێك لەقەرەبوە زیاتر لە ئاست ئەو زیانەی کە بەرامبەر بەرژەوەندی کەسێك دراوە، هەروەها هەوڵێکە بۆ هەرچی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ئەو دۆخەی کە پێش زیان لێکەوتنەکە بوونی هەبووە، بەڵام مەبەستی سزای تاوانکاری (جینائی) بریتیە لە جێبەجێکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بە بەرلێگرتن یان وەستانەوە لە ئاستیدا...

٧- داوا لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا پەیوەستە بە بەهایماڵیەوە، نەك کەسییەوە، بۆیە دەگونجێت ئاراستەی زیانلێکەوتوو یان بێجگە لەو، لە باوك و سەرپەرشتیارو واریسەکەی بکرێت، بۆیە لەسەری لاناچێت بە مردنی بەڵکو پەیوەست دەکرێت بەوەی

---

[1] سورة آل عمران / ١٠٤ .

کەلێی جێماوە. ئەمە لەکاتێکدا بەرپرسیارێتی تاوانکاری کەسیە، ئەو پرسە تەنها بەرامبەر تاوانبارەکە دەجولێنرێت و بەمردنیشی کۆتایی دێت. وەك چۆن چەند ئایەتی پیرۆز ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[1].

٨- لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا پشت بە هەڵەی گریمانەیی نابەسترێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا کەلەسەر کەسێك هەژماردەکرێت تەنها لەسەر بنچینەی زیان کەوتنەوە. وەك بەرپرسیارێتی کەسێکی(شوێنکەوتراو- المتبوع) لەسەر ئەو زیانەی کە شوێنکەوتویەك و لەگەڵبوویەکی دەیدات. هەروەها ئەو بەرپرسیارێتیەی کە خاوەنێك دەیکەوێتە سەر لە ئاست ئەو زیانەی کە ئاژەڵەکەی ئەنجامی دەدات.[2]

وەك زانراوە - شەریعەتی ئیسلامی بەرپرسیارێتی مەدەنی لەسەربنەمای هەڵە هەرگیز بونیاد نانێت. بۆیە تۆڵەسێنی ناکات بە نیسبەت ئەو شێوازە جیاوازانەی کە تۆڵەسێنیان پێدەکرێت لەبەرپرسیارێتی مەدەنی کە لەلایەن یاساناسانەوە لەسەربنەمای هەڵە ئەنجامی دەدەن.[3] پاشان ئایا پلەی هەڵە لەهەریەك لە لای بەرپرسیارێتی مەدەنی و بەرپرسیارێتی تاوانکاری یەك شتە؟ یاخود جیاوازە لەلای هەریەکەیان؟ هەیانە دەڵێن بە یەکەمیان، هەشیانە لە ماڵ و سامانەوە بۆ ئاراستەی یەکەم، دیارە بەرهەمی جیاوازی لەوەدا دەبێت کە ڕای جیاواز وادەکات کە دادگای

---

[1] سورة الانعام / ١٦٤ .

[2] الدكتور عبدالرزاق السنهوري: الوسيط ((مصادر الالتزام)). الطبعة الثانية ٨٤٣/١

[3] لەدەقی مادەی (١٣٨٢) یاسای شارستانی فەرەنسیدا هاتوە کە" هەرکردەیەك لە مرۆڤ بکەوێتەوە و زیانێك بەوانی تر بگەیەنێت، ئەوا لەسەر ئەو کەسەی بەو هەڵەیەی زیانەکەی گەیاندوە قەرەبووی زیانی زیانلێکەوتوویکاتەوە

هەروەها دەقی مادەی (١٦٣) لە یاسای مەدەنی میصریدا هاتووە" هەرهەڵەیەك هۆکاربێت بۆکەسی تر پێویستە بکەرەکەی ئەرکی قەرەبووکردنەوەی لەئەستۆ بگرێتەوە" ئەم دوودەقەو ئەوانی تر لە یاساکانی ولاتانی تر، ئەوە ڕووندەکەنەوە کە هەڵە ئەو بنەما جەخت لەسەر کراوەیە لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا، و لەدوو رەگەز پێکدێت: یەکێکیان دەروونیەو برتیە لەجیاکاری و(پەیبردن- ادراك)ئەوی تریشیان مادیەو خۆی لە هەڵنەسان بە ولجبێکی قانوونی دەبینێتەوە، دەبێت ئەوهەڵەیەش هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەو زیانە بێت، گەرنا بەرپرسیارێتیە مەدەنیەکە لەسەری دەکەوێت. تەماشەی: محمود عثمان الهمشري، المسؤولية الجنائية عن فعل الغير، ص ٢٧ - ٢٨ .

مەدەنی خۆی وابەستە نەکات بە حوکمی دادگای تاوانکاریەوە. جا ئەگەر دووەم بە بێ تاوانی تاوانبار کۆتایی هێنا بەهۆی نەبوونی هەڵەیەك کە ببێتە فاکتەری ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە رێگری لە دادگا ی مەدەنی بکات بەوەی کە حوکمی قەرەبووی بەسەردا نەدات، ئەگەر لەکاتێکدا هەڵەیەکی ئەوەندە هەبێت کە بەس بێت بۆ هەستان بە بەرپرسیارێتی مەدەنی .

ئەگەر بوترێت بەیەکەیەکی هەڵە، ناتوانرێت دادگای مەدەنی قەرەبووی بەسەردا جێبەجێ بکات ئەگەر دادگای تاوانکاری بە بێ تاوان بریاری بەسەردا سەپاندبێت. [1]

لە شەریعەتی ئیسلامیدا زیانگەیەنەر لێپێچینەوەی مەدەنی لەسەرە جا ئەگەر هەڵەی تیا هەبووبێت یان نا، چونکە بنەما لێرەدا تەنها زیان لێکەوتنە.

دیاریکردنی بنچینەی بەرپرسیاریتی تاوانکاری:

شایانی باسە کە هەموو چەمکێکی یاسایی یان تیۆری یاسایی دژایەتی لەگەڵ گیانی شەریعەتی ئیسلامیدا نیە، توێژەر بۆ ئەمە دەتوانێت پشت بە دەقەکانی ئەو شەریعەتە ببەستێت، یاخود لە وتەو راو بۆچوونی فوقەهاو شەرعناسانی ئیسلامی لە رووی جەوهەرو ماناوە سوود وەربگرێت، ئەگەر بەو دەربڕینەش وەك خۆی دەستی نەکەوتن، بەڵگەدۆزی بکات. چەمك و زاراوەی (بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری) لەو جۆرانەن، کە لە رووی کرۆك و ماناوە لە چەند ئایەتی قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەهاتوە. لەو روانگەوە پێم خۆشە کەهەندێ لەوانەی وترا بخەمە روو، بەتایبەت لە دیاریکردنی (بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری) لەلایەن یاساناسان و نوسەرانی هاوچەرخەوە، تاوەکو ئێمە بەرچاو رۆشن بین لەوەی کە ئەم دەربڕینە سادەو رۆشنە هاتوە لە قورئانی پیرۆزدا و هەموو ئەوەی لەوبارەوە وتراوە هەمووی سەرپۆش دەکات.

دیارە هەر لەدێر زەمانەوە راو تێروانینی زۆر سەبارەت بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەبوون، بۆ هەریەکەشیان لایەنگری خۆی هەبووە:

أ- لایەنگرانی تیۆری کلاسیکی (تیۆری ئازادی هەڵبژاردن) : بنچینەی

---

[1] الدكتور محمد مصطفى القللي المسؤولية الجنائية ص ٢٢١ .

بەرپرسیاریتی تاوانکاری بریتیە لە ئازادی هەڵبژاردن هەروەها ئەوەی لەسەری کەڵەکەدەبیت لە بەرپرسیاریتی ویژدانی یاخود بەرپرسیاریتی ئاکاری.

ئەوان بونیادی ئەو تیۆریەیان نا، لەسەر ئەو راستیە سەرەتاییانەی ئازادی تاك لە هەڵبژاردنی رەفتاریدا، و بەرزراگرتنی خراپە بەسەر چاکەدا، هەروەها وەستانەوە لەبەرامبەر یاسا لەبری ملکەچیکردنی، دوای هەڵسەنگاندنی هەردوو رێگەکە بە هۆشیاری و پەیبردنی تەواوەوە. [1]..

ب- بانگەشەکارانی تیۆری (دانانەکی- وەزعی) و حەتمی، پێیان وایە کە بەرپرسیاریتی تاوانکاری لە سەربنەمای بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی دادەمەزریت. ئەوان تیۆریاکەیان لەسەر ئەوبنچینەیە داناوە کە کردەکانی مرۆڤ دەرەنجامی ویستێکی ئازاد نەبوون وەك لەوەی کە لەرووکاردا وەها دەردەکەون، بەڵکو رەفتاری مرۆڤ بۆخۆی ملکەچی دووکۆمەڵە هۆکارە، کۆمەڵێکیان پەیوەستن بە پێکهاتەی ئەندامی و دەروونی تاکەکەوە، ئەوی تریشیان پەیوەستە بەو بارودۆخ و ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە مرۆڤەکەی تیادا دەژی، هەربۆیە ئەم دوانە ویستی تاك دەخەنە پشتگوێ پاڵی پێوەدەنێن رووەو رەفتاری تاوانکاری، لێرەوە تاوان لەو ترسە تاوانکاریەی کە هەرەشەدەکات لە کۆمەڵگە خۆی نومایش دەکات. پاشان کۆمەڵگەش بەرۆڵی خۆی هەڵدەستێت بەو ریو شوێنانە لە پێناو پارێزگاری کردن لەخۆی. [2].

ت- هەندێکیش دەڵێن: بنچینەی بەرپرسیاریتی تاوانکاری بریتیە لە هەڵەو تاوان، ئەگەر نەبوو ئەوا ئەنجامدانیشی هەڵدەگیرێت، وەك چۆن ئەگەر کەسێکیش لە ژێر پەستان و بەزۆرە ملێ تاوانێك ئەنجام بدات. [3].

پ- رەحمەتی مامۆستا عەبدولقادر عۆدە دەڵێت: بەرپرسیاریتی تاوانکاری بریتیە لە پێزانین و هەڵبژاردن-ئیختیار، لە شوێنێکی تردا پێیوایە کە لە سەرسێ بنەما

---

[1] الدكتور محمود نجيب حسني: الموجز في شرح قانون العقوبات، القسم العام طبعة ١٩٦٧ ص ٣٩٩ .
الدكتور سمير الجنزوري: الاسس العامة لقانون العقوبات ص ٤٨٢ .

[2] هەردوو سەرچاوەی پێشوو.: الدكتور محمد مصطفى القللي: المسؤولية الجنائية ص ٦ .

[3] الاستاذ جندي عبدالملك: الموسوعة الجنائية ٣/ ٦٧ .
الدكتور فتحي بهنسي: المسؤولية الجنائية في الفقه الإسلامي الطبعة الثانية ص ٦٧ .

وەستاوە: یەکەم مرۆڤێك هەستێت بە کردەیەکی قەدەغەکراو (حەرام) هەروەها ئەوکەسە ئیختیاری لەدەستدا بوویێت، پاشان پێزانینی بەوە هەبوویێت کە ئەنجامی دەدات، جا ئەگەر ئەو سێ بنەمایە هاتنەدی، ئەوا بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەرجێبەجێدەبێت، خۆ ئەگەر یەکێك لەو سیانەی لێ هەڵگیرا ئەوا ئەو بەرپرسیارێتیەشی لەسەر نامێنێ.[1]

راو بۆچوونی یەکەم شایەنی رەخنەیە لەچەند روویەکەوە لەوانە:

أ- ئازادی هەڵبژاردن ڕەگەزێکە لەو سێ رەگەزەی کە پێکەوە بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکارین، ئەودوانەکەی تریش(پێزانین-ادراك)و خۆدزینەوە لە (ئەرك- واجب)ن.

ب- بەرپرسیارێتی ئاکاری بەجێنابێت لای ئەوەی کە هەست بەوراستیە ناکات، " کە کۆمەڵێك بنەمای ئاکاری بەرز هەن، گران وخراپن لەلای ویژدان گەر پێچەوانەیان بجوڵێتەوە".

ج- ئەگەر راستبێت کە بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری بریتی بێت لە ئازادی هەڵبژاردن، کەواتە لەسەر کام بنچینە تاوانە نائەنقەستیەکان و تێکڕای سەرپێچیەکانیش بە شێوەیەکی گشتی، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت بوترێت کە تاوانبار هەستاوە بەهەڵبژاردنی ئەو جۆرە تاوانە؟

هەروەها ئەو رایەی دووەم تێبینی لەسەرە لەم روانەوە:

ا- وادەکات لە تاوانبار کە تەنها رۆبۆت و ئامێرێك بێت بە دەست بارودۆخ و فاکتەرە ناوەکیەکانیەوە، کە هەڵبسێت بە ئەنجامدانی رەفتاری تاوانی بێ ئەوەی ئەو هیچ خۆهەڵقورتانێکی تیادا هەبێت. کە ئەمەش لۆژیکی درووست پەسەندی ناکات.

ب- ئەگەر ئەم جۆرە باس لێوەکردنە راست بێت، ئەوا بەسەر ئەوەی کە خاوەنداری هێزی عەقڵانی خۆی نیە، جێبەجێدەبێت، بۆیە ئەمە بۆ کەسێکی هۆشمەندو ئاسایی بەراست وەرناگیرێت.

---

[1] الاستاذ عبدالقادر عودة: التشريع الجنائي الإسلامي الطبعة الثالثة، ١٩٧٧، ٣٩٠/١، ٣٩٢/١.

ج- پاشان بریاری ئازادی ڕەهای هەڵبژاردنی، هیچ بەڵگەیەكی زانستی بەردەسكەوتوو نیە بۆی، وەك چۆن دیسان بەڵگەیەكی زانستی تەواو بەردەس نیە بیسەلمێنێت كە مرۆڤ بۆخۆی ئامێرێكە بەدەست فاكتەرو بارودۆخەكانەوە.

د- عەقڵی دروست ئەو حوكمەش نادات كە كەسێك خاڵی بێت لە ئیدراك و پێزانین و ئیختیار، توانای هەستان بە بەرپرسیارێتی تاوانكاریان هەبێت، چونكە مەترسیە لەسەركۆمەڵگە.

ڕاو بۆچوونی سێیەم ڕەخنەی لێدەگیرێت لەوەوە كە:

بەوەی كە تێكەڵیەك دەكات لە نێوان (الخِطء (بكسر الخاء)) كە چاوگی (خطئ) چاوگی ناوی (خطيئة) لەگەڵ (الخطأ (بفتح الخاء) كەئەمانە لە ڕووی ماناو حوكمەوە جیاوازیان هەیە. چونكە (الخطأ) لە زمانەوانیدا دژی ڕاستی و تەولویە، یان دژی بە ئەنقەستە، یاخود نەپێكانی ئامانجە یاخود هەڵەكردنە. هەرچی (الخِطء (بكسر الخاء)) لەهەمانكاتدا (الخطيئة) بەواتای تاوان و گوناهـ دێت. پاشان لە ڕووی حوكمیشەوە قورئانی پیرۆز بە دەقی ڕوون باسی (الخطأ (بفتح الخاء) دەكات و وەك بنچینەیەك بۆ بەرپرسیارێتی تاوانكاری ناهێنێتە ئەژمار، بەڵكو كاتێك زیانی لەسەر كەڵەكەبوو ئەوا وەك بنچینەیەكی بەرپرسیارێتی مەدەنی هەژماری دەكات بەئایەتی پیرۆزی ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ [1] وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾[2].

لەكاتێكدا لە دەقی قورئانی پیرۆزدا هاتوە كە (الخِطء (بكسر الخاء)) هەروەها (خطيئة) بنچینەیە بۆ بەرپرسیارێتی تاوانكاری. وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا [3] كَبِيرًا﴾[4].

" هەرچی ڕاوبۆچوونی مامۆستا عەبدولقادر عۆدەیە ئەوەیە كە ئەگەرچی پەسەندترین و نزیكترین ڕایە بۆ دیاریكردنی بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانكاری، بەڵام

---

[1] واتە توشی لادان و كەو تنە هەڵەوە بوون

[2] سورة الاحزاب / ٥ .

[3] بكسر الخاء: واتە تاوانێك یان گوناهێك .

[4] سورة الاسراء / ٣١ .

تێبینی ئەوەی لەسەرە کە: ئەو بنچینانەی هێناوینی لە راستیدا ئەوانە ڕەگەزی بنچینەی بەرسیارێتی تاوانکارین، کە دواتر ئەوەش ڕووندەکەینەوە...

ئەوەی لەو بابەتەوە بینیمان:

وتمان زاراوەی بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری، ئەگەر لە شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامیدا بەهەمان شێوەی دەربڕین نەمانبینی، ئەوا بە چەند ئایەت و دەقی پیرۆزی قورئانی، کە سەرچاوەی سەرەکی و بۆگەڕاوەی یەکەمەو تیایدا حوکمی دادپەروەرانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕو جیاوازیەی باسی لێوەکرا دیاریکراوەو بوونی هەیە. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإنسان إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً﴾[1].

ئەم گەردوونە گەورەو ڕێکوپێك وسازاوەی، کە زانایانی گەردووننااسی تا ئیمڕۆ واقوڕماون لە ئاستی و پرسیاری ئەوەی کە (کەی دەستی پێکردوەو کەی بە کۆتا دەگات؟؟) لێوەدەکەن، ئەو دروستکراوە گەورەو زەبەلاح و سەرنج ڕاکێشانە، کە مرۆڤ لەو نێویاندا هەیەو دەژی کە لەچاو ئەواندا شتێکی ساکارو کەم هەمیەتە.. ئەو گەردوونە تێکڕا ملکەچی فەرمانی دروستکراوەکەی و جێبەجێکاری ئەرکەکەیەتی، بە بێ ئەوەی ویست و پەیبردنیشی پێ هەبێت. لەسەر ئەو یاساو ڕێوشوێنە بە حوکمی دروستکراوی و سروشتی ڕامکراوی خۆی ڕێدەکات . بۆ ساتێك و نەلادان و نەکەم وکورتی دەهێنێت، کەچی سامیان لێنیشت و ترسان لەو متمانەی پێسپاردنە، پێسپاردنی هەلگرتنی بەرپرسیارێتی..

بەڵی مرۆڤ خستیە سەرشانی خۆی و ئەوەش بە هۆی جیاکاری ئەو لەگەڵ دروستکراوەکانی تر بە ویست و پێزانینی خۆی. ڕێنموونی دەکات بۆ شەریعەتی خواکەی و بە تەگبیرو چارەسازی و بەرچاو ڕۆشنی و بەصیرەوە. بە پێی ئەو شەریعەت

---

[1] الأحزاب : ٧٢

لە التلويح على التوضيح شرح التنقيح (١٥٤/٣):دا هاتوە ، مەبەست لە پێسپاردنی ملکەچی بۆ واجب ، جێبەجێکردنیەتی .

ویاسایە و بە پێزانین و ویستی خۆی کاردەکات، بەرەنگاری لادان و مەیلو خەمو خەون و ئارەزووەکانی دەبێتەوە.

ئەم دروستکراوە بچکۆلەیە لەرووی قەبارەو، کەم هێزو لاواز و تەمەن دیاریکراوو کورت، کەچی ئەم ئەمانەتەی خستە سەرشانی خۆی و ڕازی بوو بەتێپەڕکردنی ترسناکیەکانی.. بەوەش ئەو مرۆڤە ستەمکارە بوو لەئاست خۆی و نەزان بوو بەرامبەر ئەو ووزەیەی کەخاوەنیەتی، کە ئەمە بەبەراورد ئەو زەبەلاحی و قورسی بەرپرسیارێتیەی لەسەرشانی خۆی خستووە.

دیارە ئەو تایبەتمەندیە لە پێزانین وویست و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە ئەمانەتی سپاردن و تەکلیف.. بوەتە هۆکاری ڕێزلێگرتنی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بە ئایەتی پیرۆزی : ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ...﴾[1] بوەتە بنچینەیەك بۆ گەورەیی و فەرمانداری ئەو بەسەر دروستکراوەکاندا و ئەوان ڕامکراوی بەردەستی ئەوین و لەخزمەتی ئەودابن: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مِّنْهُ...﴾[2].

لێرەوە لە ژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا بگەینە ڕاستیەکی ڕوون کە ئەویش: بنچینەی هەڵبژاردنی مرۆڤ لە نێو هەموو هەبووەکانی نێو ئەم گەردوونەدا لە هەڵگرتنی ئەو ئەمانەت وپێسپاردن و بەرپرسیارێتیەدا، بریتیە لە نایابی وتایبەتمەندی ئەو لە ویست و پێزانین دا.. ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت هەموو مرۆڤێك کە خاوەن ویست و بزان بێت ئیتر دەبێتە جێگەی یاخود شایەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری، بەڵکو ئەو ڕێزلێگیراوو سەربەرزو سەروەری نێو دروستکراوانە، ئەگەر بە ویست و هوشیاری و ئاگایی وهەڵبژاردنی خۆیەوە هەڵنەسابێت بە ئەنجامدانی هەڵەو تاوانێك، خیانەت و ناپاکی لەو ئەمانەتەی کە بۆخۆی خراوەتە سەری نەکردبێت.

لێرەوەو لەم ڕاستیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری مرۆڤی تاوانکار[3] بریتیە لە تاوان. یان هەڵەیەك، کە لەسێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت:

---

[1] الإسراء : ٧٠

[2] الجاثية : ١٣

[3] لە فەرهەنگی عەرەبی ئاسانکرلو– الموسوعة العربية الميسرة) فۆتۆکۆپیەك هاوشێوەی چاپە (ڕەسەن – اصل)کەی، چاپی ١٩٦٥ لاپەرە ٧٦دا هاتووە: هەڵەکردن لە ئایندا کردەیەکی نائاکاریەو سەرپێچی ←

(پەی بردن=ادراك) و هەڵبژاردن وناپاكی ئەمانەت (یان ڕەفتاری تاوانی) ئەمەش دەقی پیرۆزی قورئانی جەخت لەسەر ئەمە وەك راستیەك دەكاتەوە لە چەند شوێندا وەك:

أ- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[1].

ب- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿قَالُواْ يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ﴾[2].

ج- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿... وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾[3].

د- خوای گەورە دەفەرموێت:﴿... إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ﴾[4].

ئەم دەقە پیرۆزانەی قورئان كەهێنامان و ئەوانی تریش، بە ڕوونی جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە بنچینەی بەرپرسیارێتی تاوانكاری بریتیە لە تاوان وهەڵە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا ڕەگەزەكانی ئەو بنچینەیە لە سێ بەشی سەرەكیدا ڕۆشندەكەینەوەو دەیخەینە ڕوو:

یەكەم: لە ڕەفتاری تاوانكاریدا.

دووەم: لە هوشیاری و پێزانین – ادراك دا.

سێیەم: لە هەڵبژاردن–اختیار–دا.

كردنی فەرمانی خوای گەورەی لێ دەوەشێتەوە) وەك لە ئاینی جولەكەو فەلەو ئیسلامدا وەهایە، بەلام لەو ئاینانەی بە ناوی خودلوە نەهاتوون وەها پێناسەیان لە خۆنەگرتوە ناناسرێت بەوشێوەیە وەك ئاینی بوزی.

[1] البقرة : ٨١

[2] یوسف : ٩٧

[3] یوسف : ٢٩

لە تەفسیری رازیدا ١٦٢/٣ جیاكاری نێوان چەمكەكانی (العفو والمغفرة والرحمة) كردوە: العفو: ئەوەی سزای لەسەرلادەچێت، والمغفرە: ئەوەیە كەتاوانێك لێ پەردەپۆش بكرێت تا پارێزراوبێت لە ئازاری شەرمەزاری وریسوابوون، هەروەها (وأرحمنا): دلوایەكە بۆ پاداشتی لەش ولاری..

٤ القصص : ٨

بەشی یەکەم:

ڕەفتارک تاوانکاریانە

بەو پێیەک کە یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنچینەک بەرپرسیارێتی تاوانکارک(تاوانکارک)

ئەنجامدانی رەفتاری رێگیری لێکراو–المحظور(رەفتاری تاوانی): ئەو چالاکیە تاوانکاریەیە لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆکاری ئەوەی سزا وەربگرێت لەسەری.

دیارە یاسا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی دا جیاوازی نیە لەسەر ئەوەی کە دەرچوون ولادان پایەیەکی مادی تاوانە.هەروەها لەم سێ ڕەگەزە پێکدێت :

ڕەفتار (چالاکی) تاوانکاریانە.

ئەو دەرەنجامەی سزا کە دەسەپێنرێت بەسەریدا.

پەیوەندی هۆکاری. [1].

لێرەدا هەوڵی لێکوڵینەوەی ئەم سێ ڕەگەزە دەدەین لەم سێ باسەی ئەم بەشەدا..

---

[1] لە دەقی مادەی (٢٨)لە یاسای سزادانی عێراقی دا هاتوە:" پایەی مادی تاوان، رەفتارێکی تاوانکاریەو بەئەنجامدانی کردەیەك کە یاسا قەدەغەی کردووە، یان رێگیری لە کارێك کردووە کەیاسا فەرمانی بەکردنی کردووە".

باسی یەکەم:
چالاکی تاوانکاریی

لە شەریعەتی ئیسلامیدا —وەك لەیاساشدا وەهایە— پرسیارناکرێت لە مرۆڤ و لێپێچینەوەی دونیاییانەی[1] لەگەڵدا ناکرێت، مەگەر لەو ڕوکاری ڕەفتارە دەرەکیانە نەبێت کە لێیدەردەکەون. بەمانا تەنها لێپێچینەوە لەو بزاوتە مادیەی دەکرێت، کە بەهۆی چالاکی قسە کردن و نووسین و جموجوڵ و کار کردنەوە لێی دەردەکەوێت.

لێرەوەیە لە یاسادا ئەو خەتورە دەروونی و نیازە شاراوانەی ناخی مرۆڤ کە ئەنجامیان دەدات، بۆی هەژمار ناکرێت، ئەگەر مرۆڤەکە بەکردار خۆی نەخستبێتە ناو چالاکی تاوانیەوە، بە ئاشکرا تاوانی لێیەدەرنەکەوتبێت. بەڵام شەریعەتی ئیسلام لەم لایەنەوە جیاوازی لەگەڵ یاسادا هەیە، لێپێچینەوەی دەبێت، بەوەی شەریعەت لە ڕۆژی دوایدا پرسیار لەبارەی ئەو ڕەفتارە نادیارو شاراوانەو تەنانەت ئەو خەتورەو نیازانەی کەبە مێشکی مرۆڤەکەدا دێن و دەرەنجامێکی تاوانکاریان هەیە. لەبەر ئەوە بە پێی شەریعەتی ئیسلام هەر رەفتارێکی تاوانکاری هەلگری دوو سزا دەبێت : سزایەکی دونیایی و سزایەکەی تری ڕۆژی دوایی، ئەمەش بەو مانایە نایەت ئەگەر سزایەکیانی وەرگرت لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو سزاکەی تریش بدرێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر هاتوو لەو دوو سزایەش هیچ یەکێکانی وەرنەگرت، ئەوە سزاکەی تری هەر مسەوگەرە. بۆ نمونە لە دونیادا سزا نەدرا بە هەر هۆکارێك بێت، ئەوە مانای ئەوە نییە ڕزگاری بووە لە سزای ڕۆژی دوایی و دادپەروەری ئاسمان، بەڵام ئەگەر هاتوو لە دوونیادا سزایەکی وەرگرت بە شێوازێکی دادپەروەرانەو بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ جۆری تاوانەکەیدا، ئەوە لە ڕۆژی دوایدا و لە بەردەم خودای پەروەردگاردا سزا وەرناگرێت.

---

١ لێرەدا وتمان دونیاییانە، چونکە جیاوازە لەو لێپێچینەوەی لەڕۆژی دواییدایە و لەبەردەم خوای پەروەردگاردا سەبارەت بە کومەڵێك خەصڵەتی خراپی شاراوە لەناو مرۆڤدا هەیە، وەك ئێرەیی بردن وچاوچنۆکی ورقلێبوونەوەی ناڕەوا، ئەمە سەرەڕای دەرنەکەوتنیان وەك رەفتار لەبەرچاونەبونیان لەلایەن خەڵکیەوە،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی ئەرێنی لە بڕیاردانی هەردوو سزاکەش ئەوەیە: ئەگەر بێت و ئەم تێفکرینە لای هەرمرۆڤێك بچەسپێت، بزانێت کە ناتوانێت ڕزگاری بێت لە سزا جا (دوونیایی یان ڕۆژی دوایی) بێت. ئیتر بە دڵنیاییەوە شوێنگە لە سەر ڕێککردنی جموجوڵ و ڕەفتارەکانی دادەنێت، هەوڵی هاتنەوەو تەریبکردنی نیازو کردەکانی دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی تاوان دەبێت، بەجۆرێك هەستێك لای مرۆڤەکان دروست دەبێت کە هەمیشە وا بیر بکەنەوە کەخودایەك هەیە، لە نهێنی و ئاشکرادا چاودێری ڕەفتارەکانیان دەکات .

بڕیارەکانی شەریعەتی ئیسلام لە بارەی ژیانی دوونیاوە، لەسەر سەرجەم چالاکیی و جوڵە و ڕەفتارە دیارو ئاشکراکان کە ئەنجامێکی دیارو بەدەستهاتوویان هەیە و توانای بەدیار خستن و سەلماندنیان لەبەر دەم دادگادا دەبێت، جێبەجێدەکرێن.، بەڵام ئەگەر هاتوو نەسەلمێنران ئەوا دواجار ئاینیانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت نەك دادگاییانە.

لەسەر ئەم بنەمایە بڕیارەکانی دادگا لەدونیادا و ئاین لە ڕۆژی دوایدا لە بارەی کارو ڕەفتارێکی دیاری کراوەوە جیاواز دەبن، چونکە دادگا بڕیار لەسەر شتە دیارو بینراوەکان دەدات، خودای پەروەردگاریش بڕیارو حوکمەکانی لەسەر کارو ڕەفتارە نهێنییەکان لای خۆیەتی.

لەوانەیە دادوەر بڕیار بدات لەسەر بێتاوانی کەسێك کە لەڕاستیدا تاوانبار بێت، لەوکاتەدا لەبەردەم دادگای دونیایدا بێ تاوان دەرچووە، بەڵام لە ژیانی کۆتاییدا هەمان کەس داواکراوە و لەلایەن خودایێك کە هەموو زانیاری و بەڵگە ئاشکراو نهێنیەکانی لایە، بۆیە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. بەپێچەوانەشەوە دەکرێت دادوەر سزای بێ تاوانێك بدات، لەکاتێکدا ئەو سزای تاوانی دونیاییانەی بە ناڕەوا وەرگرتوەو هیچ تاوانێکیشی ئەنجام نەداوە، ئەم کەسە لە ڕۆژی دوایدا قەرەبووی بۆ دەکرێتەوە لەسەر ئەو سزاو ئازارو مەینەتیەی بینیویەتی پاداشت لەلایەن خوداوە وەردەگرێت.

چالاکی ئەرێنی و چالاکی نەرێنی:

بیروڕای زانایانی (شەرعناسی –الفقهاء) ئیسلامی ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە تاوان سانسۆریان یاساغکراوێکی شەرعیە[1] خودای گەورە لە بەرامبەر تاواندا (بەرپەرچ – الحد) یاخود سزا یاخود ڕووشکێنی داناوە.[1].

[1] واتە سانسۆری خراوەتە سەر بە پێی دەقێکی شەرعی.

یاساغکراو –سانسۆرکراو: بەمانای کارێکی قەدەغە کراو دێت شەریعەتی ئیسلام رێگەی لێگرتبێت یاخود بڕیاری دابێت بەدورکەوتنەوەی مرۆڤ لێی بە دڵخوازی یاخود بە شێوەی ئەرك و پابەند بوون.

بەمانا (یاساغکراو – محظور) بریتیە لە ڕەفتارێکی تاوانکاری کە دوو شێوەی هەیە: شێوەیەکی ئەرێنی کاتێك لە جوڵەیەکی خۆویستانەی ئەندامەکانی جەستەی تاوانکار بۆ ئەنجامدانی کارێك پێکبێت، هەروەها شێوەیەکی نەرێنی کە ڕێگری کردنێکە لە ڕێژویشتنێکی دیاریکراو.

تاوان لەشێوەی یەکەمدا کارێکی ئەرێنیە و جێ بەجێکردنی لەو شوێن و کاتەدا کارێکی ئەرێنیە، بە پێچەوانەشەوە لە شێوەی دووەمدا کارێکی نەرێنیە.

هەموو کردەیەکی دونیاییانە مرۆڤ لە بەرامبەریدا سزا وەر دەگرێت: ئیدی ئەو کارو ڕەفتارە تاوانیە ئەرێنی بێت وەك (کوشتن و دزی کردن و تورە بوون ....) یاخود کارێکی نەرێنی بێت وەك ڕێگری کردن لە پێدانی زەکات و، یان بەهاناوە نەچوونی خاوەن پێداویستیەك و وازهێنان لە فەرمان بەچاکە کردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە، بۆ کەسێك پێگەو تواناو توانستی هەیە، یاخود نەبوونی هیچێك لەمانە ... یاخود نەدانی شیر بە منداڵ لەلایەن دایکی یەوە تاوەکو لە برسا بمرێت.

وازهێنانی هەر فەرمانبەردارێك بەو فەرمانەی کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام پێی سپێردراوە، خۆی لە خۆیدا دەبێت بە ڕەفتاریکی تاوانکاری نەرێنی، ئەنجامەکەش دەبێت بە تاوانێکی نەرێنی، وەك چۆن ئەنجامدانی هەر کارێك کە بە پێی شەرع قەدەغەکراو بێت، بە ڕەفتارێکی تاوانکاری ئەرێنی دێتە هەژمار، دواجار ئەنجامەکەشی تاوانێکی ئەرێنی یە.

ڕۆڵی چالاکی تاوانکاری لە دەرەنجامەکانی تاواندا:

چالاکی تاوانکاریی لەڕووی دەرەنجام و دەرکەوتەکانیەوە هەردەم یەك تەرزو شێواز و یەك نمرە نیە، بەڵکو جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی سروشتی کردەکە، بۆیە زانایانی شەرعناسی شەریعەتی ئیسلام بەم شێوازەی خوارەوە پلەبەندیان کردووە:

[1] أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري البغدادي الماوردي (ت–٤٥٠هـ): الأحكام السلطانية، الطبعة الثانية، مطبعة البابي/ ١٩٦٦، ص٢١٩.
أبو يعلى محمد بن الحسين الفراء الحنبلي (ت– ٤٥٨ هـ). الطبعة الثانية، مطبعة البابي/ ١٩٦٦، ص٢٥٧.

پلەی یەکەم : ئەوەیە کە چالاکیەکە کاریگەری لەسەر ئەنجام هەیە و بەرهەمهێنەری ڕاستەخۆ ی تاوان دەبێت، وەك تەقە کردن لەکەسێك کە ببێتە هۆی کوشتنی، کە ئەم چالاکی و جوڵەیە حاڵەتێکی دروست کردووە کە بووەتە (علەت) و هۆکارێکی تەواو بۆ دروست بوونی ئەنجامێکی تاوانکاریی، لەبەر ئەوە تەنها خۆی دەسەبەری دروستبوونی تاوانەکەیە، ئەو شوێنەوارەی کە ئەم تاوانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت بریتیە لەو سزا بڕیار لەسەردراوەی کە بۆ تاوانێکی تەواو دانراوە، کە لێرەدا بەرێکەوتنی گشتی بریتیە لە سزا یەکی هاو شێوەیی(قصاص).

پلەی دووەم: ئەوەیە کە چالاکی تاوانکاریی کاریگەری لەسەر ڕوودانی ئەنجامێك دانێت، نەك بکەرو دروستکەرێکی ڕاستەوخۆ بێت. بۆنموونە وەك بەزۆر کوشتنێك بەکەسێتر ئەنجام بدرێت، یان تۆبزی کردن لە بۆ شایەتیدانێکی درۆ، ئەمانە دووهۆکاری کاریگەری ڕاستەوخۆن لە سەر ئەنجامدانی تاوان، بەڵام ئەو بکەرو تاونکارە ڕاستەقینەیە، نە ئەو کەسەیە کە زۆری لێکراوە نەئەوەیە بە تۆبزی شایەتی پێدراوە، هەربۆیە ئەو دەرەنجامەی کە لەمە دەکەوێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

١- ئەگەر هۆکار(السبب) بەرەنجامێکی هەستەکی هەبێت وەك زۆر لێکردن بۆ کوشتنی کەسێك، لێرەدا سزای کوشتنی هاوشێوە -(قصاص) بەسەر ئەو کەسەدا دەدرێت کە زۆری لە بکوژ کردوە بۆ ئەنجامدانی کوشتنەکە، (کەئەمە ڕای تەواو بۆ گەڕاوەیە لەلای شەرعناسانی موسڵمان)، ئەمە لەوکاتەی کە مەرجەکانی زۆرلێکردن لە بکەری ناچارکراو تیایدا چەسپان، لەسەر کەسی زۆرلێکراویش ئەدەبدانێکی شایستە بۆ کردەکەیەتی [1]، چونکە ژیانی کوژراوی کردە قوربانی ژیانی خۆی.

---

[1] دوو ڕا ی تر لەویارەوە هەن، ئەوەتا (تاج المذهب٤/٢٨٨) دا هاتوە: لە نێو زانایاندا سەبارەت بەکەسی ناچارکەر (المکره-بکسر الراء) ڕێکنەکەوتن هەیە، هەندێکیان دەڵێن پێویستە قصاص بکرێت ، فەرماندەر بەو، ئەبو حەنیفە و موحەمەد کە ئەمە یەکێکە لەوتەکانی شافیعیش لەویارەوە ، هەندێکیشیان ڕایان ولیە هەردوکیان (ناچارکەرو ناچارکراو لە کوشتنەکە) قصاص بکرێن، مالکی و زاهیریەکان ئەمە دەڵێن : قصاص دەکەوێتە سەر جێبەجێکاری کوشتنەکە،..خاوەنی تاج المذهب کەلە زانایانی فقهی زەیدیە کۆتا ڕای هەڵبژاردووە، لە (المحلی- ئیبن حەزم دا(١٠/٥٠٨ کە چواریەشە) ا هاتوە، پێی ولیە هیچکامیان ناکوژرێن، بەڵکو تەمێ دەکرێن، ئەمە ئەو ڕایەیە کەئەبو یوسف هەڵیبژاردوە.

ئیبن السبکی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتێبەکەیدا (جمع الجوامع ١/٦٨-٧٤) پێی وابوە بەهەڵەدا چوونە، تۆبزی وپێویستیاتی گرتنەبەر بۆ مانەوەی ژیان، لە بابەتە موباحەکانە، نەك لەبەربەستەکانی
←

بەرپرسیاریتی جینائی بێت، پەراوێزێك لەویارەوە لەسەرکتێبەکەی ئەو(أخطاء اصولية لأبن السبكي) ص٢٧-١٩، نوسیومە، کەمن لێرە بۆ سوود لێبینین ئەمەندەی دەهێنم:

ئیبن السبکی (رحمـەتی حـوای لێبێـت) دەڵێت: راسـت ئەوەیـە بـەرگیری پێسـپاردەیی بـێ ئاگـاو زۆرلەسەرکرلو هەروەها ناچارکرلو ئەگەرچی کوشتنیش بێت.دەکرێت[١] .

ئـەو وتەیـەی کـە ناچـارکرلو لەسـەر کوشـتن تـەکلیفی لەسـەر نیـە، بـەوەش لـە رووی تاوانیـەوە لێـی ناپرسرێتەوە، هەروەها سزای دونیاییش نادرێت، بـە پێچـەوانەی کۆ رای زانایـان (اجمـاع) شـەریعەتی ئیسلامیە لەسەر بەرپرسیاریتی ناچارکرلو لەتاوانکاری کەسـەکاندا،(واتـە دەسـتدرێژی لەسـەر کـەس و هەروەها بەدەر لەوەیش) ئێستا چەند دەقی فیقهی وەك نموونە دەهێنم:

أ- لە فیقهی مالیکیدا (شرح الخرشي لسيدي ٩/٨): لەو هۆکارانەی کوشتنی ناچاری بریتیـە لـە رێـژەی بەشداری نێوان ناچارکەر بەکوشتن (المكرِه -بكسر الراء) بەهۆی هۆکاربوونی و ناچـارکرلو(المكرَه -بفتح الراء) بەهۆی پەیوەنـدی بونیـەوە، ئەگـەر نـەیتوانی پێچـەوانەی بێتـەوە لـە ترسـی گیـانی خۆی(کوشتنی)). واتە ئەگەر بتوانێ بەگوێی نەکات و ناچارکردنەکە رەت بکاتەوە، ئەوا تەنها لەسە ناچارکرلوە کە دەکەوێت بەتەنها.

ب- لە فیقهی حەنەفیدا و لە (بدائع الصنائعی کاسانی ٤٤٨٨/٩)هاتوە: ناچـارکرلو لـە سەرکوشـتن ئەگەر ناچارکردنەکە تەولوەتی بێت ئـەوا قصـاص لەسـەر ناچـارکرلو نابێـت ئەمـە لـەلای ئەبوحەنیفـەو موحەمـەد، بـەلام تـەمێ دەکرێـت و قصاصـیش بەسـەر ناچـارکەردا جێبـەجێ دەبێـت. سـزای تەمێکردن(التعزيري) ئەو سزایەیە کە دەسەلاتی یاسادانانی کاتی (الزمني)، دیاریدەکات. لەوانە زینـدانی یان غەرامەکردنی ماڵی، واتە لەرووی تاوانیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دلواکراوە بـەلام ئەوەیـە قصاص ناکرێت. لەهەمان سەرچاوەدا " لەلای زوفر(رەحمەتی خوی لی بێت) قصاص لەسـەر بکـوژی ناچارکرلوە نەوەك ئەوەی فەرمانی کردوەو واتە ناچارکەر" لە پـەراوێزی ئـیبن وعابـدین(١٣٧/٤): هـاتوە کە : زوفر وتویەتی بکوژ چونکە ئەو راستەوخۆ دەستی هەبوە، واتە قصاص لەسەر ناچارکرلوە.

ج- لە فیقهی شافعیدا و لە (تحفة المحتاج ٣٨٨/٨) هاتوە: ئەگـەر کەسـێك ناچـارکرابێت و هەرەشـەی برین و کوشتن بـە بـێ مـاف لێکرابێـت، وەك ئـەوەی پێـی وترابێـت: دەبێـت ئـەو بکوژیـت گـەرنا دەتکوژم پاشان دەیکوژێت، لە سەر ناچارکەرە ئەگەر جا پێشەوا بێت یان کەسێك کـە نـەتوانرێت قصاصی بکرێت ، هەروەها لەسەر ناچارکرلو ئەگەر نەعجەمی نەبێت باوەڕی ولیە گوێڕایەڵی کردنی وەلی ئەمر واجبە، یان نوێنەری پێشەوا یان سەرۆکێکی ملهوڕ بێت، نەزانێت ئـەوە سـتەمی کـردوە بەوەی فرمانی دەرکردوە بە کوشتن)

د- لە فیقهی حەمبەلیدا و لە (المغني لأبن قدامة ٦٤٥/٧)دا هاتوە: پێویستە قصاص بەسەر ناچارکەرو ناچارکرلو دا تێکڕا جێبەجێبکرێت، بـەوەش مالـك دەڵێت: واجـب بـوونی لەسـەر ناچـارکەر لەبـەر ئەوەیە کە بوەتە هۆکاری کوشتنی، وەك ئـەوەی دەقـەومێ لـە بەسـەردان و غەزوەکانـدا، پاشـان واجب بوونی قصاص بەسەر ناچارکرلودا لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی کوشتن لای ناچارکرلو ستەمێکە ←

٢- ئەگەر هۆکارەکە راستەوخۆ هۆکارێکی شەرعی دەرەنجامەکە بێت، وەك شایەتی دانێکی بەدرۆ، بەوەی دووکەس یان زیاترشایەتی بدەن لەسەرکەسێك بەتاوانێك کە شایەنی سزای لەسێدارەدان بێت و دادوەر هەستێت بە جێبەجێکردنی، پاشان گەڕانەوە، ئەگەر بەو ئیقرارکردنەیان یاخود بە بەڵگەی تر دەرکەوت کە ئەوان بە ئەنقەست ئەوەیان کردوەو زانیویانە کە لە سێدارەدەدرێت بەو شایەتیدانەیان، ئەوە ئەوانیش قصاص دەکرێن بە لە سێدارەدان، ئەگەر مەرجەکانیان تیادا ئامادەبوو.

وە ئەگەر وتیان: ئێمە هەڵەبووین، تاوانبارەکراوەکەش حوکمی بەسەردا نەسەپێنرابوو و جێبەجێنەکرابوو، یاخود وتیان: ئێمە بە ئەنقەست ئەو شایەتیەماندا، بەڵام نەماندەزانی کەبەوە لەپەتدەدرێت، وەراستگۆش بوون لەم قسەشیان دا، چونکە زانیاری پێشینەیان لەم بارەوە نەبوو، ئەوە دیەیان دەکەوێتە سەر لەماڵ و سامانەکەیان، گەرنا پێویستە قصاص بکرێن.

٣- ئەگەر هۆکارەکە هۆکارێکی ساناو دیاربوو کە ئەنجامەکەی تاوانێکی عادەتی لێدەکەوتەوە، وەك پێدانی خواردنێکی ژەهراوی بە مرۆڤێك کە بەزۆری ئەمەش دەبێتە مردن و کوشتنی بخورەکەی لێدەکەوێتەوە، لێرەدا ئەگەر مرد ئەوە ئەو کوشتنە ئەنقەست و عەمدیە و پێویستە

بەمەبەستی مانەوەی خۆی ، وتەی ئەوانیش لەبارەی ناچارکراو ملکەچە بۆ جێبەجێکردنەکە راست نیەو هەمیشە دەتوانێت رێگری بکات و کوشتنەکە ئەنجام نەدات)

هـ- لە فیقهی شیعەی ئیمامی و لە ((الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية ٢/٣٩٩)) دا هاتوە کە (ئەگەر کەسێك ناچار بکرێت بەکوشتن کەسێکی تر ئەوا قصاص دەکرێت چونکە بکەری بەئەنقەستی ستەمێك بووە) هەروەها شیعەی زەیدی لەگەڵ ئەماندا لەمبارەوە هاوڕان، تەماشەی (المنتزع المختار شرح الأزهار، لأبن الحسين بن عبدالله ٤/٤١٠)بکە.

و- لە فیقهی زاهیریدا و لە (المحلی لأبن حزم ٨/٣٢٩):هاتووە: ((ناچارکردن لەسەر کردە بۆ دوویەش دابەشدەبێت:

یەکەمیان: ئەوەی پێویستی(ضرورة) موباحی دەکات، وەك خواردن و خواردنەوە، ئەمە ناچارکردن تیایدا موباحە وەك پێویستیەك، ئەوەی ناچاربکرێت لەسەر شتێك وەك ئەوە ئەوا شتێکی لەسەر نیە.. دووەمیان: ئەوەی موباحی ناکات پێویستی وەك کوشتن یان بریندارکردن و لێدان ولەناویردنی ماڵ و سامان، بۆیە کردەی لەمجۆرە بەناچارکردن نابنە موباح، هەرکەس بخرێتە ژێر ناچار کردنی ئەم کردانەوە ئەوە تۆڵەو قصاصیان یان لەسەرە، چونکە ئەمانە دەقی قورئانی بۆ حەرامکردنیان لەسەر هاتووە..

قصاص بەسەرئەو ەی هۆکاربووە جێبەجێبکرێت، جائەگەر ئەو خوارینە ژەهراویە بکوژ نەبوو، ئەوا ئەوە کوشتنێکی شێوە ئەنقەستە، لەسەریکەرە دیەی ماڵی بدات.[1][2].

---

[1] بۆزانیاری زیاتر تەماشەی يوسف الأردبيلي من فقهاء الشافعية: الأنوار لأعمال الأبرار، چاپخانەی (المدني) ١٩٧٠، ٣٧٣/٢، ٣٧٤.

[2] پێشەوای حەرەمەینی پیرۆز لە (البرهان ١٢٢٣-١٢٢٦)هێناویەتی: ناچارکراو لەسەر کردەی کوشتن سێ ڕێبازی لە بارەوە دروست بوە:

یەکەم: پێی وایە قصاص لەسەر ناچارکەرەو نەك ئەوەی بەزۆر وناچارکراوی کوشتنی ئەنجامداوە.

دووەم: ئەوە قیاسێکی روونە کە قصاص لەسەر کەسی ناچارکراوە، نەوەك ئەوەی بکوژی ناچارکردوە واتە(المكره -بكسر الراء) ئەوە ڕێبازی زوفەرە.

سێیەم: پێویستە قصاص بەسەر هەردوکیاندا بسەپێت ئەمەش مەزهەبی شافعی وادەڵێت.

دوورترین ڕێبازێ لە راستی ئەوەیە کەپێی وایە واجب بوونی قصاص تەنها لەسەر ناچارکەرە و ئەوەیە کە بکوژی ناچارکردوە، بەبێ ئەوەی بکوژی راستەوخۆ باسی لێوەبکرێت، وەك ئەوەی تەنها ئامێرێك بێت بە دەست کەسی یەکەمەوە و هیچی تر.

ئەمە لە سەرخستنی چارەنوسە، بەوەی کە فرمانی نەرێ بە کوشتن بە بەردەوامی رووبەرووی ناچارکراوی بکوژە، ئیتر چۆن ئەرکی تەکلیفی شەرعی لەلایەك و لەهەمانکاتدا بوونە ئامێری ئەو یەکدەگرنەوە، چونکە واپێویستە بونە ئامێری ئەو ئیتر تەکلیفی شەرعی لەسەرلاببات، کە ئەمەش وانیە، بۆیە تایبەتمەندکردنی قصاص تەنها لە سەر ئەوەی ناچارکەرە لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد قەت نایەتەوەو بنچینەیەکی نیە.

لە ڕێبازی زوفەر و لە (القياس لائح)دا هێناویەتی: رای ناچارکراو وەرناگیرێ و پاساغە، هیچ کاریگەریەکی ناچارکردن لە پەکخستنی ڕێگری و نەرێنی (نەهی) و راستەوخۆبوون وبالأبوونی هۆکاربوون نابینرێت، ئەگەر وازیهێنێت و لەولاشەوە پێسپاردن(تەکلیف) و هەڵسوکەوت و هەرچیەکی لە لایەن خودلوە لەسەر هەڵنەگیرابێت.

ئەوەی کە یارانی شافیعی هەڵیدەبژێرن لەوە هاتوە کە هێنامان لە (زوفەر) وە سەبارەت بە سەربەخۆیی پەیوەندیکەرەوە هاتوە، کە خۆی لە واجب بوونی قصاص لەسەر بکوژی راستەوخۆبووە، بەڵام ئەوانە بە بێهەمیەت تەماشەکردنی ناچارکردن و لاخستنی کاریگەریەکانی بەتەولوی نابینن، چونکە ناچارکردن توانای ئەوەی هەیە کە کوشتن بخاتەوە، ناچارکردن لە هۆکارەکانی بریاردانی گەرەنتیە (الضمان)، بۆیە زۆر دوورە لەکاربخرێت و بکرێتە دەرەوەی ئەو بابەتە، پاش ئەوەی لەکارخستنی پەیوەندیکردنەکە لە رووی دابەزاندنی بە شوێنگەی دو هاویەشەکە، گومانی تێدانیە کردەی هەریەك لەو دووهاویەشە کاری هاوڕێکەی بێ هێز دەکات، لەو رووەوە کە لەکوشتن دەیکاتە دەرەوە، پاشان ناتوانێت هاویەشی قصاصی لەسەر هەردووکیان لاببات.

ئەگەر کەسێك سوور (مكوى) نەبێت لە لابردنی قصاص لەسەر ناچارکەرو ناچارکراو، ئەوا ئەوەی لە لای هەریەکەیان دەردەچێت لاواز دەبێت، یان لاوازی پەیوەندی راستەوخۆ بەو روانگەیەی بونی ←

پلەی سێیەم: ئەگەر چالاکیەکە کاریگەری لە دەرەنجامەکەیدا نەکەوێتەوە، دەرکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی ئەویش نەبێت، وەك هەڵکەندنی چاڵێك لە شوێنێکی ڕێ پێنەدراودا، وەك ئەوەی لە سەر ڕێگەیەکی گشتی یاخود لەموڵکی کەسێکی تردا بێت و پرسی پێنەکرا بێت، لەم دۆخەدا ئەم چالاکیە مەرجێکە بۆ دەرکەوتنی ئەنجام ودەرکەوتەیەك، چونکە گەر ئەوە نەبوایە ئەو دەرەنجامەی لێنەدەکەوتەوە. لێرەدا سزای بڕیار لەسەردراو لەو تاوانە تەواوەدا دەکەوێتە سەر دەرکەوتەی ڕاستەوخۆبوو، ئەویش پاڵنەرەکەیە (الدافع)، هەرچی چاڵهەڵکەنەکەیە، سزای بە شێوەی تەمبێکاری (التعزيري) وەردەگرێت، چونکە چالاکیەکەی

پەیوەندیکردنی ناچارکراو، بەڵام لاوازی ناچارکردن لە لایەنی بوونی ناچارکراو فەرمانی نەکردنی لێکراوە لەوەو بەردەوامی تەکلیف کاریگەری ئەو ناچارکردنەی کاڵ دەکاتەوە. هیچ کامیان بێ هێزتر نین لەیەکتر، ڕێگەیەکیش بۆ تایبەتمەندکردن و سەپاندنی قصاص بەسەر یەکێکیاندا نیە، هەرچەندە سەلمێنراوە کە قصاص باشترە بەسەر یەکێکیاندا بسەپێت، بەڵام لەهەمانکاتدا قصاص لەسەرهیچکامیشیان هەڵنەگیراوە، هەربۆیە ئەو دوانە بۆ پێگەی هاوبەش دابەزیون. بەڵام ئەو وتەیەی لەوبارەوە هەیە ئەو قسەی هاوبەشیەی ئەوان لێکهەڵدەوەشێنێ لە ڕووی جیاوازی هۆکارو پەیوەندیکردنەوە هەروەها دەرچوونی هەریەکەیان لە قیاس کردن لە هاوشێوەی خۆی. پاشان ئەوانەی مەزهەبی زوفەر وئەبی حەنیفەیان وەرگرتوە لیکدژ دەوەستنەوە، ڕای وەرگیراو بەلای ڕاستی دا ڕۆیشتوو هی زوفەرە.

ئەوانەی کە قصاص بۆ هەردوو بەواجب دەزانن، وایدەبینن کۆکەرەوەی ڕای هەردولان لەگەڵ لەسەر لانەبردنی قصاص (لەسەرهەردوکیان و واجب بوونی قصاص) لەسەر شایەتەکانی زینا ئەگەر پاشگەزبوونەوە دوای ئەوەی بەردباران-(رجم)ەکە جێبەجێکرا، پاشان لە ئیجاب بوونی قصاص دەرکەوت لەسەر ناچارکەری هەڵگر لەو ڕوەی کە ناچارکردنەکە لاوازدەبێت بەمانەوەی تەکلیف لەسەرکەسی خراوەسەری ناچارکراو، هیچ ڕێگەیەکی تری باشتر لەبەردەم دادوەردا پاش پێدانی ڕوونکردنەوە (اقامة البينة) پاشان هیچ بەرگیرێك نیە کەڕێگە لە ناچارکراو بگرێت، بەڵکو نیازی ئەو وادەکات لە دادوەر بڕیاری بەردباران کردنەکە(اقامە رجم) بکات، لەبەرئەوە جیاوازیەك لە وتەی شافیعیدا نیە لە واجب بوونی قصاص بەسەریاندا بەڵکو جیاوازی ئەو لە ناچارکراودا هەیە.

بەڵام شایەتەکان لەسەر قصاص ئەگەر پاشگەزبوونەوە ، ئەگەر گریمانەی هەڵگەڕانەوەی داواکارو دڵنیاپیانانەکەی کرا، ئیتر ڕوویەك بۆ واجیب بوونی قصاص لەسەر شایەتەکان نیە، ڕێگەی بڕاوەش بەسەرخستنی پەیوەندیکردنەکەیە، ئەگەر گریمانەی وتە ئەوەبێت کە بەردەوامی داواکارە لە بۆ داواکاریەکەی و سەندنی مافی، ئەوەش لەو پلەی ئیجتهادەی دایدەبەزێنی دوور لەشایەتەکانی زینا، داواکاریش لەسەر ڕێرەوی خۆیەتی.

نامەشرووع بووە، لەگەڵ ئەوەی كارەكەشی مەرجێك بووە بۆ جێبەجێبوون و دەركەوتنی دەرەنجامێكی تاوانكاری.

لە (مباني) تەواوكراوی "المنهاج"[1] دلهاتووە: ئەگەر چاڵێك هەڵكەنرا كەسێكی تر بە پاڵنەرێكی دیكەوە كەوتە ناوی، ئەوە بكوژ پاڵنەرەكەیە، نەك چاڵهەڵكەنەری راستەوخۆ.

بەلأم ئەگەر چالاكیەكە رێپێدراو مەشرووع بوو، بەوەی كەلە ناو مولكی خۆیدا بوو، یاخود مولكی كەسێكی تر بەلأم بە پرس و رەزامەندی خاوەن مولكەكە بوو، یان لە شوێنێكی چۆڵەوانی دلبوو، بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێكی زیان پێگەیاندن لە پشت ئەوچالاكیەوەیە هەبێت، ئەوە هیچ سزایەك وەرناگرێت.

لە (المغني)[2] دلهاتووە: ئەگەر چاڵێك لە مولكی خۆیدا، یاخود لەمولكی كەسێكی ترو بەرەزامەندی و ئاگاداری خاوەنەكی هەڵكەنرابوو، ئەوە هیچ شتێكی لەسەر ناكەوێت. چونكە بە هەڵكەندنی نایەتە ژێر بەرپرسیارێتیەوە و بە هەڵكەندنی دەستدرێژی و ستەمێكی نەكردووە.

لە (فقه السنة) فیقهی سونە دلهاتووە: ئەگەر مرۆڤێك مەستا بە هەڵكەندی چاڵێك و مرۆڤێك كەوتەناوی، گەر لەمولكی خۆیدا، یاخود لەمولكی كەسێكی تر و بەرەزامەندی و ئاگاداری خاوەنەكەی هەڵیكەندبوو، ئەوە زەمانەتی لەسەر نیە.[3]

هەروەها لە لمجموع[4]: یشدا هاتوە : ئەگەر چاڵێك هەڵكەنرا لە چۆڵەوانیەكدا تاوەكو بیكاتە مولكی خۆی، یاخود بەمەبەستی ئەوەی سودێك بە خەڵكی بگەیەنێت، ئەوە هیچی لەسەرناكەوێت بەوەی كە كەسێك پێی تیابچێت. چونكە بەو مەبەستەوە ئەو چاڵەی هەڵەكەندووە. پاشان دەربڕاوی (غیرمتعمد) لە هەندێ دەستەواژەدا هەڵەیە، چونكە چاڵهەڵكەن خۆی بە ئارەزوومەندی خۆی ئەو چاڵە هەڵدەكەنێ بەلأم ئەوە هەیە كە ئەو مەبەستی لەو هەڵكەندنە ئەوەنیە كە مرۆڤ بە تیاچوون بدات، بەڵكو ئەو هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی كردەیەكی رێپێدراو(موباح).

---

[1] خوئي: أبو القاسم الموسوي، چاپی دووەم ٢/١١.
[2] ابن قدامة ٧/٨٢٣.
[3] السید سابق: فقه السنة، المطبعة النمونجیة ١٠/١٧٩.
[4] شرح المهذب ١٧/٣٧٩.

سەرچاوەکانی چالاکی تاوانکاریی:

هیچ جیاوازیەك لە نێوان شەریعەت و یاسادا نیە، لەوەی کە ئەو سەرچاوەیەی کە لێپرسینەوەی لەگەڵدەکرێت و بەرپرسیاری تاوانی لە چالاکیە تاوانکاریەکەیدا دەکەوێتە سەرشانی هەر مرۆڤە.

ئەو مرۆڤەی کە چالاکی تاوانکاریی لێ دەردەکەوێت، بەردەوام نادرێتە پاڵ پێزێکی دیاریکراوی خاوەن یەك جۆر سروشت. بێگومان دەبێت دڵنیەك بێت لەم سێ پێزو تاقمانەی کە لێرەدا دەیخەینەروو :

١– تاقمی هۆشمەندان و ئەوانەی کەخاوەن ئیرادەو ویستن لە چالاکیە تاوانیەکەیاندا: بۆ ئەوانە هیچ گومان ودوودڵیەك لە لێپرسینەوەیان لە رووی تاوانکاریەوە نیە، هەروەها پێلێنانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری تەواوەتی لێیان، پاشان رەوابوون و شیاویان لەبۆ سەپاندنی سزای ئاسایی بەسەریاندا، ئەوەش بەهۆی توانایان لە وەرگرتنی داواو ئاگادارکردنەوەو دڵخوازی و نەریٚ لەسەرکردنەکانی تەشریعاتی تاوانکاری چ ئیسلامی و چ دانراو.

٢–تاقم و دەستەی ناهۆشمەندان و ئەوانەی نەفامن بە چالاکیە تاوانەکانیان: وەك شێت و منالّی کاڵفام و ناچارکراوی تەواو..ئەوانەی دەدرێنە پاڵ ئەم دەستەیە ئەگەر رەفتارێکی تاوانکاریانە ئەنجام بدەن لە رووی تاوانیەوە بەرپرسیارێتیان لەسەر نیە سەبارەت بەو رەفتارە، بەڵکو ئەگەر رێدرا ئەوە رێگەو شێوازی بەرگیری و ئیحترازی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر وەك ئەوەی دەبرێنە نەخۆشخانەی تایبەت و جوێدەکرێنەوە لەشێتخانە بەند دەکرێن یان رێو شوێنی وەها، تاوەکو کۆمەڵگە پارێزراو بێت لەو روەوە، یان لێپێچینەوەی مەدەنیان لێ نەکرێت بەو پێیەی کەدەبنە سەرچاوەی زیان بەوانی تر بە بێ پاساو..

٣–تاقمی نێوەند (لەنێوان پێزو تاقمی یەکەم و تاقمی دووەم) وەك مێرمندالآن، شێت و کەمهۆشەکان، بەتەمەنەکان.. ئەمانەش هیچ نکولیەك ناکرێت لەسەر لێپرسینەوەی تاوانی لێیان و سزادانیان. بەڵام ئەوەندە هەیە کە سزاکانیان ئاسان ترو خوارتر دەبێت، لەو سزا بریارلەسەردراوەی کە بۆ تاوانەکان دیایکراوە، ئەمە بەبەراورد لەسەر ئەوەی بەسەر تاقمی یەکەم دەسەپێنرێت، کە لەبەشەکانی دواتری ئەم کتێبەدا درێژەی ئەو ئەحکامانەی لە سەر ئەم بابەتە دەخەینە روو. بە پشتیوانی خوا.

باسی دووەم:
دەرەنجامی تاوانکاری

دیارە دەرەنجامی تاوانکاریی شوێنەوارو دەرکەوتەی چالاکی تاوانکاریە، کەئەویش دەکرێت مادی بێت (یاخود سرووشتی) و شەرعی (یاخود یاسایی) بێت.

دەرەنجامی مادیی:

دەرەنجامی مادیی ئەو دەرکەوت و شوێنەوارە کەڵەکەبوویە کەلە رەفتاری تاوانکاریەوە دەکەوێتەوە، ئەودەرکەوتەیەش وێنایەك لە سەر گۆڕانی جیهانی دەرەکی دەنوێنێت و خۆی لە دەست درێژی لەسەرمافی ئەوەی کە شەرع و یاخود یاسا پارێزگاری لێدەکات.

لە تاوانی کوشتندا کوژراو پێشتر زیندووە، ولە پێش ئەوەی کردەی کوشتنی بەسەردا بسەپێت، پاش ئەو کوشتنەش دەبێتە مردوو، لێرەوە گیان لەدەستدانەکە دەرەنجامی مادی تاوانکاریەکەیە. لەتاوانی لێزەوتکردن دا پێشتر ماڵە زەوتکراوەکە بەدەس خاوەنە راستەقینەکەو، خاوەنی شەرعی ماڵەکەبووە و لەژێرچنگیدابووە. بەڵام دواتر چووەتە ژێرچنگی ئەوکەسەی کە لێی زەوتکردووە، بەشێوەیەکی ناشەرعی لە ژێرچنگیدایە. گۆڕینی ئەو هەڵسوکەوت وژێرچنگبوونەی ئەو ماڵە لەخاوەنی راستەقینەی خۆیەوە بۆ ژێرچنگی لێزەوتکەرەکە دەرەنجامێکی مادی تاوانکاریە..بەم شێوەو هتد..

هەروەها هیچ جیاوازی و ناچونیەکیەك لە نێوان شەریعەت و یاسادا لەوبارەوە نیە، بیجگە لەوەی کە یاسای تاوانکاری لەگەڵ یاسادانانی تاوانکاری ئیسلامی لە هەندێ دیاردەی مادیدا کە بەلای شەریعەتەوە بەتاوان هەژماردەکرێن و لەلایەن یاساوە بەو شێوە تەماشا ناکرێت وەك لەمانەی خوارەوە :

١- ئەنجامدانی زینا لەنێوان هەردووڕەگەزەکەدا بە تاوان نایەتە هەژمار، ئەمە لەکاتێکدا ئەنجامدەرانی پێگەیشتووبن لەرووی تەمەن و عەقڵەوە و پاشان ئەو کردەیە ویستی هەردوولایشی لەسەر بێت و هاوسەرگیریان ئەنجام نەدابێت. لەکاتێکدا لەشەرعدا بەرەهایی ئەمە بەتاوان و خراپەکاری تەماشای لێدەکرێت. ئەوەش بەپێی زۆر لە دەقە قورئانیەکان لەوانە فەرمودەی خوایی : ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ

الزِّنى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾[1]. ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾[2]. هەروەها ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ﴾[3]..

دیارە لە یاسای سزادانی زیاتر لەچەند وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی و وڵاتانی تری جیهانیدا بە پێچەوانەی ئەمە هاتووە، بۆ نموونە لە یاسای سزادانی عێراقی لە مادەی (٣٧٧) دا هاتووە:

١- ژنی زیناکەر و هەروەها ئەوکەسەی زینای لەگەڵدا کردووە، سزادەدرێن بە زیندانیکردن، زانیاری تاوانبار بە (نەبوونی هاوسەر)ی زینالەگەڵ کردوو گریمانە دەکرێت، مادام لەلای خۆیەوە ئەوە دەرکەوت کە لەتوانستی پێزانینی ئەو نەبوە....

٢- هاوسەر ئەگەر هەستا بەزیناکردن لەماڵی هاوسەریتی خۆی، ئەوا بەهەمان جۆری سزا سزادەدرێت.

لەم دەقە یاساییەدا ئەمانەی خوارەوەی لێ هەڵدەهێنجێنرێت:

أ- ئەگەر زینا لەلایەن پیاوێکی سەڵت و ئافرەتێکی سەڵتەوە روویدا و ئەودوانە پێگەیشتوو عاقڵ بوون و ئیختیاری هەردوولاشی لەسەر بوو، ئەوە ئەو کردەیان نە تاوانەو نەسزاشیان بۆ هەیە، چونکە ئەو دووانە لە رووی یاساییەوە بەزیناکەر نایێنە هەژمار.

ب- ئەگەر زینا لە نێوان پیاوێکی خێزاندار و ئافرەتێکی سەڵت کەخێزاندار نیە روویدا، ئەوە پیاوەکە بە زیناکەر دەناسرێت بەمەرجێ ئەو کردەیە لەماڵی هاوسەریتی خۆیدا ئەنجامدرابێت، بەڵام ئەو ئافرەتەی کە زینای لەگەڵکراوە، ئەوە وەك هاوبەشێکی ئەو لەوکارە دەناسرێت و لە رووی تاوانەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.، ئەگەرتوانی ئەوە بسەلمێنێت کە نەیزانیوە ئەو پیاوە خاوەنی هاوسەرە . پوختەی قسان ئەوەیە کەلە رووی یاساییەوە زینا کاتێك بە تاوان چاوی لێدەکرێت کەهاوشانی بکات لەگەڵ کۆمەڵی ئیعتیباراتی مرۆیی تر[4] وەك: ستەمکردن لەسەر یەکێك لە هاوسەرەکان، یاخود

---

[1] الإسراء : ٣٢

[2] النور : ٢

[3] النور : ٢

[4] لەنێو یاساکانی سزادانی عەرەبی کەمن تەماشەم کردبێتن بینێبتمەوە یاسای سزادانی قەتەریە کە زینای لەلا تاوانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر باروبۆخ وئیعتیباراتێك، کە لەدەقی مادەی ٢١١ هاتوە:(هەر ژنێك بە رەزامەندی خۆی زینای کرد، بەزیندانیکردن کەماوەکی لە دووساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت یان غرامە دەکرێت کە یاتر لە دووهەزار ریاڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر ئافرەتەکە ژنی کەسێکی تر بوو بەزیندانیکردن کەماوەکەی لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت.) هەروەها لە دەقی مادەی ←

خۆسەپێنی و بەزۆرەملێ، یاخود کەسی زینا لەگەڵکراو لە رووی تەمەن و هۆشەوە پێنەگەیشتوو بوو، یاخود دەسخەرۆی کرابێت بەوەی کە بەڵێنی هاوسەرگیری لەگەڵدا بێت بەدرۆ، یاخود بەرەزامەندی خۆی ئەو کردەیەی ئەنجام نەدابێت.[1]

کۆنگرەی لاهای لە ساڵی ١٩٦٤ هەستا بە وتووێژلەسەرکردن و باسکردنی ئەو تاوانانەی کە دژی خێزان و دژی رەوشتی رەگەزین. هەروەها تاچەندە پێویستە یاسای تاوانکاری دەستخاتە ناوی بەمەبەستی بەتاوان ناساندنی ئەو رەفتارە نارەوشتیانەی کە نابنە هۆکاری زیان گەیاندن بەکەسانی تر، تەنها لە ئەنجامدەرانی نەبێت کە ویستی خۆشیان لەگەڵ کردەکەیاندایە. دیارە ئەوکات ئاراستەی رێگرتوو لەو کۆنگرەیەدا بەلای ئەوەدا شکایەوە کە لەکۆتایی کۆنگرەکەدا و لەکۆمەڵە رێنماییەکەدا بەدەرکەوت کە: یاسا هیچ پەیوەندیەکی بەو ئیعتیبارە ئاینی و ئیخلاقیانەوە نیە کە هاتوون، چونکە ئەوانە پەیوەست و تایبەتن تەنها بەتاکەکان خۆیانەوە، پاشان لەسەر یاسای تاوانکاریە کەبەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرێت و ئامانجیەتی و رووبەرووی رلستیەکانی ژیان دەبێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئیعتیباراتانە، هەروەها لەناو رێنماییەکانی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتبوو کە ناکرێت پەیوەندیە رەگەزیەکان لە نێو پێگەیشتوانی سەڵت ورەبەندا بە کاری تاوان بێتە هەژمارو پێو یستە تاوانی زیناکردن

٢١٢هاتوەکە:(هەر پیاوێك چوەلای ژنێك (زینای کرد) کە ژنی خۆی نەبێت، بەزیندانیکردن کەماوەکی لە دووساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت یان غرامە دەکرێت کە یاتر لە دووهەزار ریاڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر تاوانبارەکە ژنی هەبوو، بەزیندانیکردن کەماوەکەی لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت سزادەدرێت.

تێبینی دەکرێت ئەو یاسایە هەبوونی هاوسەر بارودۆخێکە کە سزای تاوانەکە توندتردەکات.لەکاتێکدا کە ئەوتاوانە وەك دەستدرێژی بۆسەر مافی تایبەتی هەژماری دەکات، کە نابێت هیچ رێو شوێنێکی سزایی بگیرێتە بەر، پێش ئەوەی کە هاوسەرەکەی سکالای خۆی بنوسێت لە هاوسەر یان باوانی(ولی) هاوسەر، مادەی ٢١٤.یاسای سادانی کویتی نیککەوتنەوەی هەیە لەمە، وەك. لەمادەی (١٩٤)دلهاتوە: دلوادەکەین کە یاسادلنەی عێراقی بەم ئاراستەیە بڕولو زیناوەك خۆی بە تاوان بناسێنێ.

١ بڕوانە یاسای سزادانی عێراقی مادەکانی((٣٩٣، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧) بەراوردیان بکات بە یاسای قەتەری مادەکانی ((٣٠٨–٢١٥))و هەروەها جەزائیری مادەکانی (٣٣٣–٣٤١)،) هەروەها ئەردەنی مادەکانی(٢٨٢–٢٨٦) میرنشینی عومان مادەکانی (٢١٨–٢٢٢)هەروەها سودانی مادەکانی(٤٢٨–٤٣٥)هەروەها کوەیتی مادەکانی(١٨٦–١٩٧) هەروەها مەغریبی بەشەکانی(٤٨٣–٤٩٢) هەروەها میصری مادەکانی (٢٦٧–٢٧٩))هەروەها سور(٤٨٩–٥٠٨)

لە ناو یاسای سزایلندا بێتەدەرەوە.[1]

بەڵام ئەوانەی ناو کۆنگرەکە ئەومیان لەیاد چوویوو کە گرنگترین ئەو بەرژەوەندیە گشتیانەی پێویستە بە یاسا لەبەرچاو بگیرێن، بریتیە لە رەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە رەوشتیان لەدەستدا و خراپ بوو ئیتر ئەوە کۆمەڵگەش دووچاری هەمان شت دەبێت، خۆ ئەگەر پارێستن و چاکسازی لەرەوشتی تاکەکاندا پەرەی پێدرا بێگومان دوواجار ئەوە رەنگدانەوەی لەکۆمەڵگەدا دەبێت. چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەهاو ئاکارەکانی ووندەکات، و دەستدرێژی دەکاتە سەر نامووسی ئەوانی تریش، دواجار هەرچی هێزو توانا ژیاری و ژیانیەکانی هەیە بەرەو هەمەجیەت رێدەگرن و لەناو جیهانێك لە ئاژاومو لێکپچران وبڕیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران ملّق دەخۆن.

ب- سەرخۆشیەك کەلە ئەنجامی بێ هۆشکەرو خواردنەوەی مادە سەرخۆشکەرەکان بە بێ بیانوو هێنانەوەیەك دەچێتە خانەی تاوان و سنوربەزێنیەکانی شەریعەتی ئیسلامی، بەپێی دەقی پیرۆزی قورئانی ئەم کردەیە لە ریزی تاوانەکاندا هاتوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ[2] وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ

---

[1] الدكتور سمير الجنزوري: الأسس العامة لقانون العقوبات لاثرة١٢، ١٣.

[2] واتە هەرمادەیەك عەقڵ بێ هۆشبكات و سەرخۆشیبكات بە فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) "هەمو سەرخۆشکەرێك حەرامە"لەبەرئەوەش کە پێدانی سەرخۆشکەرەکان لە تاوانە (حەد)یەکانە، تێکرای شەرعناس و فەقیهەکان رێککەوتون لەسەر قیاس نەکردن لەو تاوانانەی کە (حەد)یان بۆبڕیارکراوە.لەسەر ئەم بنەمایە ئەوە هیچ راستی تێدانیەی ئەوەی باوە لەنێو خەڵکدا کە ووشەی "خمر" لەو دەقەدا جۆرێکی تایبەتە لە سەرخۆشکەرەکان و خەڵك بەهۆی ئەوەی سەرخۆشکەریووە ناویان لێناوە، کەواتە لەسەر هەموو جۆرە سەرخۆشکەرەکانی تر ئەم فەرمودە بۆ کاری قیاس شیاوە، بەهۆی بەشداری گشتەوە لە عیلەتی حوکمەکەی کە بریتیە لە سەرخۆشی.

هەروەها لەویارەوە کۆمەڵێك لە مافناسان لەوانە جەوهەریو ئەبو نەصری قوشەیری و دینەوەری وخاوەنی قاموس ، ئەمانە پشتگیری لەوەدەکەن کە ئەمە لە مەدینە حەرامکراوە، ئەوکاتیش بێجگە لە شەرابی (مێوژ) وخورما شتێ تر نەبوو، واتە شەریعەتی ئاوی ترێی وەك وتراوە شەرابی ئاوی ترێی چرکراوە نەبوە، هەروەها دەوترێت وشەی الخمر لە بنچینەدا "الستر" واتە پەچەی ئافرەت کە دەموچاوی پێ شاردوەتەوە، هەروەها مانای (داپۆشین)دەدات، لەوانە وتراوە" خَمِّرُوا آنِيَتَكُمْ " واتە داپۆشن، هەروەها واتای تێکەڵاوکردن دێت وەك " خَامَرَهُ دَاءٌ " واتە تێکەڵیکرد،.. هتد.(نيل الأوطار للشوكاني ١٧٥/٧.)

هەروەها لە نيل الأوطار (١٥٧/٧)دا هاتووە: یەکلابوونەتەوە لەسەر ئەوەی کە هەرشتێك عەقڵ داپۆشێت پێی دەوترێت"خمر" چونکە لەبەر داپۆشینی عەقڵ و دادانی پەردە بەسەریدا، پێیان وتووە.

أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾[1][2].

مەی(خمر) جا ئەگەر بلێین بۆخۆی مادەیەکی گڵاوو حەرامکراوە لەبەر زیانەکانی یان زیانمەندە بۆ خۆی و حەرامکراوە لەبەریانەکان، لە زمانەوانیدا هەرشتێکە عەقڵ سەرپۆش بکات و خەلەلێکی تێبخات، ئەوە تێکڕای سەرخۆشکەرەکان و بێهۆشکەرەکان دەگرێتەوە: پێغەمبەری خوا دەفەرموێ(د.خ) : هەمو سەرخۆشکەرێك مەیە(خمر)ەو هەمو (خمر)ێکیش حەرامە. ئەم فەرمودەیە لەچەند ڕێگەوە جێگیربوەو هاتوە، مەبەستی لە وشەی(خمر) زمانەوانیە نەك عورف، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مادە سەرەکیەی کەلەپێکهاتنیدا بوونی هەیە، پاشان بەلەبەرچاوگرتنی ڕێگەو شێوازی دروستکردنی و چۆنیەتی بەکاربردنی، ئەوەی هەندێکیشی حەرامکرابێت، ئەوا زۆریشی هەر حەرامە.

عبدالرزاق نوفل لە(خودلو زانستی نوێ) لاپەرە ٢٠٧ و پاش ئەوە دەڵێت: پسپۆرانی لە بواری (مەی)دا، دکتۆر کیلدج لەکتێبەکەی "بەکاربردنی پزیشکیانەی مەی" ئەوەی گومانێك لای هەیە یاخود گومانی بەوە هەبوو کە مەی ژەهرە، بەوەش بەوە دەبێت کە دەکاتە گەدە، لینجە پەردەی ناوەوەی گەدە دەسوتێنێتەوە، لەوکاتەدا ئەندازەیەك لینجی دەردەکات بەمەبەستی پاراستنی خۆی، دەبینین ڕژێنەکانی گەدە و هێزە بەرگریکارەکانی پەلە دەکەن لە کردنەدەرەوەی ئەوەی کە هاتوەتە ناوی ، ئیتر هیچ کەسێکی گوماناوی گومانی دەمێنێت لەوەی کە مەی جۆرێك نیە لە ژەهر؟ بگەڕێوە بۆ د.هاشم، التداوی بالمحرمات.

١ المائدە : ٩٠-٩١.

٢ ئەم دەقە قورئانیە ئاماژەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە بۆ حەرامکردنی گشت جۆرە سەرخۆشکەرەکان وەکو ئەوەی لەخوارەوەهاتوە:

دانان و هێنانی مەی وسەرخۆشکەرەکان لە پاڵ قومارو هاوشێوەکانی، لە قورئاندا.

باسکردن و هێنانی وەك شتێکی گڵاو(رجس)شتی گڵاویش لێرەدا وەك (نجس) نیە پاکبکرێتەوە، بەڵکو پاکردنەوەی نیە.

هەژمارکردنی مەیخواردنەوە بەکردەیەکی شەیتانی.

دورکەتنەوە لێی وەك فەرمانێکی خوایی پێویست بە ناچاری ملکەچبون دەکات.

بەوپێیەی سەرچاوەیەکی شەڕو قین و تورەبوونە، بەو شتە پڕوپوچانەی کە سەرخۆش لە قسەی بەدو نەگونجاو لەدەمی دێنە دەرەوە.

بەوپێیەی هۆکارێکە لەبەردەم بیری مرۆڤ و یادی خودا و هەستکردن بەلێپرسراوێتی بەرامبەر خواو بەرامبەر خەڵکی.

هاتنی فەرمانی وازلێهێنان و دورکەوتنەوە لێی لە قورئاندا بەشێوەیەك کە پەیوەستی وملکەچبوونی پێویستە.

لە کاتێکدا یاسای تاوانکاری دانراو لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، دەست وەرنادانە پرسی ئارەق و مەیخۆری و سەرخۆشکەرەکان، مەگەر ئەوکاتەی ئەو رەفتارەی زیانگەیاندن بەوانی تری لێبکەوێتەوە، دیارە لە یاسای سزادانی عێراقی لەمادەکانی[1] (٣٨٦، ٣٨٧، ٣٨٨). سزای ئەوانە نادات لەسەر ئەوەی مەیدەخۆنەوە، بەڵکو سزاکە لەسەر ئەو حاڵەتانە دانراوە کە کاتێك مەیخۆرێك لە سەر رێگەیەکی گشتی یاخود شوێنێکی گشتی یاخود شوێنگەیەکی وا کە جەماوەر بێنە ناوی و تایبەت بە مەیخۆری نەبێت، سەرخۆشی و بەئاگایی لێ دەربکەوێت و ئازاروو سەرێشەی بۆ ئەوانی تر خستبێتەوە، یاخود هانی کەسانی خوار تەمەنی پێگەیشتوو واتە نەگەیشتبنە تەمەنی هەژدە ساڵی بدەن بەمەبەستی خواردنەوەو یاخود بەدەر لە مەبەستی چارەسەری پێی دابن. بەڵام گەر مەیخۆر لەماڵی خۆیدا یان شوێنی تایبەت و دوور لەوەی کە ببێتە سەرێشە بۆ ئەوانی تر ئەوا بەتاوان بۆی هەژمار ناکرێت.

ئەوەی دەستم کەوتبێت لەیاسایەك کە نزیکی ئەوتۆی هەبێت لە شەرێعەتی ئیسلامیەوە سەبارەت بە حوکمی سەرخۆشکەرەکان یاسای سزادانی کوەیتیە، کە لەدەقی یاساکەی مادەی (٢٠٦) دهاتووە، کە: (سزای دەدرێت بە زیندانی بەوەی زیندانیەکەی نەگاتە دە ساڵ ئەو کەسەی کە مەی و خواردنە سەرخۆشکەرەکان دەهێنێت وکاری هاوردەکردنی ئەنجام دەدات، یاخود دایدەنێ بەمەستی فرۆشتنی)

شایانی باسە کە یاسای سزادانی عێراقی لە زۆر دەق و مادەکانیدا لەگەڵ گیانی شەرێعەتی ئیسلامیدا تێکهەڵگێراوی نیە. لەکاتێکدا کە ئەو تاوان و سزایانەی کە ئەو دەقانە بریاری لەسەردەون دەچنە خانەی تاوان و سزای (تەمبێکردنەکانەوە نەك حەد) لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

هەربۆیە داوا لە یاسادانەرانی عێراقی دەکەم کە چاوخشاندنەوەیەك بکەن بەو یاسایەی کە لە زۆرێك دەقەکانی و حوکمەکانی پێچەوانەبوونەوەیان لەگەڵ حوکمە شەرعیەکان و گیانی شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە. و هەستن بە رێککردنەوەیان لە ژێر رۆشنایی ئەو حوکمانەیدا تاوەکو نزیکیەکی زیاتری لەدلدگەریوە هەبێت و هاتنەوەی زیاتری لەگەڵ سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە بێتەوە کە ئاینی رەسمی و

---

[1] بەراوردی یاسای سزادانی قەتەری(مادەی ٢٧٠)، هەروەها ئەردەن بەمادەکانی (٣٩٠-٣٩٢) هەروەها تونسی (مادەی٣١٧) میرنشینی عومان (مادەی٢٢٨) هەروەها سودانی (مادەکانی٤٤٥، ٤٤٦)، تێبینیکراوە کە هەندێك لە یاسا عەرەبیەکان دەستیان وەرنەداوە لە حوکمەکانی سەرخۆشکەرەکان بەهیچ شێوەیەك.

زۆرینەی ئیسلامەو بەپێی مادەی (٢) لەدەستووری عێراقی کارپێکراو هاتوە بەدەقی(ئیسلام ئاینی دەوڵەتە). پاشان پرانسیپی دەستوری عێراقی وادانراوە کە ئەو دەوڵەتە ئاینی فەرمی بەپێی دەستوور هەر ئیسلامە و نابێت یاساکانی پێچەوانەبوونەوەیان هەبێت لەگەڵ گیانی شەریعەتی ئیسلامی، چونکە شەریعەت وەك سیستەمێکی گشت چاوپێدەکرێت.

دەرەنجامی شەرعی (یاخود یاسایی)

ئەم دەرەنجامە لە هەریەك لە لای شەریعەت و یاساوە، خاوەن سروشتێکی دوالیزمەیە:

أ- لە شەریعەتدا بۆخۆی لەلایەك بریتی دەبێت لە دەرچوون لە فەرمانەکانی خوا، لەلایەکی تریشەوە رەفتارکردن بە بەرژەوەندی (یاخود ماف) ی ئەوانی ترەوە، وەك کار پێچەوانەیی بکوژێك لە نەرێیەکی خوای گەورە کەدەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾[1]. هەروەها زەوتکردنی ماف ژیان لە کوژراو ئەگەر بە بێ هیچ هۆیەك بکوژرێت. هەروەها وەك لە ڕێدەرچوونی زیانمەندان و ئەوانەی کە ریزەکان کۆمەڵگە دەشێوێنن، ئەمری خوا جێبەجێناکەن کەدەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى...﴾[2]. لەهەمەمانکاتیشدا لە بەرژەوەندی گشتی دەدەن و هاوکاری و هەماهەنگی و پەیوەندی ژیانی نێوان تاکەکانی لە بواری سود و چاکەو چاکسازیەوە هەڵدەگرن. لە سەر ئەم بنەمایەی خستمانە ڕوو دەتوانین بڵێین: لەهەمو چالاکیەکی تاوانکاریدا دوو دەستدرێژی بەدیدەکرێت: یەکێکیان دەستدرێژیە بۆ سەر سنورو ئەوامری خوای گەورە، دوەمیان دەستدرێژیە بۆ سەرمرۆڤ.

ب- لە دەرەنجامی یاساییدا بەهەمان شێوە دوو دەستدرێژی هەیە: دەستدرێژی بۆ سەر مافی گشتی و دووەم دەستدرێژی بۆسەر مافی تایبەتی. بۆنموونە دز، دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی خاوەن ماڵی دزراو وبەرژەوەندی مادی لێزەوت دەکات، لە لایەك و لەلاکەی تریشەوە پێچەوانەی دەقە یاساییەکان رەفتاری کردوە. لە سەر ئەم بنەمایە ئەگەر خاوەن ماڵی دزراو لە مافی تایبەتی خۆیشی خۆشبێت، ئەوا دزی تاوانبار پێویستە سزای تاوانەکەی وەربگرێت لە پای ئەو دەستدرێژەیەی کەبەرامبەر مافی گشتی ئەنجامی داوە.

---

[1] الأنعام : ١٥١
[2] المائدة : ٢

تاوانی ئەرێنی و تاوانی نەرێنی:

مادام لە شەریعەتی ئیسلامیدا تاوانەکان لە یاساغکراو وسانسۆرکراوە شەرعیەکانن، دیارە سانسۆرکراویش ئەو چالاکیە تاوانکاریەیە کە لەئەنجامی کردەیەکی بەرلێگیراو -(نەهیلێکراو) یاخود نەکردنی کردەیەك کە دلخوازی و ئەمری کردنی دەرکراوە. تاوانیش بۆ خۆی دەرەنجامی ئەم جۆرە چالاکیە تاوانکاریەیە. دیارە بە پێی رۆڵەکەی دەبێتە ئەرێنی کاتێك بەرهەمی ئەو چالاکیە بەرهەمێکی ئەرێنی لێدەکەوێتەوە، وەك ناپاکی و سیخوڕی، قۆرخکاری، گزی کاری، ...دەشگونجێت بەرهەمی نەرێنی لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەدەرەنجامی چالاکیەکی نەرێنیەوە کەوتبێتەوە وەك: رێگریکردن لە شایەتیدان ئەگەر پێویست کرابوو لەسەری، نەدانی زەکات لەکاتێکدا واجب بوو لەسەری کەبیدات، ئەنجام نەگەیاندنی شەعایرە ئاینیەکان، ئەنجام نەدانی ئەمر بەچاکە و نەرێکردن لەخراپە، بەهاناوە نەچوون بەدەم ئەوەی کە پێویستی بە هاوکاری هەیە..

ریکدەدەکەوێت کە دووچالاکی کۆببنەوە کە یەکێکیان ئەرێنی بێت و ئەوی دیکە نەرێنی، پێکەوە تاوانێك پێکبهێنن، وەك ئەوەی کە کەسێك لە شوێنێك زیندانی دەکات هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی پێناگات، رێگریش دەکات لەوەی کە ئاوو خواردنی بگاتێ هەتاوەکو لە برسان و تینواندا دەمرێت، لێرەدا زیندانی کردنەکە چالاکیەکی ئەرێنیە و رێگریکردنەکە لەوەی کەهیچی بەدەست نەگات چالاکیەکی نەرێنیە.[1]

ئەم دابەشکردنەش یاسای دانراوییش بەهەمان شێوە کردوویەتی، لە یاسای سزادانی عێراقیدا، لە دەقی مادەی (٢٨)دا هاتووە: کە روکنی مادی بۆ تاوان، رەفتارێکی تاوانکاریە بەوەی کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کردەیەك کە یاسا حەرامی کردووە، یاخود رێگری لە کردەیەك کردووە کە یاسا بریاری ئەنجامدانی لە سەرداوە.[2]

---

[1] بکەر بە بکوژی ئەو بە ئەنقەست دادەنرێت، ئەگەر مەبەستی لەوە کوشتنی بوو لەمالك (الشرح الكبير ٢١٥/٤) هەروەها الشافعي (نهاية المحتاج ٢٣٩/٧) هەروەها ئەحمەد (المغني ٣٢٧/٩) هەروەها أبو یوسف وموحەمەد بە پێچەوانەی ئەبو حەنیفە (البدائع ٢٣٤/٧). بکەر وەك بکوژی بە ئەنقەست دادەنرێت، ئەگەر مەبەستی کوشتنی بوویەوە ئەمە لەلایەن مالکەوە.

[2] دەقی مادەی (١/٣) ی سزادانی سودانیدا هاتوە کە (سزادەدرێت بەپێی ئەم یاسایە هەرکەسێك لەناو سوداندا کردەیەك یان رێگریەك لەکردەیەك کەپێچەوانەی حوکمەکان بێت) بەراوردی بکە بەمادەی (١٤) لە یاسای سزادانی کۆماری یەمەنی دیموکراتی گەل.

شتێکی ئاشکرایە کە دەرەنجامی رەفتارێکی تاوانکاریی بە مەستان بەئەنجامدانی کردەیەك کە یاسا حەرامی کردووە، ئەوە تاوانێکی ئەرێنییە، هەروەها دەرەنجامی رێگریکردن لە کردنی ئەمرێك بە یاسا تاوانێکی نەرێنی دروست دەکات.

ئەمە لەکاتێکدا کە چوارچێوەی تاوانە نەرێنییەکان زۆر بەرتەسکن لە یاسادا لە چاو ئەوەی کە لەشەریعەتی ئیسلامیدا هەیەو بەرفراوانی لە بواری چالاکی نەرێنی هەیە. ئەوەش بەهۆی ئەو پرانسیب و بنەما ئەخلاقی و مرۆییانەی کە ئەو شەریعەتە هەڵگریەتی وەك لەخوارەوە رۆشنکراوەتەوە:

چوارچێوەی چالاکی نەرێنی لە یاسادا:

چالاکی نەرێنی تاوانکاریی لە یاسادا بریتیە لە قەبارەی کردەیەکی نەرێنی دیاریکراو، کە خەڵکو شەقام چاوەڕوانی لێدەکات لە باروبۆخێکی دیاریکراودا لەسەر ئەوەی کەدەبوایە وەکو واجبێکی یاسایی ئیلزام بەو کردەیەوە بکرایە. و دەیتوانی لە بری ئەوەی کە رێگری لێکردوە ویستی لەسەر هەبوایەو جێبەجێی بکردایە. ئەوەش وەك رێگیری کردن لێی یان تەمەڵی کردن بە بێ یاساو بیانوو لە پێشکەشکردنی هاوکاری لەبۆی، نمونەی کارمەندێك یان ئەوەی کەرلەسپێرلوە بەئەنجامدانی خزمەتگوزاریەکی گشتی یان تایبەتی لەکاتی رووداونی ئاگرکەوتنەوەیەك یان ژێرئاوکەوتنێك یان کارەساتێکی تر. یاخود بەهاناوەچوون و فریاگوزاری گەیاندن بە کارەساتبارێك یان لێقەوماوێکی دەستی تاوان.. [1]

یاخود رێگریکردنی بێ یاساو لە مەستان بەجێبەجێکردنی ئەرکێك کە بەیاسایی لەسەرشانیەتی، یاخود بە پێی رێککەوتنێك چاودێریکردنی کەسێکی ناکام بەهۆی بچووکی تەمەنی یاخود پیریی و پەککەوتەییەوە، یان بەهۆی تەندروستی یان دەروونی یان هۆشەکیەوە. .. [2]. یان وەك رێگریکردن لە بەدەستەوەدانی کوریەیەك بەوەی کە ماف بەخێوکردنی لەسەرە. [3]، رێگری لە پێدانی ئەو بژێویەی کە وەکو حوکم دراوە بەسەریدا کە بیدات [4] هەروەها رێگریکردن لە پێدانی بژێوی ئەو کەسەی کە حوکمی بەسەردا دراوە.

---

[1] یاسای سزادانی عێراقی مادەی (٣٧٠).
[2] یاسای سزادانی عێراقی مادەی (٣٧١).
[3] یاسای سزادانی میصری مادەی (٢٩٢).
[4] یاسای سزادانی میصری مادەی (٢٩٣).

پوختەی قسان رێگریکردن (چالاکی نەرێنی تاوانکاریی) لە ڕووی یاساییەوە بوونێکی یاسایی نیە مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە کردەیەکی ئەرێنی ئەنجامدانی پێویست بێت، بەڵام ڕەگەزێکی رێگیری بەری لێدەگرێت و کەسەکە ئەنجامی نادات، ئەوکات پایەیەکی مادی تاوانی نەرێنی لەسەردەچەسپێت.

سەرچاوەی ئەو واجب بوونەش یان دەبێت بەدەقێکی یاسایی لە یاسای سزادانا هاتبێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، یاخود کردەیەکی یاسایی بێت وەك پەیمانێك، بۆنموونە کەسێك لەسەر بنەمای پەیمانێك کە کردوویەتی کە شۆفێری و رێنموونی کوێرێك بکات پێویستە پەیوەست بێت پێیەوە، یاخود پێشکەشکردنی خواردن بە کەم ئەندامێك تواناى جوڵەی نەمابێت، یاخود کردەیەکی زیانمەند وەك فڕێدانی پاشماوەی جگەرەیەکی نەکوژاوە لە شوێنێك و ببێتە هۆکاری ئاگرکەوتنەوە، کە پێویستە لەسەری کوژاندنەوەی ئەوئاگرە. لەم روانگەوە ئەوەی کە نەتوانێت چوارچێوەی بۆدابنرێت، لەواجب ئەوە یاسا سنوورداری دەکات و تەعینی دەکات، لە ڕووی یاساییەوە هیچ شتێك نادرێتە پاڵ بەرگیری (امتناع) ئەگەرچی لە چوارچێوەشیدا پێچەوانەی واجبێکی ئاکاری هەبێت.[1]

چوارچێوەی چالاکی نەرێنی تاوانکاریی لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

مرۆڤایەتی و وئاکارگەرایی بنەمای شەریعەتی ئیسلامین، ئەو شەریعەتەش چوارچێوەیەکی بۆ هاوکاری ویارمەتیدان لەنێوان مرۆڤەکان دانەناوەو واینەکردوە کە سنووردار بکات و ببەستێتەوە بە باروبۆخێکی تایبەتەوە، وەك ئەوەی کە لەیاسادا[2] ئەمەکراوە. چونکە مرۆڤ برای مرۆڤە، دیارە هاوکاری و هەماهەنگی بەدەمەوەبوون لەنێوان براکاندا و لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دەکاتە کرۆکی برایی. دیارترین و جوانترین بەڵگەیەکیش بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کە لەسورەتی الماعون دا هاتوە کەدەفەرموێ:[3] :

﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ، فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ[4] الْيَتِيمَ، وَلَا يَحُضُّ[1] عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ، فَوَيْلٌ[2] لِّلْمُصَلِّينَ،

---

[1] الدكتور محمود نجيب حسني: الموجز في شرح قانون العقوبات. سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٢٠٦.

[2] بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەی مامۆستای ڕەحمەتی سەید ئیساعیل صەدر (التشريع الجنائي الآسلامي ١٢١/١) لە هەبوونی لێکچون لە نێوان شەریعەت و یاسادا لە پێکهێنانی بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای هەبوونی رێککەوتنی لەپێشینە یاخود پەیمان یان عورف..لەراستیدا مرۆڤایەتی و ئاکار لەبنەمای شەریعەتی ئیسلامین، هەردەم جەخت لەسەر پێویستی هاوکاری لەکردەی چاك لەهەموو بوارەکاندادەکاتەوە ..

[3] لە حەوت ئایەتەکانی..

[4] دەست بەڕووی هەتیوەوە دەنێت بە توندی، رێگری لە بەزەییهاتنەوە پێیدا دەگرێت.

الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ، [٣] الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ، وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ [٤]﴾. ئەم سورەتە بچوکە لەدەربڕین، بەو ئایەتە کورتانەیەوە، بەوڵتا ڕۆشنانەوە، بەراستیەکی مەزنەوە هاتوە، خەریکە پێوەری باوی زانراو بۆ جیاکردنەوەی ئیمان و کوفر ئاڵو گۆڕدەکات، کە بانگەوازی ئەوە دەکات کە ئیسلام ئاینی تقوسات وشەعائیر نیە، ئەو پەرستشانەی کە مرۆڤ لەسەرشانی نراون هیچ سود وقازانجێکیان نابێت، ئەگەر ئەو مرۆڤە نەجوڵێنن ونەیکەنە سەرچاوەیەکی چاکەو خۆشی هێن و سودمەند و هەماهەنگکەرو سەرپەرشتیکەری ویست چاك.

ئاماژەش بەوەدەدات کە ئیسلام ئەحکامەکانی لە یەکتر لێکدابڕاونین، بەوەی مرۆڤ ئەوەی دەیەوێت لێیان هەڵبژێرێت و دوای ئەوەیان بکات کەبیەوێت، بەڵکو بونیادێکی تەواوی هەیەو بە شێوەیەك بەشەکانی یەکتر تەواو دەکەن، میتۆدو پەیڕەوێکی تەواوکارەو پەرستش وشەعایر ودواو ئەرك لەسەرانە تاکی و کۆمەڵایەتیەکانی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. کۆتایی هەموویان ڕووەو یەك ئامانجە ئەویش خزمەت و خۆش نوودی مرۆڤە. ئەویش بە پێشکەشکردنی هاوکاری مادی و مەعنەوی لە بۆ هەر کەس دواو پێویستی پێ هەیە، بەشێوەیەك بەتایبەتی کە دەستی کەم تواناد دەگرێت و ستەم و جەوری لێ دووردەخات، وبەفریای هەتیوو نەداراندەوە دەچێت و پێویستیان پڕدەکاتەوە.

هەرچی ئەو چوارچێوەیە بۆ کێشەیەك لەوبارەوە تاوانێکی ئاینی و ئەخلاقی دروست دەکات. بکەرەکەی شایستەی بەهیلاکچوون و ئازارچەشتن و سزادانە لە دونیا یا خود لە دوارۆژدا. ئەمەش واتای جێگیرنەبوونی ئیمانە لە دڵی ئەو کەسەی کەرێگر و ئەنجام نەدەرە. دەرنەکەوتنی مەعلوول بەڵگەی نەبوونی عیلەتەکەیە. بەڵگەی دەرنەکەتنی شوێنەوار لە نەبوونی شوێنەوار دانەرە. بەڵکو واتای درۆکردنە لەگەڵ ئەو دینەی کەوەریگرتوە، وڕووپامایی کردن لە نوێژکردنەکانی وهەموو پەرستشەکانی تریەتی. درۆکردن بەئاین تاوانێکە لێخۆشبوونی بۆنیە، چونکە لە ترۆپکی تاوانەکان هاتوە، لەبەرئەوە زیاتر لەوەشی شایەنە، خوای پاکو بێگەرد دەفەرموێ: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ، فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ

---

[١] واتە خۆراك دان بە نەداران و بەهاناوەچوونی پێداویستی کەسێکی خاوەن پێداویستی، لە ئەستۆی خۆی ناگرێت ڕێگریش لەوە دەکات، لەکاتێکدا پێگەو توانای ئەوەی هەیە کە ئەنجامیبدات.

[٢] واتە ئازارچەشتن و سزادانی لەدونیاو دوارۆژدا.

[٣] لەکاتی خۆی ئەنجامی نادات و دوای دەخات.

[٤] واتە هاوکاری و یارمەتیدان و کۆمەکی مادی و مەعنەوی.

الْيَتِيمَ، وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ، فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ، الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ، [1] الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ، وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾. [2]

لە پاڵ ئەوەشدا ئەوەتا چەند فەرموودەی پیرۆزهەن کە جەخت لەسەر ئەم راستیە دەکەنەوە لەوانە: فەرمودەی: ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)) [3].

فەرموودەی: ((ترى المؤمنينَ في توادِّهم، وتراحُمِهم، وتعاطُفِهم، مثلِ الجسدِ، إذا اشتكى منهُ عضو، تداعى لَه سائرُ الجسدِ بالسَّهرِ والحمَّى)). [4]

هەروەها شەرعناسان تێکڕا کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەسەر مرۆڤە بەرگری لە گیان و ناموس و ماڵی کەسی تر بکات وەك چۆن بەرگری لە گیان و ناموس و ماڵی خۆی دەکات [5]. وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((ما آمنَ بي منْ باتَ شبْعانَ وجارُه جائعٌ)) [6][7].

ئەو چالاکیانەی کە پێش جێبەجێکردنی تاوانەکە دەکەون:

لەجێبەجێکردنی تاواندا کۆمەڵە چالاکیەك پێشی دەکەون کە هەڵگری هیچ ڕوخسارێکی وا نین کە مەترسی بن بۆ ماف یان بەرژەوەندیەك، بەڵکو لەرۆڵێکی وەهادان بە هیچ شێوەیەکی دڵنیایی نیازی

---

[1] لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن و دوای دەخەن..

[2] بۆ دریژەی زیاتر لەویارەوە بڕوانە :

سيد قطب: في ظلال القرآن: ٣٦٢/٣٠ وما بعدها.

أبا عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي: تفسير القرطبي، الجامع لأحكام القرآن ٢١٠/٢٠ وما بعدها.

وغيرهما من تفاسير القرآن الكريم.

[3] رواه البخاري برقم(١٣) ومسلم برقم (٤٥) وأحمد وغيرهم.

[4] رواه البخاري في الأدب المفرد برقم (٦٠١١)، ورواه مسلم وأحمد.

[5] القاضي أحمد بن قاسم العنسي اليماني الصنعاني، التاج المذهب في الفقه الزيدي ٣١٦/٤.

ابن قدامة عبدالله بن أحمد المقدسي: المغني" لە "الفقه المقارن ٣٥٣/١٠.

الرملي محمد بن ابي العباس أحمد الرملي: نهاية المحتاج في الفقه الشافعي ١٧٥/٧.

[6] الهيثمي روایەتی کردوە لە مجمع الزوائد : ١٧٠/٨، هەروەها السیوگی لە جامع الصغیر ٧٧٧١، هەروەها ئەلبانی لە السلسله الصحيحه ٢٧٩/١.

[7] هەندێك لە شەرعناسانی مالکی وەك لە(مواهب الجليل ٢٤٠/٦)داهاتوە" ئەگەر کەسێك رێگری لە ئاوخواردنەوەی ڕێبوارێك بکات، بزانێت کە ئەو کارە رێگریەی حەڵاڵ نیە بۆ ئەو، بشزانێت بەو ئاو پێنەدانەی کەسەکە دەمرێت ، ئەوە ئەوکەسە بە بکوژێکی بەئەنقەست دادەنرێت.

تاوانکاریی تیایاندا نانۆزرێتەوە . بۆیە تەشریعی تاوانکاری ئیسلامی دەستوەرنایان تیاناکات. مادام قۆناغی دریرین لە نیازە تاوانکاریەکە دەستی پێنەکردوە.

زانایانی هەریەك لە یاساو شەریعەتی ئیسلامی ئەم چالاکیانەیان بۆ چەند قۆناغی دیاریکراو بەشکردووە، بۆ هەریەك لەو قۆناغانە حوکمی تایبەتیان بۆ داناوە:

لە یاسادا[1]:

یاساناسان وای دەبینن کە ئەو چالاکیانە کە پێش جێبەجێکردنی تاوانی تەواو دەکەون لەم قۆناغانەی خوارەوە دەرناچن:

١- بیرکردنەوە لە تاوان و نەخشە بۆکێشانی: ئەم قۆناغە دەروونیە، بەتەنها ویستێکی ناخیەو هیچ سزایەکی بۆ نیە، مادام دەقێکی وەهانیە کە پێچەوانەی ئەمە بێتەوە.

٢- ئامادەباشیکردن بۆ ئەنجامدانی تاوان: تاوانەکە دەچێتە قۆناغی ئامادەکاریەوە کیانێکی مادی لەخۆدەگرێت، کاتێك تاوانبار نەخشەسازی تاوانەکەی دەچێتە قالبی کردەییەوە. وەك کرینی چەك و ئامادەکردنی مادەی ژەهراوی و شتی وەهای کە تاوانبار مەبەستیەتی ناومنەیکی وەها بسازێنی بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکەی. بنەمایەکی گشتی بۆ ئەمەش بریتیە لە ئەنجام نەدانی هەر لێپێچینەوەیەکی تاوانکاری، لێرەوە سزادانیش بۆ ئەم قۆناغە بوونی نیە، مادام ئەم کردە ئامادەکاریە وەك خۆی قالبی تاوانکاریی وەرنەگرتووە. وەك هەڵگرتنی چەك بە بێ روخسەت و هەڵگرتنی کلیلو لەبەرگرتنەوەی. لە دەقی بەندی (٣٠) لە یاسای سزادانی عێراقی داهاتوە کە" بوونی خولست لە سەر کردنی تاوان بە تەنها مانای بە ئەنجام گەیاندن ناگەیەنێ، بەهەمان شێوەش کردە ئامادەسازیەکان لەبۆی، ئەگەر ئەو خولست و ئامادەکاریانە دەقێکی یاسای دژیان نەهاتبێت".

٣- دەستکردن بە جێبەجێکردن: یاساناسان رێکنەکەوتوون لە سەر دیاریکردنی تاکە پێوەرێك بۆ ئەم قۆناغە:

أ/ رێبازی دانراو (المذهب الوضعي) وایدەبینێت کە دەستپێکردن بە جێبەجێکردن خۆی لە خۆیدا پێویستی بە هەستان بە کردەی ترسناك هەیە، بەڵام لایەنگرانی ئەم رێبازە رێکنەکەوتوون لە داڕشتنی

---

[1] زۆرجار بۆ پیشاندانی پێگەی شەریعەتی ئیسلامی لە بابەتێکدا، دوا لەمن کراوە کە یاسا پێشکەش بکەم، لەبەرئەوە لە هەندێ بابەتدا یاسام پێش شەریعەت خستوەو لە هەندیکیشاندا شەریعەتم پێش خستوە، ئەوەش بە پێی سرووشتی بابەتە خراوەرووەکە.

یەك پێوەر، هەیانە دەڵێت: دەستپێکردن بۆخۆی ئەنجامگەیاندنی کردەیەکە کە روکنی مادی تاوانەکەی لە سەردەوەستێت، وەك دەست پێکردن بەدەستدرێژی بۆ سەر ژیان لە تاوانی کوشتندا، دەستپێکردن بە قاسەبڕین(بالاختلاس) لە دزیکردندا، ئەمە رەخنەی زیادەرەویکردنی لێدەگیرێت بەوەی چوارچێوەی دەستپێکردن(الشروع) ی بەرتەسك کردوەتـەوە، دەسـکاریکردن و شـکاندن دەسـتپێکردنیان لـە سەرناوەستێت، لەکاتێکدا بۆخۆیان هەڵگری مەترسین و موڵکیەتی ئەوکەسەی تاوانی بەرامبەر دەکرێت دەخەنە ژێر مەترسی تیاچوونەوە.

هەشیانە دەڵێت: ئەو کردەیەیە کە ئاماژەی نیازی تاوانکاریی تیادەبینرێتەوە، بە جۆرێك ئیتر هـیچ ئاماژەیەکی تری تیا ناخوێنرێتەوە. رەخنەش لەم رایە وەها گیراوە کە رایەکی ناتەواوە لەبـەر ئـەوەی کەم کردە هەیە تەنها یەك ئاماژەی لێببینرێتەوە، چونکە کردەی لەم جۆرە شازو کەم نموونەن[1].

ب– رێبازی کەسی (المذهب الشخصي) وای دەبینێت ئـەوە پێـوەرە کـە دەربـڕاوی ئـەو ئارلسـتە رۆشنەیە کەلەلایەن کەسێتی تاوانبار و نیازی خراپی بەرچاودەکەوێت؛ جا ئەگەر ئەو کردەیە لەخۆی دا ترسناك بێت یان نا.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا :

شایانی ئاماژەپێدانە کە شەریعەتی ئیسلامی– جیاواز لە یاسا– حوکمەکانی بە پێی لێپرسینەوەی مرۆیی و پەیوەستبوون پێیانەوە دابەشکردوە بە سەردوو جۆردا:

جۆری یەکەم/ ئەحکامەکانی پەیوەست بە مامەڵەی مەدەنی و تاوانکاریەکان، کە مـرۆڤ لەسـەریان پرسـیاری لێناکرێـت، مادامـەکی قسـەی لەسـەرنەکردبن یـان ئـەنجامی نـەدابن. وەك هاوسـەرگیری و جیابوونەوە و کڕین و بەخشین(الهبه) لە ئەحکامە مەدەنی مکاندا، هەروەها دەستدرێژی بۆسەر ژیـانی کەسێك یان ماڵ یان ناموسی کەسێك لە ئەحکامە تاوانکاریەکاندا. ئەوەش وەك پێغەمبەری خـوا (ﷺ) جەختی لەسەرکردوەتەوە: ((إن اللهَ تجاوز لأمتي ما حدثتْ به أنفسَها ما لم يتكلموا أو يعملوا به))[2]..

جۆری دووەم/ ئەو ئەحکامانەی پەیوەستن بەو خەصـڵەتانەی کـە مرۆڤیـان پـێ سـوك و رەزیـل دەبێت، وەك دووڕوویی بروای بۆگـەن و رق وکینـەو رژدی و شـاردنەوەی شـایەتیدانی پێویسـت.. کـە لەسەر ئەمانە لە لایەن خوای پـەروەردگارەوە لـە رۆژی دواییـدا دەوەسـتێنرێت. ئەگەرچـی دەریشـی

---

[1] تەماشەی الدكتور محمود نجيب حسني، الموجز في شرح قانون العقوبات القسم العام، لاپەرە٢٦٢، بکە.

[2] رواه مسلم في صحيح مسلم برقم ١٢٧.

نەخستبن. ئەوەش قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردونەتەوە بە ئایەتی ﴿..وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ...﴾[1]

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەشەریعەتی ئیسلامی لە مرۆڤی وادەوێت کە دڵ خاوێن وپاك بێت، وەك چۆن دەست و زمانی پاك بێت و مرۆڤەکان پارێزراو بن لێی.ئەوانەی وادەزانن کە ئەم ئایەتە بە ئایەتی ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا...﴾[2] نەسخ بوەتەوە، ئەوە وورد نەبوون لەو تێگەیشتنەیاندا بۆدەقی پیرۆزی قوورئان و سەرکەوتوونەبوون لە تەوفیق کردن لە نێوانیاندا.

لە ئیبن و عەباسەوە (ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)لەوەی کە ریوایەتی کردوە لە خوای تەبارەك وەتەعالا کە فەرموویەتی:(إنَّ اللّهَ كتب الحسنات والسَّيِّئات ثمَّ بيَّن ذلك، فمن همَّ بحسنةٍ فلم يعمَلْها كتبها اللهُ له عنده حسنةً كاملةً، فإن همَّ بها وعملها كتبها اللهُ له عنده عشرَ حسناتٍ إلى سبعمائة ضعفٍ إلى أضعافٍ كثيرةٍ، ومن همَّ بسيِّئةٍ فلم يعمَلْها كتبها اللهُ له عنده حسنةً كاملةً، فإن همَّ بها فعملها كتبها اللهُ له سيِّئةً واحدةً).[3]

بەنیسبەت جۆری یەکەمەوە شەرعناسان دەڵێن: ئەوەی کە لەدەروونەوە نیازی سەرپێچی (تاوان) ی لێ روودەدات، ئەوا بەم قۆناغانەدا تێپەڕدەبێت:

١- خورپە (الهاجس): ئەمە کە بەکتوپڕی بە دەرووندا تێدەپەڕێت، ئەمە بەپێی کۆڕای زانایان لێی ناگیرێت، چونکە ئەوە بەدەر لەویستی خۆیدا بوەو شتێك بووە هاتوەو تێپەڕیوە بە بێ ئەوەی بتوانێت رێگیری لێبکات.

ب- ختورە (الخاطر): هەڵقوڵان و هاتن و چونی شتێکە لە دەروونەوە، بە قۆناغی دووەم دوای (خورپە) دێت، بەهەمان شێوە لەمەش ناگیرێت بە ووتەی کۆڕای زانایان (اجماع) بە هۆی هەمان هۆکاری پێشووەوە.

ج- راوێژی دەروونی: ئەو دۆخەیە کە دەروونی مرۆڤ تیایدا رارایی تیا چەکەرە دەکات بەوەی کە ئایا بچێتە پێشەوە بۆ تاوان یا نا؟ بنەمای گشتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر ئەم دۆخە

---

[1] البقرة : ٢٨٤

[2] البقرة : ٢٨٦

[3] جامع العلوم والحكم، زين الدين الحنبلي، لاپەڕە٣٢٩.

دەروونیە (راوێژی دەروونی لەسەر تاوان پێش ئەنجامدانی) سزا نادرێت. چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (إن اللّهَ تجاوز لأمتي ما حدثتْ بهأنفسَها ما لم يتكلموا به أو يعملوا)[1]

ئەم دەقەش پالپشتیەکی تەواوە بۆ نەبوونی سزا بۆ دوو قۆناغەکەی پێشووتریش کەهێنامان.

د– خولست (الهم). بریتیە لە شکانەوە بەلای نیازی ئەنجادانی کارەکە: فەرمودەی صەحیح ئەمەی رۆشن کردوەتەوە کە خولست بۆ چاکە چاکەی لە بۆ دەنوسرێت، بەلام خولست بۆ تاوان و خراپە، بۆی نانوسرێت، چاوەڕوان دەکرێت کە ئەگەر لە خولستەکەی پەشیمان بووەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت، وەئە ئەگەر کردەخراپەکەی ئەنجام دا ئەوە تاوانی لەسەری دەنوسرێت.

هـ– العزم(یەکلابوونەوە): لە خولست بەهێزترە، شیکەرەوانی بواری شەرعناسی لەسەر ئەو رایەن کە لێیدەگیرێت و لەسەری هەژمارە بە پێی فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ): (إذا تواجه –وفي رواية: إذا التقى– المسلمانِ بسيفيْهما، فقتل أحدهما صاحبه، فالقاتلُ والمقتولُ في النارِ. فقيل هذا القاتل فما بال المقتول؟ قال: أراد قتل صاحبه)[2]. پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاساوی بەتاوان ناساندنەکەی گەڕاندەوە بۆ یەکلابوونەوە سووربوون لە سەر ئەوەی کە کردەی تاوان ئەنجام بدەن. بەڕای من خۆ ئەگەر یەکلابوونەوە بۆ تاوان نەچوبێتە قالبی کردارەکیەوە، کورژاویش بەتاوانبار دانەنرا، چونکە ئیسلام لێپێچینەوە لەسەر یەکلابوونەوەی رووت و قوت ناکات دیسان.

و– کردە ئامادەکاریەکان: رووکاری دەرەکی یەکلابوونەوەن بۆ ئەنجامدانی تاوانکاریەك، دیارە ئەصل ئەوەیە کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەم جۆرە سزادانی بۆ نیە ئەگەر لە باروبۆخێکدا ئەو کردە ئامادەکاریانە بۆخۆیان نەچووبنە قالبی تاوان و سەرپێچیەوە، بۆیە لەم کاتەدا پێویست بە تەمبێکردنەکان دەکات.

لە (فتح القدير) دا هاتوە : ئەگەر کۆمەڵێك رێگر چوونەدەرەوە بەزەبری هێزو توانایان بە ئامانجی شەڕکردن لەگەڵ ئەوەی دەجەنگن یان یەکێك لەوانە، کە خاوەنی توانای رێگریە بە توانای و هێزو سامی، مەبەستیانە رێگیری بکەن یاخود چەتەیی بکەن و خەڵکی رووت بکەنەوە.. ئەوە پێش ئەوەش کە دەسیان گەیشتبێتە هیچ ماڵو سامانێك و هیچ کەسێکیشیان کوشتبێت. بەڵکو تەنها بەوەی کە ترس وبیمیان خستوەتەوە لەسەر رێگە لەسەریان دەکەوێت و حوکمیان سەرزەنشت کردن وزیندانی کردنە تا

---

[1] رواه مسلم في صحيح مسلم برقم ١٢٧. نيل الأوطار ٥٥/٧.

[2] متفق عليه. نيل الأوطار ٥٢/٧. لە وتەی بوخاریدا : ئەگەر سور بوو لەسەر کوشتنی هاورێکەی.

ئەوکاتەی یان دلن بەپەشیمانبوونەوەدا دەمێن یاخود دەمرن[١]. چونکە ئەو دەرچوونەی ئەوان وەك پێشەکیەك بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی تاوانکاریی جەنگکردن دێتە هەژمار، کەبۆخۆی تاوانێکی سەربەخۆیە. ئەگەر هاوشانبێت لەگەڵ خولستی تاوانکاریی لە ڕووی یاساییەوە بە (شروع) هەژماردەکرێت.

هەستان بە چالاکی تاوانکاریی لەگەڵ دواکەوتنی دەرەنجامەکەی:

زاراوەی یاسایی نۆخی هەستان بەچالاکی تاوانکاریی دیار لەگەڵ دواکەوتنی دەرەنجامەکەی بە(شروع) یاخود (تاوانی ناتەواو) یان (هەوڵی تاوانکاریی) ناودەبرێت. دەقەیاساییەکان تەقەیان لەدەرگای پێناسەکردنی (دەستبەکاربوون-شروع) و خستنەڕووی حوکمەکەی داوە لەڕووی سزاو لێپێچینەوەی تاوانیدا، یاسای سزادانی عێراقی[٢] و میصری[٣] وا پێناسەی کردووە، کەبریتیە لەدەستپێکردن بۆ جێبەجێکردنی کردەیەك کەمەبەست تیایدا ئەنجامدانی تاوانە[٤].یان گوناهێکە[٥] (لە ڕێدەرچوونە-جنحە) ئەگەر وەستێنرا یاخود شوێنەواری لێکەوتەی لەکەوتنیەوە نەبوو بەهۆکارێك کە لە ویستی بکەرەکەی بەدەربوو. لێرەوە لەم پێناسەوە دەردەکەوێت کە (شروع) بە ئەنجام ناگات ئەگەر ئەم سێ ڕەگەزەی تیادا نەبێت، ئەوانیش: دەستپێکردن لە بۆجێ بەجێکردن، کە پێشتر باسکرا، مەبەستی

---

[١] الإمام كمال الدين محمد بن عبدالواحد المعروف بابن الهمام، شرح فتح القدير ٤٢٢/٥.

٢ مادەی٣٠).

٣ مادەی (٤٥). بەراوردی یاسایی لیبیا مادەی (٥٩) هەروەها کوەیتی مادەی (٤٥) هەروەها ئەردەنی مادەی (٦٨) هەروەها یەمەنی دیموکراتی گەلی مادەی (١٨).

[٤] **الجنایە(تاوانی گەورە)**: ئەو تاوانەیە کە سزای بکەرەکەی بە یەکێك لەم سزایانە دەبێت: ١ - لەسێدارەدان ٢ - زیندانی هەتاهەتایی. ٣ - زیندانی زیاتر لە پێنج ساڵ بۆ ٢٥ساڵ ، مادەی (٢٥) یاسای سزادانی عیراقی .

[٥] **تاوانی بچوك(کەتن)**: ئەو تاوانەیە کەسزای بکەرەکەی بە یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە دەبێت: ١- زیندانی توند و سادە زیاتر لە سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵ٢- سزای پارەیی (الغرامە).مادەی (٢٦) یاسای سزادانی عێراقی.

سەرپێچی(المخالفە): ئەو تاوانەیە کەبکەرەکەی سزای بە یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە دەبێت: ١- زیندانیکردن لە ٢٤کاتژێرەوە بۆ سێ مانگ. ٢- غرامەیەك کە مەبلەغەکەی نەگاتە ٣٠دینار. مادەی(٢٧) ی.س.ع.

تـاوانی. هـەروەها تەواونـەبوونی کـردە تاوانکاریەکـە بەوهۆکارانـەی کەلـەدەرەوەی توانـاو ویسـتی تاوانبارەکەوە بووین. ئەم رەگەزەی کۆتایی دووشت لەخۆدەگرێت:

یەکەمیان(تەواو نەبوونی کردە تاوانکاریەکە) ئەمە ئەوجیاکاریەیە لەنێوان (شروع) و تـاوانی تـەواودا هەیە.

دووەم (تەواو نەبوونی کردە تاوانکاریە، ناگەڕێتەوە بۆ ویستی کەسـی تاوانبـار بـۆ ئـەنجام نـەدانی تاوانەکە واتە پاشگەزنەبوەتەوە) کەئەمە جیاکاری لـەنێوان ئـەو (شـروع)ەی سـزای لەسـەرە، لەگـەڵ ئەوبۆخانـەی دەسـتپێکردن لەجێبـەجێکردنی تاوانێـك بـەڵام پاشـگەزبوونەوەو راسـتکردنەوەیەکی خۆویستانە هەیە رێگر دەبێ لە سزاو سزای لەسەر وەرناگرێت. [1]

سروشتی (دەستبەکاربوون-شروع) لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

شەرعناسان تیۆرێکی تایبەتیان لە بارەی شروع لە تاوانکاریدا نەخستوەتە ڕوو، بەڵکو گرنگی پێدانی خۆیان چڕکردوەتەوە لە سەر جیاکاری لەنێوان تاوانی تەواو تاوانی ناتەواو.

هـەموو کردەیـەك کـە شـەریعەتی ئیسـلامی بـە سەرپێچیکردن ناسـاندبێتی، بۆخـۆی تـاوانێکی سەربەخۆیە و بە (تەمبێکردن – تەعزیری) سزای بەسەرداەدرێت، ئەگەر سزای لەسەر نەدرابوو پێشتر بە (حەد) [2] یان (قیصاص) یان (دیە)، جا ئەگـەر ئـەو تاوانـە سـەربەخۆ بوبێـت لـە تـاوانی تـر، یـان پێشەکیەك بووبێت بۆی یا بەشێك بوبێت لێی.

شەرعناسان لێکۆڵینەوەیان کردووە، لەجیاکردنەوەی شروع لـە تـاوان و تـاوانی تەواوەتیـدا وازیـان نەهێناوە، وەك ئەوەی کە یاساناسان کردوویانە، هەربۆیە شەرعناسـان رۆچـوون وجیاکردنـەوەیان بـۆ تاوانی تەواوی سزالەسەردراو بە (حەد) یان (قصاص)یان (دیـە) وتـاوانی ناتـەواوی سزالەسـەردراو بـە

---

[1] یاسادانانی تاوانی عەرەبی لە دیاریکردنی تاوانی سزا لەسەردراو لە (شروع–دەستپێکردن) جیاوازیان هەیـە وەك لێرەدا دەیهێنین:

أ– عێراقی مادەی (٣) هەروەها لیبیا مادەی (٥٩): تاوانی گەورەو کەتن .

ب– کوەیتی مادەی (٤٥) قەتەری مادەی (٥٩) بەحرەین مادەی (٤١): تاوان بەرەهایی.

ج– زۆرینەی یاساکانی ولاّتانی عەرەبی : تاوان بە رەهایی و کەتن ئەگەردەقێکی یاسایی لە بارەوە هاتبوو.

[2] واتە ئەو سزایەی دیاریکراوە بە قورئان بە سوننەت...

(تەمبێکردن – تەعزیری). شایانی باسە کە تاوانی (تەمبێکردن – تەعزیری) لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەموویان تاوانی تەواون. ئەویەشکردنانەش کراون بۆ تاوان، (تاوانی تەواو و تاوانی ناتەواو) تەنها لە وتاوانانەی (حەد) و تاوانی (قصاص)دا باسیان لێکراوە.

دزێك کاتێك ماڵێك دەبرێت بە مەبەستی دزیلێکردنی، لە لۆژیکی یاساییدا دەستپێشخەریکەری تاوان (شروع) ە لە دزیدا، سزای دیاریکراوی ئەو تاوانی دەستپێشخەریکردنەی لەتاوانی دزیدا بەسەر دەدرێت. بەڵام لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە سەرپێچیکەر لەقەڵەم دەدرێت کە تاوانێکی سەربەخۆیە، شایەنی سزای تەمبێکردنە. لەبەرئەوەی کردەکەی سەرپێچیکردن و دەستدرێژیە بۆ سەر ماف خەڵکی. ئەمە لەکاتێکدا ئەو سزا تەمێکاریە قەبارەکەی بە پێی جیاوازی ئەو قۆناغانەی کە تاوانبار بڕیوێنی ڕوەو تاوانە تەواوە کە کەمەبەستی بووە پێش ئەوەی کە تەواوی بکات. ئەمە پێش ئەوەی ئەو سزا تەمبێکاریە لەهەرچۆخێکدا نەگاتە ئەو سزادیاریکراوەی کە بۆ تاوانی تەواو دانراوە.

بۆ نموونە: سزای تاوانی زینا سەد دارە(جلده[1] دیارە سزای کردە پێشەکیەکانی ئەم تاوانە کە لەیاسادا بە (دەستپێشخەری – شرووع) ناویان هاتووە، کەمتر بن لەو سەد دارە. چونکە هەریەکەیان بۆخۆی تاوانێکی ناتەواوە: ماوەردی لەم بارەوەیەوە دەڵێت: ئەگەر هەردوو رەگەزی ئەنجامدەری زینا بینران، و لە ژێر پۆژلوێکدا بوون خۆیان ئاڵاندبوە یەك بەڵام کاری جیماعیان نەدەکرد، ئەوا شەست شەلاقیان لێبدەن، خۆ ئەگەر بینیتانن بەو شێوەیە بەڵام خۆیان نەئاڵاندبوە یەك ئەوا چل شەلاقیان لێبدەن.[2]

لە بارەی تاوانی دزیکردنەوە کە بریتیە لە: بردنی ماڵێك کە دەگوێزرێتەوە لە شوێن و پەناو قاسەی خۆی بە نهێنی وئەسپایی بە بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی بگاتە ئەوەی کە زەکاتی لێبدرێت، ئەوە سزاکەی دەست بڕینە، بەڵام ئەگەر بەو برە ماڵە دزیکرا لە پەنا دانەنراوبوو ئەوا لەسەرووی تەمبێکردنەوە حەفتاو پێنج شەلاقی لێدەدرێت. ئەگەر دزیکرد لە شوێنی پەنادانراو قاسەو شتی وەها بەڵام کەمتر لەوەبوو زەکاتی بکەوێت ئەوا شەست شەلاقی لێدەدرێت، ئەگەر دزیکرد لەماڵێك دزیەکەی کەمتربوولەوەی زەکاتی بکەوێت بەڵام لە شوێ ی پەنا دانەنرابوو ئەوا پەنجا شەلاقی لێدەدرێت. ئەگەر

---

[1] قال تعالى ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾النور : ٢.

[2] الماوردی ابو الحسن، الأحكام السلطانية، لاپەڕە ٢٣٧.

ماڵەکەی کۆدەکردەوە لە پەنایەکدا، بەڵام نەیدزی و نەبرایە دەرەوە بۆی و گەڕێنرایەوە لێی، ئەوا چل شەلاقی لێدەدرێت. ئەگەرشوێنێکی پەنای یان قاسەیەکی بڕی دواتر هیچ شتێکی نەبرد، ئەوا سی شەلاقی لێدەدرێت. ئەگەر شوێنێکی بڕی و نەچوەناوەوە بۆ دزیکردنەکە ئەوا بیست شەلاقی لێدەدرێت، خۆ ئەگەر لەهەوڵی کونکردن و چوونە ناوەوە بوو بەمەبەستی دزیکردن، بەڵام دزیەکەی پێنەکرا، ئەوا دە شەلاقی لێ دەدرێت[1]. پوختەی قسان: ئەوەی لە یاسادا پێی دەوترێت (دەستپێکردن-شروع) لە شەریعەتی ئیسلامیدا بۆخۆی سەرپێچی و تاوانێکی سەربەخۆیە، مادامەکی دەستدرێژیەك بۆ سەر مافی گشتی و مافی تایبەتی بونی هەیە. سزای ئەم تاوانە (تەمبێکاریە)، کە سوکترە لەو سزایەی کە بەسەر تاوانی تەواودا دراوە.

ئەم سزا تەمبێکاریە جیاواز دەبێت بە جیاوازی ئەو قۆناغەی تاوانبار بڕیویەتی ڕوەو تەواوکردنی تاوانەتەواوەکە. پێم باشە ئاماژەش بەوە بدەم کە دەمنەکوتانی شەرعناسانی ئیسلامی لە تیۆری (شروع) بە کەموکورتی و بەنیسبەت ئەوانەوە نایەتە هەژمار. بەڵکو هەڵبژاردنی ڕێگەی دڵبەشکاری بۆ تەواو ناتەواو لە لایەن ئەوانەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوپەڕی وردی و بەسەلیقەیی ئەوان، چونکە پیاوانی یاسا تا بە ئیمرۆ نەیانتوانیوە پێوەرێکی ورد دابنێن بۆ جیاکردنەوەی (شروع) لە تاوانی ناتەواو.

چالاکی تاوانکاریی و تاوانی (مەحاڵ- المستحیل)

ئەگەر کەسێك گوللەیەك بنێت بەکەسێکی ترەوە بە نیازی کوشتنی بەڵام پێش ئەوە مرد بوو، یاخود هەوڵی دەستگرتن بەسەر ماڵێکدا بگرێت بەو باوەڕەی کە موڵکی خەڵکی ترە، کەچی موڵکی خۆی بێت، یاخود مادەی ناژەهراوی بەکاربهێنێت بەو باوەڕەی کە مادەیەکی ژەهراویە بۆ کوشتنی کەسێك و کەسەکە نەکوژێت. ئەم جۆرە کردانە تێکڕا پێناسی (شروع)یان بەسەردا دەچەسپێت، ئەوەش بە هۆی هەبوونی سێ ڕەگەزەکە تیایدا ئەوانیش: دەستپێکردن بەجێبەجێکردنی تاوان و هەبوونی نیازی تاوانکاری و پاشان دەستنەکەوتنی دەرەنجامە خوازراوەکەیە کە تاوانە بەهۆی بوونی هۆکارێك لەدەرەوەی ویستی تاوانبارەوە.

---

[1] الماوردی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٢٧.

کەچی شەرعناسانی یاسایی کۆك نین لە سەر سزای ئەم جۆرانەی تاوانی مەحال[1]، لەنێویاندا هەن سزادان رەتدەکەنەوە لە بەر دووهۆ:

یەکەمیان/ جێبەجێکردنی تاوان جێبەجێکردنێکی تەواوەو پێویستە ئیمکانی هاتنە ئەنجام دانی بوبێت، کەلێرەدا بەو شێوەیە نیە.

دووەم/ روکنی مادی تاوان پێویستی بەوەیە کە میکانیزمەکانی بەو شێوەیە بن کەئەنجامەکانی روویدەن. بەڵام لەم دۆخی تاوانی مەحاڵەدا بونی نیە[2].

هەروەها هی وا هەیە جیاوازی دەکات لە نێوان تاوانی مەحاڵی رەها، وەك کوللە نان بەکەسێکەوە بەنیازی کوشتنی بەڵام پێش ئەوە مردبێت، لەگەڵ تاوانی مەحاڵی رێژەیی وەك تەقاندنی گوللەیەك لەلایەن تاوانبارەوە بۆ شوێنێك کە هەمووجار ئەو شوێنە ئەو کەسەی تیابووە کە ئەم نیازی کوشتنی هەیە بەڵام وا رێککەوتوە ئەوجارە تیایدا نەبووە. لێرەدا تاوانی مەحاڵی رەها، بە بێ سزا بۆی دەردەچێت، بە پێچەوانەی تاوانی مەحاڵی رێژەیی. .

دیارە رایەکی تر هەیە لە بارەی جیاوازیکردن لە نێوان تاوانی مەحاڵی یاسایی، کە بریتیە لە دیار نەبوونی یەکێك لە رەگەزەکانی تاوان، تاوانبار هەوڵی جێبەجێکردنی بارێك دەدات کە یاسا رێگری لێنەکات، بەوشێوەیەش سزای لەسەر وەرنەگرێت، هەروەها لە نێو مەحاڵی مادی کە دەگەرێتەوە بۆ ئەو دۆخە مادیەی وادەکات لە تاوانبار کە نەتوانێت ئەنجامە تاوناریەکەی مسەوگەر بکات کە ئامانجی بوو، بەو کردەیشە رەگەزەکانی شروع وەدەردەکەون و شایەن بەسزایە.

هەڵوێستی شەرعناسانی شەریعەتی ئیسلامی:

لە روانگەی شەرعناسانی ئیسلامیەوە تاوانبار لە تاوانی مەحاڵدا ئەگەر دەرەنجامی تاوانی جێبەجێنەبوو، لەو دەستدرێژیەی کە بۆسەر ماف یان بەرژەوەندی کەسێکی کردوە، شەریعەت بۆخۆی پارێزگاری لێدەکات، وەك ئەوە وایە دەستدرێژی بۆ سەر مافێکی خودایی کردبێت و سەرپێچیەکەی

---

[1] الدکتور محمود نجیب حسنی: الموجز شرح قانون العقوبات القسم العام لاپەرە٢٦٢ وما بعدها.

[2] لەسەر ئەو بنەمایە یاسانا‌سان جیاوازیان کردووە لەنێوان مەحاڵ و نائومێدبوو(الخائبە) وتویانە: ئەگەرچی مەحاڵ وەك نائومێدبوو وایە لەوەی کە دەرەنجامەکە بەدیناێت، سەرەرای بەکاربردنی میکانیزمە مادیەکانیش، بەڵام بەدینەهاتنی لە نائومێد دا ئەگەریە، بەڵام لە مەحاڵدا بەدینەهاتنی دڵنیایی تێدایە. پاشان بەدینەهاتنی یەکەم دەگەرێتەوە بۆهۆکاری پێچەوانە، بەڵام ئەوەی تر دەگەرێتەوە بۆ هۆکارێکی ئامادە.

دەرکەوتبێت لەوەی ئەمرێك یان نەهیەکی خوای گەورەی فەرامۆش کردبێت، لەو روانگەیەوە ئەوە بەتاوانبارێکی شایستە بە سزای ((تەمبێکردن – تەعزیری))یە، جا ئەگەر ئەو تاوانەی لەتاوانی مەحالی رەها یاخود رێژەیی بێت. ئەمە ئاماژەیەکیشە بەوەی لە((قواعد الأحكام في مصالح الأنام)) دا هاتوە کە:" گەر وترا مرۆڤێك پیاوێکی کوشت، وازانرا کە بێگوناه بووە کوژراوەکە، کەچی دەرکەوت کە ئەمەی کوشتویەتی خوێنی حەلالْ بوو، یاخود کەسێك لەگەلْ ئافرەتێکدا جووت بوو، وازانرا کە ئەوە ئافرەتێکی نامەحرەمە و زینای لەگەلْ کردووە، کەچی دەرکەوت ژنەکەی خۆی بووە، یاخود مالێکی خوارد وازانرا کە ئەوە مالی هەتیوە، کەچی دەرکەوت ئەوە مالی خۆی بوە خواردوویەتی.یاخود شایەتی دا بەگومانی خۆی وایزانی کە شایەتیدانی بەدرۆ کەچی لەکرۆکدا وانەبوو شایەتیدانێکی شایستەو راست بوو، ئایا ئەمانە بە بکەری تاوانە گەورەکان هەژماردەکرێن، لەکاتێکدا هیچ زیان و خراپەیەکیان نەخستوەتەوە[1]؟

وتمان لە دونیادا ئەمانە حوکمی فاسقینیان بەسەردا دەدرێت – سزایەکی (تەمبێکردن – تەعزیری) چاوەرێیان دەکات، پاشان بەحوکمی فاسق بوونیان بەو کارە، دادوەری لەسەری هەلدەگیرێت لەبەرابەر ئەو تاوان و بێشەرمیەی کەبەرامبەر خوای پەروەردگار نواندی، دواتر شایەتیدانەکانی و گێرانەوەکانی رەتدەکرێنەوە، بەوەش هەمو (ولایە)یەکی کەبەشداربێت لە دادپەروەری پوچەلدەکرێتەوە، چونکە دادپەروەری بەدلنیاییەوە مەرجداره بە شایەتیدان و گێرانەوە و ئەرکی سەرپەرشتیاری ئەوانی تر، تاوەکو متمانە بەراستگۆیی لە هەوالی و شایەتیدانی و بەگێرانەوەی ئەمانەت بۆ ولایەو سەرپەرشیکاریەکانی ئەنجامدات . بەلام متمانەی خۆی لەمانە هەمووی شکاند بەوەی جورئەتی ئەوەی کرد لەبەردەم خوای گەورەدا بەوەی کە ئامادەبوو ئەوتاوانە ئەنجام بدات لەکاتێکدا دەیزانی کەلەتاوانەگەورەکانە.. هەرچی سەبارەت دوارۆژیشە – واتە لای خوا – و ئازاردانیەتی، ئەوا ئازار نادرێت وەك ئازاردراوێکی زیناکەرو هەروەها نەوەك بکوژێکیش و نەوەك بخۆرێکی مالی هەتیو حیسابی لەگەلْ ناکرێت، چونکە ئازاردانی رۆژی دوایی لەسەر پلەی ئەو مەفسەدە و زیانانەی دەیخاتەوە کەلەکە دەبێت لەسەری.[2] کە ئەوەشی لێنەکەوتوەتەوە، بەلکو تەنها بە سزایەکی دونیایی بەبێ سزای دوارۆژی رزگاری دەبێت.

---

[1] واتە تاوانەکەی لە تاوانە مەترسیدارەکانە.

[2] عزالدين بن عبدالسلام: قواعد الأحكام في مصالح الأنام، چاپی یەکەم، ١٩٣٤، ٢١/١.

ئەمە ئەو ئاراستە ئیسلامیە سەلیم و لۆژیکی و سەرراستەیە، شایەنە بەوەی لەلایەن یاسادانانی تاوانکاری نوێ وە لە ولآتانی ئیسلامی سودی لێوەربگیرێت، ئەوەش بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- تاوانبار لە تاوانی مەحالّدا مەبەستێکی خراپی هەیە، لەدەروونیەوە ویستێکی خودی پاڵنەریەتی بۆ جێبەجێکردن و دەرکەوتنی ئەنجامێکی تاوانکاری.

٢- مەبەست لە سزادان بریتیە لە بەرلێگرتن و سەرزەنشتکردن، لە پێناو پاراستنی مافی خەڵکی لە کاری بێهودەی بێهودەکاران.

٣- تاوانبار بێ ئاگایە لەوەی کە جێبەجێبوونی کردەکەی نامومکینەو ئەو میکانیزمەی بەکاری دەبات ئەنجامێکی بۆ بەدیناهێنێت، لەبەر ئەوە ئەو تەواوی هەوڵی خۆی داوە بۆ جێبەجێبوونی کردەکەی و میکانیزمی ئاسایی بۆ ڕوودانی دەرئەنجامە تاوانیەکەی بەکاربردوە. [1]

٤- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:(إنما الأعمال بالنيّات)

راستکردنەوەیەکی خۆویستانە و پاشگەزبوونەوەو تەوبەکردن:

راستبوونەوەو پاشگەزبوونەوەی ئیختیاری لە یاسادا بەرامبەر بە تەوبەکردن لە شەریعەتی ئیسلامیدا وەستاوەتەوە، بێجگە لەوەی کە تەوبە لە ڕووی جێبەجێبوونەوە دەکرێت پێش تەواوکردنی تاوانەکەوە بێت. و دەشکرێت پاش تەواوبوونی تاوانەکە تەوبەبکرێت. بەڵام پاشگەزبوونەوەی ئیختیاری هەردەم پێش تەواو کردنی تاوانەکە دەبێت. شتێکی زانراوە کە پاشگەزبوونەوەی تاوانبار لە تاوانەکەی بە هۆکارێکە لە دەرەوەی ویستی خۆی، لە شەریعەت دا لێخۆشبوونی نیە لەو سزا تەمبێکاری کەلەسەر ئەو سەرپێچیەی کردوویەتی (تاوانی ناتەواو) کە ئەنجامی داوە وەك پێشەکیەك بۆ جێبەجێبوون و کەوتنەوەی دەرەنجامێکی تاوانباری (تاوانی تەواو)وەك ئەوەی لە یاسادا هاتوە نیسان. بەڵام ئەگەر راستبوونەوەی ئیختیاری بوو تەوبەو گەڕانەوە بوو بۆلای خودا، دەبێت حوکمەکەی چی بێت؟

---

[1] یاسای سزادانی عێراقی نزیك لەم ڕێبازە ئیسلامیە کەوتوەتەوە ، کاتێك تاوانی مەحالّ بە (شروع-دەست بەکاربوون) دەزانێت کەلە دەقی مادەی (٣٠) هاتوە " بە دەستپێشخەری بۆ تاوانکاری دادەنرێت هەموو کردەیەك بگیرێتە بەر بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێك یان کەتنێکی مەحالّ لە جێبەجێکردندا ئەوەش یان بەهۆکارێك کە پەیوەستە بە بابەتی تاوانەکەوە، یان بەومیکانیزمەی کە بەکاردەبرێت لە ئەنجامدانیدا. ئەگەر بکەرەکەی باوەڕی وەها نەبوو چاککاری بکات لەکردەکەی لە ڕوو نەدانی دەرەنجام بە بنەمای خەیالّ پلاّوی یان نەزانیەکی تەواوی شێتانە".

دیارە شەرعناسان نە لە سەر یەك وشە رێك كەوتون و نە لەسەر تاكە حوكمێك لەویارەوە، بەڵكو راوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی كەلە تەوبەكردنەكە دەكەوێتەوە، جا ئەگەر ئەو تەوبەیە لە تاوانە تەواوەكاندا بێت یان تاوانی ناتەواو (شروع) وەك لەمەی خوارەوە دەیهێنین:

أ- راوبۆچوونی یەكەم:- ئەوەی كە تەوبە سزای تاوانی بەرەنگاری و جەنگاندنیان لەسەر دەكەوێت، جا ئەگەر تاوانی تەواوەتی یان ناتەواو بێت، ئەوەش بە پێی ئایەتی:﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ، إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ﴾[1] واتە پێش ئەوەی دەسبەسەر بكرێن، گەرنا دوای دەسبەسەركردن بە تەوبە بۆیان هەژمار ناكرێت، چونكە تۆمەتبارن بە درۆكردن لە تۆبەكردنەكەیاندا.

ئیمام مالك بەپێی ئەم دەقە و تێگەیشتنی لێی ئەوانەش كە هاوڕان پێیان وایە كە تەوبە تەنها حەدی بەرەنگاریونەو جەنگاندنەكەیان لەسەر لادەبا، هەرچی ترە وەك مافی خودا و مافی مرۆڤەكانە لەسەریان دەمێنێت.[2]

ب- راو بۆچوونی دووەم:- كەئەمەیان راستەقینەترە لە مەزهەبی شافعیدا یە، كە تەوبە حەدی جەنگاندن و حەدی زیناو مەیخواردنەوەو دزی و ئەوانی تر لە مافی خودا بە قیاس بە جەنگاندن بەسەر تاوانبارەوە لادەبات. چونكە ئەگەر جێگیر بوو سزا بە تەوبە لەسەری لادەچێت لە مەترسیدارترینی تاوان بە سەپاندنی حەد، ئەوا قیاس بەوانی تریش لە تاوانەكان كە مەترسیان كەمتر هەیە.[3]

---

[1] سورة المائدة ٣٣ ، ٣٤ .

بە پێی ئەم دەقە، ئەگەر رێبڕێك (جەردەیەك) كەسێكی كوشت و ماڵەكەی برد، ئەوا دەكوژرێت و هەڵدەواسرێت. بەڵام ئەگەر كەسەكەی كوشت بەڵام ماڵەكەی نەبرد(نەدزی) دەكوژرێتەوە بەڵام هەڵناواسرێت، بەڵام ئەگەر ماڵی كابرای دزی و نەیكوشت، ئەوا دەستی و قاچی بەپێچەوانەوە دەبررێت و ناكوژرێتەوە، ئەگەر كابرای نەكوشت و ماڵەكەشی نەدزی، بەڵام هۆكار بوو بۆ ترساندنی رێبوارانی رێگەكە، ئەوا دووردەخرێتەوە. هەندێك راڤەی دوورخستنەوەیان بە زیندانیكردن كردووە، تەماشەی أحكام القرآن للجصاص. ٤/ ٤٦ ، هەروەها هەمان شت لای ئیبن العربي ١/ ٢٤٧ . لە "منتقى الاخبار وشرحه للشوكاني ٧/ ١٥٢ "ەوە.

[2] ابن رشد، بداية المجتهد ونهاية المقتصد ٢/ ٣٨٢ . أبو عبدالله محمد بن احمد الانصاري القرطبي ٦/ ١٥٨ . ابوبكر محمد المعروف بأبن العربي، احكام القرآن طبعة عيسى البابي ٢/ ٦٠٠ .

[3] سەرچاوەكانی پێشوو.

بەلآم لە سەر تاوانبار ناکەوێت بە تەوبەکردن هیچ مافێکی مرۆڤەکان کە ئەو زەوتی کردوون، وەك قصاص و قەرز ومالّ لەخۆگرتن. جەعفەریەکان لەگەلّ ئەم راو بۆچوونەدا هاوڕان، بەلآم نەك بە رێگەی قیاس، چونکە ئەوان کاریە قیاس رەتدەکەنەوە، بەلّکو بە دەقی فەرمودەو سونەتی جێگیر و تێکرای زانایانی ئەو تاقمە.[1]

شایانی باسە کە قیاس ئەگەر رێپێدراو بێت لە تاوانی جۆری تەمێکاری لە روانگەی شەرعناسانی موسلّمانەوە، ئەوا لە تاوانی خاوەن حەد و قصاص دا بوونی نیە، هەرچەندە مشتومڕی شەرعزانانی مەزهەبی حەنەفی و مالیکی لەویارەوە(واتە قیاس) زۆرکراوە، کە دەقێکی هاتووی لەسەر تاوانی جەنگاندن کە بە تەوبەکردن سزاکەی لە سەر لادەچێت، بەلآم قیاسکردنی بۆ تاوانەکانی تریش راست نیە، . ئەوەش بە هۆی هەڵنەسانی قیاس پێی بەهۆی جیاوازی سروشتی تاوانەکان، چونکە تاوانبارانی تاوانی جەنگاندن قورسە دەستگیرکردنیان و لێپێچینەوەکردنیان، ئەوەش جۆرێك هاندانە بۆ پەشیمانی و پاشگەزبوونەوەی ئیختیاری و تەوبەکردن لەوەی کە ڕوویەرووی چوونە. دەق هاتوە بەجیا بۆ لێبوردن لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری و هەروەها لە سزادانیشیان.

دیسان تێبینی دەکرێت کە هاوشێوەی ئەوەش لە یاسا دانراوەکاندا هەیەو بوونی هەیە، کە یاسای لێبوردنی گشتی دەردەچێت بۆ ئەوانەی کە شوێنگەی نەرێنی لەسەر ئاسایش و هێمنی ناوخۆ دانانێن، و چاو لە تێکڕا ئەو تەعقیباتە یاسایانەی تر دەپۆشرێت و لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە.

ت– راو بۆچوونی سێیەم:– پێی وایە تەوبەکردن هەموو مافێکی خودایی و دەستبەسەرگرتنی مالّ لەسەر تاوانبار لادەبات، ئەگەر ئەومالّە لەدەستی تاوانبارەوە نەمابێت و لە ئەستۆشی نەمابێت، واتە مافی مرۆڤەکانی لەسەر لاناچێت بێجگە لەمالّیەکان واتە نمونەی وەك قصاص لەسەری لاناچن، دیارە ئەو مالّی و شمەکیەی لە سەر لاناچێت کە زەوتی کردوە لە خاوەنی راستەقینەی خۆی و هێشتا لەبەردەستی تاوانبارە، واتە بەتەوبە ئەمانەی لەسەر ناکەوێت.

پ– راو بۆچوونی چوارەم:– تەوبەکردن سڕەوەیەکی تاوانە بەشێوەیەکی گشتی و هەموو مافە خودایی و مرۆییەکان لەمالّ و خوێن بێجگە ئەو مالّەی لەبەردەستی تاوانبارەو لە خەلّکی زەوتکردووە.[2]

---

[1] ابو جعفر محمد بن الحسن بن علي المعروف بالطوسي، كتاب الخلاف في الفقه مطبعة تابان طهران ١٣٨٢ الهجري، ٢/ ٤٨١ ، ٤٨٢ .

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەراستیدا بەلای منەوە رای پەسەند ئەوەیە کە تەوبەکردن تەنها ماف خودا لەسەر تاوانبار لادەبات، مافی مرۆڤەکان لەسەرتاوانبارە لە خوێن و ماڵ و جا ئەگەر ئەو ماڵە مابوویەوە بەدەستی تاوانبارەوە یاخود نا، هەروەها ئەو تاوانە لە قۆناغی ناتەواوی(شروع) دابێت یان تاوانی تەواو بێت، مەگەر کاتێك خاوەن مافەکە تاوانباری بەخشی بێت و بە ویستی خۆی و بەهۆشیاریەوە گەردنی ئازادکردبێت .

پاشان تەوبە لە حەدی خۆیدا جێبەجێناکرێت، مەگەر پاش گێڕانەوەی قەرەبووی ئەو ستەمانەو گێڕانەوەی ئەو مافە خوراوانەی خەڵك نەبێت، هەربۆیە تەوبە پێش ئەوە بەرهەمێکی نیە، تاوەکو ببێتە هۆکاری لەسەرلاچوونی ئەو مافانە.

لە پاڵ ئەوەشدا ئەو دەقانەی کە کۆتاییان بە فەرمودەی خوای گەورە: ﴿فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ ئەوە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە تەوبە هیچ شتێك لەمافی ئادەمیەکان لەسەر تاوانبار لانادات بێجگە لە هەلگرتنی مافی خودایی لەسەری. هەروەها پێویست بە بەکارهێنانی قیاس ناکات بۆ ئەوە یەکلایی بکەینەوە کە تەوبە هەموو حەدێکی خودایی لەسەر تاوانبار لادەبات. وەك چۆن حەدی جەنگاندن لادەبات. چونکە کاری قیاس بۆ ئەو تاوانەی حەدیان لەسەرە ناگونجێت ئەمە لەلایەك و هەروەها لەلایەکی تریشەوە دەقی زۆر هەن لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون ئاماژە بۆ ڕوخساری ئەوە وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾[1] هەر بۆیە هیچ مویەرێك بۆ بەکارهێنانی قیاس نیە.

---

١ سورة الزمر / ٥٣

مەبەست لە گوناهـ(الذنب) تاوان و دەستدرێژیە لەسەر مافی خودایی، چونکە گێڕانەوەی مافی خەڵکان بۆ خاوەنەکانیان واجبە لەلایەن تێکڕای زانایانەوە(الاجماع) ئەگەر خاوەن ماف وازی نەهێناو لەمافەکەی خۆش نەبوو. پاشان تەوبەکردن پێویستە بەدڵ ئەنجام بدرێت، چونکە گەر لێ ببورێن لەوکەسانەی کەوادەردەخەن تەوبەیان کردووە، ئەوا پێویستە لە زۆرێك لەوانەش ببورین کە بە زمان دەیڵێن و بەدڵیش وەهانین، بەتایبەت لەم سەردەمەدا.

باسی سێ یەم:
پەیوەندیە هۆکاریەکان لە نێوان
رەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامە تاوانیەکاندا

پەیوەندیە هۆکاریەکان واتە: پەیوەندی نێوان کارو دەرەئەنجام، بەمەرجێك یەکەم ببێتە هۆکاری ڕوودان و هاتنەدی ئەوی تر، یاخود بە شێوەیەکی تر واتە: پەیوەندی نێوان کار و دەرەئەنجام کە روکنێکی مادی کۆی کردبنەوە، کە ئەمەش تەنها بەو (روکنە مادییە) رەفتاری تاوانکاریی ناسەلمێنرێت و ئەنجامی تاوان نایەتەدی، بەڵکو پێویستە هۆکاری پێکهاتەی سێیەم کە ئەویش بریتیە لە هۆکاری پەیوەندی کە بکەوێتە نێوان ڕەفتار و دەرەنجامەوە.

بە پێچەوانەی ئەمە، بەرپرسیارییەتی تاوان بەتەنها لەسەر رەفتار کورت دەکرێتەوە، بەو پێیەی بریتیە لە سەرپێچی(یاخود تاوانێکی سەریەخۆ) لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، بەڵام (شروع)ە لەتاوان دا لە ڕوانگەی یاساوە، پەیوەندیە هۆکاریەکان روونتردەردەکەون ئەگەر هاتوو کردەی تاوانبارێك بەتەنها دەرەنجامێکی مسەوگەرکرد، وەك ئەوەی کە کەسێك فیشەکێك ئاراستەی سەر دڵی کەسێکی تر بکات کە ببێتە هۆی مردنی بە شێوەیەکی یەکسەری، لەم کاتەشدا پێویست بە پەیوەندی هۆکاری زیاترلەوە ناکات لە خستنەپاڵی واقیعەکە بۆسەرشانی تاوانبار.

بەڵام ئەگەر وورد تر بڕوانینە ئەم بابەتە ئەگەر هاتوو هۆکارو ئامرازەکان زۆر بوون لە بەدیهێنانی تەنها ئەنجامێك، وەك کەسێك فیشەکێك بگرێتە جەستەی بەڵام بە هۆیەوە نەمرێت بەڵکو بریندار ببێت، لەکاتێکدا کەسەکەش بەهۆی نەخۆشی لاوازی جەستەیەوە بناڵێنێت ئەم فیشەکە نەخۆشیەکەی بکاتە دوو هێندە، دواجار لە لایەن پزیشکێکەوە چارەسەر و دەرمانی بەهەڵە بۆ بکرێت، یاخود کەسەکە خۆی کەمتەرخەم بێت و پاشان گیان لەدەست بدات و بمرێت .... ئایا ئەنجامی ئەم تاوانە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی

کەفیشەکەکەی بێوەنا یاخود دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکەکە یاخود کەمتەرخەمی کەسەکە خۆی یان نەخۆشیەکەی (لاوازیە جەستەییەکەی)پێشووی..؟

زۆرێك لە تیۆرەکانی بواری (فیقهی یاسا) هەوڵیان داوە پێوەر دابنێن بۆ دیارکردنی بەرپرسیاریەتی تاوانکاریی لە دەرەنجامەکەیدا، لە باروئۆخی جۆراجۆریەتی هۆکارە بەشداریووەکانیان کۆڵیوەتەوە، هەرچەند سەرکەوتوو نەبوون لە یەك جۆرپێوەری جێگیر لە فیقهـ و یاسادا .هەندێك لەو تیۆرانەش ئەمانەن:

أ- تیۆری یەکسانی هۆکارەکان: ئەم تیۆرە پێی وایە کە هەموو کارێك لە دروستکردنی ئەنجامێکدا دەسوەردانی هەیە ویەهۆکارێك بۆی هەژماردەکرێت. بەزۆری وەها ئەو کارە ڕوینەدەدا، ئەگەر هاتبا ئەو هۆکارە بەشداری کردنی نەبووایە تیایدا. ئەگەر هۆکارەکان زۆربوون کەبەشداری لەم ڕووەوە بکەن ئەوا هەریەك لەوانە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی دەرەنجامێك، مادام پێویست بووە لە هاتنەبونی، جگە لەوەش ئەوە کردەی مرۆڤە کە دەرەنجام بەدووی خۆیدا دەخاتەوە، ئەگەر هاتوو لەگەڵ هۆکارە سرووشتیەکاندا یەکبگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشداری کردارە مرۆڤییەکان بەتەنها زیاد بوون یاخود لەگەڵ هەندێك جار هۆکاری سروشتیش بەشدار بن ئەوا یەکەمجار سەرنجەکان دەخرێنە سەر هۆکاری کردارە مرۆییەکان کە کاریگەری لە سەر لایەنەکانی تر دادەنێت، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو کەسێك لە یەکێکی تری دا بۆ ئەوەی بیکوژێت بەڵام نەمردوو بەهۆیەوە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، پاشان لە نەخۆشخانە دکتۆرەکە کەمتەرخەم بوو چارەسەری پێویستی بۆ نەکردوو درەنگ تیماری کرد، پاشان ئەو نەخۆشە مرد بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە لە نەخۆشخانەوە، ئەنجامی ئەم تاوانە دەخرێتە ئەستۆیی ئەوکەسەی کەیەکەمجار بوە هۆکاری بریندارکردنی، چونکە گەر ئەو نەبا ئەوەی تاوانی بەرامبەر کرا نەدەگەیشتە نەخۆشخانە و دواجاریش توشی ئەو جۆرە مردنە نەدەبوو.

لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندییە هۆکارییەکان دادەبڕێن لە دۆخێکدا کە دەرەنجامەکە روو بدات، وەك ئەوەی کە ڕوودەدات و ئەگەر کردەکەش ڕووی نەدابا، وەك ئەوەی " کەسێك بەتوندی لە کەشتیەوانێك دەدات بەڵام لێدانێکی کوشندە، دیارە پاش چەند کات ژمێرێك کەسەکە دەمرێت، بەڵام بەهۆی لێدانەکەوە نا بەڵکو بەهۆی تۆفان و باو بۆرانەوە کە بوویە

هۆی وەرگەرانی کەشتییەکەیان و نقوم بوونیان لە دەریادا، پرسیار ناکرێت تەنها لە بارەی(دەست بەکاربوون–شروع)ی تاوانی کوشتنەکەوە نەبێت، ئەگەر کاتێك روون دەبێتەوە کە ئەو کەسەی تاوانەکەی بەرامبەر کراوە هەمان چارەنوسی دەبوو، ئەگەر توشی هیچ ئازارو لێدانێکیش نەبوایە".

پوختەی وتەکان ئەوەیە کە هەر هۆکارێکی کتو پرو لە ناکاو پەیوەستی پەیوەندییە هۆکارییەکان ناپچڕێنێت و ئەگەر هاتوو سەر بەخۆ نەبوویێت لە و رەفتارە تاوانکارییەی پێشوو، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو رووی نەدابا و نەبوایە، ئەم هۆکارەی تریش پەیدا نەدەبوو. ئەگەر تەنها هۆکارە کتو پڕەکە بەس بوویێت بۆ روودان و ئەنجامی تاوانەکە، وەك ئەوەی کە سێك بە سەختی بریندار ببێت لەسەر کەشتی یەك یاخود لە ناو فرۆکەیەکدا، پاشان فرۆکەکە بکەوێتەوە خوارەوە و تێك بشکێت.یاخود کەشتییەکە نقوم بێت بکەوێتە ژێر ئاوەوە، ئەوەش ببێتە هۆی مردنی کەسەکە.

وە لەمادەیی (٢٩) یاسای سزادانی عێراق هاتووە و یاسا دانەری عێراقی لەسەر ئەم تێۆرە داینـاوە، کەچی دەقەکە ئەو مەرجەی سەر بەخۆ بوونەی تیاکەمە .[١]

رەخنە لەم تێۆرە گیراوە بەوەی کە دژیەکیەك لە ناو خودی خۆیدا تێدایە، بەو پێیەی بڕوای بە یەکسانی هۆکارەکان هەیەو پاشانیش دەگەڕێتەوە و یەکێك لە هۆکارەکان دیاری دەکات و دەیکات بە هۆکاری سەرەکی روودانی ئەنجامەکە.[٢]

---

[١] کاتێك دەقی مادەی (٢٩) دەهێنین کە تیایدا هاتوە:

١– لێپێچینەوە لە تاوانی کەسێك ناکرێت ، ئەگەر دەرەنجامێکی تاوانکاری نەخستبێتەوە، بەلأم لێپرسینەوە لەو تاوانە دەکرێت ئەگەر چی تەنها بەشداری هەبوبێت لەگەڵ رەفتارێکی تاوانکاریانە کە هۆکارێکی تری (پێشوو،یان ئێستایی، یان پاشتر ئەگەر چی نەشیزانێت" لە روودانیدا هەبێت.

٢– ئەگەر هۆکارەکە بەتەنها خۆی بەس بوو لەڕوودانی دەرەنجامێکی تاوانکاری، ئەوە لەم تۆخەدا لە تاوانبار ناپرسرێتەوە تەنها لەو کردەیەی کە کردوویەتی" دەبینین ئەم دەقە نزیك نەکەوتوەتەوە لە مەرجی سەربەخۆبوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بو بۆ پچڕاندی پەیوەندی.

[٢]. الدکتور عبدالمهیمن بکر، جرائم الاعتداء علی الاشخاص والأموال، نشر دار النهضة العربیة ص٣٨ فما بعدها.

الدکتور محمود محمود مصطفی، شرح قانون العقوبات القسم العام بند ١٩٧ .

الدکتور محمد مصطفی القللي سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٦ فما بعدها.

هەروەها مرۆڤە یەکەمەکە (کەسی یەکەمی تاوانبار) هەرچی دەرەنجامی تری کردەکانی تر هەیەو پاشتر لە مرۆڤەکان یان سرووشت کەوتوونەتەوە هەمووی دەهێنێت، دەیبەسێت بەتەوقی سەری ئەمەوە.

ب- تیۆری هۆکاری بەهێز : ئەم تیۆرە پێی وایە ئەنجام نایەتەدی تەنها بە هۆی هۆکارێکی بەهێزەوە نەبێت، هەموو هۆکارەکانی تر هیچ نین تەنها بریتین لە و بارودۆخ و مەرج و فەرمانەیاریدەدەرانەی کە دەبنە هۆکاری بەدیهێنانی ئەنجامی تاوانەکە.

لەسەر ئەوەی پێشتر بینای ئەمە دەکرێت : ئەگەر هاتوو هۆکارێکی تری پێشینە لەکردەی تاوانبار، یان بەبەراورد یان پاشکۆی ئەو کردەی، پێشتر رۆڵی سەرەکی هەبووە، ئەوا بەتەنیا وەك هۆکاری دەرەنجامەکەی دادەنرێت، پاشان کردەی تاوانبارەکە شتێك نیە تەنها مەرجێك یان بارودۆخێك نەبێت، بەمەش پەیوەندی هۆکاری لەنێوانی دەرەنجامەکەی یەکلادەبێتەوە.

گرنگترین رەخنەیەکیش رووبەری ئەم تیۆرە دەبێتەوە ئەوەیە دەیەوێت چارەسەری گرژی و ئالۆزیەکان بە هاوشێوەی خۆی بکات، چونکەبەلێکۆڵینەوە بۆ جیاکاری لەنێوان ئەو هۆکارەی کەکاریگەرەو ئەوانەشی کە بۆ پلەی مەرج و سازێنەری بارودۆخ دادەبەزن، وازدەهێنێنێت، کە ئەمەش ناروونی و نارێکی یەك لە جۆری کۆنترۆڵ و بریارداندا دروست دەکات.[1]

ج- تیۆری هۆکاری گونجاو[2]: بیرو تێفکرینی جەوهەری لەم تیۆرەدا بریتیە لەوەی ئەگەر هاتوو کارو کرداری کەسی تاوانکار گونجاو بوو ببێتە ئەو هۆکارە گونجاوەی بۆ ئەو دەرەنجامەی کەروویداوە، بە بەڵگەو بریاری کەسانی کە شاهید و پێوەرە یاساییەکانی ژیان، ئەوا ئەنجامی تاوانەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ، پەیوەندییە هۆکارییەکانیش دادەبرێن ئەگەر هەندێك حاڵەتی دەگمەن و چاوەروان نەکراو روویاندا، وەك هەڵەیەکی گەورەی دکتۆرێکی چارەسەرکەر، یاخود مردنی تاوان

---

[1] الدكتور عبدالمهيمن بكر، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٦ وما بعدها. الدكتور محمود نجيب حسني، الموجز في شرح قانون العقوبات، القسم العام، ص ٢١٦ وما بعدها.

[2] دەدرێتە پاڵ ڤون کریس (Von Kries) لەلایەن چەند زانای تری وەك رۆملین و ترلگیرو ئەوانەوە دەسکاری و چاککاری کراوە تا لەم دۆخەیدا وەستاوەتەوە .

لەبارەوەکراو(المجنی علیه) بەهۆی بوومەلەرزەوە لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ نەخۆشخانە کە ئەمەش ببێتە هۆی دارمانی بیناکە، یاخود مردنی کەسەکە بە نەخۆشییەك کە پەیوەندی بەو تاوانەوە نەبێت کەبەرامبەری کراوە.

ئەمەش بەمانای پچران و پەیوەندنی نەمان نایەت بەو هۆکارە ئاساییانەی وەك بوونی نەخۆشی جەستەیی، یاخود لاوازی پێکهاتەی جەستەیی، یاخود روودانی ماکی سروشتی لە جەستەی کەسەکەدا وەك خوێن بەر بوون و ژەهراوی بوونی برین، و گوێ پێنەدانی کەسەکە (المجنی علیه) وپشتگوێخستنی سانا وابزانرێت ئیتر لەو ژینگەیەیە کە تیایدا ژیاوە، رەخنە لەم تیۆرە بەوە دەگیرێت کە بە وردی کار لەسەر هۆکارەکان ناکات بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا تارادەیەك بۆچوونەکانی نزیکترە لەوانی تر لە راستی یەوە .[1]

هەلّوێستی شەرعناسان:

شەرعناسان کەمتەرخەم نەبوون لەهەولّەکانیان بۆ دانانی تەنها پێوەرێك بۆ تاوان — وەك چۆن یاساناسان کردوویانە— ئەمەش بەهۆی نەتوانین یاخود نەگونجانی پێوەرێکی دیاری کراو بۆ جیاکردنەوەی زۆربەی ئەو حالّەتانەی کە تیایدا پەیوەندییە هۆکارییەکان دادەبڕن لە نێوان چالاکی تاوانکاریی و ئەنجامی تاواندا، لەو حالەت و باردۆخانەی کە پەیوەندییە هۆکارییەکان بەشدار دەبن، ئەوا تاوانەکان بە پێی جۆر و سروشتی تاوان و کاتەکەی دەگۆرێن، ئەو پێوەرەی بۆ دیاری کردنی ئەم جۆرە تاوانەش گونجاوە بۆ جۆرەکانی تر گونجاو نییە.

لە روانگەی ئەم راستیەوە دەگەینە ئەوەی شەرعزانان زیاتر لە یەك پێوەر و رێکخەریان داناوە بۆ تاوان، لە گرنگترین ئەو پێوەرانەش ئەمانەن:

١— پەیوەندی هۆکاریی دەوەستێت لەنێوان بە هێزترین هۆکار و دەرئەنجام لەکاتی نە بوونی هاوشانی لەهۆکارەکاندا، ئیدی ئەو هۆکارە بەهێزترین هۆکار بووە لە رابردوودا یاخود لە داهاتوودا، بەلاّم ئەگەر هاتوو یەکسان بوونی هۆکارەکان هەبوون ئەوا یەکەم هۆکار بە هۆی پێشیینیەوە وەردەگرین و ئەنجامەکەی لەسەر

---

[1] الدکتور عبدالمهیمن بکر: سەرچاوەی پێشوو.
الدکتور محمد مصطفی القللي: المسؤولیة الجنائیة، ص ٣٣ .

دیاری دەکەین، بەڵام ئەگەر هاتوو هۆکارەکان کەڵەکەبووی هاوشێوەبوون یاخود بەراوردکاری هەبوو ئەوا ئەنجامی تاوان دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەم هۆکارەکان بە بێ جیاوازی.[1]

---

[1] کاسانی دەڵێت: ئەگەر کوشتنێك بەکەڵەکەبوونی هۆکاریێ زیاتر بوو، وەك ئەوەی پیاوێك ورگی کەسێکی دڕی و یەکێکی تر چەقۆیەکی دا لەملی ئەوا سزای قصاص دەکەوێتە سەر ئەوەی کە دلویەتی لەملی نەك ئەوەی ورگی دڕیوە، بەمەرجێ بەئەنقەست ئەوەی ئەنجامدابێت، بەڵام ئەگەر بە سەهو بێ مەبەستی کوشتن وایکردبێت ئەوا دیەی دەکەوێتەسەرشان، چونکە ئەو بکوژیەتی نەك ئەوەی ورگی دڕیوە، چونکە دەگونجێت ئەویش پاش دورینەوەی سکی بژی، بەڵام هەرچی پاش چەقۆدانە لەمل ئەگەری ژیانی نیە.

هەروەها ئەگەر بریندارکرێت لەلایەن پیاوێکەوە برینێکی قووڵ کە نەتوانێت بژێت بەو دۆخەوە، پاشان کەسێکی تر هات وبرینێکی تری کردە جەستەی، لێرەوە قصاص دەکەوێتە سەر کەسی یەکەم چونکە ئەو بکوژەو هەستاوە بەکردەیەکی کاریگەرو مەترسیداری تەولو لەسەر ژیانی، ئەگەر هەردوو پێکەوە هەمان جۆر بریندارایان کرد ئەوا قصاص لەسەر هەردوکیانە، چونکە هەردوکیان بکوژن. بۆ ئەمە بگەرێرەوە بۆ سەرچاوە" بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، هی شەرعناس و زانا: علاءالدين ابي بكر بن مسعود الكاساني الحنفي (٥٨٧ك) کۆچی دواییکردوە، چاپخانەی ئیمام، بەشی دەیەم لاپەرە ٤٦٢٨ .

ئەوەی لەم دەقە فیقهیە وەردەگیرێت، چوار دۆخە بۆ چەند هۆکار بۆ هەریەکەشیان حوکمێکی تایبەت :

دۆخی (حاڵەت) یەکەم: هۆکاری دووەم بەهێزترە، کە دەگونجێ ژیان لەگەڵ یەکەمدا بباتە سەرو بمێنێت ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیش بێت، لێرەوە پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ئەوو لەنێوان دەرەنجامەکە(مردنەکەی)دا دەبێت و لەسەر هۆکاری یەکەمە دیە بدات، کە ئەویش سزای بریندارکردنەکەیەتی.

دۆخی (حاڵەت)ی دووەم: هەردوکیان هاوشانن، ئەگەری هەریەکەیان بۆ ژیان نیە تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش، ماکی دەرەنجامەکەی دەکەوێتە سەر یەکەمیان بەهۆی پێشکەوتنی و لەسەر دووەمە تەنها تەمێکردن.

دۆخی (حاڵەت) سێیەم: هۆکاری یەکەم بەهێزە، پەیوەندی هۆکاری دەوەستێتە سەر ئەوو ئەودەرەنجامەی لێی دەکەوێتەوە، لە سەر دووەمە تەمێکردنی.

دۆخی (حاڵەت) چوارەم: هەردوو هۆکارەکە هاوشانن بەڵام بە شوێن یەکدا نەهاتوون، لەم دۆخەدا بەرپرسیارێتی جینائی دەکەوێتە سەر هەردوکیان بەیەکسانی و بە پێی جۆری دەرەنجامەکە، لەم دۆخەدا قەبارەی هۆکارە هاوبەشیکەرەکان لە تاولنەکە،ئەوە لەبەرچاوناگیرێن، لەم دۆخەدا (الكاساني) لەویارەوە دەڵێت: " ئەگەر برینی یەکێکیان تەنها یەك برین بێت و هی ئەوی تر دەیان برین بێت" ئەوا قصاص لەسەر هەردوکیانە ، لێرەدا زۆری برینەکان لەبەرچاو گیرلو نین، چونکە مرۆڤ بەیەکێك لەو برینانە دەمرێت نەك بەچەندبرینی زۆر ". سەرچاوەی پێشوو ١٠/ ٤٦٢٨

٢-پەیوەندییە هۆکارییەکان ناپچڕێن و کەنار گیر نین لە نێوان چالاکی تاوانکاریی و دەرئەنجامی تاواندا لە کاتی بەشدار بوونی هۆکارە کەسییە نەویستراوەکانی کەسی دەستدرێژی لەسەر کراو لە هاتنەدی دەرەنجامدا.[1].

٣-پەیوەندییە هۆکارییەکان دەپچڕێن لە نێوان کردەی تاوانکار و ئەنجامی تاواندا لە کاتی بەشدار بوون هۆکارە کەسییە ویستراوەکانی کەسی دەستدرێژی لەسەر کراو لە درووست بوو هاتنەدی تاواندا.[2]

لە (المجموع شرح المهذب (٢٤٧/١٧) دا هاتوە:"ئەگەر پیاوێك بریندای کرد و پیاوێکی تر سەد برینی تری کردە جەستەی، قصاص لەسەر هەردوکیان دەسەپێت، چونکە ئەو برینەی بکوژ بێت لە جەستە بکرێت، ئەوا تەنها بە یەك برین دەمرێت نەك بەسەدان برین"

١ لە (نهایة المحتاج -فقه الشافعي- ١٦/٧، هەروەها الذخیرة للقرافي ٨/ ٣٨٣) دا هاتوە: ئەگەر لەکەسێك درلو ئەو لێدانەی نارەوا بو، کەسەکەش نەخۆش بو بەنەخۆشیەکەی نەزانی بوو، لێدانێك بوو نەخۆشەکە بکوژێت، بەلأم ئەگەر لە ساغ بدرایە نەدەمرد ، پێویستە قصاص بکرێت بەهۆی کەمتەرخەمیەوە، کە نەزانی ئەو لێدانەکەی موباح ناکات، ئەگەرچی گریمانەی ئەوەکرابوو کە نەخۆشەکەش دەسوەردانی هەبوە لەوکوشتنە. بۆیە ئەگەر نەخۆشێك لەکۆتاساتەکانیدا کوژرا ئەوا بکوژەکەی لەسەرئەوە قصاص دەکرێت.

لە (الأنوار ٢/٣٧٠) دا هاتووە"ئەگەر لەسەر دوو شیلاق یان سێ کورت بکرێتەوە، وەك ماموستاو هاوسەر، ئەگەر لەسەرو بەری مردندا بوویێت یان گەرمایەکی زۆر یان سەرمایەکی توند بێت، یان لێدرلو منداڵ بێت یان نەخۆش یان بێ هێز بێت لەرووی جەستەییەوە یا ناکام بێت، ئەوە قصاصی لەسەرە"

[2] لە (المجموع شرح المهذب (٢٥٩/١٧)دا هاتووە: ئەگەر فرێدرابێت لەنزیك کەنارێك و ئەویش پێشتر مەلەی باشی زانیبێت، ئیمکانی ئەوەی بوبێت کە بێتە دەرەوەو بەلأم نەهاتبێتە دەرەوەو خنکاو یان مردبێت ، یان خستبێتیە شتێکەوە کە دەرچوون تیایدا ئاسان بێت، بەلأم ئەوەنەکرابێت تاوەکو مردبێت، ئەوە (قود) ی لەسەر واجب نابێت،" واتە سزا نادرێت بەو سزا بریاردراوەی لەسەر کوشتن هەیە و کە دەرەنجامەکەیەتی، ئەوەش بە هۆی پچڕانی پەیوەندی هۆکاری بە ویستی ئەوەی تاوانەکەی بەرامبەر کراوە.

لە(الانوار (٣٧٠/٢)) دا هاتوە: ئەگەر لەماڵەکەی خۆیدا زیندانیکرلو بەهۆی برسیبوون یان تینوویبوونەوە مرد، تەماشە دەکرێت کە: ئەگەر خواردن و خواردنەوەی هەبوو بەلأم دەستی بۆ نەبردبوو، یاخود دەستی دەکەوت بەلأم دەبوو داوایبکردایە، ئەوە نە قصاص و نەدیەی لەسەر نیە ئەگەر خواردن و خواردنەوەی لەبەردەست نەبوو، هەروەها رێگری کرابوو بەوەی بۆ بهێنن و خۆیشی نەیدابووپێی، تا مردبوو، ئەوە
←

٤-ئەگەر هاتوو کارو هەلسوکەوتی دەست درێژی کەران جیاواز بوو بەوپێیەی هەندێکیان راستەو خۆ بەشدار بوون لە تاوانەکەدا هەندێکیشیان هۆکار بووین، ئەوا ئەم قاعیدە شەرعییەیان بەسەردا دەچەسپێت کە دەڵێت" ئەگەر کەسی (راستەوخۆبوو وهۆکاربوو)کۆبوونەوە ئەوا حوکم بەسەر راستەخۆکەدا دەدرێت ئەگەر ئەو سەرکەوتووبوو، هەروەها بەسەر "هۆکاربوو" حوکم دەدرێت ئەگەر ئەو سەرکەوتوو بوو، خۆئەگەر یەکسان بوون ئەوە هەردوکیان بەرپرسیارن پێکەوە[1]"

٥-لەکاتی بەشدار بوونی هۆکارە سرووشتیە دەرەکییەکاندا کە ئەمەش کۆتا وشە بۆ ئەو نەریتە باوەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، بریار دەدەرێت بەوەی کە ئەو بەشدار بوونە وا گوزارشتێکە بۆ پچراندنی پەیوەندییە هۆکارییەکان لە نێوان کاری تاوان کارو ئەنجامی تاوان یاخود نا.؟ [2]

هەژماری رۆژی مردنەکەی بەراورد دەکرێت بە ماوەی مردنی هاوشێوەی، گەر یەکلا بوویەوە بەو هۆیەوە لەو ماوەیەدا مردوە، قصاصی لەسەر واجب دەبێت.

لە وێنەی یەکەمدا پەیوەندی هۆکاری بەویستی کەسی خۆی دەپچرێت، بە پێچەوانەی دووەمەوە کە دەمێنێتەوە پەیوەندیەکەو،کاتێك هیچ دەستوەردانێك لەمردنی بەهۆی برسیبوون وتینوویونی. شایەنی باسە هۆکاری کەسی ویستەمەندانە، پەیوەندی هۆکاری دانابرێنێت، وەك ئەوەی برینێك بۆخۆی فەوتێنەر بێت، بەڵام بریندارەکە ناتوانێت چارەسەری بکات بەهۆی بێزاری یاخود هەژاریەوە ..

[1] لەراستیدا ئەمە بۆ پێوەری یەکەم دەگەرێتەوە، کە دەستگرتنە بەهۆکاری بەهێزەوە. دەستبەکاربوون بەهۆکارەکە پێشدەکەوێت ئەگەر کارەکەی بریبوەوە. وەك ئەوەی بە مەبەستی خنکانی کەسێك فرێدەدرێتە ناو ئاوێکەوە، بەڵام ناخنکێت و لەکاتی مەلەکردنیدا بە شتێکی تر دەمرێت. هەروەها هۆکارپێشدەکەوێت، بەهۆی راستەوخۆیی و دەستبەکاری ئەگەر ئەو دەست بەکاریەی دوژمنایەتی نەبێت،وەك کوشتنی ئەوەی کە بریاری لەسێدارەدانی بۆدەرچوە بەڵام بە شایەتیدانێکی درۆ.

لە حاڵەتی یەکسانبوونەوەی هۆکارو دەستبەکاری بەوەی یەکسانی شوێنەواریان لە کردەکەدا، ئەوکات هۆکارو دەستبەکاربوو بەرپرسیارن پێکەوە لەتاوانەکە لە سەرپێشخستنی یەکسان بوون. وەك چۆن لە (ناچارکەر- المکرِه (بکسر الراء) ناچارکراو-(المکرَه (بفتح الراء) لەسەرکوشتن لەلای ئەوانەی قصاص لەسەرهەردوو واجب دەبینن. وەك بکوژ وبگیر،کاتێك کەسێکی راکردوو کەسی دووەم دەیگرێت و کەسی سێیەم دەیکوژێت، ئەوە لای مالیکیەکان کەسی دووەم و سێیەم قصاص یان لەسەرە. تەماشەی. احمد بن ادریس القرافي، الفروق ٤/ ١٩٠ بکە.

[2] لە هەندێ باروبۆخ و دەستوەردانە سروشتیە دەرەکیەکانە، ئەوکات خاڵی نابێت لەم دووحاڵەتە: ئەگەر بەشێوازێك بێت کەدەتوانیت بڵێیت کە تاوانبار(یان مرۆڤێکی سادە) پەیبرد پێی(تەوەقعیکرد) یان

من هاوڕانیم لە گەڵ هەندێك لەو كتێبانەی لە بواری شەرعی ئیسلامدا[1] نووسراون، كە لەبارەی ئەو تیۆریە هۆكاریانە لە شەرعی ئیسلامیدا دواون و، گەرانەوەیان تیایە بۆ هەندێك تیۆری تری كە لەو بارەوە هاتوون لە یاسادا، بە جۆرێك كە شەرعزانانی ئیسلامی رۆژێك لە رۆژان نەیانداوە لە دەرگایەك بە ناوی تیۆری هۆكارەكان، بەهۆی نەتوانینی دانانی تیۆرێكی گشتگیرو تەواو كە پێوەرێكی ووردی تێدا بێت بۆ جیاكردنەوەی ئەو حاڵەتانەی كە پەیوەندییە هۆكارییەكانی تێدا دە پچرێت و بەشدار نابن لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی كە پەیوەندییە هۆكارییەكان بە شداری كارا دەبن.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو راستییەی كە "سەركەوتوو نەبوونی سەرجەم ئەو تیۆرە یاساییانەی هەوڵیانداوە بۆ دیاری كردنی تاكە پێوەرێك یاخود تاكە رێكخەرێك بۆ(جیاكاریكردن لە دابڕینی پەیوەندیە هۆكاریەكان لە نەبوونی ...)

لەبەرئەوەشە كە شەرعزانانی بواری شەریعەتی ئیسلام پەنایان بردووەتە بەر دانانی چەند پێوەرو بنەمای گشتی لە بەر رۆشنایی جیاوازی سروشتی هۆكارەكان و چالاكییە تاوانكارییەكان و دەرەئەنجامەكانی وەك لە پێشدا باسمان لێوە كرد.

هیچی كەمتر دەیتوانی پەیوەوە بیات ، ئەوە عورف بریاری ئەوەدەدات كەداخڵی چوارچێوەی ئەوەبووە كە لەتاوانبار لەتاوانی ئەنقەست یان نائەنقەست لێی دەردەچێت. پەیوەندی هۆكاری دادابڕێت و لێپێچینەوە لە تاوانبار لەدەرەنجامەكەی دەكرێت.

بەلأم بە شێوازێك بوو لە بارنەی مەزندەكردنی مرۆڤێكی رەشۆكی دەرچوویوو، كەچۆنیەتی بەشوێنیەكداهاتنی لەگەڵ زنجیرەی سرووشتی مەئلوف بۆ رووداني بەكینەدەگرتەوە، ئەوە نەریتەكان حوكمی مانەوەی پەیوەندی خواسترلو، لەنێوان رەفتاری یەكەم لە تاوانبارو نێوان دەرەنجامی كۆتایی رەتدەكەنەوە.

[1] وەك مامۆستای رەحمەتی عەبدولقادر عۆدە لە كتێبەكەی " التشريع الجنائي الإسلامي" هەروەها دكتۆر احمد فتحي بهنسي: لە كتێبەكەی" المسؤولية الجنائية في الفقه الإسلامي "لاپەرە٤١ و پاش ئەوە.

بەشی دووەم

هوشیاری (ادراك) [١]

وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی

شوێنێك بۆ لێپرسینەوەی تاك لە ڕووی تاوانکاری و وازۆکردنی سزا لە سەری بوونی نیە، ئەگەر ئەو تاکە شیاو نەبێت بە پێسپاردن (تکلیف)، شیاوی ئەوەش نابێت ئەگەر ڕەگەزی هۆشیاری(پێزانین)ی هاوشان لەگەڵ ڕەگەزی ویستی هەڵبژاردنی ئازادی (الاختیار) تێدا نەبێت.

هێزی هۆشیاری واتای لە توانابوونی کەس لە تێگەیشتنی چیەتی (ماهیەتی)ئەو کردانەی نەبێت کەدەچێتە پێشەوە لێیان و هەروەها چیەتی ئەودەرەنجامانەی کە لەو کردانە دەکەونەوە چ ئەرێنی یاخود نەرێنی، هاوکات لەگەڵ گرتنەخۆی ئەو کردانە لە بەها کۆمەلآیەتیەکان.

---

[١] ادراك (پێزانین) لە زمانەوانیدا بریتیە لە پێگەیشتنەوە و گەیشتن. دەوترێت شتەکە کاتی هات پێگەیشت و کۆتایشی هات.پێگەیشتنی بەرویووم کاتی پێگەیینیەتی. پێگەیشتنی کێشەیەك پێزانینیەتی.

لە فەلسەفەدا بە دوو ولتاهاتوە:

أ– گەیشتنی وێنەی شتێك بە عەقڵ جا ئەو شتە شتێکی پەتی بێت (مجرد) یان مادی بەرجەستەبێت، بەشەکی یان هەموەکی بێت، ئامادەبێت یان نائامادە، لە خودی پێزانەردا بەشدار بێت یان ئـامرازی بێت پێی .

ئیبن و سینای فەیلەسوف دەڵێت: هۆشیاری و پێزانین ئەوەیـە کـە راستەقینەکەی لای پێزانەکـە خـۆ نوێنەریێت. دەر خرلو بێت نەك شارلوە ، بیبینێت ئەوەی کە خۆی پێدەزانرێت و پێیدەگات.

ب– لـە فەلسـەفەی نوێـدا : پێـزانین و هۆشـیاری ئامازەیـە، یەکـەم بـۆ پـەیبردنی کەسـێك بـە هەستکردنەکانی، یاخود ئەو پەیبردنانەی کە لە رێگەی هەستەکانیەوە دەیانگاتێ، یـان پـەیبردنی کەسێکە بە هەر کارتێکەرێکی دەرەکی.

المعجم الفلسفي، الدکتور جمیل صلیبا. ١/٥٣، ٥٥.

دیارە هۆشیاری دەکرێت یان هەر نەبێت یان کەم و ناتەواو بێت یان هۆشیاریەکی تەواو بێت..ئێمە هەوڵی کۆڵینەوە لە حوکمەکانی هەر یەك لەو دۆخانە لە باسێك لەو سێ باسەی خوارەوە دەدەین، کە بۆ ئەم بابەتەمان تەرخان کردووە لەم بەشەدا:

باسی یەکەم:
کاریگەری نەمانی هۆش
لەسەر بەرپرسیاریەتی تاوان

لە بنەما نەگۆڕەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە کە مرۆڤ لەناو هەموو دروست کراوەکانی خوای گەورەدا دەبێت لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت لەسەر ئەنجام دانی تاوان، چونکە بوارەکانی تایبەت بە تاوان و فەرمان و قەدەغەکردن ماناو مەبەستی خۆی ناپێکێت ئەگەر ئەو بابەتانەی لێ بکرێتەوە چونکەمرۆڤ وەك دروست کراوێکی خوای گەورە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە بوارەکانی ((عەقڵ و ئیرادە و هەست بەلێپرسراویکردنەوە) بەپێی ئەم تایبەت مەندیانەش دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: لێپرسینەوە لە کەسێك ناکرێت کە هەستی دەرك پێکردنی لەدەست دابێت بەهۆی کەمی تەمەنیەوە یان لەدەستدانی هۆش(شێتی) یان لەهۆش چون(بورانەوە)یان سەرخۆش یان هەرشتێکی تر[1]..

دواتر بە درێژی دێنە سەریان لە بابەتی بەرگیریەکانی بەردەم بەرپرسیاریەتی تاوان، بۆ ئەم بابەتەش پشت بە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەبەستین دە دەفەرموێت((قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە واتە تاوانەکانیان نانوسرێت منداڵ تا بالغ دەبێت کەسی خەوتو تا لەخەو هەڵدەسێت لەسەر شێت تا چاك دەبێتەوەو عەقڵی بۆ دەگەڕێتەوە) [2] بۆیە قیاس کراوەتە سەر ئەم سێ کۆمەڵە وجگەلەمانەش ئەوانەی کە

---

[1] ئیبن و حەزم لە(المحلی ٣٤٤/١٠)دەڵێت: تۆڵەیەك لەسەر شێت نیە لەو کاتەدا کە بە شێتی هەرچی لێکەوتبێتەوە، هەروەها لەسەر سەرخۆش نیە کە هۆشی لەسەرخۆی نیەو هەرچی دەکات. هەروەها ئەوەش کەتەمەنی منالە، بۆیە لەسەر ئەوان نەدیە، نەتۆڵە هەیە.

[2] احمد وابو داود والحاكم ریوایەتیان کردوە لە (عمر وعەلی)یەوە.

هەست بەبەرپرسیاریەتی ناکەن، لەبەر ئەوە بە قیاس لە سەر ئەمانە لەتاوانەکانیشدا پەیرەو دەکرێت لای زانایانی شەرع، بەپێچەوانەی زانایانی یاساییەوە کە لەدەست دانی بیر و هۆش (ادراک) ئەگەر لە رووی بەرپرسیاریەتی تاوانیەوە ببەخشرێت لەلایەنی بەرپرسیاریەتی مەدەنی ەوە هەر بەر پرسیارە، چونکە پێیان وایە ئەم بەپرسیاریەتیە لە سێ رەگەزەوە سەیر دەکرێت ئەوانیش((دەست درێژی کردن و زیان پێگەیاندن یان پەیوەندی نێوانیان راستەوخۆبوون یان بە هۆکاربوون)) پێوانەکانی بەردەمگیری لای زانایانی شەرع و فقه، \مادی و بابەتین نەك خودی کەسەکە[1]...

بۆیە سەیری دەست درێژیەکە دەکرێت وەك رودلوێکی مادی رووت، هەرکاتێك کەڕوودەدات بەرپرسیاریەتی مەدەنی لەسەرکەڵەکە دەبێت، رەچاوی شیاوی ئەوکەسەی کە دەست درێژیەکەی کردووەو مەبەستی لەئەنجامدانی ئەوتاوانە بکرێت لەگەڵ ئەمانەشدا رەچاوی پاراستنی ماڵ و کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان ئەنجامدانی بەئەنقەست و هەڵە و گەورە و بچوك[2].

ئەمەش جیاوازی نێوان بەر پرسیاریەتی تاوانکاریی و بەرپرسیاریەتی مەدەنی ە دەگەڕێتەوە بۆ، کە یەکەمیان لە بواری وتاری تەکلیفیدایە و ئەوی تریشیان لە بواری (وضعي) دانراودایە، بەمەرج دلر کراوە لە بواری تەکلیفدا زانینی تەکلیف کراوە بەخۆی و بەتواناکانی و بە پێك هاتەکەی[3] بە پێچەوانەی بواری بابەتی کە یاسا دانەر دەڵێت((بزانن لەهەر شوێنێکدا و لەهەر کاتێکدا ئەم رووبدا ئەوە فلان شت واجبە یان حەرامە یان مەندوبە یان ....هتد)) یان دەوترێت ئەوە دروست نیە کاتێك رێگرێك هەبێت یان مەرجەکان نەیەتەدی، [4]. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە حوکمە شەرعیەکان دوو جۆرن کە بریتین لە ((حوکمی تەکلیفی و حوکمی دانراوی-کەتواری))

---

[1] الدکتور السنهوري، مصادر الحق ط ١٩٥٩ ، ٦/ ١٦١ .

[2] الشاطبي، الموافقات ٢/ ٣٤٧ . ابن رشد، بداية المجتهد ونهاية المقتصد ٢/ ٢١١ البزدوي مع كشف الاسرار ٢/ ١٣٨٤ . ابن امير الحاج التقرير والتحبير ٢/ ١٧٢ .

[3] القرافي، الفروق ١/ ١٦١ .

[4] سەرچاوەی پێشوو ١/ ١٦٢ .

حوکمی تەکلیفی : بریتیە لە و وتار و دەستەواژانەی خوای پەروەردگار کە پەیوەستە بە ئاکاری ئەوکەسانەی کە موکەلەفن واتە((پێگەیشتو و خاوەن ژیری و هەڵبژێرەوە ..))، ئەم وتارە ئەو بوارە دەگرێتەوە کە داوایان لێدەکرێت بە ئەنجامدانی کارێك بەشێوازی فەرمان و پێویست ئەوەش واجبە و بێجگە لەوە دەچێتە بواری مەندوب و ئەگەر بە شێوەیەکی پێویست داواکراو بوو بە ئەنجام نەدانی کارێك ئەوە دەچێتە بواری حەرامەوە و بێجگە لەوەش دەچێتە بواری مەکروهەوە.

لەم روانگەیەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە وتاری تەکلیفی دەبێت تەنها بۆ کەسێك بێت کە عاقڵ و باڵغ بێت، چونکە ئەم بوارە دەبێتە هۆی رێکخستنی حوکمەکانی بەرپرسیاریەتی تاوانی، ئەم بەرپرسیاریەتیەش بەبێ رەگەزی پەی پێبردن(درك) بەرجەستە نابێت.

هەرچی وتاری کەتوارە(الوضع) یان دانراوە ئەو وتارەیە کەپەیوەست کراوە بە شتێکەوە بەهۆی شتێکی ترەوە یان مەرجێك یان رێگریەك ئەم سێ بابەتەش دەگونجێت لە ئاکار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بێت یان قەدەری بێت و ناگونجێت لەوە بەدەر بێت وەك ئەمەی خوارەوە:

أ- گرێ بەستی هاوسەرگیری کارێکە لە کارەکانی مرۆڤ و سەرپشکە تێیدا و خوای پەروەردگار دایناوەو بۆ چێژ وەرگرتنی ژن و مێرد لەیەکتر و بردنی میراتی یەکتر و واجب بونی بژێوی ژن لەسەر مێرد، لەپاڵ ئەمەشداکۆمەڵە هۆکارێکی تر هەن کەلەدەستی مرۆڤدا نین و دەبنە هۆی برا بەشی لە میراتدا و نەفەقە کێشانی وەك خزمایەتی .

ب- ئامادەبونی دووشایەتە مەرجە بۆ دروستی هاوسەرگیری ئەوەش لە تواناو قودرەتی مرۆڤدایە بەلام ئەگەر تەمەنی نەگەشتبوە ئاستی باڵغ بوون دروست نیە چونکە بەمەرج گیراوە شاهد پێویستە باڵغ بێت لە هەڵس و کەوتیدا.

ت- ئەنجامدانی تاوانی کوشتن لە وکارانەیە کە مرۆڤ لە توانایدا هەیە ئەنجامی بدات بەلآم بکوژ ناتوانێت میراتی کوژراوەکە وەربگرێت، هەروەك چۆن باوك بوون رێگرە لەبەردەم ئەودا کە بکوژرێتەوە(قصاص) لەبەرامبەرکوشتنی کورەکەیداکە ئەوەش ناچێتە بواری کردەوەی مرۆڤەکانەوە، بە پشت بەستن بەمە وتاری دانرلو پەیوەستە بەکردەوەی تەکلیف لێکراوەوەو بە کەسانی تریشەوە، بۆیە زەرەر و زیان هۆکارن

بۆ قەرەبوو كردنەوەلە بواری وتاری دانراودا (وضعي) یوە پێویستە زیانلێكەوتوو قەرەبوو بكرێتەوە بەلەبەر چاوگرتنی باری دارایی و توانای مادی لەسەر ئەم بنەمایە بەرپرسیاریەتی مەدەنی كاردەكاتە سەر رای بونی رەگەزی جیاواز و هەست پێكرلو و جیاكەرەوە، هەروەك لە گۆڤارەكەدا هاتووە(مادەی ٩١٦): (ئەگەر منداڵێك ماڵی كەسێكی لەناودا پێویستە لەداهاتەكەی بۆی قەرەبوو بكرێتەوە)هەروەها لە فەتوای هیندیەكاندا هاتووە((ئەگەر منداڵێك لەیەكەم رۆژی لەدایك بونیدا كەوت بەسەر ماڵی كەسێكدا و زیانی پێ گەیاند پێویستە لە داهاتەكەی قەرەبو بۆ زیان لێكەوتو بكرێتەوە.))

دووەم: كەسی مەعنەوی یاخود كەسێتی یاسایی لە لۆژیكی شەریعەتی ئیسلامدا شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانی نیە، چونكە پەیبردن وهۆشی نیە، لەگەڵ ئەمەشدا شەریعەتی ئیسلام كەسی مەعنەوی یان یاسایی (پێش یاسای دەستكرد) ناسیوە، بەوپێیەی ژمارەیەك لە تاكەكان پێكدێنێت یان كۆمەڵێك لە سەروەت و سامان، كە كۆمەڵێك ماف و هەروەها كۆمەڵێك ئەركی دەكەوێتە ئەستۆ، وەك (بیت المال) كە پێویستە لەسەری كەتەریكەو باج و خەراج و كانزا بەهەمو جۆرەكانیەوە[1] هەرشتێكی تر، هەروەك چۆن واجب ئەبێت لەسەری كە سەرپەرشتی بێنەوایان و منداڵی دۆزراوە (اللقیط) وكەمئەندامان و هەژاران و نەداران بكات لەگەڵ ئەمانەشدا واجبە لەسەری بژێوی ئەو ئافرەتانە بكێشێت كە مێردەكانیان لەدەست داوە یان وون بووە و هیچ سەروەت و سامانێكی بۆ بەجێ نەهشتووە بۆ ژیان، هەروەها سەرپەرشتیاری مزگەوت و وەقف و ئەو ماڵ و سامانەی كە دێتە بەردەستی بۆ ئاوەدان كردنەوە و كاروباری تر. بەلأم شەرعناسان بابەتی كەسی یاسایی بەدوور دەگرن لە بابەتە جنائیەكاندا بە هۆی لەدەست دانی هەست پێكردن و نەشارەزایی لە شەرعداو لەپاڵ ئەوەشدا لەدەست دانی ئیرادە و بژاردەی خۆی.

هەروەك چۆن پرسیار لە كەسی مەعنەوی(یاسایی) ناكرێت، لەسەر ئەندامەكانی یان هاوپشكەكانی لەسەری بە رەچاوكردنی بنەمای كەسێتی و ئەو سزایەی كە قورئانی پیرۆز دیاری كردەوەو جەختی لەسەر كردوەتەوە لە چەندین دەقی پیرۆزدا لەوانە ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ

[1] واتە لای شەرعناسانی مەزهەبی مالیكی و ئەوانەی تریش كەپەیرەوی ئەو دەكەن.

وِزْرَ أُخْرَى﴾[1] ﴿قُلْ لَا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾[2].
ئەگەر سەرۆکی ولات تاوانێکی ئەنجام دا، وەك کەسێکی نێو دەسەلات لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت نەك لێپرسینەوە لەدەوڵەتەکەبکرێت.

هەڵوێستی یاسا:

لەرابردودا ئەوەمان روونکردەوە کە لەشەریعەتدا کەسی یاسایی(مەعنەوی)لێپرسینەوەی تاوانکاری لەگەڵ ناکرێت و بەرپرسیاریتی تاوانکاری نیە بەهۆی نەبوونی هۆش و پێزانین لای ئەو، سەرەرای ئەمانە مشت و مرێکی توند هەیە لەنێوان زانایانی یاسایی دا لەسەر بەرپرسیاریەتی کەسی مەعنەوی لە رووی تاوانکاریەوە، هەندێکیان هاورِان لەگەڵ شەرع و پێیان وایە دەبێت چۆن لەشەرعدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە دەبێت بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەندێکی ترشیان پێیان وایە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان کەسی ئاسایی و کەسی مەعنەویدا چونکە هەردووکیان پێکە و بەرپرسیاریەتیان هەیە هەردو بۆچونەکەش پشتیان بە کۆمەڵێك بەڵگە بەستوە بۆ پشتگیری لە بۆچونەکەی لەوانە:

أ– هەندێ لە زانایان پێیان وایە کەسی مەعنەوی لێ پرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

١– ویست و هۆش دوومەرجی سەرەکین و هەن لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا هەروەك چۆن لە بەرپرسیارێتی تاوانیشدا بەو شێوەیەیە، دیارە کەسی مەعنەوی تەنها خەیاڵیە دوورە لەراستیەوە، بۆیە ویست و پێزانینی نیە...

٢– بونی یاسایی کەسی مەعنەوی لە چوار چێوەیەکی دیاریکراوی ئەو کارەدایە کە لە پێناویدا دەستی پێکردوە، ئەنجامدانی تاوان و بەرپرسیارێتی وەرگتنی لە رووی تاوانیەوە و کۆمەڵێ بابەتن کەلەدەرەوەی بون و کیانی ئەودایە..

٣– کەسی مەعنەوی ناتوانرێت ئەو سزایانەی بەسەردا جێ بەجێ بکرێت کە بۆ کەسێکی ئاسایی دەرچووە وەك سزای لە سێدارەدان و زیندانی کردن، ئەم سزایانە نایگرێتەوە چونکە کەسێکی شیاو و بەرجەستە نیە بۆ ئەو سزایانە و بەدوایشیدا

---

[1] سورة الانعام / ١٦٤ .
[2] سورة سبأ / ٢٥ .

بەرپرسیاریتی تاوانی بەهەمانشێوە..

٤- دان پێدانان و ولڕۆ کردن لەسەر سەروەت و سامانەکان و سنوردار کردنی چالاکیەکانی ناکرێت، چونکە کەسی مەعنەوی بەم کارانە هەڵناسێ، هەروەها خاوەنی بنەمای کەسێتی سزایی نیە، چونکە ئەم سزایانە رووبەرووی ئەوکەسانە دەکرێتەوە کەبونیان هەیە و ئەندامی کۆمەڵە و سەندیکاو هاوبەشەکانن لە کاردا..

ب-کۆمەڵێکیش پێیان وایە کەسی مەعنەوی لێپرسینەوەی تاوانی لەگەڵ ئەکرێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- کەسی مەعنەوی تەنها شتێکی خەیاڵی نیە و بەڵکو ئیمڕۆ بوەتە راستی و بونی هەیە، خۆ ئەگەر بوونەوەرێك نەبێت لە گرۆی مرۆڤایەتی خۆ بونێکی لەدونیایی یاساییدا هەیە و خاوەن مافی تایبەتی خۆیەتی وهەروەها پابەند بونی هەیە و خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆیە جیاوازە لە ئیرادەی تاك بەڵکو کۆی بۆچونی هەموو ئەندام و هاوبەش و نوێنەرانەیە کە بونیادیان ناوە..

٢- ئەو وتەیەی کە دەڵێ (تاوان لەئامانجی خۆی دەردەچێت کە تایبەتە بە کەسی مەعنەوی)چونکە دان نان بەکەسی مەعنەوی لە هەندێ کاروباردا، دژی ئەو ئەگەرو تولنایانە نابێتەوە کە تاوانەکەیان لەسەردەوەستێ، مەگەر نابینین هیچ کاتێك مرۆڤ بەئامانج نەیگرتوە کە تاوان ئەنجام بدات، ئەنجامدانی تاوان لەلای مرۆڤ دەرچوونە لەو رێرەوی ژیانی.وەك چۆن وونبوون و لەدەستدانی دەبێتە دۆخێکی تونوگرانکەری سزا ئەگەر ویستی بەمەبەستی تاوانکردن بۆی سەرپۆش بکات[1]..

٣- ئەو وتەیەش کەدەڵێ: سزاکان تەنها بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنرێت و ناتوانرێت بەسەر کەسی مەعنەویدا بسەپێنرێت وتەیەکی راست نیە، چونکە ئەوپەری سزا لە سێدارەدانە، سزای لەسێدارەدانیش لای کەسی مەعنەوی بریتیە لە داخستن هەروەها لەکار خستنی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو یان بەرتەسك کردنەوەی سنوری کاری وەك حەبس و زیندانی کردنی مرۆڤە.

٤- ئەو وتەیەی کە دەڵێ: سزادانی کەسی مەعنەوی پێچەوانەی بنەمای کەسێتی سزادانە، چونکە داکەوتەکانی بەسەر ئەندامەکانی و هاوبەشەکانی کەسی مەعنەوی جێبەجێدەبێت، هەمان ئەو وتەیەیە کە دەربارەی سزای کەسی تاوان بار هاتووە، چونکە کاریگەری سزادانی

---

[1] تەماشەی هەردوو مادەی (٦٠ و٦١) لە یاسای سزادانی عێراقی بکە .

کاردەکاتە سەر خزم و کەسەنزیکەکانی و هاوڕێکانی و بگرە کۆمەڵگاش[1]..

یاساناسانی عێراقی[2] زیاتر بۆچونی دووەمیان بەلاوە پەسەندە و کاری پێدەکەن، هەروەك لە دەقی مادەی(٨٠)لەیاسای سزاداندا هاتووە:((کەسانی مەعنەوی بێجگە لە بەرژەوەندیەکانی حکومەت و فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمیەکان، لە ڕووی تاوانیەوە بەرپرسیارن و نوێنەر و ئەندامانیان و بەڕێوەبەرەکان یان سەرجەمیان ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە لە کاتی بونی سەرپێچیدا.)) لەهەمان کاتدا ئەم دەقە ئەوە پشت ڕاست ئەکاتەوە هیچ بڕیار و حوکمێك بەبێ باج دان یان دەست بەسەردا گرتن یان خستنە ژێر چاودێری نابێت، یان چارەسازی ئیحترازی، لەبەر ئەوە هەر تاوانێك سزایەکی مادی یان ماڵی نەبێت دەتوانرێت بگۆڕێتەوە بە باج لێوەرگرتن، ئەمەش هاو هەڵوێستە لەگەڵ ئەو دەقە یاساییانەدلو بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە بەرپرس لە ڕاستی و واقعدا ئەو کەسە ئاساییەیە کە وەك نوێنەر یان بەڕێوەبەر یان بریکار کاردەکەن نەك کەسە مەعنەویەکە،

لەپاڵ ئەمەشدا یاسادانەرانی عێراق ئەوەیان ڕەچاو کردوە ئەگەر کەسی بەرپرس ئیرادەی نەبو بەهۆی لەدەست دانی بیری یان شێتی یان گرفتێکی عەقڵی یان سەرخۆشی یان بێهۆشی بەهۆی مادەی هۆشبەرەوە، بە ئەنقەست یان پێیدرابێت بە بێ ویستی خۆی، ئەگەر بسەلمێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا یەکێك لەوهۆکارانەی سەرەوەی تێدابووە، جا بەهەمیشەی ئەم حاڵەتەی هەبێت یان بەکەمی ئەوا ئەو باروبۆخەی بەهەند لەبەرچاو دەگیرێت و کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەوسوك کردنی سزاکەی

بەڵام ئەگەر دەرکەوێت خۆی دەستی هەبوە لەلەدەست دانی هۆشی بەخواردنەوەی مادەیەکی بێ هۆشکەر ئەوە سزاکەی هەمان ئەو سزایە دەبێت کەبۆ کەسێکی ئاسای دەدرێت زلتە کەسێك کەنەسەرخۆش بێت یان بێ هۆش نەبێت....

هەروەك چۆن لەدەستدانی بیر و هۆش بە ئەنقەست بەهۆی خواردنەوەی مادە هۆشبەرەکانەوە بە نیازی ئەنجامدانی تاوانێك سزای تایبەتی خۆی هەیە..

---

[1] الدكتور محمد مصطفى القللي: في المسؤولية الجنائية ص ٨٧ .

الدكتور سمير الجنزوري: سەرچاوەی پێشوو لا ٤٨٧ دوای ئەو.

[2] هەروەها سوری (مادەی ٢٠٩ / ٣٠٢) لوبنانی (مادەی ٢١٠) و ئەردەنی (مادەی ٧٤) .

لەراستیدا رای دروست ئەوەیە كە شەریعەتی ئیسلام دایناوە كە پێی وایە كەسی مەعنەوی بەرپرسیار ولێپرسراوی مەدەنی دەبێت، چونكە لە بنەرەتدا زیانی گەیاندووە لە شەرعیشدا زیان بەركەوتو دەبێت قەرەبوو بكرێتەوە و دەچێتە بواری بابەتە دەستكردەكانەوە، بەمەرج ناگیرێت كە زیان تەنها لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام بدرێت، بەلأم وەك تاوان بارێك لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێت، چونكە بنەمای بەرپرسیاریەتی تاونكاری ئەوەیە كە كەسێكی موكەلەف ببێتە هۆی ئەنجام دانی، ئەوەش دەچێتە بواری بابەتی وتاری تەكلیفیەوە، بەلأم ئەگەر كەسێك هەستەوەرەكانی لەدەست دابێت بە هەر هۆكارێك بێت لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێت وەك تاوانبارێك، ئەمەش كورای زانایانە كە ئەڵێن((ئەگەر كەسێ هەستەوەرەكانی و دەرك پێكردنی نەما لێپرسراو نابێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێت وەك تاوانكارێك))

ئەم ئاراستە ئیسلامیە لەناو فقهی نێو دەوڵەتی هاوچەرخدا پشتی پێ بەستراوە، ئەوەتا هەریەكە لە(لارنود) راگری كۆلێژی ماف لەزانكۆی پاریس هەروەها(لابرادل) لەلێكۆڵینەوەیەكدا لەكۆنگرەی ئامادەكاری ساڵی(١٩١٩) دوای تەواو بونی شەری جیهانی یەكەم سەركۆنەی ئیمپراتۆر(غلیومی دووەم) ئیمپراتۆری ئەڵمانیایان كرد لەسەر ئەو هەموو تاوانەی شەر و ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامیان داوە، لەلێكۆڵینەوەكەیاندا ئاماژەیان بەوە داوە كە وڵاتی ئەڵمانی وەك كەسایەتیەكی مەعنەوی پێویستە لەرووی مەدەنی و داراییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێت، بەلأم بەرپرسیاریەتی تاوانكاری دەبێت روویەرووی كەسی ئاسایی بكرێتەوە بۆیە دەبێت روویەرووی لێپرسراوانی ئەو وڵاتە لە بەرێوەبەر و ئەفسەرانی سەربازی و لەسەرووی هەموشیانەوە ئیمپراتۆر(غلیۆمی دووەم)، لەوبارەوە (شریانێر) مامۆستای یاسای تاوانكاری لە زانكۆی مۆسكۆ دەڵێ: ناتوانرێت دەوڵەت وەك تاونكارێك كەهەستاوە بە ئەنجامدانی تاوانێك مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و لێپرسینەوەی تاوانی لەگەڵدا بكرێت

(جلاسیر) كەیەكێكە لە شارەزایانی یاسای تاوانكاری پێی وایە ئەنجامدەرانی تاوانی دەوڵەتەكان هەمیشە تاكەكان لەپشتیەوەن، كە پێی هەڵئەسن ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت یان بەرژەوەندی وڵات یان بە ناوی هەربووكیانەوە.

ئەم ئاراستە ئیسلامیەی كە لەبەڵگە نێو دەوڵەتیەكاندا ئاماژەی پێكرلوەو دانی پێدا نراوە و لە دادگاكانیشدا پەیرەو دەكرێت، لە دەقی ماددەی(٢٢٧) لە رێكەوتنی ڤێرسای لە دادگای غلیومی دووەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیادا ئاماژەی پێدراوە لەسەر ئەوتاوانەی شەر كە حكومەتی

ئەڵمانیا پێی هەستاوە، بەلأم لە دادگای تاوانەکانی ئەڵمانیادا بەدەق نەهاتوەو ئاماژەی پێ نەکراوە، سەرەرای ئەوەی کە تاونەکانی جەنگ تاوانێکی نێودەوڵەتیە، هەروەك لە پەیمان نامەی واشنتۆنی[1] تایبەت بە بەکار هێنەرانی چەکی کۆکوژ و گازە مەترسیدارەکان لەکاتی شەردا، ئاماژە بەوە دەکات کەدەبێت تاکەکان وەك تاوانبار سەیر بکرێن نەك ولأتەکان..

هەروەك چۆن بۆچون و لێدوانی جیاواز هەبوو بەدرێژای جەنگی جیهانی دووەم و سوور بون لەسەر ئەوەی کە نازیەکان وەك تاك دادگایی بکرێن وەك تاوانباری جەنگ هیچ کات بانگەشەی ئەوەیان نەکردوە کەولأتی ئەڵمانیا وەك ولأت لێپێچینەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت وەك کەسایەتی مەعنەوی، هەروەك چۆن لەدەقی مادەی(٦) لە پاکێجی دادگایی (نۆرمبێرگ) هاتوە کە دادگای ئامادەکراو لەسەر بنەمای مادەی یەك لەو رێکەوتننامەی تایبەت بە تاوانبارانی جەنگە گەورەکان لە هەرێمی ئەورووپادا کەتایبەتە بە سزای ئەو کەسەئاساییانەی کە تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە بە هۆکاری ئەوەیە کە ئەندام بوون لەورێکخراوانەی کە کاریان کردوە بۆ بەرژەوەندی ئەو ولأتانەی کە لە سنوری ئەورووپادان، وەك ئەم تاوانانەی کە ئاماژەیان پێکرا[2].وەك، دادگا بریاریدا لەبریارەکەیدا پاڵ پشت بە ماددەی(٦) ئەو کەسانەی کە کەسی ئاساین بەتەنها خۆیان بەرپرسیارن لە و تاوانەی کە ئەنجامیان داوە، نەك بونەوەرە تیۆرییەکان.، لەم روونگەی نێودەوڵەتیەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە کەسی ئاسایی شوێن و پێگەی خۆی هەیە لە بەرامبەر ئەو تاوانەی ئەنجامی ئەدات لە بەرامبەر یاساو یاسا نێو دەوڵەتیەکانیشدا، هەروەك چۆن لە یاساتاوانکاریەکانی ناوخۆییەکانیشدا پەیرەو دەکرێت. [3].

---

[1] لە ٦ / فبرایر / ١٩٢٢بەسترا .

[2] ئەو تاوانەن کە لەو لایحەدا ئاماژەیان پێدراوە..

[3] الدکتور عبدالواحد محمد یوسف الفار، اسرى الحرب، دراسة فقهية وتطبيقية في نطاق القانون الدولي العام والشريعة الإسلامية، چاپی ١٩٧٥ لا دوای ئەو.

باسی دووەم:
کاریگەری کەم هۆشی
لەسەر بەرپرسیاریتی تاوانکاریی

لەوێوەکە کە تاوان بە بنچینەی بەرپرسیاریتی تاوانکاریی دادەنرێت لەشەریعەتی ئیسلامدا لەسەر سێ ڕەگەزی بنچینەیی دەوەستێت کەئەوانیش:

ڕەفتاری تاوانی و یستو ئیختیار بۆتاوان، پێزانینی(هۆشیاری) تەولو بەتاوان، بە دڵنیاییەوە دۆخی (پێزانین– هۆشیاری) دەبێ کاریگەری لەسەر ئەو بەرپرسیاریەتیە دابنێت، هەربۆیە ئامادەیی لە گەڵ ڕەگەزەکانی تر مانای تەولوی بەرپرسیاریتی دەگەیەنێت و کەمیەکەی دەبێتە هۆی ناتەواوی بەرپرسیاریەتیەکەو دیارە بەنەمانیشی بەرپرسیارێتیەکە ناهێڵێت .

وەشایەنی باس و جێی ئاماژەپێکردنە کە کەموکورتی لەهوشیاری و پێزانین، لەزارلوەی یاسایدا بە نەوجەوان باسی لێوەدەکرێت، ویە منداڵ، لەزارلوەی فقهی ئیسلامیدا[1]..

لەمڕۆدا جیاوازی ئەوتۆ نیە لەنێوان شەریعەتی ئیسلام و یاسای تاوانکاری نوێ، لەبەرئەوەی نەوجەوانەکان مامەڵەی لەکەڵ ناکرێت وەك هۆشیارو پەیپێبەرێکی تەواو، هەرچەندە لەژێرکاریگەری یاساکانی ڕابردوودا وەك گەورەکان ناڵاندویانە لەهەڵەی پەرچەکرداری دادوەرەکان، و توندی سزا، و هەڵە بەهەڵەی وەك وەك لە سێدارەدان، یان سزادانی جەستەیی و دورخستنەوەی کارگێری و یاسایی.

وەهیچ بیرۆکەیەکیش نەبوو ئەوکات بۆ کەمکردنەوەی تاوان یاخود سووکردنی و یان لە تەمبێکردنی بۆ ئەو کەسانەی کە کەم هۆشن. ئەم سەختگیری و نارەحەتیەش

---

[1] لە (الأشباه والنظائر للامام جلال الدين عبدالرحمن السيوطي (مردوە ـ٩١١ کۆچی) لا ٢٤٠) هاتو: منداڵ تائەوکاتەی لە سکی دایکیدایە بە کۆرپەلە ناودەبرێت، کەلەدایك بوو پێیدەوترێت زاڕۆی شیرەخۆر(صبی) کە لە شیربڕلیەوە تا حەوت ساڵی پێی دەوترێت ساوا (غلام)" (لەباخچەی ساوایان دەردەهێنرێت. بۆ قوتابخانە.وەرگێر). پاشان بە منداڵ (یافع) دادەنرێت تا دە ساڵی، پاش دەساڵی بە تا ١٥ ساڵ بە (حزوّر) مێرد منداڵ ناودەبرێت، لە ١٥ بۆ ١٨ هەرزەکار ناودەبرێت. بەڵام شەرعزانان پێش تەمەنی١٥ساڵی هەر بە (صبی)– لێرەدا مەبەستی مێرد منداڵە ناوی دەبەن.

مەبەستەکەی بۆئەو بە گرنگ زانینە بوو کەدەدرا بەکردەی تاوانەکە نەوەکو ئەنجامدەری تاوان لەلایەن کەسی تاوانبار)

بەمەش هیچ بایەخێك لەسەر کەسایەتی تاوانکار نە بوو تاوەکو دوای شۆرشی فەرەنسی، بەلاّم پاش ئەوەی یاساکانی تاوان گەشەیان سەند لە بەرژەوەندی کەسی (تاوانبار) و بە شێوەیەکی گشتی وە نەوجەوانی (کەتنکەر) بە تایبەتی.

یاسایی عێراقی و بەرپرسیاریتی نەوجەوانان(الاحداث):

لەو کاتەی کە یاسایی باوی عێراق و زۆربەی زۆری ولاّتە عەرەبی و ئیسلامییەکان بریتی بوو لە شەریعەتی ئیسلام، زۆربەی سزاکانی لە چوارچێوەی (قصاص) دا جێ بە جێ نەدەکران لەسەر ئەو نەوجەوانانەی کە کەتنیان لەسەردەست دەکەوتەوە و ئەو تاوانانەی کە دەیانکرد پێویست بوو سزایان بەسەردا بسەپێنرێت، بەلکو زۆربەی ئەو سزایانە کە بەکار دەهێنران بریتی بوون لە ئاگادار کردنەوە و شێوازی تەمبێکردن وشێوازی سزادانی شێوەچارەسازی و ئەدەبدادانی.

بەلاّم پاش ئەوەی عێراق بوو بە بەشێك لە ئمپراتۆرییەتی عوسمانی، نەوجەوانان کەوتنە ژێر ئەو سزاو لێپرسینەوانەی کە ناونرابوون بە یاسایی سزادان پاش رێکخستن و دانانیان، هەموو کەس دادگایی دەکرا بە پێی ئەو تاوانەی کە ئەنجامی دەدا، بەلاّم سزای تاوانی نە دەدرا بەسەر کەسێکدا کە تەمەنی لە سیانزە سالّ کەمتر بوایە، یەك لەسەر سێی سزا دەدرا بەسەر کەسێکدا کە تاوانی بکردایە و تەمەنی لە سیانزە سالّ بۆ پانزە سالّ بووایە، وە هەرکەسێکیش کە تاوانی ئەنجام بدایەو تەمەنی پانزە سالّی تەواو کردبوایەو و نەگەیشتایە هەژدە سالی ئەوا سێ لە سەر چواری تاوان ئەدرا بەسەریدا .

لەکاتی داگیر کردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە پاش جەنگی جیهانی یەکەم نەوجەوانان کەوتنە ژێر یاسایی سزادانی بەغدادی و لەو یا سایەدا بریار درا لێپرسینەوە بکرێت لەگەلّ کەسێك کە حەوت سالّی تەمەنی تەواو کردبێت پانزەی تەواو نەکردبێت، ئەویش بەپێی

مادەی (٢٧) لەو یاسایەدا[1]، وە جیا کرابوویەوە ئەو کەسەی کە تەمەنی لە نێوان (١٥-١٨) ساڵدایە سزای تاوان دەدرا، بەلأم سزای لە سێدارەدان وکاری قورسی هەتا هەتایی بەسەردا جێ بەجێ نەدەکرا.

بۆ یەکەمجار یاسایی رودلوەکانی ژمارە (٤٤) لە ١٠ نیسانی ١٩٥٥ دا دەرچوو بریار درا تیایدا کە دە بێت ئەوەی کەناتوانێ جیاکاری بکات (منالّی پێنەگەیشتوو)لەرووی تاوانیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرێت، هەروەها لێپرسینەوە بکرێت لەوانەی تەمەنیان چوەتە سەرەوە، بەلأم ١٨ساڵیان تەواو نەکردوە. بەلأم بەگرتنە بەری رێو شوێنێکی سزایی وا کەواتای چارەسازی و تەمبێکردن بن واتە بە مەبەستی چاکسازی بن نەك سزادان.

یاسای نەوجەوانانی ژمارە (١١) ساڵی ١٩٦٢ بەهەمان شێوە وشێواز سزاکانی بە مەبەستی چاکسازی بوون، وەدوا جار یاسای نەوجەوانانی ژمارە (٦٤) ساڵی ١٩٧٢ دەرچوو کە کاری دەکرد بە پێی ئەوە سزانەدانی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە حەوت ساڵ کەمترە، نەوجەوانیش ئەوەیە کە تەمەنی لە سەرووی حەوت ساڵیەوەیەو نەگەیشتوەتە تەمەنی ١٨ ساڵی، لە رۆشنایی ئەم یاسایە و بە بریارێکی وەزیری دادی عێراقی دادگای نەوجەوانان درووستکرا، دادگاییەکانی دادگایی نەوجەوانان بە شێوەیی دانیشتنی نهێنی بەرێوە دەچن بۆ ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سۆز (رفق) لەگەڵدا بە کاردەهێنرێن، هەروەها وشەی (ئیدانەکردن) لەم دادگایەدا لە جیاتی وشەی (تاوانبارکردن) بەکار دەهێنن وە وشەی (کەتن) لە جیاتی وشەی (تاوان) بەکار دەبرێت، ئەم دادگایی کردنەش زۆریەی

---

[1] دەقی مادەی (٢٧)ی هاتوە: ئەگەر تەمەنی تاوانبار لە حەوت ساڵی تێپەری کردو پانزە ساڵیشی تێنەپەراند ئەگەر تاوانێکی کوشتنی ئەنجامدا ئەوا سزاکەی لە سێدارەدانە.یان سزای بە زیندانی هەمیشەیی بەکاری قورسەوە. ئەمە گۆرا بۆ بەزیندانی کردنی کە زیاتر نەبێت لە ١٠ساڵ زیندانی ، ئەگەر سزادرابوو بە زیندانی هەیشەیی بەکاری قورسەوە ئەو سزایە گۆرا بۆ سێیەکی سزای یاسایی ئەو تاوانەی..

هەروەها دەقی مادەی (٤٩) لە یاسای سزدانی سودانی دەلێت کە بەتاوان دانانرێت کردەی ئەوەی کە: (أ) ئەو منالّەی تەمەنی حەوت ساڵی تەولو نەکردبێت یاخود(ب) ئەو منالّەی تەمەنی حەوتی تەولو کردوەو نەەیشتوەتە دوانزدە ساڵی تەولو و پێزانینی لە رووی هۆشەوە هەر ناتەولو بێت و کە دادوەر بتوانێت لە سەر چیەتی و ماهیەتی کردەکەی سزای بدات چونکە ئەو منالّە نەزانێ کردەکەی چیەو بۆچی کردوویەتی و دەرەنجامەکەی چیەو چۆن دەکەوێتەوە..

کات دەچێتە چوار چێوەی بابەتێکی هەڵسەنگاندن و تەمبێکردن نەك ئەوەی کە سزایی بێت، چونکە پێویستە سزا بەسەر تاوانکارێکدا بسەپێنرێت نەك کەسێك کە هێشتا لە رووی هزری جەستەییەوە پێنەگەشتبێت.

هەروەها زۆریەی کات جێبەجێکردنی ئەم چارەسازیانەش دەسپێردرێت بە وەلی ئەمرو بەخێو کەری ئەو کەسە ئیدی باوك و دایك بن یان هەرکەسێکی دی بۆ ئەوەی ئاگاداری کارو کرداری هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بێت، هەندێك جاریش سزادانەکە بریتی دەبێت لەوەی کە کەسی تاوانکار دەخرێتە خوێندنگەی نەوجەوانانی کەتنکەر کە ماوەکەی کەمترە لە (١٥) ساڵ، کە ئەمەش بەرزترین سزای تاوانە کە سزاکەی بەرامبەر کەسێکی ئاسایی بریتیە لە سزای لە سێدارەدان[1] یاخود زیندانی هەتا هەتایی .

یاسایی سزادانی عیراقی لە مادەی (٦٤–٧٨) چارەسەری لێپرسراویەتی رووداوەکانی کردووە بە جۆرێك کە پێچەوانە بە بیرو باوەری ئاینی ئیسلام نەبێت، چونکە ماددەکانی ناو ئەم دادگایە ئامانجییان چاککاری لە نەوجەونانە نەکتۆڵەسەندنەوە یان سزادانی کە ئەمەش واتای ئەوەیە کە ناتەوای شیاوی(نقص الاهلیە)ئۆخێکی سووککەری سزاکانە لە سەر پێنەگەیشتوەکان.

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلام سەبارەت بەبەرپرسیارێتی نەوجەوانانەوە:

زیادەرۆیی نابێت کە بڵێین : شەریعەتی ئیسلام پێش هەموو ئەو یاسایانە کەوتووە سەبارەت بە نەرمی نواندن (رفق) لەگەڵ نەوجەوانانی کەتنکەر و کەمکردنەوەی لێپێچینەوەی تاوانی و سزاکانیان، رۆشنە کە شەریعەتی ئیسلام بنەماکانی زۆر تێرو تەسەن لە لایەنی مرۆڤدۆستی و ئەخلاقی گیانی چاکسازی مرۆیی .

لە سەرەتای لەدایك بوونی شەریعەتی ئیسلامەوە بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کە مرۆڤ دوو جۆرە ئەویش: (شیاوی واجبی) وە (شیاوی جێبەجێکردن–الاهلیة الاداء) و وە هەردوو جۆرەکەش دەکرێت ناتەولو یاخود تەولو بن.

---

[1] تەماشەی مادەکانی (٢ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٧ ، ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٣٣) لە یاسای نەوجەولنانی نوێ ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٧٢ بکە.

أ- شیاوی پێویستبوونی ناتەواو[1] -اهلیة وجوب الناقصة) ئەمە بەسەر مرۆڤدا چەسپاوە پێش ئەوەی لەدایك ببێت، بەو پێیەی کە پێش ئەوەی لەدایك ببێت هە ندێك مافی وەك (میرات و وەسیەت .... هتد شیاوی هەیە بۆیان، چونکە لەم قۆناغەدا ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێتت کە ببێتە هەڵگری هیچ جۆرە بەرپرسیارییەکی تاوانکاریی یان مەدەنی .

ب- شیاوی پێویستبوونی تەواو: دەست پێدەکات لە سەرەتایی لەدایك بوونی مرۆڤەوە تاسەرەتای بالغ بوون، بەو پێیەی لەو تەمەندا ئیدی بواری لە ئەستۆگرتنی ئابووری لەخۆ ئەگرێت، کە ئیدی لەو تەمەنەوە خاوەنی چەند ئەرك و ماف و پابەندبوونێکە، هەروەها دەبێتە خاوەنی شیاوی و بەرپرسیاریەتێکی مەدەنی لەسەرشانە بەتەنها، بەلاّم لێپرسینەوەی تاوانکاریی لەگەڵ ناکرێت ئەگەر چی سروشتی تاوانەکەشی هەرچۆنێك بێت.

ت- شیاوی جێبەجێکاری ناتەولو- اهلیة الادا الناقصة: ئەمە دەست پێدەکات لە سەرەتایی تەمەنی جیاکاریەوە بۆ تەمەنی بالّغ بوون، کەم هۆشیاریو کەم و کورتی ناتەولوی بەسەردا دەچەسێت، وە ئەم جۆرەیانە بووەتە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەی ئێمە لێرەدا.

پ- شیاوی جێبەجێکاری تەولو: ئەمە بەسەر مرۆڤدادەچەسپێت، کاتێك کە هەست و هۆش توانا جەستەیی تەواوە، وە ئەمەش دەوەستێتەوە لەسەر ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدات و پێسپێردراوە.

هەموو کارێکی ناڕەواو نایاسایی لە پێزانینی کەم و کەم هۆشییەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان دەسوەدانە لە مافە خوداییەکان (مافە گشتییەکان) یان دەسوەردانە لە مافەکانی بەندەکانی خودا بە (مافە کەسییەکان)، حوکمی هەریەکەشیان بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

یەکەم بەرپرسیاریەتی کەمهۆش بەرامبەر مافەکانی خودا

هەرشتێك پەیوەندی بەمافەکانی خوداوە هەبێت، یان ئەوەیە کە جوانییەکی وای هەیە ناشیرینی قبول ناکات و یاخود ناشیرینە لەخۆیدلو جوانی قبول ناکات، یاخود لە نێوان

[1] بریتیە لە شایستەبوونی مرۆڤ لەوەی کە تەنها مافی هەیە .

هەردووکیاندا بمێنێتەوە جارێك جوانی وەربگرێت و جارێکی تر ناشیرینی، بە هۆی ئەو ئیعتیبارات و دۆخەجیاوازانەی کە دەوری دەدەن.

أ- ئەگەر جوانی لە خۆیدا بێت ناشیرینی قبول ناکات، وەك باوەڕبە خولو ئەوەی لێی جیا دەبێتەوە لە پەرستشەکانی کە پەیوەندیەکانی مرۆڤ بەخواوەندەوە رێك دەخەن، ئەمە بە کەسی کەمفام و هۆش نەسپێردراوە و ئەو کەسەش بەرپرسیارێتی تاوانی لەسەرنیە کاتێك واز لەمانە دەهێنێت بە هۆی کەم هۆشییەکەیەوە، بەڵام کاتێك بڕوای بە خودا بوو هەستا بە ئەنجامدانی نوێژ رۆژوی گرت و چوو بۆحەج ئەوا ئەوە بۆ ئەو زۆر باشە و پاداشتەکەشی وەردەگرێت، چونکە ئەمانەبەنیسبەت ئەوەوە سوودی پوختن دەستی کەووتون.

بەڵام ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری وا (ﷺ) کەدەفەرموێت: "فەرمانی کردنی نوێژ بە منالەکانتان بکەن کە گەیشتنە حەوت ساڵەی تەمەنیان، لێیان بدەن لە سەرنوێژەکانیان ئەگەر تەمەنیان بوو بەدەساڵ[1]" ئەم فەرمانە بۆ راهێنانیان و رامکردنیانە نەك وەك تەکلیف لەسەربوونیان، ودی لێدانیش لێرەدا بۆتەمێکردن و سەرزەنشتکردنیانە نەك سزا، چونکە ئەمانە لە قۆناغی شیاوی سەرزەنشتین و ئەدەبدانن نەك سزادان. وەك کاسانی دەڵێت" منالی ژێر سەرەنشت و تەمێکاری لەسەرە نەك سزادانچونکە لە قۆناغی شایانی ئەدەبدادانە. نابینیت لە پێغەمبەری واوە گێڕراوەتەوە کە دەفەرموێت: ((مُرُوا صِبْيَانَكُمْ بِالصَّلَاةِ إِذَا بَلَغُوا سَبْعًا وَاضْرِبُوهُمْ عليها إِذَا بَلَغُوا عَشْرًا)) ئەوەش بە شێوازی ئەدەبدادان و نەك بە شێوەیەکی سزادانی چونکە کردەکانی بەتاوان ناونابرێن لەبەرئەوەی کردەی منال وەها باسی لێوەدەرکرێت کە تاوانکاری نین[2]..

ب- ئەگەر ناشیرینیش بوو هەرگیز جوانی لەخۆی ناگرێت، وەك کوفر و بێ باوەری و هاوەڵ بریاردان بت پەرستی و هاوشێوەکانی، ئەمەش فەرمان دەدات بۆ دوورکەوتنەوە و وازلێهێنانی بەڵام لە ڕووی بەرپرسیارێتی تاوانیەوە بۆی هەژمار

---

[1] لە ریوایەتێکی تردا : منالەکانتان فێری نوێژ بکەن لە حەوت ساڵی و لەدەساڵی لێیان بدەن ئەگەر وایان لێ هێنا.

ابن أبي شيبه ٣٧٤/١، وأحمد ١٨٠/٢، وأبوداود ٤٩٦ ریوایەتیان کردوە.

[2] البدائع، بەشی٩ ، لا ٤٢١٩ .

ناکرێت وەك چۆن ئەگەر کەسێکی پێگەیشتووی هۆشیار ئەنجامی بدات بۆی هەژمار دەکرێت، وەك چۆن موسڵمانێك لە دین هەڵبگەڕێتەوە کە کەم هۆش بێت، ئەم کەسە وەك کەسێکی تەواو ئاسایی و هۆش تەولو سزای کوشتنی بەسەردا ناسەپێنرێت وەك چۆن سزای کوشتن بەسەر کەسێکی هەڵگەڕاوە لەدین دا دەس پێنرێت ئەگەر خراپەکاری بڵاو بکاتەوە، هەروەها سزای (حەد) جەلد لێدان بەسەریدا جێ ناکرێت ئەگەر گەشتبێتیشە تەمەنی بالغ بوون وەك چۆن پێش تەمەنی بالغ بوونیش بەسەریدا جێ بەجێ نەدەکرا، بە هۆی بوونی جیاوازی لە بیرو باوەڕی شەرعزانانەوە لە بارەی ئەو تاوانی هەڵگەرانەوەیەوە، بەڵکو پێیی دەوترێت شبوهات چونکە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو جۆرە کارانەوە[1].

وە جێگەی ئاماژەیە کەسی هەڵگەراوە (مرتد) بە هیچ شێوەیەك ناکوژرێت مەگەر ئەو کەسە خراپەکار بێت و هەستێت بە دژایەتی کردنی ئیسلام بە گفتار و رەفتار.[2]

ت- ئەگەر هاتوو دوو دڵ بوو لە نێوان جوانی و ناشیریندا، بەو مانایەی جارێك جوان و جارێکیش ناشیرین، وەك کوشتن باش و جوانە بۆ کەسانی تر ئەگەر مەبەست بۆ تۆڵە کردنەوە و نەهێشتنی خراپەکاری و سەرخستن و جێبەجێکردنی راستی بێت، بەڵام ناشیرین و بێزراوە ئەگەر هاتوو کوشتنەکە مەبەست لێی دەستدرێژی بێت بۆ سەر ژیانی کەسێك و مرۆڤێکی تر بە بێ بوونی هیچ پاساوێکی یاسایی و شەرعی.

زانایانی بواری شەرعزانی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بکوژی نەفام و کەم هۆش، لە باروبۆخی کردنی ئەو کارە ناشیرینەدا سزا نادرێت بە سزای کوشتنەوەی وەك ئەوەی بڕیار دراوە لە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست و دوژمنکاری، بەڵکو سزا دەدرێت بە سزایی (تەمێکاری-تعزیری).

ئیبن رووشد دەڵێت[3]: زانایانی بواری شەرعزانی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە کاری کوشتن دە بێت کەسێکی ژیرو پێگەیشتوو تەولو بێت.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر تەماشەی صدر الشريعة عبيد الله بن مسعود، التوضيح شرح التنقيح مع التلويح چاپی یەکەم/ چاپخانەی الخيرية ٣/ ١٥٢ بکە.

[2] بۆ زانیاری زیاتر تەماشەی چاپکراومان (لا قتل للمرتد غير المفسد في القرآن).

[3] بداية المجتهد ونهاية المقتصد ٢/ ٣٣١ .

شایانی وە بیر هێنانەوەیە کە کەسی کەم هۆش وەك کەسێکی تەواو هۆشدار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بە نسبەتی مافە خودایيەدارايیەکانەوە ، هەروەها بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بە نسبەت مافە کەسییەدارايیەکانەوە . سیوتی [1] دەڵێت کەم هۆش وەك کەسی ئاقل و بالغ حسبابی ناکرێت لە هەندێك ئەحکامدا [2]، وەك واجباتی بەدەنی و قەدەغە کراوو سنور بۆ دانراوەکان، بەلاّم لە هەندێك شتدا وەك یەکن وەك زەکاتدان لە ماڵەکەی و وەرگرتنی لە خزم و کەس وکاری، هەروەها قەرە بوو کردنەوە لە کاتی زەرەر و زیان گەیاندن بەوانی تر.

دووەم :لێپرسراوی کەم هۆش لە بەرامبەر مافی بەندە

هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەمفام و هۆش بە نسبەتی مافی بەندەوە ئیدی ئەو مافانە پەیوەست بن بە بابەتە مەدەنی ەکانەوە یاخود تاوانکارییەکانەوە هەریەکەیان حوکمێکی تایبەتی هەیە :

أ- لە مەسەلەو بابەتە مەدەنیی یەکاندا زانایانی بواری شەریعەتی ئیسلامی ئەم بڕیارانەیان داوە:

١- ئەگەر کەمفام سود مەند بێت سوودمەندیەکی ڕووت: وەك ئەوەی شتێك بخرێتە سەر موڵك و ماڵی بە بێ بەرامبەر وەك پێبەخشین و ڕەزامەندی نواندن لە سەر وەرگرتنی میراتیی و هەدیەو شتی لەو جۆرە ئەمە ئیتر پێویست بە ویست و ڕەزامەندی سەرپەرشتیارو بەخێوکەری نابێت..

٢- ئەوەی زیانی هەبێت و زیانی ڕووت بخاتەوە: وەك ئەوەی کە شتێك دەربهێنرێت و ببرێت یان لابدرێت لە موڵك و ماڵی کەمفام بە بێ بەرامبەر، وەك ئەوەی ببەخشرێت بەکەسێ تر یان بە وەسیەتی کەسێ نزیکی لە شتی ئەم بدرێت بەوانی ترو هەرشێوە بەخشینێك هەمووی لەم ڕووەوە دەدرێتە دواوەو بەنارەوا دەدرێتە قەڵەم، جا ئەگەر سەرپەرشتیکارو وەلی ئەمر یان دادوەر یان پارێزەرەکەی قبوڵی بێت یان نا؟

---

[1] الأشباه والنظائر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤٠.

[2] واتە ئەحکامەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری.

٣- ئەوەی دەگوزەرێت لە نێوان سوود و زیاندا وەك مامەڵە پێکردنی کەلو پەلی و ماڵی کەمفام وکرین وفرۆشتنی لەو شێوەیە، هەرچی تر کە قازانج و زیان بخاتەوە. ئەگەر ئەم کردانە بە ئاگاداری و رەزامەندی سەرپەرشتیار (ولی أمر) بێت ئەوە لەم دۆخەدا حوکمی بالغی دەبێت.

وە لەم لایەنەوە کۆیی زانایانی بواری شەرع ناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەر کارێکی ناڕەوا لە کەمفام سەر هەڵدەدات و زیانێك بە دوای خۆیدا دێنێت و دەکەوێتە ئەستۆیەوە، لەبەر ئەوەی هەر کارێکی ناڕەوا لە ڕوانگەی ئیسلامەوە پێکدێت لە ڕووداوێکی مادی ڕووت بە پێی جۆری ڕووداوەکەوە بە ڕپرسیاریەتی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەهلیەتی کەسی دەستدرێژی کەرو ئەو ویستەی کە هەیبووە، لە مەسەلەی زەمانەت و دەستبەری ماڵ و ساماندا هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ڕووداوی هەڵە و ئەنقەستدا، یاخود بچوك و گەورەدا یاخود عاقڵ و نا ئاقڵدا.

ب- لە بارەی بابەتە تاوانکارییەکانەوە، هەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەرماڧ کەسێکی تر، وەك دزینی ماڵ و سامان یاخود دەستدریژی جەستەیی، ئەمە سزا نادرێت بەو سزایەی کە نووسراوە لە کتێبی سونەتدا بە پێی ئەو تاوانە، بەڵکو سزا دەدرێت بە سزای (تەمبێکاری-تعزیری)، کە زیاتر مەبەستێکی چاکسازی هەیە وەك لەوەی مەبەست و ئامانج و سروشتێکی سزادانی.

باسی سێیەم:
هۆشیاری تەواو و کاریگەریی لە بەرپرسیاریتی تاوانی

هۆشیاری تەواو بریتیە لە ناسین و پێزانینی تەواوی مرۆڤ بەجیهانی دەرەوەی خۆی لەرێگەی هەستەوەرەکانیەوە[1].

رۆشنکردنەوەی ئەوەش ئەوەیە کە ئەندامە دەماری و هەستەوەریەکانی، کاتێك کاریگەر دەبن بە شتێکی دیاریکراوی دەرەکی، ئەمە دەگوێزنەوە لە رێگەی گوێزەرەوە دەمارەخانەییەکانەوە بۆ ناوەندە کۆ ئەندامی دەماری لە مێشك (دەماخ) کە پرۆسەی پەیبردن وپێناسینی هەستەکی ئامێری روویدات؛ ئیتر پرۆسەی پێزانینی عەقڵانی دەست پێدەکات کە یادهێنانەوەو ئەندێشەو بیرو عەقڵ بەشداری تێدا دەکەن.

لە سەر ئەم بنەمایە پرۆسەی پێزانین و هۆشیاری(ادراك) پرۆسەیەکی عەقڵانی رووتە. بە دیارترینی کردەکانی عەقڵ دێتە هەژمار، لە بەرئەوە هۆشیاریوون و پێزانینی تەواو دەست پێناکات تاوەکو پێگەیشتنی عەقڵی روونەدات..

رای زانایان لە سەر دیاریکردنی شوێنگەی هۆشیاری و پێزانینی مرۆڤ لە جەستەی مرۆڤدا جێگیر نەبوە تاوەکو بڵێین لەوێیە و لەوێدا نیە. بەڵام تێکرا کۆکن لەسەر ئەوەی کە شیاوی بۆ بەرپرسیاریتی پەیوەستە بە هێزی پیزانین و هۆشیاری تەواوەوە لای مرۆڤێکی ئاسایی، چ یاسادانی تاوانکاری ئیسلامی و چ یاسایی دانراو ئەوەشیان بە مەرج نەگرتوە کە فلانە ئاستی رۆشنبیری و فلانە شارەزایی وەها لە سەر فلانە ئاستی زیرەکی کە دەتوانێت تێگەیشتنی هۆکارە شاراوەکانی پشت جوڵانی رەفتاری هەبێت، واتە ئەمانە ببنە هۆکاری شیاوی بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تاوانی.

---

[1] الدكتور حسين توفيق رضا، اهلية العقوبة في الشريعة الإسلامية والقانون المقارن لا ٨٧ .

هوشیاری تەواو و حوکمە تەکلیفیەکان :

لە بنەما بنچینەییەکانی شەریعەتی ئیسلامە کە هۆشیاری خودی رووت بەس نیە بۆ ئەوەی ببێتە رەگەزێك لە رەگەزەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری. بەڵکو پێویستە ئەو هۆشیاریە پەیوەست بکرێت بە کۆمەڵە بریاردانێکی سپاردنی کردارەکی، یاخود دەتوانرێت پەیوەست بکرێت پێیانەوە، چونکە تاوانبار لە سەرکردەیەکی تاوانی یاساغکراو یان جێبەجێنەکردنی واجبێك لێی ناگیرێت، ئەگەر پێزانینی تەواوی بو واجبە یان بەو یاساغکراوە نەبێت کە ئەنجامی ئەدات.

دیارە دەبێت ئەو جیاوازیەش بکەین لە نێوان ئەو کەسەی کەلە نێو ژینگەو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ئیسلامی دەژی و لە گەڵ ئەوەی کە تازە هاتوەتە ناو ئیسلامەوە، هەروەها لەنێوان ئەو کەسەی کە لەکۆمەڵگەیەکی نا ئیسلامیدایەو تازە ئیسلامبوونی راگەیاندووە..

ئەوەی یەکەم کەهێنامان بەوەی کەلەکۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدایە بەسیەتی ئەوەندە کە حوکمی پێزانینی سپاردنی هەیەو بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەرە. خۆ ئەگەر پێزانینی بۆ ئەوە نەبوو بە کردەیی. چونکە

وا گریمانە کراوەو پێویستیشە کە هەر موسڵمانێکی هۆشیار کە گەیشتە ئەو قۆناغەی کە ئیتر سپاردەنی دینی لەسەر شان بێت و لەناوەندێکی ئیسلامی دەژی، کە ئەوەی پێویستە ئەوەی کە مرۆڤ پێی سپێردراوەو سپاردنی دینی خراوەتە سەر شانی وەك پێویستیەکی شەرعیە کە فێری بێت و هەوڵی زانین و وەرگرتن و پرسیاربۆکردن و تێگەیشتنی تەواوی بۆ هەبێت بزانێت چی حەڵاڵەو چی حەرامەو چی پێویستەو چی نەهیە بیزانێت ئەوەش لەرێگەی پرسیارکردن و ئیستفسار لە کەسانی پسپۆرو وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[1].

لەسەر ئەو بنەمایەش بۆ تاوانبار نیە و ناکرێتە پاساو بۆی شتێکی لەم شێوەو بڵێت نەمزانیوە بە بیانووی نەزانیەوە لێی نابوورێت. بەڵکو بەرپرسیارە لە رووی تاوانیەوە بۆ هەر سەرپێچی و تاوانکاریەك. چونکە ئەمە بەمەرج نەگیراوە لە جێبەجێبوونی ئەم حوکمانە بەکردەیی. تاوەکو ئەمە نەبێت پاساوێکی خەڵەتێنەر و کردنەوەی دەرگایەك بۆ بابەتی نەزانین بۆیە بابەتی پێنەزانین و جەهل بە ئەحکام لە سەر کەسێك کەلە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ژیان بکات هەڵگیراوە.

---

[1] سورة الانبياء / ٧ .

ئەگەر موسڵمانێکی تازە بوو بۆ ناو هاتنە ئیسلامەوەو لە ولاتێکی نا موسڵماندا وەك -یابان- نەزانینی ئەو بە حوکمە تەکلیفیە هاوبەشەکانی نێوان شەریعەت و یاسای ئەوێ هەیە نابنە پاساوی هەڵگیرانی بەرپرسیاریێتی تاوانی لە سەری بەڵکو لە ڕووی شەرعەوە لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت. بۆیە پێچەوانە جولانەوەی ئەو بریارانە نموونەی " کوشتن و دزین و خیانەت وتاوانی لەو جۆرە ئیسلام و هەر یاساو ئاینێکی دونیایی و ئاسمانی وەك تاوان هەژماری دەکەن و بە پێی سرووشتی تاوانەکە سزای بۆ دانراوە. و دادەنرێت

بەلام ئەو حوکمانەی تایبەتن بە ئیسلامەوە وەك نوێژ وڕۆژوو زەکات و حەجی ماڵی پیرۆزی خوا، ئەو تەکلیفانەی لە سەرنیە، لە وازهێنان لێیان و لە ئەنجام نەدانیان هیچ بەرپرسیاریەکی تاوانیش نایێتە سەری، مادام کەم توانایە لە سەر زانیاری وەرگرتن لە سەری و پێزانینی ناولخنی، بە هۆی نەبوونی ناوبانگی ئەو ئاینە لە شوێنی مانەوەی چۆنیەتی دەست گەیشتن بە وەرگرتنی زانیاری لەسەری[1]..

شەرعزانانی ئیسلام وایدەبینن ئەوانەی کە زمانی عەرەبی نازانن و دانیشتووی دەرەوەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامین، توانای تێگەیشتنی دەقە پێسپاردنیە شەرعیەکانیان نیە، پێسپاردنەکانیان پێ تەواو ناکرێت، بە بەرپرسیاری تەواو نازانرێن لەو بارەوە، تاوەکو تێگەیشتن و پێزانینیان لە بارەیانەوە بۆ دەبێت، ئەوەش یا بەفێربوونی زمانی عەرەبی یاخود وەرگێرانی بەلگەو وردەکاریەکان بۆ ئەو زمانەی ئەوان پێی قسەدەکەن یان لێی تێدەگەن، چونکە نەزانینی ئەمانە بەو دەقانە بە پاساوێك نێتە هەژمار چونکە ئەوان کەمتەرخەمی و گوناهێکیان لەوبارەوە نیە.

بەلام بە تێگەیشتن و بۆچوونی من پرسی گرنگ ئەوەیە کە ئەو گەلانە لە حوکمە شەرعیەکان تێبەگەیەنرێن، ئەوەش دەکەوێتە گەردنی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەوەی هەستن بە وەرگێرانی ئەو حوکمە شەرعیانە بۆ چەند زمانی تری بیانی بە تایبەت ئەو زمانانەی کە جیهانین و زۆرینەیەك لە خەڵکی ولاتان لێیان تێدەگەن و چاپکردنیان و پاشان بلاو کردنەوەیان لە ڕێگەی دەزگا دیپلۆماسیەکان و نێردە ئاینیەکانەوە لە ولاتە نائیسلامیەکاندا[2].

---

[1] تەماشەی الشافعی، رسالته في علم لصول الفقه، چاپی القبانی ١٣٤٠ کۆچی. لا ٨٥ ، ٨٦ .
البزدوی، علی بن محمد (مردووە - ٤٨٢ کۆچی) لە گەلّ کشف الاسرار ٤/ ١٤٦٦ .

[2] چونکە ئەوەی زمانی قورئان نازانێت بەلگەو دەقە تەکلیفیەکان تێناگات، بەمەش لە ئیسلام ناگات بێجگە لە ناوی ئیسلام نەبێت. ئەوەش ئیسلامی لە ناموسڵمانانەوە ناسی بێت بە شێوەیەکی شێواو ←

ئەو وتەیەی کە فێربوونی زمانی عەرەبی واجیبە لە سەر نەتەوەکانی تر، بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاین و حوکە شەرعیەکان، بەو پێیەی ئەم فێربوون وتێگەیشتنە لە زمانی عەرەبی پێشەکی واجیبێکی سەرەکی ترە، ئەوەش کە واجبی لە سەر بوەستێت بێگومان ئەویش واجب دەبێت، ئەمە وتەیەکی زۆر وورد و پوخت نایەتە بەرچاو، چونکە واجب بوون بە ئەحکامە تەکلیفیەکان لە سەر ئەولەنەی لە ناوەندێکی ئیسلامی دەژین، وەستاوە لەسەر تێگەیشتن و پێزانینی ئەوان بۆ ئەو ئەحکامە تەکلیفیانە. ئەگەر واجب بوون وەستابێتە سەر تێگەیشتن و پێزانینی ئەولە و واجب بوونی کارکردن پێیان، ئەوە دلواکراوەکە هەڵدەگیرێت و ئەم خولستە پووچەڵدەبێتەوە.

شایانی باسە ئەمەی خستمانە ڕوو هیچ پەیوەندیەکی بە باوەڕ بوون بەخودلوە نیە، چونکە ئەوە واجبێکی عەقلانیە پێش ئەوەی واجبێکی شەرعی بێت، بۆیە لەسەر هەرکەسێکی هۆشیاری پێگەیشتوو لەهەر ولاتێکی ئاوەدلنی ئەم گۆی زەمینە کە باوەڕ بەخودا بهێنێت لە ڕێگەی بەلگەکاری شوێنەولر لە سەرهەبوونی شوێندانەر، واتە بەلگەهێنانەوەی عەقلانی چونکە ئەگەر باوەر بە بەودا و باوەر بە پێغەمبەران و پەرتووکە پیرۆزەکان وەستا ئیتر خولستە لۆژیکیە هەڵدەگیرێت. چونکە مرۆڤ ناتوانێت باوەر بە پەرتووکە پیرۆزەکان و بەپێغەمبەران بهێنێت کە باوەری بەخودا نەبێت. خۆ ئەگەر باوەر بەخودا بوەستێت لەوەی کە وتمان ئەوا دەتوانین بڵێین" وەستانی شتێك لە سەر شتێکی تر، یەکەمی وون بوو ئەوی تریش خۆی پووچەڵدەبێەوە وون دەبێت. چونکە ڕاوەستانی شتێك لە سەر ئەوی تر کە پێویستە لە سەری بوەستێت، ولدەکات کە شتەکە لە سەر خۆی بوەستێت. وەستانی شتێك لە سەر خۆی پێویست بە پێشخستنی شتەکە هەیە لەخۆی، پێویستیەکەش پووچەڵ بوو ئەوکات بۆ خۆی پێویستکراویش بۆی پووچەڵدەبێتەوە.

ناسیویەتی، لەسەر زاری دوژمنانی ئیسلامەوە ناسیویەتی، بۆیە پێنەزان و ناهۆشیارە بەرامبەر راستەقینەی ئیسلام، لێرەوە کەمتەرخەمەکان لە ئیسلام گوناهبارن وتەکلیفیش لەسەر ئەولنەی کە زمانی عەرەبی نازانن هەڵدەگیرێت.ئەوکات حاڵیان وەك حاڵی ئەو خەلکە (اهل الفترە)یە کە ئاینیان پێنەگەیشتوە، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾الإسراء/١٥، وقال ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ.﴾ابراهيم/٤.

پێوەری تەواوی هۆشیاری:

ڕوانینەی شەرعناسان وایدەبینن کە مرۆڤ بۆ خۆی پێسپێرلوە(مكلف) ئەگەر تەمەنی پازدە سالأنی تەولو کرد، بەو پێیەی کە ئەو تەمەنە قۆناغی پێگەیشتنی هۆشیاری و پێزانینی مرۆڤە.

بەلأم هەندێکی تر لەولنە حەنەفیەکانن وایدەبینن کە مرۆڤ ناگاتە پلەی پێگەیشتنی تەولوی لە پێزانینی تەولو وهۆشیاری مەگەر تەمەنی ١٨ساڵی تێبپەڕێنێت، لەمەوە یاسادلنەری عێراقی لە یاسای سزادلنانی عێراقی [١] و یاسای نەوجەولنان [٢] یاسای باری کەسێتی ئەم ڕێچکەیەی گرتووە [٣].

یاسادلنانی نوێ بۆ وەرگرتنی لای ڕوانینەی تەمەنی نەوجەولن بۆ هەژدە ساڵی ئاراستەی گرتوە، ولتە تا هەژدە ساڵ هەر بە نەوجەوان هەژمار دەکرێت ئەمەش ئەو ڕێنمایانەن کە لە زنجیرە لێکۆڵینەوەکانی پاریس لە ساڵی ١٩٤٩ی زاینی پێشکەشکرلن، هەروەها ئەو زنجیرە لێکۆڵینەولنەی کە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ئەنجامدرلن و لە ساڵی ١٩٥٣ لە قاهیرە پێشکەشکران هاتبوون.

ئەم ڕاسپاردلنەن— وەك لە ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتبوو— پشت بەستوون بەوەی کە کۆمەڵێك نۆرم هەن بۆ بیرکردنەوە و بۆ ڕەفتار ئەنجامدان لای پێگەیشتولن لای نەوجەوان بوونیان نیە تا نەگاتە تەمەنی هەژدە ساڵی [٤].

ئەمەش هاوشانی ئەو ڕایەیە کە هەندێ لە شەرعناسانی ئیسلامی بڕیاریان لەسەردلوە لەولنە حەنەفیەکان وەك ئاماژەمان پێدا.

لە سەر ئەو بنەمایەی هێنامان پێزانینی تەولو هۆشیار ئەو کەسەیە کە تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵی، بەو مەرجەی هیچ کەو کورتی و ناتەولویەکی تووش نەبووبێت نموونەی شێتی و گەمژەیی....

---

[١] مادەی (٦٦) کە دەقەکەی ئەمەیە: بە نەوجەوان دێتە هەژمار ئەو کەسەی تەمەنی لە نێوان حەوت ساڵی بۆ١٨ ساڵیەو حەڤدەی تەولو نەکردوە و پێبنێتە هەژدە ساڵەی تەمەنی..

[٢] مادەی (٥) .

[٣] مادەی (٧) کە تەمەنی شیاوی هاوسەرگیری بە ١٨ساڵی لە تەمەن دیاریکردووە .

[٤] طه ابو الخیر، ومنیر العصرة، انحراف الاحداث في التشریع العربي والمقارن، لا ٥٢ .

بەشی سێیەم:
بژاردە (اختیار)[1]
بەو پێیەی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری

ئاشکرایە کە تاوانبار لایەنی ئەرێنیە لەناو تاوانەکەدا، و شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریە، کە ئەو ئەنجامدەری کردە مادیەکەیە، هەروەها مەبەستی تاوانکاری پێویستە لە ئەو دا ببینرێتەوە، هەر ئەویش مل کەچی سزا بڕیاردراوەکە دەبێت بۆ تاوانەکەی..لەبەرئەمانە گشتی دەبێت ئازاد بێت لە ئیختیارکردنی کردەکانی وەك چۆن پێویستە ئاگادارو پەیپێبەری کردەکانیشی بێت.

بیری ئازادی هەڵبژاردن، پێشترو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەیاساو تەشریعاتی ئاسمانی و دانراوەکان هەبوون، کارێکی ڕێککراو ڕێککەوتولەسەر نەبووە. هەروەها دەکرێت ئەو ئاراستە

---

[1] بژاردە: بە پێشەنگ کردن، و تایبەتمەندی پێدان وپێشخستنیەتی بەسەر ئەوانی تردا، ئەوەش تایبەتە بە ویستەوە، لای پێشینەکان دوو واتای هەبووە:

یەکەم: بەو شێوازە بکەر، لەوەی کە ویستی هەبوو بیکات گەر نەیبوو نەیکات.

دووەم: دروستی لە کردن و وازلێهێنان، بەمانا هەڵبژێرەر توانای ئەوەی هەبێت و دروست بێت لای کە بتوانێت کردن و وازهێنان ئەنجام بدات، بۆیە ئەگەر ویستی هەبوو بیکات گەر نەیبوو نەیکات.

مەبەستیش بە ئازادی هەڵبژاردن، توانای هەڵبژاردنی یەك لەو دووشتەی کە خراونەتە بەردەمی، یان ویستی هەڵبژاردنی وەهابێت کە بتوانێت کردەیەك هەلبژێرێت و بیکات بە بێ ئەوەی وابەستەییەکی هەبێت بەهیچ کارتێکەرێکی دەرەکیەوە.ئەوەی پێی دەڵێن ئازادی هەڵبژاردن، ڕێبازی ئەوانەیە کە وادەزانن مرۆڤ کە لەوەی ویستی هەیەیان لەوەی دەیکات، ئازادیەکی هەیە یان تواناو هەژمونێکی هەیە بەسەریدا. بۆیە ئەوانەی باسی ئازادی هەڵبژاردن دەکەن، ناسراون بە قەدەریە. کەئەمە دژی ڕێبازی مسەوگەریەکان یان جەبریەکانن.المعجم الفلسفی. د.صلیبا ٤٨/١.

باوانەی لەم بارەوە هەن بیانگەڕێنینەوە بۆ سێ ئاراستە ئەوانیش: ئاراستەی بژاردەی ڕەها، ئاراستەی جەبری ڕەها، و ئراستەی میانڕەو. بۆ هەریەکەیان باسێکی تایبەت لەم نوسینەماندا تەرخان دەکەین بۆی؛

باسی یەکەم:
ئاراستەی بژاردەی ڕەها

بژاردەی ڕەها بەمانای ئەوەی کە مرۆڤ ئازادی رەهای هەیەو لەبەردەستیدایە لەوەدا " هەر کردەیەك ئەنجام دەدات، کە ویستی ئەنجام دانی هەیە، هەروەها دەستبەرداری هەر کردارێکی چاکە یان خراپە دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی ناوەکی (خودی) یان دەرەکی کە بیەوێت رەفتارێکی دیاریکراوی بەسەردا بەسەپێنێت. ئەم تێڕوانین و ئاراستەیە لەناو فەیلەسوفانی گریکیدا باو بوو، لەلێکۆڵینەوەکانیاندا دەستیان بۆبردووە، لەنێو تیۆریاکانیاندا دانیان پیاناوە. ئەرەستۆ دەڵێت:" چاکەو خراپە دوویستن بە شایەتی و ئامادەباشی ویژدان، دابەشکردنی بەخشش و سزا، هەروەها پێزانینی بارودۆخی نەفامی و زۆرەملێکردن.." هەروەها ئەفلاتوون دەڵێت:" ئەو کەسەی کە خراپە هەڵدەبژێرێت، ئەوە خۆی بەرپرسیارەو ئاسمان هیچ وەخت بەرسیار نیە لەهەڵەکان[1].

ئەم رێبازی هەڵبژاردنی ڕەهایە زیاتر لە نێو ئەوانەی کە گرنگیان بە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە چەرخی نوێدا دەدا، بڵاوەی کرد، بەتایبەت لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمی زاینیەوە بەهۆی کاریگەریان بە فێرکاریە کانی رێچکەی رۆحانی لەنێو فەیلەسوفان، بەتایبەتی راوبۆچونەکانی (ئیمانوئیل کانت– Kant)، کە وا گریمانەیان دەکرد ئەصل و بنچینە لەمرۆڤدا بریتیە لە هەڵبژاردنی ئازاد لەوەی کە هەڵسوکەوت دەکەن چۆنیان بوێت.کەچی خاوەن عەقڵی تەواو ئەوەیە کە سیستمی گشتی و ئادابی گشتی و ئیخلاقی باش، لەبەرچاودەگرێت. خۆ ئەگەر هەڵەی هەڵبژارد پشتی هەڵکرد لەراستی ویژدانی هەست بە خراپی ئەو هەڵەیەدەکات، بەمەش دەکەوێتە ژێر لۆمەی ویژدانی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە.

---

[1] الدكتور رؤوف عبيد: التسيير والتخيير، ص ١٠٩ .

بێگومان جوڵانی دەستی تاوانبار کاتێك بەرەو ڕووی ژیانی مرۆڤێکی بێتاوان دەبێتەوە، یاخود درێژی دەکات ئەودەستەی بۆ ماڤ کەسێکی تر بێگومان ئەو دەست بردن و دەستکردنەوەیە شتێکی میکانیکی ڕەمەکی و لەخۆوە نیە، بەڵکو لە توانایدا هەیە بەو جۆرە دەستی هەڵینەگرێت ، بەڵام بە ویستو هەڵبژاردنی خۆی ئەوەدەکات، لەکاتێکدا دەرەنجام و ڕەهەندەکانیشی پێدەزانێت. لەبەرئەوە لەلای ئەوەوە بەرپرسیارێتی تاوانکاری رادەپەڕێت و شایستەی سزادان دەبێت. لێرەوە ئەو وتەیە دراوەتە پاڵ ئەم ڕێبازە کە پێی وایە" بەرپرسیارێتی تاوانکاری، بریتیە لەبەرپرسیارێتی ئەخلاقی، هەرکاتێکیش ئازادی هەڵبژاردنیش لای مرۆڤ وون بوو، جا بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئیتر شتێك نامێنێتەوە لای، ناوی بەرپرسیارێتی تاوانکاری بێت. یاسادانەرانی فەرەنسی لە ساڵی ١٨١٠ کاریگەربوون بەم ڕێبازەوهەروەها یاسادانەرانی زۆرێك لەوڵاتانی جیهانیش.لەسەر نەهج ومیتۆدی فەرەنسا ڕۆیشتوون.لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەم ڕێبازەوە، ئازادی هەڵبژاردن لە ناو ویژدانی هەرمرڤێکی سادەدایەو لەوێ جێگیرەو پاڵپشتی بۆدێت، کاتێك هەست بەتوانای دەکات لەسەر جیاکاری باش و خراپ لەنێوان ئەو بیرو ویستە جیاوازانەی دێنەبەردەمی. هەروەها هەست بە ئازادی دەکات لەهەموو ئەو پاڵەپەستۆو کۆنترۆڵی هۆکارانەی کەپشتی پێدەبەستێت بۆ ڕەفتارێکی دیاریکراو[1] .

هەڵوێستی فەیلەسوفانی موسڵمان لەبارەی ئازادی هەڵبژاردن:

موعتەزیلەکان[2]لەو فەیلەسوفە موسڵمانانە بوون کەهەڵگری بیری هەڵبژاردنی ڕەهابوون و بانگەشەشیان بۆدەکرد، هەردەم بەرگریشیان لێدەکرد. پێیان وابوو مرۆڤ بکەرێکی

---

[1] الدكتور محمد مصطفى القللي، في المسؤولية الجنائية، ص ٥ .
الدكتور محمود نجيب حسني، الموجز في شرح قانون العقوبات القسم العام، ص ٤٠٠ .
الدكتور سمير الجنزوري، الاسس العامة لقانون العقوبات، ص ٤٨٢ .

[2] بە مانای وشە موعتەزیلە ناوێکە کاتێ سەرەهەڵدا واصلی کوری عەتا لە ماموستاکەی حەسەنی بەصری جیابوویەوە بە هۆی ئەو گرژیەی لەنێوانیاندا لە سەر هەندێ ڕاوبۆچوونی جیاواز ڕوویدا، بەڵام دواتر بوویە ڕێبازێکی فیکری دیار و ناسراو بەوەی کە تاقم و پێڕێکن زیاتر بە شێوەیەکی عەقڵانی تەماشەی ئاین و بابەتە ئاینیەکان دەکەن و بەڵگەهێنانەوەو بەڵگەکاری عەقڵانی دەکەنە پێوەری یەکلاکەرەوە لە بابەتە ئاینیەکاندا. نەك ئەوەی تەنیا بەو بنەمایانەی کەپێشینەکان بۆ ئاین دڵیان ڕشتوە. دواتر ناکۆکی
←

هەڵبـــژێرەرەو بەدیهێنـــەری کـــردە هەڵبژێراوەکانیـــەتی بـــەو توانایـــەی کـــە خـــوای پەروەردگاریەخشیویەتی دیاریکردوە بۆی.

ئەو بەڵگانـەی کـە موعتەزیلـەکان پشـتیان پێبەسـتبوو لەوانـە لـۆژیکی و(گواسـتراوە- نەقڵی)بوون:

أ- بەڵگەی لۆژیکی: موعتەزیلەکان دەستیان گرتوە بە بەڵگە لۆژیکیەکانەوە گرنگترینیان:

١- خۆ ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لە هەڵبژاردنەکانیدا و هەرکارێك بیەوێت بیکات و هەرشتێکیشی بوێت وازی لێ بهێنێت، ئیتر تەکلیف و کەوتنەسەرشانی هەر شتێکی لەسەر نەدەما، یان بەلای کەمەوە بوونی بێ هوودە دەبوو، چونکە لە تەکلیف کردنی مرۆڤ دا رەفتارێکی دیاریکراوی لە سەر نوسراوە، جا ئەگەر رێگەیەکی تری پێبگیرێتە بەرو رەفتارێکی تری پێ ئەنجام بدرێت، تەکلیفێکە لە تواناو وزەی ئەو مرۆڤەدانیە، ئەمەش رێك پێچەوانەی دەقی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێت:﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾[1] بەلاَم لای تێکرای هۆشمەندان لە کۆن و نوێ راستی تەکلیف و ئاراستەکردنی داخوازی ونەرێ و رێگریەکان لە مرۆڤ جێگیرەو بەراست زانراوە لەلایەن هەموو کۆمەڵگەکان، جا لەلایەن یاسادانەرانی ئاسمانی یان زەمینی بێت. ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرو دانپیانراوە لەسەر ئەوەی کەمرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردنەکانی جا لە رەفتاری باش یان لە رەفتاری خرابدا بیەوێت ئەنجامی بدات.

تاو توێی ئەم بەڵگەیە وادەکرێت، کە جەبریەکان لەوەدا بەرپەرچ دەدرێنەوە، بەوەی کە ئەگەرهەڵبژاردنی رەها بۆ مرۆڤ مسەوگەر نەبێت، خۆ ئەوە بەس دەبێت بۆ دروستی تەکلیف و خستنە سەرشان، چونکە بۆ تەکلیف بژاردەی بەشەکی بەس دەبێت.

تەولو کەوتە نێوان جەبریەو ئەشعەریەکان وەختەکارێك تاقمی دووەم ریبازی جەبریان هەلبژارد ویەلگەی عەقڵی و نەقلیان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەبرد.

بەلاَم دیارە ئەولنیش پێچەولنەی ئەوان بۆ جەخت کردنـەوە لـە سـەر رای"بـژاردەی ئـازادی تـاك" پشتیان بە بەلگەی عەقلی و نەقلی دەبەست.

[1] سورة البقرة / ٢٨٦ .

٢- خۆ ئەگەر مرۆڤ موخەیەر و هەڵبژێرەرێکی رەها نەبوایە، ئەوا دەبوو پاداشت و سزا پووچەڵ بونایەوە، چونکە لەسەر کردەی باش و کردەی خراپ وەستاون کە دەدرانە پاڵ هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، بەو پێیەی بکەریانە بە هەڵبژاردنێکی رەهاوە. لەکاتێکدا گەر بڵێین ئەوە کردەی باش دەکات چونکە وەهای لەسەر نوسراوە و ملکەچە بەوەی وەها بکات، ئەوا هیچ کات شایەنی ستایش کردن نیە لەم دونیایەدا و وەنەلەرۆژی دواییدا بەهەمان شێوە. خۆ بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك کردەیەکی بەد ئەنجام بدات لە ژێر گوشارێکی وەهادا کەباسی لێوەدەکرێت ئیترخۆ شایەنی هیچ سەرزەنشت و سزادانێك نابێت. بەڵام پاداشت و سزا لەلایەن مرۆڤەوە جێگیرکراون بە هاورایی گشت یاساو شەریعەتە ئاسمانی و زەمینیەکان، گەر مرۆڤ کارەکانی چاکەبووبن ئەو پاداشتی چاکەو دەستخۆشی وەردەگرێت، خۆ ئەگەر کردەکانی بەد بوبن ئەوە پاداشتی خراب و سزا وەردەگرێت، ئەمەش بابەتێکی جێگیرو براوەیە و هیچ قسەو مشتومڕێك وەرناگرێت و پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە نیە بۆ سەلماندنی. ئەوەش بەڵگەیەکە لە سەر سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ موخەیەرەو خاوەن ویست وهەڵبژاردنی رەهایە، کاتێك رێگەیەکی چاکە یان رێچکەیەکی بەدی دەگرێت و توانای جیاکاریکردنیانی هەیە. دیارەتاوتوێی ئەم بەڵگەیەش بهەمان رەخنەو سەرنجی پێشوترمانی کە ئاراستەمانکرد لە بۆی بەسە.

٣- خۆ ئەگەر مرۆڤ خاوەن توانای هەڵبژاردنی رەها نەبوایە، ئەوا سودو پێویستی ناردنی پێغەمبەران و نێردراوانی خودایی بەبادەچوو، پاشان بەرپرسیارێتی باوك و دایك و مامۆستاو بەخێوکەران و هوشیارکەرەوەکان..نەدەبوو.چونکە پێویست وایە کە مرۆڤ (ملکەچ -مجبر)بێت لەبۆ ئەورەفتارانەی کەئەنجامیان دەدات، بەڵام ئەوەی باشەو بەرپرسیاریەتیە وەستاونەتە سەر واقیع بینی، ئەوەش ئاماژەیە بۆ خاوەنبوونی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی رەها دا.

تاوتوێی ئەم بەڵگەیە بەهەمان تاوتوێی بەڵگەی پێشوو، هەروەها ئەوە تەنها نابێتە بەڵگە و ناوەستێتە سەر هەڵبژاردنی رەها، بەڵکو کفایەت دەکات بە جێبەجێبوونی سود و هەستان بەبەرپرسیارێتی بوونی هەڵبژاردنی بەشەکی[1].

---

[1] بۆزانیاری زیاتر تەماشەی چاپکراومان" فلسفه الشریعه لا ٣١٨ دولتری بکە.

ب- بەڵگەی نەقلی : کە موعتەزیلەکان پشتیان بە هێنانی هەندێك دەقی قورئانی بەستووە لەوانە:

١- خوای گەورە دەفەرموێ :﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾[1] ئەوان وایدەبینن کە ئەم دەقە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ دەسبەسراوی ئەو کردەیەتی کەدەیکات، بەوەش بوەتە خاوەنی هەڵبژاردن و ویستی ئازادی خۆی- ئەگەر چاکە بێت کردەکەی ئەوە پاداشتی چاکە دەبێت و خۆ ئەگەر بەدیەك بێت ئەوە هاوشێوەکەی. تاوتوێی ئەم بەڵگەهێنانەوەشیان بەوەدەکەین کە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان بەدەستخستن و بەدیهێناندا، یەکەمیان لەوبڕیاردانەیە کەلەتوانای مرۆڤدایەو دوەمیشیان لەو شوێنەوارانەی دەستی پەروەردگارە لەم گەردوونەدا، بۆیە مرۆڤ پەیوەندی بەهۆکارەکانەوە دەکات و خوای گەورەش خەلقکردن و بەدیهێنانی خاوەن هۆکانە گەرو ویستی لەسەریان بێت.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[2] دەڵێن: ئەم دەقە ئاماژەیە بۆئەوەی کە مرۆڤ کەڵك وەردەگرێت لە ویستی رەها لە هەڵبژاردنی ئەو بڕوایەی کە لەترۆپکی چاکەدایە، یاخود هەڵبژاردنی کوفر کەلە ترۆپکی بەدبی و خراپی دایە، بۆیە جیاکاری و هەڵبژاردنی یەکێك لەمانە بەڵگەیەکی روونە لە سەر ئازادی ویست وهەڵبژاردن لای مرۆڤ. ئەم بەڵگەیە وەها تاوتوێ و موناقەشە دەکرێت کە ئەم دەقە بۆ هەڵبژاردن نەهاتوەو مەبەستی ئەوە نیە، چونکە ئەوە نابێت تەنها لەنێوان دووکردەی موباحدا نەبێت، بەڵکو پێشتر داویەتی کە بۆ بەیانی ئەوەهاتوە" ئیسلام هاتوە بۆ رێککردنەوەی سەرەکان لەبەردەم خوای پەروەردگاردا، هیچ جیاوازی و پێشەنگی و رێزلێگیراویەکی زیاتر لەنێوانیاندا نیە نەبە ماڵ و نەبەنەسەب نەبەپێگەی کۆمەڵایەتی نە پێگەی سیاسی... چونکە ئەو کردانە بابەتی کاتی و رەفتەنین، بەڵکو پێشەنگی وبەرێزی مرۆڤەکان لای خوا بەتەقواو کردەی باش و بەسودە، بەدەر لەمە هەمووی گاڵتەو گەمەو گەپ و خۆجوانکردن و بەخۆوە نازینە..هەرکەسێکیش دەیەوێت پەیوەست بێت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە و دەبێتە پشتیوانی راستی و شوێنکەوتەی چاکە با باوەڕ بهێنێت،

[1] سورة المدثر / ٣٨ .
[2] سورة الكهف / ٢٩ .

هەروەها ئەوەشی دەیەوێت بچێتە نێو لایەنگرانی (ساختەیی)ەوە، بەشوێن تێرکردنی هەواو ئارەزووی خۆی لەو شتە ساختەو رەفتەنیانەی دونیای فانی با کافر بێت.

شتێکی ئاشکرایە کە هەڵبژاردنی مرۆ لە هەریەکێك لەو بابەت و کردانە بەرهەمی ویستی رەهای خۆ نیە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە دەبێت پاشخانێك لە پاڵنەرو هۆکار هەبن تاوەکو ئەو هەڵبژاردنەی بچووك بکەنەوە کەمی بکەنەوە وپاڵنەرین بۆ ئەوی تر نەك ئەوە، وەك فاکترەکانی ئاراستەکردن و هوشیارکردنەوەو پەروەردەو ژینگە.. لە پاڵ ئەوەشدا چەند تێبینی و رەخنەی گرنگ لە سەر رێبازی زۆرەملێی رەها (التسيير المطلق) دەگیرێت لەوانە:

رودلوی تاوانی زۆری وەها هەن کە ئێمە بەچاوی خۆمان لە ژیانی رۆژانەی خۆماندا دەیانبینین، کە لەژێر بارودۆخێکی وەهادان وا دەکات لەتاوانبار کە دەبێت تاوان بکات، وەك کوشتن لەبەرامبەر تۆڵەسەندنەوەیەك بۆ گێرانەوەی شەرەفی بنەماڵەکەی کە ئیهانەی پێکراوە، یان دەستدرێژی کراوەتە سەر ناموسی..یان وەك دزیکردن لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆیەی کەوتوەتە سەری لەئەنجامی هەژاری و نەداری و برسێتی.. لێکۆڵینەوە زانستیە پزیشکیە نوێیەکان، و دەروونناسی، بانگەشەی ئەوانەی هەڵبژاردنی رەهایان کرد، خستە لەرزەو ژێرپرسیارەوە، جەختیان لەوە کردەوە کەمرۆڤ ناتوانێت لەکردەو رەفتارەکانیدا هەمیشە بە هەوەسو ئارەزووهەڵبژاردنی خۆی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو پاڵنەرە دەروونی و سرووشتی و پێکهاتنە جەستەییو ژینگەییەکانی بەشێك دەبن لەئاراستەکردنی و جۆری هەڵبژاردنەکانی.ئەگەرچی لەبەرچاوەوە وادەبینی کە ئەم مرۆڤە خاوەنی هەڵبژاردنی ئازادی خۆیەتی. بۆیە تاوانیش وەك هەردیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی تر، تەنها زادەی ویست(ارادە) نیە، بەڵکو چەندین هۆکاری کەسی و کۆمەڵایەتی و سرووشتی دەستوەردانیان دەبێت لەو رووەوە[1]. ئەگەر مشتومڕو وتووێژێك سەلماندی کە تاوانی بەئەنقەست زادەی هەڵبژاردنی ئازادە، ئەوا ناتوانرێت هەرگیز قبوڵبکرێت کە تاوانە نائەنقەستەکان بەوشێوازەن. چونکە ئەو وتەیەی" ویستی تاوانباری خرابەکار ئازادبوە لە ئەنجامدانی ئەو رەفتارە تاوانکاریەیدا، پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ دەرەنجامی رەفتاری تاوانی نائەنقەستیدا.

---

[1] القللي، في المسؤولية الجنائية، ص ٨ .

ئەو بیری هەڵبژاردنی ڕەهایە کە بریویەتیوە کەتاوان دروستکراوی ویستی ئازادە، ڕێگرییووە لەبەردەم بڕیاران و چاکسازان وئەوانە خەریکی پرسە تاوانکاریەکان بوون، کەوا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوهۆکارە راستەقینانە بکەن کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن ڕوەو ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری بڕوات و ئەنجامی بدات، هەروەها لەولایشەوە کەسی تاوانبار پشت گوێخراوەو تەنها گرنگی بە لایەنی مادی تاوانەکەی دروەوە، لێرەوە ئیتر ئەو ئاراستە ترسناکە پەیرەو کراوەو وایکردوە کە یاسادانەرانی تاوانکاری ئیسلامی و قانونی ڕوەو ئامانجی راستەقینەی خۆیان کە بریتیە لە قەلاچۆکردن و نەهێشتن و یان هیچ نا کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانە بڕۆن.

پاشان راستیەك هەیە کە هەندێك لە یاساناسان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بانگەوازی بۆدەکەن، و پێیان وایە کە تاوان دیاردەیەکی کۆمەلایەتیەو کۆمەلگە بەگشتی بەرپرسی راستەقینەیەتی، تاوانبار نەخۆشەو پێویستە بەهەموانەوە چارەسەری بۆبکەن، هەروەها تاوان ئەو نەخۆشیەیە پێویستە لەناو کۆمەلگەدا نەهێلرێت، بەم تێڕوانینەش بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەش دەبێت بەسەر تاك و کۆمەڵدا. ئەمەش ئەو راستیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش چواردە سەدە بانگەوازی بۆدەکرد و دەیفەرموو:(کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته).

باسی دووەم:
رێبازی ناچاری (جەبریە) رەها

رێبازی ناچاری (التسيير المطلق) یان جەبریەی رەها : تەنها خۆی لەرێبازێك نانوێنێت بەڵکو کۆمەڵێك رێبازو رێچکەو ئاراستەی هەمەجۆر لە شێوازیاندا لەخۆدەگرن، لەگەڵ ئەوەی تێکرا پێکەوە لە هەوڵی سەلماندنی مڵکەچی تەواوی مرۆڤن یاساکانی ژیانن بە بێ ئەوەی هیچ ئازادیەکی بۆ هەڵبژاردنەکانی خودی ژیانکردنی مرۆڤ هێشتبێتەوە[1].

بیری جەبریەی رەها هەوڵێکە بۆ جێ بەجێکردنی یاسا هۆکاریە ناچاریەکان لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤدا، لەسەر ئەوبنەمایەی کە ئەم گەردوونە لە دیاردەکانیدا هەرچۆنێك بن، ئەوا بەپێی کۆمەڵەیاسایەکی جێگیرو کۆمەڵە بنەمای نەگۆڕ دەڕوات. ئەمەش تەنهابەدیاردە سروشتیەکانەوە ناوەستێت بەڵکو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەوە، لەوانە ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێن بە هەموو شێوەکانیەوە، کە ئەوانیش دیاردەیەکن دەگەرێنەوە بۆ کۆمەڵە فاکتەرێك لەوانە فاکتەری ناوەکی وەك پێکهاتەی جەستەیی و هۆشەکی و مەزاجی تاوانبار، هەرکات ئەم فاکتەرانە پێکەوە ئامادەباشیان هەبوو ئەوا ئەوکەسە رووەو ئەنجامدانی تاوان ئاراستەدەکەن، بە پێی ئەم بنەمایە: هەرکات هۆکارەکە جێبەجێ بوو بەریەستەکە هەڵگیرا ئەوا دەرکەوتەی هۆکارەکە دێتە بوون – یاخود دەرنجامەکە دەردەکەوێت.

لایەنگرانی ئەم رێبازە سەرەرای ئەوەی بە وتەکانیان هەڵبژاردن لە تاوانبار دادەرنن، کەچی دان بە لێپرسراوێتی و لێپێچینەوە لەتاوانبار و سزادانی دەنێن. ئەوەش لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی ئەخلاقی نا وەك لایەنگرانی رێبازی جەبریەی رەها دەیان وت، بەڵکو لەسەربنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی رووت. واتە تاوانبار لێپێچینەوە لەسەر تاوانەکەی دەکرێت لەبەر کەشف و ئاشکراکردنی ئەو مەترسیە شاراوەیەی کە لەکەسی خۆیدا هەیە و

---

[1] الدكتور محمود نجيب حسني، الموجز في شرح قانون العقوبات – القسم العام، ص ٤٠١ .
الدكتور محمد مصطفى القللي، في المسؤولية الجنائية، ص ١١ .

هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات، لەسەر کۆمەڵگەشە کەبەرامبەر تاوانبار کۆمەڵە رێو شوێنی ئیحترازی و خۆپاریزی کۆمەلایەتی بگرێتە بەر تاوەکو لەو مەترسیانەی پارێزراوبێت. ئەوەش بەوینەمایەی کە تاوان وەك چۆن نوسراو و شتێکی ناچاری بووە لە سەر ئەنجامدەرەکەی، بەلام رێو شوێنە ئیحترازیەکانیش لەسەر کۆمەلگە نوسراون و دەبێت کۆمەلگە بۆ پارێزگاری لە کیانی خۆی بیانگرێتەبەر.

بە دەستگرتن بەم رێبازی جەبریە رەهایەوە ئیتر شتێك نامێنێتەوە پێی بلێیت " بەرپرسیارێتی تاوانکاری" چونکە بەرپرسیارێتی وندەبێت و نامێنێت ئەگەر هەلبژاردن ویستی ئازاد، بوونی نەبێت، لە ئامارژە تەقلیدیەکەیدا."بەم پێیەش شوێنێکیش بۆ بەرگرەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری نابێت، بۆ نموونە_ شێت – پێش کۆمەلگە خۆی بەرپرسیارە لەو مەترسیانەی لەناویدا (کەسێتی و شێت بوونی) هەلگرتوون دژی مرۆڤ و کۆمەلگە، هەربۆیەش هیچ کاتیش ئەو شێتیەی دادێکی نادات لە بەرامبەر لێپێچینەوەی تاوانیەوە.

بیری جەبریەو تەشریعی ئیسلامی:

سەرهەلدانی ئەم بیرە دەگەرێتەوە بۆ پێش ئیسلام، کاتێك و لەدێر زەمانەوە مرۆڤ هەولی داوە بە فێلّ وبهۆیی مل نەدات بەو ئازادیەی کە هەیەتی تاوەکو بەهۆیەوە پاساو بۆ کافربوونی بەخوای خۆی و تاوانەکانی و تەمەلی و سەرپێچیەکانی بهێنێتەوە. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هۆش و عەقلی وەك جیاکارو رێنیشاندەرێك بۆ ئەوە خاوەنی بووە.مێژوونوسان وایدەبینن کە ئەم جۆرە تێفکرینە دەگەرێتەوە بۆ ئەوگەلە کۆنانەی کەبت پەرست بوون. [1] موسلمانانی سەرەتای ئیسلامەتی هیچ وەخت لە پرسی قەزاو قەدەر و هەمو ئەوشتە نامۆیانەی جەبری تیا ببنرایە ئەوەندە رۆنەدەچوون، چونکە لە ئاینەکەیان تەواو تێگەیشتبوون.

ئەمە بەدەر لەوەی کە کۆمەلێك خەلك هاتنە ناو ئیسلامەوە وایان نیشاندا کە ئیمانیان هێناوەو واپیشانیاندا کە ئەمانە بیروباوەرە نا ئیسلامیەکان رۆشندەکەنەوە لەسەرووی

---

[1] الاختیار((او حریة الارادة)) وەرگێرانی: أبي الوفاء محمود درویش، چاپی ١٩٥٨، لا١٣٧.

هەموشیانەوە بیری (جەبریە) وەك لایەنگران و تاقمی جەهمی کوڕی صەفوانی ئەلراسی[1] و پێڕی جەعدی کوڕی درهەم. دیارە ئەوەی لێیان وەرگیراوە بریتیە لەوەی کە تواناو ویستی ئازاد لە مرۆڤ دەسێننەوە، و وایدادەنێن کە ئەوەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت لە کردار وەك پەڕێك وایە بەدەم باوە و ملکەچی ویست و قەدەری خوایە. ئەو کردارانەی کە لەلایەن هەندێك کەسەوە وادەزانن ئیختیاریە، لەراستیدا ئەوە بەدیهێنراوی خوان بە ویستی ئەو ئەنجامدەدرێن، کاتێکیش دەدرێنە پاڵ مرۆڤ ئەوە شێوەیەکی مەجازیە، وەك چۆن هەندێك کردار دەدرێنە پاڵ داروبرەختەکان و بێگیانەکانو دەوترێت: گوڵەکە خونچەیەکی گرت، دارەکە گەڵای گرت، بەردەکە جوڵا.. سەرەڕای دانپیانانو سوربونیان لەسەر بیری جەبریە ئەم تاقمە باوەڕیان وایە کە مرۆڤ موکەلەفەو بەپرسیارە لە ڕووی تاوانیەوە لەو کردانەی کەڕێپێنەدراون.

ململانێ لەنێوان تاقمی جەبریەو موعتەزیلەکان ئەوانەی کەلە پێڕی بەرامبەری ئەوان بوون ودەیانوت: مرۆڤ خاوەنی هەڵبژاردنی ڕەهایە، هەروەك موعتەزیلەکان کۆمەڵێك دەقی قورئانی پشتگیری ڕوخساری ڕێبازەکەیان بوو، بەهەمان شێوەش جەبریەکان پەنایان دەبرد بۆ کۆمەڵێ دەقی قورئانی بەمەبەستی بەهێزکردنی راوبۆچونەکانیان لە نێو ئەو دەقانەی قورئانی پیرۆزیش:

أ– خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ﴾[2] ئەم دەقە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ویستی مرۆڤ دواجار مل کەچی ویستی خوای پەروەردگارە، لەهەر هەڵس وکەوتێك کەلەمرۆڤەوە ئەنجامبدرێت جا ئەگەر چاکە بێت یان خراپە. لەتاوتوێکردنی ئەم بەڵگەهێنانەوەی ئەوان کە بەم دەقە دەیبەستنەوە، پێمان وایە کە نەدوور نە نزیك ئەم بەڵگەیە پەیوەندی بەبیرۆکەی جەبریەوە نیە، بەڵکو ئەوەی لێوەردەگیرێت کە مومکین نیە لەم جیهانەدا ڕووداوێك بکەوێتەوە لە کردەی مرۆڤ یان لەدەرەوەی دەستی مرۆڤ بەبێ

---

[1] (مردووە ـ ١٢٨ الهجری)سەرۆکی جەهمیەکانە کە تاقمێك بوون لە تاقمی مورجئە. یەکێ لەو رایانەی جەهمیەکان ئەوەبوو: کە ئیمان عەقدێکی دلێیە بۆ ناسینی خوا و پێغەمبەرەکانی و ئەوەی هێناویانە، هەرچی تر بەدەر لەمە ئەوە ئیمان نیە، ئەوەی کە عەقڵ رەوای دادەنێ و بکرێت و یاخود بە شیاوی نازانێت و ناکرێت ئەوە هیچی لە ئیمانەوە نیە. هەموو کردەکان دواخراوێکە لە ئیمانەوە.

[2] سورةالانسان / ٣٠ .

ئاگاداری و ڕێپێدانی خودایی و ویستی خودایی، هەرچی دەردەچێت لە مرۆڤەوە لە ویستەکردارەکانی لە ڕاستیدا بەرکاری دوو ویستە: ویستێکی مرۆیی بەدەستبردنی مرۆڤ لە هۆکارەکان ودەست خستنی هەروەها ویستی خوای پەروەردگار لەسەر هێنانە بوون و بەدیهێنانی لە نەبوونەوە. نەك بە ویستی خوا بەتەنها بۆئەوەی مولزیمی دەرچوون لە سونەتی خوای گەورە نەبێت لەو بەدیهێنانانەی کەوا داینـاوە کە واز لە مرۆڤەکان بێتێت دوای ئەوەی عەقڵو پەیبردن و ویستی پێبەخشیون. ویست و هەڵبژاردن و توانا لەپەیوەندی کردن هۆکارەکانی چاکەو هۆکاری خراپە، چونکە دادگەری ئاسمانی ناچارکردنی مرۆڤی بە کردەوەیەك ڕەتدەکاتەوە، پاشان هەستێت بە لێپێچینەوە لەسەر دەرەنجامەکانی.

بەڵام لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەوە ویستی خوا باڵادەستەو تەحەکوم بە کۆمەڵێك کردارەوە دەکات لەدەرەوەی توانـای مرۆڤن، چەندکەس مردن پێچانیەوە دوای ئەوەی فڕۆکەکەیان لە ئاسمان گڕی گرت، یاخود کەشتیەکەیان لەقوڵایی دەریادا نوقم بوو، یان شەمەندەفەرەکەیان لەهێڵەکەی خۆی دەرچوو، یاخود بوومەلەرزە کۆشکەکەی بەسەردا ڕووخاند یان بە تەقینەوەیك ڕما بەسەریدا..چەند دکتۆر بێ توانایی خۆیان ڕایانگەیاند سەبارەت بەچارەسەرکردنی نەخۆشیەك، سەرەڕای ئەوەش کەچی نەخۆشەکە چاکبوویەوە و تەندروستی بۆ گەڕایەوە و چەند ساڵ دوای ئەوەش ژیانی کرد. !

چەند پڕۆژە هەبوون شکستیان هێنا، چەند کەس ڕای خۆیان گۆڕی پاش ئەوەی کە زۆر سوور بوون لە سەر ئەوەی نەخشەیەکی دڵنیاییان بۆکێشابوو کە بیبەنەسەر...

پاشان هەزاران ڕووداو کە ڕۆژانە ڕوودەدەن با بخەینە سەر، بە بێ ئەوەی هیچ ویستێکی مرۆڤی تیابێت و بە سەریەخۆ ڕوودەدەن..

ئەمە هەمووی بەڵگەی ڕوونن لە سەر ئەوەی کە ویستی خودا سەربەخۆیە بەو کردانەی کە لەدەرەوەی ویست و توانای ئیرادەی مرۆڤەوەن و مرۆڤ توانـای دەستوەردانیانی نیە، بەڵام ئەوە نیە مەگەر بە ئیستسنا نەبێت، ئەصڵ ئەوەیە کە هەرکردەیەك لەکردەکانی مرۆڤ بەرکاری ویستی خوای گەورەیە، و ویستی مرۆڤ خۆی، هەرچی ویستی مرۆڤیشە توانای نیە کە لە نەخشەیەك بخاتە ناو بوونەوە ئەگەر ویستی خوای گەورە هاوکاری نەبێت، بەڵام ئەو یارمەتیدانە واتای ناچاری و جەبر ناگەیەنێت و مرۆڤ ملکەچی کردەیەك بکات و دواجار لێپێچینەوەشی لەسەر دەرەنجامەکانی لەگەڵدا بکات.:

ب- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَيُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[1] ﴿وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا﴾[2] ﴿مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُرْشِدًا﴾[3]. چەند دەقی تر لەقورئانی پیرۆز، بەڕواڵەت ئاماژەن لەسەر ئەوەی كە ڕێنموونی(هدایة) خوای گەورە و گومڕابوون كارێكە نوسراوە لەسەر مرۆڤ لەلایەن خوداوە، هیچ توانا و گۆڕانكاری و بەرەنگاریەك لەوبارەوە نیە، ئەم تێگەیشتنە نەخۆش و لاوازە (تێفكرینی جەبریە) بۆ ئەم دەقانە و هاوشێوەكانی ئەوە كارێكە لەهەموكەسێكی ڕووكەش ناس وسادە دەوەشێتەوە، كە هاوەڵی تێفكرینی قووڵ نەبێت، دیارە هەر كەسێك لەهەندێ ئایەت زانیاری بزانێت و نەزان بێت بەرامبەر هەندێكی تری، بێگومان ناتوانێت پەی بەهەموو ڕەهەندەكانیان ببات.

دیارە مەبەست لەو دەقانە و هاوشێوەی ئەو دەقانە كە هێنران ئەوەیە كە خوای باڵادەست ئەگەر ویستی هەبێت كە مرۆڤێك گومڕا بكات، ئەوا لە توانای هیچ كەسێكدا نیە كە ڕێنوونی بكات و هجایەتی پێوەریگرێت، بەڵام خوای گەورە ئەوەی ناوێت هەتاوەكو گومڕایی نەبێتە كردەیەكی ناچاری و جەبری و بسەپێت بەسەریدا، چونكە ئیتر لەو كاتەدا شایستەی سەرزەنشت و سزانیە.هەروەها ئەگەر خودا ویستی وەهابێت كەكەسێك ڕێنموونی بكات، ئەوا هیچ كەس ناتوانێت گومڕای بكلت، چونكە ویستی خودا لەسەرووی ویستی مرۆڤەوەیە، بەڵام خودا نایەوێت بەوشێوەیە بێت چونكە ئەوەی ناچاركراوە بە ڕێنموونی وەرگرتن ئیتر چ شایستەییەكی هەیە بۆ ڕێزو پاداشتكردن..

لەپاڵ ئەمەشدا قورئانی پیرۆز یەكەیەكی پێكەوە گرێدراو وپەیوەستە هەندێكی دەبێتە ڕاڤەكەری ئەوهەندەكەی تری، ئەوەتا هەندێك دەقی قورئانی هەن ڕاستەوخۆ ئەو تێگەیشتنە جەبریە ڕەت دەدەنەوە بەڕوونی ماناكەی دژی دەبێتەوە، دەقەكانی قورئان ئاماژەیەكی بێگومان و دوودڵی سەبارەت بە ویستی خودا پیشان دەدەن كە ویستی خودایی دەستوەردانی كاروباری بەندەكەی ناكات و چوارچێوە بۆ ویستی ئازادی ئەو

---

[1] سورة ابراهيم / ٤ .
[2] سورة النساء / ٨٨ .
[3] سورة الكهف / ١٧ .

لەهەڵبژاردنی چاکەو خراپە ناکێشێت.دیارە تەنها بەدەقی قورئانی لەو بارەوە ئیکتیفا ناکات، بەڵکو سەرزەنشتی پێغەمبەر دەکات لە رێگەی بەکاربردنی رێبازی ناچارکردن (جەبری) و بەزۆرە ملێ بۆ هێنانە نەسەر رێی مرۆڤەکان بەوەی کە ئیمان بهێنن، لەوانە دەقی ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾[1].

ئەم دەقە پیرۆزە ئەوەمان بۆ روووندەکاتەوە کە ئەگەر خوا ویستی هەبوایە ئەوا باوەڕی بە هەموو ئەوانە دەهێنا کە لەسەر زەوی بوون، بەڵام ئەوەی نەکردووە لەبەر پاریزگرتن لە ناچارکردن، لە پاڵ ئەوەشدا سەرزەنشت و گلەیی لە پێغەمبەر(ﷺ) کراوە بەوەی ئەگەر لە خوای بەدیهێنەر بەدوور بێت بەناچارکردنی مرۆڤەکان لەوەی کە بڕوابهێنن، کەواتە بۆ پێغەمبەر لەپێشتر و پێویستترە کە رێگەی جەبرو ناچاری لەوە بارەوە نەگرێتە بەر..هەروەها چەند دەقی قورئانی تر هەن وەصفی ئەوانە دەکات کە بیری جەبر پەیرەو دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن بەوەی کە لەهاوەڵدانەرانن، بە ئایەتی پیرۆزی:﴿وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ نَحْنُ وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ﴾[2].

دەبینین کە ئەم دەقە چۆن بەرهەڵستی ودژایەتی ئەو دەستپێوەگرتنەی بتپەرستانە بە جەبرەوە دەکات، چۆن بەرپەرچی ئەو بانگەشانە رەتدەکاتەوە کە دەڵێن هیدایەت و رێنمونیان پەیوەستە بە ویستی خوداییەوە.وەچۆن گاڵتە بە ئاوەزی ئەوانە دەکات و پێیان دەفەرموێت ئەوە ئێوە یەکەم نین لەوانەی کەوتوونەتە ئەم هەڵە ئابڕوبەرەوە، بەڵکو ئەوانەی پێش ئێوەش هەمان رێچکەی هەڵەیان گرتووە، بۆیە قورئانی پیرۆز بەتوندی ئەو بیروباوەڕە جەبرە ناچارکارەیان سوك ولەکەدار دەکات.و دەفەرموێت﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى

[1] سورة يونس / ٩٩ .
[2] سورة النحل / ٣٥ .

ذَاقُوا بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ﴾[1].

ت– دەستگرتنی هەندێك بە بیری قەزاو و راڤەكردنی بە راڤەیەكی هەڵە لەسەر بنەمای كە قەزاو قەدەر واتای جەبرو ناچاری دەگەیەنن، پاشان ئەوەی رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە بە درێژایی ژیانی لە چاكەو خراپە، ئەوە شتانێكە نوسراون لەسەری و توانای گۆڕین و دەسكاریكردنیانی نیە. ئەم بیرۆكە رووكەشە تا بە ئیمرۆ لەناو خەڵكاندا دەستاو دەستی هەیە، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو پێشكەوتنە زانستی و رۆشنبیریەی كە پێشەنگایەتی جیهانی ئیمرۆ دەكات.لە راستیدا ووشەی (قەزا)بەمانای هێنانە بوونی روداوێك كە لەزانستی خوای گەورەدا پێشتر هەبوەو ویستی خوای گەورە لە روودانیدا هەبووە لەبر حیكمەتێك و لەبەر چاكەی بونەوەرێك یاخود چاكەیەك نەوەی مرۆڤ.

هەروەها وشەی (قەدەر) وشەیەكی عەرەبیەو دارێژراوە لە كاری(قدر) كەبە مانای رێككردن ورێكخستن و هاوسەنگكردن، دیاریكردنی ئەوەی پێویستە بۆ شتێك، دێت. خوای پاك وبێگەر بەباشترین شێوە شتەكانی بەدیهێناوە و رێككاری (تەنسیق) لە گشت كردەكانی دا رەنگدانەوەی هەیە. خوای گەورە جوانكاری و ئەندازەگیری بۆ هەموو شتێك كردووە، تەنانەت گەردێك، هەروەها جەوهەری تاك بەحیكمەتی ناكۆتای خۆی بەهەمان شێوە والێكردووە. وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾[2] واتە پاش ئەندازە گیری كردن و كێشانی. ئەوەش بە دانانی بەرنامەویاساو سوننەتانەمان و ئەویاسایانەی كە رێكیدەخات پێی، هەروەها بوونی هەموو دروستكراوەكانی تر، هەروەها ئەندازەی ئەو نێوانانەی كە لەنێوان بارستە ئاسمانیەكاندا بوونیان هەیە.

(قەدەر) یش مانای ئەوەنیە كە كارێكی نووسراو لەسەر كەسێك هەیەو هەردەبێت كە ملكەچی بكات ئەگەر بیەوێت یان نەیاری بكات. وەك ئەوەی عومەری كوڕی خەتاب (ﷺ) كاتێك پێی رادەگەیەنن كە نەخۆشی تاعوون لە ناوچەی شام بڵاوبوەتەوە، ئەویش بریاری سەفەرنەكردن و نەچوون بۆشام دەردەكات، كاتێك ئەبوعوبەیدە پێی دەڵێت:" مەگەر

---

[1] سورة الانعام / ١٤٨ .

[2] سورة القمر / ٤٩ .

دەتەوێت لە قەدەری خوا رابکەی ئەی ئەمیری ئیمانداران" عومەر لە وەڵامیدا فەرمووی:" من لە قەدەرێکی خوداییەوە رادەکەم بۆ قەدەرێکی تری خودایی"[1] ئەوە بەمانای ئەوەدێت کە ئەو رایدەکرد لە ئیمکانی قەدەرێکی خرابو بێزراوەوە بۆ ئیمکان بوونی قەدەرێکی سەلامەتی خودایی خاڵی لەو پەتایە.

راستکردنەوەی ڕێبازی جەبری:

دیارە ئەم ڕێبازە ڕۆڵی باشی بینی لەوەی کە لێکۆڵەرەوان گرنگی بدەن بەکەسی تاوانبارو چاودێری و لاکردنەوە لێی و دیراسەکردنی بارودۆخ و تێبینی کردنی سروشتی جیاوازی ئەوانی لێبکەوێتەوە و هەروەها گرنگی دان بە هۆکارە ناوەکی و دەرەکیەکان، ئەوانەی ڕێخۆشکەری دەکەن بۆ مرۆڤ کە ڕووەو تاوانکاری بچێت ورۆڵی پاڵنەربیین بۆ ئەنجامدانی رەفتاری تاوانی، بۆیە ئەم ڕێبازە پێشتر دەنگدانەوەی باشی هەبوو لە ناو تەشریعاتی تاوانکاری نوێ، و لە دادگاییکردنێ تاوانباران لەبەردەم دادگادا، و هەروەها لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی تایبەتیان لەکاتی بڕیاری دادگایان بەسەردا دەسەپێنرێت. سەرەڕای ئەمەش ئەم ڕێبازە لەچەندین ڕووەوە رەخنەی لێگیراوە لەوانە:

١- بڕیاردان لەسەر(پێسپاردن- تەکلیف) بەسەر مرۆڤدا کە توانای هەڵگرتنی ئەوەندەی نیە. ئەگەر ئەوەی کە بە پێی ڕێبازی جەبری هاتوەو راست بێت، ئەوە بەهای ئەو بنەمایاسایی و ئەخلاقیانە بەبادەچوو، هەروەها پاداشت و سزا بە هەرەمەکی ولەسەر بنەمای نارەوایی وماف خۆریی دەبەشرایەوە.

٢- ڕێبازێکە پێی وایە کە مرۆڤ تەنها جێبەجێکارەو کارەکان تیایدا بەرێدەبن بەناچاری و بەبێ هەڵبژاردنی خۆی یان بەبێ بەرهەڵستی ویان توانای وەرگرتن و لێفرێدان و وەك خۆیان جێبەجێدەکران.بەمەش بنچینەی بەرپرسیاریتی تاوانکاری هەڵدەوەشایەوەو نەدەما. هەروەها هەرچی پیاهەڵدان و پاداشت و هەروەها سەرزەنشت و سزاهەیە هەمووی پووچەڵدەبێتەوە. کەچی ئەمانە هەموویان لەناو شەرع دا هاتوون، وتەنانەت شەرعیان لەسەر وەستاوە، کەبەنەمان وتیاچوونی ئەمانە شەرعیش هەمان دەردی بەسەردادێت.

---

[1] الاختيار ((لو حرية الارادة في الإسلام)) وەرگێڕانی: لبي الوفاء محمد درويش، لا ١٧ .

٣- ڕێبازێکە جیاوازی نێوان بکەری چاکەو بکەری خراپە هەڵدەگرێت، چونکە هەریەك لەوانە بکەری ڕاستەقینەی ئەو کارە نین کەلێیانەوەدەردەچێت. هەروەها جیاوازی نامێنێت لە نێوان ئەو کەسەی کەتاوانێکی بە ئەنقەست ویە زانیاری و ویست و هەڵبژاردنی خۆیەوە ئەنجامی دەدات لەگەڵ ئەوەی تاوانێکی بە سەهو وبێ ئاگایی و یان نەزانی یان بە زۆر پێی دەکرێت.

٤- ئەم ڕێبازە ئەگەر هەڵگێرەرەوە - گەر لەناویەر نەبێت -ی شەریعەت و یاساو بەهاکانە، بەرهەڵستکاری ئەویاسای خوداییەیە کە سزای خراپەکار بەرامبەر ئەو خراپەیەی کردوویەتی، هەروەها پاداشتدەروەی چاکەکارە بەرامبەر کردەچاکەکانی، بەهەمانشێوەش بەرامبەر یاسای دانراو وەهایە.

٥- ڕێبازێکە دروستی هەستەکانی ئێمە دەشێوێنێت، بەرامبەر هەبوونی ئەو یستە تایبەتەی هەمانە کە ناچارنەکراوە لەبەرامبەر ئەوەی کە بتوانین ڕەفتارێکی دیاریکراو بە پاڵنەرێکی ناوەکی یان دەرەکی ئەنجام بدەین، بەو ویستە بەدەمەوەچوونمان هەیە بۆ ئەوکردانەی دەمانەوێت بەدەمیانەوە بچین، هەروەها وازدەهێنین لەوەی ویستمان لەوازلێهێنانی هەیە بە ئارەزوو هەڵبژاردنی خۆمان. ئەمەش شتێکە هەستی پێدەکەین، ئەوەتا پەشیمانی دەنوێنین لەکاتی سەرنەکەوتن و بێ ئەنجامی کردەیەکمان، چونکە ئێمە لەسەر ئەوە دڵنیابوین کە ئەوە لەتوانای ئێمەدا هەبوو بگەینە ئەو ئامانجەی کەلەو کارەدا دەمانویست بەدیبێت، بەڵام ئەگەر تەمەڵی و کەمتەرخەمیمان تیایدا نەنواندایە تیایدا.

پوختەی قسان: ئێمە بڕوامان کەلە قوڵایی دەروونی خۆمانەوە هەڵقوڵاوە هەیە، کە ئێمە وابەستەین و دەرونمان شایەتی لەسەر ئەوەدەدات و دان بەو بەرپرسیارەتیەماندا دەنێت، هەروەها دەبینین هەمو گەلان لەم جیهانە دان بە بەرپرسیارێتی مرۆڤ دا دەەنێن کە خاوەن ویست و پێزانینە، ئەو یاساورێسایانەی دانراون لە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیە ویستراوەکانی مرۆڤەو ئەو دادگایانەش کە دامەزراون بۆ لێپێچینەوەی تاوانبارانن لەو کردە تاوانکاریانەی ئەوانن.

باسی سێیەم:
ئاراستەی ناوەندگیر

دیارە هەریەك لەو دوو ڕێبازەی (ئاراستە) پێشتر باسمان لێوەكردن، جۆرێك لە زیادەڕەوی هەڵبەستنی زیاتر یان لە خۆگرتبوو، كاتێك ویستی (ئیرادە) مرۆڤی، ئەوەندەش ئازاد نیە بە پلەیەك كە ئیتر كاریگەر نەبێت بەهیچ یەكێك لە هۆكارە ناوەكی و دەرەكیەكان، بەڵكو هۆكاری زۆر هەن دەستوەردان لەڕەفتاری مرۆڤ دەكەن و چوارچێوە بۆكێشی دادەنێن لە ڕووی هەڵبژاردن و ئاراستەكردنی ڕوەو لایەكی دیاریكراو و ئەیبزوێنن.

لۆژیكی هوشیار باوەڕناكات بەوەی كە مرۆڤێكی ئاسایی لە باروبۆخێكی ئاساییدا پەنا بۆ دەستدرێژی كردن بۆسەر ژیانی كەسێكی بێتاوان ببات، ئەگەر بۆ ئەو كردەیەی پاشخانێك لە پاڵنەرو بزوێنەری لە بۆی نەبن.

فاكتەرە بزوێنەرەكانی عەقڵ لەنێوانیاندا ویستی كردەیەك — جائەگەر ویستی چاكە بێت یان خراپە— لە سنورێكدا وەستانیان بۆ نیە، بەڵكو چواردەوری ئێمەیان بە تەواوی داوە و بەناو هەناوماندا ڕۆدەچن، خەریكی فریودانی ویستی ئێمەن بە هەمو جۆرەكانی فریودانی ڕووكەش و شاراوە، هەندێكیان خۆیان دەدەنە پاڵ جیهانی بینراوو سەر بەئەون و وەك چۆن هەندێكی تریشیان سەر بەجیهانی شاراوەن، وهەندێكیشیان ناوەكین و دەگەڕێنەوە بۆ پلەی پەروەردەو گەشەسەندنی تایبەتی ئێمە، هەندێ تریشیان پەیوەندیان بە پەروەردەو گەشەسەندنی ئەوانەوەن كە هەستاون بەپەروەردەكردنی ئێمەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەین. یاخود پەیوەستن بەو ژینگەو ناوەندەی كە ژیانی تیا دەگوزەرێنین. هەروەها ئەو وتەیەش ڕاستی تیانیە كە مرۆڤ هیچ ئەندازەیەك لە هەڵبژاردنی ئازادی تیانیە، بەو بیانوەی كە لەبەر ئەوەی یاسا هۆكاریە سەپاوو ناچاریەكان كۆنتڕۆڵی گەردوونیان كردوە، گشت ڕووداوەكانی گەردوون هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، شتێك نین بەدەر لە زنجیرەیەكی یەك جۆر هۆكاری، ئەڵقەكانی پەیوەستكراوێكی پێویستن كە یاسایەكی جێگیر بۆی

دیاریکردوون. تاونکاریش شتێك نیە بێجگە لەیەکێك لە ئەڵقانە، دەرەنجامی ئەڵقەیەکی پێشتری خۆیەتی، هەروەها ئەویش دەبێتە هۆکاری بەدوا هێنانی ئەڵقەی دوای خۆی.

لە واقیعدا تاوان دیاردەیەکی کۆمەلأیەتیە، لەولادان وفەوتێنەرە تێکەلأنەی دیاردە گەردوونی و کۆمەلأیەتیەکانە، و ملکەچی هەردوو بۆ هۆکارە ناچاریەکان (السببیە الحتمیە)، پاشان دانانی ویستی مرۆڤ وەك جێبەجێکاری بڕیارەکانی هۆکارە گەردوونیەکان.

بنچینە(اصل) لە مرۆڤدا ئەوەیە هەرکاتی لە پێکهاتەی عەقڵی دا تەواوو سروشتی بوو، ئەوا لە توانایدا هەیە جیاکاری لەنێوان سودمەند و زیانمەند بکات، لەنێوان هەڵەو ڕاست بکات، لەنێوان چاکەو خراپە، لەنێوان ئەوەی بەرژەوەندی تیایەو ئەوەی لەبەرژەوەندیدا نیەو زیانی لێدەکەوێتەوە. هەروەها توانای ئەوەی هەیە کە جیاکاری باشی و خراپی لە نێوان هۆکارگەل وئەوەو ئەوانی تر، هەروەها توانای بەرگری پاڵنەرەکانی هەبێت بۆ نەگرتنە بەرو نەچوون ڕووەو ڕێگەی زیانبەخش و ڕەفتاری تاوانکاریانە.

بەپشت بەستن بەوەی هێنامان، ئەو وتەیە بەراست نازانرێت کە مرۆڤ ملکەچ بکرێت بەشێوەیەکی نەرێنی بۆ یاساکانی هۆکارە مسەوگەرەکان. یەکسانکردن و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان مرۆڤ وهەموو هەبوەکانی تری گەردوون، بەم شێوەیە، ڕاست نیەو بەسانایی جیاوازیە هەبوە ڕۆشنەکانی نێوانیان ئەوە دەدەنە دواوە. چونکە مرۆڤ بوونەوەرەێکی زیندوی هوشیارە لە توانایدایە کە پەی بەو شتانەی چواردەوری ببات و بیانزانێت، هەروەها تواناشی هەیە کە ئامانجەکانی دیاری بکات، بەکردەکانیشی هەوڵی جێبەجێکردنیان بدات.

لە پاڵ ئەوەشدا ئەو ئینکاری ئەوە ناکات کە ئازادی ویستی وابەستەیە، و چێژ لە بەهەڵبژاردنی ڕەها وەرناگرێت لە ڕەفتارەکانیدا وەکو باسمان کرد، کاتێك هۆکارگەلێك هەن کەخاوەنی کۆنترۆلکردن بەسەریدا نیە، بەلأم ناگاتە ئەو ئەندازەی کردەکەی تیا دابڕێژرێتەوە یان پڕبێتەوە، بەلکو ئەندازەیەکی لە ئازادی بۆ جێدەهێلێت کە لەڕۆشنایی ئەودا هەڵسوکەوت بکات، ئەو ئەندازەیەش بەس دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك کە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەر بوەستێت.

ئەشعەریەکان و ئاراستەی ناوەندگیر:

لە گرنگترین ئەو هەولآنەی کە دراون و ویستراوە کە سازان و گونجاندن لەنێوان ئازادی هەڵبژاردن و جەبریە بدات، ئەوەیە کە ئەبوئەلحەسەن عەلی کوری ئیسماعیلی ئەشعەری کردوویەتی و وتویەتی[1].

راسپێری و کاری ئەو بریتی بوو کەنێوەندگیری لەنێو هەموو ڕاکان بکات و بۆخۆی بینای رێبازێك دابنێت کە لەرۆژهەلآت و زۆریەی جیهانی ئیسلامی بناسرێت، بەناوی رێبازی ئەهلی سوننە، وەك ئەوەی رێبازی ئەشعەری ناوی بردووە.

ئەم رێبازە توانیویەتی کە ئەوەی لایق وشایستە بەخوای گەورەیە بیداتە پالی بەبێ ئەوەی لەماف مرۆڤ بدات، ئەوەش بخاتە پالّ مرۆڤ کە خوای گەورە لەکارو کردەوە تیایدا بەدیهێناوە.

ئەشعەریە بەو تیۆرەی کەپێی دەوترا(تیۆری دەسخستن) بەو مانایەی ئەوجیهانەی ئێمە لەناویدا دەژین، جیهانی هۆکارەکانە، دیارە ئەوەتا هۆکارو بەرکار (یان دەرەنجام) هەیە، رۆلّی مرۆڤ یەکسەری کورت دەکرێتەوە اەناو هۆکارەکاندا، خوای پەروەردگاریش بەدیهێنانی دەرەنجامەکانی لە ئەستۆدەگرێت. ئەشعەریەکان وایدەبینن کاریگەری توانای رووداو لەناو رووداوەکاندا نیە، بەلّکو لە سونەتی خوای گەورەدایە کە پەیوەستی دەکات لەنێوان کردەی بکەرو توانای رووەدر لەبۆی، ئەگەر مرۆڤ ویستی لێی هەبوو خۆی یەکلاکردبوەوە بۆی، بەو کردەیە دەوترێت دەستخستن (کسب) بەدیهێنانەکەشی لەلای خودای بەرزو بالآیە، دستخستنیشی لەلای بەندەکەیە. رای ئەشعەریەکان نزیکیان لەگەلّ رای فەیلەسوفانی رۆژئاوایی هەیە، ئەوانەی خاوەنی تیۆری ریککەوتن، یاخود تیۆری باروبۆخ و بۆنەکانن، کە پێیان وایە هەر کردەیەك لە راستیدا هی خوایە، بەلآم بەوشێوازە دەردەکەوێت کە رووەدات، کاتێك باروبۆخێکی تایبەتی بۆ لوا، یان باروبۆخێکی نا مرۆیی بۆ هەلکەوت بەشێوازێك مرۆڤ وابیربکاتەوە کە ئەو باروبۆخە هێنایەتە ئاراوەو درووستی کردووە، لەنێو لایەنگرانی ئەم تیۆریایە فەیلەسوفی فەرەنسی مالبرانسە[2]...

---

[1] ولد بالبصرة عام ٢٦٠ الهجري لو ٢٧٠ الهجري وتوفي حوالي ٣٣٠ الهجري.

[2] الدكتور رؤوف عبيد، التسيير والتخيير بين الفلسفة العامة وفلسفة القانون، ص ٢٤٣ .

هەندێك لە لێکۆڵەران ئەم وتەیەی ئەشعەری (دەستخستن-الكسب) وەك مەتەڵێك چاوی لێدەکەن، وەکو گرێکوێرەیەك دەبینن کە بۆ کەس ناکرێتەوە. ئیبن وتەیمیە لەویارەوە دەڵێت: "ئەشعەری شتێکی مەعقول ناڵێت، بەڵکو لەراستیدا ئەو وتەیەی ئەشعەری هەمان وتەی جەهمی کوڕی مەعبەدی ئەلراسی جەبریە، کەبەندە نەتوانا و نەکارو نەدەستخستنی لە بەردەستدایە"[1].

بە تێڕوانینی من راو بۆچوونی ئەشعەری تەواوو ڕوونەو هیچ پێچو پەنایەکی تیانیەو هیچ کات وەك مەتەڵ نابێت بێتە هەژمار، بەڵکو ڕایەکە واقیع و لۆژیکی هۆشمەندانە پاڵپشتی تەواوی دەکات، ئیبن روشد فەیلەسوفی قورتوبە[2] ئەو رێبازە میانڕەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەشێوازێك ئیتر قسەلەسەرکردن ومشتومڕ هەڵناگرێت، کاتێك دەڵێت ئەوەی لەمانای ئەمەدایە " کە خوای گەورە هێزی پێبەخشیوین دەتوانین پێی کردەی یەکێك لەو دوالیزمانە ئەنجام بدەین، کەبریتیە لە هێزی بێسنوور وپێی دەوترێت ویست-ارادە، ئەو ئیرادەیەش بەدیهێنراوە بۆ خوا، لەکاتێکدا ئەو دەرەنجامەی کە لەوهێزە دەکەونەوە بەواتای تەواوەتی دەرەنجامی مرۆیین، واتە لە خودی مرۆڤەوەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو هێزە بێ سنوورە ئازادی تەواوەتی نیە، چونکە کاریگەردەبێت بە هۆکارە دەرەکیەکان ئەوانەی کە خوای گەورە بەردەستی خستوین و دەستاو دەستی پێدەکەین.

ئەم هۆکارانە یارمەتیدەری تەواوکردنی کردەکانمانن، یاخود گۆڕانیان بەبێ جێبەجێبوونیان، هەڵدەستن بە دیاریکردنی هەڵبژاردنی یەکێك لە چارەسەرە جیاوازەکان.بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ئەو هۆکارە دەرەکیانە لە زۆرینە باروێۆخەکاندا پاڵنەرمان دەبن بۆ کارکردن لەو کردانەی بەشێوەیەکی ناچاری اضطراري[3]..

پاش هێنان و پیشاندانی ڕاوبۆچوون وبەڵگەکانی ئەم سێ رێبازەی هێنران، دەتوانین بڵێین: ئەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە دەکەوێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ - تەنها خۆی- ئەو بونەوەرەیە کە بیردەکاتەوە بە عەقڵی جیاکاری ڕاستی لە ناراست و چاکە لەخراپە دەکات،

[1] انظر النبوءات لابن تيمية، ص ٩٧ .

[2] (٥٢٥ - ٥٩٥ الهجري).

[3] التسيير والتخيير، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٥ .

تواناکانی بەکاردەبات لە پێناو بەدیهێنانی کردەکانی، لەراستیدا ئەو هەرگیز هەست بەوە ناکات کە ناچارکراوە لە کردەکانی ویاخود بێ تواناو دەستەوسانە لە ئاست ئەنجامدانی کردەکانی، مەگەر لەهەندێ باروبۆخی پێویستدا نەبێت، بەڵکو ئەو – پێش ئەنجام دانی کارەکەی– بیردەکاتەوەو بڕیاری کردنیشی دەدات، هەروەها دەروانێتە ئەو پاڵنەرەی کە وایلێدەکات ڕووەو ئەنجامدانی هەنگاو بنێت، هەروەها ئەو دەسەڵاتەی کە توانای ئەداتێ بۆ ئەنجامدانی، ئاخۆ واجب یاخود قەدەغەکراوە (حەرامکراوە)؟ ئاخۆ سودمەندە یان زیانمەند؟ پاشان نیازی لەسەر ئەوەیە کە بکات، یاخود نەیکات، ئەو دەزانێت کەچی پێویستە ئەو بیکات، هەروەها ئەو ئامانجە دەزانێت کە بەرەو رووی دەڕوات، ئەو مەبەستەی کە سوورە لەسەر بەدەستگەیەشتنی، و ئەو میکانیزمانەی کە پێویستە بەکاریان ببات و بیانگرێتەبەر بۆ جێبەجێبوونی ئەو مەبەستەی. لێرەوە ئەو (مرۆڤ) ئازادە لە بیرکردنەوەی و لەویستی ئازادی کەوای لێدەکات، کەزاڵ و دەستڕۆیشتوو بێت لەسەرکردەکانی و بەرپرسیار بێت لە دەرەنجام و لێکەوتەکانی.

لەهەمان کاتدا ئێمە کاریگەری هەر هۆکارێکی خودی یان بابەتی و دەرەکی لە دروست بوونی تاواندا رەتناکەینەوە، بەڵام پێمان وایە هەرگیز ناگاتەئەوەی کە ئیختیاری مرۆڤ یاخود بیرکردنەوە لە دەرەئەنجامی تاوان بەتەواوی بخەنە دوواوە. ئەمە هەمووی بەو ئاست وپلەیە شاراوەنابێت لەلای هەموو خاوەن عەقڵێکی هوشیارو تەواو. ئیتر پێویست بەو مشتومڕە فەلسەفیەی کە زاڵبوە بەسەر عەقڵی خەڵکیدا بەدرێژایی سەدان ساڵ بە بێ دەرەنجامێکی کردەیی وبەرهەست.

لەسەربنەمای ئەم راستیەش زۆر پێویستە کە کەسانی پەیوەستدار بە نەهێشتنی تاوان خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و دەروونیەی لە پشت هەر تاوانبارو تاوانێکەوە بوونی هەیە. هەروەها تەماشەی تاوان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە بەشداری لە دروستبوونی لە کۆمەڵگەدا دەکات چاوی لێبکرێت، و تاوان نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتیە، و تاوانبار لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە نەخۆشە، ڕێگەی خۆپاراستن وچارەسەرکردنی پێویستە بەشێوازێك کە نەخۆشیەکە نەك نەخۆشەکە لە ناوببرێت، چونکە پێویستە هەردەم نەخۆش چارەسەربکرێت، و نەخۆشی لەناوببرێت.

دەروازەی دووەم

شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری

لە بنەما بنچینەییە نەگۆڕەکان لە شەریعەتی ئیسلام، شوێنگەی(شایستە- المستحق)[1] ی بەرپرسیاریێتی تاوانکاریە، کە بریتیە لە مرۆڤی زیندووی پێگەیشتووی عاقڵی خاوەن ویست و هەڵبژاردە، ئەگەر رەفتارێکی تاوانکاریانەی گرتەبەر راستەوخۆ پەیوەندیگرت لەگەڵیدا یاخود هۆکارێك بوو بۆی، بەو پێیەی کە بنچینەی بەرپرسیاریێتی تاوانکاری بریتیە لە هەڵەیەك (الخطأ) بكسر الخاء))
کە پێکهاتوە لە سێ ڕەگەز (ئەنجامدانی کردەیەکی قەدەغەکراو، هەروەها پەیبردن و زانین، پاشان هەڵبژاردن) چونکە ئەگەر ئەمە بەرپرسیاریێتی تاوانکاری بێت، ئەوە شتێکی سروشتی یە کە شوێنگەی ئەمە هیچ نابێت بیجگە مرۆڤێکی پێگەیشتوو عاقڵی هەلبـژێرەرەو هەستاوە بە ئەنجامدانی کردەیەکی قەدەغەکراوراستەخۆ یان بەهۆکاری، ئەو قەدەغەو گەمارۆیە (الحظر) لەسەر ئەنجامدانی پەیڕەو بوە. لێرەوە لەسەر ئەم بنەمایە لێپرسینەوەی تاوانکاری لەبەرامبەرکەسێك ناکرێت کە رەگەزێك لەم ڕەگەزانەی وون کردبێت.بەڵام ئەگەر هەرسێ رەگەزەکە پێکەوە بوونیان هەبوو ئەوا بەرپرسیاریێتی تاوانکاریان لەسەر دەوەستێت. جا گەر تاوانبار چالاکیەکەی راستەوخۆ ئەنجام دابێت پەیوەندیکەر بێت، یان هۆکاری بێت، پاشان ئەگەر بەتەنها خۆی بوو یان لەگەڵ خەڵکی تر بوو.

ئەم دەروازە تایبەت دەکەین بە لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو حوکمانە بە سێ بەش:

بەشی یەکەم: کەسێتی بەرپرسیاریێتی تاوانکاری و شەرعیەت و رەوایی تاوان.

بەشی دوەم: بەرپرسیاریێتی بە تەنسیب.

بەشی سێیەم: پشکداری تاوانکاریانە.

---

[1] مەبەست لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی تاوانکاری ئەو شایستەیەیە کە رەفتاری تاوانی لێدەکەوێتەوە، مەبەست لێی شوێنی ڕوودانی تاوانەکە نیە، هەروەها ئەو چۆن دەستپێشخەری سەرەکی بووە..

بەشی یەکەم:
کەسێتی بەرپرسیارێتی و شەرعیەتی تاوانکاری

کەسایەتی بەرپرسیارێتی تاوانکاری وشەرعیەتی تاوانکاری لە چەندین دەقی قورئانی دا هاتوەو فەرمودە و کردەکانی پێغەمبەر (ﷺ)جەختیان لەسەرکردوەتەوە لەنێو ئەو دەقانەدا فەرمودەی خوا: ﴿مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[1].

ئەم دەقە دووبنەمای لە بنەماکانی یاسای تاوانکاری خستوەتە ڕوو، کە پێشتر یاسا پەی پێنەبردبوون، پاش شۆڕشی فەرەنسی نەبێت ئەوانیش:

یەکەم: بەرپرسیار لەسەر تاوان ڕاستەوخۆ ئەنجامدەری تاوانەکەیە، یاخود ئەوەیە بەبێ کەسی تر بوەتە هۆکارو کەسی تر هاوکاری وئاسانکاری بۆ تاوانەکەی نەکردوە، خۆیش پێزانینی لەوبارەوە هەبێت، ئەوەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە فەرمودەی خوایی(وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى) لە فیقهی تاوانکاری نوێداپێی دەوترێت(پرانسیپی کەسێتی بەرپرسیارێتی یاخود بەرپرسیارێتی کەسێتی یاخود بەرپرسیاریەتی تاکە کەسی).

دووەم: لێپرسینەوە لە هیچ کەسێك ناکرێت لەسەر هیچ تاوانێك ئەگەر شوێنگەکەی سانسۆر نەکرابێت پێش ئەنجامدانی. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ کۆپلەی دووەمی دەقی فەرمودەی خودا (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا). لە فیقهی تاوانکاری نوێدا بە (پرانسیپی شەرعیەت)دەناسرێت.

شتێکی زانراوە کە بۆ هەمو بنەمایەك و پرانسیپێك، هەڵاوێردیَ(استثناء) زیاتر هەیە.

---

[1] سورة الاسراء / ١٥ .

دەكرێت پێودانگی (اعتبار) خوێنبایی لەسەر كەسوكاری هاوخوێنی واجب بێت، و لە پرانسیپی كەسێتی بەرپرسیارێتی دا نائاسایی بێت. هەروەها پێودانگی واجب بوونی ئیمان واجب بوونێكی عەقڵیە هەروەها حەرامكردنی كوفر حەرامكردنێكی عەقڵیە لای ماتوریدی و موعتەزیلەكان، بێجگە لە پرانسیپی " شرعية الجريمة [1]."

ئێمە لێرەدا ئەم حوكمانەلە سێ باس دا دەخەینە ڕوو:

یەكەم: پرانسیپی كەسێتی بەرپرسیارێتی.

دووەم: بەرپرسیارێتی لە كردەی ئەوانی تر.

سێیەم: پرانسیپی شەرعیەتی تاوانی.

باسی یەكەم:
پرانسیپی كەسێتی بەرپرسیارێتی

بیركردنەوە لە دیاردەی تاوانكردن، وهۆكارەكانی بەرگری كردن لێی و ڕووبەڕووبونەوەی پرسێكی مرۆییە، لەگەڵ درووست بوونی كۆمەڵگەكان ئەو كۆمەڵگانە هەڵگری بەهای گشتی بوون دەستیپێكردوە، وسوور بوون لە سەر پارێزگاریكردن و دوورخستنەوەی دوژمنایەتی و چەوساندنەوە.

لەوكاتەوە تا بە ئیمرۆ تاوان ولتایەكی هەبوە كە خۆی لە دژایەتی و لێدان لەو بەهاو پێوەرەكۆمەڵایەتیانە بینیوەتەوە. وەك چۆن واتای سزا بریتی بوو لە كاردانەوەو پەرچەكردارێكی كۆمەڵگە دژی ئەوەی كە پێشێلكاری بەرامبەر كردووە. لە ژێرسایەی ژیانی هۆزایەتی یان خێلایەتی ئەوكات دوژمنایەتی تاكی هەبوو لەبەرامبەریشیدا پەرچەكردارێكی تاكی غەریزی تۆڵە سەندنەوە هەبوو. یاساناسان پێیان وایە كە كاری تۆڵەسەندنەوەی

[1] موعتەزیلەو ماتوریدیەكان وادەبینن كە واجب بوونی(باوەڕ– ئیمان) بەخودا و حەرامكردنی كوفر بەخوا، بەعەقڵ چەسپاون بەبێ شەرع چونكە واجب بوونی ئیمان بەقورئان تەواو نابێت مەگەر دوای ئیمان بەخوا، ئەگەر واجب بوونی باوەڕ بەخوا لەسەر ئیمان بە قورئانی پیرۆز بوەستێت ئەوا نەكرانی لۆجیكی –الاستحالة المنطقية– خۆی پێویست دەكات.

غەریزی باوکی راستەقینەی سیستەمی سزابوەو یاسای سزادانی تاوانکاری لەسەرئەو بونیادنراوە، هەروەها ئەو وێنە یەکەمینەیە کە لەگەڵ ژیانی سروشتی(فیطری)دێتەوە.

بەڵام بەهۆی ئەو پشێویەی کە سیستمی تۆڵەی خێڵایەتی باڵی کێشابو بەسەریدا وایکردبوو کە سزا بەسەر کەسی تاوانباردا نەسەپێت بەڵکو ئەو خێڵەی کە دەستدرێژیکەرەکەی تێدابوو هەمووتاکەکانی دەبوونە جێ پەلاماری تۆڵەی بەرامبەر، بەمەش ماك و لێکەوتەی خراپ و تاوانی زیاترو بەردەوامی ئاژاوەو ململانێ لە نێوان هۆزی دەستدرێژکەرو هۆزی دەستدرێژی لەسەرکرلو دەخستەوە بۆ چەندین ساڵ.

وەك دەبیسین و دەیگێڕنەوە ئەم کێشەو ململانێی خێڵایەتیە لە هەندێ ناوچەو کۆمەڵگەکان هەرماوە کاری دوژمنایەتی لەنێوانیاندا بەردەوامی هەیە، لەکاتێکدا کە ئێمە لە چەرخی بیستو یەکەمدا دەژین!!

ئەو سیستمە تۆڵەییە پەرەی دەسەندو ڕوەو شەڕی خێڵایەتی دەرۆیشت کە ئەگەری وەستاندنی نەدەما، ئیتر بیر لەوەدەکرایەوە کە هۆکارێك یان سیستمێك بدۆزرێتەوە بۆ وەستاندنی ئەو ئەڵقە خالیەی لە دەستدرێژیەی هەردولا بۆسەر یەکتری، کە زۆرجار سەرچاوەکەی ئەوە بوو کە تۆڵەسێن لەسنووری تۆڵەی خۆی دەچوە دەرەوەوچەندجارە دەستدرێژی دەکردە سەرکەسانی تر بە پاڵنەری تۆڵە.

کۆمەڵگە خێڵەکیەکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە ئەنجامی پەرەسەندنو پێشکەوتنیان کەوتنە سەرسیستم وناسران:

وەك وازهێنان لەکەسی دەستدرێژی کەر لەلایەن خێڵی دەستدرێژی لەسەرکراو، قەدەغەکردنی تۆڵەسەندنەوە لەهەندێ شوێنی دیاریکراو لەهەندێ کاتی دیاریکراو وەك مانگە قەدەغەکراوەکان کە خێڵە عەرەبیەکانی پێش ئیسلام لەسەری راهاتبوون، و پاشان شەریعەتی ئیسلام دانی نا بەوەدا[1].

---

[1] مانگە قەدەغەکراوەکان ئەمانەن: ژولقەعدە، ژولحەجە، موحەرەم، رەجەب لەمانگەکۆچیەکان. ئەمانە پێغەمبەر (د.خ) لە وتاریماڵئاواییدا (خگبە الوداع) فەرمووی: ژمارەی مانگەکان لای خوای گەورە دوازدە مانگن لە کتێبی خوادا، لەو رۆژەوەی خوای گەرە ئاسمان و زەوی درووستکردووە، لەوانە چواریان قەدەغەکراون، سیانیان بەدوای یەکەوە دێن، یەکێکیشیان تەنهایە، ژولقەعدە، ژولحەجە، موحەرەم، رەجەب کەوتوەتە نێوان جەمادەکان و شەعبان، شایەتی دەدەم لەسەر ئەمە خوای من..
←

نموونەی ئەودیاردانە و پەرەسەندنەی ئاماژەمان پێدا : قصاص كردنی باوك ودایكی تاوانبار، واتە قصاصەكە دەكەوتە سەرئەوەی دەستدرێژی لەسەركراوە یان خانەوادەكەی یان عەشیرەتەكەی لەو كەسەی كە دەستدرێژەكەی كردووە، بەو شێوازەی كە یەكسانی تەواو لە جۆر و ئەندازەوە بەتەواوی لەنێوان دەستدرێژی وتۆڵەسەندنەوەدا جێبەجێ دەبێت.

بەلاَم سیستمی (خوێنبایی—الدیە) بریتیە لە رەزامەندبوونی هەردوو خێڵەكە (دەستدرێژیكەرو —دەستدرێژی لەسەركراو) لە سەر مەبلەغێكی دیاریكراوە لە ماڵ و سامان لەلایەن دەستدرێژی كەرەوە یان وەرەسەكەیەوە بەرامبەر لێخۆشبونی ئەوان لەبەرامبەر تۆڵەنەسەندنەوەیان لە تاوانبار.

شایانی باسە چەمكی خوێنبایی لە زاراوەی گریكی ((Poine)) كە چاوگی وشەی((Peine)) بەمانای سزادان دێت. ئەوەش بەڵگەیەكی مێژوییە لەسەرپەیوەندی بیری خوێنبایی وبیری سزادان[1] .

پاش دروستبونی دەوڵەت و نوسینەوەی یاساكان بۆ رێكخستنی پەیوەندیەكانی تاك لەنێو كۆمەڵگەكاندا، سزادان گواستنەوەی بە مافی تایبەتە لەلایەن تاكەوە كە پیادەدەكرا بە پاڵنەری غەریزەیەكی مرۆیی و فترەتی تۆڵەسەندنەوەی بۆ مافی گشتی لەسەر ئەو بنەمایەی

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحِلُّوا شَعَائِرَ اللَّهِ وَلَا الشَّهْرَ الْحَرَامَ، فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ...﴾التوبة : ٥. لە مەرجەكانی وەستاندنی شەڕ لەو مانگە قەدەغەكراوانە ئەوەیە كە ئەو شەڕە نابێت بەردەوامی هەبێت لەدەستدرێژیكردن..وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێكراوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلاَ تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ...﴾التوبة : ٣٦.

وهەروەها وێنای ستەمی نەفسێك دەكات بەوەی كە لەسەرخۆیان دەستكردنەوە قەدەغە دەكەن كەچی دوژمنەكانیان گوێ نادەنو خوێنی تیادەرێژن، واتە مەرجە لەم بوارەوە دوژمنیش باوەڕی بە قەدەغەكردنی كوشتن لەو مانگانە هەبێت وەك چۆن موسڵمانانداندا هەبێت.. ..

تەماشای القانون والعلوم السیاسیة ، الحلقة الدراسیة الثالثة، ١٩٦٩ بەشی یەكەم، لاپەرە ٢٧٧.

[1] الدكتور علي راشد، القانون الجنائي مع التعمق — محاضرات الدراسات العليا — جامعة بغداد. لسنة ١٩٦٨ / ١٩٦٩ ص ٢٤ .

کە سیستمی سزادانی تایبەت پێچەوانەو دژە لەگەڵ سەروەری دەوڵەت و سەربەخۆیی ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەها نایەتەوە لەگەڵ ئەرکەگشتیەکانی وەك پاراستنی ژیانی هاونیشتمانیان و ماڵ و سامانیان. بەمەش پیادەکردنی سزادان چاودێریە یاساییەکان و مافی سزادان لە دەسەڵاتی دەوڵەتدایە بە پێیەی ئەو نوێنەرایەتی تاکی دەستدرێژی لەسەرکراو دەکات.

بەدەرلەوەش دەوڵەت ماوەیەك پەیوەست نەدەبوو بە پرانسیپی لەخۆگرتنی یەکلایەنەی خۆی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە کەسی تاوانبار، بەتایبەت لە سایەی دەوڵەتانی تاکرەو ودیکتاتۆریدا، هەروەها یاساکانی چەرخی ناوەراست پێش شۆرشی فەرەنسی، سەرباری ئەوەش مردوەکان و ئاژەڵ و شتە بێگیانەکانیان دانابوو شوێنگەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری، سزادانیان وەك جۆرێك لە تۆڵەسەندنەوە دەزانی، دەسەلات دەیسەپاند بەسەر خانەوادەی تاوانباردا لە پێناو ئەوەی کە تاوانبار زۆرترین سزاو ئازارو کوشتنیان بەرامبەر بکرێت.

ئەوکات سزادان بەپێی هەندێ لە یاساکان [1] جێبەجێدەکرا بەسەر ئەو کەسانەی کە نەیاری سیاسەتی پاشایان دەکردو کوشتنی کەسانی دەوروبەری ئەوان و زیناکردن لەگەڵ کەس وکارو خزمەکانیان.

ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئاینی مەسیحی لەئەوروپا بالآدەس و باو بوو دژایەتی تەواوی ئەو چەشنە مامەڵە هەمەجی و سەرتاپیانەی مرۆڤی هەبوو، کەچی دەبینین سزادان بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی پێش سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسی هەرهەبوەو ئەوماوە ناسراوە بە سەردەمی توندو تیژی وسروشتی سزادانی کوێی وگشتی کە خەڵکو خانەوادەی تاوانباری دەگرتەوە، ئەوەش دەرەنجامی سووربوونی ئەو پاشاو دەسەلاتدارە چەوسێنەرانە بوو لەبەکارهێنانی سزا وەك چاوترساندن و زیاترملکەچی پێکردنی ئەوانی ترو سەپاندنی دەسەلاتەکانیان [2].

---

[1] وەك یاسای الفرنك السالي. تەماشەی الدكتور محمود عثمان. المسؤولية الجنائية عن فعل الغير، لاپـەرە(٥) بکە.

[2] الدكتور السعيد مصطفى السعيد، الاحكام العامة في قانون العقوبات طبعة/١٩٦٢، ص١٠ وص١١.

شەریعەتی ئیسلامی و پرانسیپی كەسێتی بەرپرسیارێتی:

لەپرانسیپە بڕیارلێدراوەكانی ناو شەریعەتی ئیسلامیە كە: لێپرسینەوە لەكەسێك ناكرێت لەسەر تاوانی كەسێكی تر، هەروەها كەسێكی ترناگیرێت بە هۆی تاوانێك كە ئەوانی تر ئەنجامیان دابێت. سزادان لە ئیسلامدا كارێكی كەسیەو لكاوە بە تاوانبارەوە، هیچ كەسێكی تر بەرپرسیارێتی تاوانكاری هەڵناگرێت بەدەر لە تاوانبار .

لەبەرگرنگی ئەم پرانسیپە لە هێنانەدی دادگەری دادوەریداو لەوەرگرتنی ماف بۆ هەرخاوەن مافێك، قورئان تەنها بەدەقێك و دوو دەق ئیكتیفای نەكردووە بەڵكو سووربوە لە هێنانی چەندین دەقی زۆر لەپاڵ جەختكردنەوە لێی بە فەرمودەو كرداری پێغەمەردا(ﷺ) نموونەی ئەو دەقە پیرۆزانەی قورئان لە دانان بەو پرانسیپەدا وەك: خودای گەورە دەفەرموێت:

أ-خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[1].

ب- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[2].

ت- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى، وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى، أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[3].

پ- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾[4].

ج- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ﴾[5].

---

[1] سورة الانعام / ١٦٤ .
[2] سورة الاسراء / ١٥ .
[3] سورة النجم / ٣٦ ، ٣٧ ، ٣٨ .
[4] سورة الزمر / ٧ .
[5] سورة فاطر / ١٨ .

ح- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾[1].

ئەم دەقە قورئانیانە و هاوشێوەکانی هیچ گومانێکمان لا ناهێڵنەوە لەوەی کە هەموو تاکێك خۆی بەرپرسیارە لە کردەکانی و هەرخۆیشی وەرگرەوەی سزای گوناهەکانیەتی، کەسانی تریش هەڵگری گوناهەکانی ئەو نین، وەك چۆن ئەویش هەڵگری کۆڵە قورسەکانی خەڵکی ترنیە.

شایانی باسە کە راستی و بنچینەی (وزر) بریتیە لە(قورسایی-کۆڵ)لەوانە فەرمودەی خودا(وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ) بەلاّم لێرەدا مەبەست لە (وزر) گوناه وتاوانە. قورتوبی لەوبارەوە دەڵێت: ئەم ئایەتە وەلاّمێك بوو بۆ ئەوکلتورەی کە پێش ئیسلام هەبوە لەوەی کە لە بری پیاوێك باوکی و کوڕی و سوچوتاوانی هاوپەیمانەکەی))[2]. لەپاڵ ئەو دەقە قورئانیانە چەندین فەرموودەی پێغەمەر(ﷺ) جەخت لەسەر ئەم دەقانە دەکەنەوەو ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە بەتاوانی خەڵکی مرۆڤ لێی ناگیرێت، هەموو کەسێك بەتەنها هەڵگری بەرپرسیارێتی رەفتارەکانی خۆی هەڵدەگرێت: لەو فەرمودانەش:

أ- فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ): ((لايؤاخذ الرجل بجريرة ابيه ولا بجريرة اخيه))[3]. واتە پیاو نە بە سوچ وتاوانی باوکی و نەبەسوچ و تاوانی براکەی لێی ناگیرێت وکردەی ئەوان ناخرێتە ئەستۆی ئەو. لەرووی گوتراوەوە، ئاماژەیە ۆ ئەوەی کە مۆڵەتدراو نیە لە رووی تاوانیەوە لێپێچینەوە لە کەسێك بکرێت بە سوچ و تاوانی باوکی یان سوچ و تاوانی براکەی. لەرووی چەمك تێگەیشتنەوە بەڵگەیە لەسەر ناڕەوایی ئەو کردەیە بەنیسبەت کەسانی تریش چونکە گەر بۆ باوك ودایك و خزم وکەس وکاری ئاوا بێت کەواتە بۆ کەسی دوور وبێگانە ئەولاترە.

ب- لە (رمثة) وە دەگێڕنەوە وتوویەتی: لەگەڵ باوکم دەرچووم تا گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) بینیم سەری بەخەنە رەنگ کردبوو[4] و فەرمووی بە باوکم ئەوە کوڕی تۆیە، وتی

---

[1] سورة فصلت / ٤٦ .

[2] محمد بن احمد الانصاري القرطبي، الجامع لاحكام القران (تفسير القرطبي) ٧ / ١٥٧ .

[3] رواه احمد والنسائي، نيل الاوطار ٧ / ٨٨ ورواه البزاز ورجاله رجال الصحيح مجمع الزوائد ٢٨٣/٦.

[4] واتە رەنگی قژی گۆڕا بو بۆ زەرد بەهۆی خەنەوە.

بەڵێ، فەرمووی ئەو تاوانی تۆ هەڵناگرێت و تۆش تاوانی ئەو هەڵناگری، ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾[1].

ت- لە پیاوێکی یەربوعەوە وتی: چووینە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) کە خەریکی دواندنی خەڵکان بوو، لەوکاتەدا خەڵکانێك لە ئەنصار هەستانەوەو وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە لە (بەنوثعلبة)ن ئەوانەن کە لە کاتی نەفامیدا ئەوەو ئەوەیان لە ئێمە کوشت، پێغەمەری خوا فەرمووی: "کەسێك تاوانبار ناکرێت لە بری کەسێکی تر"[2]

پوختەیەك لەم دەقانەی شەریعەتی ئیسلامی دەسماندەکەوێت ئەوەیە کە شەریعەت داننانێت بە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەکردەی کەسێکی تر، ج ئەگەر ئەو کەسە باوك یان کوڕ بێت، ئەم شەریعەتە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بانگەوازی ئەم پرانسیپەی کرد" وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ " کە یاسادا پێی دەوترێت "بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە کردەی ئەوانی تر" کە پێچەوانە بوونەوەی لەگەڵ پرانسیپی کەسێتی بەرپرسیارێتی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە چونکە لەراستەقینەیدا بەرپرسیارێتی تاوانکاری کەسێتی کردنە هۆکارە (نەك پەیوەندارێتی-مباشرە).

ئەوە لە سەر بنچینەی ڕێچکەیەکی کەسی پێچەوانەی واجب دەقێك تاوانارکردنی بەسەردا دەسەپێنێت، وەك ئەوەی ناچارکرێت کە چاودێری چالاکی کەسێکی ترکات یان سەرپەرشتی بە بێ کەوتنەوەی دەرەنجامێکی تاوانکاری بە شێوازێك کە ئەگەر واز لەو واجبە بهێنێت ڕێگری لەچاودێریکردنی یان سەرپەرشتیاریکردنی بکرێت، ئەوەش بێتە هۆی ڕوودانی تاوان لەوانەی تر. کاتێك پرسیار لە تاوانکاری دەکرێت پایەی مادیەکەی بریتیە لە ڕێگریکردن، و پایە مەعنەویەکەی بریتیە مەبەستی تاوانکاریانە، ئەگەر ویستی کەسی بەرپرس ڕووەو وازهێنانی بەئەنقەست لە واجب بروات یاخود هەڵەی نائەنقست ئەنجام بدات ئەگەر ویستی ئاراستەی وازهێنانی بە واجب نەکردبێت. بەڵکو ڕەفتاری کەسێتی تێکەڵ بەهەڵە هۆکارێك بێت بۆ ڕوودانی ئەنجامێکی تاوانکاری.

---

[1] رواه احمد وابو داود والنسائي من حديث ابي رمثة واسمه حبيب بن حيان جامع الاصول ١١/ ٩ . نيل الاوطار ٧/ ٨٨ .

[2] رواه النسائي واحمد وابو داود ورجاله رجال الصحيح من حديث ثعلبة بن درهم. جامع الاصول ١١/١٠.

هەربۆ نموونە: ئەگەر باوکێك سویچی ئۆتۆمبێلێك بداتە یەکێك لە مێرد منداڵەکانی و شۆفێریش نازانێت، پاشان منداڵەکە تاوانێکی (ڕودلوی شێلان) ئەنجام بدات، ئەوە باوکەکە بەرپرسیارە لەو تاوانە چونکە هۆکار بووە بۆ ئەوە، ئەو تاکە کەسێکە کە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەو مەرجەی منالەکە تەمەنی کەم واتە پێگەیشتوو(بالغ) نەبوبێت. بەڵام ئەگەر لەتەمەندا پێگەیشتوو بوو ئەوا هەردوکیان پێکەوە بەرپرسیارن لەو دەرەنجامە.

لەشەریعەتی ئیسلامیدا جێبەجێکردنی بیری بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە کردەی ئەوانی تر نابینیتەوە لەدەرەوەی چوارچێوەی بەرپرسیارێتی بوونە هۆکار، بێجگە لە ڕای هەندێك لە شەرعزانانی ئیسلامی کە پێیان وایە کە پێویستە (خوێنبایی) لەسەر کەسوکاری هاوخوێن (عاقلە)یە، هەروەها لە حاڵەتی کوشتنی بەهەڵەدا یان شێوە ئەنقەست. بەشنامەی یاسایی (القسامە) پێی وایە کەلەجێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریە لە کردەی ئەوانی تر. ئەوەش. لەم باسەی کەدێت وردەکاری لەسەر دەدەین . .

باسی دوومم:
بەرپرسیارێتی لە کردەی ئەوانی تر

بیری بەرپرسیارێتی لە کردەی ئەوانی تر لەیاسادا لە سەدەی هەژدەیەمی زاینیەوە دەرکەوت، بەڵام بایەخپێدان و کارپێکردنی بەخۆوە نەدی لەلایەن زانایانی ئەو بوارەو دادگاوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، پاش لالێکردنەوە بایەخ پێدانی ئیتر ئەم بابەتە بوە شوێنگەی خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکانی یاساناسان لە دیاریکردنی بنچینەکانی ئەو بەرپرسیارێتیە لەوانە:

أ- هەندێك لەوان لەسەربنەمای بنچینەی تیۆری بەشداری (نظریةالاشتراك) باسی لێوەدەکەن، بەو پێودانگەی کە کەسی بەرپرس بەشدارە لە تاوانی ئەوانی تر بێتە هەژمار...

ڕەخنە لەم ڕاوبۆچوونە گیراوە بەوەی کە بەرپرس هیچ کات بەواتای یاسایی بەشدار نیە لەو تاوانەی کە لە ڕووی مادیەوە لەوانی تر کەوتوەتەوە، چونکە پشکداری ئەو

راستەقینە(ئەصلیە)یە، بەلأم پشکداری بەشدار شوێنکەوتە (وابەستە)یە[1].

ب- هەندێکی تر، لەسەر بنەمای تیۆری بکەری مەعنەوی(فاعل المعنوی) دەیهێنن، بەو پێیەی کە بەرپرس کاتێك پاڵ بە کەسی تری ناشایستە(غیراهل) یان نیازپاکێك، دەنێت بۆ ئەوەی هەستێت بەئەنجامدانی گوناهو تاوانێك، ئیتر ئەو بکەری مەعنەوی ئەو تاوانەیە.

رەخنە لەم تیۆری بکەری مەعنەویە دەگیرێت بەوەی بەردەوام کە مرۆڤێك کەسێکی تر هەڵدەسورێنێت و بێگاری کردنی تاوانێکی وەك کوشتنی دەخاتە ئەستۆی، بە هەلوەرگرتن لە روونبوونی شایستەیی(أهلیە) یان بە بەکارهێنان (استغلالکردن)ی نیەتی باشی، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی ئەمەی پێدەکرێت ئەوەی تیا بەدینائیت[2] هەروەها ئەوەی بەرپرسە هیچ چالاکیەکی کردەیی و رەفتاری لێدەرناچێت، کە لەوی تر(الغیر) بکەوێت و هەڵیگرێت لەسەرهێنانی کردەی تاوانی. لەپاڵ ئەوەشدا بکەری مەعنەوی باسکراو خۆی بەرپرسی راستەوخۆیە، چونکە کەسی نێوەندەکە (الوسیط) لەشوێن ئامێرێکەو بەکاربراوە بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکە.

ت- دادگای فەرەنسی لە هەندێ بریاریدا بە ئاراستەی بونیادنانی ئەو بەرپرسیاریەتیە رۆیشتوە لەسەر بنچینەی بریکاری یاسایی(النیابة القانونیة) بەو پێیەی پەیوەندگری راستەوخۆ نوێنەرایەتی بەرپرسەکە دەکات.

ئەمەش رەخنەی لێگیراوە بەوەی کە ئەگەر راست بێت لە بەرپرسیارێتی مەدەنی دا، ئەوا لۆجیکی یاسایی ئەو وتەی ریکاریە یاساییە لە بواری تاوانکاریدا رەت دەکاتەوە.[3]

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لەمەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە سەر کردەی ئەوانی تر(فعل الغیر):

پێشتر ئەوەمان روونکردەوە کە ئەوەی پێی دەڵێن یاسای تاوانکاری نوێ، هەروەها هەندێك لەوانەی مەعنین بە لێکۆڵینەوەی شەریعەتی ئیسلامی بۆمەبەستی بەرپرسیارێتی

---

[1] د.محمود عثمان الهمشري، المسؤولية الجنائية عن فعل الغير الطبعة الاولى ١٩٦٩/ ص ٦، ٧.

[2] وەك چۆن لەونۆخەی کەبەتەولوی سوود لە شایستەبوونی وەردەگرێت، یان نۆخی نیازی خراپی هەیە.

[3] هەمان سەرچاوە.

لەسەر کردەی ئەوانی تر، لە راستیدا ئەوە بەرپرسیاریەتیەکی کەسیە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەرێگەیەکی ناراستەوخۆ(بوونە هۆکاری)دروست دەبێت.

شەریعەتی ئیسلامی پێش هەموو یاسادانراوەکانی تر لەو ڕوەوەی پێیوایە تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و کۆمەڵگە بەگشتی لێی بەرپرسیارەوەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: هەمووتان شوانن وەهەریەکێکتان بەرپرسیارن لەوانەی شوانیان دەکەن(لە شوانیەکەتان بەرپرسن) بیجگە لەوە — بەبروای من —بەرپرسیارێتی تاوانی لە کردەی ئەوانی ترلە لای یاساناسان بەو مانایە دانی پیانەنراوە، بەڵکو هەموو کەسێك لێیدەپرسرێتەوە بەرامبەر بە پشکداری لەو تاوانەی کە تیایدا هەبوە یان هۆکار بوە لە ڕوودانی.

ئەمە لەکاتێکدا دەقی زۆرهەن جەخت لەسەر لێنەگیرانی کەسێك لەمەڕ تاوانی ئەوانی تر دەکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەوانەی پەیوەندارن و مەعنین [1] بە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەوە لە ناو شەریعەتی ئیسلامیدا، وای بۆدەچن کە پێدانی (دیە— خوێنبایی) لەسەر کەسو کاری هاوخوێنی و بەشنامەی یاسایی لەسەر ئەوانەی کە نزیکبون لەشوێن ڕوودانی تاوانەکەوە، نازانرێت بکەری تاوانەکە کێ یەو ئاشکرانەبووە دوو وێنەن لەوێنەکانی بەرپرسیارێتی. بۆ دڵنیابوون لەو پەیوەندیەی نێوان سیستمی (خوێنبایی—دیە) لەسەر کەسوکاری هاوخوێن و لەنێوان بەرپرسیارێتی لەکردەی ئەوای تر، لەسەرمانە پێناسەیەکی ئەم سیستمە لە ڕووی راستەقینەکەیەوە بکەین، پاشان لە ڕووی بەڵگەی ڕەوایی ومەرج وینچینەو سروشتیەوە .

راستیتی (الدیە) خوێنبایی:

لە ڕووی زمانەوانیەوە: بەچەند مانا هاتووە، لەوانە (ڕۆیشتنی ئاو— لافاو)، دەوترێت : ودي الشيء اذا سأل، پێدانی شتێك ئەگەر دلوابکرێت، لە دارشتەکانی وشەی الوادي=دۆڵ)

---

[1] الاستاذ عودة، التشريع الجنائي الإسلامي ١ / ٦٧٤ . الاستاذ ابو زهرة، الجريمة والعقوبة ص ٤٢٣ وما بعدها. الدكتور وهبة الزحيلي، نظرية الضمان، ص ٢٨٩ .

دێت[١]..

لەڕوی فقهیەوە: بەچەند پێناسەی جیاواز هاتووە و ناسێنراوە، ووردترین و گشتگیرترینیان پێناسەی حەنبەلیەکانە کە هاتوە بە: ئەومالەی دەدرێتە (تاوان بەرامبەر کراو–مجنی علیە) یان سەرپەرشتیارای خوێنی (ولی) یان میراتگرەکانی، بەهۆی ئەو تاوانەی دەرحەق بە مرۆڤێك کراوە، بە کوشتنی یان بریندارکردنی ئەندامێکی راستەوخۆ یان بەهۆی بوونەهۆکاریەوە.[٢]

ئەوە زانراوە کە لەفیقهی ئیسلامیدا کە (خوێنبایی) ئەنقەست لە ماڵی تاوانبار دەدرێت، هەرچی خوێنباییی نائەنقەست و نیوچە ئەنقەستە دەبێت لەسەر خزمانی پشتی تۆمەتبار، دەدرێت، پاشان خوێنبایی لە پەل و گوێ و قاچ و برینداری داواناکرێت پێش ئەوەی چاك نەبێتەوە[٣].

هەندێك لە شەرعناسان لە نێوان خوێنبایی و(الأرش) دەکەن بەوەی کە یەکەمیان لەبری گیان(النفس) دەدرێت و دوەمیان لەبری هەرشتێ تری کەمتر لەو. [٤]..

بەڵگەکانی ڕەوابیدان بە خوێنبایی (دیە):

سیستمی خوێنبایی پێش ئیسلام هەر بوونی هەبووە، ئیسلام هاتوە جۆرێك لەرێکخستنەوەو رێککاری تێدا کرد بەو شێوازەی ئامانجە ویستدارەکانی پێ بێتەدی، لەو دەقانەی کە رۆشنکەرەوەی حوکمەکانی خوێنبایین فەرمودەی خوایی:﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا[٥] فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ

---

[١] وهي مصدر ودى يدى، لصلها الودى حذفت الولو بعد نقل كسرتها الى الدال والتعويض عنها بالهاء. لنظر تهذيب اللغة ١٤ / ٢٢١ لابي منصور محمد بن احمد الازهري.

[٢] محمد بن احمد الفتوحي، منتهى الارادات — القسم الثاني ص ٤١١ ، منصور بن ادريس الحنبلي، كشاف القناع على متن الاقناع ٤ /٢ .

[٣] تەماشەی هەردوو سەرچاوەکەی پێشوو بکە.

[٤] الفتاوي الهندية ٦ / ٢٤ .

[٥] لە دەستەواژەی " الا ان يتصدقوا"تيايدا پيتی (ت) و(ص) لکێنراون و دەغمکراون. واتە مەگەر ئەو کەس وکارەی کە خوێنباییان لەسەرە ببەخشن.

وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ[1] وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾[2].

لەم دەقەوە پوختەی ئەو حوکمانەی کەلەسەر کوشتنی هەڵە(نائەنقەست) دەکەونەوە ئەمانەن:

أ‌- ئەگەر کوژراو باوەردار و لە کۆمەڵی بروادارارن بێت دوو کردە واجبە:

١- ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە ژیانی یەکێك لە ئەندامانی تێدا تیاچوو بە هەڵە، ئەو قەرەبوویەش میکانیزمێکە لەو چەندان میکانیزمانانەی کە ئیسلام بەهۆیانەوە هەوڵی ئازادکردنی مرۆڤی داوە تا رزگاری بکات لە مۆتەی کۆیلایەتی، ئەو هات بە سیستمێکی ئازادیەوە، بەسیستمی کۆیلایەتی و بە بەندە کردنی مرۆڤەکان نەهات، وەك هەندێك ئەو تێگەیشتن وبانگەشەیان لە بۆ ئیسلام هەیە.

٢- بژاردنێکی خوێن (مسلمە)ماڵی و بۆ بنەماڵەی کوژراو وەك قەرەبوویەکی ئەوان بەرامبەر ئەوەی لەدەستیان چووە لە سودی کوژراو لەلایەك و وەك هاوکاریەك و پاڵپشتیەکی مادی لەلاکەی ترەوە. لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگە کاتێك خێزانێك هەڵدەستێت بە پێدانی، سەرباری ئەوەی هەیە لەو سیستمە کە هەڵگرتنی کردەی خوێن رشتنە و برینەوەی پشێوی و داکەوتەکانی تاوانەکەیە.

ب‌- ئەگەر کوژراو ئیماندار بێت و بنەماڵەکەی شەڕکەرین و دانیشتووی (دارالحرب) بن، تەنها ئازادکردنی کۆیلەیەکی دەکەوێتە سەرشان(واتە تەنها قەرەبووی کۆمەڵگەی لەسەرە) ئیتر قەرەبووی بنەماڵەکەی خوینبایی(دیە) لەسەر نیە، نەوەکو ببێتە هاوکاریەك بۆ بەردەوامی جەنگ و سودوەرگرتن بۆ جەنگ.

ت‌- ئەگەر کوشتنەکە لەنێو ئەوانەدا کە بنەماڵەکەی دەبنە هاوپەیمان- پەیمانی شەر راگرتن یاخود پەیمانی زیمە- ئەوە حوکمەکەی هەمان حوکمی یەکەمە کە بژاردنی

---

١ نهێنی پێویستبوون بە تەوبەکردن لەوەدایە کە بکوژ کەمتەرخەمی (موقەصیر) بوە، بە کەمتەرخەمی نواندنی و خۆنەپاریزی و بێئاگایی نواندنیەوە..

٢ سورة النساء / ٩٢ .

خوێن و ئازادكردنی كۆیلەیەكە.

لە حاڵەتی دەست نەكەوتنی كۆیلەیەك وەك ئەوەی ئەم سەردەمەی ئێمە، ئەوا پێویستە لە سەر بكوژ نەك خانەوادەی هاوخوێنی بكوژ، دومانگ لەسەر یەك ڕۆژوو بگرێت ئەوەش وەك راستكردنەوەیەك بۆ رەفتاری و پاككردنەوەی رەوشتی، تاوەكو ئەوە ببێتە هۆی وریابوونەوەی و تەمێبوونی لە هەڵسوكەوتەكانی.

مەرجەكانی واجب بوونی خوێنبایی لە سەر خزمانی پشت:

كوشتن بۆخۆی هۆكارێكە بۆ واجب بونی خوێنبایی لە سەرخزمانی پشتی بكوژ، ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا هاتەدی:

١- نەبوونی خەصڵەتی ئەنقەستی لەكوشتنەكەدا، چونكە بكوژی بەئەنقەست و دوژمنكارانە شایستەی بەزەیی و هاوكاری و پاڵپشتی نیە.

٢- نەسەلمانی كوشتنەكە بە ووتەی وەرگیراوی بكوژ، چونكە وتەی وەرگیراوی بكوژ بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوەیە تاوەكو ئەو تاوانە نەكەوێتە سەر ئەوانی تر، و پاشان ئەو خۆی بەرپرسیارە لە خوێنباییەكە، نەك خزمانی پشتی، بەڵام لەم دۆخەدا بۆ ئەگەری رێككەوتنە لەنێوان دانپیانەرو میراتگرانی كوژراو.

٣-خوێنبایی ناكەوێتە دوای ئاشتەواییەوە(صلح) چونكە ئاشتەوایی دوای لێخۆشبوون لە قصاص و گەیشتنە لەسەر رێككەوتن لەخوێنباییەكە، دەكرێت ئەوە بە ئەنقەست بێت، هەربۆیە خوێنباییەكە لەو دۆخەدا وەك خەصڵەتێكی سزادان دەبێت و پێویست دەبێت لەسەر تاوانبارو ئەوانەی پەیوەست بوون پێوەی.[1]

---

[1] بۆ زانینی زیاتر سەردانی ئەم سەرچاوانە بكە:
البدائع في الفقه الحنبلي، ٢٥٥/٧ وما بعدها.
المدونة في الفقه المالكي، ٤٩٦/٤ وما بعدها.
مغني المحتاج في الفقه الشافعي، ٩٥/٤ وما بعدها.
الإنصاف في الفقه الحنبلي، ١٢٦/١٠ وما بعدها.
الخلاف في الفقه الجعفري، ١٣٧/٣ وما بعدها.
التاج المذهب في الفقه الزيدي، ٢٤٣/٤-٢٤٣.
شرح النيل في الفقه الأباضي، ٦٦٩/١.

بنچینەی پێویست بوونی خوێنبایی لەسەر خزمانی پشت(العاقلة)

بنچینەی پێویست بوونی خوێنبایی لەسەر خزمانی پشت، دڵدانەوەیەکی بکوژ وپشتیوانیکردن و یارمەتیدان و سووککردنی ئازارە دەروونیەکانیەتی، رێگریکردنە لە خوێن رشتن ودروستکردنی خۆشەویستی و ئولفەت و ئاشتەوایی لەنێوان هەردوو خانەوادەو بنەماڵەی بکوژ و کوژراو، هەروەها پاراستنی مافەکانی بنەماڵەی کوژراو لە دۆخی نەداربوونی بکوژەکە. کاتێك خوێنبابیەکە وا لەدڵە شکاوەکان دەکات کە ناچارین وقەرەبووی ئەو زیانە کەوتووە کەلە دەستچوونی ئەوکەسەی کە هاوکارێکی گرنگیان بوو لە کاروباری ژیان و راپەراندنی.

سرووشتی خوێنبایی:

ئەوانەی بەخەمی لێکۆڵینەوەی خوێنبایی لە تەشریعی ئیسلامی ویاسا و دیاریکردنی سروشتی: ئاخۆ ئەمە سزایە یاخود قەرەبووە یاخود کۆکراوەی هەردوکیانە؟!

أ- تاقمێك وای بۆچوون کەوا ئەمە سزایەکی ماڵیە لە هەمو حاڵەتێکدا رەوایی هەیە و بەڵگەی واجب بوونە لە دۆخی کوشتنی بەهەڵەدا، بەوەی ئەو هەڵەیە دەگەرێتەوە بۆ هەڵەیی لە پەروەردەی و خراپی ئاراستەکردنی، لەوەوەیە کە بەرپرسیاری دەکەوێتە سەر خزمانی تاوانبار، پێویست بوونی خوێنبایی لەسەر کەسە نزیکە هاوخوێنەکانی. ئەوە کاتێك کە تاوانبار (شیاو-اهلیە)ی نەبوو وەك منداڵ یان شێت، ئەوە لەوکاتەدا خوێنبابیەکە دەچێتە خانەی قەرەبووی ماڵیەوە، جا ئەگەر واجب بێت لەماڵ و سامانی تاوانبار یان لەماڵ و سامانی خزمانی پشتی، چونکە تاوانبار شیاویی نیە بۆ بەرپرسیارێتی تاوانکاری.

ب- هەندێك وای دەبینن کە سرشتی خوێنبایی دەگۆرێت بەپێی جیاوازی هۆکارەکانی واجب بوونی، دەبێت وەك سزابێت کاتێك قصاصی حەلاڵ دەکرێت، هەروەها وەك قەرەبو دەبێت لە حاڵەتی کوشتنی هەڵە یان شێوە ئەنقەست(شبە عمد).

ت- ئەوانی تریش رایان وایە کە خوێنبایی سروشتێکی دوالیزمی هەیە، بۆیە دەکرێت سزابێت و لەهەمان کاتیشدا قەرەبوو بێت[1].

بەرای من ئەم راوبۆچوونەی کۆتایی شایستەی وەرگرتنە بەهۆی ئەمانەی خوارەوە:

١- خەصلەتی لۆجیکیانەی لەم روانەوە تێدایە:

أ-حوکمەکەی ناوەستێتە سەر خواستی تاوان بەرامبەرکرلو (المجني عليه).

ب- لەکاتی دەست لێ هەلگرتنی لەلایەن تاوان بەرامبەرکرلودا، یان لەلایەن میراتگرەکانی، راستەوخۆ لە شوێنیدا سزای تەمێکردن شوێنی دەگرێتەوە.

ت- ئەوە مەزندەو ئەندازەیەکی پێشکەشکرلوە لەلایەن یاسادانەرەوە.

پ- ئەندازەکەی ناگۆرێت وجیاوازی نابێت بە جیاوازی کەسەکان لە رووی بچوکی و گەورەیی و دەولەمەندی و هەژاری و بەهێزی و لاوازی و پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی و مالی تاوانبار بەرامبەرکرلو.

٢- خەصلەتی قەرەبووی هەیە لەم لایەنانەی خوارەوە:

أ. مالێکی پوختە بۆ تاوان بەرامبەرکراو یاخود میراتگەکانی، ناخرێتە سەر گەنجینەی دەولەت وەك چۆن غرامەو باج دەخرێتە سەرگەنجینە.

ب. رێ پێدراوە گەر تاوان بەرامبەر کراو یان میراتگرەکانی دەستهەلگرن لە بەرامبەری.

ج. لەدەقەکانی سوننەت و قورئانی پیرۆزدا هاتوە کە گوناه لەسەر هەلەکار هەلگیرلوە، هەلگرتنی گوناهکاری لەسەری واتای هەلگرتنی سزادەدات..

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ...﴾[2]، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ): (لە سەرشوێنکەوتوانم هەلگیرلوە هەلەو لەبیرچونەوەو کردەی ناچارکرلو لەسەری- رُفِعَ عن أُمَّتي الخَطَأُ والنِّسيانُ وما استُكرِهوا عليه))[3].

---

[1] الأستاذ أبو الزهرة، فلسفة العقوبة، ص٣٥٨ وما بعدها. الأستاذ عودة، سەرچاوەی پێشوو ٦٦٩/١.

[2] الأحزاب : ٥

[3] رواه ابن حزم وصححه: المحلى ١٩٣/٥

د. ئەگەر سزا بوایە ئەوا واجب نەدەبوو لەسەر خزمانی پشتی بە پێی ئایەتی خوای گەورە: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ...﴾[1].

لەم خستنەڕوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە واجب بوونی (دیە) لەسەر خزمانی پشتی ئەوە ولتای ڕوون و وردی جیاکردنەوە نیە لە پرانسیپی کەسێتی بەرپرسیارێتی تاوانکاری، هەروەها ناچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە لە یاسادا پێی دەوترێت بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە کردەی ئەوانی تر، بەڵکو هەروا ئەو واجب بوونە لە پێش ئیسلام باوبوە شەریعەتی ئیسلام لە سەر بنچینەی هاوکاری و هاوبەرپرسیاری دانی ناوە پیایدا، بەبەڵگەی کە عومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) کاتێك دیوانی دروستکرد هەڵسورینەرانی دیوانی بەرپرسیار کرد لەسەر خوێنبایی(دیە) لەجیاتی خزمانی بکوژ، کاتێك بکوژ خزم وکەسی نەبوو هەروەها مونتەمی بوو بۆی واتە ئەندامی دیوان بوو..

دەتوانین بڵێین کە هەر دەزگایەکی سەندیکایی یان ناسەندیکایی کە تاوانبار پەیوەندی هەبوو پێوەی وئەندام بوو تیایدا، لە شوێنگەی دیوان دادەنرێت. بەدەر لەوەی ئەم بابەتە لە ژیانی هاوچەرخی ئێمەدا چارەسەرکراوە بەنیسبەت رودلوی ئۆتۆمۆبێل، کە کۆمپانیای تەئمین بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

بەڵام هەرچی ئەوشتانەی بەدەر لە ڕووداوەکانن، پێویست وایە کە ئەو دەزگایەی کە تاوانبار مونتەمی و پەیوەندارە پێوەیەوە ئەو بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆدەگرێت، پاش ئەوەی کە سیستمی عەشایری یان خێڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا هەڵوەشایەوە، لەوبۆخەدا ئیتر گەنجینەی دەوڵەت (بەیتولماڵی جاران) بەرپرسیاردەبێت.[2] چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێنی ئەنصاریەکی بژارد لە بەیتولماڵی موسڵمانان کە جولەکەیەکی کوشت بوو.،[3] چونکە دەوڵەت دەبێتە میراتگری ئەوەی کە میراتگری لەدوو نابێت..[4] هەروەها بەرپرسیارە لەوەی کە نەهێڵێت هیچ خوێنێك بە زایە بروات..

---

[1] الأنعام ١٦٤، الإسراء ١٥، فاطر ١٨، الزمر ٧.

[2] الدر المختار ورد المحتار، ٥/٤٥٦.

[3] أبو زهرة، الجريمة والعقوبة في الفقه الإسلامي – العقوبة، ص٦٦٣.

[4] المادة ٨٨ من قانون الأحوال الشخصية.

ئەمە ئەگەر خوێنباییەکە واجب نەبوو بە هۆی ئاشتەواییکردن و صولحەوە، لەکاتی واجب بوونی قصاص، گەرنا بکوژ بەرپرسیارە لێی، لەسەریەتی راستەوخۆ خوێنبایی بدات، ئەگەر لە توانایدا بوو، خۆ ئەگەر هەژار بوو ئەوە با ئاسانترین بژاردنەوەی بۆ دیاریبکەن ئەوەش بەپێی فەرمودەی خوایی: ﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ...﴾[1].

پوختەی قسان ئەوەیە کە خوێنبایی (دیە) سزایەك نیە بەواتای یاسایی وورد، بەڵکو بەجۆرێ لەجۆرەکان قەرەبوویەکە بۆ ئەو زیانانەی کە لە تاوانبەرامبەرکرلو یان دەوروبەری بە هۆی تاوانەکەوە کەوتووە. پاشان بەدەر لەتاوانباریش پابەنددەبن پێوەیەوە بێ ئەوەی کە سزای کەسێتی وازی لێ بهێنرێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەمە ناوەستێتە سەر ئەوەی کە عەسقەلانی لە فەتحولباریدا.[2] و شەوکانی لە(نیل الاوطار)، هێناویانە[3] چونکە ئەو فەرمودانەی هێناویانە سەبارەت گرتنەخۆی(تضمین) کەسوکاری هاوخوێنی بکوژ تایبەتمەندە بە فەرمودەی خوایی: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى...﴾[4]. ئەگەرخزمان هاوخوێنی جیانەکرانەوە جیا نەکران لە بنەمای (ولا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى)، ئەوە هاوبەشبوون لەو تاوانەدا لە پێشترە کە ئەوان نەگرێتەوە..

باسی سێیەم:
پرانسیپی ڕەوایی- الشرعیە

ژیان لە هەموو کۆمەڵگەیەك لەو کۆمەڵگانەی کە لەسەرپشتی ئەم ئەستێرە (زەوی)یە نیشتەجێن، بەپێی کۆمەڵێك پرانسیپ و بنەمای دیاریکراو دەگوزەرێت، ئیتر سروشتی بوە کە هەمووتاکێك بزانێت- یاخود دەتوانێت بزانێت- کە چی یاساغ و (ڕێگەلێگیراوە- محظور) لەو کردەوەو هەڵسوکەوتانەی تاوەکو لەسەر رۆشنایی و تێگەیشتن لە شتەکان دەست بۆ شتەکان ببات، چونکە بەدەر لەوانە هەموویان (ڕێگەپێدراو- موباح)ن ئەویش

---

[1] البقرة : ٢٨٠

[2] ٢٧٠-٢٦٩/١٥

[3] ٢٤٣/٧

[4] الأنعام ١٦٤، الإسراء ١٥، فاطر ١٨، الزمر ٧.

لەسەر بنەمای (بنچینە لە هەموو ئەوشتانەی کە سوودمەندن رێگەپێدراوی و رەوابوونە) کە قورئانی پیرۆز لەچەند دەقی دا بانگەوازی بۆدەکات وەك دەفەرموێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مِّنْهُ...﴾[1]، ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً...﴾[2]

وشەی (ما) کاتێك لە شێوازی گشتیە و ولتای هەمەلایەنی دەدات، هەروەها پیتی (ل)لە وشەی(لکم) بۆ سوودمەندبوون ودەسکەوت و لەبەرژەوەندی بوونە.... ئەوە واتای کە بوونی شتێکی دروستکراو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان و سودمەندبونیانە. لەبەرئەوەیە کە دەبێت بۆخۆی ئەوە رێپێدراوو رەوابێت مادامەکی دەقێکی روون بە دژی نەهاتبێت. لێرەوەو لەم راستیەوە پرانسیپی رەوایی دەبێتە بە پرانسیپێکی بنچینەیی جێگیر لە شەریعەت و لەیاسا نوێکاندا بە (نەتاوانێك و نەسزایەك بوونی دەبێت تەنها بە دەقێك نەبێت) بەیاننامەی مافی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨ و لەمادەی (١١)ی دانی بەمەدا ناوە. هەروەها رێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٦٦ و لە مادەی(١٥)دا بەهەمانشێوە هاتوە. هەرلەو روەوە لە دەقی دەستورە دانراوەکانی ولاّتان لەوانە دەستووری عێراقی و مادەی (١٩) [3]، هەروەها دەستوری مصری مادەی (٧٦)،

---

[1] الجاثية : ١٣

[2] البقرة : ٢٩

[3] لە دەقی مادەی (١٩) دا هاتوە :

یەکەم: دادگا سەربەخۆیەو هیچ دەسەلاّتێك لەسەرووی ئەوەوە نیە بێجگە یاسا.

دووەم: هیچ تاوان و سزایەك بۆ کەس نیە تەنها بەدەقێك نەبێت، هەروەها سزا تەنها بە سەر ئەوکردەیەدا دەچەسپێت کە یاسا لەکاتی ئەنجامگەیاندنیدا بەتاوان ناسانوویەتی. جێبەجێکردنی سزاش توندتر نابێت لەو سزایەی دەرچووە بۆتاوانبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا.

سێیەم: داواو خواستن مافێکی پارێزراو دەستەبەرکراوە بۆ گشتی.

چوارەم: مافی بەرگری پیرۆزە و دەستەبەرکراوە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا.

پێنجەم: تۆمەتبار بێ تاوانە تاوەکو ئەو تۆمەتەی خراوەتە سەری دەسەلمێنرێت لەدادگایەکی یاسایی دادگەردا، هەروەها تۆمەتبار جارێکی تر دادگایی ناکرێت لەسەر ئەو تۆمەتەی خراوەتەسەری پاش ئەوەی لەدادگا ئازادکراو بێ بەریکرا لێی.مەگەر کاتێك بەلگەی نوێ دۆزرایەوە لەسەری.

شەشەم: مافی هەموو تاکێکە کە مامەڵەیەکی دادگەرانەی لەگەڵدا بکرێت، لەو رێو شوێنە ئیداری دادگاییانەی کە پێیدا تێپەڕدەبێت.

←

هەروەها دەستوری سوریا مادەی (٢٩)، هەروەها دەستوری کوەیتی مادەی (٣٢ هەروەها دەستوری سودانی مادەی (٧٠)...هەروەها دەستورەکانی تری ولاّتان.

لەپاڵ ئەوەشدا بنەمایەکی تاوانکاری بنچینەیی ڕێکخراوی و راڤەکاری هەیە، کەیارمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی پرانسیپی ڕەوایی و ئاسانکارێك بۆ هاونیشتمانیان بۆ تێگەیشتن لە بریارەکانی یاسا توانکاریەکانی تاەکو وابکەن ژیانی کۆمەلاّیەیتیان بەرچاوخراو بێت بۆ هەموله هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەو بنەمایانەش:

یەکەم: یاساغکردنی جێبەجێکردنی دەقێکی تاوانکاری بەخراپترین جۆری بە هۆی شوێنەواری رەجعیەوە.

دووەم: بنەمای راڤەکردنی بەرتەسك بە بێ بەزاندنی ولتای دەق.

حەوتەم: دانیشتنەکانی دادگا بە ئاشکرا دەکرێن، مەگەر ئەوکاتانە نەبێت کە دادگا بریاری بـەنهێنی هێشتنەوەیان بدات.

هەشتەم : سزا خەصڵەتی کەسی هەیە.

نۆیەمً : شوێنەواری رەجعی لە یاساکاندا نابێت هەبێت، ئەگەر دەقێك پێچەوانەی ئـەوە نـەهاتبێت، ئەوە ئەو جیاکردنەوە یاساکانی باج و رسومات ناگرێتەوە

دەیەم: یاسای جەزائی بە شوێنگەیەکی رەجعی رێگە ناگرێت، مەگەر ئەوکاتـە نـەبێت بـۆ تۆمتبـار باش بێت .

یازدەیـەم:دادگـا نوێنـەرێکی یاسـایی بـۆ تۆمـەتبار بـە تـاوانێکی گـەورە یـان کـەتن وەك پـارێزەر بۆداکۆکیکردن و بەرگری لێکردنی دابیندەکات کاتێك خۆی پارێزەرێکی نەبوو، ئەوەش لەسەر بووجـەی دەوڵەت .

دوازدەهەم :

أ- حجزی لەسەر هەڵدەگیرێت.

ب- نابێت زیندانی یان تەوقیف کردنی لە شوێنگەی ناتاییەت بەوە بکرێت، ئەوەش بەپێی یاسای ئـەو زیندانانـەی کـە چـاودێری تەندروسـتی و کۆمەلاّیـەتی دەیانگرێتـەوەو ملکەچـی دەسـەلاّتەکانی دەوڵەتن.

سیازدەهەم: کاغـەزو نوسـراوەکانی لێکۆڵینـەوەی بـەرایی دەخرێنـە بـەردەم دادوەری پسـپۆر لـە ماوەیـەکی دیـاریکراو کـەنابێت کەلـە ٢٤بیسـت و چـوار کاتـژێر بخایـەنێت لەوکاتـەوەی کـە تۆمـەتبار دەستگیردەکرێت.درێژکردنەوەی ئەوکاتە نیە بێجگە بۆ باروبۆخی تایبەت و بۆیەکجاریش بێـت."

سێیەم: پشتگوێ خستنی دەقێکی ناڕۆشن و بڕیاردان بە بێ تاوان دەرکرنی تۆمەتبار.[1]

چوارەم: دەبێت سەرچاوەی یاساغکردنی تاوانکاری یاسادان بێت.[2]

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی لە پرانسیپی ڕەوایی:

گەر لێوردبونەوەیەك لەم شەریعەتە بدەین دەبینین کە پێشەنگەو پێش گشت یاسادانانە تاوانکاریەکان کەوتوە لەوەی کەدانی بە پرانسیپی ڕەوایی دا ناوە و قورئانی پیرۆز لە چەندین دەقیدا ەختی لەسەرکردوەتەوە لەوانە:

أ- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً﴾[3].

ب- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا...﴾[4].

ج- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ...﴾[5].

د- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولاً فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَى﴾[6].

هـ- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾[7].

ئەم دەقە پیرۆزانەو هاوشێوەکانی ئەمانە بەڵگەیەکی روونن لەسەر ئەوەی کە خوای پەروەردگار ویستویەتی بەسۆزو بەزەیی خۆی، کەمرۆڤ بە (نیشانە گەردوونیە ڕۆشنەکانی لە لاپەرەکانی بووندا) لەگەڵیدا نەجوڵێتەوە لێی نەگرێت،، بەڵکو پێغەمبەری بۆ ڕەوانە بکات کە وەك مژدەدەرو ئاگادارکەرەوەو یادخەرەوەیەك تاوکو هەرکەسێك کە موکەلەفەو ئەرکی

---

[1] دلواکردن لە یاسادانەر بە دانانی دەقێکی نوێی ڕۆشن.

[2] بەبێ عورف یان ئەولنی تری.

[3] الإسراء : ١٥

[4] القصص : ٥٩

[5] الأنعام : ١٩

[6] طه : ١٣٤

[7] فاطر : ٢٤

خراوەتە سەرشان بە زانیاریەکەوەو بەرۆشنی وئەوەی کەیاساغە لەبۆی دیاری بکرێت، بەمانا هیچ تاوانێکی لەسەر نیە تاوەکو بۆی بەیان نەکرێت و هیچ سزایەکی ڕوبەڕوو ناکرێتەوە تەنها پاش ئاگادارکردنەوە نەبێت.

لەپاڵ ئەم دەقانەشدا، چەند بنەما هەن کە یارمەتیدەرن لەبۆ جێبەجێکردنی پرانسیپی ڕەوایی بەشێوازێك پێی دادگەری و بەرژەوەندی تۆمەتبار و بەرژەوەندی گشتی بالآ بێتەدی. لەوانە:

١- بنەمای (وازهێنان و نەگەڕانەوە بۆ دەقی سزادانی پێشتر)، ئەم بنەمایە نوێنەرایەتی دەرەنجامێکی عەقلآنی لەبۆ پرانسیپی ڕەوایی تاوانکاری دەکات،"بەمانا کاتێك تاوانێك لەکاتی خۆیدا سزایەکی بۆ دیاریکرابوو یان لەو سزایە رزگاری بوبو یان لێخۆشبوون بۆ تاوانبارەکە دەرچوو بوو، ئیتر پێویست ناکات ئیمرۆ ئەو بابەتی تاوانە بهێنرێتەوەکایە و سزای نوێی بۆ دەربکرێت، جا بەهەر بیانوویەك بێت- وەرگێڕ" قورئانی پیرۆز لە چەند دەقی خۆیداجەختی لەسەردەکاتەوە لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللَّهُ مِنْهُ...﴾[1].
- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لِلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغَفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ...﴾[2].
- خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ.﴾[3].
- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُواْ إِذَا مَا اتَّقَواْ وَّآمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ...﴾[4].

٢- بنەمای (بنچینەو ئەصل لە شتە سودمەندەکان و کردە زیان نەبەخشەکاندا، ڕێگەپێدراویە) کە لەچەند دەقی قورئانیدا ئەمە ئاماژەی پێدرلوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدان.

---

[1] المائدة : ٩٥

[2] الأنفال : ٣٨

[3] النساء : ٢٢

[4] المائدة : ٩٣ ئەم ئایەتە سەبارەت ئەوانەیە کە خەریکی خواردنەوە مەی بوون، پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت.

٣- بنەمای (تۆمەتبار بێتاوان لەقەڵەم دەدرێت تا ئەو کاتەی تۆمەتەکەی لەسەر ساغ دەبێتەوە) کە ئەمەش لە چەند دەقی قورئانیدا ئاماژەی پێدراوە لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ...﴾[1].
- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾[2][3]

لە پاڵ ئەوەشدا ئەوەی لەلایەن زانایانی (ئوصول)ەوە بڕیاری لەسەردراوە ئەوەیە کە ئەصڵی ئەستۆپاکی لەو پابەندبوونە مەدەنی تاوانکاریانە لە ریشەوە لە ئوصول فیقهی ئیسلامیەوە وەرگیراون بریتیە لە ئیستصحاب.

٤- بنەمای (گومان بەو شێوەیە راڤەی لێدەکرێت کەلەبەرژەوەندی تۆمەتبارە)چەند دەقی فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) جەختیان لەم بنەمایە کردوەتەوە لەوانە:

- لە عائیشەوە (رەزای خوای لێبێت) دەگێرنەوە کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((سزاحەدیەکان لەسەر موسڵمانان تا تواناتان هەیە دووربخەنەوە، ئەگەر دەرچەیەك هەبوو بۆ هەڵگرتنیان ئەوا هیچ نکولیەك لەوە مەکەن وازیان لێ بهێنن)

---

[1] الحجرات : ١٢

[2] الحجرات : ٦

[3] لەم دوو دەقەی سورەتی حوجرات بۆمان رۆشندەبێتەوە کە شتە تایبەتەکانی تاکەکەس باسکردنیان چ بە پەنهانی یان بە ئامادەباشی بەوەی خۆیان پێیان ناخۆشە یاساغکراوە، کە هیچ کەس لێی ناگیرێت بە گومان، وشوێن عەیب وعاری خەڵکان نەکەوێت، ئاسایشی خەڵکی و رێزو ئازادیان ناکەوێتە ژێر هەڕەشەوەن، بەبێ سەلماندنی ئەوەی تەبریری ئەوەبکات. قورئانی پیرۆز تایبەتمەندی دەکات لەنێو ئەو خەڵکانەی زمانبڕێژی دەکەن و بەزومانیان هێرش دەکەنە سەر حورمەتی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوەی هەواڵەکان زانیاریەکانیان بنچینەیان گومانە، شوێنگەی گومان درۆی زیاترە، لەبەرئەوە پێویستە تبیان بکرێت لە راستێتی وتەی هەوڵدەر پێش ئەوەی لەکەسانی تر بگیرێت، تاوەکو بەدگومانی و متمانە نەبوون لەنێو کۆمەڵگەدا بلاو نەبێتەوە.

پێشەوا بكەوێتە هەڵەوە لەوەی كە لە كەسێك ببورێت، باشترە لەوەی كە لەسزادانیدا بكەوێتە هەڵەوە.[1]

- لە ئیبن و عەباسەوە (ﷺ) دەگێرنەوەكە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: ((لو كنت راجماً أحداً بغير بيّنة لرجمت فلانة، فقد ظهر منها الرّيبة في منطقها وهيئتها ومن يدخل عليها)).[2]

٥– بنەمای(لەسەرشانی نیە لەڕوی شەرعیەوە مرۆڤ مەگەر ئەوكاتەی كە شایستەو ئەهلی تێگەیشتن لە بەڵگەی كەوتنە سەرشان(تكلیف) بێت.﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا...﴾[3].

٦– بنەمای (هیچ بریارێك (حوكمێك) لەسەر كردەی عاقڵەكان نیە ئەوكاتە نەبێت دەقێك لەبارەیەوە هاتبێت.).[4]

لەم دەق و بنەمایانەی هێنران سەبارەت بە پرانسیپی ڕەوایی لە شەریعەتی ئیسلامی ئەوەمان دەست دەكەوێت، كە بنچینەی نەگۆڕ لەم شەریعەتەدا، بریتیە لەوەی كە لێپرسینەوە لە كەسێك ناكرێت لەبارەی كردەیەكی پێشینەی و كە ئەوكات حەرام نەكراو

---

[1] رواه الترمذي مرفوعاً وموقوفاً.. نيل الأوطار ١٩/٧.. شایانی باسە كە كاركردن بە بنەمای (درو الحدود بالشبهات) ئەو حوكمەی لەسەر كەڵەكە دەبێت، كە بریتیە لە بێتاوان دەرچوونی تۆمەتبار لەو تۆمەتەی ئاراستەی كراوە، بەهیچ شێوەیەك سزا نادرێتن نە بەحەد نەبەتەمێكردن .

[2] رواه ابن ماجه برقم ٢٥٥٩ وفي الزوائد: إسناده صحيح ورجاله ثقات وقال الألباني في صحيح ابن ماجة صحيح (٢٠٧٣) ... سەرچاوەی پێشوو.

شوبهە ئەوەیە كە شوبهە دەخاتە سەر جێگیر ونەگۆڕێك و جێگیریش نیە، یاخود بریتیە لە بوونی رێپێدراوێك (المبيح صوره) لەگەڵ نەبوونی حوكمەكەی یان راستەقینەكەی، وەك شوبهەی خاوەن بوون(الملك) كە باوكێك كە دزی لە ماڵی كورەكەی، لێرەدا حەدی دزیكردنەكە(حوكمەكەی) لە باوكەكە بەركەناردەكرێتن بە شوبهەی خاوەن بوونی باوك لەماڵەی كوڕەی كە بنچینەكەی فەرمودەی پێغەمبەری خوا (د.خ) : خۆت و ماڵەكەشت هی باوكتن.

تەماشەی المغني ١٥٢/١٠... الأستاذ السيد الصدر، التشريع الجنائي الإسلامي ٣٣٧/١–٣٣٨.

[3] البقرة : ٢٨٦.

[4] واتە كردەكانی ئەوانەی موكەلەفن بە حەرامكراو دانانرێن، هەربۆیە بەتاوانیش نایەنە هەژمار، لەبەرئەوەی كە دەقێك حەرامی نەكردوە پێش دەستبردن بۆی.

بوە، یاخود وازی لەکردەیەك هێنابێت کە ئەوکات هێشتا واجب نەکرابێت لەسەری، کە ئەمەش راستیەکەو کۆڕای زانایانی ئوصولی لەسەرە.

لەوانەیە ئەو (اشتباهەی) کە هەندێك لە لێکۆڵەرانی شەریعەتی ئیسلامی کەوتبنە ناویەوە، دەست نەگرتن بە پرانسیپی ڕەوایی یەوە بێت بێجگە لە تاوانی حەد وقصاص، دەقەکان (ناکۆتان– متناهین) و بەسەرهات و ڕوودلوەکانیش ناکۆتان، دیارە کۆتاکان شتە ناکۆتاکان لەخۆناگرن و ئیستیعابیان ناکەن.

ئەوە راستیەو هیچ مشتو مڕێك وەرناگرێت، بەڵام تاوانبارکردن یان تەمێکردن (التعزیر) بەدەق، مانای ئەوە نیە کەدەق هەردەم بریتی نیە لە قورئان و سوننەت، بەڵکو ئەویش دەگرێتەوە و لەگەڵ دەقی یاسای دانراو لە لایەن وەلی ئەمرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی راوێژ و خەڵکانی (الحل والعقد)، تاوەکو لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبێتە جێگەی بێزاری وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە ﴿مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ...﴾[1]. لەمەوە و لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو، دەقە قورئانیی وفەرمودەکانی پێغەمبەر هەموو جۆرەکانی تاوانیان ئاماژە پێنەداون بەڵکو هەندێکی هێناوەو ئەوەکەی تری، وازی لێهێناوە بۆ دەسەڵاتی کاتی بە پێی ئەو ڕووداوانەی کە کۆتاییان نیە. وەلی ئەمر دەسەڵاتی هەیە کە هەرکات بەرژەوەندی گشتی ئەوەی خواست رێگەپێدراوەکان یاساغ بکات، بەمەرجێ لە ژێر رۆشنایی پرانسیپ و بنەما گشتیە بریاردراوەکانی شەریعەتی ئیسلامی بێت. چونکە بەرێوەبردنی کاروباری خەڵکی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، ئامانج و خواستی شەریعەتی ئیسلامیە، شەرعناسانی هاوەڵانی پێغەمبەرو یاوەران لە شوێنکەوتوان و کۆ مەزهەبەکان، لەم راستیە تێگەیشتبوون، ئەوەتا چەندین نموونەی پراکتیکی دادگایی وفیقهی ئەمە پشت راستدەکاتەوە لەوانە:

---

[1] المائدة : ٦

- دادگاییەکەی عومەری کوری خەتاب بە سوتاندنی کۆشکی سەعدی کوری ئەبی وەقاص لە عێراق، کاتێك ژێردەسەکان سکاڵایان گەیاندە لای خەلیفە عومەر، ئەوەش لەلایەن موحەمەدی کوری سەلەمە وە جێبەجێکرا.(١)
- دادگاییەکەی عومەری کوری خەتاب بە دەس بەسەراگرتنی نیوەی ماڵ و موڵکی عەمری کوری عاص والی مصر، کاتێك هەستی کرد کە ماڵو سامانەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، بۆیە عومەر بەیەکەم کەس دەزانرێت یاسای (ئەوەت لە کوێ بوو؟)ی دانا.
- دادگاییەکەی عەلی کوری ئەبو تالیب بە سپاردنەوەی خاوەن پیشەکانی وەك بەرگدروو دارتاش و وەستابەنا. ئەگەرماڵێکی سپێردراو لایان وون بوو یان فەوتا، ئەمە لەکاتێکدا دەستی ئەمانە دەستی متمانەن، و سپاردنەوەیان بۆ نیە مەگەر کاتی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەداندا، ئەوەش بەپێی وتەی پێغەمبەر (ﷺ): هیچ سپاردنەوەیەك لە کەسی متمانەپێکراو نیە((لا ضَمَانَ على مُؤْتَمَنْ)) (٢)بەڵگەی عەلی کوری ئەبوتالیب بۆئەوە بریتی بوو لە(لا يُصْلِحُ النَّاسُ إلاَّ ذَلكَ).(٣)
- حوکمدان بە واجب کردنی نرخی شتومەك و کاڵاکان لە بازارو شوێنگە فرۆشیاریەکاندا، لە لەسەردەمی شەرعناسانی تابعیندا، لەکاتێکدا کەپێغەمبەری خوا (ﷺ)نەهی لەمە کردبوو، کاتێك خەڵکی مەدینە پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا گرانی نرخ کاریگەری لەسەرمان دناوە بەڵکو نرخمان بۆدیاری بکەی)پێغەمبەر(ﷺ) لەوەلامیاندا فەرموی((إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الرَّازِقُ، وَإِنِّي لَأَرْجُو أَنْ أَلْقَى اللَّهَ وَلَيْسَ أَحَدٌ مِنْكُمْ يُطَالِبُنِي بِمَظْلَمَةٍ فِي دَمٍ وَلَا مَالٍ))(٤).

ئەمە پێچەوانەی دەق وئەوەی ڕوویداوە لەسەردەمی تابعیندا لەدیاریکردنی نرخدا نیە، چونکە ڕێگریکردن لە نرخدانان لەلایەن پێغەمبەری خولوە بەو پێیەی کە (مظلمة)یە، ئەوە

---

[١] بگەڕێوە بۆ عمر بن الخطاب

[٢] السنن الكبرى للبيهقي ٢٨٩/٦.

[٣] السنن الكبرى للبيهقي ١٢٢/٦.

[٤] رواه الخمسة إلا النسائي وصححه ابن حبان وقال أبو عيسى الترمذي :حديث حسن صحيح. نيل الأوطار ٢٣/٥– سبل السلام ٣–٢٥.

لەسەربنەمای بنەماکانی خستنەڕوو خواستی بازار بوە، بەرزبوونەوەی نرخەکان ئەوکات دەرەنجامی خواستی زیاتر و خستنەڕووی کەمتر بووە لەبەرکەمی بەرهەمهێنان. بەڵام کاری تابعین دەرەنجامی قۆرخکاری هەڵپەی زیاتری بازرگان و کڕیارو ئەوانەی کە بەکەڵەکەکردن (تکدیس) ماڵ و سامان کۆدەکەنەوە لەسەر حیسابی بەکاربەران. ئەوەش جۆرێکە لەستەم، هەڵگرتنی ستەمیش واجبە لەسەر ئەوەی کەکاروباری خەڵکی لەسەرشانەن چونکە بنەمای ئیسلام (نەزیان لێکەوتن و نەزیان دان لەبەرامبەر زیان پێ گەیشتن لە ئیسلامدا هەیە)

لە بنەمای (الاحکام) و[1] والفروق[2] هاتوە: بۆ کەسی سەرپەرشتیاری کاروباری خەڵکی(ولی أمر) هەیە کە رێگە پێدراوەکان سنوردار بکات بەمەبەستی زیاتر دەستکەوتنی سود و بەرژەوەندی گشتی.

بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوان دیاریکردنی تاوان بە خستنەڕووی جۆر وسروشتی لەگەڵ پرانسیپی ڕەوایی بوونن هەوڵدەدەین کە جۆرەکانی تاوان لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی پوخت وکورت بخەینەڕوو ئەوەش بۆ زیاتر رۆشنی و جەختکردنەوە لەسەر دەستگرتن بە پرانسیپی ڕەوایی بوون لە هەموو جۆرەکانی تاواندا.

بەشەکانی تاوان لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

فوقەهای شەریعەتی ئیسلامی تاوانیان بەشکردووە بەپێی ترسناکی و سروشتی سزاکەی بۆ تاوانەکانی (الحدود)[3] و تاوانی قصاص و خوێنبایی و تاوانی تەمێکردنەکان-التعازیر[4].

أ- تاوانی (الحدود): ئەو جۆرە تاوانە بریار لەسەردراوانەن لەشەریعەتی ئیسلامیدا کە پەیوەستیان هەیە بە مافەگشتیەکانەوەو سزاکانیان بە پێی دەقی قورئان یان

---

[1] الآمدي، الإحكام في اصول الأحكام ٢٧/٤.

[2] القرافي، الفروق ١٠٣/٢.

[3] کۆکراوەی (حد) لە رووی شەرعیەوە سزایەکی دیاریکراوە مافێکی خودلییە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەو تاوانە ئەنجام دەدات وەك واجبێك پێویستە جێبەجێبکرێت بەسەریدا و خوای گەورە(الشارع) ئەندازەکەی دیاریکردووە، هیچ کەم و زیادێك لەوبارەوە نانوێنرێت، بە پێچەوانەی سزای تەمێکردن کە دیارنەکراوو لەلایەن خواوە بەڵکو کەرێنراوەتەوە بۆلای رای پێشەوا.

٤ دابەشکردنی تاوان بە شێوازی تر هەن و باسیان لێوەکراوەن ئێمە ئەوەمان بە پێویست نەزانی بۆ ئێرە.

سوننەت دیاریکراوە. نەگۆڕان و نائالۆیری زیادو کەم، وەردەگرن یان لێخۆشبوون یان وەستاندنی جێبەجێکردنەکەی بەهەرهۆیەك لە هۆیەکان هەیە بۆیان. چونکە مافێکی خودایی رووتن، لە زاراوەی یاساییدا پێیان دەوترێت مافەگشتیەکان.

تاوانەکانی (الحدود) ئەوانەن لە قورئان و سوننەتدا یەکلاکراونەتەوەو دیاریکراون کە بریتین لە حەوت ئەوانیش: – زینا.٢– خواردنەوەی مەی.٣– دەرچوون لە سنووری حاکمی دادگەر.[1] ٤– ناوزراندن (القذف).٥– دزی.٦– بەرامبەر بوونەوە لەشەڕ. ٧–هەڵگەڕانەوە لە ئاین.

ب– تاوانەکانی هەقسەندنەوە وخوێنبایی –الدیە: ئەو تاوانەن کە دەستدرێژیکردنە سەر کەسەکانی تێدایە.کە لەلای هەندێ لە شەرعناسان بە تاوانە گەورەکان (جنایات) ناوزەدیان دەکەن. کە تاوانی کوشتن و بریندارکردن و لێدان دەگرێتەوە، خوێنباییان لەسەر پێویستە لە حاڵەتی لێخۆشبوونی بەرامبەر قصاص یان رێگربوونی یەکێك لەرێگرە شەرعیەکان، هەروەها لەهەردو حاڵەتی کوشتنی شێوە ئەنقەست و کوشتنی بەهەڵە، هەروەها بەدەر لە گیان وەك لەدەستچوونی یەکێك لە ئەندامەکانی جەستە یان بریندارکردنی بەهەڵە، پێویستە بەدەرلەم حاڵەتانە قصاص بکرێت.

ج– تاوانەکانی تەمێکردن التعازیر[2]: ئەو تاوانەن کە سزاکانیان لە قورئان وسوننەتدا بەدەقێك دیاری نەکراوە، بەڵکو وازیلێهێنراوە بۆ فەرمان بەدەستان کە ئەوان چەندو چۆنیەتەکەی بە پێی بەرژەوەندی گشتی و قەبارەی تاوانەکە دیاری دەکەن. ئەم جۆرەش لە سێ جۆردا کورت دەکرێتەوە:

---

١ بریتیە لە دەرچوون لە ملکەچی پێشەوای دادگەرە، هەروەها وەك تاوانێکی سیاسی دەدرێتە قەڵەم، چونکە لە سنور دەرچوەکان بریتین لە کەسانی دەرچوو لە دلواکاریەکانی پێشەوا کە بە تەئویلێکی دارێژراو کە سوود مەندبن و بەدەسەلاتبن (شرح الکبیر ٤٩/١٠)

٢ رێککاری تەمێکردن–تەعزیر)بریتیە لەو سزا رەوایەی کە پێشەوا بەرامبەر هەر گوناهێك دەیسەپێنێت بەسەر ئەنجامدەرەکەیدا.(التعزیر) لە زمانەوانیدا لە دژیەکەکانە، چونکە بۆ قەبەکردنە، هەروەهابۆ بەرلێگرتن و تەمێکردن بەکاردەبرێت . پاشان بەو سزایەی کە پێشەوا دەیسەپێنێت بە سەرتاوانباردا دەوترێت تەمیکردن–تعزیر،چونکە رێگری لەخەڵکان دەکات لەئەنجامدان تاوانەکان، ریشەی (التعزیر) بریتیە لە (العزر) بەواتای بەرپەرچ وبەرلێگرتن..

جۆری یەکەم: ئەوتاوانەن لە قورئانو سوننەتدا بەدەق ئاماژەیان پێدراوەو وەکو تاوان هەژمارکراون بەلاَم سزاکەیان دیاری نەکراوە لەوانە:

- تاوانی سیخوڕیکردن کە بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿... وَلَا تَجَسَّسُوا...﴾[1].
- تاوانی شایەتیدانی بەدرۆ کە بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿. فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾[2].
- تاوانی تەرازوبازی کە بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾[3].
- تاوانی شکاندنی ڕێزداری شوێنی نیشتەجێبوون کە خوای گەورە حەرامیکردوە بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتاً غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَداً فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ﴾[4].
- تاوانی دەس بەسەراگرتن و ولێسەندن وبەسەردادان، بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ...﴾[5].
- تاوانی گەنجینەکردنی پارەی کانزایی وکاغەزی ونەبەخشینی لە ڕێگەی خوادا، هەروەها وەبەرنەهێنانی لە گەشەپێدانی کۆمەلاَیەتی و ئابووری کە لەخزمەت بەرژەوەندی گشتیدابێت کە بەدەقی ئایەتی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ[6] وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[7].

---

[1] الحجرات : ١٢
[2] الحج : ٣٠
[3] المطففين : ١-٣
[4] النور : ٢٧-٢٨
[5] البقرة : ١٨٨
[6] مەبەست لە ئالتون و زیو هەمو دراوێك كە هێزی كرین و دەساودەستكردنی هەبێت، جا ئەگەر كالاَیی بێت یاخود كاغەز.
[7] التوبة : ٣٤

- تاوانی سووخواردن، کەبەدەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز هاتوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ﴾[1].
- تاوانی قۆرخکاری، کە بەدەقی فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ)کە دەفەرموێت: ((فرۆشیاری بهێن رۆزی پێدراوە وقۆرخکار نەفرەت لێکراوە))[2] ((قۆرخکاری ناکات مەگەر کەسێکی هەڵەکار نەبێت))[3].
- تاوانی بەرتیلدان، کە بەدەقی فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ)کە دەفەرموێت ((نەفرەتی خواله بەرتیل دەرو ئەوەشی کە بەرتیل وەردەگرێت))[4].

هەروەها بێجگە لەم تاوانانەی کە بەدەقی قورئان و سونەت هاتوون، بەلاَم سزاکانیان دیاریکراو نیە، بەڵکو ئەم کارە وازی لێهێنراوە بۆ وەلی ئەمر، ئەو سزایانەی کە وەلی ئەمر دیاریان دەکات پێیان دەوترێت (تەمێکەر–التعازير).

ئیبن و تەیمیە دەفەرموێت ئەو تاوانانەی کە کەفارەتیان بۆ دیاری نەکراوە وەك خواردنی موڵك ومالّی خەڵکی یان قسەوتن و جنێودان بەخەڵکان بێجگە لەزینا یان دزی بە (حرز) یان ناپاکی لە سپاردەیەك وەك کاری تەرازوبازی یان شایەتیدانی بەدرۆیان بەرتیلدان، سزای ئەوانەی ئەم تاوانانەو هاوشێوەکانیان ئەنجام دەدەن، کە سزایەکیان بۆ دیارینەکراوە بە دەقی قورئان یان بەفەرمودە، ئەوا سزایەکی تەمێکردنیان لە رۆشنایی ئەوەی کە وەلی ئەمر دەیبینێت و بە پێی جۆری تاوان و قەبارەکەی بەسەردا دەدرێت."[5]

جۆری دووەم: تاوانی (حدود) یان (قصاص) بەلاَم ئەوانەیان کە مەرجەکانیان بەتەواوی نەچەسپاون، وەك تاوانی (زینا)کە بکەرەکەی دان نەنێت بەکردنی تاوانەکەو لەهەمانکاتدا چوارشاهیدیش ئامادەی تەواوکردن سەلماندنی نەبوون، یان

---

[1] سورة البقرة: ٢٧٨–٢٧٩.

[2] السنن الكبرى للبيهقي ٣٠/٦.

[3] صحيح مسلم ١٦٠٥، سنن أبي داود ٣٤٤٧... سبل السلام ٣٢/٣

[4] رواه أحمد ، وأبو داود ، والترمذي ، وابن ماجه... سبل السلام ١٦٤/٤.

[5] ابن تيمية، السياسة الشرعية ص١٢٠.

هاوسەرگیری حەرامگەڕاویان هاوسەرگیریەك کە فوقەها ڕێکنەکەوتنیان لەبارەیەوە هەبێت، وەك تاوانی دزی کە دزینەکە نەگەیشتبێتە سنوری دەستبڕین یان دەستی نەکەوتبێت یا خود ئەو دزیەی کەوتبێتە حاڵەتی شوبهەوە. یاخود تاوانی هەلگەرانەوە لە دین یاخود خواردنەوەی مەی بە بێ ئەوەی گەیشتبێتە قۆناغی پێگەیشتن لەتەمەندا. یان تاوانی کوشتنێك کە خاوەن ماف لە خوێنەکەی (قصاص) خۆش بوبێت..بەوشێوەیە هتد .هەریەکە لەوجۆرە تاوانانە کە سزایەکی دیاریکراو بەسەریاندا ناسەپێت بەڵکو بە ئەندازەی جۆری تاوانەکە سزای تەعزیری تەمیکردن وەردەگرێت لە لایەن وەلی ئەمرەوە و لێرەوە تاوانەکە لە جۆری تاوانی (حەد یان قصاص) ەوە دەگۆرێت بۆ تاوانی تەمبێیی-تەعزیری.

جۆری سێیەم: تاوانە نوێیەکان، ئەو تاوانەن کە دەقێك لەبارەیانەوە نەهاتوە، بەڵکو وەلی ئەمر بە هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی (حەل و عەقد) هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەیان و ناساندنیان وەك تاوان وئەویش بە پێی پێویستی خواستە ژیاری و ژیانیەکان و بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە گشتیە باڵاکانی کۆمەڵگە. حیکمەتی بەتاوان ناساندنی کردەکان لەلایەن وەلی ئەمرەوە ئەوەیە کە یاسادانەری ئاسمانی کۆمەڵێك لە تاوان و سزای پێویست خستوەتە ڕوو بەوەی کەبەوە پارێزگاری و کەفیلی پاراستنی پێویستیەکانی ژیان بن، کە بێ ئەوانیش قورس دەبوو پارێزگاری لە باوەڕ و ژیان و ناموس و ماڵو عەقڵ بین.

پاشان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ بەهاو بەرژەوەندیەکی تر بوونی نیە تاوەکو کۆمەڵگە سوور بێت لە پاراستنی، بەڵکو پەرەسەندنی بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوام بەشوێن خۆیدا بەرژەوەندی زۆری نوێ دەهێنێت، کە بەهیچ جۆری لە جۆرەکان کە مرۆڤ لێیان موستەغنی نابێت. هەروەها ئەو بەرژەوەندیانە بۆ خۆیان شایەنی گۆڕانکارین لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترن بۆنموونە گواستنەوەی شمەك وکالا لە ناو وڵاتەوە بۆ دەرەوەی یاخود بە پێچەوانەوە بە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی بە بڕینێکی زیانبەخش بە بەرژەوەندی ئابووری نیشتمانی هەژماردەکرێت. بۆیە بە تاوانێکی ئابووریانە کە شایستەی سزادانی تەمێکردن بێت بە بلۆککردنی ماڵە براوەکەو یان شتی تری.

بەلاّم ئەگەر سنووری نێوان ئەو دووولاّتە نەما و بوونەوە بەیەك ئیتر ئەو گواستنەوەو بردنە بە تاوان هەژمار ناکرێت.

دەسەلاّتی (دەسەلاّتدار-ولی ئەمر) لە بەتاوانکردن و تەمێکردندا:

ئەگەر مافی وەلی ئەمر یاخود بریکارەکەی بێت سەبارەت بە تاوانبار کردنی و تەمێکردنی بە پێی ئەو دەسەلاّتە یاسادانانیەی کە هەیەتی، ئەم دەسەلاّتەی هیچ کات رەهاش نیە، بەلّکو شەرعناسانی شەریعەت ئەو دەسەلاّتەی وابەستە دەکەن بەکۆمەلّێك کۆت وبەندی وەك:

١– ئەو تاوانە یان سزایە پێچەوانە نەبێت لەگەلّ دەقەکانی قورئان و سوننەت یان کۆڕای زانایان، ئەوا پێشەوا بۆی نیە شتێك حەرام بکات کە قورئان یان سوننەت بەدەقێکی رۆشن حەلاّلّی بکات یاخود حەلاّلّی بکات کە قورئان و سوننەت بە حەلاّلّ هێنابێتیان.

٢– پێویستە ئەوەی بایسی تاوانبارکردن و تەمێکردنە پارێزگاری بەرژەوەندی گشتی بێت، نەك خواست و ئارەزو ی پێشەوا یان دارودەستەکەی، یاخود پارتێك لە پارتە سیاسیەکان، بێت.

٣– دەبێت سروشتی تاوانبارکردن و تەمێکردنەکە بریتی بێت لە دادگەری و یەکسانی لە نێوان خەلّکاندا، نابێت ئەو کردەیە لەخزمەتی تاقمێکی دیاریکراودا بێت، و ناشبێت و راست نیە کە ئەو کردەیە بۆ هەندێك رێپێدراو بێت و بۆ ئەوانی تر رێ لێگیراویێ بنەمای تاوانبارکردن و تەمێکردن! ! بۆیە پێویستە بنەمایەکی گشتی بێت، رووت و جیاکراوەبێت لەهەرشتێك وەك هەربنەمایەکی تری یاسایی.

٤– پێویستە سازان و هاتنەوەیەك هەبێت لە نێوان سزاو تاواندا.

٥– لەسەر پێشەوایە کە راوێژ بە خەلّکی (حل و عقد) پشکداری بە کەسانی پسپۆری لە چوارچێوەی پسپۆریەکەی، وەك جێبەجێکردنی ئەمرێکی خوایی کە دەفەرموێت:﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ...﴾[1]، ﴿... وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ ...﴾[2].

---

[1] آل عمران : ١٥٩

[2] الشورى : ٣٨

٦- ئاگادارکردنەوە پێش ئەوەی سەرپێچی ڕوویدات وسزادان، زانستی پێویست لەو بارەوهەستان بەو ئەرك خستنە سەرشانە یاخود توانا زانینی ئەوەی هەبێت. ئەوەش لەناو کۆمەڵە دەقێکدا کە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و پێشەوا (سەرۆکی دەوڵەت) ڕەزامەندیان نواندبێت لەسەریان و لە ڕۆژنامەو دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمیدا بڵاوکرابنەوە.

دادوەر خاوەنی دەسەلاتی تاوانبارکردن و تەمبێکردنی نیە:

لەبەرترسناکی پلەوپێگەی دادوەری و هەروەها گرنگی لە بەدیهێنانی ڕاستی و سرپەرشتیکردنی پرسی دادگەری تاوەکو هەرکەسەو ماف راستەقینەی خۆی وەربگرێت، لە سەردەمی سەرەتاکانی ئیسلامەوە تاوەکو سەرویەندی دەسەلاتی عەباسیەکان، ئەو پلەو پۆستە بەکەسێك نەدراوە مەگەر ئەوەی ئەو پۆستەی وەرگرتبێت موجتەهیدو زاناو بەکردەیی خاوەن ئیجتیهاد بوبێت. ئەمە سەرەڕایِ ئەو پێگە زانستیەی، کەچی هێشتا دەسەلاتی تاوانبارکردن و تەمبێکردنی پیِ نەدراوە بەو پێیەی ئەو دادوەر بووە. بەڵکو ئەو دەسەلاتە یەکلابوەتەوە تەنها بۆ پێشەوابووە، وەلایەتی کردارەکی هەبوە لەسەر موسڵمانان، ئەوەش لەبەر دوورکەوتنەوە لە ئاژاوەو جیاوازی ئەحامەکانی لەپالِ ئەوەی کە تاوانبارکردنی کردەیەك پێویستە لەوکاتانەدا کە ئەنجامدەدەرێت وەستابێت. پاشان ڕەتکردنەوەی دەسەلاتی تاوانبارکردن و تەمبێکردن لەلایەن دادوەرەوە پێچەوانەی ئەو پرانسیپەیە کە ئیسلام پێش یاسا دانی پیاناوە. لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و پارێزگاری لە ئازادیەکانی تاك، فوقەهای موسڵمانان جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە تەمبێکردن نابێت ببێت ئەگەر لەرێگەی پێشەواوە نەبێت، جا ئەگەر دادوەر دەسەلاتی تەمێکردنی نەبێت، ئەوە دەسەلات نەبوونی بەسەر تاوانبارکردندا کە لەپێشترە، هەرنابێت . نموونەی ئەو دەقە فیقهیانەی ئاماژە بەمە دەکەن کەوتمان ئەمانەن:

أ- لەفیقهی مالکیدلو لە (الخرشی) دا هاتوە[1]: " پێشەوا تەمێدەکرێت بە سەرپێچیکردنی لەفەرمانی خودا وەك خواردن لە مانگی ڕەمەزاندا بەبیِ پاساو، یاخود بە مافێکی مرۆیی وەك جنێودان بەکەسێك یاخود لێدانی یان ئازارگەیاندن

[1] ١١٠/٨

بەدەموچاوی، تەمێکردنەکان تیایانە دەگەڕێتەوە بۆ لای پێشەوا بەو پێیەی کە قسەکەرو قسەوەرگێراو، و قسەشی بۆدەکرێت لەویارەوە.

هەروەها لە مواهب الجلیل[1]: " بێجگە لەوانە[2] تەمبێکردن لەسەریان پێویستە کە ئەوەش پشتبەستوە بە ئیجتیهادی پێشەوا، هەروەها پێشەواش تەمبێدەکرێت بەسەرپێچیکردنی لە خوا و ئاخود مافێکی مرۆڤی زەوت کردبێت.

ب- لە فقهی حەنەفیدا: لە (رد المختار) داهاتوە[3] بۆ پێشەوایە کوشتنی دزێك کە چەند بارە دزیکردبێت، و ئەو سیاسەتە لەپشتی هەبێت کە هەوڵی بڵاونەبوونەوەی خراپە بێت، خۆ ئەگەر هەر لەسەرەتاوە کوشتنی ئەو کارزانی نیەو سیاسەتداری نەکردوە، دیارە پەیوەست بوونی پێشەولو بەستنەوەی هەرشتێك بەسیاسەتەوە ئەوە ناگەیەنێت کە دادوەریش بریارەکانی وابەستە بکات بەوشێوازو بریارانەوە چونکە دادوەر بۆی نیە حوکمی سیاسیانە دەریکات بە سیاسیانە حوکم بسەپێنێت.

ج- لە فقهی شافعیدا: لە المهذب[4] دا هاتوە: ." هەرکەس سەرپێچیەکی کرد کە (حەد، یاخود کەفارەتی)لەسەرنەبوو، ئەوە چۆن پێشەوا تەماشەی کردەکەی کرد بەو شێوازە مامەڵەی تەمبێکردنی لەگەڵدەکرێت.

د- لە فقهی حەنبەلیدا: و لە الإقناع[5] دا هاتوە: "تەمێکردن ئەدەب دادانێکە کە واجبە لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەك کە حەد یاخود کەفارەتی نەبێت، کە کەمترینێ نەبوونی ئەندازەیەکە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆلای ئیجتیهادی پێشەولو دەسەلاتدار کە ئەوان چۆن دەیبینن و هەروەها ئەوەی کە نۆخی کەسەکە دەیبڕێتەوە.

هـ- لە فقهی جەعفەریدا: لە کتێبی (الخلاف)ی طوسي[6]دا هاتوە "ئەگەر کەسێك کاری نێربازی کرد و بلاویکردەوە ئەوە پێویستە بکوژرێت، لێرەدا پێشەوا خۆی ئازادە لە

---

[1] ٣١٩/٦

[2] واتە بێجگە لە تاوانی قصاص و خوێنبایی وتاوانی حدود.

[3] لەگەڵ تنوير الأبصار والدر المختار، طبعة ١٣٨٦هـ ١٩٦٦م، ٣١٨/٣.

[4] ٣٦/٢

[5] ٢٦٨/٤

[6] ٤٤٤/٢

هەڵبژاردنی جۆری کوشتنەکەی، ئایا بەشمشێر دەیکوژێت، یان دیواری بەسەردا دەرمێنێت، یان لە شوێنێکی بەرز فرێی دەداتە خوارەوە" .

و- لە راڤەی فەرمودەکاندا و لە سبل السلام[1]دا هاتووە: "تەمبێکردن بەدەر لە پێشەوا بۆ کەسی تر رەوانیە بێجگە لە سێ کەس نەبێت: بۆباوکێك کە تەمبێی منداڵەکەی دەکات بە مەبەستی فێرکردن یاخود چاوترسێنکردنی لە بۆ دوورکەوتنەوەی لە رەفتارێکی نائەخلاقی. یاخود سەیدێك بۆ بەندەکەی لە مافی خۆی و لەمافی خودای، هەروەها پیاو لە بۆ ژنەکەی لە کاری جێهێشتنی ماڵ و منداڵ و لێنەپرسینەوەیان. بەڵام دادوەر دەسەڵاتی توندکردنی سزای تەمبێکردنی یاخود سووککردنی هەیە، ئەوەش لە کاتی هەلومەرجی تایبەتی وەهەبوونی بارودۆخی توند یان سوکدا.

سروشتی تەمبێکردن:

سروشتی تەمبێکردن دەگۆرێت بەپێی جیاوازی سروشتی تاوانەکە و بارودۆخی شوێنگەو ژینگەی کاتی کەوتنەوەی، کە خۆی لەنێوان سەرزەنشت و لەسێدارەداندا دەبینێتەوە. بەڵام هەرچی (حەد)ە بەلای کەمیەکەیەوە وەك سزای تەمبێکردن، سەرزەنشتکردنە بەڵام لای زۆوریەکەی دەروات بۆ لەسێدارەدان ئەمە بەلای هەندێك لە شەرعناسانی شەریعەتی ئیسلامیەوە..[2]

دیارە چەندین جۆری سزای تەمبێکردن هەیەو لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامیدا جێبەجێکراون، لەوانە: سەرزەنشتکردن، شکاندنی بەقسەپێوتنی توند، رووڕەشکردنی، یان سەرتاشینی تاوانبارو گەڕاندنی لەبەرچاوی خەڵکیەوە. لەم شێوازانە وەك پیشاندانی لەبەردەم شاشەکانی تەلەفزیۆندا ئیمرۆ، لێدان و زیندانیکردن وبلۆککردنی پارەو سامانی، غەرامەکردنی ماڵی و گواستنەوەی لە وشوێنی کارو نیشتەجێبوونی و دوورخستنەو، کوشتنی و کۆتایی هێنان بەژیانی ئەگەر بەرژەوەندی گشتی وای خواست و تاوانبار جێگەی مەترسی بوو بۆکۆمەڵگە. نمونەی لەم شێوازەش شەرعناسانی موسڵمانان

---

[1] ٤٩/٤

[2] تەماشەی: تبصرة الحكام في اصول الأقضية ومناهج الأحكام، بهامش فتح العلي المالك لابن فرحون المالكي، طبعة١٣٧٨هـ- ١٩٥٨م، ٣٠٢/٢ بكە.

ئەمەیان دیاریکردووە بۆ سیخوریکەرێك لەبەرژەوەندی دوژمنن کە ئەمە مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەدەخاتەوە بۆیە کوشتنی بەباش زانراوە.

هەروەها تاوانەکانی تر لای دەسەلاتداراوە ئەو بریارەی لەسەردەدات کە هەرکامیان قەبارەی تاوانەکەی گەیشتبێتە ئەوەی مەترسی بۆ ئاسایشی کۆمەڵگە بێت. دواجارجۆری تەمێکردنەکە بەرژەوەندی بالآی کۆمەڵگەو ئاسایشی کۆمەلآیەتی بهێنێتە دی، لە رووی بەرلێگرتنی وپالّنانی بۆدەرەوە، بەلآم مانای ئەوە نیە کە ئیتر دەسەلآتی لەم شێوازە هەمووی جێبهێلّرێت بۆ دەسەلآتدار و پێشەوا ئیتر هەرچی ویست و ئەوەی بەلای ئەودا باینەدایەوە رێو شوێنی لەم جۆرە بگرێتە بەر، بەلّکو نەخێر ئەویش(دەسەلآتدار) بۆخۆی دەسەلآتی سنوردارکراوەو نابێت لەسنووری شەریعەتی ئیسلامی کە وێنەی بۆکێشاوە دەربچێت.

جیاوازی نێوان (حەد) ەکان و تەمبێکردنەکان:

سرووشتی (حەد) لەزۆر رووەوە لەگەلّ تەمبێکردنەکان جیاوازی هەیە، گرنگترینی ئەوانە:

١- (حەدەکان) لەو سزایانەن کە لە قورئان و سونەتدا بە دەقی رۆشن هاتوون، پێچەوانەی سزا تەمێکردنەکان کە کاری ئەمە جێهێلّراوە بۆ پێشەوا (سەرۆکی دەولّەت).

٢-تەمێکردنەکان بە پێی ریشەکانیان جیاوازیان لە رووی قەبارەو سروشتی تاوانەکە لەگەلّ (حەدەکان) هەیە، بۆنموونە لە (حەد)ەکان حیسابی دزینی یەك دینارو هەزاردینار بەیەك جۆر سزا دانراوە.

٣- بۆ پێشەوا هەیە کە سزای تەمبێکردن لەهەندێکاتدا کە وای بینی کە بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە، هەلّبگرێت، بەلآم ناتوانێت دەستوەردان لە مافی کەسی تاوانبار بەرامبەرکراو، بە جیاواز لە(حەد) کەئەوە مافێکی خودابیەو هیچ کەس بۆی نیە دەسوەردانی تیابکات و لای ببات.

٤- تاوانە شایەن بەسزای تەمێکردنەکان بە تۆبەکردن هەلّدەگیرێن بەجیاواز لە (حەد)ەکان.

٥- تاوانی تەعزیری سزاكانیان كاریگەردەبن بە باروبۆخە توند و ساناكان بە پێچەوانەی (سزای حەد).

٦- سزا (حەد) یەكان بە گوێرەی كات و شوێن گۆڕانكاریان بەسەردا نایەت بە پێچەوانەی تاوانی تەعزیری[1] .

٧- پێویست بوونی ئامادەیی تەواوی بەڵگەو شایەتەكان بۆ سەلماندنی كە لە تاوانە تەمێكاریەكان نیە.

ئەگەر تاوانێكی جۆری (حەد) سەلمێنرا پێویستە لە سەر دادوەر كە سزای دیاریكراوی بە بێ كەم زیاد بەسەردا بسەپێنێت .بۆی نیە هیچ گرانكاریەك بەسەر جۆری سزاكەدابكات و بۆی بگۆڕێت بە سزایەكی تر یان سوكی بكات، بە پێچەوانەی تاوانە شایەن بەسزای تەمێكردنەكان كە ئەمە دەكرێت.

تاوانی جۆری (حەد)كاتێن، پێویستیان بە كاتی ئەوەندە نیە بۆڕوودانیان، وەك تاوانی دزی، بەبردنی ماڵێك بەنهێنی لەشوێنی تایبەتی خۆی، بە پێچەوانەی تاوانە شایەن بەسزای تەمێكردنەكان، كە كاتی وناكاتیشیان تێداهەیە، دەبێت پایەی مادی لە كارەكە یان ڕێگریكردنەكە شایەنی نوێكردنەوەو بەردەوامی هەبێت، وەك زینـدانیكردنی كەسێك بە ناهەق، هەروەها پێ نەدانەوەی قەرزێك كەپێویست بەدانەوەی دەكاتو وەفا بەدانەوەی بكات لەكاتێكدا هەیەتی بیداتەوە.

ئەو شتانەی لە پرانسیپی ڕەوایی جویدەكرێنەوە (الإستثناء من مبدأ الشرعية):

موعتەزیلەو ماتوریدیەكان كە لەرێچكە باوەڕیەكانی ئیسلامین، وای بۆدەچن كە هەندێ لە ئەحكامەكانی بنچینەی دین ناچنە ژێر پرانسیپی ڕەواییەوە، [2]، ئەوەش وەك واجب بوونی باوەڕ بە بەخواو حەرامكردنی كوفرییی، هەروەها واجب بوونی باوەڕ بەپێغەمبەران و یان بەدرۆخستنەوەیان.. ئەوان دەڵێن: ئەم حوكمانە عەقڵێن ومرۆڤ پێش شەرع بەرپرسیارە لێیان، ئەمانە سەلمێنراوو جێگیرن لە سەر بنچینەی چاكەو خراپەی عەقلانی، باوەڕبوون بەخوا عەقڵ بە چاكی زانیوە، بۆیە ئەوە واجب بوە بەعەقڵن كافربوون پێی بێزراوە بەعەقڵ

[1] الفروق للقرافي ١٨١/٤-١٨٣.
[2] التوضيح والتنقيح ١٥٧/٢- التقرير والتحبير ٩٠/٢.

و حەرامکراوە هەر بەعقڵ، بەهەمان شێوەش بە نیسبەت پێغەمبەران بەراست زانینیان یان بەدرۆخستنەوەیان هەمان شێوەیە، هەروەها ئەگەر سەلمێنرا سێ یەکی دەقەکان بە بێ عەقڵ، ئەوە پێویست بە نەکرانی لۆژیکی لەوبارەوە دەکات، بۆنموونە: باوەڕ بەدەقە قورئانیەکان وەستاون لەسەر باوەر بەخوا، گەر باوەر بوون بەخوا بوەستێت ئیتر پێویست بەپچران و وەستانی کۆتایی دەکات، (للزم الدور)[1] ئەوەش پووچەڵبوونە، بەم پێیە ئەوە باوەر بوون بەخوا پێویستیەکی عەقلانیە بە بەلگەی عەقلانی، پرسیار لەبارەیەوە لەمرۆڤ دەکرێت پێش شەرع، وەك چۆن بۆ هاوەڵدانان(شرك) وکافربوون پێی حەرامکراوە بەشێوەیەکی عەقلانی، لێرەوە پرسیار لەمرۆڤ دەکرێت دیسان لەوبارەوە پێش شەرع.

بەرای من موعتەزیلەکان و ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەوانن لەسەر راستین، دەقێکی زۆر لەقورئانی پیرۆز هەنجەخت لەسەر بەکارهێنانی عەقڵ دەکەنەوە لەسەر مەعریفە بوون بە پەروەردگار لەرێگەی بیرکردنەوە لەم گەردوونە گەورەیە، لەوانە فەرموودەی خوایی: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاء مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾[2]. هەربۆیە لاساییکردنەوە کەسانی تر لە بنچینەکانی دیندا بونێکی نیە، بەڵکو پێویستە باوەڕ بوون بەخوا و ئەوەی لەوەوە دەکەوێتەوە لەشتە پەنهانەکان لە رێگەی بەلگەکاری و بەلگەهێنانەوە بەشوێنەوارو شوێندانەریەکەی لە سەر بوونی شوێندانەر بێت.

---

[1] (الدور) بریتیە لە وەستانی شتێك لەسەر ئەوەشتەی کەپێی وەستاوە، ئەوە بە پێویستدانانی وەستانی شتێکە لەسەرخۆی کەپێویست بوون بوو بۆ پێشکەوتنی شتێك بەسەرخۆیدا. ئەمە روون دەکەینەوە بەم نموونە: ئەگەر (أ) وەستابێت لەسەر (ب)، هەروەها (ب) وەستابێت لەسەر (أ)، ئەوە ناچاربوونی وەستانی(أ) لەسەر (أ)، پاش ئەوەی نێوەندە دووبارەکراوەکەمان قرتاند و لابرد، خۆی دەوەستێتە سەرخۆی وە خۆی بەسەرخۆیدا پێشدەکەوێت لە رووی بوونیەوە، چونکە ئەوەی وەستاوە وەستاوە پێشکەوتووە. لەکاتێکدا ئەوەی لەسەری دواکەتووە،.

[2] البقرة : ١٦٤

بەشی دووەم:
بەرپرسیارێتی بەهۆکاربوون

وەك چۆن مرۆڤ لەرووی تاوانکاریەوە لێپرسینەوەی بەرامبەر دەکرێت، سەبارەت بەو دەرەنجامە تاوانیەی کەوتوەتەوە لە ئەنجامی ئەو چالاکیە تاوانیەی نواندویەتی و راستەوخۆ دەستی تێداهەبوە. وەك ئەوەی کە فیشەکێك بە مرۆڤێکی بێتاوانەوە بنێت، و دواتر بەکوژراوی بێتەوە بەردەستی. بەهەمان شێوە لەسەر هەمو دەرەنجامێکی تاوانکاری دەپرسرێتەوە کە دەستی هەبوبێت لە روودانی جا بەرێگەی راستەوخۆ(هۆکاربوون) لە سایەی قەبارەی ئەو دەستوەردان و دەستبوونەی تێیدا.

چالاکی تاوانکاری راستەوخۆ وەك چۆن دەبێت ئەرێنی بێت جارێك و جاری تریش نەرێنی بێت، بەهەمان شێوە هۆکاربوون دەکرێت بەکردەیەکی ئەرێنی بێت وەك ناچارکردنی کەسێك بۆ ئەنجامدانی تاوانێك، دەشکرێت نەرێنی بێت وەك نەگۆرینی هێڵی شەمەندەفەر لەوێستگەی وەستانی، یاخود هەڵنەکردنی گڵۆپی سوری رێپێنەدان لەلایەن ئەوەی بەرپرسە لەوکارەی. ئەوکارەی دەبێتە هۆی دەرچوونی شەمەندەفەرەکە لە هێڵکەی یاخود دروست بوونی پێکدادان، لێرەوە مردن و برینداربوونی هەندێك لە کەسانی سواربووی ناو شەمەندەفەرەکە، لە رووی تاوانکاریەوە لێپرسینەوەی بەرامبەرئەوکەسە دەکرێت بەو پێیەی هۆکاربووە بوە لەو مردن و بریندابوونەو هتد.

پاشان ئەو نێوەند گیرەی نێوان بوە هۆکار ودەرەنجامی تاوانکاری، دەکرێت مرۆڤێك بێت وەك ناچارکراوێك، لەسەرتاوانکردن. یاخود دەکرێت ئاژەڵێك بێت وەك سەگێکی هار، یاخود بێگیانێك بێت وەك بینایەك کاتی روخانی بێت لەسەرشەقامێکی گشتی. ئەم سێ حاڵەتەی هۆکاربوونە پەیوەستیان هەیە بەلێکۆڵینەوەکەمانەوە لەم سێ باسەی دوایدا دەیانهێنین:

باسی یەکەم:
بەرپرسیاریتی بەهۆکاربوون، لەو دۆخەی کە مرۆڤ نێوەندگیرە

لەوەی پێشتر رۆشنبوویەوە کە بەرپرسیاریتی تاوانکاری دەبەسترێتەوە بە چالاکیەکی تاوانکاریەوە، راستەخۆبوون یان بەهۆکار بوون.

مەبەست لە راستەوخۆبوون، بریتیە لە پەیوەندی تەواوی چالاکی تاوانکاری بە تاوانبارخۆیەوە، بێ ئەوەی نێوەندگیرێ شتێك لە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان بێ گیانێك لەو بەینەدا هەبێت.

مەبەست لە هۆکاربوون پێچەوانەی ئەوەی پێشووە، واتە نێوەندگیر بوونی کەسێك یان ئاژەڵێك یان بێگیانێك لەنێوان چالاکی تاوانبارو دەرەنجامە تاوانیەکەدا.

شتێکی زانراوە کە یاسای تاوانکاری نوێ بە بەرپرسیاریتی تاوانکاری هۆکاربوون دەڵێت بەرپرسیاریتی لەکردەی ئەوانی تر. ئەوەشمان روونکردەوە کە ئەم زاراوەیە زۆر وردنیە، چونکە مرۆڤ لەکاتی بەهۆکاربوونیدا بەرپرسیارە لەو کارەی خۆی نەك کاری ئەوانی تر، جائەگەر ئەوانی تر مرۆڤ بن، یان ئاژەڵ، یان بێگیان. لەبەرئەوەی بەتێگەیشتنی یاسایی پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ پرانسیپی کەسێتی بەرپرسیاریتی تاوانکاریدا.

لەبەرئەوە پەیرەوی تەواو ئەوەیە کە شەرعزانانی ئیسلامی لەسەری هاتوون، لەوەی کە هەستاون بەدابەشکردنی بەرپرسیاریتی تاوانکاری بۆ (بەرپرسیاریتی راستەوخۆبوون)، (بەرپرسیاریتی بە هۆکاربوون) لەجیاتی ئەو دابەشکردنەی کە بۆ بەرپرسیاریەتی کەسێتی وبەرپرسیاریتی لەکردەی ئەوانی ترە.

ئەوەتا بەجێهێنانی فیقهی زۆر هەن لەنێو رێچکە ئیسلامیە جیاوازەکاندا بۆ بەرپرسیاریتی بە هۆکاربوون لەوانە– لەوبوارەی کە نێوەندگیری راستەوخۆ مرۆڤێکی تر بوە: شایەتیدانی بەدرۆ، ناچارکردن(اکراه)هەروەها بەکارهێنانی کەسی درشت و جیانەکەرەوە (غیر الممین)، یاخود ئەوەی باوەڕی وایە کە ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی سەرەوەی خۆی واجبە.

شایەتیدانی درۆ و بەرپرسیاریتی تاوانکاری بەهۆکاربوون:

شایەتیدانی بەدرۆ بریتیە لە گۆڕینی راستەقینەیی بە ئەنقەست، بەشێوازێك توانای هەیە کە دادگەری بشێوێنێت لە بەرژەوەندی یەکێك لە نەیارەکان یان دژی لەبەردەم دادگادا و[1].
بۆخۆی ئەم کردەیەش تاوانێکی سەربەخۆیەو ئەگەر هۆکاریش نەبێت بۆ سەرهەڵدانی تاوانێکی تر، کاتێك قورئانی پیرۆز حەرامیکردوەو مەترسی ئەو کردەیە وهێنانی لە پاڵ نزیکەوتنەوە لە بتەکان ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ((فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ))[2].

کاری دەرکەوتنی شایەتیدانی درۆ لەبەردەم دادگادا بەپاشگەزبوونەوەی شایەتەکان خۆیان لەو شایەتی دانەی کە ئەنجامیان داوە، یاخود بەرێگەیەکی تر، کە خاڵی نیە لەوەی کە پێش دەرچوونی بریاری دادوەر یان پاش دەرچوونی بریاری داوەر، یان پێش جێبەجێکردنی بریاری دادگایە یان پاش جێبەجێکردنی بریاری دادگایە، بۆ هەریەکەشیان حوکمێکی تایبەتی هەیە.

أ- ئەگەر شایەتەکان پاشگەزبوونەوە پاش ئەوەی شایەتیەکەیان داو هێشتا دادوەر بریاری دادگای دەرنەکردبوو، وتیان ئێمە وەهەم گرتبوونی و هەڵەبووین، لە شایەتیدانەکەماندا بەرامبەرخوێن یان ماڵی، ئەم کەسە ئەوکەسە نیە شایەتیمان دا لەسەری بەڵکو فلانەکەسی کوری فلانەکەسی تر بوو، ئیتر شایەتیدانەکەیان لەکەڵك دەکەوێت، یەکەمیان لەبەرئەوەی دانپێنانیان بەوەی وەهەم گرتوونی، دووەمیاندان پیانان بەوەی کە دادگەر نەبوون کاتێك شایەتیاندا لە سەر بنەمای گومان.[3].

هەرچی سەبارەت بە سزادانیانە جیاوازی لەنێوان شەرعناسانی شەریعەتدا هەیە، هەندێکیان رایان وایە کە: سزای تەمبیکردن دەیانگرێتەوە، چونکە شایەتیدان

---

[1] یاسای سزادانی عێراقی لەمادەی (٢٥١)پێناسەی کردوە بەوەی کە: بریتی لەوەی کە شایەت بە ئەنقەست و پاش ئەوەی کە سوێندی یاسایی دەخوات لەبەردەم دادگا هەڵدەستێت بەپێدانی وتەگەلێکی ناراست یاخود ئینکاریکردن لە مافێك یان شارینەوەی گشتی یان بەشێك لەو زانیاریانەی کەهەیەتی لەسەر ئەو رووداوەی کە ئەو هەستاوە بەشایەتیدان لەسەری..

[2] سورة الحج / ٣٠ .

[3] الشرح الكبير للدردير ٤ / ٢٠٦ . المهذب ٢ – ٣٤٠ .

بۆخۆی تاوانێکی سەربەخۆیەو حەرامکراوە، ئەگەر چی دەرەنجامێکی تاوانکاری هۆکاربوونی لێنەکەوتوەتەوە.

هەندێکی تر دەڵێن: پاشگەزبوونەوە پێش دادگاییکردنەکە جێگەی تەویەکردن دەگرێتەوە لەو بەئەنقەست درۆکردنە یان هەڵەشەیی و پەلەکردنە، ئەگەرچی ئەوان هەڵەیان کرد لەو هاتنە پێشەوەیان بۆ شایەتیدانی درۆ، بەلأم تەمێکردن بۆ تەویەکار نیە، نەبۆ ئەو گوناهەش کەلێی هەلگیراوە، هیچ حەدێکی ئەندازە بۆکراویشی لەسەر نیە[1].

بەرای من شایەتیدانی درۆ بەتاوان هەژماردەکرێت هەربۆیە شایستەی سزایەکی تەمێکارانەیە، ئەوەش بۆ برینی ئەو زماندرێژیەی کە بۆسەر مافی بێ تاوانەکان ئەکرێت. بۆ وەلی ئەمریشە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی تیابینی لێخۆشبوونی بۆ ئەمانە هەبێت.

ب- ئەگەر پاشگەزبوونەوە لەوەی شایەتیانداوە بۆی، دوای ئەوەی بریاری دادگا درابوو لەسەر بنەمای شایەتیدانەکەی ئەوان، بەلأم هێشتا جێبەجێنەکرابوو، ئەوکات ئەگەر ئەوەی شایەتی لەسەردرابوو بە شوبهە خستنەسەر ئیتر حوکمەکە هەڵدەوەشایەوە نموونەی سزای حەد و قصاص، بۆیە نابێت حوکمەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەو مافانە بە شوبهە هەڵدەوەشێنەوە، دیارە پاشگەزبوونەوەش بەهێزترین شوبهەیە.

ئەگەر ئەوەی شایەتی لەسەردراوە مافێکی مرۆیی بوو وەك ماڵ و هاوسەرگیری وهاوشێوەی ئەوانە ئەوا حوکمەکە هەڵناوەشێنرێتەوە، لەسەر ئەوەی کەشاهیدی لەسەردراوە حوکمەکە بەتەواوی وەربگرێت، چونکە ئەوپاشگەزبونەوانە ئەگەری راستی درۆیان تیا هەیە، بۆیە نابێت بریارەکە هەڵبوەشێتەوە بە فەرمانێکی ئەگەری[2].لەسەرحوکم بەسەردا دراوە کە بگەرێتەوە بۆ ئەو حوکمەی پێشتر کەبەو شایەتانە دراوە.

---

[1] الفتاوى الهندية ٣ / ٥٣٤ الشر نبلالية على منلا خسرو ٢ / ٣٩٢ .

[2] المجموع شرح المهذب ٢٠ / ١٩٥ .

بەڵام بە نیسبەت سزای شایەتەکانەوە ئەگەر واجب بو سزاکیان پێش حوکمدانەکە ئەوە باشتر ئەوەیە کە بخرێتە دوای.

ت- ئەگەر درۆکردنەکەیان نەسەلمێنرا پاش جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگانەبێت، ئەگەر شایەتیاندا بەوەی کە کوشتنی لەسەرەو پاشان حوکمدراوەکە بەوە کوژرا، یاخود شایەتیاندا بەوەی کە حوکم بدرێت بەبرینەوە، وەك ئەوەی لە دزیکردن برینەوە هەیە، پاشان ئەوەی شایەتی لەسەردرا بریانەوە..ئەوە لەم پرسە تاوانیەیاندا ئەمانە هەن:

١- ئەگەر وتیان: بە ئەنقەست ئەو شایەتیەمان دا بۆ ئەوەی کە بکوژرێت یان دەستی ببرێتەوە.. ئەوە پێویستە حەقیان لێ بکرێتەوە، و ئەوان سزادەدرێن بەو سزایەی کە بێتاوانەکەی پێ حوکمدراوە. ئەوەش ئەو بڕیارەیە کە زۆرینە شەرعزانان لەسەری کۆکن. چونکە وایان کردوە لە دادوەر کەهەستێت بەکوشتن یان دەستبرینی ئەوەی کە حوکمی بەسەردادراوە، ئەوانە بکوژن، دەستبڕن بە هۆکاربوون، بەبێ شوبهەو تۆڵەسەندنەوە دەیانگرێتەوە.

چونکە لە سەردەمی عەلی کوری ئەبوتالیبدا (ﷺ) دووکەس شایەتیاندا لەسەر ئەوەی کە دزیکردوە، ئەویش دەستی بریەوە، پاشان هاتن و کەسێ تریان هێنا و وتیان نەخێر ئەمە بوو دزیەکەی کرد هەڵەمان کرد ئەوەی پێشوو نەبوو، شایەتی دانەکەیان بۆدوەم جێبەجێکرا، بەڵام هەستان بە خوێنبایی دانی دیە بەیەکەم کەدەستی بەهەڵە برابوو، عەلی کوری ئەبو تالیب وتی: ئەگەر بزانم ئێوە بە ئەنقەست ئەوەتان کردوە بەرامبەر کەسی یەکەم ئەوا من دەستی هەردوکتانم دەبریەوە. لێرەدا هیچ کام لە هاوەڵان بەرپەرچی ئەم وتەیەی عەلی کوری ئەبوتالیبیان نەدایەوە، ئەم بێدەنگیەی ئەوانیش بەدەر لەپێگەی ئەو ئەوا وەك (کۆڕا —اجماع)هەژماردەکرێت.

٢-ئەگەر بڵێن: ئێمە بەئەنقەست ئەو شایەتیەمان دا بەڵام لەو باوەرەدا نەبووین دەبێتە هۆی کوشتنی یاخود برینەوەی دەستی، هەروەها ئەو شایەتانە لەو ئاستەی نەزانیندا بن کە بەوشێوەیە نەزانن بەو شایەتیدانەیان ئەوەی لێدەکەوێتەوە، ئەوەشایەنی حەق لێکردنەوە نین، چونکە دانیان نەناوە بەوەی کە شایستەی

ئەوەبن، بەڵکو پێویستە لەسەریان (دیە)ی هەڵەکردنەکەیان بدەن لە ماڵ و سامانی خۆیان، نابێت بنەماڵەکەیان بۆیان بدەن چونکە بەدان پیانانی خۆیان لەسەرخۆیان واجب بووە.

٣-ئەگەر بڵێن: هەڵەمان کرد لەو شایەتیدانە، واگومانمان برد کە بکوژ یان دزیکەرەکە ئەو بووە، بەڵام پاشتر زانیومانە کەسی تر بووە، ئەوە حەقیان لێناکرێتەوە بەهەمان حوکمی سەپاو بەڵکو پێویستە لەسەریان خوێنبایی (دیە)ی هەڵەکردنەکەیان بدەن لە ماڵ و سامانی خۆیان، نابێت بنەماڵەکەیان بۆیان بدەن چونکە بەدان پیانانی خۆیان لەسەرخۆیان واجب بووە.

٤- ئەگەر وارێککەوتبن کە هەندێك بە ئەنقەست شایەتی بدەن لەسەری بۆ ئەوەی بکوژرێت یان دەستی ببڕێتەوە، هەندێکیشیان بەهەڵە تێکەوتبن لەو شایەتیدانە، ئەوا حەقسەندنەوەی بەهەمان حوکم ناکەوێتە سەر ئەوەی کەبە ئەنقەست شایەتیەکەی داوە بەهۆی تێکەڵی ئەوانەی بەهەڵە لەگەڵی شایەتیان داوە، بەڵکو پێویستە لەسەری بەشی دیە بدات لەماڵی خۆی لەو دیەی کەدەکەوێتە سەرشانی چونکە بۆ خۆی ئیعترافی لەسەر ئەوە کردوە.

٥-ئەگەر جیاوازیان لەنێواندا درووستبوو: هەندێکیان وتیان هەمومان بە ئەنقەست هەستاین بەشایەتیدانی درۆ بۆ ئەوەی بکوژرێت یان یان دەستی ببڕێتەوە. هەندێکی تریان وتیان هەمووومان هەڵەمانکردوە لەو شایەتیدانەدا، لەم کاتەدا ئەوانەی وتویانە بە ئەنقەست شایەتیمان داوە ئەوە (قود-هەقلێسەندنەوە)یان لەسەرە بەوەی چی بەشایەتی لەسەردراو کراوە بەوانیش بکرێت، ئەوانەشی وتویانە هەڵەمانکردووە ئەوە پشکی (دیە)ی سووککراو یان لەسەر واجب دەبێت[1].

تێبینی دەکرێت لەوەی کە خستمانە روو بەدرێژی هێنامان سەبارەت بەکوشتن ودەستبرینەوەوە، هەموو ئەو جۆرانەی تاوان کە بەهۆکاربوونی شایەتیدانی درۆوە

[1] لمزيد من التفصيل راجع: المهذب ٢/١٧٧ ، ٢٤٠ . الشرح الكبير للدردير ٤/٢٠٦ ، ٢٠٧ مجمع الضمانات ص ٣٥٩ . المغني لابن قدامه ٩/٢٤٨ . الفروق للقرافي ٢/٢٠٨ . المجموع شرح المهذب ٢٠/ ١٩٧ ، ١٩٨ الخلاف في الفقه للطوسي ٢/٦٣٢ .

کەڵەکەبوون. ئەوا شایەتەکان لێپرسینەوەی تاوانکاریان لەسەرە لە ژێر رۆشنایی ئەوەی کە مەبەستی تاوانیان لەلایانە و یان لەلایان نیە.

ئەوەی پێشتر خرایە ڕوو لەو حوکمانەی شەرعزانانی ئیسلامی سەبارەت شایەتیدانی درۆ هاوشانە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی مادەی (٢٥٢)کەتیایدا هاتوە:(ئەوەی شایەتی درۆی ئەنجامدا لە تاوانی تۆمەتبارێك یان تاوانێك لەسەریەتی، ئەوە سزای بەزیندانی یان غەرامە یان بەیەکێك لەم دوو سزایە دەدرێت) [1].

ئەگەر لەسەرینەمای شایەتیدانەکە حوکمێك بەسەر تۆمەتباردا درا، ئەوا هەمان سزای بریاردراوی تاوانەکەی تۆمەتبار بەسەر شایەتیدەرەکە دەسەپێت[2]..

ئەوەی لەم دەقە تێدەگەین ئەوەیە کە شایەتیدانی درۆ تاوانێکە بۆخۆی، ئەگەرچی بەو شایەتیدانەش هیچ حوکمێك لەسەر تۆمەتبار کەڵەکە نەکات. ئەوەش لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا تەواو رێکە.

ناچارکردن و بەرپرسیاریتی تاوانکاری بەهۆکاربون.

لە بەیانکردنی حوکمی هۆکاربوونی ناچارکردن(اکراە)دیسان لە کوشتن دا کورتی دەکەینەوە، بەو پێیەی نمونەیەکی دیاری بەرپرسیارێتی تاوانکاریە، لەتاوانەکانی بەهۆکاربوون، گەرنا بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەهۆکاربوون لە رێگەی ناچارکردنەوە لە کردەی کوشتن دا کورت ناکرێتەوە.

حوکمی ناچارکردن لەسەر کوشتن:

١- جیاوازیەك لە نێوان فوقەهاکانی شەریعەتدا نیە، لەوەی کە کەسێك فەرمانی کرد یان کەسێکی ناهەراش (غیرممین)یان ئەوکەسەی ناچاریکرد کە باوەڕی وایە گوێڕایەڵیکردنی ئەو واجبە لە هەموو ئەو فەرمانانەی بەسەریدا دەیدات. فەرماندەرو ناچارکار لەم حاڵەتەدا تاکە بەرپرسی تاوانکاریە لە دەرەنجامی تاوانەکەدا، بۆیە

---

[1] زیندانیکردن و غەرامەی ماڵی لە سزا تەمبێکرنەکان لە تێروانینی شەریعەتەوە.

[2] بەرلوردی یاسای مەغریبی مادەکانی (٣٦٩ – ٣٧٢) سودانی مادەکانی (١٦٧ – ١٧٧) تونسی بەشەکانی (٢٤١ – ٢٤٤) دولەتی ئیمارات (مادەی ٧٦) هەروەها میصری مادەکانی(٢٩٤ – ٣٠١).

کەسی راستەوخۆ تلاو بەتاوانەکەوە لێپرسینەوەی لەسەر نیە.

٢- ناکۆکیەك لەوەدا نیە کە ناچارکار کەسێکی ناچارکرد لەسەر کوشتنی کەسێکی تر، بەلاَم ناچاریەکی ناتەولو بەشێوەیەك کەهەلبژاردنی لیَ هەلنەگرێت. یاخود پێی بلێت ئەگەر فلانەکەس نەکوژیت ئەوە زیانی ئەوەندە زیانی مالیت پێدەگەیەنم، ئەوە ئەوکات فەرمانپێکرلو(قود)خوێنی لەسەرە(واتە بکوژی راستەوخۆ)، هەرچی ناچارکاری هۆکاریوە سزای تەمبێکردنی بەسەردا دەسەپێت.

٣- ناکۆکیەك لەوەدا نیەکە ئەگەر پێشەوا فەرمانی بەکوشتنی کەسێك کرد بەناهەق، ئەوەی فەرمانی بەسەردا کرلوە نازانێت کە ئەو کوشتنە بەناهەقە، واجبە لیپرسینەوە بکرێت لە پێشەوا لە رووی قصاص وکەفارەت و خوێنباییەوە فەرمان بەسەرکراوی بکوژیش هیچی لەسەرنیە، چونکە بەروخسار پێشەوا فەرمان ناکات بێجگە بەچاکە [1].

بەلکو ناکۆکیەکە لەو حالەتانەی تردایە کە ئێستە دەیانهێنین:

مەزهەبی مالیك و ئەحمەد و رای تەولویش لە مەزهەبی شافیعیە کە (قصاص- هەقسەندنەوە) واجبە لەسەر ناچارکارو ناچارکرلوە پێکەوە، یەکەمیان لەبەرهۆکاریوونی و دوەمیان بەهۆی راستەوخۆ دەستی تیا بوونی لەستەم و بەوەی کەبەهۆی مانەوەی خۆیەوە کەسێکی تری کوشتوە. [2].

أ- لەلای ئەبو حەنیفە وهاوەلەکەی موحەمەدی شەیبانی و ئەوانەی هاوران لەگەلیان، کە (قصاص) پێویستە(واجبە) لەسەر هۆکاریوو نەك ئەوەی راستەوخۆدەستی تیابووە، ئەوەش بە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ) "هەلگیرلوە لەسەر ئومەتەکەم هەلە و لەیادچوونەوەو ئەوەی لەسەری ناچاردەکرێت."

بەوەش ئەبو حەنیفەو هاوەلەکەی لەو ئاراستە باوە دەرچوون، لای ئەوان کۆمەلێك مەرج بەهەندگیرلوە، کە دەبێت کوشتن راستەوخۆبێت، ئەگەر بەهۆکاریوون بێت

---

[1] المجموع شرح المهذب ١٧/ ٢٦٩ . الخلاف في الفقه للطوسي ٢/٣٥٠ . لەلای جەعفەریەکان لەسەر فەرمان بەسەرداکرلو (قود) واتە هەمان جۆی تاوانکرنویەتی بەسەریدا واجبە ئەگەر زانابوو بەتەولوی کە ئەو کوشتنە بەناهەقە یان لە توانایدا هەبوو دلنیابێتەوە لەوەی کەناهەقە.سەرچاوەی پێشوو.

[2] الشرح الكبير للدردير ٤/ ٢٤٤ . المغنى ٩/٢٣١ . المهذب ٢- ١٨٩ .

ئەوە قصاصی لەسەر نیە، چونکە کوشتن بە هۆکاریوون یەکسان نیە بەکوشتن بە راستەوخۆیی، پاداشتی کوشتن بەرێگەی راستەوخۆیە، بەدەربرینێکی تر کوشتن بەهۆکاریوون کوشتنێکە لەمانادا نەك بەوێنە، کوشتنیش بەراستەوخۆبوون تیایدا کوشتنێکە بەوێنەو بەمانایە. [1].

بیجگە لەوەی ئەوان پاساوی واجب بوونی قصاص دەهێننەوە لەسەر ناچارکار چونکە ناچارکردن لەسەرکوشتن کوشتنێکی راستەوخۆبوونە نەك هۆکاریوون، چونکە ناچارکردن وادەکات لە ناچارکرلو ببێتە ئامێرێکی دەستی ناچارکار وەك ئەوەی وەریگرتبێت و لێیدابێت بۆ کوشتنی.کردەش دەدرێتە پاڵ ئەوەی کەئامێرەکە بەکاردەبات، نەك بدرێتە پاڵ ئامێرەکە، هەربۆیە ئەو کوشتنە راستەوخۆبونە تیایدا[2]. جەعفەریەکان [3] وە چەندکەسێك لە فوقەهای حەنەفی [4] و ئیبن حەزمی زاهیری دەڵێن: (قود) هەقسەندنەوە.پێویستە لە سەر راستەوخۆبوو لەکوشتنەکە بەتەنها قصاص بکرێت چونکە ئەو بکوژی راستەقینەیە، بەهەست و بەبینین، هەرچی ناچارکارە ئەو هۆکاریووە بەوەش قصاص ناکەوێتەسەر لای ئەمانەی هێنامان.

ب- ئەبویوسف کە لە حەنەفیەکانەو ئەوانەی هاوران لەگەڵی وایدەبینن، کە قصاص لەسەر هۆکاریوو، ئەگەر قصاص واجب نەبوبێت لەسەر هۆکاریووی هەلگر، ئەوە لەپێشتر ئەوەیە کە واجبیش نەبێت بەسەر راستەخۆبوو، لەبەرئەوە لای ئەو واجبە نیە لەسەر ناچارکارە[5]

---

[1] البدائع ٩ / ٤٦٣٠ .

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] لە خلافی طوسي (٢/٣٥١) دا هاتوە کە : ئەگەر سەرۆکێك فەرمانی دەرکرد بۆ کوشتنی کەسێك و پێویست نەبوو کوشتنی و بەفەرمانبەری وت: دەبێت بیکوژی گەرنا دەتکوژم، ئەوە بەوە خوێنی ئەو حەلاڵ نابێت تابیکوژێت خۆ ئەگەر کوشتی ئەوە قصاص لەسەر راستەوخۆبوە لەکوشتنەکە نەك ئەوەی تر.

[4] البدائع ٧ / ١٨٩ .

[5] تکملة فتح القدير ٨/ ٣٠٢ .

بـەرای مـن کـە (القـود) یـان ئەوسـزا بریـاردراوەی بـۆ تاوانەکەیـە، واجبـە لەسـەر هۆکاریوو(ناچارکار) نەك راستـەوخۆبوو(بکەر) ئـەوەش بـەپێی فـەرمودەی پێغەمبـەر(ﷺ): "هـەلگیراوە لەسـەر ئومەتەکـەم هەڵـە و لەیادچـوونەوەو ئـەوەی لەسـەری ناچـاردەکرێت." لەبەرئـەوەی کـە ئەوناچـارکردنەی ئـەو نـەبا دەرەنجامـە تاوانیەکـە بـەدی نـەدەهات، ئـەو بەرپرسیاری تاوانکاریە وەك هۆکاریوو.

لەبـەر ئـەوەی ناچـارکراوی راسـتەوخۆبوو(بکەر) لەشـوێنی ئامێردایـە لەبەردەسـتی ناچارکاردا، ئەگەر ناچارکردنەکە (تەواو-تام) بێت و ئەم مەرجانەی تیایدا بێت:

١- دەبێت لەوناچارکراوانە بێت کـە رەزامەنـدی نـەبێت و یـاخود پوچـەڵی کرابێتـەوە، لەجێبەجێکردنی هەرەشەکان شوێنەوارێکی رەزامەندی و هەڵبژاردنێکی تری نەبێت، بۆیــە ناچــارکردنەکە هەڵدەبــژێرێت. فــەرمانی دەســەڵات لــە شــوێنی خۆیــدا ناچــارکردنێکی تــەواوە بــەبێ پێویســت بــوون بەبــەراوردکردنی بــە هەرەشــەو تەهدیدکردنی، هەرچی فەرمانی بەدەر لـەوە بـە ناچـارکردن نایەتـە هـەژمار مەگـەر کاتێـك فـەرمان بەسـەرداکراو بزانێـت ئەگـەر ملکەچـی فەرمانەکـەی نـەبێت ئـەوە میکانیزمەکانی ناچارکردنەکەی بەسەردا دەکەون.[1]

٢- دەبێت ئەو ئاگادارکردن و هەرەشانە لەو دۆخەدا بن گومانی جێبەجێبونیان خـەریك بێت روویدەن ئەگەر ناچارکراو وەڵامێکی بۆ ئەوە نەبێـت.

٣- دەبێت ناچارکار تواناو ئیرادەی جێبەجێکردنی هەرەشەکانی هەبێت .

٤- دەبێت گومانی ناچارکراو بەو رادەیەبێت، گەر وەلامی ئەو داخوازیەی نـەبێت، ئـەوە ناچارکار بەڵێن و هەڕەشەکەی جێبەجێ دەکات..

بێجگە لەوەی پرسی ناچارکار لە رووی تاوانکاریەوە ولتای بێبەری بوونی ناچارکراوی راستەوخۆبوو نیە لەتاوان و گوناهەکە، ئەو تاوانبارە لەو روەوەی کە لەپێناو ژیانی خۆیدا هەستاوە بەکوشتن و لەناوبردنی ژیانی کەسێکی تر، لەبەر ئەوە هەندێك لە شەرعزانانی ئیسلامی کەفارەتی ئەو کردەیەی لە سەر واجب دەکەن بەو پێیەی وەك سزایەکی تەمبێکردنە لەبۆی.

---

[1] پەراوێزی ابن عابدین ٥/ ١١٢

هەڵوێستی یاسا:

لە مادەی (٦٢)ی یاسای سزادانی عێراقی نوێ دا هاتوە کە(لە ڕووی سزاییەوە پرسیار ناکرێت لەو کەسەی کە ناچارکراوە بەهێزێکی مادی یان مەعنەوی کەتوانای ڕەتکردنەوەی نیە کەهەستێت بە ئەنجامدانی تاوانێك)ئەم دەقە لەپاڵ ئەوەی کە نایەتەوە لەگەڵ ڕای هیچ راوبۆچنێکی فوقەها ئیسلامیەکان، لەهەمانکاتدا هەڵگری ئەنگی شایەنی ورەخنەلێگرتنە لەم ڕوانەوە:

١- ئاستی بەرپرسیارێتی ناچارکاری ڕۆشن نەکردوەتەوە، پاشان ئایا بەهەمان سزای شایستە سزای ئەویش دەدرێت، وەك ئەوەی خۆی راستەوخۆ بەشداربووە یاخود نا؟

٢- کاتێك تاوانێك دەبێتە هۆکاری کوشتنی مرۆڤێکی بێ تاوان بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی وشەرعی، ئەوا پێویستە ناچارکراو-لێپرسینەوەی تاوانکاری لەگەڵدا بکرێت بەرامبەر ئەوەی فەزڵی مانەوەی ژیانی خۆی داوە بەسەر ژیانی کەسێکی تری بێتاواندا و کوشتویەتی.

٣- حوکمی ئەوناچارکراوەی ڕۆشن نەکردوەتەوە کە باوەڕی وایە " ملکەچ بوون بۆ فەرمانی ئەو ناچارکارە وەك واجب بوون لەسەری تەماشا دەکات.؟" ئەگەرچی ئەو فەرمانەش بریتی بێت لە کوشتن ..یاسای میرنشینی عمان و تونس هەمان ڕێچکەی یاسای عێراقی گرتوە لەم بارەوە تەماشەی(مادەی ٩٩) (فەصلی – ٤١ تونسی).

یاسادانەری ئەردەنی باشیکردوە کاتێك تاوانی کوشتنی جیاکردەوە لەو حوکمانەی کەلەمادەی (٨٨)دا هاتبوون سەبارەت بەئەنجامدانی تاوان لە ژێر فشارو ناچارکردندا.

یاسادانەری میصری مادەی (٦١) پوخت کردوەتەوە لەو حاڵەتە پێویستانە وەك ڕێگرێك لەرێگرەکانی بەرپرسیارێتی یان وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی ڕێپێدان (الاباحة). دەردەکەوێت کە ئەو وایداناوە کە ناچارکردن(الاکراه) لە بەجێهێنانە پێویستەکانە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە یاسا عەرەبیەکان حاڵەتی ناچارکردنیان لە حاڵەتی پێویستی(زەرورە) جیاکردوەتەوە، ئەوە بەرای من چەند ڕوویەکی هەیە....دیارە یاسای لیبیا ئاراستەی یاسای میصری گرتوە لەمادەی (٢٨)دا.

باسی دووەم:
بەرپرسیاریتی بە هۆکاربوون، لەو دۆخەی کە ئاژەڵ نێوەندگیرە

لەو بریارلەسەردراوە جێگیرانەی شەریعەتی ئیسلامی ئەوەیە کە، ئەو تیاچوون و لەناوبردنانەی کە ئاژەڵەکان دەیخەنەوە وەکو ئەوەی خۆیان بیکەن، ئەگەر گازگر نەبێت و خاوەنەکەشی بێ موبالات و کەمتەرخەم نەبێت لە پاراستنی کاتێك پێویستی بەوەکرد، هیچ باربوویەکی لێ ناکەوێتەوە لەوەی کە کێ بەرپرسیار لێی لەخاوەنەکەی یان کەسانی تر. ئەوەش بەهۆی نەبوونی رەگەزێکی سەرەکی لەرەگەزەکانی بنچینەکانی بەرپرسیاریتی کە بریتیە لە پەیپێبردن و پێزانین(ادراک).

ئەوەش لەو بنەما گشتیەوە کەوتوەتەوە کە دەڵێت" تاوانی چوارپێکان هەوانتەیە"[1] کە ئەمەش لە فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ)وەرگیراوە فەرمویەتی" چوارپێکان برینەکانیان بەهەوانتە دەروات"[2].

لەسەر ئەم بنەمایە خاوەن ئاژەڵ یان کەسی لێپرسراو لە پاراستنیان (شوان) کاتێك لە رووی تاوانکاریەوە سەبارەت بەکوشتن یان بریندارکردن یان لەناوبردنی ماڵی کە بەهۆی کردەی ئاژەڵەوە دەکەوێتەوە، لیپێچینەوەی لەگەڵدەکرێت. بەڵام ئەگەر سەلمێنرا کە خاوەن ئاژەڵ یان سەرپەرشتیارەکەی هەڵەی کردوە یان کەمتەرخەمی کردوە، یان هەرکەموکوریەکی لەوبارەوە هەبوبێت، ئەوا ئەو هۆکاربوە بۆ کوشتن یان برینداکردن یان لەناوچوونی ماڵ.

چەندین بەجێهێنان هەن بۆ بەرپرسیاریتی مرۆڤ وەك هۆکاربوون لە کردەی ئاژەڵ، کە لەسەرچاوە فیقهیەکانی مەزهەبە جیاوازەکان بە درێژی باسی لەسەرکراوە کە ئێمە لێرەدا ئەوەندەی نموونەی پێویستی لێدەخەینە روو:

---

[1] مجلة الاحكام العدلية المادة ٩٤ .

[2] نيل الاوطار ٥/٣٢٤ . العجماء بريتيە لە ئاژەڵ ئەصلەکەی (العجمة) واتە دەربرینی نەبێت هەروەها (جبار – بضم الجيم) واتە بەهەدەردان .

١- ئەگەر ڕێبوارێك تیاچووو بەهۆی سەگێکی هارەوە[1]، یان بریندار بوو، ئەوە خاوەنەکەی یان ئەوەی سەرپەرشتی دەکات، بەرپرسە لە ڕووی تاوانکاریەوە [2] ئەگەر داواکرابوو کەدووری بخاتەوە لە ڕێبوارەکە، یاخود بەستبێتیەوە لەشوێنێك کە ئەوشوێنە شوێنی بەستنەوەی ئەو جۆرە سەگانە نەبوو لەلایەن خەڵکەوە. پێویستە نیازی تاوانبار بزانرێت، ئەگەر کەمتەرخەمبوو یان کەموکورتی نواندبوو ئەوا دیەی لەسەرە. بەلآم ئەگەر هیچ هۆکاریوونێکی تیانەبوو بۆ ڕوودانی دەرەنجامی تاوانکاری، ئەوە لەڕووی تاوانکاری و لەڕووی مەدەنی ەوە هیچ لێپرسینەوەیەکی لەسەر نیە بەپێی بنەمای" تاوانی چوارپێکان هەوانتەیە" .

لە سەر ئەم بنەمایە ئەگەر کەسێك چوەماڵێك سەگی هاری تیابوو گازی لێگرت ئەگەر لەسەرخواستی خاوەنماڵ ڕۆیشتە ئەوماڵە ئەوکات بەرامبەر ئەوگازگرتنە بەرپرسیارە، بەلآم گەر بێ پرسی خاوەن ماڵ ڕۆیشتبێت ئەوا خاوەن ماڵ هیچ لەسەر نیە.. بەلآم ئەگەر سەگێگ گازی گرت لە مرۆڤێك لە دەرەوەی ماڵەوە، ئەگەر ڕۆژ بوو ئەوە خاوەن سەگ بەرپرسیارێتی لەسەرە، بەلآم ئەگەر شەوبوو هیچ لەسەر خاوەن سەگەکە نیە[3].

٢- بەرپرسیارە لە ئاژەڵێك هەریەك لە خاوەنەکەی یاخود پاسەوان یان شوان یان زەوتکەرو داگیرکەرێك[4] هەرکەسی تر کە بەرپرسیاربێت لەو ڕودلوانەی کەلەوەوە

---

[1] ولته خووی گازگرتنی هەیە(گازگرە) عقر ولته برین، ئەوە فێری گازگرتن بریندارکردن بە دووبارەکردنەوە پێی.

٢ هەروەها بەرپرسە لەڕووی مەدەنی ەوە ئەگەر زیانی مادی لێکەوتەوە .

[3] الخرشي للدردير ٤/ ٢٤٣ . المهذب ٢/ ٢٢٦ .
التاج المنهب ٤/٣٠١ . مباني تكلمة المنهاج ٢/١٠ ، ٢٢١ .

٤ هەروەها ئەوەی بەزۆر کەسێك سواری وڵاغێك دەکات دەبێت بەرپرسیار بێت لەو ڕوودلوەی دەیخاتەوە، چونکە ناچاریکردوە کە سواربێت، ناچاری نەکردوە لەسەر ڕوودانی زیان.
تەماشەی شرح المنهج بهامش حاشيه الجمل ٥/ ١٧٥ .

ڕوودەدەن، ئەگەر بە ئەنقەست هۆکاربوو بێت یان بە کەمتەرخەمی یان بەکەموکورتی نواندن لەوبارەوە [1].

شەرعزانانی ئیسلامی بۆ زانینی هەستان بە بەرپرسیارێتی یان پێهەڵنەسانی پێوەرێکیان دیاریکردوە، کە بریتیە لە ئیمکان بوونی خۆپارێزی و نەبوونی، ئەوزیان وفەوتانەی لە ئاژەڵ دەکەوێتەوە ئەگەر ئیمکانی بەرپرسیارێتی پاراستنی لە ئەستۆ گیرا ئەوا بەرپرسیاریەتەکەی لەسەرخاوەنیەتی، لێپێچینەوەی لەوبارەوە لەسەرە گەرنا، نەخێر.

لەمەوە چەندین پرس بونیاتنراون لەوانە:

أ- وەستاندنی ولاغێك لەسەر ڕێیەکی گشتی بە بێ پاساو، ئەوا خاوەنەکەی بەرپرسیاردەبێت لەو زیان و ڕودلوانەی دەیخاتەوە لە زیانی جەستەیی یان ماڵی، چونکە ئەو ڕێگە گشتیە مافی گشتیە بۆ هیچ کەس نیە بەرتەسکی بکاتەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی خۆی، کاری شوێنە گشتیەکان کەبۆ وەستان دانەنراوە ئیتر وەك دەستدرێژی هەژماردەکرێت، ئەوەش دەستدرێژیکردوە هۆکاربوە و ئەوکات

---

[1] ئەوە نزیکە لەدەقی مادەی (٢٥) لە یاسای هاتوچۆی عێراقی کە هاتووە بەتێکڕا: سزای زیندانی بەماوەی کەمتر نەبێت لە٥ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ و بەغرامەی کەمتر نەبێت ٥٠٠دینارو یاتر نەبێت لە ١٠٠٠دینار، هەرکەس بوە هۆکاری مردنی کەسێك دەرەنجامی لێخوڕینی سەیارەکەی بەهۆی پابەندنەبوونی بە یاساکانی هاتوچۆوە
هەروەها سزای زیندانی لەحەوت ساڵ کەمتر نەبێت لەدەساڵ زیاتر نەبێت، و بەغرامەیەك کە لەهەزار دینار کەمتر نەبێت و لەدووهەزار دینار زیاتر نەبێت. ئەگەر تاوانێك لەسەرینەمای بەندی یەکەمی ئەو مادەیە بوو کە مردنی زیاتر لە یەك کەس یان مردنی کەسێك و برینداربوونی کەسێیان زیاتر یان ناکام بوونی کەسێکی تر، یان لەپەلکەوتنی یەکێکی تر تیا ڕوویدا.
سزای زیندانیە بەماوەی حەوت ساڵ کەمتر نەبێت و لە دەساڵ زیاتر نەبێت و بەغرامەیەك کە لە ٥٠٠دینار کەترنەبێت و لەهەزاردینار زیاتر نەبێت، بۆ هەرکەس کەهۆکاربوە بۆ مردنی کەسێك لە ئەنجامی لێخوڕینی بارهەلگرەکەیەوە بە کەمتەرخەمیەوە یاخود سەرکێشیەوە ، یاخود لەژێر کاریگەری سەرخۆش بوون بە مەی یان بێهۆشکەرێك یاخود رایکردبێت بە بێ ئەوەی دەزگای پەیوەندیدار ئاگاداریکاتەوە . هەروەها سزای زیندانی کە ماوەکەی لە دەساڵ کەمتر نەبێت لەبیست ساڵ زیاتر نەبێت و کەغرامەکەی هەزاردینار کەمتر نەبێت و لەدوو هەزاردینار زیاتر نەبێت، ئەگەر تاوانەکەی ولبوو کەلە بەندی سێیەم لەومادەی سەرەوە کە بووە هۆی مردنی زیاتر لە یەك کەس یان مردنی کەسێك وئازاردانی کەسێ تر یان نەخۆشیەکی لەپەلضتو یان ناکام بوونی کەسێکی تر، یان لەپەلکەوتنی یەك کەس زیاتر تیا ڕوویدا.

لێپرسینەوەی لەسەرە[1]..

لەمەش نزیکیەك هەیە لەگەڵ ئەوەی کەلە مادەی (٢١) و بەندی (أ) لە یاسای هاتوچۆدا هاتوە: سزای ئەوە دەدرێت بەغرامەیەك کە لەدەدینار کەمتر نەبێت و لە بیست دینار زیاتر نەبێت، کە ئۆتۆمبیل(بارهەڵگر)ەکەی لە شوێنێکی وەهادا وەستاندبێت شوێنی ئەو وەستانەی نەبێت. بەتەنها وەستاندنی لەوێ سزایەکی تەمێکردنی لەسەردانرا، ئەگەرچی هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە، ئەوەش ئەوبریارەیە کەشەریعەتی ئیسلامی دلویەتی، هەروەها لەبابی حسبەدا هەژماریدەکات.

ب- ئەگەر ولآغێك (چوارپێیەك) کەسێکی کوشت- کە باو ئەوەیە بەلەقە لێیدابێت، یان بەکلکی چاوی کوێرکردبێت ئەوە هیچ لەسەر سوارەکەی یان رەشوەکێشەکەی نیە، بە هۆی نەبونی ئیمکانی دەسوەردانی سوارەکەی یان رەشوەکێشەکەی لەو لەوکاتەدا.. بەلآم ئەگەر ڕوداوەکە بەدەستەکانی بوو یان بەسەری بوو یان بەقەپی دەمی بوو، لەپێشەوە درووست بوو، بەپێچەوانەی ئەو رایەی شافیعیەکان لە بەگشتیکردنی بەرپرسیارێتی وتویانە: خاوەنی ولآغەکە[2] هەمو ئەو زیانەی دەیخاتەوە دەکەوێتە سەری ئەگەر لەگەڵیدا بێت. ئەگەر کەسێکی پلیقانەوە یان ماڵێك بەدەستی یان بەلاقی یان بە قەپی، یان میزیکردە سەر ڕێگەیەکی گشتی و کەسێك خلیسکا لەسەری و مرد، دەچێتە ژێرباری ئەمانەوە، چونکە چوارپێکە بەدەستیەوەیەتی و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودایە، تاوانەکەی وەك ئەوە وایە خۆی کردبێتی[3].

بەڕای من ئەو بەرپرسیارێتیە ناکەوێتە سەرشانی مەگەر ئەوکاتانەی بە ئەنقەست ئەوەی پێبکات یان کەمتەرخەمی بنوێنێت و یان کەموکورت بێت ئەوەش بە پێی بنەمای ((تاوانی چوارپێکان هەوانتەیە")).

ت- ئەگەر هۆکار لە ڕوودانی ڕوداوەکەی ولآغەکە لە لایەن کەسێکی ترەوە بێت و ئەو

---

[1] خزانة الفقه وعيون المسائل للمسرقندي ١/ ٣٥٦ . البدائع ٢٨/١ البحر الرائق ٨/ ٤٠٦ .

[2] یان ئەوەی بەرپرسە لێی کە سواری دەبێت و لێیدەخوڕێت یان چاودێری دەکات..

[3] المهذب ٢/ ١٩٤ .

بەرپرسیار نەبێت لێی، ئەوە تەنها ئەو کەسە لەدەرەنجامە تاوانیەکە یان مەدەنی ەکە دەپرسرێتەوە، ئەگەر کەسێك نەقیزەی ولاغی کەسێکی تری دا سوارەکەی سەری کەوتە خوارەوە و ئازاری پێگەیشت، یان ئازاری بەکەسێکی تر گەیاند ئەوا ئەوەی نەقیزەی ولاغەکەی دلوە بەتەنها بەرپرسە[1].

پ- کەسێك ولاغەکەی بەستوەتەوە لە پەنای ماڵی خۆیدا یان شوێنی تایبەت دوور لە شوێنی گشتی، ئەگەر دای لەدەمو چاوی مرۆڤێك و کوشتی یان بریندارێکرد، مادام کەمتەرخەمی نەنواندوە هیچ بەرپرسیاریەتیەك لەسەر ئەو کەسە نیە [2].

شەرعناسانی مەزهەبی زەیدیە لە رودلوەکانی هاتوچۆدا جوێ بوونەتەوە لە ئەنجامی جولاندن و دەرچوونی بەرد لەسەر رێگا لە حاڵەتی خێرایی ونەبوونی دەڵێن: سوار بەرپرسیارە لەو بەردەی کە دەترازێت لە ژێر پێی ولاغەکەی جا گەورەبێت یان بچووك، ئەگەر سواریەکەی بەخێراییەکی سەرو سروشتیەوە بوو، بەلام لە دۆخی سروشتی رۆیشتنی ولاغەکەدا بەرد جولا لێپرسینەوەی لەسەر نیە، مەگەر بەردێکی گەورە بجوڵێنێت نەك بچووك، ئەوەش بەمەستی پارێزگاری زیاتری سەلامەتی هاتوچۆیە لە رێگا گشتیەکان [3].

هەڵوێستی یاسا:

یاسادانەری عێراقی لە یاسای مەدەنی دەرنەچوە [4] لەو نەهجەباوەی کە لەلای شەرعناسانی ئیسلامی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی بەهۆکاریوو هەیانە، لەوەی کە لە ئاژەڵەکان روودەدات و زیانی جەستەیی وماڵی دەخەنەوە، دانی ناوە بەوەی کە خاوەن سەگی هار و هەرئاژەڵێکی هاوشێوە زیانمەند و ئازاردەر ئەگەر داواکرابو لەخاوەنەکەی لەلایەن کەسێکەوە کە با نەچێتە دەرەوە، یان با بیبەستێتەوە، ئەوا مادەی(٢٢٢ /٢)لەوبارەوە دەڵێت:(خاوەنی گای قۆچدەر و سەگی هار بەرپرسیاردەبێت لەو زیانەی

---

[1] رد المحتار لابن عابدين ٥/ ٣٩٠ .
[2] المبسوط ٢٦ / ١٨٩ .
[3] التاج المذهب ٤ / ٣٠٨ .
[4] ژمارە ٤٠ لە ساڵی ١٩٥١ .

دەیخاتەوە، ئەگەر خەڵکی ناوچەکەی یان گوندەکەی پێی ڕاگەیاندبێت کە ئاگاداری ئەو ئاژەڵەی بێت، یان خۆی ئاگادار یان پێشتر زانیاری لە عەیبەی ئاژەڵەکەی هەبووە.)

هەروەها لە دەقی مادەی (٢٢٣)دا هاتوە کە:(ئەگەر ئاژەڵێك بۆخۆی و بێ ئاگای خاوەنەکەی چووبوە ناو موڵك وماڵی خەڵکەوە، زیانی بەخاوەن ماڵەکە گەیاندبوو، ئەوە لە سەر خاوەنەکەی ناکەوێت، مەگەر کاتێك بسەلمێنرێت کەوەك پێویست ئاگاداری نەکردوە لەوەی کە ئاژەڵەکەی دەرچێت بۆ زیانی خەڵکی)

ئەمەش لەسەربنەمای ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی لەم جۆرە ناوەستێتە سەر هیچ کەسێك تەنها ئەوکاتە نەبێت کە کەمتەرخەمی وکەموکورتی نواندن ڕووی نەدابێت، ، کەلە سەر بنەمای (تاوانی چوارپێکان هەوانتەیە).

هەروەها مادەی (٢٢٤)جیاکاری لە نێوان ئەو زیانەی کەخۆی ناتوانێت لابدات لێی ئەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت، لەنێوان ئەو زیانەی کە دەتوانێت لێی بەدووربگرێت، ئەوە بەرپرسیارێتی هۆکاربوون دەکەوێتە سەری ..

یاسای مەدەنی میصری خۆی داوە لە بەرپرسیارێتی مرۆڤ بەهۆکاربوون، لەوەی کە ئاژەڵ دەیخاتەوە و لە ئاژەڵەوە ڕوودەدات جائەگەر خاوەنی بێت یان شوانی[1].

هەروەها یاسای فەرەنسی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی بەهۆکاربوون لەوەی کە ئاژەڵ دەیخاتەوە، لە چوارچێوەیەکی فراوانەوە بۆی چووە، کاتێك دەقی مادەی (١٢٨٥)

هاتوە کەتیایدا " خاوەنی ئاژەڵ و ئەوەی بەکاری دەهێنێت لە ماوەی بەکارهێنانی بەرپرسیارە لەو زیانەی کە ئەو ئاژەڵەی دەیخاتەوە، جا لەوکاتەی کە خەریکی پاسەوانیەتی یان ون بوو، یان بەربدراو بوو[2].

پاشان تێبینی دەکرێت کە یاسای مەدەنی عێراقی دەستی بردوە بۆ ئەم بابەتەو لە ڕووی قەرەبووی ماڵیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە لەم دەقەدا خرایەڕوو لەوەی کەدەبێتە هۆی ڕوودانی تاوان، ودواجار بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەهۆکاربوون دەکەوێتە سەری، بێجگە لەوەش یاسادانەری عێراقی لە یاسای مەدەنی ڕیچکەی شەرعناسانی ئیسلامی

---

[1] مادە ١٧٦ لە قانونی مەدەنی میصری نوێ.

[2] الدكتور صلاح الدين الناهي، الوجيز في النظريات العامة للالتزامات ١/ ٢٥٢ .

گرتوە، لەبەكارهێنانی دەستەواژەی (ضمان- "ئیلتزام و پابەندی") لە پرسە مەدەنی وتاوانكاریەكان و كۆكراوەی هەردوكیان، لە خستنەرووی حوكمەكان بە دانە دانە و هەریەك بەحوكمی تایبەتی خۆی.

پاشان یاسای سزادانی نوێی عێراقی دەستی بۆ ئەحكامی بەرپرسیاریتی تاوانكاری بە هۆكاربوون نەبردووە، لەوەی كە تاوانەكان، لە ئاژەڵەوە بكەونەوە، بێجگە لەوەی كەخۆیداوە لەو بەرپرسیاریتیەی كە لەبەكارهێنانی ئاژەڵ دەكەوێتەوە بە شێوەیەك لێیەوە دەرەنجامێكی تاوانی یا خود زیانێكی ماڵی بكەوێتەوە.

لە دەقی مادەی (٤٩٣)هاتوە كە: ((سزا دەدرێت بە زیندانی كەماوەكەی لە دە رۆژ زیاتر نەبێت، یان بەغرامەكردنێك كەبرەكەی لە ٢٠دینار زیاتر نەبێت:

یەكەم – كەسێك سواری ئاژەڵێك بووبێت یان رەشوەی گرتبوو یاخود شتی پێدەگواستەوە، یان باری لێباردەكرد، یاخود شتی پێرادەكێشا، لە رێگەیەكی گشتی یان گۆرەپانێكی گشتی بەبێ ئاگالێبوون بایەخ پێدان بەگیان و ئاسایشی و ئیسراحەتی خەڵكی)

لەدەقی مادەی(٤٩٥)دا هاتوە كە(سزا دەردرێت بەزیندانی ماوەكەی زیاتر نەبێت لەمانگێك یان غرامەكردنی كە مەبلەغەكەی لەبیست دینار زیاتر نەبێت.. ئەوەی كە شێتێكی بەرەڵای كۆڵان كردو، یان ئاژەڵێكی درندەی یان زیانمەند بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان ترسی خستەوە...ئەوكەسەی لە بەخێوكردن وگرتنەخۆی ئاژەڵەكەی دووربینی پێویستی نەكردبوو، لەوەی كە رێگری لە روودانی هەر مەترسیەك یان زیانێك كە دەكرێت لێی بكەوێتەوە. هەروەها لەو شوێنانەی كە تایبەتە بە نیشتەجێبون، ئەسپێك یان ئاژەڵێكی تیایابەستەوە یاخودتیایدا غاری پێدا.)

ئەم سزایانە هەموویان تەمبێكارین(تعزیریە) لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە

ئەمەش هاورایە لەگەڵ رووحی ئەو شەریعەتەو وەك پارێزگاریەك بۆ سەلامەتی گیان وماڵی خەڵك. بەڵام لەسەر یاسادانەرە كە سزای ئەوتاوانانەی كە لەئاژەڵەوە دەكەونەوە رۆشن بكاتەوە، وەك هەریەكێك لەو دۆخانەی هێنامانن. با شوێنهەلگری یاسادانەری میصری بكات كە جەختی لەوە كردوەتەوە كە خاوەن ئاژەڵ یان ئەو كەسەی پەیوەستە

بە پاراستنی بەرپرسیاری تاوانکاریە لەو کوشتن یان بریندارکرینەی کەلە کردەی ئاژەڵەکەوە دەکەوێتەوە، ئەگەر لە سەری سەلمێنرا بەجۆرێ لە جۆرەکان ئەو هەڵەیەی کە لەدەقەکاندا ئاماژەی پێدراوە، ئەوە ئیتر ئەو هەڵە هۆکاریووەوەیە لەو کوشتن یان بریندارکرینە. ئەگەر کەسێك سەگەکەی بەردا لەسەر رێگەیەکی گشتی، ئەوەشی زانی کە سەگەکەی ئازاردەرە و پاشان قەپی گرت بەرێبوارێکدا و گەستی، ئەوکات سزای خاوەن سەگەکە دەدرێت بە پێی مادەی (٢٤٤) ومادەی(٣٧٨)لە یاسای سزادانی میصری.

هەندیك لە یاساکانی ولآتانی عەرەبی ئەو ڕوداوانەی کە لە ئاژەڵ دەکەونەوە هێناویانن وەك سەرپێچی پەیوەست بوو بە سەلامەتی گشتی وئارامی گشتی وەك یاسای سزادانی ئەردەنی مادەی(٤٦٧) وبەندی سێ و چوار هەروەها مادەی(٤٦١) بەندی (أ) هەروەهایاسای مەغریب مادەی (٣٦)هەروەها یاسای لیبیا مادەی (٤٨٩)و پاشان تونسی مادەی(٣٦)بەندی حەوت و هەشت و نۆ، پاشان میصری مادەی(٣٧٨).

دیارە گرنگی نەدانی یاسای ولآتانی عەرەبی بەو ڕووداوانەی کە لەئاژەڵەوە دەکەونەوە، دەگەرێتەوە بۆ پێشکەوتنی ژیان و وبەکارهێنانی ئامێرە پێشکەوتنەکان وەك جێگرەوەیەکی ئەو ئاژەلآنە، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە تائیمرۆ سزای بەرهەڵستکەرو رێگریکەر وەك پێویست نین، بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیانەی لەو ڕووداوانەی کە لە میکانیزمەکانی گەیاندنە ئامێریەکانەوە دەکەونەوە، بەمانا وەك پارێزگارێك لەگیانی ئەو سەدان قوربانیەی رۆژانە لەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژیە نوێە دەکەونەوە.

بەراستی یاسادانەری عێراقی باشی کردوە لەوەدا کە نوێکاریەکی کردوە لە هەندێ سزای جەستەیی و ماڵی لە یاسای هاتوچۆی ژمارە(٤٨)ی ساڵی ١٩٧١ تێکرا لەمادەکانی (٢١بۆ٢٨) دا، کەئەمە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە بە یاسای تەمبێکردنەکان (التعزيرية)هەژمار دەکرێن، کە مافی دەسەلآتی کاتیە کە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئەوەی خواست دایانبنێت، دادوەریش لە بەجێهێنانیاندا دادگەری وگونجاوی(هاوشێوەیی) لەنێوان قەبارەی تاوان و سزاکەدا بکات، پاشان بارودۆخی تایبەتی و دەرەکی سەرپێچیکەریش لەبەرچاویگرێت.

پاشان دەتوانرێت قیاسێکی حوکمی لە سەر ئەو شتانەی لە ئاژەڵ دەکەونەوە، بە ئامێرەکانی ئیمرۆ بکرێت، جاهەرکام لە ئامێرە نوێیە گەیاندنەکانی زەمینی یان ئاوی یان

ئاسمانی بێت، پاش ئەوەی کە ژیان بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی گرتووەو لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا ئامێرەکان شوێنی ئاژەڵیا گرتوەتەوە.

لە کۆتای ئەم باسە(المبحث) دا، دەتوانین بڵێین کە ڕووی جیاوازی نێوان یاسا و شەریعەتی ئیسلامی لە بەرپرسیاربوونی مرۆڤ لەمەڕ ئەو ڕوودلونەی بەهۆی ئاژەڵەوە دەکەونەوە لە تاوان بیانگەڕێنینەوە بۆ ئەم دووخاڵە سەرەکیە:

أ– ئەوەی کە یاسای تاوانکاری ناوی دەبات بە بەرپرسیارێتی لە کردەی ئەوانی تر لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەرپرسیارێتیەکی کەسیە، ئەنجامی کردەی مرۆڤ خۆیەتی بە هۆکاربوون تیایدا، کە ئەمەش وردترە. ئەوەی پاڵپشتی دەکات ئەوەیە کە یاساو شەرێعەتی ئیسلامی لەسەری ڕێککەوتون لەوەی مرۆڤ بەرپرسیار نابێت لەو تاوانەی ئاژەڵێك دەیخاتەوە ئەگەر مرۆڤەکە نەبوبێتە هۆکار تیایدا بە ئەنقەست یان بە کەمتەرخەمی یان بە کەموکورتی نواندن. لێرەوەیە ڕاستیەکەش، چونکە ئەوەی لێی دەپرسرێتەوە لەمرۆڤ لێپرسینەوەیە لەو هۆکاربوونە و دەرەنجامەکانی، نەك بەرپرسیار بوون لەکردەی ئەوانی تر.

ب– لە شەریعەتی ئیسلامیدا سزای کوشتنێك کە لەئاژەڵەوە کەوتبێتەوە، ئەگەر مەبەستی تاوانکاری تیادا هەبوبێت (قصاص)ە، بەڵام ئەگەر لەحاڵەتی کەموکورتی نواندن و کەمتەرخەمی ئەوکات حوکمی (خوێنبایی–دیە) و بژاردنی کەفارەتی)دەیگرێتەوە، ئەوکات خوێنباییەکە(دیە) دەدەدرێت بە میراتگرنی کوژراو هەروەها کەفارەتە ماڵیەکەش دەدرێت بەهەژاران.

ئەمە پێچەوانەی ئەوەی کەیاسا لەسەری هاتوە لەوەی کە دیاریکردنی سزای جەستەیی وابەستەیە بە ئازادیەوە وەك زیندانی کردن یان غەرامەکردنی ماڵی کە دەدرێت بە خەزێنەی دەوڵەت.

ئاشکرایە دەستگرتن بەوەی لە شەریعەتدا هاتوە باشترو گونجاوترە، چونکە خوێنبایی سروشتێکی دوالیزمی هەیە لەلایەك سزایە و لەلاکەی تریشەوە قەرەبوویەکە بۆ ئەو زیانەی کە لەمیراتگرانی کەوتوە، چونکە دیارە خەزێنەی دەوڵەت چ پێویستی بەو غەرامەیە هەیە لەو ڕووەوە؟.

لەحاڵەتێكدا ئەگەر یاسای (تأمین-بیمەی كۆمەڵایەتی)بڕیاری قەرەبووكردنەوەی زیان لێكەوتوان بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوكات ئەمە هەنگاوێكی گەورەو باشە لە لەیەكتر نزیكبوونەوەی تەواوی یاسای دانراو(وضعي)لە شەریعەتی ئیسلامی.

باسی سێیەم:
بەرپرسیاریتی بەهۆكاربوون، لەو دۆخەی كە بێگیان نێوەندگیرە

لەو هۆكارانەی كە بەرپرسیارێتی بەهۆكاربوون واجب دەكات، ئەو ڕووداوانەن كە لە ئەنجامی بوونی چاڵێك لە شوێنێكی ڕێپێنەدراودا یان ڕووخانی دیوارێك یان كۆشكێك یان كەوتنی دارێك (درەخت) و ئەو هەرشێوەیەك لەم شێوانە ....

شەرعناسانی ئیسلامی خۆیان لەقەرەی ڕۆشنكردنەوەی حوكمەكانی ئەم ڕوودلوانەدا بەدرێژی داوە. هەمووشیان كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەم بەرپرسیارێتیە لەسەر مرۆڤەكان نابێت، ئەگەر نیازی ئەنقەست، یان كەمتەرخەمی و یان تەمەڵی و كەموكورتی نواندن لەپشتیانەوە نەبووبێت.

كۆشكێك یان دیوارێك ئەگەر بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و شارەزایانە لەڕووی هونەریەوە بونیاد نرا بێت، پاشان بەهۆی هێزێكی سەروو تواناوە وەك بوومەلەرە یان لافاوێكی گەورە، یان بۆمبارانێك یان هەرشتیَ لەوجۆرە یان بە هۆی هۆكارێكی شاراوەوە، ئەمەش بوە هۆی كەوتنەوەی زیانێكی گیانی یان ماڵی ئیتر لێپرسینەوەیەك یان چوونە ژێرحوكمی دەرەنجامەكانی لە خاوەنی كۆشك یان دیوارە ڕوخاوەكە نابێت. بە هۆی نەبوونی هۆكاری وەك نیازی ئەنقەست و كەموكورتی نواندن و یان هیچ كەمتەرخەمیەك لەلای خاوەنەكەیەوە.

هەروەها ئەوەش بە هۆكاربوون نایێتە هەژمارو نایگرێتەوە بەرپرسیارێتی ئەو كەسەی بیرێك لە باخچەكەیدا هەڵدەكەنیَ و كەسێك دەچێت و دەكەوێتە ناوی و دەمرێت.

پاشان هیچ ناكۆكیەك لەو بارەوە نیە كە دیوارێك هەر لەسەرەتای دروستكردنیەوە خواربوە ئەگەری ڕووخانی هەبوو بەڕووی ڕێگەیەكی گشتیەوە یان بەڕووی گۆڕەپانێكی گشتی یان باخچەیەكی گشتی ...یان ڕوەو ماڵێكی تایبەت وەك باخچەی هاوسێ یاخود

ڕوەو ماڵی هاوسێکەی، پاشان ڕووخا زیانی جەستەیی خستەوە وەك کوشتن یان زیان گەیاندن بە ئەندامێکی جەستەو و کەم ئەندام بوونی، یان کەوتنەوەی یانی ماڵی وەك تیاچوونی ئاژەڵ یان ئۆتۆمبێل...لێرەدا خاوەن ماڵ یان ئەوەی کەحوکمی ئەوی هەیە وەك دانیشتو تیایدا یان سەرپەرشتیاری... لە دەرەنجامەکانی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت وەك هۆکاربوویەك لەوەی کەمتەرخەمی و کەموکورتی نواندوە لە تەواوکردنی کەلێن و ناتەواویەکانی خانوو یان دیواری خانوەکە .

هەروەها بەهۆکاربوون هەژماردەکرێت ئەو کەسەی کە بیرێك یان چاڵێك لە سەر ڕێیەکی گشتی هەڵدەکەنێ ڕێبواریێ یان راگوزەرێك کەبەو ڕێگەدا تێدەپەری تێیدەکەوێت و دەمرێت، یان پەلێکی دەشکێت یان کەم ئەندام دەبێت، لێرەدا بەهۆی ئەم کردە نارەوایەی و دەستدرێژیەی بۆ سەر مافی گشتی لێپرسراو دەبێت بەرامبەری..

بەڵام ئەگەر دیوارێك یان کۆشکێك بەرێکو پێکی و ئەندازەییانە دروستکرا، دواتر بەهۆکارێك کەلەتواناو خواستی خاوەنەکەی بەدوور بێت، خەلەل و خواری کەوتە دیواری کۆشکەکەوە وگومان و مەترسی روخان و زیانگەیاندن بەخەڵکی چ ماڵی و چ گیانی لێدەکەوتەوە، هەروەها خاوەنەکەشی هەستی بەمە کرد، بەڵام کەمتەرەمی تیاکرد و کەموکورتی نواند بەئەنقەست چاکی نەکردەوە. ئەوە بۆ ئەم دۆخە فوقەهای شەریعەتی ئیسلامی رای جیاوازیان دەبێت لە جۆری بەرپرسیارێتی کەمتەرخەم وەك لێرەدا دەیهێنین:

أ- فوقەهای حەنەفیە[١] ومالیکی[٢] وحەنبەلیەکان[٣] وگوتەیەکی شافعیەکان[٤] وای بۆدەچن کە کەمتەرخەم بەرپرسیارە لە دەرەنجامی ڕووداوەکە ئەگەر ئەم مەرجانەی تیا هاتبوە دی:

١- ئەگەر دەرکەوتەیەکی وەك (خواربوونەوە، بەپشتا کەوتن، یان رزینی بناغەکەی، یان پەیکەری خانوەکە بە تێپەڕبوونی کات پەڕیووت بوبو) یان هەرشتێکی لەم

---

[١] البدائع ١٠ / ٤٧٣٠ وما بعدها.
[٢] المدونة الكبرى ٤ / ٥٠٧ .
[٣] المغني لابن قدامة ٧ / ٨٢٣ .
[٤] مغني المحتاج ٤/ ٨٦ .

جۆرە هەبوو، ئامادەبوو بۆ خستنەوەی مەترسی ئەو کۆشکە یان ئەو دیوارە ئەگەر وەها جێبهێلرێت و چاك نەکرێتەوە،

٢– ئەگەر ئاگادارکردنەوەیەك یان داواکاریەك ڕووبەڕووی خاوەن ماڵ یان ئەوەی مافی دەستوەردانی لەویارەوە هەیە، کرابێتەوە سەبارەت بەچاککردنەوە.، "بێجگە لە کریچی و رەهن گرتوو، چونکە ئەمانە ئەرکی روخاندن و چاککردنەوەیان نیە لەم روەوە".

ئەگەر ئەو کۆشکە بەریوەوە یان ئەو دیوارە رووخا پێش دواکاریەکە و بوەهۆی ڕوودان وکەوتنەوەی زیانێکی جەستەیی یا ن ماڵی ئەوە بەرپرسیارێتی لەسەر خاوەن ماڵ نیە و ناچێتە ژێر حوکمیەوە، چونکە ئەو بەرپرسیارێتیە کاتێك دەکەوێتە سەر خاوەن ماڵ کە وازی لە کەموکوریە مەترسیدارەکان و کەمتەرخەمی لە چاکسازی پێویست لێی کربێت، دواجار وەك هۆکاربوویەك بێت بۆ زیان خستنەوە. دیارە ئەو هۆکاربوونەش ناسەلمێت بە بێ داواکاری و ئاگادارکردنەوە.

پاشان ئەگەر داواکرا لە لایەن دادوەر کە ئەو داواکاریە بۆکاتێکی دولتر دوابخرێت، بەڵام ئەو خواری و خراب بوونەی کۆشك و دیوارە بەرووی رێگەیەگی یان گۆرەپانێك یا باخچەیەکی گشتی یان شتێکی لەو شێوەوە بێت، ئەم دواخستنە پووچەڵە وکەوتنەوەی هەرزیانێك بەرپرسیارێتی هۆکاربوون لەسەر خاوەنەکەی دەکەوێت، بەپێچەوانەی ئەو خواربوون و لاربوونەوەی کۆشك و دیوارەی بەرووی هاوسێکەیەتی و هاوسێکەی داواکەی بردوەتە دادگاو لەسەر رەزامەندی ئەو دواخراوە یان دادگا دوای خستوە، بەمەش بەرپرسیارێتی هۆکاربوون لەسەر خاوەنماڵ هەڵدەگیرێت، ئەگەر لەوماوەی دواخستنەدا روخاو زیانی خستەوەو لە ئەنجامەکانی بووراو دەبێت[1].

شایانی باسە بۆ هەرتاکێکە کەداوای (هەڵوەشاندنەوە– النقض)یان چاککردنەوە بەرزیکاتەوە بۆ داواکاری گشتی ئەگەر هەرەشەیەك هەبوو مەترسی

---

[1] البدائع ١٠ / ٤٧٣٠ – ٤٧٣٢ .

کەوتنی مافێکی گشتی لێدەکەوتەوە. بەڵام ئەگەر مافێکی تایبەت بوو ئەوە دلواکاری تەنها لەلایەن خاوەن مافەکەوە یان ئەوەی بوەتە بریکاری بەرزدەکرێتەوە.

٣- هەستانی باوانی هەڵوەشاندنەوە (ولاية النقض)یان چاککردنەوەی کاتی کەوتن، بەس نیە بە سەلماندنی لەکاتی دلواکاری، چونکە ئەوە ئەوکاتە دەبێت بە دەستدرێژیکەر (متعدي) کە واز لە هەڵوەشاندنەوەکە بهێنێت لەکاتی کەوتنیدا، ئەگەر درێژەی کێشا بە هەڵوەشاندنەوەکە و ئەمەش هەڵنەوەشایەوە تاوەکو موڵکەکە فرشرا ومافی خاوەندارێتیەکەی گوازرایەوە بۆ کریار، لەوکاتەدا هۆکاربوون لەبەرپرسیارێتی دەچێتە سەر کریار بە گواستنەوەی (باوانی-ولایە)بۆ ئەو.[1]

ب- بۆلوانی هەڵوەشاندنەوە (امكان النقض) پاش دلواکاری بەوە دەبێت کە کەوتنی کۆشکەکە یان دیوارەکە پاش دلواکاریەکە. بەماوەیەك دەلوا بۆی هەڵیوەشێنێتەوە یان چاکی بکاتەوە تیایدا، چونکە بەرپرسیارێتی لەوەیە کەهەستێت بەخستنی هەڵوەشاندنەوەی واجبێك بەڵام هیچ واجبێك لە ئارادا نابێت ئەگەر کاتەکە تەنگی پێهەڵ چنرا[2]. لای شەرعناسانی جەعفەری[3] و زەیدی[4] و ئیباضیة[5] بەرپرسیارێتی دەوەستێتە سەری ئەگەر خاوەن ماڵەکە یان ئەوەی لەجێگەی حوکمی ئەودایە دلوای هەڵوەشاندنەوە یان چاکسازی بکات..

ئەگەر کەسێك کۆشکێك یان شورایەکی بەرێکو پێکی لە موڵکەکەی خۆی دروستکرد بەڵام دواتر خواربوویەوە بەسەر مافێکی گشتی یان تایبەتی و پاشان رووخا ئەوە لە دەرەنجامەکەی بەرپرسیارە دەبێت.

دیارە بەرای من ئەم رایە رایەکی شایستەیە بۆ کارپێکردن، چونکە بنچینەی ئەو بەرپرسیاریتیە خۆی لە (کەمو کورتی نواندن وکەمتەرخەمی لەگەڵ پێزانین و

[1] سەرچاوەی پێشوو ١٠ / ٤٧٣٣ .
[2] سەرچاوەی پێشوو ١٠ / ٤٧٣٤ .
[3] الخلاف في الفقه للطوسي ٢ – ٤٠٦ . الروضة البهية ٢- ٤٢٤ .
[4] التاج المذهب ٤ / ٣٠٣ / ٢٠٤ .
[5] جوهر النظام ٦٣٩/٣ .

هەڵبژاردن) ئەم بنچینانەش بوونیان هەیە کاتێك خاوەن موڵکو ئەوەی بریکاری ئەودەکات لەو ڕووەوە بزانەو هەست بە مەترسیەکانی کۆشکەکە یان دیوارەکە دەکات، و لەڕووی کات وئەوانەوە دەسترۆیشتوە (متمکنا) بۆهەڵوەشاندنەوەی یان چاکسازیکردن تیایدا، جا ئەگەر داوای ئەوەی لێکرا بێت یان نا.

ت- زاهریەکان وایدەبینن کە بەرپرسیارێتی ناکەوێتە سەر خاوەنی کۆشکەکە یان شوراکە ئەگەر کەوت و کەسێکی کوشت یانماڵێکی لەناوبردلە هەموو حاڵەتێکدا واتە ئەگەر باش یان خوار، یان باش یان خراپ دروستی کردبێت، یان دلوا لەخاوەن ماڵ یان ئەوەی هەمان حوکمی خاوەنماڵ دەیگرێتەوە کرابێت بە هەڵوەشاندنەوە یان چاکسازیکردن یان نا..

ئیبن حەزمی زاهری دەڵێت: جیاکاری لەنێوان ئەوەی شایەت هەیە لە سەر ئاگادارکردنەوەی یان نەبوونی یان داواکردن لێی یان نەبوونی، هیچ واتایەکی لای ئیمە نیە، خاوەنی دیوارە خواربووەکە بە بکوژ ناوزەد ناکرێت، هەربۆیە نەکەفارەت و نەزەمانی ماڵی لەسەردەبێت لەو ماڵ و سامانەی تیاچووە، کە ماڵەکان حەرامکراوین ئەوە بریاردان بە غەرامەکردنی کەسێك نابێت لەسەریان، کەلەسەری بەدەقێك یان بەکۆڕا(اجماع) [1] واجب نەکرابێت. ئاشکرایە شتێك لەم رایەدانیە بێجگە لە پشتگوێخستنی ماف خەڵکان و بواردان بە نواندنی زیاتری کەمتەرخەمی و کەموکورتی نواندن لەسەر مانەوی زیاتری کۆشك ودیوارەکان، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گیان و دەروون و ماڵی کەسانی بێ تاوان دادەنێت.

هەرچی بەرپرسیارێتی بە هۆکاربوونە لەو ڕووداوەی کە لەهەڵکەندنی چاڵ و بیردا دەکەوێتەوە کەلە کۆڵان و شەقام و شوێنی گشتیدا هەڵدەکەنرێن، ئەوە رای شەرعناسانی ئیسلامی خەریکە بڵێین هاوڕان لەسەری، چونکە کار لەکاتی پێ هەستانیدا دەستدرێژی لەگەڵدایە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە چاڵەکە لەموڵکی کەسەکە خۆیدابێت یان لە موڵکی کەسێکی تر بێت بەڵام بە خواستی خاوەنی، یان لە شوێنێکی دوورەوانی بێت[2]. یان لە

---

[1] المحلي ١٠/ ٦٣٩ .

[2] المغنی لابن قدامة ٧/ ٨٢٣ . المجموع شرح المهذب ١٧ / ٣٧٩ .

لایەن دەوڵەتەوە هەڵکەنرێت بە ئامانجی بەرژەوەندیەکی گشتی وەك فرلوانکردنی رێگە وشەقام یان چاکسازیکردن تیایدا یان راکێشانی هێڵی کارەباو ئاو یان تەلەفۆن یان ئاوەرۆ..

ئەوە بەرپرسیاریتی رووداوەکانی ناکەوێتە سەر دەوڵەت لەرۆشنایی ئەوەی کەشەرعناسانی دەستیان خستوەتە سەری. ئیبن و قودامە دەڵێت[1]:(ئەگەری ئەوە هەیە کە مۆڵەتی پێشەوا لە خانوودا لە بەرژەوەندی موسڵمانان بێت بە بێ هەڵکەندن چونکە هەڵکەندن پێویستی بەوە هەیە، ئەوەش بۆ سودی رێگاو چاککاری و لابردنی خاك و ئاو تیایدا بە پێچەوانەی خانوو.. هەڵکەندن بە مەبەستی ڕادانی بەردێك لەناورێگەیەکدا کەزیانی بۆ راگوزاران هەبێت و پرکردنەوەی چاڵەکە بە وردەبەردئاسانکردنی رێگەکە بەلابردنی خاك وخۆڵ و هاوشێوەکانی..هەروەها چەورێژکردن و ریککردنەوەی لێوارەکانی تا ببێتە ئاسانکاریەك بۆ خەڵکی یان بۆ پەرینەوە بەسەریدا، ئەمانە هەموویان رێگپێدراون و هیچکات ئەوەی لەمەدا تیادەچێت چەمانەتی بۆ نیە، پیچچەوانەی ئەمەش زانیاریەکم لێی نیە.

بەڵام بەرای من ئەو هەڵکەندنانەی کە لەلایەن ئەمینداریتی پایتەختەوە یان شارەوانیەوە یان کۆمپانیایەکی ناوخۆیی یان بێگانە لە ناوشاردا بێت یان دەرەوەی یان لە شەقامە گشتیەکان بێت بەرپرسیاریتی لەو رودلوانەی دەیخەنەوە لەسەریانە، ئەگەر ئەو لایەنانەی پرۆژەکە جێبەجێدەکەن وەك پێویست ئاگاداری و ئاماژەو هێماو گڵۆپی سوور و پێویستیان بۆ بەئاگاهێنانەوەی هاونیشتمانیان و راگوزاران ئەنجام نەدابێت بە بوونی ئەوچاڵ هەڵکەندنانە.

شایانی باسە کە هۆکاربووی بەرپرسیار لە رووداني خانوو دیوار و بیرو هەڵکەندنەکان، لەکاتی رووداني تاواندا تەنها لە سەر خوێنباییەکە(دیە) لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر هیچ نیازێکی تاوانکاریانە لەپشت کارەکەیەوە پشت راست نەکرایەوە.

بەڵام ئەگەر ئەوە پشتراست کرایەوە ئەوە سزاکەی هەقسەندنەوەیە (القود)لە الخرشی[2] دا هاتووە: ((ئەوەی بیرێك هەڵکەنێت، لە شوێنێکی رێپێنەدرلو وەك هەڵکەندنی لەسەر رێگەی موسڵمانان، یاخود لەشوێنێك کە رێپێدراوە بەڵام نیازی خراپی لەپشتیەوە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ٧ / ٨٢٥ .

[2] هەمان سەرچاوە ، ٨/٨ .

بێت وەك هەڵكەندنی لەماڵەكەی خۆیدا بەڵام مەبەستی زیان گەیاندن وكوشتنی كەسێكی دیاریكراو، پاشان ئەوكەسە وای لێبێت وەك ئەوەی كەویستویەتی، ئەوە كوشتن (قصاص) لەسەر هەڵكەنەرەكەیە، بەڵام كەسێكی تری تێكەوت ئەوا خوێنباییی لەسەرە.)

بەرای من سزاكە دەبێت قصاص بێت ئەگەر نیازی بیرهەڵكەن زیانگەیاندنی گیانی بەكەسێكی دیاریكراو بێت پێی، جا ئیتر ئەوكەسەی تێكەوت یان هەركەسێكی تر ئەوە بیرهەڵكەن شایستەی هەمان سزایە واتە (قصاص)، چونكە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە هیچ جیاوازیەك لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤێكی تردا نیە، هەروەها لەبەرئەوەی نیازی تاوانكاریانەو سووربوونی پێشینەی ئەو لەویبوارەوە هەبووە ئیتر سزاكەی تۆڵەسەندنەوەیە لێی.

دەبینین هەندێ لەیاساكانی وڵاتانی عەرەبی لەمەوە وەریانگرتوە، كاتێ دەقی مادەی (٦٦) ی یاسای سزادانی ئەردەنی و مادەی(٨٢)یاسای سزادانی سەڵتەنەی عومان كە هاتوە بە(ئەگەر تاوانێك لەسەر كەسێكی نەخوازراو كەوتەوە(واتە نەك ئەو كەسەی مەبەست بوە تاوانی بەرامبەر بكرێت)، سزای بكەری تاوانەكە دەدرێت وەك ئەوەی ئەو كردەیەی بەرامبەر ئەو كەسەكردبێت كە ویستوویەتی).

هەیە لەوە زیاتر رۆیشتوە بریاری (القود) هەقسەندنەوەی بەسەردا دەدات، ئەگەر لەلایەن هەڵكەنەری بیر (چاڵ) ەكەشەوە نیازی كوشتن .كاتێك دەبینین لە " مباني تكملة المنهاج" دا هاتوە: ئەگەر چاڵێكی قووڵ لە شوێنی رۆیشتنی خەڵكیدا بە ئەنقەست هەڵكەنێ، لەم حاڵەتەدا بەزۆری هەركەسی تێبەكەوێت دەمرێت، ئەوكات گەر رێبوارێك تێبكەوێت و بمرێت ئەوە پێویستە چاڵهەڵكەن قصاص بكرێت ئیتر هیچ جیاوازیەك لەنێوان نیازی كوشتن یان نەكوشتن لەو رووەوە نابێت[1].

لەسەر ئەو بنەمایە چاڵ (بیر)هەڵكەن لە رووی تاوانكاریەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدەكرێت و یاسای قصاصی بەسەردا دەدرێت ئەگەر ئەم مەرجانەی تیا بێتەدی:

أ- دەبێت چاڵ(بیر)ەكە لە شوێنی ریرۆیشتنی خەڵكیدا بێت..

---

[1] الخوئي، مباني تكملة المنهاج ٢/ ٨ .

ب- دەبێت ئەو چاڵە بە ئەنقەست بێت واتە نیازی لەهەڵكەندنی ئەزیەتدانی كەسیَ تر، یاخود شوێنی هەڵكەندنی بۆخۆی ئامازەیەكە بۆ ئەوە.

ت- چاڵەكە وابێت كە كەوتنە ناوەوەی ببێتە هۆی مردن بەزۆری.

هەرچی سەبارەت بە رودلوەكانی ماڵ و سامانەوە هەیە، ئەوە بەرپرسیاریەتیەكی بەهۆكاریووی مەدەنی یە و، تەنها قەرەبوو دەخوازێت.

یاسادانەری عێراقی چارەسەری بابەتی بەرپرسیارێتی بەهۆكاریووە لەو حالەتەی كە نێوەندگر بێگیان بێت لەژێر ناونیشانی سەرپێچیەكانی پەیوەست بە رێگەوبانی گشتی و ئەو شوێنە تایبەتانەی كە بۆ سودی گشتین هێناونی، هەروەها ئەو سەرپێچیانەی پەیوەستە بە ئارامی گشتی ویەتەندروستی گشتی و ماڵ و سامان وموڵكەكان لەمادەكانی (٤٨٧-٥٠٠) لە یاسای سزادانی عێراقدا جێكرلونەتەوە، پاشان هەمواری ئەو سەرپێچیانە سزان كە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە بە تەمێكردنەكان دادەنرێن.

بێجگە لەوەی كە ئەوە ئاستی بەرپرسیارێتی سەرپێچیكاری دەست بۆ نەبردووە كە ئەگەر لەو سەرپێچیكردنەی زیانی ماڵی یان جەستەیی بە ئەوانی تر بخاتەوە

بەشی سێیەم:
پشکداری تاوانکاری

پشکداری تاوانکاری بریتیە لە هاوکاری کردنی چەند کەسێك لە یەك تاواندا ولەیەك کاتدا لەگەڵ هەبوونی ڕێککەوتنێکی پێش وەختەی زۆربەزۆری بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.

لەم پێناسەوە تێدەگەین کە پشکداری تاوانکاری لەم رەگەزانەی خوارەوە پێکدێت:

أ- دەبێت چەند کەس لە تاوانبار بوونیان هەبێت، چونکە دەستەواژەی پشکداری واتای بەشداریکردن دێت کەئەوەش زیاتر لەدووکەس دەخوازێت.

ب- دەبێت تاوانەکە هەر یەك تاوان بێت، خۆ ئەگەر چەند تاوان بوو هەرکەسەو تاوانێکی ئەنجامدا یەکێك هەڵدەستێ بەکوشتنی کەسێك، یەکێتر هەڵدەسێ بە شارینەوەی لاشەی کوژراو ئەوکات هەر یەکەیان بۆ خۆی تاوانێکی سەربەخۆی ئەنجامداوە جیاوازە لەوی تریان..

ت- دەبێت ئەو پشکداریە لە یەك کاتدا بێت، لە رووی هاوزەمەنی پەیوەندیکردنیان بە تاوانەکەوە، ئەگەر بە شێوازی بەدوای یەکدا هاتن وهەریەکەیان هاتبێت بەجیا بەشداری تاوانەکەی کردبێت، ئەوادەرەنجامی تاوانەکە دەدرێتە پاڵ ئەوەیان کە زیاترهۆکاری تاوانەکە بووە[1]...

---

[1] لە (مغني المحتاج، الفقه الشافعي (١٢/٤)دا هاتوە: ئەگەر دووکەس پێکەوە لە یەك کاتدا کۆبوونەوە بۆ کوشتنی کەسێك بە جۆرێ ئەگەر بەجیا بوونایە دەیانتوانی هەریەکەیان ئەو کوشتنەی ئەنجام بدایە وەك سەربڕین و ئاگرتێبەردانی جەستەی، یان نەکوشتنی بەڵکو بڕینی ئەندامێکی جەستەی.ئەگەر ئەو کەسە مرد ئەوە قصاص لە سەر هەردوکیان واجبە.

ئەگەر ئەم کردەیە ئەو دووکەسە پێکەوە لە یەك کاتدا ئەنجامیان نەدا بەڵکو بە شوێن یەکدا هاتن، بۆنموونە یەکێکیان هات کاری سەربڕینی کەسەکەی تەولو کرد وئیتر نە دەنگ و نەچاو نەهیچ هەستێکی تیاما تەولو لە ویستەجووڵە کەوت پاشان دوەمیان هات و تاولنەکەی تری تەولو کرد، ئەوە کەسی یەکەم بە تاوانباری سەرەکی دادەنرێت و قصاصی لەسەر واجبە، هەرچی تاوانباری دووەمە ←

پ- بوونی پەیوەندی مەعنەوی لەنێوان تاوانبارەکاندا، ئەو پەیوەندیەش یەکەی مادی و یەکەی مەعنەوی دەخوازێت [1].

یەکەی مادی: بریتیە لە پەیوەندیەکی هۆکاری لە نێوان کردەی هەر پشکدارێك و دەرەنجامی تاوانکاریەکە، وەك پەیوەندی هەڵنان و کوشتنی تاوانبار بەرامبەر کراو، بە شێوازێك ئەگەر ئەوە نەبوایە هەڵنەئەستان بەم تاوانە..

یەکەی مەعنەوی: بریتیە لەو پەیوەندیە هزریەی کە پشکدارەکان لەسەر یەك تاوان کۆدەکاتەوە، تاوەکو کۆکبن ورێککەوتنێکی ژێربەژێری بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە پێکبهێنن، کەلە فیقهی ئیسلامیدا زاراروەیکی بۆدانراوە کە پێی دەوترێت بەیەکەوەبوون لەتاوان (التمالؤ) [2].

زۆرینەی شەرعناسانی ئیسلامی رایان وایە کە جیاوازی لە نێوان حاڵەتی جیایی (التفریق) و حاڵەتی هاوڕایی(التوافق)و حاڵەتی بەیەکەوەبوون لەتاوان (التمالؤ) لە ماهیەت و حوکمدا دەکرێت وەك ئەمەی خوارەوە:

أ- هاوڕایی(التوافق): بریتیە لە ئاراستەی ویستی پشکدارەکان بۆ تاوانێك کە ئەنجامی بدەن بە بێ رێککەوتنێکی پێشینە. نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە لەو دەمەقاڵێ کتوپڕانەی کە خاوەن پەیوەندیە خزمایەتی وهاورێیەتیەکان بەشداردەبن تیایدا بە بێ هیچ ریککەوتنێکی پێشوەختە، لەم حاڵەتانەدا هەرکەسەو لیپێچینەوەی کردەکەی خۆی لەگەڵ دەکرێت، هیچ کامیان بەرپرسیارێتی دەرەنجامی کردەی ئەوی تر

سزای تەمبێکردن(تعزیر)ی بەسەردا دەدرێت کە هەستاوە بە ئەتك کردن و شێواندنی جەستەو حورمەتی مردوویەك.

بەڵام ئەگەر تاوانباری دووەم چوە سەری بینی کەسی یەکەم تەنها برینداریکردوە بەڵام هێشتا نەمردوە، ئیتر ئەو هەستا بەکوشتنی لەم حاڵەتەدا کەسی دوەم قصاص ی لەسەر واجبە.

[1] لە (الاقناع)فقهی حەنبەلی (٤ / ١٦٩)دا هاتووە: کۆمەڵێك دەکوژرێن بەرامبەر یەك کەس ئەگەر کردەی هەریەکەیان رێکخرلو بوبێت بۆ کوشتنی ئەوکەسە، وەگەرنا نەخێر. ئەگەر پێش وەختە رێککنەکەوتبن لە سەر ئەوە.

[2] وەك لە سەر زمانی عومەری کوری خەتاب (ﷺ) هاتوە کە فەرمویەتی: "((ئەگەر بەیەکەوە بوونی تاوانی (التمالؤ) لەناو هەموو خەڵکی صەنعادا بۆ ئەو کوشتنە هەبولیە ئەوە هەموویانم دەکوشت)).. المجموع شرح المهذب (١٧ / ٢٤٦).

هەڵناگرێت.

ب- بەیەکەوەبوون لەتاوان (التمالؤ): بریتیە لە رێککەوتنێکی پێشوەختەی پشکدارەکان لەسەر ئەنجامدانی تاوانێك کە هەموویان ئامانجیانە جێبەجێکردنی، بۆ دەسکەوتنی ئەوەی لەپشت کوشتنەکەوەیەتی، پاشان هاوکاری یەکتردەکەن بۆ روودانی..

لەمەشدا بەرپرسیارێتی هەریەك لە پشکدارەکان لەدەرەنجامی کردەکەی و کردەی ئەوانی تریشە پێکەوە دەکەوێتە سەریان، ئەگەرچی سروشتی کارەکەیان لەیەکتر جیاوازبێت، وەك ئەوەی یەکێکیان چەقۆیەکی لێدەدات و یەکێکی تریان گوللەیەکی پێوەدەنێت ویاخود پشکداری یەکێکیان زۆر زیاتربوە لەونی تر[1].

سەرچاوەی حوکمی پشکداری تاوانکاری:

حوکمی پشکداری تاوانکاری لە "قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر(ﷺ) ودادگاییەکانی خەلیەفەکانی راشیدین و کۆرای هاوەڵان و بەرژەوەندی گشتی و عەقڵی هۆشمەندەوە" وەردەگیرێت..

أ- قورئانی پیرۆز : زۆرێك هەن لە دەقی پیرۆزی قورئان سەبارەت بەپشکداری تاوانکاری دەکەن جەخت لەسەر حەرامکردن و قەدەغەکردن و دوورکەوتنەوەی ئیمانداران لێیان بەشێوەیەکی بنبڕی. هەروەها ئاگاداری مرۆڤ دەکاتەوە لەوەی کە لەوانی ترەوە هاوکاری و پاڵپشتی وەربگرێت لە بۆ ئازارگەیاندی جەستەیی ویان ماڵی یان ئەدەبی بەوانی تر..پاشان بەڵێنی سزادانی توندی دونیایی و دوارۆژی لە بۆ ئەوانەی کە شوێنکەوتەی دەرونی خۆیان دەبن بەوەی ببنە هاوکاری ئەوانی تر بۆ تاوان و گوناه و دوژمنایەتیکردنی خەڵکانی بێ گوناه.. نموونەی ئەودەقانەش فەرمودەی خوایی: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[2].

---

[1] لە الاقناع ٤ / ١٦٩ د هاتوە: ئەگەر کەسێکیان برینێکی لێکرد و یەکێکی تریان سەربرین ئەوا هەردوکیان لە قصاص و خوێن بژاردندا یەك جۆر بەشداردەبن.

[2] المائدة /٢ .

ب- سونەتی پێغەمبەر(ﷺ): لە ئەبو شورەیحی کەعبی دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێوە ئەی تیرەی خوزاعە ئێوە ئەو کەسەتان کوشت لەقەبیلەی هەزیل، من هەستام بە خوێنباییەکەی، سوێند بەخوا ئەوەی لەمەولا کەسێك بکوژێت ئەوە خێڵەکەی(ئەهلەکەی) لەنێوان دوو بژاردەدایە یان ئەوەیە بیدەنە دەست ئەوان و بیکوژنەوە یان داوای دیەیان کرد بەهەموتانەوە دەیدەن و خوێنەکەی ببژێرن..)). پێغەمبەر(ﷺ) جیاوازی نەکرد لە نێوان تاکێك و کۆمەڵێکدا ئەوەش کۆڕای هاوەڵانی پێغەمبەریوون.

ت- دادگاییکردنەکانی خەلیفەکانی راشدین و هاوەڵانی پێغەمبەر: عومەری کوری خەتاب و عەلی کوری ئەبو تالیب پێکەوە دادگایی حەوت کەسیان کرد لە خەڵکی صەنعا و بریاری کوشتنیان بۆ دەرکردن بەرامبەر ئەو کەسەی پێکەوە هەرحەوتیان کوشتبوویان، عومەر فەرمووی:(ئەگەر بەیەکەوەبوون لەتاوان (التمالؤ) لەناو هەموو خەڵکی صەنعادا بۆ ئەو کوشتنە هەبوایە ئەوە هەموویانم دەکوشت)).

لە سەعیدی کوری موسەییەوە دەگێڕنەوە کە عومەری کوری خەتاب، گروپێکی (پێنج یان حەوت کەسی)کوشت بەرامبەر ئەو کەسەی کە کوشتبویان بەنهێنی، تیرۆرکرابو.[1] عومەر فەرمووی "((ئەگەر (بەیەکەوەبوون لەتاوان- التمالؤ) لەناو هەموو خەڵکی صەنعادا بۆ ئەو کوشتنە هەبوایە ئەوە هەموویانم دەکوشت)). [2].

دەگێڕنەوە لە عەلیەوە کە سێ کەسی بکوژی یەك کەسی کوشتوەتەوە ..

هەروەها دەگێڕنەوە لە موغیرەی کوری شوعبە کە حەوتی کوشتوە لەبری ئەو یەکەی کەکوشتوویانە.. هەروەها لە ئیبن وعەباسەوە دەگێڕنەوە کە ئەگەر کۆمەڵێك دەستیان هەبو لەکوشتنی یەك کەسدا ئەگەرچی ژمارەشیان بگاتە سەدکەس ئەوا دەکوژرێنەوە [3].

پ- کۆڕا (الاجماع): لە (مجمع الانهر)[4]دا هاتووە: ((کۆمەڵێك بەرامبەر کەسێك

---

[1] واتە لەگەڵ مکوڕ بوونی پێشینە .
[2] اخرجه البخاري. سبل السلام ٣/ ٣٢ .
[3] المجموع شرح المهذب (١٧/٢٤٦). مجمع الانهر شرح ملتقى الابحر (٢/ ٦٢٨). الخلاف للطوسي (٢ / ٢٤٦).
[4] (٢/ ٦٢٨).

دەكوژرێنەوە، بەڵام بە قیاس ناكوژرێنەوە بە هۆی نەبوونی یەكسانی، وازهێنراوە لە قیاس بە كۆڕای هاوەڵانی پێغەمبەر))

ج- بەرژەوەندی گشتی : بەرژەوەندی گشتی سزای گشت ئەو پشكدارانە دەدات پشكدارییەكی تاوانكاریانە بەو سزا بریار لەسەر دراوەی تاوان كە بۆ كەسێك تەنها خۆی ئەنجامی داوە، ئەوەش تاوەكو پشكداری و بەشداری چەند كەس نەبێتە هۆكاری وونبوون یان رێگرێك لەبەردەم ئەو سزایەدا كە جێبەجێنەكرێت[1] .

ح- عەقڵی ساغ وهۆشمەند: عەقڵی ساغ وابریاردەدات كە كردەی كوشتن ولەگیان خستن بەش بەش ناكرێت، هاوبەشی كردنی كۆمەڵێك لە(كوشتن) كە بەش بەش ناكرێت، تەولوكاری لە ماف هەریەكەیان لەوان واجب دەكات، و هەریەك لەوانەش وەك ئەوەی كەكەسی تر لەگەڵیدا نەبووبێت، لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت[2].

هەروەها پشكداری دەكرێت بنچینەیی بێت و دەشكرێت وابەستە بێت، هەروەها بارودۆخی كەسی یەكێك لە پشكدارەكان وادەكات كە بەرپرسیارێتییەكە سووك دەكات یان بەری لێدەگرێت وكاریگەری لە سەر بەرپرسیارێتی ئەوانی تریش لەگەڵیدا دادەنێت . كە ئێمە بە درێژی قسەی لەسەردەكەین و لە سێ باسی شوێن یەكی ئەم بەشەدا بەم شێوازە دەیخەینە روو:

یەكەم: لە پشكداری بنچینەییدا(المساهمه الاصلیه).

دووەم: لە پشكداری وابەستەدا (المساهمه التبعیه).

سێیەم: ئاستی كاریگەری بارودۆخی كەسێتی لە سەر بەرپرسیارێتی تاوانكاری.

---

1 المهذب لابن اسحاق الشیرازي (٢ / ٢٧٧).

لە (القرطبي (٣٣٣/٥)دا هاتوە، هەروەها لە (احكام القرآن لابن العربي (٢/ ٦٢٤) دا هاتوە كە: (ئەگەر خەڵك زانی كەوا بە گردبوونەوە قصاصی كوشتنی لەسەر لادەچێت ئەوا كۆدەبوونەوە پێكەوە بە كۆمەڵی دوژمنەكەیانیان دەكوشت، لە بەرئەوە حوكمی واجب بوونی قصاص لە سەر ئەوان بەگشتی كاردانەوەیەك بێت بۆ ئەوان و حەسمی ئەو پەتایە بكات.)

٢ مجمع الانهر. سەرچاوەی پێشوو.

باسی یەکەم:
پشکداری تاوانکاری بنچینەیی

پشکداری تاوانکاری بنچینەیی: بریتیە لە هەستان بە رۆلگێرانی سەرۆك لە جێبەجێکردنی تاوان، بۆ ئەم پشکداریەش سێ شێوازی هەیە:

١- تاك بوونەوەی کەسێك لە رۆڵی سەرەکی لە ئەنجامدانی تاواندا، لەوکاتەدا ئەو کەسە بەتەنها بەپشکداری بنچینەیی دێتەهەژمار و هەروەها ئەوانی تریش پشکداری وابەستە دێنە هەژمار.

٢-دەکرێت یەکێك لە پشکدارەکان بکەرێکی مەعنەوی بێت، ئەوە بێت کە جێبەجێکردنی تاوانەکە بە نابەرپرسیارانە لە ئەستۆ بگرێت، بەهۆی دواکەوتنی شایستەیی(اهلیە)یان نیازپاکی یان بەهەڵە. [1].. لێرەدا ئەو بەتەنها بەرپرسیارێکی تاوانیە لەو دەرەنجامە تاوانیەی کەوتوەتەوە.

٣-دەکرێت چەند بکەرێ هەستن بە گێرانی رۆڵی بەرپرسانە لە جێبەجێکردنی تاوانەکە، وەك ئەوەی دووکەس یان زیاتر هاوبەشی دەکەن لە کوشتنی کەسێکدلو

---

[1] لە (المغني لابن قدامة (٧/ ٧٥٦ – ٧٥٨)دا هاتوە: ((ئەوەی فرمان بکات بەبەندەکەی کە فلآنە پیاوی بۆ بکوژێت، گەر بەندەکە نەیزانی ئەو کوشتنە حەرامەو تاوانە لەسەری، ئەوکات سەرۆکەکەی قصاص دەکرێت، بەلاّم گەر زانا بوو بەوەی کە کوشتن یاساغ و حەرامە و کوشتنەکەی ئەنجامدا ئەوکات بەندەکە قصاص دەکرێت و خاوەنەکەشی تەمبێدەکرێت..
ئەگەر کەسێك منداڵێك یان شێتێکی هەڵنا بۆکوشتنی کەسێك و کوشتی ئەوە قصاصی فەرماندەر دەکرێت نەك شێت و مناڵەکە.
ئەگەر سوڵتانێك فەرمانی دا بە سەر پیاوەکەیدا و پیاوێکی بۆ کوشت ، لەوکاتەدا ئەگەر بکوژ بزان بێت سەبارەت بەوەی کە ئەوەی دەیکات یاساغەو نابێت بیکوژێت ، ئەوە قصاصی لەسەر واجب دەبێت، بە بێ ئەوەی فرماندەر قصاص بکرێت، چونکە لەو کردەیدا لێبوردنی بۆ نیە ئەوەتا پێغەمبەری خوا(د.خ)دەفەرموێت: ((لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق)). بەلاّم ئەگەر بەوە نەزانێت (بەوەی کەوا نیازی چاکی هەبوە) ئەوکات قصاص لە سەر فەرماندەرەو فەرمان بەسەرکراویش لێی ناگیرێت بەوەی کە ملکەچی فەرمانی پێشەوای کردوە (ملکەچی کردنەکەش وەك واجب تەماشا کراوە) کەدەبوو (سەرۆکی دەوڵەت) فەرمان بێجگە لەوەی کەچاك و لەسەر هەق نە بێت دەرنەکات.

هەریەکەیان بەچەکی خۆی فیشەکی پێوەدەنێت، وا برینداری دەکەن بە برینێك کەمردنی بەدوادابێت، هەریەك لەم پشکدارانە پشکداری بنچینەیین و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت سەبارەت بەتاوانی کوشتن و سزادەدرێن بەو سزایەی کە بۆ کوشتن بریاری لەسەردراوە.[1].

بەهەمان شێوەش ئەگەر دوکەس زیاتر دزیان کرد لە قاسەیەك (شوێنێك کەشتی تیا هەڵگیرابوو)وەك کاڵاو شمەکی یەکێ تر، هەمووشیان بە پشکداران هەژماردەکرێن و لێپێچینەوەی تاوانکاریانەیان سەبارەت بەو تاوانی دزیە لەگەڵ دەکرێت، شایستەی سزای دیاریکراوی خۆیانن.

شایانی باسە کە شەرعناسانی ئیسلامی راهاتوون کە زاراوەی (راستەوخۆبوو)لە پشکداری بنچینەیی بەکاربێنن، هەروەها بۆ پشکداری پەیوەستە زاراوەی بەشدار یان ناراستەوخۆبو، یان بەهۆکاریوو بەکاردەبەن.[2].

---

[1] لە الخرشي (١٠/٨)دا هاتووە: ((کوشتنی کۆمەڵێك بەرامبەر بەیەك کەس بەو مانایە دێت ، کە کۆمەڵێك کۆبوونەوە بۆ کوشتنی کەسێك بە ئەنقەست و بەدوژمنانە ئەوا ئەوکات لەبەرامبەر کوشتنی ئەو ئەوان دەکوژرێنەوە، هەروەها بابەتی بەرپرسیاری لەوەی کە (پێکەوەبوونیان هەبوە—التمالؤ) بۆ کوشتنی بەهۆکاریوو لەگەڵ راستەوخۆبوو وەك یەك دەکوژرێنەوە. وەك ئەوەی دوان بۆ کوشتنی کەسێکی دیاریکرلو رێککەوتبن یەکێکیان چاڵێکی هەڵکەندبێت کە کەسە دیاریکرلوەکەی تێ بکەوێت و بمرێت، وارێککەوت کەسەکە لە قەراخی چاڵەکەوە وەستاوە کەسی دوەمی (هاورێی چاڵهەڵکەن) پاڵی پێوەناو کەوتەخوارەوە مرد، لێرەدا هەردوو بەشداری کوشتنن وەك یەك، وەك چۆن بەوشێوەیەش ناچارکەرو ناچارکرلو ئەو بەناچارکردنەکەی ئەویش بەو راستەوخۆبوونەی لەکوشتنەکە پێکەوە قصاص دەکرێنەوە)).

ئەگەر بەدەر لە سوڵتان، کەسێکی تر فرمان بکات بە کەسێکی بۆرە (رعیـە) بەکوشتن و کوشتی ، ئەوکات قصاص دەکەوێتە سەر فرمان بەسەرداکرلو لە هەمو حاڵەتێکدا چ زلنابێت یان نەزان، چونکە مولزیم نیە بە جێبەجێکردنی فرمانی ئەوکەسە، پاشان ئەو کەسە بۆی نیە فرمان بەکوشتن بکات، بەڵام دیارە سوڵتان توانای ئەوەی هەیە فرمان بەکوشتن بکات بۆنموونە فرمان بە کوشتنی ئەوکەسەی لەدین هەڵدەگەرێتەوە، یان ئەوانەی رێبڕی (چەتەیی)دەکەن هەروەها الخرشي (١٠/٨) دا هاتوە: ((ئەگەر باوکێك فرمانی بە کورە بچوکەکەی کردکە کەسێك بکوژێت ئەویش کوشتی، ئەوکات باوکەکە دەکوژرێتەوەو لەسەر خزمانی خوێنی، کورە مناڵەکەشە نیوەی دیە بدەن)..

[2] لە بدایة المجتهد ونهایة المقتصد ٢/ ٣٧٤ : ((ئەبو حەنیفە وئیمام مالیك وئیمام ئەحمەد دەڵێن: هاویەش وهاوکار لە کردەی چەتەیی وەك راستەوخۆبوون لەتاواندا وایە چونکە حوکمەکەی پەیوەستە بە شەڕکردنەوە)).

لەهەندێ یاسادانی تاوانکاری دانراودا بە پشکداری بنچینەیی وشەی (بکەر)ی بۆ بەکاردەبەن، پاشان بە پشکداری وابەستەش وشەی هاویەش بەکاردەبەن.[1].

دیارە لە بەجێهێنانە فیقهیانەکەدا کۆمەڵێك پرانسیپ بۆ پشکداری تاوانکاری وەرگیراون ئەمە هەندێك لەوانە:

١-لەودۆخەدا هەموو ئەوانەی هاوکاری بوون بۆ کوشتنەکە، کاتێك کەسێك لەنێو پشکدارەکان یەکلابوویەوە. بۆ جێبەجێکردنی روکنی مادی تاوانەکە بەهاوکاری ئەوانی تر کەلەگەڵیدا بوون، ئەگەر ئەوکەسە بەتەنها نەیدەتوانی ئەوە جێبەجێبکات ئەگەر هاوکاری ئەوانی کە نەبوایە، لەم دۆخەدا گشت هاوکارەکانی ئەو کەسە بە پشکداری بنچینەیی دێنە هەژمار، وهەموویان هەمان سزای بریاردراو بۆ ئەوتاوانە وەك یەك بەسەریان دا جێبەجێدەکرێت.[2].

٢-هاوکارانی یەکتر لە تاوانی چەتەیی (رێبڕ)[3] پشکدارن وەك پشکداری بنچینەیی رەها، چونکە هەریەکەیان بەوی تریان کە لەگەڵیەتی بەهێزە، کە شەرعناسانی شەریعەت ئەمە دەکەنە بەڵگە، بەوەی کە (چەتەیی)لەسەر رێگەلێگرتن و تێکهەڵچوون وجەنگاندن بونیاد دەنرێت، لەبەر ئەوە رۆڵ وبایەخی ئەوەی کە لەلاوە دەستێت و بەرگری لەوانی تریان دەکات کەمتر نیە لەوەی کە ئەرکی

هەروەها لە (المبسوط (٩/ ١٤٩)) دا هاتوە: راستەوخۆبوون و نا راستەوخۆبوون لەتاوانی چەتەیی دا لای ئیمە وەك یەك وایە...

[1] تەماشەی هەردوو مادەی (٤٨ ، ٤٩) لە یاسای سزادانی عێراقی نوێ بکە، هەروەها هەردوو مادەی (٣٩ ، ٥٠) لە یاسای سزادانی میصری بکە.

[2] لە شرح الخرشی لە سەر المختصر الخلیل (٨/٩٥) دا هاتوە : پێویستە دەستبڕین (سزای دزی) لەسەر هەموو ئەولنەی کە ماڵە دزراوەکەیان بەرزکردوەتەوە دلویانە بەکۆڵی یەکێکیانەوە لە قاسە یان ئەوشوێنەی دزیان لێکردووەو پاشان هاتوەتە دەرەوە ، هەرچەند ئەوان نەیانگرتوە بەکۆڵیانەوە بیهێننەدەرەوە بەڵام تەنها بەوەی بەشداربوون لەبەکۆڵدانی ماڵە دزراوەکە بەسەر ئەوی تردا وەك ئەوە وایە هەڵیانگرتبێت.ئەگەرچی ئەو کۆڵگرتنەی دزیەکە پێویستی بە هاوکاری ئەوان نەکات و خۆی بتوانێت بیکات. کالثوب قطع وحده.

[3] پشکدار لە تاوانی (چەتەیی) پێی دەوترێت تاوانی (رێگری) بۆ رێگریکردنی خەڵکان کەلەو رێگەوە دەرۆن رووتکردنەوەیان، کە وادەکات ئیتر ئەو رێگەیە خەڵکی پێدا نەڕوات لە ترسی ئەوان..

ڕاستەوخۆبوونی کوشتنەکە یان تاوانەکانی تر دەگرێتە ئەستۆ.[1].

٣-ئەگەر هەردوو ڕێککەوتن لە سەر جێبەجێکردنی هەریەك لە بەشێکی مادی تاوانەکە، ئەوکات هەردوکیان بە پشکداری بنچینەیی هەژماردەکرێن، ئەگەرچی هەریەکەشیان تاوانێکی تەواوی ئەنجام نەداوە .[2].

٤-جیاوازی سرووشتی کاری پشکدارەکان کاریگەری لەسەر بنچینەبوونی پشکداریە تاوانیەکەیان دانانێت، ئەگەر لەوەدا یەکلابوونەوەی پێشوەختیان هەبێت بۆ تاوانەکە کە پێکەوە ئەنجامی بدەن و هەریەکەشیان وەك پێوست لەو پشکداریە ڕێککەوتبن[3].

---

١ لە الخرشی سەرچاوەی پێشوودا (١٠٦/٨)هاتوە: جەنگاوەرانی ڕێگر وەك هەلگری ماڵەدزراوەکەوان هەموویان، ئەوەی لێی بردبن، ئەوە لەسەری هەموویانە ئەوەی ئەو وهاوڕێکانی بردویانە، جا ئیتر ئەوەی هاوڕێکانی بردوویانە مابێت یان نا ، یاخود تۆبەی کردبێت یان نا؟ چونکە هەریەکەیان پشتگیرو هێز بوون بۆیەکتری لەو تاوانەدا. ((لە المدونە الکبری (١٠١/١٦) ئاماژە بۆ هەمان مەبەست و واتا دەکات)). هاورایە لەگەڵ مالیکی و حەنەفیی وحەنبەلیەکان، لە المغنی لابن قدامە (٣١٨/١٠) دا هاتوە وەك بەلگەهێنانەوەیەك بۆ رای حەمبەلیەکان کەئەمە دەقەکەیەتی: ((بۆ ئیمە حوکمێکی پەیوەست بە (چەتەیی) هاوئاستبوونی ئەوەی راستەوخۆبوونی هەیە لەتاوان و ئەوەش وەستاوەو لەگەڵیان بووە ، چونکە (چەتەیی)لەسەر ڕێگەلێگرتن و تێکەهەڵچوون وجەنگاندن و بەرگری لەیەکترکردن بونیاد دەنرێت، ئەوەی راستەوخۆبوونی هەیە لەتاوانەکەدا ناتوانێت ئەوە بکات ئەگەر ئەوەی تر لەگەڵیدا نەبێت کە هۆکاربوون، کە ئەمە پێچەوانەی هەموو سزای تاوانە(حەدیەکان) لەبەرئەوە ئەگەر کەسێك لەوان کەسێکی کوشت ئەوا حوکمی کوشتن بەسەرهەموویاندا دەچەسپێت، واجبە کوشتنی هەموویان، هەروەها ئەگەر هەندێکیان کاری کوشتنیان کردبێت و ئەوانی تریش ماڵەکانیان بردبێت، ڕەوایە کوشتنی هەموویان و هەڵواسینیشیان وەك ئەوەی هەموویانهەمان شتیان کردبێت.)).

٢ لە الخرشی سەرچاوەی پێشوو (١٠١/٨)دا هاتووە:برینەوە لە سەر دزێك نیە ئەگەر هەستا بەبرینی قاسەیەك و کونکردنی تەنها بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆی دەرنەهێنا،پاشان ئەگەر کەسێکی تر لێی دەرهێنا دیسان دەستی یەکەم هەرنابرێتەوە لە سەر ئەوەی دووەم. ئەوە لەکاتێکدا ریکنەکەوتبن لە سەر ئەوەی کە ئەمیان قاسەکە کون بکات و ئەویش ماڵەکەی بدزێت، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەوەپێشوەختە ڕێککەوتبن ئەوا هەردوکیان دەسیان دەبرێتەوە لەلای شاس.

٣ لە الخرشی (٩/٨)دا هاتوە: ئەوەی پەلی کەسێك بگرێت بۆکەسێکی تر و بیکوژێت ، ئەوە کەسی (بگر) دەکوژرێت بە (هۆکاربوونی) و (بکوژ)یش دەکوژرێت بە(راستەوخۆبوونی) لەو کوشتنەدا. بەڵام دەبێت چەند مەرجێك لەو کەسەی کە پەلی کوژراو دەگرێت(بگر) پێش کوشتنی هەبن ئەمجا ئەویش وەك سیفەتی(هۆکاربوون)دەکوژرێت کە ئەمانەن:

٥- ئەگەر ئەو تاوانە بەنیسبەت هەندێکیانە تاوانی تەولو بێت و بەنیسبەت هەندێ تریشیانەوە ناتەولوەو (دەستپێکردن) بێت، ئەوە هەر بەتەولو لە سەر هەموویان هەژماردەکرێت و هەموشیان بەیەك سزای بریارلەسەردرلو وەك یەك سزادەدرێن، مادام رێککەوتنی پێشوەختە لە سەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە لایەن هەموویانەوە هەبووە[1].

٦- ئەگەر کردەی پشکدارەکان لە تاوانەکەدا پێکەوەبوو نەبوو، ئەوا بەهێزی ناو ئەوان جیادەکرێتەوە ئەو پەیوەندیە هۆکاریەی لەنێوان ئەوان و دەرەنجامەکە هەیە بەسەریدا دەبررێت. پاشان پشکداری هیچ کامیان بە بنچینەیی ناێتە هەژمار مەگەر لەو حاڵەتەی هەموویان یەکسان بن لەکاریگەری کردەکەیاندا بۆ کەوتنەوەی دەرەنجامی تاوانەکە[2].

١. مەبەستی ئەو گرتن و پەلگرتنەی کەسەکەو پاشان دانی بەدەس بکوژەوە بۆکوشتن بێت.
٢. بزانێت کە ئەوەی کەسەکەی بۆی ئەگرێت ولتە(دلواکاری کەسەکە) ویستی کوشتنی هەبێت.
٣. بزانێت ئەگەر ئەم کەسە نەیگرێت بۆیی، بکوژ تولنای گرتنی نیە تابیکوژێت.
نیارە مالکیەکان لە کوشتنی (بگر) لەگەڵ هەندێ لە شەرعناسانی ترجیاوازن وەك((جەعفەریەکان – مباني تكملة المنهاج ١١/٢) و زەیدیەکان (التاج المذهب ٢٨٧/٤) وحەنبلەیەکان (الاقناع ١٦٩/٤).
پێیان وایە ئەگەرچی ئەو مەرجانەش لە بکردا هەبن ئەوا هەمان سزای بکوژی نابێت بەڵکو سزای بگر زیندانی هەمیشەییە تاکو مردن، نیارە سزای بکوژیش کوشتنەوەیەتی.
بەڕای من کە رای راستەقینە لای مالکیە ئەگەر ئەو مەرجانەی نیاریکراون هەبن، چونکە جیاوازی سروشتی کردە کاریگەری نیە لەسەر رۆڵ لە جیاوازی سزادا ، ئەگەر سەلمێنرا هەرەیەك لەپشکدارەکان نەیدەتوانی بەتەنها تاونەکە بێ هاوکاری ئەوی تر ئەنجام بدات.

[1] ئیبن عابدین لە رد المحتار (٨٩/٤)دا دەڵێت: کومەڵێك بەشداریان کرد، هەریەکەیان بە ئەندازەی خۆی کە پچرلندبووی وەریگرت بەڵام دولجار هەندێکیان هەمو ماڵەکەیان برد چاك وایە لەقیاس لابدرێت ئەوەش بەمەبەستی دلخستنی دەرگای خراپە. لە (المیزان) ی الشعرانی دا هاتوە: لەوەدا رای ئەبوحەنیفە وئەجمەد هەیە کە ئەگەر کومەڵێك بەشدربوون لە برینی ماڵێك و چونە ژوورەوە بۆ دزی بەڵام هەندێکیان بەکوڵی پرەوە هاتنەدەرەوە و هەندێکیان هیچیان نەدزی و بەخاڵی هاتنە دەرەوە و هیچ هاوکاریەکی ئەولنیشیان نەکرد لەوەی هیچ بهێننە دەرەوە ، ئەوا ئەو ماڵ برینە بەسەر هەموویان دەکەوێت دەست برین بەسەر هەمویان واجبە..

[2] لە مغنی المحتاج (١٣/٤): ئەگەر کەسی دووەمی تاولنبار کەسەکەی گیان کێشا بەوەی چەقۆیەکی نایە ملی دوای ئەوەی یەکەمیان بریندلری کردبوو کەوتبوو، ئەوە کەسی دووەم بکوژی تەولوە قصاصی ←

هەڵوێستی یاسا لە دیاریکردنی پشکداری بنچینەیی:

یاسادانانی تاوانکاری وڵاتانی عەرەبی لە سەر یەك تەرزو شێواز بۆ دیاریکردنی پشکداری بنچینەیی تاواندا نەڕۆیشتوون، نەلە رووی پێوەر و نەلە رووی دەستەواژە و دارشتنی یاساییدا بۆی:

أ- لە رووی پێوەرەوە: یاسای سزادانی عێراقی [1] و میصری [2] لە دیاریکردنی ئەو حاڵەتانەی کە تاوانبار بە پشکداری بنچینەیی هەژماریکرێت یەك ئاراستەیان گرتوە، کەچی بەزۆری بە پێوەرێکی گشتی و دیسپلینێکی (ضابط) مادی جێبەجێکردنی روکنێکی مادی یان بەشێکی [3] یان مەعنەوی بەجێهێنانی خواستێکی هاوبەش [4] وەك ئەوەی هەندێك پێوەرێکی راستەوخۆیان دەست بۆ بردوە [5] بەو پێیە کەپشکداری راستەوخۆ پشکدارێکی بنچینەی بێت و بەهۆکاریوو پشکدارێکی وابەستە..

ب- لە رووی دارشتنی چەمکەوە: یاسادانانی وڵاتانی عەرەبی سێ چەمکیان بۆ پشکداری بنچینەیی بەکاربردوە ئەوانیش:(بکەر [6]، هاوبەش [7]، پشکدار [8]).

لەسەرە. خۆ ئەگەر دوەمیان پیایکێشاو نەمرد وپاشان بەهەردوکیانەوە کێشایان پیایدا پیاکێشانێك کەبمرێت، هەردوکیان بکوژی تەواون)).

[1] مادەکانی (٤٧ ، ٤٩).

[2] (مادەی٣٩). شایانی باسە کە یاسای سزادانی عێراقی چوارچێوەی پشکداری بنچینەیی فراوانترکردوە لە چاو یاسای میصری، کاتێك هەریەك لە (بکەری مەعنەوی)و (هاوبەشی ئامادە) لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەداکداری راستەقینە هەژمارکردووە بەمەش لەگەڵ مەزهەبی مالکیدا هاتوەتەوە کە پێیوایە ئامادەبوونی هاوبەش قصاصی لەسەر واجبە بەوپێیەی پشکدارێکی بنچینەیە.

[3] وەك یاسای مەغریبی (الفصل ١٢٨)

[4] وەك یاسای سودانی (مادەی ٧٨) وقەتەری (مادەی ٥٢).

[5] وەك یاسای جەزائیری (مادەی٤١) وئەردەنی (مادی٧٥). بەوپێیە راستەوخۆبوون(ئەنجامدان) پێوەرێکی پشکداری بنچینەییە و هۆکاربوون پێوەرێکی پشکداری وابەستەییە ، کە ئەمەش لەگەڵ مەزهەبی ئیمام حەنیفە هاتوەتەوە .

٦ وەك یاسای عێراقی (مادەی٤٧) وجەزائیری (مادەی٤١) ومیصری (مادەی٣٩) و کوەیتی (مادەی٤٧) ولیبیا (مادەی٩٩) ویەمەنی دیموکراتی (مادەی٢١) وئەردەنی (م٧٥).

٧ وەك یاسای سودانی (مادەی٢١٢) و لوبنانی (مادەی٢١٣).

هەڵوێستی زانایانی بواری یاسایی:

شەرعناسانی یاسایی هەوڵی دانانی پێوەرێکی گشتیان داوە، لە چەند بیردۆزێکداکە جیاکاری لەنێوان پشکداری بنچینەیی و پشکداری وابەستەیی، گرنگترینی ئەوانەش بیردۆی کەسی و بیردۆزی بابەتی یە.

أ- بیردۆزی کەسی: بە شوێن ئەو پێوەرانەوەیە کەلە رەگەزی مەعنەوی تاوانەکەدا بوونیان دەبێت، بە پشکداری بنچینەیی دەیداتە قەڵەم ئەوەی کە "زانیاری و ویست"ی لەجۆری تایبەت لای هەبێت، بە لەبەرچاو نەگرتنی جۆرو سروشتی کردە تاوانیەکە.
ڕەخنەی لەسەرە سەبارەت بەو کەموکوریانەی هەیەتی لەوەی کە ناڕوونی و شاراوەیی تێدا زۆردەبێت و جێبەجێکردنی زۆر قورسە، چونکە جیاکاری لە نیازی نێوان پشکداری بنچینەیی و پشکداری وابەستە زۆر گرانە، چونکە نیازو زانین و ویست لە بابەتە شارلوە نادیارە دەرونیەکانی تاوانبارن نادۆزرێنەوەو نازانرێن تەنها لە رێگەی هەڵێنجان (استنباط) لەو بارودۆخ و تێکەڵبوون ودەستبردنانەوەیەوە نەبێت بۆ بابەتەکە کە هەیبوەو دەستکەوتوە.

ب- بیردۆزی بابەتی: ئەم بیردۆزە پێوەری جیاکەرەوە بۆ جۆری ئەو کردەیەی کە تۆمەتبار دەیکات هەروەها ئاستی ئەو هەوڵەی کە تاوانبار دەیدا بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە. بەوپێیە پشکداری بنچینەیی کردەیەك ئەنجام دەدات پەیوەندی تەواوی بە روکنی مادیەوە هەیە، کە ئەندازەی ئەو مەترسی خستنەوەیە بۆ ماف ئەوکەسەی یاسا بەرگری لێدەکات، دەیگرێتە خۆ زیاترە لەوە کردەیەی پشکداری وابەستە دەیخاتەوە[٢]..

تێبینی دەکرێت ئەو پێوەرە مادیەی ئەوبیردۆزە دەیەوێت، هەرچەندە ڕۆشنترە لە پێوەری مەعنەوی بەڵام ناکرێت تەنها پشت بە بنەمادیەکان بدرێت و ئیعتیباراتی کەسی فەرامۆش بکرێت، چونکە دەگونجێت لەکردەیەکدا بەپشکداری بنچینەیی یاخود بەپشکداری وابەستە لەقەڵەم بدرێت ئەوەش بە پێی زانیاری و خواست ونیازی تاوانبار بۆ ئەو، بۆنمونە

---

١ وەك یاسای مەغریبی (بەشی ١٢٨).

[٢] تەماشەی الدكتور محمود نجيب حسني: المساهمة الجنائية في التشريعات العربية، ط١٩٦٧ لا٢٨٣ و دوای ئەو بکە.

یەکێك کەسێك دەگرێت بۆ کەسێکی تر و دەیکوژێت، ئەگەر (بگر) ویستی هاویەشیکردن و بەشداریکردنی هەبوو لەکوشتنیدا، پاشان زانیاری لەئەنجامەکەی و ئەو نیازەشی هەبو دەیزانی ئەگەر ئەو ئەوە نەکات بکوژ ناتوانێت کوشتنەکە ئەنجام بدات. ئەوکات (بگر) پشکدارێکی بنچینەییە، بەلاّم ئەگەر گرتی بۆ ئەوەی تەمێی بکات و لێی بدات نەیزانی ئەو دەرەنجامە دەکەوێتەوە، ویەو لێدانەی دەمرێت، لەم حاڵەتەدا پشکداری وابەستەیە. دیارە نموونەی پراکتیکی فیقهی لەم چەشنە زۆرن [1].

یاساناسان وایدەبینن کە پشکداری تاوانکاری لە سەر دووپایە دەوەستێت: ژمارەی تاوانباران و تاقانەیی تاوانەکە . ئەگەر یەکێکیان یان هەروکیان هەڵگیران ئیتر بوونێك بۆ پشکداری تاوانکاری نامێنێتەوە. وەك چۆن ئەگەر تاوانبار کەسێك بێت و هەرچەندە تاوانەکانی زیاتر بێت، یان هەر یەك لەو تاوانبارانە دەیان تاوانیان کردبێت بەلاّم بەجیا ئەو کات پشکداری بوونێکی نیە. شایانی باسە ژمارەی تاوانبارەکان گرنگ نیە، بەڵکو مەبەست لە یەك تاوانیدا هەیە، کە لەسەر دیاریکردن و بوونی دیسپلینێك(ضابط)دەوەستێت کە جیاکاری بکات لە نێوان حاڵەتەکانی یەك تاوانی و چەند تاوانیدا.

دیسپلین (الضابط) لە یەك تاواندا بریتیە لە خۆگرتنی تاوان بە (یەکی–وحدە) پایەی مادی ویەکی پایەی مەعنەوی. یەکی پایەی مادی دووشتی گەرەکە : یەکی دەرەنجام و پەیوەستی بە هەرکردەیەك ئەنجامدرابێت لە بۆ بەدیهێنانی بە پەیوەندیەکی هۆکاری، لە کوشتندا کردەی تاوانبارەکان چەندانن، بەلاّم ئەو دەرەنجامەی کەوتوەتەوە یەکە ئەویش مردنی ئەو کەسەیە تاوانی بەرامبەر کراوە. لە دزیدا چەندی کردەکان یەك دەرەنجامیان هەیە، ئەویش هەڵکەندنی ماڵ و سامانە لەلای تاوان بەرامبەرکرلو رۆیشتنی بۆ کۆشی تاوانبارەکان.

لە پایەی مەعنەویەکەیدا دەخوازێت کە پەیوەندیەکی هزری ئەو پشکدارانەی نێو تاوانەکە کۆبکاتەوە، تاوەکو یەکی پایەی مەعنەوی تاوانەکە هەبێت لە نێو ئەو تاوانەیاندا.

---

١ لە الاقناع (٤/١٦٩) دا هاتوە: ئەگەر سوڵتان فەرمانی کوشتنی کەسێکی بێتاوان، بیّ هیچ مافێك بەسەردا کرد و ئەوەشی زانی کە بەوشێوەیە، ئەوکات قصاص لە سەریکوژەوە فەرماندەرکەریش سزای تەمبێکردنە، بەلاّم گەر نەزان بوو ئەوا بەپێچەوانەوە قصاص بۆ فەرماندەرکەرو تەمبێکردن بۆ جێبەجێکارە.

لە سەر ئەم بنەمایە و شەرعناسانی ئیسلامی تەنها لەسەر یەك پایە کاریان نەکردوەو پشتیان تەنها بە یەکێکیان بێ حیسابکردن بۆ ئەوی تریان نەبەستوە..

باسی دووەم:
پشکداری تاوانکاری وابەستە

پشکداری تاوانکاری وابەستە: بریتیە لە چالاکیەك کە خەصڵەتە تاوانیەکانی لە چالاکیەکی تاوانیەوە وەردەگرێت، لەو پەیوەندیە هۆکاریوونەی لە نێوانیاندا بوونی هەیە.

لەم راستیەشەوە ئەوە کەڵەکە دەبێت کە پشکداری تاوانکاری وابەستە دەخوازێت ئەم چەند رەگەزە لەخۆبگرێت:

أ- دەبێت رەفتارێکی تاوانکاری بنچینەیی سزا لەسەردراو هەبێت، هەروەها رۆڵی سەرەکی لە بەدیهێنانی تاوانەکە هەیە، جا ئەگەر ئەو تاوانە تەولو بێت کە دەرەنجامێکی تاوانی لێبوەشێتەوە، یاخود ناتەواو (دەستپێکردن) بێت.

ب- پێویست دەکات لە پشکداری وابەستە چالاکیەك ڕوویدات کە رۆڵی لاوەکی لە دروست بوونی تاوانەکە هەبێت، کە خۆی لە بەشداری یان هاندان یان هاوکاریوون[1] دەبینێتەوە.

دەگونجێت کردەکە خۆی لەخۆیدا یاساغ نەبێت، بەڵکو خەصڵەتی تاوانکاری لە چالاکیە شوێنکەوتراوەکە دەست بکەوێت، واتە سەرچاوەکەی کردەی پشکدارە بنچینەیەکەو

---

[1] یاسای سزادانی عێراقی لەمەوە وەریگرتوە کە دەقی مادەی (٤٨) ی هاتوە بەوەی کە پشکداری تاوانەکە دێتە هەژمار..ئەوەی:

ئەو کەسەیە کە هان دەدات بۆ ئەنجامدانی تاوان و لە سەر بنەمای ئەو هاندانەش تاوانەکە ڕوودەدات .

ئەو کەسەیە کە لەگەڵ غەیری خۆی رێکدەکەوێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێك و تاوانەکەش ڕوودەدات لەسەر ئەو رێککەوتنە..

ئەو کەسەیە چەکێك یان ئامێرێك یان هەرشتێ بە ئەنقەست دەدات بە بکەر بەوەی بەکاری ببات بۆ ئەنجامدانی تاوانێك، لەگەڵ ئەوەی زانیاری هەیە کە مەبەستی لەوەرگرتنی ئەو شتانە لێی بۆ چ مەبەستێکە یان هاوکاری یان ئاسانکاری بۆ دەکات یان کارەکەی بۆ تەولودەکات بۆ ئەنجامدانی ئەوتاوانەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات .

خەصڵەتە ناڕەواکانی ئەوە، بەرزدەبێتەوە تەنها لەچالاکیکی سادەوە "کە شەقام لەو ڕەفتارە هیچ واتاو خەصڵەتی تاوانی تیا نابینێتەوە"، بۆ ڕەفتارێك کەخەصڵەتی تاوانکاری هەڵدەگرێت بۆی، کەئیتر شایەن بەسزایە.. بۆنموونە گرتنی کەسێك بۆ کەسێکی تر بە کردەیەکی نارەوا نادرێتە قەڵەم ئەگەر مەبەستی یارمەتیدانی ئەو کەسە نەبێت کە ویستی کوشتنی یان لێدانی یان دەستدرێژیکردنە سەری هەبێت.

هەروەها پێدانی چەك بە کەسێك بە پشکداری تاوانکاری نایێتە هەژمار، ئەگەر زانا نەبێت بەوەی کە مەبەستیەکی بەو چەکە تاوانێك ئەنجام بدات.[1].

ت- دەبێت پەیوەندیەکی هۆکاری هەبێت، لە نێوان کردەی پشکداری بنچینەیی و وابەستەو ئەو دەرەنجامە تاوانکاریەی کە لەسەر هەموو کردە پشکدارەکان دەکەوێت، بەشێوەیەك دەبێت چالاکیە پشکداریە وابەستەکە دەسوەردانی هەبێت لە بەدیهێنانی دەرەنجامە تاوانیەکە، خۆ ئەگەر لەسەری نەوەستێت کە هێزێکی هۆکاری بدات بەکردە راستەوخۆبوونە بنچینەییەکە، ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ هۆکاربوونی و وابەستەیەك بۆ ئەوەو هۆکارێك بۆ دەرەکەوتنی دەرەنجامەکە.

پ- دەبێت پشکداری وابەستە زانیاریەکی هەبێت لەوەی کە پشکداریەکەی بەکاردەهێنرێت بۆ جێبەجێبوونی کردەیەکی ناڕەوا[2] . بەشێوەیەکیش بێت کە ئەوهۆکاری پشکداریەی نەگاتە ئەو حاڵەتەی کە ئەو نەبێت هەرگیز تاوانەکە ڕووی نەدەدا، هەروەها نەبێتە وێنەیەك لە وێنەی پشکداری بنچینەی تاوانی، لە وابەستەیی

---

[1] لە الاقناع (٤/ ١٦٩)دا هاتووە: ((ئەگەر ئامێرێکی کوشتنی وەك شمشێر و هاوشێوەکانی بدرێتە دەست کەسێك کە (تەکلیفی لەسەر نەبێت – لغیر مکلف) و فەرمانی کوشتنی کەسی بەسەردا نەدرێت بەڵام ئەو کوشتنی پێ ئەنجام دا ئەوە پێدەری ئامێرەکە هیچی لەویارەوە لەسەر نیە) .

[2] لە هەمان سەرچاوەی پێشووەوە (١٦٩/٤) هاتوە: ((ئەگەر یەکێك کەسێك بگرێت بۆ ئەوی تر نەك بۆ مەبەستی یاریکردن و لێدانی بەڵکو بەمەبەستی کوشتنی کوشتی، یان وەك گرتنی تاوەکو سەری ببرێت ئەوکات بکوژ دەبێت بکوژرێتەوەو (بگر) یش دەخرێتە زیندانەوە تادەمرێت، بەڵام لەکاتێکدا (بگر) بێ ئاگابو لەنیازی بکوژ و نەیزانی دەیکوژێت، ئەوکات بگر هیچی لەسەر نیە)).

دەربچێت.[1]

شێوەکانی پشکداری تاوانکاری وابەستە:

دەتوانین شێوەکانی پشکداری تاوانکاری وابەستە لەمانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- یارمەتیدان (یان هاوکاریکردن) واتە پێشکەشکردنی یارمەتیەك، جا هەرشێوەیەك بێت بۆ بکەر و لە سەرینەمای ئەوهاوکاریە تاوانەکە ئەنجام بدات. پاشان یارمەتیەکانیش جۆراوجۆرن بەجیاوازی باروبۆخی هەرتاوانێك دەگۆرێن. ئەوە دەکەن کە پشکدارە بنچینەییەکان بۆیان دیاریدەکەن و داوایان لێدەکەن و بەوشێوەیە کارەکەیان چاك بروات.

دیارە یارمەتی دەبێت چالاکیەکی ئەرێنی بێت[2]، بەلاَم بەجێدەهێنرێت بە رۆلێکی نەرێنی. لەکاتێکدا لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامیەوە بنەماکانی سروشتێکی بەرزی ئەخلاقی و مرۆییان هەیە. هەرکەس ببینێ کەکەسێ تاوانێك ئەنجام دەدات یان لە هەولَی ئەنجامدانیەتی ئەویش لەولاوە وەستاو تەنها خەریکی تەماشەکردنی بوو، هەولَی بەرلێگرتنی بە پێی توانای خۆی تاوانکاری نەدا بۆ ئەوەی تاوانەکە ئەنجام نەدا، ئەو کەسە وەك پشکدارێکی وابەستە دێتە هەژمارو سزای تەمێکردنی لەسەرە ئەوەش لە رۆشنایی ئەو باروبۆخەی کەتاوانەکەی تیا ئەنجامدراوە هەروەها توانای بەرلێگرتنی و نەهێشتنی روودانی

---

[1] لە الخرشی (٩/٨)دا هاتووە: قصاصی بگر ی کەسێ دەکرێت بۆ کەسێکی تر کە دەیکوژێت، ئەوەش بەهۆی هۆکاریوونی، کەسی بکوژیش دەکوژرێت بە راستەوخۆبوونی لەو تاوانە، بەو مەرجەی ئەگەر بگر نەبولیە بکوژ نەیدەتوانی ئەو بکوژێت..

[2] لەو بەجێهێنانانەی پشکداری کردەیی ئەرێنی وابەستە ئەوەیە کە کاسانی لە البدائع (٦٦/٧)دا دەیلێت:ئەگەر دووپیاو (کونێکیان کردە دیواری مالَێکەوە) مالَیك ببرن ویەکێکیان چوە ژوور و کالاَو شمەکەکانی دەرکرد، کاتێك هاتەدەرەوە و لەکولاَن پێکەوە بەکولَیاندادلو..."لێرەدا تەماشەدەکرێت: ئەگەر بەکەسی یەکەمی دلخلَبوو بەمالَەکە زانرا ئەوە بۆخۆی دەستبرینی (حد)لەسەرە، چونکە ئەو دزی تەولوە بەوەی کەکاری چونەژوورەوەو هێنانەدەرەوەی مالَی خەلَکی کردووە..هەرچی دووەمە تەمبێکردنی لەسەرە چونکە هاوکاری کەسێکی کردوە کەتاوان و گوناهێك دەکات..بەلاَم ئەوە حەدێکی بریاردراوی لەسەر نیە وەك ئەوەی دەستی ببرێتەوە بۆیە تەمبێدەکرێت.

تاوانەكە[1].

شەریعەتی ئیسلامی واجببی كردوە لەسەر مرۆڤ كە هەستێت بە بەرگریكردنی گیان و ماڵ و نامووسی خەڵكی وەك چۆن بەرگری لەگیان و ماڵ و ناموسی خۆی دەكات.. ئەگەر ئەوەی توانی ئەنجام بدات و بەریگرت لە ئەنجامدانی تاوانەكە ئەوكات بەو دەوترێت پشكدارێكی وابەستە بە رێگەیەكی نەرێنی..

پێغەمبەری گەورە (ﷺ) فەرمانی بە پشتیوانیكردن و سەرخستنی مرۆڤ بۆ براكەی كردووەو دەفەرموێت: ((براكەت سەربخە ئەگەر ستەمكار یان ستەملێكراو بێت))، ئەگەر ستەمكار بوو لەسەرتە بەرگری لێبكەی لەو ستەمەی دەیكات، هەروەها ئەگەر ستەملێكراو بوو لەسەرتە ستەمی لێدووربخەیتەوەو بەرگری لێبكەیت. بەرگرتن لە تاوانبار لە جێبەجێكردنی كردەی تاوانی بە كردارە چاكەكان هەژماردەكرێت كە خوای گەورە فەرمانی پێكردووین و لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە كەدەفەرموێت: ((وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى)). پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت" ئەوەی شمشێری راكێشا بەرامبەر موسڵمانان ئەوە خوێنی حەڵاڵە . لەسەر ئەم دەقە هەندێ لە شەرعناسانی شەریعەت كە رێگرتن لەتاوان واجبە، بەو رادەیەی كە دەڵێن بكوژرێت ئەگەر بەردەوام بوو لەتاوانەكەی[2].

---

[1] لە مبانی تكملە المنهاج (٢/١٢) دا هاتووە: ((ئەگەر كومەڵێك گردبوونەوە بەمەبەستی كوشتنی كەسێك یەكێكیان هەستا بەگرتنی و یەكێكی تریان كوشتی وسێیەمیان تەنها خەریكی تەماشە بوو، لێرەدا قصاص لەسەر بكوژەو زیندانی هەمیشەیی بۆ (بگر)ەو تاوەكو دەمرێ بۆ سێیەمیان دەرهێنانی چاویەتی)).

بۆیە تەماشاكەر هیچ چالاكیەكی تاوانكاری ئەرێنی (ایجابی) نەنواند، بەلام هەڵوێستێكی نەرێنی تاوانی نواند ، بەری نەگرت لە تاوانبارەكانی تر كە تاوانەكە جێبەجێ نەكەن، لێرەدا ئەم كەسە پشكدارێكی جینائی وابەستەیە لەم تاوانەدا، ئەوەش بەرمەبنای سەرپێچیكردنیەتی بۆ فەرمان كردن بەچاكە و بەرلێگرتنی خراپە.

[2] لە منلا خسرو (٢/٩٢) دا هاتوە: ((كەسێك شمشێری راكێشا بەرامبەر موسڵمانان كوشتنی واجبە. ئەوەش بە پێی فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)" ئەوەی شمشێری راكێشا بەرامبەر موسڵمانان ئەوە خوێنی حەڵاڵە واتە بەهەدەردەروات .واجب بوونەكەی بۆ دوورخستنەوەی زیانە كە واجبە)).

٢- هاندان: هاندان لە بواری تاوانیدا بریتیە لەفەرمانکردن بە ئەنجامدانی تاوان [١] بەشێوەیەك كە نەگاتە رادەی ناچارکردنی سەپێنەر [٢].

نابێت فەرمان بەسەرداكرلو پێنەگەیشتوو بێت یاخود ئەوکەسەبێت پێی وابێت گوێڕایەڵیکردنی فەرماندار پەرستشە یان نیازپاکبێت، گەرنا فەرماندار لەم حاڵەتانەدا بەرپرسیارێتی تاوانی گشت دەکەوێتە سەر ئەو [٣].

دەكرێت هاندان بەرێگەی هەڵخەڵەتاندن بێت و بیرێکی تاوانی لای کەسێك دروستبکرێت پاشان پاڵپشتی بکرێت بۆئەوەی بگورێت بۆ نەخشەدانان بەوەی کە چۆن ئەو تاوانە ئەنجام بدرێت ئەوەش وەك بەرمەبنای ئەو هاندانە.

هەروەها دەكرێت بە ناچارکردن بەڵام بەو مەرجەی کە نەگاتە ئاستی (سەپاندن)هەروەها ناچارکاریش پشکدارێکی بنچینەیی نەبێت (بکەر)..

لێرەوەو لەسەر ئەم بنەمایە فەرماندەری و ناچارکاری ناچنە قاڵبی هاندانەوە [٤].

تێبینی دەكرێت کە لەهەندێ حاڵەتدا هاندان وەك تاوانێکی سەربەخۆ دێت، ئەگەرچی نەیتوانی بگاتە ئاستی حەسمی ڕوودانی تاوان، وەك هاندان لەسەر تاوانەکانی کوشتن و

---

[١] لە الاقناع (١٦٩/٤)دا هاتووە:((ئەگەر سوڵتان فەرمانی بە کوشتنی مرۆڤێك کرد بەناهەق، بکوژی جێبەجێکار ئەوەی زانی، ئەوە قصاص لەسەر ئەوەو فەرماندەرکەر تەمبێکردنی لەسەرە)).

واتە لەم حاڵەتەدا فرماندەرکەر پشکدارێکی وابەستەیە، فرمان بەسەرکراویش(بکوژ-بکەر)پشکداری بنچینەییە.

[٢] لە المحرر (١٢٣/٢)دا هاتووە ((ئەوەی مرۆڤێك ناچاربکات لە بۆکوشتن و ئەویش کوشتی، ئەوە قصاص و دیە لەسەریانە)) واتە فرماندەر ئەگەر لەشێوەی ناچارکردنی (الملجیء) سەپێنەر بوو ئەوە هەردوکیان پشکداری بنچینەیین، بەڵام لای هەندێ شەرعناسان فەرماندەری ناچارکەر پشکداری بنچینەییەو قصاصی لەسەرە، فەرمانبەری ناچارکراویش پشکداری وابەستەیەو تەمبێدەکرێت... ئەم رایەش لەپێشترە.

[٣] لە المحرر ی فیقهی حەنبەلی (١٢٣/٢)دا هاتوە: ((ئەگەر فرمان بە مێرمنداڵێك یان شێتێك یان پیرێك کە خەڵەفاو بێت نەزانێت کوشتن حەرامە، یان سوڵتانێك چ عادل بێت یان ستەمکار فەرمانپێکرلو بەستەمەکەی نەزانێت، دوای ئەنجامدانی کوشتن، ئەوکات قصاص یان دیە لەسەر فەرماندارە بەتایبەت.)).

[٤] وەك ماموستا عبدالقادر عودە (بە رەحمەتی خوابچێ) لە کتێبەکەیدا (التشریع الجنائي الإسلامي) ١/ ٣٦٨

تالآنکردن یان ئەو تاوانانەی کەدەسوەردان لەبەرژوەندی گشتی لەکۆمەڵگە ئەوەش ئەوەیە کە نیسان یاسادانانی جینائی دانرلو (وضعي) وەریگرتوە[1]..

هەندی لەشەرعزانانی موسڵمانان وای بۆچوون کە ئەگەر هاندەر لە شوێنی تاوانەکەدا ئامادەبێت لە کاتی ئەنجامدانیدا بە پشکداری بنچینەیی (بکەر) دێتە هەژمار. جا ئیتر یارمەتی (ئەنجامدانی—المباشر) دابێت (هاویەشی بێت)یاخود یارمەتی نەدابێت لەوەی کە دەبێت، بەو شێوازەی ئەگەرپشکداری بنچینەیی ئەنجامدەری لەتاوانەکەدا نەبێت، ئەم خۆی هەڵدەستا بەجێبەجێکردنی..

یاسای سزادانی عێراقی ئەم رایەی بەهەند وەرگرتوە لە مادەی (٤٩)[2] هێناویەتی.

٣- رێککەوتن: رێککەوتن یاخود پێشوەختە بریاردانی تاوانی بۆ ئەنجامدانی تاوان، بە پشکداری وابەستە هەژماردەکرێت، ئەوانەیان کە لایەنێك بوون لەو رێککەوتنەو بەلآم بەشداری کردارەکیان لەو کردەی تاوانیەی کە تاوانەکەی پێکهێناوە نەکردووە.

سزای پشکداری وابەستە:

پشکداری وابەستە لە شەریعەی ئیسلامیدا ئەودەق و حوکم سزادانە بۆ پشکداری بنچینەیی دیاریکراوە، نایگرێتەوە. پێچەوانەی ئەوەی کەلای هەندێك لە یاسادانەرانی یاسای جینائی هاتووە.[3] نهێنی ئەمەش لەوەدایە کە پشکداری وابەستە لەم شەریعەتی ئیسلامەدا بەردەوام سزای (تەمبێکردن—تعزيري)دەیگرێتەوە. دەقەکانی قوئان و سوننەت سزای پشکداری (بکەر) لە تاوانەکانی حەد و قصاص دیاریدەکات و وپێشەوا بەهەماهەنگی خەڵکی (حل وعقد) بریاری پێشوەختە بۆ پشکداری وابەستە دەست نیشان دەکەن..

---

[1] لەمەوە یاسای سزادانی مصری مادەکانی (٨٦ – ٩٥) وەرگیراون.

[2] لەودەقەدا هاتوە ((بەبکەری تاوان هەژماردەکرێت هەموو هاویەشێك بەحوکمی مادەی (٤٨) جا ئەگەر ئامادەبێت لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا یان لەکاتی هەرکردەیەکی پێکهێنەری ئەو تاوانەدا)).

[3] دکتور سمير الجنزوري لە کتێبەکەیدا(الاسس العامة لقانون العقوبات) (لاپەرە٤٠٣)دا دەڵێت: سزای هاویەش لە تاوانێکی دیاریکراودا بریتیە لە سزای بکەری بنچینەیی لە سەر هەمان تاوان، هەردوکیان دەچنە ژێرباری هەمان دەقی یاسای جینائیەوە.

پاشان سزای پشکداری وابەستە هەردەم سوکترە لە سزای پشکداری بنچینەیی لە هەموو جۆرەکانی تاواندا، ئەوەش لە (قصاص و حد)دا رۆشنە، بەلآم لە تەمبێکردنەکاندا، لەبەرئەوەی شەریعەت وەك یاسا وایە سزاکە بەپێی قەبارەی تاوانەکەو ترسناکی تاوانبارەکەیە، دیارە ئەو پێوەرەش بەردەوام لە پشکداری بنچینەییدا بەهێزترە، چونکە رۆڵی سەرەکی هەیە، لەکاتێکدا رۆڵی پشکداری وابەستە لاوەکیە، مەگەر ئەوکاتانەی کە بارودۆخێکی کەسی تایبەت بە پشکداری وابەستە هەبێت، بخوازێت سزاکەی توند بکات. ئەوکاتیش حوکمەکە دەگوازرێتەوە بۆ بوارێکی تر، چونکە هەرکات سزادان توندتر بوو ئەوە دەرەنجامی بارودۆخێکە لەبەر بەرژەوەندی شتێ لەبەرچاو گیراوە..

باسی سێیەم:
شوێنەواری بارودۆخی کەسیتی یەکێک لە پشکدارەکان لەسەر ئەوانی تریان

ناكۆكیەك نیە لەوەی كە پشكداری وابەستە سزای نادرێت بەهەمان جۆری سزای بریار لەسەردراو لەتاوانەکانی(حدود وقصاص) بەڵکو ئەو سزای تەمێکردن (تعزیر) ی بەسەردادەدرێت.

هەروەها هیچ ناکۆکیەك نابێت لەوەی کە پشکداری وابەستە سزاکەی هەردەم سوکترە لەو سزایەی پشکداری بنچینەیی، چونکە سزای تەمێدان قەبارەکەی بە پێی قەبارەی تاوانەکەو ترسناکی تاوانبارەکە دیاری دەکرێت. هەروەها لەوەش گومان نیە کە پشکداری وابەستە بەردەوام رۆڵێکی لاوەکی دەگێرێت و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا کردەکەی بۆخۆی یاساغ نیە، بەڵکو خەصڵەتە تاوانیەکان لە رەفتارە تاوانیەکانی پشکداری بنچینەییەوە وەردەگرێت. لەبەر ئەمانەی وتمان سزاکەی سووك ترە لە سزای پشکداری بنچینەیی [1].

---

[1] لە یاسادانانەکانی وڵاتانی عەرەبی ئاراستەی جیاواز هەیە: ئاراستەی یەکخستنی سزای سەپاو بەسەر (بکەر) و (هاویەش) ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانەی ئەوە نەبێت،بۆ ئەمە یاسای عێراقی ئەم ئاراستەی گرتوە لە مادەی(٥٠ومیصری (مادەی٤١) ولیبیا (مادەی١٠١) و کوەیتی (مادەی٥٢) ومەغریبی ((فەصلی ١٣٠)) وجەزائیری (مادەی٤٤) وتونسی ((فەصلی ٣٢)) ئەوەی پشکدار ←

هەروەها هیچ ناکۆکیەك لەوەدا نیە کەچەندێتی تاوانبارەکان بە دۆخێکی[1] توند وقورس لە تاوانە (حەدی و قصاص) یەکان هەژمار ناکرێت . بەڵام لە تاوانە (تەمێکاری -- التعازیر) فەرمان و دوا وتە بۆ پێشەوایە کە دەسەلاتی ئەندازەگری لایە بەوەی اعتباری قورسی و توندی بۆدۆخەکان دابنێت، ئەوەش لە ژێر رۆشنایی پێشکەوتنی ژیان و بارودۆخەکان، ئەگەر بەرژەوەندی گشتی لەوەدا بینی.

هیچ ناکۆکیەك دیسان لەوەدا نیە کە لە تاوانەکەدا بارودۆخی مادی وەها ئامادەبێت کە لەتوانای هەیە سزاکە توندتر بکات یان سوکتری بکات، کاریگەریەکەشی لەسەر هەریەك لە پشکدارە بنچینەییەکان و پشکدارە وابەستەکان لە ئەنجامدانی تاوانەکە دا دابنێت جا ئەگەر پێی بزانێت و یاخود نا..

بەڵکو ناکۆکی لە کاریگەری و شوێنەواری بارودۆخی کەسی یەکێك لە پشکدارەکان لەسەر بەرپرسیاری و سزای پشکدارەکی تر لەوان هەیە. جا ئەگەر بنچینەیی بێت یان وابەستە، لێرەدا بۆ ئەمەسێ ئاراستە هەن: ئاراستەیەك بەلای شوێنەواردانان بە رەهایی .

نایگرێتەوە لەحوکمەکانی (فەصلی٥٣) کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی سزا ، هەروەها وقەگەری (مادەی٥٦) وسودلنی (مادەی٤٨) بەلأم یاسای قەتەری سودلنی حیاوازیکردوە لەنێوان ئەو تاوانەی کەبەهۆی هاندانەوە دەکەوێتەوە، وهاندەر سزای وەك سزای (بکەر)ی لەسەرە. لەنێوان روو نەدانی لە سەربنچینەی هاندان، بەسزایەکی سووکتر لە سزای بکەر سادەدرێت

هەروەها یاسادانانەکانی ولأتانی عەرەبی تر بەئاراستەی جیاوازدا رۆیشتوون، نمونەی "پشکداری لاوەکی، ئەوکەسەی دەستوەردانێکی لاوەکی هەبوە لە تاوانەکە، ئەگەر پشکداری و یارمەتیدانی ئەو نەبوایە ئەو تاوانە جێبەجێ نەدەبوو، لێرەدا ئەم پشکدارە لاوەکیە سزا دەدرێت بەهەمان جۆری سزای (بکەر– پشکداری بنچینەیی) ، هەروەها ئەو کەسەی دەستوەردانی هەیەو بەلأم پلەی پشکداریەکەی ناگاتە ئەو ئاستە بۆیە بەسزایەکی سوکتر لەوە سزادەدرێت..

[1] بە پێچەوانەی ئەوەی یاسا لەسەری دەروات، بەو ئیعتیبارەی (ظرف مشدد- دۆخی توند) لە سەر بنچینەی ژمارە یە کەتواناو ئیمکانیاتی تاوانبارەکان زیاتر دەکات، وترس لە ناخی تاوان بەرامبەرکراو بەوەش شلۆل و بێهێزی دەکات لە ئاست بەرگریکردن لە خۆی، بوار دەرەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی خراپترین تاوان. یاسای عێراقی (ظرف مشدد) لەتاوانی دزیدا مادەکانی (٢٦١/٢ ، ٢٦٢/١) لە تاوانی شکاندنی روو و رێزی مولکی ئەوانی تر هەروەها یاسای میصری لە تاوانی دی مادەکانی (٣١٣ ، ٣١٥ ، ٣١٦، ٣١٧).

دوو ئاراستەکەی تر وردەکاری زیاتر دەدەن بەم بابەتە، شوێنەواردانان و هەبوونی کاریگەری لەهەندێ بارودۆخدا و وونبوون و نەمانی لەهەندێ بارودۆخی تردا باس دەکەن .

ئاراستەی یەکەم – راوبۆچوونی زۆرینەی حەنەفیەکان و ئەوانەی شوێن پێی ئەوانیان هەلگرتوە:

ئەوەیە کە ئەگەر بارودۆخی کەسی هەبوو لای یەکێك لە پشکدارەکان، کاریگەری لە سەرسزای پشکدارەکانی تر دادەنێت، جائەگەر ئەو بارودۆخە بگەرێتەوە بۆ مانایەك لەناوکەسەکەدا، یاخود مانایەك لەناوکردەکەیدا..

شەرعناسانی حەنەفی– بێجگە لە ئەبو یوسف–وا بۆی چوون کە کەبنچینە(ئەصل) لای ئەوان ئەوەیە کە دووکەس لە کوشتنی کەسێکدا هاوبەشیان کرد، یەکێکیان قصاصی ناکەوێتە سەر بەو صیفەتە تایبەتەی بۆخۆی هەیەتی، ئەوکات قصاص ناکەوێتە سەر ئەوی تر[1] .

لەسەر ئەم بۆچوونە ئەم بەجێهێنانانەی خوازموەیان بونیادناوە:

أ– ئەگەر مێرد منداڵێك و عاقڵێك هاوبەشیان کرد لە کوشتنی کەسێکدا، قصاص لە سەرعاقڵەکە نیە بەڵکو نیوەی (خوێنبایی) لەماڵەکەی لەسەرە، هەروەها لەسەر خزمانی پشتی مێردمناڵەکە نیوەی (خوێنبایی–دیە)یان لەسەرە.

ب– ئەگەر کەسێکی بەنیاز و کەسێکی بەهەڵە بۆ کوشتنی کەسێك پشکداریان کرد، ئەوکات کردەی هەردوکیان بەر حوکمی (هەڵە–الخطأ)دەکەون، ئەوە لەجیاتی قصاص خوێنباییان لەسەرە، پاشان نیوەی خوێنباییەکە لەماڵی بکوژی خاوەن نیاز و نیوەکەی تریش لە سەر خزمانی پشتی (بکوژی بەهەڵە)یە.

ت– ئەگەر دووکەس هاوکاری یەکتریان کرد لە کوشتنی کەسێك، ئەگەر یەکێك لە بکوژەکان باوکی کوژراوەکە بوو، ئەوکات قصاص لەسەر هیچ کامیان نیە، چونکە باوکایەتی بوونەکەی رێگرە لەبەردەم قصاص کردنی، لێرەوە وەك چۆن باوکی

---

[1] ابو بكر الجصاص (احكام القرآن /١٨١) دەڵێت:((بنچینەی هاوریکانمان لەوە ، کە هەرکاتێ دووان هاوبەشیان کرد لە کوشتنی پیاوێك ئەگەر قصاص لەسەر یەکێکیان هەڵگیرا ئەوا لەسەر ئەوی تریشیان هەڵدەگیرێت)).

سودی لەوە وەرگرت هاوکاری تاوانەکەشی بەهەمان شێوە لەسەر ئەوان خوێنباییەکەیە لە جیاتی قصاص.

پ- ئەگەر دووکەس یەکێکیان کوشت کاری یەکێکیان بە پاڵنەری بەرگری و خستنەگەری مافی بەرگری لای خۆیەوە، لەکاتێکدا کاری ئەوەکەی تر دەستدرێژی تەواوە، لەم حاڵەتەدا قصاص بەسەر دەستدرێژیکەریشدا جێبەجێ ناکرێت بەڵکو تەمبێدەکرێت.

بەڵگەی ئەم ئاراستەیەی شەرعزانانی حەنەفی لەمەدا، ئەوەیە " ئەوەی کەسێك بە بێ بەرامبەری کەسێکی تر یان خراپەکاری لەسەر زەوی، وەکو ئەوە وایە هەموخەڵکی کوشتبێ وەك لە دەقی قورئانی پیرۆزدا هاتوە، ئەگەر کۆمەڵێك گردبوونەوە لە سەر کوشتنی کەسێك هەر یەك لەوانە حوکمی بکوژی هەیە لەبەرئەوە هەمویان ڕووبەڕووی کوشتن دەکاتەوە. ئەگەر ئەوە وابێت، ئەگەر دووکەس پیاوێکیان کوشت یەکێکیان بە ئەنقەست و ئەوی تر بە هەڵە، یان یەکێکیان شێت بوو ئەوی تریان عاقڵ، ئاشکرایە کە هەڵەکار لە حوکمدا گشت کەسەکانی تر سود وەردەگرن لێی، و حوکمی (هەڵە-الخطأ) لە سەر گشتیان ئیسپات دەبێت، لەنێویاندا حوکمی ئەوەی بەئەنقەست کردەکەی ئەنجامداوە. ئەگەرکاتێك ئیسپات بوونی حوکمی هەڵەکە بۆ گشت بە ڕەوا نەبینرا، ئەوە حوکمی ئەنقەستەکە بۆ گشت دەبێت، هەروەها شێت و عاقڵ و مێرد منداڵ و بالغ، چونکە ئەگەر حوکمی هەڵە سەلمێنرا بۆ گشت ئەوا خوێنباییی تەواو واجب دەبێت لەسەریان. ئەگەر حوکمە ئەنقەستەکە سەلمێنرا لە گشت ئەوە قصاص واجب دەبێت تیایدا، هیچ ناکۆکیەك لەنێو شەرعناساندا نیە لە ڕێگری واجب بوونی تەواو لە کەسێکدا و هەروەها واجب بوونی قصاص، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەر وەرگرتنەوەی گشتەوە، واجب بووە بەوە، کە هەرکات واجب بوو بۆ (کەسێکی تیاچوو-النفس المتلفه) لەڕووی هاوبەشیەوە شتێك لە خوێنبایی، ئیسپات نابێت قصاص لەسەر هیچ یەك لەوان[1].

[1] احمد بن علي الرازي الجصاص لحكام القرآن ١/١٨٠ .

ئاراستەی دووەم– ئەوەیە کە مەزهەبی مالکی لەسەری دەروات – دریژەکەی لێرەدایە:

أ– ئەگەر عاقڵێك و مێردمناڵێك کەسێکیان کوشت، لەسەر عاقڵەکەیان قصاص و لەسەر (خزمانی پشتی–عاقلە) مێردمناڵەکەش پێدانی نیوەی (خوێنبایی) ئەگەر پێشوەختە وبەرێککەوتن ئەو کوشتنە ئەنجام درابێت.

بەلاّم ئەگەر (بەیەکەوەبوون لەتاوان–التمالؤ)و پێشوەختە رێککەوتن لەنێوانیاندا نەبوو ئەوا قصاص لەسەر عاقڵە نابێت و بەڵکو نیوەی دیە لە سەر سامان ماڵی عاقڵەکەو نیوەی دیەش لەسەر خزمانی خوێنی مێردمنداڵەکەیە، بەو پێیەی کە مێرد مناڵەکەش چوەتە خانەی بکوژیەوە. واتە سزای عاقڵێکی پێگەیشتوو کاریگەر بە دۆخی مێرمنداڵەکە نابێت، ئەگەر پێش وەختە رێککەوتن و پشکداری یان بۆ تاوانەکە هەبێت وەگەرنا کاریگەری دەبێت شوێنەوار دادەنێت..

ب– کاریگەری دەبێت سزای هاوبەشی هەڵە و هاوبەشی شێت – گەر بکەر یان پشکداری وابەستە بێت، بەوەی قصاص لەسەریان هەڵدەگرێت، ئەگەر هاوبەشی بکەن لە کوشتنی کەسێك، ئەوە لەسەر(خزمانی پشتی– عاقلة) ی هەڵەکار یان شێتەکەیە نیوەی خوێنبابیەکەو لەسەر ئەوی تریش نیوەکەی تر بەلاّم لەماڵ و موڵکی خۆی.. ئەوەش بەو گومانەی کە مردنەکە لە کاری هەڵەکار یان شێتەکە بێت، دیارە سزای (حدود و قصاص) بە (گومان –شوبهات) بەرکەناردەبن.[1].

ئاراستەی سێیەم – ئەو رایەیە کە شافیعیەکان و جەعفەریەکان هەڵیانبژاردووە، کەلێرەدا بەدرێژی دەیخەینە روو:

أ. ئەگەر باروبدۆخی کەسی بگەرێتەوە بۆ مانایەك لەلای بکەر وەك باوکایەتی یان شێتی یان مناڵی یان ماف بەرگریکردنی شەرعی لەخۆ.....ئەوا کاریگەر نابێت بەسزای پشکدارەکەی تر. لەسەر ئەم بنچینەیەش چەند پرس بونیادنراون لەوانە، ئەگەر کەسێك لەگەڵ باوکێکدا هاویەشی کرد لەکوشتنی مناڵەکەیدا، ئەوا

[1] سیدی احمد الدردیر ابو البرکات الشرح الکبیر (٤/ ٢٤٦) ، ٢٤٧ . تبصرة الحکام لابن فرحون ٢/٣٥٢ .

قصاص لە سەر پشكدارەكە واجب دەبێت، چونكە باوكایەتی مانایەكە لەسەر خۆی وەستاوەو ناگوازرێتەوە كاریگەریەكەی بۆ كەسی تر..

هەروەها ئەگەر دووكەس(یەكێكیان شێت یان مێردمناڵ یان بەریگریكەر لەمافی خۆ هەروەها ئەوی تریان عاقڵ یان دەستدرێژیكەر) هاوبەشی بكەن لەكوشتنی كەسێكدا ئەوالەم حاڵەتەدا قصاص لەسەر عاقڵ و دەستدرێژیكەر دەبێت، خوێنباییش لەسەر خزمانی پشتی مێردمناڵ و شێتەكەیە، دیارە هیچ شتێكیش لەسەر ئەو كەسە نیە كە بەرگری لە مافی شەرعی خۆی كردووە.

ب. ئەگەر بارودۆخە كەسیەكە وەهابوو كە دەگەڕایەوە بۆ مانا لەكردەكەدا بەوەی كە بەئەنقەست ئەنجامدراوە یاخود بە هەڵە، كاریگەری دەبێت لەسەر سزای پشكدارەكانی تر دەبێت ئەوانەی كە ئەم بارودۆخەیان تیادا نەبووە.

لە سەر ئەم بنچینەیە ئەوەیان بونیادناوە كەئەگەر دووكەس هاوبەشیانكرد لە كوشتنی كەسێك، كاری یەكێكیان بە تەواوی ئەنقەست بوو، بەلاَم ئەوەی تریان بەهەڵە، یان نیوچە یان شێوە ئەنقەست بوو، ئەوكات قصاص لەسەر یەكێكیان لادەبرێت ئەوەش وەك بەجێهێنانێكی بنەمای ((تدرأ الحدود بالشبهات)) لەو حاڵەتانەی كە ئەگەری تیایە كە كردەی یەكێك لە راستەوخۆبوونەكان ببێتە هۆی جێبەجێبوون و دەركەوتنی دەرەنجامە تاوانكاریەكە..نەك كردەی ئەولنی تر، پاشان دڵنیانین و نازانرێت بەدیاریكراوی هۆكاری بەهێز كردەی هەڵەكارەكەیە یان كردەی ئەنقەستكارە. [1]. لەسەر ئەم بنەمایە دەبنین ناكۆكیەكە لەسەر تاوانەكانی (حدود وقصاص)ە چونكە بنەمای بەركەناركردنی حەدەكان بە شوبوهات لە سەر ئەوانە جێبەجێدەبێت نەك تاوانەكانی جۆری تەمبێكردن (التعازیر).

---

[1] الخلاف في الفقه في المذهب الجعفري (٢/ ٣٩٥ ، ٣٦٠).
المهذب لابي اسحاق الشيرازي في الفقه الشافعي (٢/١٧٤).
هەرچەند شافیعیەكان شتێ تریان لەمبارەوە وتووەو هەیانە سەبارەت بە هاوبەشی كردنی مێرد منـاڵ و عاقڵ لە كوشتنی كەسێكدا و دەڵێن: هاوبەشیكردنی مێردمناڵێك و پێگەیشتوویەك لەكوشـتندا ، ئەگـەر بڵـێین" مێردمناڵەكـە ئەنقەسـتكارە" هەڵەیـە، واجـب نـەبوونی قصاصـە لـە سـەر باڵغەكە،چـونكە هاوبەشەكەی هەڵەكاربووە، ئەگەر بڵێین ئەگەر ئەنقەستی بوبێـت ، ئەنقەسـت واجـب بوونـە لەسـەری چونكە هاوبەشەكەی ئەنقەستكاربوە وەك هاوبەشەكەی باوك..

شایانی باسە حەنبەلیەکان سێ رایان لەو بارەوە هەیە کە هەریەك لەو رایانە هاوشانە لەگەڵ ئەو ئاراستانەی کە ئاماژەمان پێداوە [1].

پاشان تێبینی دەکرێت کە ناکۆکی خراوەڕو گشتیەو پشکداری بنچینەیی و وابەستە دەگرێتەوە، من شتێکی ئەوتۆم بەدی نەکرد لەوەی کە ئاگاداریم بەسەریدا هەبوە لەناو ئەو سەرچاوە فیقهیانە و لە مەزهەبە جیاوازەکان، ئەوەی کە جیاوازی دەکات لەنێوان پشکداری بنچینەیی وپشکداری وابەستە لەکاریگەری و شوێنەواردانانی باروبۆخی کەسی لەسەر پشکداری بنچینەیی، کاریگەر دەبێت سزای پشکداری وابەستەپێی لە سەر ئەو بنەمایەی کە کردەی دووەم، خەصڵەتی تاوانکاریانە لە رەفتاری تاوانکاری یەکەمەوە وەردەگرێت و پێیدەگات [2].

---

[1] لە المحرر لـە فیقهـی مەزهـەبی حەنبـەلی (١٢٣/٢)دا هاتووە:ئەگـەر دووکـەس هاوبەشـیانکرد و قصـاص لەسەر یەکێکیان نەدرا بەوەی باوك بوو یان ئیسلام بوون ، یان وونبونی ئەنقەسـتی، ئـەوا قصـاص لـە سـەر هاوبەشـەکەی تریـەتی. هـەر لـەوەوە (واتــە لـە ئیمـام ئەحمەدەوە)دەگێرنـەوە کـە واجـب نابێت.هەروەها دەڵێت واجب دەبێت تەنها لەسەر شەریکی نا ئەنقەستکارا نەبێت.

[2] لە (البدائع) ی کاسانی (٤٢٢٧/٩)دا هاتوە: ئەگەر کۆمـەڵێك دزیـان کـردو یـەکێکیان مـێرد منـاڵ بـوو یـان شێتێکیان تیا بوو ئەوا دەست برینیان لەسەر لادەدرێت بە وتـەی ئـەبو حەنیفـەو زوفر..ئـەبو یوسـف دەڵێت: ئەگەر مێردمناڵێك یان شێتێك هەستا بەدەرکردنی ئەو کاڵاو زیـرە ئـەوا برینـی دەسـت لەسـەر هەموویان دەکەوێت، خۆ ئەگەر ئەوانی تر دەریانکردبێت ئەمان تەماشەیان کردبێـت ئـەوا بـە پێشـەوانە شێتەکان برینی دەستیان لەسەر نیەو ئەوانی تر هەموویان دەستیان دەبڕیتەوە.

کاسانی بەڵگە بۆ قسەکانی دەهێنێتەوە بەوەی کە مەبەستی قسـەکەی ئەوەیکـە: هێنانـە دەرەوەی مـاڵ و کاڵـا لـە شـوێنی تایبـەتی خـۆی (قاسـەکەی) بۆخـۆی بنچـینەی دزیـە، هاوکـاری و وەسـتان بەدیاریانەوە ئەوە وەك وابەستەییە، ئەگەر مێرد مناڵ و شـێتەکە پێـی هەسـتان ئـەوا ئـەوان بنچـینەی دزیەکەیان ئەنجامداوە، ئەگـەر دەسـتبرینەکەش بنچـینەکارەکان نەگرێتـەوە ئـیتر چـۆن وابەسـتەکان بگرێتەوە ! ! خۆ ئەگەر پێگەیشتوەکان ئەوەیان ئەنجامدا ئەوە بنچـینەی دیەکـەیان گرتوەتـە ئەسـتۆ، ئەوکات لەسەر لاچوونی سزا لەسەر وابەستە کاری لاچوونی سزا لە سەر بنچینەکە واجب ناکات..

ئەوەی لەم قسەیەی کاسانی دەفامرێتـەوە ئەوەیـە: کـە ئـەبو حەنیفـە و زوفـر راکـەیان لەسـەر ئـەوە بونیادناوە کە هەموویان پشکداری راستەقینەن لە سەرینچینەی وەسـتانی لەسـەر یەکەیـەکی مـادی و یەکەیەکی مەعنەوی، بەڵام بەرای من یەکەی مەعنەوی ناوەستێت بە پاڵدانی بە پشکداری شێتەکە یـان مێردمناڵەکە بە هۆی ناتەولوی ووتەو وەرنەگرتنی قسەی ئەوان لەو بارەوە چونکە هۆشیان ئـەو رێگـەی لێگرتوون.

ئەم جیاوازیە وردەش کە ئەبو یوسف وتویەتی و پێش هەزار ساڵ خستویەتیە ڕوو لە ڕاستیدا یاسا تا پێش سەد ساڵ هەر پەی پێنەبردووە..

من پێشنیار دەکەم کە چاوخشاندنەوەیەك بە بەندی دووی مادەی (٥٠)لە یاسای سزادانی عێراقی بکرێت، کە دەقەکەی بەم شێوەیە هاتوە ((سزای هاوبەشێك دەدرێت بەو سزایەی کەدەقە یاسایەکەی لەسەر هاتوە، ئەگەر بکەری تاوانەکە سزانەدرابێت بە هۆکاری ئەوەی نەبوونی نیازی تاوانی (ئەنقەستی) لەلای، یان حاڵەتی تری تایبەت بەخۆی)). ئەگەر ئەم بەندە (فقرە) لە ڕۆشنایی مەزهەبی ئەبو یوسف هەموار بکرێتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی کردەی هاوبەش بۆخۆی یاساغ کراو نیە بەزۆری، بەڵکو خەصڵەتی تاوانی لە کردە تاوانیە بنچینەییەکەوە(بکەر) وەردەگرێت. ئەم وابەستەییەش بەپێی عەقڵ و لۆجیکی هۆشمەندانە دەبڕێتەوە، ئەوەش بەکاریگەربوونی سزای وابەستە (هاوبەش) بەو بارودۆخ یان پاساوە کەسیە شایستە بەلێخۆشبوونانەی سزا، یان سووککراو بە وابەستەبوونی نەك بە پێچەوانەوە..

شایانی باسە ئەوەی لە مادەی (٥٢) ی ئەو یاسایەدا هاتووە، هاوڕایە لەگەڵ مەزهەبی شافیعی و جەعفەری بێجگە لە حاڵەتی نەبوونی نیازو ئەنقەستكاری تاوانی (هەڵە یان نیمچە ئەنقەست)کاتێك ئەم مادەیە لەو بنەمای(درو الحدود بالشبهات)ەوە وەرینەگرتوە، لەم حاڵەتەدا پێی باشبوە بەم شێوازە دایبڕێژێت((ئەگەر پاساوە کەسیە لێخۆشبونیەکان یان سووککەرەکان هەبوون لە هەقی یەکێك لە پشکدارەکان– بکەر یان هاوبەشیکەر– لە ئەنجامدانی تاوانێکدا لە سزادا ئەوا هەرگیز ناپەڕێنەوە بۆ سەر ئەوی تری پەیوەست بوو پێیەوە))[1].

پوختەی قسان ئەوەیە کە ئەم ئاراستە فیقهیانەی تایبەت لەم ڕووەوە هێنامان دەتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ دووڕای سەرەکی: یەکەمیان وەرگیراوە بە بەجێهێنانی بنەمای((تدرأ الحدود بالشبهات)) لە هەمو دۆخێکدا ئەگەری هەیە کە ببێتە هۆکاری بەهێز

١ یاسادانەری میصری هەمان ئاراستەی گرتووە لەهەردوو مادەی(٤١و٤٢) ئەو بنەمایەی کە یاسا بڕیاری لەسەردەدات لە سەربەخۆبوونی هەریەك لە پشکدارەکانەوە دێت بەو بارودۆخەی هەیەتی، تەنها بۆخۆی ئەو کاریگەرە پێی و ئەوەی تر جگەلەخۆی کەلەگەڵیدایە لە هەمان تاوان کاریگەر نابێت پێی.

بۆ ڕوودانی تاوان. ئەوە کردەیەکە ئەوەی پێی هەستێت پاساوێکە لەو پاساوانەی کە سووککەری سزایە، لەوکاتەداسزای ئەوانی تر لە پشکدارەکانی تر کاریگەردەبێت بەو پاساوە، ئەوەش بەکارکردن بە ناواخنی ئەو بنەمایە(قاعدەیە).

بەڵام لەو حاڵەتانەی کە ئەو گومانە تیایدا ناوروژێنێت، هیچ ئەگەرێکی باسکراو ئەو قاعیدەیە تیایدا جێ بەجێ نابێت، ئالێرەوە لەهیچ پاساوێکی دەرەوەی خۆی سودمەند نابێت ئەگەر بۆخۆی ئەو پاساوەی لە لا نەبێت..

کۆی شەرعزانانی موسڵمان ئەم ڕاوڕێچکەیان گرتوە لە نێو ئەوانیشدا مالیکیەکان سەرە ڕای بوونی هەندێ ڕاوبۆچوونی جیاوازی دوورودرێژ لە نێوان ئەوان و شافیعیەکان و جەعفەریەکان..

هەروەها ڕای دووەم ئەوەیە کە فوقەهاکانی حەنەفی بێجگە لە ئەبو یوسف گرتویانە تەبەر، پێیان وایە بنچینە ئەوەیە کە ئەگەر پاساوە کەسیە لێخۆشبوونیەکان لەسزا یان سووککەرەکانی سزا، هەبوون، لە هەقی یەکێك لە پشکدارەکان -(بکەر یان هاوبەش) لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، ئەوا کاریگەری و شوێنەواری دەپەڕێتە سەر دەرەوەی خۆی واتە ئەوی تری هاوبەشی، و ئەوەی پەیوەندی پێوەهەیە وسزاکەی پێی کاریگەردەبێت وەك کاریگەری سزای خاوەن پاساو...

دەروازەی سێیەم

بەرگیرەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری

پێشەکی:

بـــەرگیر (مـــانع) بریتیـــە لـــە وەصـــفێکی دیـــاری کۆنترڵکەرە (منضبط)[1] بە بـوونی حوکمەکـەی لـە سەر هەڵدەگیرێت.
بەرگیر بە پێی چەمکە گشتیەکەی هۆکارە ڕەواکـان و بـــەرگیرە تاوانکـــاری وبـــەرگیرەکانی ســـزا دەگرێتەوە.
چـــونکە ڕێـــژەی لـــۆجیکی(المنطقیـــة) لـــەنێوان هۆکارەکانی ڕەوایی و بـەرگیرەکانی بەرپرسـیارێتی تاوانکـاری و سـزایی دا، گشـتی و تایبـەتی ڕەهـای هەیـــە، هـــەموو هۆکارێـــك لـــە هۆکارەکـــانی ڕێپێـــدراوی(الاباحـــة) بـــەرگیرێك دەبـــن لـــە بەرپرسیارێتی تاوانکاری و سـزا، بـەبێ پیچـەوانەی گشتی..
هـــەروەها هـــەموو بـــەرگیرێك لـــە بـــەرگیرەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری، بـەرگیرە لـە سـزا بـە بـێ پێچەوانەی گشتی..
لە سەر ئەم بنەمایە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەو لـەم دەروازەیە بە دوو بەش دەیخەینە بەر باس: بەشـی یەکەمی تەرخان دەکەین بـۆ هۆکارەکـانی ڕەوایـی. دووەم بەشیش بۆ بەرگیرەکانی تاوانکاری..

[1] واتە ناگۆڕێت بە گۆڕانی کەسەکان هەروەها بە گۆڕانی کات و شوێن..

بەشی یەکەم :
هۆکارەکانی (ڕێپێدان- الإباحە)

هۆکار: لە ڕووی زمانەوانی(عەرەبی)ەوە، هەرشتێك کە ئەم بە ئەوانی تر دەگەیەنێت.

لە زاراوەی شەرعیدا : وەصفێکی دیاری کۆنترۆڵکەرە یاسادانەر حوکمێکی پێ دادەنێت، جێبەجێ دەبێت بەجێبەجێبوونی، نامێنێ و هەڵدەگیرێت بە نەمانی..

ڕەوایی یان ڕێپێدان (الاباحة): لە زمانەوان(عەرەب)یدا واتە خستنەڕوو، دەوترێت (أباح السرّ) واتە نهێنییەکە خرایە ڕو، یان ئاشکرا بووو. هەروەها واتای ڕێگەپێدان: دەوترێت(اباح الشيء) واتە ڕێی پێدا.

لە زارەوەی فیقهیدا: ڕێپێدان و ڕەوایی پێدان بە ئەنجامدانی کردەیەك بە پێی خواستی بکەر لە سنووری ڕێپێدان [1]

لە زارەوەی ئوصولی دا: ناوەرۆك و مەبەستی پەیامی خوایی پەیوەست بە کردەی بەرپرسیار(پێسپێرراو)لە ڕووی بە باشزانینەوە .[2] وەك ڕەوایی دان و بەپەسەند زانینی شتە سودمەندەکان لە فەرمودەی خوایی: ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾.[3]

هۆکارە سەرەکیەکانی ڕەواییدان و پەسەندزانینی شتەکان سیانن: یەکەمیان بەرگریکردنی شەرعی، دوەمیشیان بەجێگەیاندنی واجبێك، سێەمیشیان بەکارهێنانێکی ڕاستیانەی مافە . هۆکارەکانی ڕەواییدان (پەسەندزانین) ڕووکەشیانەو لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ سێ باس دابەشدەکەین:

یەکەمیان تایبەت دەکەین بە بەرگریکردنی شەرعی.

دوەمیان بەجێگەیاندنی واجب هەروەها باسی سێیەم بەکارهێنانی ماف

---

[1] پێناسەکان هی جورجانین، لا: ٤.

[2] اصول الفقه في نسيجه الجديد، نووسەر، لا: ٢٢٠.

[3] البقرة: ٥٧.

باسی یەكەم :
بەرگریكردنی شەرعی

بەرگریکردنی شەرعی: بریتیە لەوەستانەوە بە میکانیزمێکی گونجاو دژی مەترسیەکی گەمارۆدەر کە هەڕەشە لە سەرمافێك لەومافانە دەکات کە شەرع و یاسا دانیان پێداناوەو پارێزگاری لێدەکەن..

ڕەگەزەكانی بەرگری شەرعی :

لەو پێناسەیەی کە خرایە ڕوو دەتوانین ڕەگەزەکانی بەرگریکردنی شەرعی بۆ سێ ڕەگەز دیاری بکەین: ئەوانیش : مەترسی، مافێك کە ئەگەری مەترسی بوونی لەسەربێت، میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی. چونکە ڕەگەزەکانی هەر چەمك و زاراوەیەکی شەرعی یان یاسایی، لە پێناسەیەکەیەوە وەردەگیرێت، جا ئەگە ر بەشێك بێت لە ماهیەتی، پێی دەوترێت پایە(ڕوکن) وەگەرنا پێی دەوترێت مەرج.

پایەی یەکەم / مەترسی: لە مەرجەکانی :

١- دەبێت سەرچاوەی مەترسیەکە کردەیەکی ناڕەوا بێت، جا ئەگەر لەلایەن مرۆڤەوە یان ئاژەڵەوە دەرچێت، یان ئەگەر مرۆڤی شایەنی بەرپرسیارێتی وەرگرتن(تكليف) بێت یان نا.

٢- دەبێت مەترسیەکە ببێت بە دۆخ، ئەوەش لەم دوو حاڵەتەی خوارەوەدا بە دۆخ دێتە هەژمار:

یەکەمیان / گومانی ئەوە ببرێت کە خەریکە ڕوویدات و هێشتا ڕووی نەدابێت، بەڵام دڵنیایی لە ڕوودانەکەی دا هەبێت، ئەگەرچی لە گومانی کەسانی تر بۆ بەرگری کردن بێت.

دووەم/ ئەوەیە کە بەواقیعی ڕوویدا بێت و ڕوودانەکەی بەردەوامی هەبێت و تەواو نەبووبێت.

٣- دەبێت دەستدرێژیکار سووربێت لەسەری و ویستی لە جێبەجێکردنی تەواو هەبێت. پاشان جێبەجێکردنی بشێ و بتوانرێت ئەنجام بدرێت، بە پشت بەستن بەم هۆکارە

لۆجیکیانە. بەڵام ڕۆشن بوویەوە کە ئەو گاڵتەی کردوە یان سوعبەتی کردووە، یاخود نەخێر هەر جدی بێت ویستی ئەنجامدانی هەبێت، بەڵام نەتوانێت و نەشێت ئەنجام بدرێت، بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار کەلە توانای مرۆڤ بەدەرین، ئەوە مەترسی نیە.

٤- دەبێت ئەو مەترسیە راستەقینە بێت بەوەی کە لەو کردەیەدا بەدەریکەویٚ ئەگەر بەلای کەمەوە لە هزرو بیری بەرگریکاریش بێت.

دیارە پێوەری وەستانی پێوەری راستەقینە کەسین (خودین) سەرباری هەندیٚ پێوەری مادی وەك مەداریك و نیشانەو(قرائن). لێرەدا (دڵنیایی-یقین) بەمەرج نەگیراوە بۆ راستێتی بەڵکو تەنها زاڵبوونی گومانی زیاتر بەسە بۆی.

٥- نەبوونی هیچ رەوایەتیەك لەو مەترسیە، بۆ سەربازێکی فەرمان بەسەرداکرلو نیە کە بچێتە پێشەوەو هێرش بکات لە بەرەی شەڕ بۆ ئەوەی بەرگری لە وڵات بکات، چونکە پێویستە لەسەری ئارامگربێت لە بەرگریکردن لەو مەترسیە.

٦- دەبێت مەترسیەکە پێش جێبەجێکردنی بەرگریکردنەکە نەڕەوێتەوە، شایانی باسە کە بەرگریکار لە حاڵەتی بەرگریکردنی شەرعیدا موکەلەف نیە بۆ راکردن، چونکە بەد و خراپیە، مەگەر دەستدرێژیکەر هاوسەرەکەی بێت، یان کەسێکی(خزمێکی) نزیکی پلەیەکی بێت.

٧- دەبێت دەستدرێژیکردنەکە درووستبوو وداکەوتەی کەموکورتی دەستدرێژی لەسەرکرلو نەبێت. ئەگەر کتوپڕ پیاوێك کەوت بەسەر کردەی دەست تێکەڵکردنی ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە لەکردەی زینادا ئەوە مافی بەرگریکردنی شەرعی نیە بۆ زیناکارەکان، ئەگەر کەسێك ویستی بیانکوژێت.

٨- دەبێت دەستدرێژیکردنەکە بۆ سەر کەسە دەستدرێژی لەسەرکرلوەکە تاوان بێت، گەر کردەیەکی ڕەوابێت ئەوە بوارێك نامینێت کە تیایدا بەرگری شەرعی تیا بکرێت.

پایەی دووەم / ماف لە جێگەی دەستدرێژی :

لە گرنگترین ئەو مەرجانە دەبێت لە و مافانە بێت کە یاساو شەرع جەخت لە سەرپارێزگاریکردنیان دەکاتەوە. لەناوبردنی ماڵی ئیکسپایەرو ناساز بۆ بەکارهێنان هیچ کات بەرگریکردن لێیان درووست نیە.

پایەی سێیەم/ دەبێت میکانیزمی بەرگریکردنەکان گونجاوبن، بێنەوە لەگەڵ قەبارەو مەترسی دەستدرێژیکردنەکە.

بۆ نموونە سوتاندنی کێڵگەیەك، پێویست ناکات ئەوەی هەستاوە بە کاری سوتاندنی کێڵگەکە بکوژرێت خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿...فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾[1].

چونیەکی و هاشێوەیی لە نێوان مەترسی دەستدرێژی و میکانیزمی بەکاربراو بۆ دوورخستنەوەی مەترسیەکە، پێویستە جێبەجێ ببێت، وەك لەدەقی قورئانیدا هاتوە، پاشان دەبێت وەسیلە تاکە شت بێت بۆ بەرلێگرتنی دەستدرێژیەکە..

لادان لە سنووری بەرگری شەرعی :

لە بەرپرسیارێتی لادان لە سنووری بەرگزیکردنی شەرعی دا، پێویستە جیاکاری لەنێوان ئەم سێ حاڵەتانەی خوارەوە بکەین:

١- لادانی بەئەنقەست، بەوەی بەقەستی هێزێکی زیاتر لەو هێزەی پێویستە بۆ ڕادانی مەترسیەکە بەکاربهێنێت.لەم دۆخەدا ئەو لادانە زیادەیە وەك تاوانێکی ئەنقەست تەماشەدەکرێت و سزای لەسەردەبێت.

٢- لادانی کەمتەرخەمی، لادەر وەك ئەنجامدەری تاوانی بەهەڵە هەژماردەکرێت و شایستە بە سزایە..

٣- لادانی نا ئەنقەست وبەبێ کەمتەرخەمی و کەمو کورتی نواندن، ئەوکات شایستە نیە بەسزا و سزانادرێت.

شایانی باسە لەم سێ دۆخەی خرایە ڕوو، دادوەرە دەسەڵاتێکی بەمەزەندەی لە دیاریکردنی قەبارەی لادانەکەی هەیە، و مەزندەی سزاکەی دەکات.

---

[1] البقرة : ١٩٤

باسی سێیەم :
بەجێگەیاندنی واجب

بەجێگەیاندنی واجب گەر فەرزی عەینی بێت یان فەرزی کفایە، خۆی لە خۆیدا بە کردەیەکی تاوانی نایەتە هەژمار، لە بکەرەکەی لەرووی جینائیەوە لێی ناپرسێرێتەوە، مەگەرکەمتەرخەمی و تەمبەڵی لە بەجێگەیاندنی نواندبێت.

لەو بەجێهێنانەی بەجێگەیاندنی واجب ئەمانەی خوارەوە هەن:

یەکەم / الحسبە:

واتە بەرگری شەرعی ناوخۆیی هەرێمی، لە زاراوەی شەرعی دا ناو دەبرێت بە فەرمان بەچاکە ئەگەر وازلێهێنانی بەدەرکەوت، بەرگیری لە خراپە ئەگەر ئەنجامدانی بەدەرکەوت. لەزاراوەی شەرعناساندا بە (الحسبە)ناوی هێنراوە. سەرچاوەی واجب بوونی قورئانی پیرۆز و جەختکردنەوە لەسەری لە سونەتی پێغەمبەر(ﷺ)و کۆڕای فوقەها.

١- قورئانی پیرۆز: چەندین ئایەتی پیرۆ لەم بارەوە هاتوون فەرمان بە ڕاشکاوی بەچاکەو بەرگیری لەخراپە دەکەن، هەموو فەرمانێکیش لەقورئاندا بۆ واجب بوونە، ئەگەر بەڵگەیەك پێچەوانەی ئەوە نەهاتبێت، لەو نموونەی ئایەتانە: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1]

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾[2]

قورئان چاکێتی ئوممەتی موسڵمان دەبەستێتەوە بە فەرمان بەچاکەو ڕێگیریکر لە خراپە. دیارە نەمانی چاکێتی بەنەمانی ئەو هۆکارو بەڵگەیە، ئەو ئایەتەش وەك ڕستەیەکی هەواڵی هاتوە، کەچی مەبەستی پێی ڕستەیەکی داناتیە(جملة انشائية)واتە فەرمانکردن و بەرگیری لێکردن .

---

[1] آل عمران : ١٠٤

[2] آل عمران : ١١٠

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُولَـئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[1].

ئەم ئایەتە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بنچینەی (دەسەلاتداریتی گشتی -ولایة عامة) و تایبەتی، بریتیە لە هەستان بە فەرمانکردن بەچاکەو بەرگیری لەخراپە، ولجبی دەسەلاتدار و گەورە (ولي الامر)ئەوەیە.هیچ جیاوایەکیش لەنێوان نێر ومێ دا نەکراوە لە پیادەکردنی هەر ئەرك و پیشەیەك کە دەکرێت فەرمان بە چاکە بێت و بەرگیری بێت لەخراپە.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾[2].

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ﴾[3].

٢- سوننەتی پێغەمبەر: چەندین فەرمودەی صەحیح هەن، جەخت لەسەرفەرمان چاکەو بەرگیری لەخراپە دەکەنەوە، وەك جەختکردنەوەیەك لە سەر فەرمانەکانی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، بەڵگە نەویستە کە ئەرکی سوننەتی پێغەمبەر بریتیە لە تایبەتمەندکردنی گشتی قورئان کە ئەگەر گشتێتی مەبەست نەبوبێت، ولەبەستەکردنی رەها ئەگەر رەهایی مەبەست نەبێت. هەروەها جەختکردنەوە لە حوکمێکی گرنگ کە لەقورئاندا هاتبێت، لەو نموونانەی فەرمودەش:

- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، وإن لم يستطع فبلسانه، وإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان))[4].

لەم فەرمودە پیرۆزەدا فەرمان کردن بەچاکە قۆناغ و پلەبەندی هەیە بەرزترینیان بەدەست و ناوەندەکەیان بە زمانەو خوارترینیان لە دڵدایە، ئەوەش بە پێی تواناو بۆ لوانی مرۆڤ

---

[1] التوبة : ٧١
[2] الحج : ٤١
[3] المائدة : ٧٨
[4] أخرجه مسلم في الإيمان حديث ٧٨، والترمذي في الفتن باب ١١ والنسائي في الإيمان باب ١٧، واحمد في مسنده ٢/٤٩.

- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته، الإمام – راعٍ مسؤول عن رعيته، والرجل راعٍ في أهله وهو مسؤول عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها وهي مسؤولة عن رعيتها))[1].

٣– کۆڕا: هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا بە ئێمڕۆ شەرعناسانی موسڵمانان کۆڕان لە سەر واجب بوونی فەرمان بەچاکەو بەرگیری لەخراپە..

دووەم / یاسادارشتن (بە یاساکردنی سزاکان) لە لایەن دەسەلاتی یاسادانانەوە.

دەسەڵاتە گشتیەکان (السلطات العامة) پیادەی کۆمەڵێك دەسەلات دەکەن کە دەستوور یاسا دیاریان کردووە، ئەمە سەرباری شەریعەتی ئیسلامی. لە دەستبەکاربوونی هەندێك لەوان دەستومرەبانە بە ماف و بەرژەوەندی تاکەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەروەها لە بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتەی کە هەریوو سوڵتەی داد و جێبەجێکردن، یان بە شێوەیەکی نارلستەوخۆ، هەروەها وەك لە دەسەلاتەکانی سوڵتەی یاسادانان، بە شێوەیکی تایبەت لە یاسادانانی تاوانی. لەهەمان کاتدا ئەو مافگەلەی کە لەتوانایاندا هەیە کە لە لایەن ئەودەسەلاتانەوە دەسومرەبانیان لێ بکرێت، لە شەریعەتی ئیسلام و دەستوور و یاسادانراوەکانەوە بریاریان لەسەردراوەو هاتوون . پیادەکردنی دەسەلاتی یاسادانان لە یاسادانانی سزا تاوانیەکان بۆ ئەوانەی کە هۆکارەکانیان ئەنجام دەدەن لە تەوەری بەجێگەیاندنی واجبەکانە. چونکە ئەگەر سزا نەبوایە، بەهێز لاتلنی دەبوو بەلای مافەکانی بێ هێزدا، چونکە ستەم لە سروشتی دەروونی مرۆڤەکانە، ئەگەر کەسێکی دلوێن پاك و دەستپاکت بینی بزانە لە بەرهۆکارێکە ستەم ناکات. مرۆڤ هەڵگری نەزعەیەکی شەرانگێزیە کە ڕووەو لادان لە بۆمافی ئەوانی تر رێی پێی هەڵدەگرێت، هەروەها نەزعەی چاکەشی تێدایە پاڵنەری دەبێت بۆ ئاراستەیەکی راستەوانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾[2]

---

[1] صحيح البخاري – الجمعة(٨٥٣)، صحيح مسلم – الإمارة(١٨٢٩)، سنن الترمذي – الجهاد(١٧٠٥)، سنن أبي داود - الخراج والإمارة والفيء(٢٩٢٨)، مسند أحمد - مسند المكثرين من الصحابة(٢/٥)، مسند أحمد - مسند المكثرين من الصحابة(٢/٥٥)، مسند أحمد - مسند المكثرين من الصحابة(٢/١٠٨)، مسند أحمد - مسند المكثرين من الصحابة(٢/١٢١)

[2] الشمس : ٧–١٠

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿.. وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾[1]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ[2] وَبِيَعٌ[3] وَصَلَوَاتٌ[4] وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾[5].

هەروەها لە ڕوو تەوەری بەجێگەیاندنی ولجبەوە، دادگاییکردنی داوەر بە سزایەك بەسەر ئەوەی شایستەیە پێی. وەك لە شەریعەتی ئیسلامی و دەستور و یاسادابڕیاری لەسەردراوە. دیسان هەر لە بەجێگەیاندنی ولجبدا، هەستانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بە جێبەجێکردنی سزاکان بە پێی ئەوەی کە لەشەریعەت و یاسا بڕیاری لەسەردراون.

شایانی باسە کە سزا تۆڵە نیە، پێویستە وەك تۆڵە سەندنەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. بەڵکو پێویستە وەك چاکسازیکەرێك بۆ تاوانبار بێتە هەژمار، لە سەر ئەو بنەمایەش زۆر پێویستە کە زیندانەکان گەشەپێبدرێن و ئەو دەزگا یاساییەکان پەرەیان پێ بدرێت لە ڕووی مرۆڤی ومافی مرۆڤەوە لە ڕووی ئەو دەزگاو بەرنامەی چاکسازیەوە پەرەیان پێبدرێت بە گرتنە بەری هەمو ڕێو شوێنە چاکسازیەکان...

باسی سێیەم:
بەکارهێنانی ماف

واتە بەکارهێنانی ئەو مافەی کە ئیسلام و دەستور ویاسا بۆ مرۆڤ بڕیاری لەسەرداوە.لە نموونەی ئەو بەجێهێنانەی مافی بەکارهێنان وەك ئەوەی لە خوارەوە دەیهێنین:

---

[1] البقرة : ٢٥١
[2] شوێنی پەرستشی جولەکەکان.
[3] کەنیسەی فەلەکان
[4] پەرستگەیەك کەتیایدا نوێژدەخوێنرێت.
[5] الحج : ٤٠

یەکەم / پەروەردەو ئەدەبدانی منالانی پێنەگەیشتوو :

ئەوەی قووڵ بوونەوەی لە شەریعەتی ئیسلام سەبارەت بە گەشەکردنی تاك گەشەکردنێکی تەندروستانە دوور لە رەفتاری لادانی، دەرکەوتوە کە لە ٩٥٪ پشتی بە میکانیزمە خۆپارێزیەکان بەستوە، هەروەها ٥٪ لە سەر بنەما چارەسەریەکانی وەك سزا و تەمێکردن و ئەدەبدانەکانە بەستووە.[١]

شتێکی ئاشکرایە کە لە رووی رەفتاریەوە خۆپاراستن لەچارەسەرکردن باشترە، واتە ئەو چارەسەرەی کە خۆی لە سزادان و تەمبێکردن دەبینێتەوە و ئامانجی بەجێگەیاندنی بەرگرتن وبەربەست دانان بوو لەبەردەم رەفتارە یاساغەکاندا، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە واتای خۆپارێزیش تێدایە. بێجگە لەوە کە یاساو دادگا کە پراکتیکی دەکەن ناتوانن بەمانایەکی تەواو خۆپاریزی ببەخشن لە ئاست کەتن و تاوان ئەوەش لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ– خۆپاراستن بەمانای نەهێشتنی ئەو فاکتەرانە دێت کە لە توانایاندا هەیە ببنە هۆکاری سەرهەڵدانی تاوان، و کەتن و لادان و رەفتاری ناتەواو لە کۆمەڵگەدا بخەنەوە.

ب– سیاسەتی خۆپارێزی لە سەر چەند بنەمایەکی زانستی و پراکتیکی پشت دەبەستێت. جا ئەگەر لەناو شەریعەتی ئیسلامیدا بێت یاخود لە ناو یاسادا بێت. بەوەش دەبێت سەرکەوتنی روەو بەجێگەیاندنی ئامانجەکەی گومانی تیا نەبێت.

ج– خۆپاراستن رێو شوێنێکە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوەو لەوکاتەوەی کە تاك لە قۆناغی هەوییریدایە، خاوەن نەرمیەکی تەواوە بۆ ئەوەی (کەستەکێکی–قالب) رەفتاری رەوان وەربگرێت، ئەوەی لەسەری رادەهێنرێت و وەرشی پێدەکرێت رابهێنرێت، تاوەکو هەڵبژاردنی رۆیشتن لە سەر هێڵێکی راست و رەوان پەسەند دەکات.

د– لە کۆن و نوێدا وتراوە (زانین لە منالیدا وەك نەخش و هەڵکۆڵین وایە لەبەردێکدا). ئاشکرایە کە پێگەیاندنی ماڵی و هوشیارکردنەوە و ئاڕاستەکردن و رێنمونی کردنی بۆ رەفتاری باش، هەموو ئەمانە لە دەورو خولی زانین(پەروەردەو فێرکردندا)دان. ئەمانەش لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە درووستکردنی گیانی خۆپاراستندا پشتیان پێدەبەسترێت بۆدوورکەوتنە لە کەتن ولادان و لە خێزان و قوتابخانەو مزگەوت و (الحسبە) دا.

---

[١] تەماشەی چاپکراوی ئێمە " اسباب إباحة الأعمال الجرمية في الشريعة والقانون. لاپەرە١٤٦ دوای بکە.

دووەم / کارە وەرزشیەکان:

بێگومان وەرزش بە شێوەیەکی رەها لە میکانیزمەکانی پەروەردەو کات بەسەربردنی جەستەیی (الترفیهیە) پێویستەکانن بۆ پارێزگاری لە تەندروستی و چالاکیەکان. ئەمە لە حاڵێکدا لە چوارچێوەیو سنووری ماقووڵی خۆیدا (معقول) بمێنێتەوە، دوور لە زیادەڕەوی وناسنووری و ناماقوڵی، وترلوە لە کۆن و نوێشدا (عەقڵی ساغ لە جەستەیەکی ساغدایە.)

پاشان لە ڕووی بەکارهێنانی توندو تیژی و نەبوونی، کارە وەرزشیەکان لەم سەردەمەی ئێمەدا دەبن بەدوو بەشەوە:

یەکێکیان جۆرێکە کە پێویستی بە بەکارهێنانی توندو تیژی نیە وەك ڕمبازی و تێنس و تۆپی پێ و ئەسپسواری و پێشبرکێی پاسکیل یان هەڵگرتنی شتە قورسەکان و نموونەکانی تری لەم شێوە.. کەلەمانەو یاسای بەجێهێنانیاندا توندو تیژی نولندن و ئازارگەیاندنێك بەوانی تر بوونێکی نیە.

دووەمیان واپێویست دەکات کە توندو تیژی بەرامبەر ئەو کەسەی ڕوویەڕووت دەوەستێ بەکاربهێنی وەك(بۆکسێن– مولاکمە) و(زۆرانبازی-المصارعە) کاراتی و هاوشێوەکانی.. کەلەم جۆرە یاریانەدا بەکاربردنی توندو تیژیەکان بەشێك دەبن لەناو یاساو هونەری یاریەکە، لەمەشەوە ئازارگەیاندن بەوی بەرامبەر لە ڕووی جەستەییەوە شتێکی هەردەم چاوەڕوانکروە. ئەم جۆری دووەمە یاساکان هاوڕانین لە ڕەوایی پێدانی و هەژماربنی بە هۆو میکانیزمێکی ڕێپێدراو (الاباحە).ئەوەش بەو پاساوەی کە زیان و ئازاری جەستەیی بەرامبەر ئەوانی تر هەردەم دەخاتەوە...

بنچینەکانی ڕێپێدان (اباحە) بۆ کارە وەرزشیەکان:

ئەم بنچینەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرزشکار مافی خۆی لەچوارچێوەیەك بەکار دەهێنێت کە یاسا بۆی دیاریکردوەو نەریتی نێو دەوڵەتی جەختی لەسەر کردوەتەوە دەوڵەتانی جیهان هانیان داوەو دڵنیان ناوە بە ڕەوایی ئەو یاریەدا و پیادەکردنی ئەو مافە لە لایەن ئەو دەستە نێودەوڵەتیانەی (الهیئات الدولیە)کە ئەرکی سەرپەرشتی و ڕێکخستنی یاریە وەرزشیەکانیان لە ئەستۆ گرتوە. بەلام ڕێپێدراوی کارە وەرزشیەکان بۆ نەبوونی نیازی تاوانکاری، و هەروەها ڕازیکردنی ئەوەی تاوان بەرامبەرکراو بەوەی ئازاری جەستەیی بەرکەوتوە، ناگەڕێتەوە.

مەرجەكانی رێپێدراوی پیادەكردنی یاریە وەرزشیەكان:

١- بوونی ویستی چاكە لای وەرزشەوان لەو جوڵە وەرزشیانە، لەكاتێكدا لەتوانایدایە ئازاری بەرامبەرەكەی پێبدات .

٢- دەبێت یاریەكە لەو یاریانە بێت كە لە نەریتی یاری جیهانی دا جێی بوبێتەوە و دانی پێدانرابێت، بەوەی كە هەڵگری بنەماگەلێك بێت پێی بناسرێتەوە، بەشدار بوەكانی و ئەنجامدەرانی رێز لەو یاساگەلە بگرن و بەجێیان بگەیەنن.

٣- دەبێت كردە توندو تیژیەكان یاخود ئەو جولآنەی كە دەستدەخەنە سەر سەلامەتی ئەوی بەرامبەر، تەنها لە ناویاریەكەو كاتی یاریەكەدا بێت، خۆ ئەگەر لە پێش یان پاش یاریەكە و لەدەرەوەی یاریگا بێت ئەوە بە كردەی وەرزشی و هۆكاری رێپێدراو نایەنە هەژمار..

٤- دەبێت بەشدار بوونی وەرزشەوان لەو یاریانەدا بە هەڵبژاردن و خواست ورەزامەندی تەواوی خۆی بێت.

٥- نابێت وەرزشەوان لە ئازارگەیاندن بە بەرامبەرەكەی لەكاتی یاریەكەدا لە سنوورو یاسای یاریەكە بە ئەنقەست دەربازبێت و بیەوێت ئەویاریە بقۆزێتەوە بۆ ئازارپێگەیاندنی. وەگەرنا بەرپرسیاری تاوانی ئەنقەستی ئەكەوێتە سەرشان لەو زیانە جەستەییەی كە بەرامبەرەكەی گەیاندووە.

باسی چوارەم:
كردە پزیشكیەكان[1]

مەبەست لە كردە پزیشكیەكان ئەوانەن كە بە بێ دەستوەردانی پزیشكە پسپۆرەكان تەواو نابن. بەهۆی زۆری ئەم كردانە و نەبوونی كۆنترۆڵكەرێك (ضوابط) بۆ ئەوان.. ئێمە هەندێكیان وەك پێویست لەم باسەدا بەرچاودەخەین . ئاشكرایە كە پێشكەوتنی ژیان وایكرد كە دۆزینەوە زانستیەكان و نوێگەری و داهێنانە پزیشكیەكان كاڵەكە بن و چاوەروانی ئەو ئەحكامەیان بن لە لایەن ئەو موجتەهیدانەی زانایانی پسپۆر.

[1] بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بابەتە بگەرێوە بۆئەم نووسینەمان (أسباب إباحة الأعمال الجرمية في الشريعة والقانون) ص١٦٥و دواتریش.

پاشان کارێکی بێهودەییە گەڕان بە شوێن ئەو حوکمانە لە نێو نوسراو و دەقە فیقهیە کۆنەکاندا، چونکە ئەو داهێنان و شتە نوێیانە لە سەردەمی ئەو پێشەوا شەرعناسانەدا (رەحمەتی خوایان لێبێت) نەبووە و رووی نەداوە، تاوەکو دیراسەی بکەن و لێی بدوێن و ئەحکامەکانیان هەڵێنجێنن لە رێگەی ئیجتیهاد و کۆششەکانەوە.

هەروەها دەستوری خوایی (قورئانی پیرۆز) کە تێکڕایەکی دەستورە خواییەکانی پێش خۆیەتی، خۆی نەداوە لە وردەکاریەکان و کارە هەندەکیەکان(الجزئیات)، بەڵکو پوختکراوەتەوە لە بنەما هەمەکیەکان، هەروەها عەقڵی سەرپشك کردووە لە گێڕانەوەی ئەو وردەکاریانە بۆ ناو گشتیەکان، لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەکانی ژیان لە هەموو سەردەم و شوێنێك و دانانی بازنەیەك لە ئاکار. لە زیاتر لە پەنجا ئایەتی قورئانی فەرمان بە جولاندنی عەقڵی مرۆیی کراوە بە پێی خواست و پێداویستیەکانی ژیان، کەلەو بازنە ئەخلاقیە دەرنەچن.

لە سەر ئەم بنەمایە حوکمی کردە پزیشکیە نوێیەکان و ئەوەی لە پاشەرۆژیشدا روودەدات، لە بنەمای دەقە گشتیەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە هەڵدەهێنجرێن. هەرچی بنەما ئیجتهادیەکانن لە حاڵەتی ئامادەیی بنەما دەقیەکاندا لەو بنەما شەرعیە دەقییە گشتیانەی لە قورئاندا هاتوون: ﴿...فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ ...﴾.[1]

لەو بنەما دەقییانەی کە لە سونەتی پێغەمبەردا هاتوون ((لا ضرر ولا ضرار)).

لەو بنەما ئیجتیهادییانەی فیقهی کە تێکڕای زانایان کۆکن لەسەری، ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

* الضرر يُزال.(زیان لێدەکرێتەوە) [2]
* الضرورات تجيز المحظورات.(پێداویستیەکان رەوایی دەدەنە یاساغکراوەکان) [3]
* (پێداویستیەکان بە ئەندازەی خۆیان پێوانەیان بۆ دەکرێت، واتە پێویستە بە پێی توانا بۆلادانی پێویستیەکان)
* زیان لێناکرێتەوە و لانادرێت بە هاوشێوەی خۆی.[4]
* هەڵگرتنی زیانی تایبەت بە ئامانجی دوورخستنەوەی زیانی گشتی.[1]

---

[1] البقرة : ١٧٣
[2] مجلة الأحكام العدلية، م٢٠
[3] سەرچاوەی پێشوو، م٢١
[4] م٢٥

* زیانی توندو گران بەزیانی سوك و ئاسان لێدەبیتەوە ..[2]
* ئەگەر دوو خراپە بەرامبەر بوونەوە، خستنەلاوەی گەورەکەیان بە ئەنجامدانی سووکەکەیان .[3]
* هەلگرتنی خراپەیەك باشترە لە راکێشانی سودمەندبوونێك..[4]
* ئەگەر بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی بەرامبەر بوونەوە، پێش خستنی یەکەمیان بە سەر دووەمیان تەواوە.
* ئەگەر بەرژەوەندیەکی جێبەجێ بوو، لەگەل بەرژەوەندیەکی ئەگەری تێکگیران ئەوا یەکەمیان پێش دەخرێت.
* زیان بە پێی توانا دەدرێتەوە.[5]
* پێداویستی پێگەی پێویستی دادەبەزێنێت. جا گشتی بێت یان تایبەتی..[6]
* ناچاربوون مافی ئەوانی تر پوچەل ناکاتەوە ..[7]
* ئەوەی واجبی لەسەر وەستابێت ئەویش دەبێتە واجب.
* ئەوەی کەوا سودی تاك یان کۆمەلگە یان هەردوکیانی هەیە، ئەوەرێپێدراوە، ئەگەر ئەو سودە لە سەر حیسابی زیانی ئەوانی تر نەبێت.
* ئەوەی کە زیانی بۆ تاك یان بۆ کۆمەل یان هەردوکیان هەیە، ئەوە شتێکی یاساغە، بەمەرجێ ئەو یاساغە قازانجێکی گشتی لێنەکەوێتەوە.

ئەم دوو بنەما کۆتاییە لە هەلهێنجاندنی خۆمە، لە گیانی شەریعەتی ئیسلامی و قورئانی پیرۆزەوە دەرمهێناون لەو دەقە قورئانیانەش کە ئەم بنەمایە پشت راستدەکاتەوە : ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[8].

لەبەر زۆری کردە پزیشکیەکان وەك باسمان کرد ئێمە ئەم گرنگانەیان لێرەدا دەخەینە روو:

---

[1] م٢٦
[2] م٢٧
[3] م٢٨
[4] م٣٠
[5] م٣١
[6] م٣٢
[7] م٣٣
[8] الأنبياء : ١٠٧

یەكەم / برین و چاندنەوەی ئەندامێكی جەستە (جەستەی مرۆڤ).

ئەو راوبۆچونە جیاوازانەی سەبارەت بە چاندن و برینەوەی ئەندامێكی جەستەی مرۆڤ هاتوون ئەمانەن:

أ– ئەگەر ئەندامەكە لە شتێكی بێگیانی وەك كانزا و شتی تری وەك پلاتین و هاوشێوەكانی پێكهاتبوو، ئەوا ئەو چاندنە رێپێدراوە بچێنرێت لەجەستەدا و بۆهەر مرۆڤێكیش بیەوێت .

ب– ئەگەر ئەو ئەندامە لە بوونەوەرێكی زیندوەوە بێجگە لە مرۆڤ وەرگیرابێت، ئەوكات خاڵی نیە لەم دووبۆخە:

یەكەمیان: ئەگەر هاتوو ئەو ئەندامە لە ئاژەڵێك بوو ئەو ئاژەڵە لە رووی شەرعیەوە رێپێدراو بوو خواردنی، ئەوكات رێپێدراو دەبێت وەرگرتنی وچاندنی جا ئەگەر بەزیندوویی بێت یان بەسەربڕاوی، ئەگەر مرداربوو بێت ئەوەی لێی وەردەگیرێت ئەگەر ئێسقان بوو یان گۆشت بوو یان ئەو شتەی لەحوكمی ئەم دوانە بێت، حوكمەكەی رێپێدراویە (اباحه)، ئەگەر ئێسقان یان ئەوەی حوكمی ئەوی هەیە، رێپێدراو نیە تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێت، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ.﴾[1].

دووەمیان: ئەگەر ئاژەڵەكە لەو ئاژەڵانە بێت كە رێپێدراو نەبێت خواردنی، ئەوكات رەوا نیە چاندنی هیچ ئەندامێك لێی بە زیندوویی یان بە مردوویی بێت، تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویست بووندا نەبێت.

ج– ئەگەر ئەندامەكە لە جەستەی مرۆڤێك دەربكرێت و لە هەمان جەستەدا بروێنرێتەوە، لەم حاڵەتەدا رێپێدراوەگرفتێك لەحوكمی رەواییدا نیە. بەڵام ئەگەر لە ناو جەستەی كەسێكی تر بچێنرێتەوە، ئەوكات حوكمی شەرعی و یاسایی بە كۆمەڵێك رەوابیتی گرنگەوە پەیوەستە كە لێرەدا دەیخەینەروو:

١– ئەگەر ئەو ئەندامی جەستەیە جێگرەوەو هاوتایەكی نەبوو كە پاش برینی لە بری ئەو هەستێت بەكارەكانی لەناو جەستەدا، وەك دڵ وجگەر وسپڵ ..لێرەدا حوكمی رێگە پێنەدانی رەهایە، جا ئەگەر خاوەنەكەی رەزامەندبێت یان نا، چونكە زیان بە زیان لێ نابێتەوە، هیچ چاكی و جیاوازیەك لەنێوان مرۆڤێك و مرۆڤێكی تردا بوونی نیە.

---

[1] البقرة : ١٧٣

٢- ئەگەر ئەو ئەندامەی جەستە جێگرەوەیەکی تری هەبوو پاش برینی کە کاری ئەو بکات، وەك گورچیلە ..ئەوکات ڕەوایە بەڵام بە کۆمەڵێك مەرج کە لێرەدا دەیانهێنین:

أ- دەبێت پێویستیەك هەبێت بخوازێت کە ئەندامێکی بۆ ببڕێت و بچێنرێت بۆی.

ب- دەبێت بڕینەوەکە بە ئەندازەی پێویست بوونەکە بێت.

ج- دەبێت خاوەنی ئەندامەکە تەنازول بکات لێی و بیبەخشێت.

د- پێویستە ڕەزامەندی نەخۆش یان باوانی یان بەخێوکەری وەربگیرێت بۆ ئەو مەبەستە.

هـ- نابێت خاوەن ئەندامەکە مەترسی بکەوێتە سەر ژیانی.

و- ئەو نەشتەرگەری برین و چاندنە لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجام بدرێت.

ز- هەمو ڕێو شوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ ڕێگیری لە هەموو (ماکێکی نەرێنی کەلێی دەکەوێتەوە).

ح- پێویستە پاڵنەرو خولست لەم کارە بریتی بێت لە چارەسەرکردنی نەخۆش.

گ- پێویستە تەنازول کردنی خاوەن ئەندامەکە بەرامبەر قەرەبویەك نەبێت، بەڵکو دەبێت بەخشین بێت، چونکە بە قەرەبوو ئاڵو گۆڕێك وەك ئیهانەکردن بە مرۆڤ ولیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ ...﴾[1].لە بەرئەوە ئەندامەکانی مرۆڤ ماڵ و کاڵایەك نین کە شایەنی مامەڵە بن و کڕین و فرۆشتنیان پێبکرێت.

ی- بەرگرتن لە کەوتنەوەی ئەنجامی نەخوازراو (سد الذرائع)، واتە ڕێگیری لە بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە.

دووەم / گواستنەوەی خوێن لە لاشەی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر:

حوکمەکەی ڕێپێدانە بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- ڕەزامەندی نواندن لە لایەن خاوەن خوێنەوە کە شایستەی بەخشینە.

٢- پێشینە پشکینینی خوێن وبڵنیایی لە شیانی بۆ گواستنەوەی بۆ نەخۆش.

٣- دەبێت بە بێبەرامبەرێك بێت تەنها لەو بارودۆخانەدا نەبێت کە دەست نەکەوێ بە بێ بەرامبەرێك.

٤- پێویستی بوونی تەواوەتی نەخۆش پێی..

---

[1] الإسراء : ٧٠

٥- نابێت ئەو خوێنە رژاو بێت و بەرهەوا بکەوێت، هەروەها خاوێن بێت لەهەر نەخۆشیەك.

سێیەم / حوکمی جوانکاری:

نەشتەرگەری جوانکردن کارێکی رێپێدراوەو رەوایە لای تێکڕای شەرعزانانی ئیسلامی، ئەگەر لەو کارەدا گۆڕانکاری لە نەخشی خوایی نەبێت، لابردنی برۆو بەرزکردنەوەی و دانانی برۆی دەستکرد لەجێگەیان رێپێدراو نیە چونکە گۆڕینێکی نەخشی خوای تێدایە، بۆیاخ کردنی لێوو گۆڕینی نیتۆکەکان و بۆیەکردنیان حەرامە، هەر پاڵنەرێك لە پشتیەوە هەبێت، چونکە بۆیاخەکە وەك پەردەیەك و رێگرێك وایە لە بەردەم تەربوونی بە ئاو لێرەوە خۆشۆرینی لەشپیسی ناتەواوەو دەستنوێژی بەتاڵە لێرەوە نوێژو پەرستشەکەشی بەتاڵ دەبێت.. بەڵام ئەگەر کاری جوانکاری ئامانج تیایدا چاککردنەوەی ئەندامێکی جەستە و گێڕانەوەی شێوەی سروشتی بێت، وەك جیاکردنەوەی دووپەنجەی لکاو بەیەکەوە یاخود لابردنی پەنجەیەکی زیادە، کە لەڕاستیدا ئەمە کردەی چارەسەریشن، بەوەی کە جەستە خۆی رزگاربکات لە بەشیکی نەرێنی یان ماکێکی ناسروشتی، هەروەها هیچ ناکۆکیەك نیە لە رێپێدراوی جوانکاری بۆ لابردنی شوێنەوارەکانی سوتان و هاوشێوەکانی..

چوارەم / حوکمی توێکاری لاشەی مردوو، فەلسەفەکەی:

لە بنچینەدا رێپێدراو نیە، چونکە توێکاری مردوو هەرچۆن بێت و رێگەو شێوازەکەی چۆن بێت، جۆرێکە لە دەسوەردان لە رێزی مرۆڤ بەڵام دەگونجێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەو مەرجانەی خوارەوە:

١. دەبێت پێویستیەکی تەواو و بەرژەوەندیەکی رەوا بخوازێت لە هەستان بەتوێکاری مردوو.
٢. گەیشتن لەسەر رەوامەندی نێوان لە حاڵی ژیاندا، یاخود رەزامەندی نوانەنی کەسەکانی پاش مردنی، رەزامەندیەکی راشکاوانە دوور لەهەرە ناچاریکردنێکی ئەدەبی و ماددی.
٣. ئەو نەشتەرگەریە لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجام بدرێت و دەبێت رێو شوێنی ئوصولی رێك و پێك بگیرێتە بەر.
٤. دەبێت پاڵنەرو خواست لەو توێکاریە بچێتە خزمەتی بەرژەوەندی ژیانی خەڵکەوە .
٥. دەبێت ئەو توێکاریە بە پێی پێویستی بێت، چونکە رەوابوونی مەرجدارە، هەرمەرجداری و جیاکاریەك تیایدا بۆ پێویستیە، پێویستیەکانیش دەپێورێن بەو ئەندازەی خواستەی لەسەریانە..

پێنجەم/لە باربردنی کۆرپەلە لە نێوان مەترسی و ڕێپێدانی :

لە باربردنی کۆرپەلە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە وەك مەترسیەك ڕووبەڕووی خێزانی مرۆیی بوەتەوە. قوربانیانی ئەم دیاردەیە ساڵانە خۆی لە ملیۆنان دەدات .

ئەم دیاردەیە وەك کێشەیەك بۆ چارەسەری، بیری پیاوانی فیکر ویاسا وپزیشکی وئەخلاق و کۆمەڵناسی و ئابووری خەریککردووە. ئەم کردەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی هەبوو هەڵوێستی توندی بەرامبەر نوێنراوە، هەموو شەریعەتە خولییەکان دژی ئەم کردەیە بوون و حەرامیان کردووە، ڕێنماییە فێرکاریکانی ئاینی بوزی و هیندی زەردەشتی...ئاینە ڕۆژهەڵاتیەکان تێکڕا بە یاساغ هەژماریانکردووە، فەیلەسوفانی گریك ورۆمان و ئەو یاسانەی تر کەکاریگەر بوون بە یاساکانی کەنیسە بەهەمان شێوە، حوکمی ئەم کردەیەش لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی و یاسای دانراوەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. لەباربردنی سروشتی (خۆنەویست): ئەم جۆرە لە باربردن لە خۆوە دروست دەبێت و بە بێ دەسوەردانی مرۆڤ بە کۆمەڵە هۆکارێکی نادیارەوە، ئەم جۆرە لەباربردنە بە لەبارچوون دێتە هەژمارو ناچێتە ژێر باری سزا ئاینی و یاسایەکانەوە نەتاوانەو نەسزایش لە پای هەیە مەگەر بەدەقێك.

ب. لەباربردنی پزیشکی (چارەسەری): ئەم جۆرە لە پێناو پارلستنی ژیانی دایکە، هیچ ناکۆکیەك نیە سەبارەت بە ڕێپێدراوی ئەم جۆرە لە باربردن، لەبەر ڕێپێدراوی هیچ بەرپرسیارێتیەکی سزایی یان مەدەنی لەسەرشان نابێت. بەم مەرجانەی خوارەوە:

١. لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنرێت کە کۆرپەلە مەترسی لە سەر ژیانی دایك دەبێت.

٢. دەبێت ئەو مەترسەیە تەندروستیە بە هۆی بوونی یان مانەوەی کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکدادروست بووە یان دەبێت.

٣. ئەگەر ڕێگەو شێوازێکی تر بۆ ڕزگارکردنی دایك نەبێت و ژیانی بپارێزێت بێجگە لە باربردنی سکەکەی..

٤. ئەم لە باربردنە لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆر بێت و لە نەخۆشخانە ئەنجام بدرێت تاوەکو ماکی تەندروستی لێنەکەوێتەوەو ژیانی دایك پارێزراو بێت.

ئەو بەڵگانەی ڕەوایی دەدەن بەم جۆرە لە باربردنی کۆرپەلە ئەمانەن :

أ. دایك بنچینەی کۆرپەلەیەو ئەو لقێکە لەم، نابێت ئەصل ببێتە قوربانی لق و لە پێناو مانەوەی لق.

ب. ژیانی دایك جێگیرو وەستاو خاوەن دلنیاییە، بەلأم ژیانی کۆرپەلە پێش لەدایك بوونی ئەگەریەودەگونجی بە زیندویی لەدایك بێت و یان بەمردوویی، بنەما گشتیەکان هەردەم بەرژەوەندی بەجێهێنراو پێش بەرژەوەندی ئەگەری دەخەن لەحاڵەتی بەرلەبەریووونەوەیان.

ج. دایك کەسێتیەکی شەرعی و یاسایی جێگیری هەیە بە پێچەوانەی کۆرپەلەوە..

د. مردنی دایك زۆرجار هۆکارێکیشە بۆ مردنی کۆرپەلە ئەگەر پێش لەدایك بوونی کۆرپەلە دایك بمرێت.

ج. لەباربردنی تاوانی کۆرپەلە: بریتیە لە هەوڵی لەناوبردنی کۆرپەلەو لەکۆلکردنەوەی دایك لەو سکەی کەهەیەتی بەهەرجۆرو شێوازێك بێت بە بیٚ پاساوێکی شەرعی..

خەریکە کۆڕای شەرعی و یاسایی و پزیشکی دروست دەبێت بۆ بە حەرام ویاساغ ناساندنی و بەتاوان ناساندنی و دانانی سزایەك بۆی، بەتایبەت دوای ئەوەی دلنیابوونەوەیەك پەیدا بوو لە گیانی کۆرپەلە و گیانی بەبەردابات..

شەشەم / پیتاندنی دەستکرد (منالٚ دانانی بلووری):

١– (دانان): بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی تۆووی نێرینە بۆ ناو رەحمی دایك بە هەر شێوازێك بێت..

٢– پیتاندن (التخصیب): بریتیە لەپرۆسەی بەیەکگەیشتنی خانەی نێرینە(تۆو)و (هێلکە)ی مێینە بە رێگەیەکی سروشتی یان دەسکرد.

(دانان) بەو پێیە میکانیزمێکی گواستنەوەیە دەکرێت بە دوویەشی (سروشتی ودەستکرد) ەوە:

١– دانانی سروشتی: ئەو شێوازەیە کەلە رێگەی بەیەکگەیشتنی راستەوخۆی ژن و پیاو (سیکس کردن)، ئەمە ئەو شێوازە بنچینەییەیە کە شەریعەتە خواییەکان ویاسادانراوەکان جەختیان لەسەر کردوەتەوە، ئەم جۆرە هیچ ناکۆکیەکی لەسەر نیە و رەوایە.

٢– دانانی دەسکرد: شێوازی گواستنەوەی تۆوی پیاو(مەنی) لە جوکی پیاوەوە بۆ ناو زێی ژن بە شێوازی دەسکرد و بەرێگەیەکی ناسروشت، ئەم شێوازە یان دەسکردی ناوەکیە یان دەسکردی دەرەکی.

أ- ںلنانی دەسکردی ناوەکی: بریتیە لەو ںلنانەی کە لەناو لەشی ئافرەتەکەدا ئەنجام دەدرێت، بەوەی کە تۆوی پیاو لەناو زێی ئافرەتەکەدا دەچێنرێت، هاوسەری بێت یان نا، بە هۆی ئامێرێکی دەسکردەوە لەوکاتەی کە هێلکەی ئافرەت دەست بەدەرچوون دەکات لە هێلکەدانەوە بۆ ناو منداڵنی، پاشان تۆوەکە واز لێدەهێنرێت تاوەکو بەرێگەی سروشتی خۆی ڕووەو هێلکە بڕوات بیپێتێ، وەك لە ںلنانی سروشتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.

ب- ںلنانی دەسکردی دەرەکی یاخود ئەوەی پێی دەوترێت پیتاندنی کرێلارەکی: بریتیە لەو کاری پیتێنەی کە لە دەرەوەی لەشی ئافرەتەکەدا ئەنجام دەدرێت و لەناو بۆریەکی تایبەتدا، پاشان ماوەیەکی زەمەنی پێویست دەهێنرێت لەناو منداڵدانی ئافرەتەکەدا دەچێنرێت.

بۆ هەریەك لەمانەش ڕێو شێوای خۆی هەیە، بۆیە بۆ هەریەکەشیان حوکمی تایبەت بەخۆی هەیە، وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین.

یەکەم/ شێوازی پیتاندنی دەسکردی ناوەکی، گرنگترینیان سێ جۆرن:

١- پیتاندنی هێلکەی ژنەکە بە تۆووی پیاوەکەی خۆی بە شێوەی دەسکرد، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە لای پزیشکەکان زانراوە، لەوانە تۆوسیستی یان لاوازی یان زوو ئاو هاتنەوە، یاخود بە هۆی باروبۆخی ئافرەتەکەوە کەتوانای سێکسی نیە بەهۆی باروبۆخی دەروونی یان جەستەیی. حوکمەکەی ڕێپێدراویە، بەمەرجی ئەوەی کە پێویستی و خولستی منداڵبوون خێزانەکەی تەنگەتاو کردبێت، چونکە ئەم کردەیە هیچ یاساغیەکی تێدانیە بێجگە ئاشکراکردنی عەورەتی هاوسەرەکان لە بەردەم ئەوانی تردا، ئەوەش لەبەر پێویستی حاڵی ئەوانی تری هەیە، لەوەی چۆن ڕەوایە کە پشکنین و نەشتەرگەری ئەو چالاکیە پیشکی و پەرستیاریانەی کە ڕۆژانە نەخۆشەکان لە بەرپێویستی دووچاری دەبن، پاشان لە ڕووی شەرعی یاساییەوە منداڵەکە دەبێتە وەچەی ئەو دووانە (هاوسەرەکان) هەموو ماف و پەیوەستبوونە شەرعی و یاساییەکانیان بەرامبەر ئەو منداڵە لەسەر دەبێت.

٢- شێوەی دووەم جێبەجێکرنی هەمان شێوەی یەکەمە بەڵام دوای مردنی هاوسەرە، بەوەی تۆوە هەڵگیراوەکانی پیاوەکە پێش مردنی بگوێزرێتەوە بۆ ناو (زێ- مهبل)ی ژنەکەی بە ڕێگەی دەستکرد، پیتاندنەکە ئیتر پاش ئەوە دەبێت لەناو منداڵنی ژنەکەدا و پاش مردنی پیاوەکەی. حوکمی شەرعی ئەم جۆرە خۆی لەخۆیدا حەرامەو ڕوانگەی ئیسلامەوە ناڕەوایە لە بەر چەند هۆیەك لەوانە:

أ. هاتنە ئارای جیابوونەوەی نێوان ژن و مێرد بە هۆی مردنەوە، بۆیە دەبینین ئەو پرۆسەیە کاتێك ئەنجام دەدرێت کە هیچ پەیوەندیەکی هاوسەریتی لە نێوانیاندا بەمردنەکە نەماوە، بۆیە وەك ئافرەتێکی بێگانە چاوی لێدەکرێت، بەو بەڵگەیەش کە دەتوانێت شووی تر بکات پاش ئەوەی عدەی تەواو بوو.

ب. نەبوونی پێداویستی ئەوتۆ ونەبوونی تەنگەتاوی وا لە دوای مردنی پیاو بۆ بەکارهێنانی ئەم رێگەیە، چونکە گەر ئەم کارە زۆر پێویست با ئەوا لە تەمەنی هاوسەریتیاندا پێشتر ئەمە دەکرا، بۆیە پرۆسەیەکی لەم شێوە زیاتر بۆ مەبەستێکی تەرفیە دەچێت نەك پێویستی تەواو.

ج. بەرگرتن لە کەوتنەوەی ئەنجامی نەخوازراو (سد الذرائع)، چونکە ئەم رێگەیە ئەگەری تێکەڵاو کردنی وەچەکانی لێدەکەوێتەوە، ئەوەش بەهۆی تێکەڵکردنیان لە لایەن بانکەوە یان ئەو کەسەی کە کاری تێکەڵکردنی تۆوە وەرگیراوەکان دەکات، کەدەکرێت هی کەسی تریش هەبن و دەستاودەسکردنی لێدەکەوێتەوە.

د. ئەگەری نەخۆشی و کەوتنەوەی ناکامی جەستەیی لە منداڵەکە بکەوێتەوە یان دڵێك توشی جۆرێك لە نەخۆشی بێت، جا هەرهۆکارێك بێت، لەوانە بەهۆی ئەو تۆوانە کە دەگونجی بەهۆی گواستنەوەیان لەژینگەی سروشتی خۆیانەوە بۆ شوێنی هەڵگرتن ئەگەری گۆرانکاری ئەوتۆیان بەسەردا هاتبێت.

بەڵام سەرە رای ئەمانە دەبینین ئەو منداڵەی وەها دەکەوێتەوە بەوەچەیەکی شەرعی دەژمێرێت لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ. قیاسکردنی ئەم دۆخە کە شوبهەی تێدایە هەرچەند بە رێژەیەکی کەمیش، شەرعناسانی ئیسلامیش هاورِان لەسەر ئەوەی هەر سەرجێییەکی گوماناوی، ئەوە وەچەبوونی خۆی وەك وەچەی شەرعی لەسەر کەڵەکە دەبێت. وەك ئەوەی لە هاوسەرگیری ناتەواو(پووچەل) روودەدات.

ب. پارێزگاریکردن لە پاشەرۆژی منداڵ.

ج. نارەوایی ئەم پرۆسەیە کاریگەری لە سەر شەرعیەتی نەسەب نیە، وەك ئەوەی لە هاوسەرگیری ناتەواو(پووچەل) روودەدات.

٣- شێوازی سێیەم بریتیە لە پیتاندنی هێلکەی ئافرەتێك بە تۆوی پیاوێك کە هاوسەری ئەو نیە . بە هەمان دوو شێوازو رێگەی پێشوو، ئەمە لەکاتێکدا پەنای بۆدەبرێت کە پیاوەکەی نەزۆکەو ئەم منالّی لێ نابێت، یان هەر هۆکارێکی پزیشکی تر. حوکمی ئەم رێگایە لە شەریعەتی ئیسلامی و یاساکانی ولاّتانی ئیسلامی ئەوەندەی ئاگادارین یاساغە.

دووەم/ پیتاندنی دەستکردی دەرەکی یان ئەوەی پێی دەوترێت چاندنی کۆرپەلە:

ئاشکرایە کە ئەم کردەی پیتاندنو دانانە لە دەرەوەی منالّدانی ئافرەتەوە دەکرێت سەرەتاو پاشان ئەو هێلکە پیتێنراوە بە چەند رێگایەکی جۆراو جۆر دەگوازرێتەوە لەوانە :

شێوازی یەکەم: پیتاندن لەرێگەی وەرگرتنی (تۆو-مەنی) پیاو لەگەلّ هێلکەیەکی ئافرەتەکەی پپاشان دەخرێنە ناو بلووریەکی تاقیکردنەوەوە. پاش ئەوەی ئەو هێلکەیە کردەی پیتاندنە تیایدا گەشەی کردو کردەی دابەشکاری پێوەبینرا، ئیتر دەگەرێنرێتەوە بۆ ناو منالّدانی خاوەن هێلکەکە، کاتێك پەنا بۆ ئەم رێگەیە دەبرێت کە هێلکەدان وپاشان منالّدانی ئافرەتەکە ساغ بێت، بەلاّم دوو بۆرێ گوێزەرەوەی هێلکەدان(کەپێیان دەوترێت فالوب) ناتەواو بن.

حوکمی شەرعی بۆ ئەم شێوازە رێپێدانە، چونکە وەك شێوازی یەکەم لە پیتاندن و تەلقیحی دەسکردی ناوەکی..

شێوازی دووەم: هەمان شێوازی یەکەمە پیتاندن و بەیەکگەیاندنی تۆو هێلکە لە ناوبۆریەکی تاقیکردنەوەدا، بەلاّم چاندنەوەی لەناو منالّدانی ژنی دووەمی پیاوەکە کە خاوەنی تۆوەکەیە.

حوکمی ئەم شێوازە: بنچینەی پرۆسەکە نارەوایە، نەکە لەبەر ئەوەی لێکچوونی هەیە لەگەلّ زینا، بەلکو لەبەر ئەو مەترسیە نەرێنیانەی کە دولجارلەوەوە دەکەونەوە. بەتاییەت ئەگەری رووبەرووبونەوەی مەترسی ژیان و سەلامەتی ئافرەتێکە لەبەرکێبەرکێی هەوێکان، بەلاّم ئەگەر ئەم بابەتە روویدا نەسەبی شەرعی دەگەرێتەوە بۆ خاوەن تۆو(مەنی)ەکە، چونکە لەو پرۆسەیەدا شتێکی وەها نەخراوەتە کار کە منالّەکە شوێنگەی منالّی زینا بگرێتەوە .

شێوەی سێیەم: وەك هەردوو شێوەکەی پێشوە لە رووی پیتاندن و گەیاندنی تۆو هێلکە بەیەکتر لەنێوان تۆو هێلکەی هاوسەرەکان(پیاو وژن) و لەناو بۆریەکی تاقیکاریدا. بەلاّم ئەوەی جیاوازی بێت لەگەلّ ئەوانەدا ئەوەیە کە ئەم هێلکە پیتێنراوە لەناو منالّدانی ژنی پیاوەکەدا ناچێنرێت بەلکو لەناو منالّدانی ئافرەتێکی تردادەچێنرێت. کە خۆبەخشێکە بۆ ئەم کارە یان بەپارەو بۆ ئەو مەبەستە کرێیەك وەردەگرێت..

حوکمی شەرعی ئەم شێوازە: ڕێپێنەدان و یاساغکردنە، بەبێ هیچ گومانێك ئەوەش لەبەر دوورخستنەوەی گێچەڵەکان، چونکە ئەوەی لەم کردەیە دەکەوێتەوە ئیسلام بڕیاری لەسەر نەداوە هەرگیز لەگەڵیدا نیە. لەوانەیە ئەو ئافرەتە. بۆنموونە ئافرەتە خۆبەخشەکە یان بەکرێگیراوەکە پاش منالبوون هاوسەری پیاوێك بێتو لەوکاتەدا سەرجێی لەگەڵ بکات و لەویش منالی بۆدروست بێت لەیەك کاتدا(جومك) یەکێکیان پیتێنراوەکەیەو یەکێکیشیان ئەیوەی پیاوەکەیەتی، بۆیە دەگونجێ دەس بەسەر منالەکەدا بگرێت و بەهی خۆی بزانێت، هەوڵی نەگەڕانەوەی بدات بۆ ژن وپیاوەکە. بۆیە بەڕای من ئەمە بە یاسا بەرگیری لێبکرێت، بەلام ئەگەر شتێکی وەها ڕوویدا نەسەبی ئەم منالە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی تۆو هێلکە پیتێنراوەکە نەك ئەو ژنەی بەسکی هێناویەتە بوون.[1]

---

[1] الدکتور شیخ عارف علي، أطفال الأنابیب، أطروحة الدکتوراه، ص٦ وما یلیها.
المجمع الفقهي في السعودیة حرّم هذه الحالة الأخیرة حذراً من اختلاط الأنساب.
بڕیاری ئەنجومەنی فیقهی ئیسلامی لە بڕیاری ژمارە (١٦) سەبارەت بە منالی بلووری :
" ئەنجومەنی فیقهی ئیسلامی نێو دەوڵەتی" لە میانی کۆنگرەی سێیەمی لە عەمان پایتەختی شانشینی ئەرەنی هاشمی لە ٨-١٣/ سەفەری ١٤٠٧کۆچی، ڕێکەوتی (١١-١٦/ئۆکتۆبەری ١٩٨٦زاینی) پاش خستنەرووی لێکۆڵینەوەکانی پێشکەشکراو تایبەت بە بابەتی پیتاندنی دەسکرد و (منالی بلووری)و هەروەها گوێگرتن بۆ ڕاڤەی شارەزایان وپزیشکەکان، پاش دەساودەسکردنی ئەوراو بۆچوونانە بۆ لیژنەی دەرکەوت کە ڕێگەی پیتاندنی دەسکرد ئەوەی ئێمڕۆ هەیە بریتیە لە حەوت ، بڕیاردرا بە:
أ: ئەم پێنج ڕێگەیە حەرامن لە ڕووی شەرعەوە، ڕێگریان لێدەکرێت بۆخۆیان بەتەواوی ئەمە لەخۆیاندا حەرامن یاخود وەچەکان تێکەڵدەکەن، یاخود دایکایەتی ناهێڵن، یان شتی تر لەو مەترسی و زیانانەی کەدەیخەنەوە شەرع ئاگاداری داوە لەبارەیانەوە .
یەکەم: پیتاندن لەنێوان تۆوی پیاوێك و هێلکەی ژنێکی تر کە ژنی ئەو نیە، پاشان ئەمە لەناو منالدانی ژنەکەی بچێنرێت.
دووەم: پیتاندن لەنێوان تۆوی پیاوێکی تر لەگەڵ هێلکەی ژنەکەی ، پاشان ئەمە لەناو منالدانی ژنەکەی بچێنرێت.
سێیەم : پیتاندنی دەرەکی لەنێوان تۆوی پیاویەکەو هێلکەی ژنەکە وچاندنی لەناو منالانی ئارەتێکی تردا کە خۆبەشانە ئەمەدەکات و سکی پردەبێت پێی.
چوارەم: پیتاندنی دەرەکی لەنێوان تۆوی پیاوو ژنێکی بێگانەو، وچاندنی لە ناو منالانی ژنەکەیدا.
←

حەوتەم/ سنورداركردنی وەچەو بەرگیری لەسكپڕی،

بەرگیری لە سكپڕی دووجۆرە: هەمیشەیی و كاتی، بۆهەریەكەشیان میكانیزمی جیاوازو مەبەستی جیاوازی لە پشتە .

جۆری یەكەم : بەرگیری كاتیی

میكانیزم و رێوشوێن بۆ بەرگیری كاتی هەن، لەوانە هەندێكیان لە لایەن پیاوەكەوە بەكاردەهێنرێن و دەگیرێنە بەر وەك رشتنی ئاوی پیاو لەدەرەوە زێی ژن، یان بەكارهێنانی كۆندۆم.. هەندێكیشیان لە لایەن ژنەوە بەكاربێن لەوانە بەكارهێنانی دەرمانی بەرگیری، هەروەها هەندێكیشیان لە لایەن پزیشكیەوە دادەنرێن وەك بەستنی دەمی منالدان بە شێوەی كاتی یان هەرشێوەیەكی تری .. تاكە میكانیزمێ كە پێشتر بەكارهێنرابێت ولە سەردەمی دابەزینی قورئان و پێشەولیانی ئومەت بریتی بووە لە (عەزل).

عەزل: بریتیە لە سێكسكردنی پیاولەگەڵ ژنەكەی، پێش ئاوهاتنەوەی خۆی دەكێشێتە دواوە بۆ ئەوەی ئاوەكە لە دەرەوەی زێ وە برێژێت..

حوكمی بەرگیری بە كشانەوە لەشەریعەتی ئیسلامیدا :

یەكەم: هیچ ناكۆكیەك لە نێوان شەرعناساندا نیە لەوەی كە ئەگەر سكپڕی مەترسی بوو لە سەر ژیانی دایك، ئەوا بەرگیری لێكردنی بە شێوەیەكی كاتی رێپێدراوە .

دووەم: هیچ ناكۆكیەك لە نێوان فوقەهاكانی شەریعەتدا نیە لەوەی كە ئەصل لە ئیسلامدا نەبوونی بەرگیریە، بەرگیریش جیاكاری و استسنایە بە پێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

پێنجەم: پیتاندنی دەرەكی لەنێوان تۆوی پیاوەكەو هێلكەی ژنەكە وچاندنی لەنێو منالأنی ئافرەتێكی تر یان بێگانەدا.

ب: هەردووڕێگەی شەشەم و حەوتەم گرفتێك نیە ئەگەر لەكاتی زۆرپێویستا مرۆڤ دەستی بۆ ببات، لەگەڵ دلنیابوونەوە لەپێداویستی تەواو بۆ وەرگرتنی هەموونەگەرە كاتیە لازمەكان.

شەشەم: وەرگرتنی تۆوی پیاویكەو هێلكەی ژنەكە و پاشان پیتاندنی بەشێوەی دەرەكی و پاشان چاندنی لەناو منالأنی ژنەكەی خۆیدا.

حەوتەم: تۆوی پیاوەكە وەربگیرێت و پاشان بە شێوەیەكی پزیشكیانە بخرێتە زێی ژنەكەیەوە یان منالأنیەوە پاشان بە شێوەیەكی سروشتی و ناوەكی پیتاندن روویدات

.خوای گەورە زاناترە."(مجله المجمع ٤٢٣/١/٣).

١– ئامانجی بنەرەتی لە هاوسەرگیری بریتی نیە لەتێرکردنی ئارەزوە سێکسیەکان، بەڵکو بریتیە لەخستنەوەی منالّ و بەردەوامی دان بەوەچەی مرۆڤایەتی..

بەرگیری سکپری بە هۆکاری ئابووری، نەهی لیکراوەو حەرامە بە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز لەوانە ئایەتی: ﴿وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاَقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا﴾[1] تەوو بە ئیعتباری پاشەرۆژ بە منالّ ناودەبرێت..

خوای گەورە مالّی وەك جوانی و جوانکاری بۆ ژیان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾[2].

٢– فەرمانی پێغەمبەری خودا (ﷺ)بەوەی کە هاوسەرگیری لەگەلّ ژنێکی خاوەن منالّ و ئەوەی کە منالّی زۆر دەتوانێت ببێت. دەفەرموێت: ((... تزوجوا الودود الولود، فإني مكاثر بكم الأنبياء يوم القيامة))[3]

بەرای خاکیانەی ئێمە بەرگیری سکپری کاتی وەك بەرگیری بەردەوام ولیەو بۆ حالّەتی زۆر پێویست رێپێدراوە گەرنا وەکو تر رێپێدراونیە.

جۆری دووەم: بەرگیری سکپری بەوەی کە یەکێك لە هاوسەرەکان نەزۆك بکرێت بە شێوەیکی هەمیشەیی:

ئەمە پێی دەوترێت (نەزۆککردن) و سێ شێوەی هەیە:

شێوەی یەکەم: نەزۆکی چارەسەری: ئەگەر لە رووی پزیشکیەوە سەلمێنرا کە بابەتی سکپری ئەگەری خستنەوەی مەترسی بۆ ژیانی ئافرەتەکە دەخاتەوە، ئەوکات ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ ئەوەی بۆ هەمیشەیی بکرێت بە نەزۆك رێپێدراوە، لەبەرئەوەی مەترسیەکە بەردەوامە.

شێوەی دووەم: نەزۆك کردن بۆ بژاردی رەگەزی (التنقیه العرق): ئەمە شێوازێکی ناچاریە بە پێی یاسای ولآت نموونەی ولآتی دانیمارك وسوید ونەرویج و فیلەندا و هەندێ هەرێمی کەنەدا، ئەم شێوەیە لە چارەکی دوەمی سەدەی بیست بەدەرکەوت بریاری جێبەجێکردنی درا بەسەر ئەوانەی خویان گرتوە بەمادەی هۆشبەرەوە یان لە رووی سێکسیەوە توشی لادان هاتوون یان ئەوانەی توشی ڤ

---

[1] سورة الاسراء/ ٣١.

[2] سورة الكهف/ ٤٦.

[3] نيل الاوطار: ١١٨/٦.

بوون یان خاوەن عەقڵە نەخۆشەکان. دیارە ئەڵمانیایە یاسای ساڵی ١٩٣٣زاینی ڕێنیێدلو بەکاری هێنا بۆ بنبڕکردنی ئەوانەی کە لە هەوڵی شێواندنی ڕەگەزی پاکی ئەڵمانیا بوون.. بەبۆچوونی ئەوان– بەڵام ئەم یاسایە پاش ڕمانی نازیەت و کۆتایی دەسەلاتی هیتلەر لە جەنگی دوەمی جیهانی هەڵوەشایەوە..

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی سەبارەت ئەم شێوەیە : بەرەرچدانەوەی تەواوەتی و حەرامکردنیەتی، چونکە هەوڵ و میکانیزمێکی نارەوایە، مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی نارەوا..

شێوەی سێیەم: نەزۆککردن بەمەبەستی سنوردارکردنی وەچە: ئەمە نەزۆککردنێکی ئیختیاریە هەندێ لە خەڵك هەوڵی بۆئەدات بە پاڵنەری جیاواز کە ئەو پاڵنەرانەش بە پێی کەسەکان دەگۆڕێن. ئەوەش بەکێشەی سەردەم دێتەباس بە هۆی ئەوەی ئەو تەقاندنەوە دانیشتوانیەی لە جیهاندا لە ئارادایە. هەندێ لە دەوڵەتانی وەك هیند و صین و میصر وئیتالیاکە گەشە وزیادبوونی دانیشتوانیان بەرزە هانی ئەم شێوەیە دەدەن..

هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامی : بریتیە لە حەرامکردنی نەزۆککردن بە هەرسێ جۆرەکەیەوە مەگەر زەرورەتێکی تەواو لە ئارادا بێت بە وتەی پیرۆزی خودا: ﴿فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾، هەروەها ئەو بنەما شەرعیەی کە کورای گشتی لەسەرە (پێویستیەکان یاساغەکان رێپێدەدات)، چونکە جۆرێ تر لە ڕێگیری لەسکپڕی هەیە دەتوانرێت پەنای بۆ ببرێت بۆ چارەسەری کێشەکان، بریتیە لە ڕێگیری کاتی بە شێوازی کاتی، بەڵام ئەگەر پاساوو عوزرەکەشی نەما ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ حوکمە بنچینەیەکەی، بە پێی بنەمای (ئەگەر بەرگیر لاچوو ئەوەی قەدەغەیە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی).[1]

---

[1] گۆڤاری (الاحكام العدليه) مادەی (٢٤).

بەشی دووەم:
بەرگیریەکانی (الموانع)
بەرپرسیاریتی تاوانکاری خۆنەویست (اللاإرادیە)

بەرگیریەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری پێشتر خستمانەنە ڕوو، دیارە ئەم بەرگیریانە (الموانع) سێ جۆرن:

هۆکارەکانی ڕێپێدان(الاباحە)کە لەبەشی یەکەمدا بەدرێژی باسمان لێوەکردن.

بەرگیریەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری و بەرگیریەکانی سزا.

لەم بەشەدا بەرگیریەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری بەکورتی ئاماژە پێدەدەین و پوختی دەکەینەوە لە بەرگیریە خۆنەویستەکانی ئەوانەش "بچکۆلەیی (منالی) و شێتین." پاشان بەرگیریە خۆویستەکان ئەوانیش سەرخۆشکەرەکان، بێهۆشکەرەکان و ناچارکردن، پاشان دەچینە سەر ڕانینی هەڵوێستی یاسا تاوانیەکان لە وڵاتانی عەرەبی، سەبارەت بە بەرگیریەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری.

بەمەش لە ڕووی ڕوخساریەوە ئەم بەشی لێکۆڵینەوەیە بۆ سێ باس بەشدەکەین :

یەکەمیان تایبەت دەکەین بەمناڵ.

دووەمیان تایبەت دەکەین بە شێت.

سێیەمیان هەڵوێستی یاساکانی وڵاتانی عەرەبی.

باسی یەکەم:
منالی و شوێنەواری
لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری

شوێنەوارو کاریگەری منالّ جیاوازە لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری، ئەوەش بەپێی ئەو قۆناغانەی کەمنالّ لە کاتی لە دایك بوونیەوە تا تەمەنی پێگەیشتوویی دەیبڕێت. چونکە هۆشی مرۆڤ لەگەلّ گەشەکردنی جەستەو چوونەسەرەوەی تەمەن ئەویش گەشەدەکات، پێش (قۆناغی جیاکاریکردن — هەرلشی)لێپێچینەوەی تاوانی لەگەلّدا ناکرێت، بەلاّم لێپێچینەوەی مەدەنی لەسەردەبێت. دیارە تەمەنی هەرلشی(التمییز)لە ولاّتانی عەرەبیدا جیاوازی هەیە، لەیاساداناانی عێراقیدا تەمەنی جیاکاریکردن لە کێشە مەدەنی مکاندا ئەوەیە تەمەنی حەوت سالّی تەواوکردبێت و پێی نابێتە هەشتەم. هیچ جیاوازیەك لە نێوان بەرپرسیاریتی مەدەنی و تاوانی نیە، ئەوەتا یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە(٧٦)ی سالّی ١٩٨٣تێکرا [1]، دانراوە. پاشان دەقی مادەی (٤٧)لە یاسای چاودێری نەوجەوانای ژمارە (٧٦)ی سالّی ١٩٨٣تێکراِدا هاتوە کە: (دلوای تاوانکاری لەسەر کەسێك ناکرێتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا نۆسالّی تەمەنی تێپەڕ نەکردبێت.)

بە پێی ناوڵخنی ئەم یاسایە دادگای تایبەت بۆ دادگاییکردنی نەوجەوانان پێکهێنراوە.

مادەی یەکەمی ئەو یاسایە خۆی دەوەتە قەرەی، کە فەلسەفەکەی لەدەقەکەیتی کە دەلێت:(یاسای چاودێری نەوجەوانان ئامانجیەتی سنورێك بۆ دیاردەی کەتنی نەوجەوانان دابنێت، لە رێگەی پارلستنی نەوجەوان لە کەتن و گونجاندن و راهێنانێکی کۆمەلاّیەتیانە بە پێی بەهاو بنەما ئەخلاقیەکان بۆ کۆمەلگەیەك کە لەقۆناغی بونیادنانی سۆسیالیستیە).

---

[1] دەقی مادەی (٦٤) لە یاسای سزادانی عێراقی بە ژمارە (١١١) سالّی ١٩٦٩ تێکرا، هاتوە (دلوای تاوانکاری لەسەر کەسێك ناکرێتەوە کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا حەوت سالّی تەمەنی تێپەڕ نەکردبێت.).

دەقی مادەی دووەم لە سەربنچینەی ئەم فەلسەفەیە هاتوە:

(یەکەم/ دۆزینەوەی هەرچی زووتری نەوجەوانی تووشبوو بە کەتن، بۆ ئەوەی زوو چارەسەربکرێت پێش ئەوەی کەتنەکە بکات.

دووەم/ بەرپرسیاریتی (باوان– سەرپەرشتیار)ە لە کاتی بەجێنەهێنانی ئەرکەکانی وەك پێویست بەرامبەر منالّ یان نەوجەوان لەدۆخێکدا تووشی کەتن بوو.

سێیەم/ دامالّینی دەسەلاّتی باوان یان سەرپەرشتیار ئەگەر پێویست بوو لە بەرژەوەندی منالّ(نەوجەوان)و کۆمەلگە.

چوارەم/ چارەسەرکردنی نەوجەوانی کەتنکەر بە پێی بنچینەی زانستیی و تێروانینی مرۆڤایەتیەوە.

پێنجەم/ چاودێری پاشوەختە بۆ نەوجەوان وەك میکانیزمێك بۆگونجاندن و تواناى مامەلّەکردنی ئەرێنی نەوجەوان و پاراستنی لەوەی کەنەگەرێتەوە سەر تاوان.

شەشەم/ هەماهەنگیکردنی رێکخراوەکان لەگەلّ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دانان و بەدواداچوونی پلانێکی گشتی بۆ چاودێری نەوجەوانان.

هەروەها مادەی سێیەم باسی لە جۆرەکانی نەوجەوان کردوە لە رووی هەلگرتنی بەرپرسیاریتی تاوانکاری کە دەقەکەی وەها هاتوە:

(یەکەم/ ئەگەر نۆیەمین سالّی تەمەنی تەواو نەکردبێت ئەوا بە بچکۆلّە هەژماردەکرێت.

دووەم/ بە نەوجەوان هەژمار دەکرێت ئەگەر نۆیەمین سالّی تەمەنی تەواو کردبێت و تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٨سالّی.

سێیەم/ نەوجەوان بە مێرد منداڵ هەژمار دەکرێت ئەگەر تەمەنی نۆسالّی تەواو کردبێت وپانزە سالّی تێنەپەڕاندبێت.

چوارەم/ نەوجەوان بە هەرزەکار هەژمار دەکرێت ئەگەر تەمەنی پانزەسالّی تەواو کردبێت و ١٨ سالّی تەمەنی تەواو نەکردبێت.

پێنجەم/ بە سەرپەرشتیار هەژمار دەکرێت باوك و دایك[1] یاخود هەرکەسێك کە منالّی نەوجەوانی

---

[1] سەبارەت (باوان– سەرپەرشتیاریەوە دایك شوێنگەی باوك دەگرێتەوە کاتێك کە باوك مرد یان ئەهلیەتی باوکیەتی لەدەستدا.

گرتە خۆو یان سەرپەرشتی کرد و پەروەردەکردنی بە پێی بریارێکی دادگا گرتە ئەستۆ.[1]

بەپێی ئەم یاسایە لیژنەیەك بۆ چاودێری نەوجەوانان دروستکراوە و بە شێوەیە کە لەمانە پێکدێت:

یەکەم/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی – سەرۆك.

دووەم/ نوێنەرێك لە وەزارەتی ناوخۆ، کە وەزیری ناوخۆ دیاری بکات – ئەندام

سێیەم/ نوێنەرێك لە وەزارەتی داد، کە وەزیری داد دیاری بکات – ئەندام

چوارەم/ نوێنەرێك لە وەزارەتی پەروەردە، کە وەزیری پەروەردە دیاری بکات – ئەندام

پێنجەم/ نوێنەرێك لە وەزارەتی تەندروستی، کە وەزیری تەندروستی دیاری بکات – ئەندام.

شەشەم/ بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی نەوجەوانان – ئەندام.

حەوتەم/ ئەندامێك کە خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت و وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەستنیشانی بکات بۆ ماوەی دووساڵ و شایەنی نوێکردنەوەشە..[2]

ئەرك و پسپۆریەکانی ئەم لیژنەیە:

(یەکەم/ أ– گفتوکردن وبریاردان لە سەر سیاسەتی ساڵانەی تایبەت بە کەتنی نەوجەوان.

ب– دیاریکردنی رێو شوێنەکان و دانانی رێنمایی بۆ بەدەستخستنی پارێزگاری کۆمەڵایەتی لە دیاردەی کەتنی نەوجەوانان).

بەرپرسیاریتی سەرپەرشتیکاران:

یەکەم/ سەرپەرشتیاری کەمتەرخەم و دوورکەوتە لە ئەرکەکانی بەرامبەر نەوجەوانەکان سزادەدرێت بە غرامەکردن کە برەکەی کەمتر نەبێت لە سەد دینار وزیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار، هەم سەرپەرشتیارێکی کەمتەرخەم لە چاودێریکردنی مناڵ و نەوجەوان، کەمتەرخەمیەك ببێتە هۆکاری بێ نەوابوونی[3] یان لادانی رەفتاری.

---

[1] تەمەنی نەوجەوان بە پێی بەڵگەنامەی فەرمی دیاریدەکات، لە ئەگەری نەبوونی دا، یان ئەو تەمەنی تیا دیاریکراوە لەگەڵ حاڵیدا نەدەهاتەوە، ئەوکات لە سەرۆکدادگایە بینێرێت بۆ پشکنینی پزیشکی بۆ دیاریکردنی تەمەنی بە میکانیزمە زانستیەکان. مادەی (٤)لە یاسی ئاماژە پێدرلو.

[2] مادەی سێیەم لە یاسای ئاماژەپێدرلو .

[3] مناڵ یان و نەوجەوان بە بێنەوا (متشرد) دێتە هەژمار لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

دووەم/ سزایەك بە غرامەکردن کە کەمتر نەبێت لە دووسەد دینار و زیاتر نەبێت لە هەزار دینار ئەگەر
کەتنی نەوجەوانەکە یان تاوانە ئەنقەستیەکە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی کەوتبێتەوە.
سزای زیندانی کەماوەکەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت و لەگەڵ غرامەکردنی کەبرەکەی کەمتر نەبێت لە دووسەد دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج سەد دینار، هەموو باوانێك کە پاڵ بەمناڵ یان نەوجەوانەوە بنێت و بیکاتە دەرەوەی ماڵ و بێنەوای بکات یان توشی لادانی رەفتاری بکات.[1]

دادگاییکردنی نەوجەوانان:

دادگاییکردنی نەوجەوان لە دانیشتنێکی نهێنیدا دەکرێت بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری یان یەکێك لە خزمە نزیکەکانی ئەگەر هەبوو لەگەڵ ئەوانەی کە دادگا دیەوێت ئامادەبن لە تایبەتمەندانی کاروباری نەوجەوانان. بۆی هەیە بە بێ رووبەرووکردنەوەی نەوجەوان دادگایی بکات لەو تاوانانەی کە دەرچوونن لە ئەخلاق و ئادابی گشتی..پێویستە لەسەر دادگا ئەوەی کە بەرگری لەودەکات ئامادەباشی بکات و لەوێ بێت، هەروەها بۆی هەیە رازی بێت دادگا بەوەی کە سەرپەرشتیکاری یان یەکێك لە خزمانی یان نوێنەرێك لە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان[2] ئامادەبێت. پاشان رەوانیە کە ناو ناونیشان و ناوی قوتابخانە

(أ– ئەگەر بینرا سواڵی کرد لە شوێنە گشتیەکان یاخود کاتێ خۆی کردبوو بەشەل یان شێت یان کەمئەندام خۆی نیشاندا، یان میکانیزمی فێڵ و گزی بەکارهێنا بۆ دەستخستنی سۆزی ئەوانی تر لە خەڵك و جەماوەر بۆ مەبەستی سواڵ و هاوکاریکردنی..

ب– خەریکی گەڕان بوو بە شوێن بۆیاغکردنی قۆنەرە یان فرۆشتنی جگەرە یان هەر پیشەیەکی تر کە ئەگەری ئەوەی لێبکرێت سەریکێشێت بۆ تاوان ، تەمەنی کەمتر بوو لە پازدە ساڵ.

ج– شوێنێکی تایبەت بەمانەوەی نەبێت، یاخود شوێنە گشتیەکان بکاتە شوێنی مانەوەی.

د– یاخود میکانیزمێکی رەوای نەبوو بۆ ژیانکردن و نەباوك و نە سەرپەرشتیارێکی هەبێت.

هـ– دوورکەوتنەوە لەماڵی باوانی یان ئەو شوێنەی کە تیایدا دەمایەوە بە بێ پاساوێکی رەوا.) مادەی(٢٤) لە یاسای ئامارەپێکراو.

(مناڵ یان نەوجەوان بە لادەری رەفتاری هەژماردەکرێت ئەگەر :

یەکەم – خەریکی ئەنجامدانی کار لەو شوێنانەی دلوێنپیسی تیادەکرا، یاخود کاری قوماری دەکرد یاخود مەی دەخواردەوە.

دووەم – تێکەڵاویکردنی بێ سەرپەرشتان و بێ نەولیان یان ئەوانەی کە ناویان بە خراپ رۆیشتوە.

سێیەم– ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی باوکیدا نەماوەو ناباری دەکاتت.مادەی٢٥

[1] مادەی ٢٩ ، مادەی٣٠.شایانی باسە نرخی دینار بە زێر دەخەمڵێنرێت لەکاتی دانانی ئەو یاسایانەدا.

[2] م(٥٨)–م(٦٣) لەویاسایە.

ووێنەو هەرشتێکی نەوجەوان کە ببێتە هۆکاری ناساندن و پیشاندانی ناسنامەی[1] بلاّوبکرێتەوەو ئیعلان بکرێت.

رێو شوێنەکانی لێکۆڵینەوە لە نەوجەوان

ئەگەر نەوجەوانێك تاوانێکی ئەنجام دا، ئەم رێو شوێنانە لە ئاستی دەگیرێنە بەر:

١- پاش ئەوەی دەسگیرکرا بەپەلە تەسلیمی نزیکترین بنکەی پۆلیسی نەوجەوانان دەکرێت تاوەکو کاری ئامادەکاری بۆ بکات تاوەکو ئامادەباشی بکات بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای نەوجەوانان.

٢- دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان کاری لێکۆڵینەوە لە گەلّ نەوجەوانەکە دەگرێتە ئەستۆ، گەرنا لێکۆلەر یا خود دادوەری لێکۆلّینەوە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت.

٣- دەگونجێت لێکۆلّینەوە لە غیابی نەوجەوانی تاوانباردا بکرێت، ئەگەر تاوانەکەی لەو تاوانەبوو کەلە دابو نەریت و ئەخلاقی گشتی کۆمەڵگە لایدابوو، لەسەر ئەو کەسەش کەمافی داکۆکیکردنی و بەرگریکردنی نەوجەوانی هەیە، دەتوانێت ئامادەبێت. هەروەها ئەوەی بەرامبەر مافی ئەو کراوەو گیراوەتە بەر رایگەیەنێت.

٤- لە سەر دادوەری لێکۆلّینەوەیە کە ڕەوانەی نوسینگەی لێکۆلّینەوە کەسیتی بکات، ئەگەر بەلگەکانی دژ بەو بەس بوون بۆ ڕەوانەکردنی لە دادگای نەوجەوانانەوە، هەروەها دۆخی کێشەکەی یان حاڵەتەکەی(کەیسەکەی)ئەوەی دەخوازت.

٥- نەوجەوان ڕادەگیرێت کەیسەکەی لە تاوانەکان و کەتن بەمەبەستی پشکنین و لێکۆلّینەوە لە کەسیتی، یا خود لە بەرنەبوونی دەستەبەرێك(کفیل) بۆی.

٦- پاساوی نەوجەوان جا ئەگەر بەخشراو بوو لەبەر ئەوەی تەمەنی تۆسالاّنی تەواو نەکربووە، یاخود سووککراوە وەك لە حالّەتەکانی تردا، سووێکی نابێت ئەوەی بەشدار (پشکدار)دەکات لە ئەنجامدانی تاوانەکە لەگەلّیدا.[2]

---

[1] بۆزیاتر زانیاری کە پەیوەست بێت بە کەتنی نەوجەوانانەوە بگەرێوە بۆ یاسای چاودێری نەوجەوانای عێراقی ژمارە (٦٧) ساڵی١٩٨٣ تێکرا.

[2] تەماشەی یاسای چاودێری نەوجەوانان مادەکانی ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٣بکە.

دادگاییکردنی نەوجەوانان:

١- دادگای نەوجەوانان پێکدێت لە دادوەرێکی پلە سێ، بەلای کەمەوە وەك سەرۆك، دووئەندامی پسپۆر لە زانستی تاوانکاری یان زانستەکانی تر پەیوەندیدار بەکاروباری نەوجەوانانەوە..کە ئەزمون و شارەزاییان بەلای کەمەوە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت. هەروەها، دادگایەکەی لە دانیشتنێکی نهێنیدا ئەنجام دەدرێت، بە ئامادەبی سەرپەرشتیکاری یاخود یەکێ لەکەسە نزیکەکانی ئەگەر هەبوو، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی کە دادگا داوای ئامادەبوونیان لێدەکات لەوانەی مەعنین بە کاروباری نەوجەوانان.

٢- بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە هەستێت بە دادگاییکردنی بە بێ ئامادەبوونی نەوجەوان خۆی، ئەگەر تاوانەکەی لەو تاوانەبوو کەلە داپو نەریت و ئەخلاقی گشتی کۆمەڵگە لایدابوو، هەروەها ئەو کەسانەش کەمافی داکۆکیکردن و بەرگریکردنی نەوجەوانیان هەیە، دەتوانن ئامادەبن.

٣- بۆ دادگای نەوجەوانانە کە رەزامەندی بنوێنێت کە باوکی (سەرپەرشتیاری) یان هەر خزمێکی کە بەشداری ئامادەبوونی دادگا دەکات یان هەر نوێنەرێکی دەزگاکۆمەڵایەتیەکان بەرگری لە نەوجەوان بکەن داکۆکی لەمافەکانی بکەن..

٤- رەوانیە کە ناوو ناونیشان و ناوی قوتابخانە و وێنەو هەرشتێکی نەوجەوان کە ببێتە هۆکاری ناساندن ودەرکەوتنی شوناسی نەوجەوان.

٥- دادگای نەوجەوانان تایبەتمەندە بە هەستان بەدیاریکردنی شوێنی ئەوتاوانەی کەڕوویداوە یاخود حاڵەتی بێ نەوایی (التشرد)تیا ڕوویداوە، یاخود لادانی ڕەفتاری تیا ئەنجامدراوە، یان ئەو شوێنەی کەنەوجەوان تیایدا نیشتەجێیە.

٦- ئەگەر دەرکەوت تۆمەتبار هەژدە ساڵی تەمەنی تەواودەکات لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەوە لەسەر دادگایە کەیسەکەی بۆ دادگای تایبەت بگوێزێتەوە.

ئەو چارەسازیانەی پێویستە لەبارەی نەوجەوانەوە بگیرێنەبەر:

لە گرنگترین ئەو چارەسازیانەی پێویستە لەبارەی نەوجەوانەوە بگیرێنەبەر کاتێك تاوانێك ئەنجام دەدات، ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئەگەر نەوجەوان سەرپێچیەکی کرد لە دانیشتنی یەکەمدا حوکمی ئاگادارکردنەوەی دەدرێت بەسەریدا بەوەی کە ئیتر بەدووبارە نەکردنەوەی کردە نارەواکەی یان درانەوەدەستی

سەرپەرشتیاری یان یەکێك لەخزمەکانی، کە ئەو حوکمەی لە دادگا دەرکراوە دژی، پێویستە ئەوان جێبەجێی بکەن لەوانە ڕێنموونیکردن و ئاگادارکردنەوەو سەرزەنشتکردنی بۆ باشکردنی رەفتاری و پەروەردەکردنەوەیەکی ئەرێنیانە، ئەوەش پاش پرکردنەوەی پەیوەستنامەیەکی مالی لەلای ئەوانەی کە دەچنە ژێر ئەو ئەرکە.

٢- ئەگەر سەرپێچیەکە کەتن بوو، ئەوا حوکم دەدرێت بە یەکێ لەم چارەسایانەی خوارەوە، لەجیاتی ئەو سزایانەی کە بۆ تاوانەکە دیاریکراون:

أ- پێدانەوە یاخود بڵێین درانەوەدەستی نەوجەوان بە سەرپەرشتیار یان یەکێك لەخزمەکانی، بۆ ئەوەی ئەو حوکمەی لە دادگا دەرکراوە دژی، پێویستە ئەوان جێبەجێی بکەن لەوانە ڕێنموونیکردن و ئاگادارکردنەوەو سەرزەنشتکردنی بۆ باشکردنی رەفتاری و پەروەردەکردنەوەیەکی ئەرێنیانە، ئەوەش پاش پرکردنەوەی پەیوەستنامەیەکی مالی لەلای ئەوانەی کە دەچنە ژێر ئەو ئەرکە.

ب- رەفتارەکانی بەپێی ئەو حوکمانەی یاسای چاودێری نەوجەوانان پەیرەوی دەکەن رەفتارو هەڵسوکەوتی دەخرێتە ژێر چاودێریەوە.

ج- سپاردنی بە قوتابخانەی تایبەت بەراهێنانەوەی میردمناڵان(صبیان) ئەگەر میردمناڵ بوو، هەروەها بە قوتابخانەی راهێنانەوەی هەرزەکاران ئەگەر هەرزەکار بوو (فتی) کە ماوەی راهێنانەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت .

د-حوکمدانی بە غرامەیەکی مالی کە بەدەقی یاسا لەویارەوە دیاریکرابێت.

هـ- بۆ دادگای نەوجەوانانە لەکاتی دانەوەی بە سەرپەرشتیاری یان خزمێکی یان کەسێکی نزیکی، بیخاتە ژێر چاودێریکردنی رەفتاریەوە.

٣-ئەگەر میرد مناڵێك تاوانێکی ئەنجامداو بریاری زیندانیکردنی کاتی بەسەردرا درا، ئەوکات حوکم دەدرێت بەیەکێك لەم چارەسازیانەی هاتوون لە جیاتی ئەو سزایەی کە یاسا بریاری لەسەرتاوانەکەی داوە.

أ- خستنە ژێر چاودێری رەفتاری نەوجەوان بە پێی حوکمەکانی یاسای نەوجەوان.

ب- سپاردنی بە قوتابخانەی تایبەت بەراهێنانەوەی میردمناڵان(صبیان) ئەگەر میردمناڵ بوو، بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، هەروەها ئەگەر

هەرزەکار(فتی) بوو سپاردنی بە قوتابخانەی راهێنانەوەی هەرزەکاران کە ماوەی راهێنانەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت .

٤- ئەگەر میرمناڵێك(صبی) هەستا بە ئەنجامدانی تاوانێك کە سزاکەی زیندانی هەتاهەتایی بوو یان لەسێدارەدان بوو، ئەوە لەسەر دادگای نەوجەوانانە کە حوکمی تری بدەن بەسەریدا لەجیاتی ئەو سزایە بەوەی دەیسپێرن بە قوتابخانەی راهێنانەوەی میرمناڵان کە ماوەی راهێنانەکەی بریتی بێت لە پێنج ساڵ . خۆ ئەگەر تاوانبارەکە هەرزەکارێك(فتی) بوو هەستا بە ئەنجامدانی تاوانێك کە سزاکەی زیندانی هەتاهەتایی بوو یان لەسێدارەدان بوو، ئەوە لەسەر دادگای نەوجەوانانە کە حوکمی تری بدەن بەسەریدا لەجیاتی ئەو سزایە بەوەی دەیسپێرن بە قوتابخانەی راهێنانەوەی هەرزەکاران کە ماوەی راهێنانەکەی کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لەپازدە ساڵ .

٥- بۆ دادگای نەوجەوانان هەیە کە حوکمی نەوجەوان بدات بە غرامە لە تاوانێك یان کەتنێك کە سزادراوی زیندانیکردن کەماوەکەی لەحەوت ساڵ زیاتر نەبێت یاخود بە بەندکردن (حبس)، بەڵام ئەمە کاتێ کە بەپێی راپۆرتی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی کەسێتی، یاخود بە پێی دەرکەوتەکانی دۆزەکە دەرکەوت کە باشتر وایە بۆ نەوجەوانەکە حوکمدانی بەغرامە گونجاوتربێت .

٦- پەندوەرگرتن و لەبەرچاوگرتنی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە دیاریکردنی چارەسازیەکەدا. [1]

---

[1] تەماشەی یاسای چاودێری نەوجەوانان مادەکانی ٥٤، ٥٥، ٥٨، ٦٥، ٦٦، ٧٢، ٧٣، ٧٤.بکە هەروەها (موانع المسؤولية الجنائية) ی نووسەر، لا ١٠٢ دوای ئەو بکە..

باسی دووەم:
شێتی و شوێنەواری
لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی

هەموو وشەیەك دابڕێژرێت لە پیتەكانی (ج.ن) لە زمانی عەرەبیدا ئاماژەیە بۆ شاراوەیەك كە ناچێتە ژێر كۆنترۆڵی پێنج هەستەكانەوە وەك (الجنە=بەهەشت، الجن= جنۆكە، جنین= كۆرپەلەی ناوسك، هتد...چەند پێناسی هەیە لەوانە پێناسی (صدر الشریعە) [1]، نەخۆشیەكە توشی مێشك دەبێت وای لێدەكات كە بە پێی پەیرەوی عەقڵ كارنەكات وەكو تریش هیچ كەمی و لاوازیەك لەئەندامەكانی تری جەستەی نەبێت.

بۆ چەند جۆر و بە پێی دەركەوتەی جۆراوجۆری دابەشدەكرێت لەوانە:

١–لە ڕووی ئەوەی كە هەمیشەیی و بنچینەیە یان نیشانەیەكو (كتوپڕ) دەركەوتوە:

أ– بنچینەیی ئەوەیە كە كەسەكە گەیشتوەتە دۆخی شێت بوون و شێتی لێ دەركەوتوە، وەك ناتەواویەك لە گەڵیدا هاتوەو ئەگەری نەمان و دواى چارەسەری نیە..

ب– ناكاو (كاتی) : بریتیە لە تووشبوونی مرۆڤ پاش دەستگەیشتنی بە یەكێك لە هۆكارە خۆویستەكان، لەوانە ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەكان و ژەهراوی بوون و سەرخۆشبوون بە مەی، یاخود خۆنەویستی وەك ڕوودلوە كتوپڕەكان یان پێكدادانەكان یاخود بریندارپوونی سەرو ئازارگەیشتن بەمێشك، ئەمانە ئەگەری چارەسەركردنی هەیە و بە چارەسەر لەسەری هەلگیرێت..

٢–لە ڕووی ئاستی كاریگەریەوە (هەمەكی و هەندەكی):

أ– شێتی تەواوەتی(هەمەكی)، ئەو دۆخەیە كە مرۆڤەكە تواناى جیاكاریكردنی نیە، هۆشی بۆ هەمووشتێك لەهەموو بارودۆخەكاندا ناتەواوە.

ب–شێتی هەندەكی: ئەوجۆرەیە كە مرۆڤەكە لە لایەنێكی تایبەتەوە ناتەواوەو شێتە بەڵام بەدەر لەوە خاوەنی هێزی عەقڵانی خۆیەتی..

٣–لە ڕووی بەردەوامیەوە، شێتی "لەگەڵبوون، پچڕاو" :

---

[1] عبدالله بن مسعود، التوضیح شرح التنقیح، ٢/١٦١

أ- شێتی لەگەڵبوون، بریتیە لە لەگەڵبوونی بەردەوامی شێتی ئەگەر بنچینەیی بێت یان ناکاو، پێی دەوترێت (لەگەڵبوونی- المطبق) چونکە بەدرێژایی کاتەکان شێتی ئەوی دەگیرکردوە لەگەڵیدایە..

ب- پچڕاو یان پچڕپچڕ، ئەوجۆرەیە پاش کاتەکانی بە ئاگاهاتنەوە ئیتر وەك کەسێکی هوشیار مامەڵەدەکات.

٤- لە رووی کاتەوە شێتی لە پچڕانەوە بۆ درێژخایەن و کورتخایەن دابەش دەبێت:

أ- شێتی درێژخایەن(کشاو) ئەو جۆرەیە کە کاتی پێویستی خۆی یان زیاتر دەخایەنێت..وەك ئەوەی کە بەدرێژایی مانگی رەمەزان هەر بەشێتی مایەوە تاکوتایی.

ب-کورت خایەن، ئەو جۆریە کە کەمتر لە ماوەی پێویستی خۆی دەخایەنێت..

٥- لە رووی هەماهەنگی لە ئەنجامدانی تاواندا، دەگونجێت پێشی بکەوێت یان هاوشانی بێت یاخود دوای بکەوێت..

أ- شێتی پێشکەوتە، ئەوەیە کەشێتیەکەی پێش کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە دەکەوێت.

ب- هاوکاتی و هاوشانی لە ئەنجامدانی تاوانەکە، بەوەی کە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە تووشی شێتی بێت، پاش ئەوەی جیاکاری وەهەڵبژاردنی هەبوە، جا ئەگەر خاوەنی توانایەکی عەقڵی تەواو بوبێت یان بێت پێش تاوانەکە یان دوای تاوانەکە وەك یەك وایە، گرنگ کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیە ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت نەك پێش یان پاشی تاوانەکە.

ج- پاشکەوتە، ئەوەیە کە تاوانبار پاش ئەنجامدانی تاوانەکە شێت بێ، پێشتر خاوەنی ئاگایی و هوشیار لەجیاکاری شتەکانی هەبوە، ئەمە رۆڵێکی گرنگی دەبێت ئەگەر پاش بڕیاردانی دادگاو جێبەجێکردنی بڕیاری سزا نەبوو، ئەگەرنا پاش ئەوە شێتبوون هیچ رۆڵێکی نابێت، بەڵام دیارە پێش ئەوەبوو ئەوکات هەموو رێوشوێنە دادگاییەکان دژی تاوانبار دەوەستن، یاخود ئەو حوکمەی دەدرێت بەسەریدا، یان جێبەجێ دەکرێت بەسەریدا، دەوەستێنرێت، ئەوەش بەپێی کاتی شێت بوونەکەی، لە هەر قۆناغێکدا شێت بوون روویدا ئیتر هەموو ئەوانەی کەپێویست بووە بەسەریدا جێبەجێبکرێت، دەوەستێنرێت.

٦- لە رووی چەمکی تایبەت و گشتی یەوە:

أ- تایبەت: ئەوەیە کە نەخۆشیەکی عەقڵی بێت، بەوەی کە شوێنەواری تەنگەنەفەسی وەها دادەنێت کە لە هۆش خۆی بچێت، وەهەموو بەهاشعوری و یاساییەکانی لەدەس دەدات، وای

لێدەکات کە بیپچڕێنێت لە توانای جیاکاری و هەڵبژاردن، بەم مانایەش ئەم جۆرە بەرامبەر ناتەواویە عەقڵیەکانی تر دەبێت و وەکو ئەوان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ت- گشتی: هەر ناتەواوی وتێکچوونێك کە کاریگەری لەسەر کاری سرووشتی هەر کۆئەندامێکی جەستە وئەو هێزانەی کە ویست وبڕیارکردنی بەشی خۆ لەجیاکاری وهەڵبژاردن دابنێت و توشی بکات.

گرنگ نیە کە ئەو تێکچوونە (نەخۆشیە) تووشی کام کۆئەندامی تایبەت یان بەشێکی تایبەتی جەستە دەبێت بەردەوام، بەڵکو تووشی ئەو هێزە بێت کە لە دروستکردنی ویست ودڵوای هەمیشەی بەشی لەچانسی جیاکاری بۆ هەڵبژاردن دەکات. بەومانایە هەمو ناتەواویە عەقڵیەکانی وەك گەمژەیی کە بریتیە وەستانی گەشەی مەلەکەی هزری لە پێگەیشتنی سروشتی خۆی، هەورەها وەك ڤێ کە بریتیە لەو چورتمانەی کە توشبوو بەهۆیەوە هۆشی لەدەست دەدات، دەکرێت ببێتە هۆی کەوتنەوەی تاوان، هەروەها وەك ناباوی تاوانی (الشذوذ الجرمي) بریتیە لە تووش بوون بە تێکچوونە دەروونیەکان کە بۆ تێکچوونی عەقڵی یان کەمی لەپێگەیشتنی عەقڵ دەگەڕێتەوە، لەوانە هیستریا، کەتێکچوونێکە لەهاوسەنگی کۆئەندامی دەمار وتێکچوون لەسۆز و خولست و ئارەزووەکان، وەهەرچی تری لەم جۆر و نەخۆشیە دەروونیە ناباوانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆیانهەیە لەسەر هێزە عەقڵیەکان، بەو مانایە گشت ناتەواویە عەقڵیەکان دەگرێتەوە.

ئاستی شوێنەواری(کاریگەری) شێتی لەوەی پەیوەستە بە شێتەوە:

چەند پرس و کار هەن کایگەر دەبن بەشێتی، هەندێ تریش هەن کاریگەر نابن پێی، وەك لەمەی خوارەوە بەدرێژی دیخەینەڕوو:

یەکەم: ئەوەی کاریگەر دەبێت پێی ، بە ڕێککەوتنی کۆڕا:

١- هیچ ناکۆکیەك لە ڕادا نیە بەوەی کە شێتی بە هەموو جۆرەکانیەوە کاریگەریی لە سەر شیاوی ئەستۆبوون (أهلية الوجوب) بۆ شێت هەیە، بە هەردوو بەشەکەیەوە، شیاوی ئەستۆبوونی ناتەواو کە بۆ کۆرپەلە پێش لەدایکبوونی جێگیردەبێت، ئەویش دەسەلاتیەتی(صلاحية) تایبێتە ئەوەی هەندێ ماف کە پێویست بەرەزامەندبوون ناکات وەك میراتی و وەسیەت و بەخشین نەسەب و..هتد وەری بگرێت.

شیاوی ئەستۆبوونی تەواو کەپاش لەدایك بوون بۆی جێگیر دەبێت، بریتیە لەو دەسەلاتەی بەوەی کەبیکاتە خاوەنی کۆمەڵێك ماف، هەروەها بچێتە ژێر هەندێ پابەندبوونی ئەرکەوە وەك بژێوی، لەسەریەتی بژێوی هەژاری نزیکی بدات یان ژنەکەی بکێشێت. [1]

٢- هیچ ناکۆکیەك لە نێوان شەرعزانانی موسڵمانان بێجگە لە زاهیریەکان نیە، نەبوونی کاریگەری شێتی لەسەر بەرپرسیارێتی کەموکورتانەی شێت، ئەگەر ماڵی کەسی تر عەیبدار کرابو بوە هۆی دابەزاندنی نرخەکەی پێویستە لەو ماڵەی کە شێتەکە هەیەتی قەرەبوویکرێتەوە، ئەمە لەحاڵەتێکدا ماڵی هەبوو، گەرنا لەسەر سەرپەرشتیارەکەیەتی هەستێت بە قەرەبووکردنەوەی، یاخود هەرکات هەیبوو ئەوە پێویستە بۆی بگەڕێنرێتەوە، چونکە ئەم بەرپرسیارێتیە لە سەر سێ رەگەز دەوەستێت کە ئەوانیش لە شێت دا بوونیان هەیە، ئەوانیش (کاری ناڕەوا+زیان خستنەوە+پەیوەندی هۆکاری).

٣- هیچ ناکۆکیەك نیە لەوەدا کە شێتی پێشکەوتە، لە ئەنجامدانی تاوانی شێت یاخود پاشکەوتەهیچ کاریگەریەك لەسەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری دانانێت، بێجگە لەوە کە پاشکەوتە دەگۆڕێت بە بێ بەردەوامبوونی لەو بەرپرسیارێتیە مادام بەردەوامە، بەرپرسیارێتی بۆ دەگەڕێتەوە ئەگەر نەما..

٤- هیچ ناکۆکیەك نیە لەوەدا کە ئەگەر شێت تاوانێکی وەك کوشتنی ئەنجامدا، پێویستە لەسەر خزمانی پشتی خوێنەکەی بدەن، چونکە کوشتنەکە وەك کوشتنی بە هەڵە دێتە هەژمار بە هۆی بێ هۆشی بکوژەکەی.

٥- هیچ ناکۆکیەك نیە لەوەدا کە شێتی شێتێك کاریگەری لە سەر ژیانی خێزانداری و بەردەوامی دانانێت، بەڵام بۆ ژنەکەی هەیە مافی داواکاری جیابوونەوە پێشکەش بکات، ئەگەر زانی لەو پیاوە شێتەی توشی زیان دەبێت.. [2]

---

[1] ئەوەی خاوەندارێتی ماڵێك بکات یان مافێك یان قەرزێك کەلای ئەوانی ترە، ئەگەر شێت بوو، ئەوە هیچ کاریگەری لەسەر ئەو مافەراستەقینەیی(العینیه) وکەسیەوە نیە، وەك چۆن مافی ئەوەی هەیە کە هەستێت بەمولککردن و ملك لەسەرکردنی هەیە لەرێگەی باوانیەوە یان راسپێراو(وصی)ەکەی یان دادوەرەوە..

[2] تەماشەی چاپکراوی ئێمە " موانع المسؤولیة الجنائیة في الشریعة الإسلامیة والتشریعات الجزائیة العربیة، لا ٣٨٧ دوای ئەو بکە..

دووەم: ئەو هەڵسوکەوتانەی بە بێ مشتومڕو ناکۆکی کاریگەرن بەشێتی :

١. ناکۆکیەك نیە لەوەی کە ئەو تاوانەی کە شێت ئەنجامی دەدات لەکاتی شێتیەکەیدا لە ڕووی تاوانکاریەوە هیچ لێپێچینەوەیەکی لەسەر نیەو سزای نادرێت.

٢. ناکۆکیەك نیە لەوەی کە ئەو تاوانەی لەکاتی بە ئاگاهاتنەوەی دا ئەنجامی بدات ئەگەر جۆری شێتیەکەی پچڕپچڕ بوو ئەوە لێپێچینەوەی لەسەرە، بیجگە لەوەش کە سزاش ئەگەر بە ئاگا نەهاتبێتەوە جێبەجێ ناکرێت بەسەریدا..

٣. ناکۆکیەك نیە لەوەی کە شێت شایستەیی بە هەردوو جۆری شیاوی تەواو وناتەواو لەدەست دەدات، شیاوی تەواو کاتێ بۆمرۆڤ جێگیردەبێت کە پێی نابێتە تەمەنی پێگەیشتن. ئەویش ئەودەسەلآت پێدانەیە کە مرۆڤ تەواوی مافەکانی و بەرپرسیاریەتیە سیاسی ومەدەنی و تاوانکاری پیادە بکات.

٤. شیاوی جێبەجێکردنی ناتەواو لای مرۆڤ پاش پێنانە تەمەنی جیاکاریکردن– هەرلشی (سن التمیز) جێگیردەبێت، هەڵسوکەوتە زیانبەخشەکانی زیانی رووتی پوچەڵن بەرەهایی، جائیتر باوانی رێپێدابن یان نا، هەروەها هەڵسوکەوتە سوودبەخشەکانی سوودی رووتی راستن بەرەهایی، جائیتر باوانی رەزامەند بێت لەسەریان یان نا. دیارە ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەو کە لەنێو بازنەی سود و زیاندا دەسوڕێنەوە، وەستاوەتە سەر رێپێدانی سەرپەرشتیارەکەی. واتە بەڵێننامەکانی راستەقینە دەبن، بەلآم کاریگەری دروووستناکەن لە ڕووی ماف و پابەندبوونەوە مەگەر دوای مۆڵەت.

٥. ناکۆکیەك لەوەدا نیە کەشێتی لەناکاو پاش ئەنجامدانی تاوان و پێش جێبەجێکردنی سزا کاریگەری لەسەر بەردەوامی رێوشوێنە دادگاییەکان دەبێت ئەگەر پێش ئەوان ڕوویدات. هەروەها لەسەرحوکمەکەشی ئەگەر پێشکەوت، هەروەها لەسەر جێبەجێکردنی سزاکەش کاریگەری دەبێت ئەگەر دوای دەرچوونی حوکمەکە بەسەریدلو پێش جێبەجێکردنی، تووشی تاوانبار ببێت، بەلآم ئەگەر شێتیەکە لەسەری لاچوو نەما ئیتر ئەوەی وەستابووە سەری هەمووی دووبارە بەردەوام دەبێتەوە.

٦. ناکۆکیەك لەوەدا نیە کە شێت شێتبونی(لەگەڵبوون)ی هەبوو، ولێکەوت چارەسەر بوو شێتیەکەی لەکۆڵ کەوتەوە ئەوا هیچ تەکلیفێکی پەرستشی لەدەستچووی لەسەر نیە وەك نەکردنی نوێژو ڕۆژوو نەگرتن و هەر پەرستشێکی ترلەوشێوە، چونکە ئەو لەوکاتەدا لەجێگەی

منالّ یان تەکلیف لەسەر نەبوو بوە، بۆیە هیچ گێڕانەوەو قەرەبوویەکی پەرستشە لەدەستچوەکانی لەسەر نیە، هەروەها وەك ئەو کەسە وایە کەتازە موسڵمان دەبێت، کەهیچ لێپێچینەوەیەکی لەسەر پێشتری لە ئەنجام نەدانی نوێژو پەرستشەکانی نیە وەك چۆن ئەوەی حەرامە کردبێتی لێپێچینەوەی لەسەرنیە، چونکە ئیسلامبوون ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوە بەلاّم ئەگەر ئاگاهاتنەوەکەی هاوکاتی بەجێهێنانی واجبەکان بوو، ئەوا پێویستە لەسەری لەوکاتانەدا جێ بەجێیان بکات، بۆنموونە کاتی بە ئاگاهاتنەوەی دواساتەکانی نوێژی نیوەڕۆ بوو، ئەوە ئەوەندە بەسە لەوکاتەدا هەستێت بە نوێژی نیوەڕۆ نەهێڵێت فەرزەکەی لەدەست بچێت.

٧. ناکۆکیەك نیە لەوەی کەلەسەر دادوەرە کە پشت بەکەسانی شارەزایان و پسپۆرانی نەخۆشیە عەقلیەکان ببەستێت، ئەگەر گومان و رای جیاواز لەسەرشێتی تاوانبارەکە دروست بوو، بەلاّم دیارە ئەگەر گومانەکە بەردەوام بوو ئەوا لە بەرژەوەندی تۆمەتبار بڕیارەکەدەدرێت.

٨. ناکۆکیەك نیە لەوەی شێتی تاوانبار سەرەرای نەبوونی بەرپرسیاریتی تاوانکاری لەسەری و نەبوونی سزایەك بۆی، ئەوا پێویستە رێوشوێنی چارەسازی خۆپارێزی دژی بەکار بهێنرێت بەمەبەستی دوورخستنەوەی شێت لەو کردە زیانبەخشەکانی لە تاوانەکان و شتی تر لەپاشەرۆژدا، چونکە ئەگەر جارێك تاوانێکی ئەنجام دا ئەگەری دووبارەکردنەوەی بۆ جارێ تر لێدەکرێت.

٩. ناکۆکیەك لەوەدا نیە کە ئەگەر شێت تاوانێك ئەنجام بدات پاش ئەوەی لە شێتیەکەی جارانی رزگاری بوو، ئیتر لەو شێتیە سوود وەرناگرێت مەگەر راپۆرتی پیشکی بیسەلمێنێت کە کاریگەری شێتیەکەی لەسەرماوە، ئەوکات بۆ دادوەرە ئەوە لەبەرچاو بگرێت بەوەی دۆخەکەی سووك بکات.

ئەمە هەندێك لەو خالاّنەبوون کە کۆڕایان لەسەر وەرگیراوە لە رووی کاریگەربوون و کاریگەر نەبوون بەشێتی..

باسی سێیەم
هەڵوێستی یاسادانانی وڵاتانی عەرەبی
لە بەرپرسیاریتی کەتنی نەوجەوانان

وڵاتانی عەرەبی هەر لەسەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی ملکەچی شەریعەتی ئیسلامی بوون، لەسەردەمی عوسمانیەکاندا مەزهەبی ئەبو حەنیفە سەر مەزهەب بوەو لە دادگاو فتوادا پشتی پێبەستراوە..پاشان یاسای سزادانی عوسمانی ساڵی ١٨٤٠زاینی دانرا، پاشان لە ساڵی ١٨٥١زاینی هەموارکرایەوە. ئەم یاسایە لەدانانیدا و لەهەموارکردنەوەشیدا هەرپشت بەشەریعەتی ئیسلامی بەستراوە بۆدانانی، تەنها ئەوە نەبێت کە یاسای تاوانی عوسمانی پاشتر کاریگەر بوو بەیاسای رۆژئاوایی، ئەوەبوو یاسای تاوانی عوسمانی ساڵی ١٨٥٨زاینی زۆرینەی دەقەکانی وەرگیرابوون لە یاسای سزادانی فەرەنسی، پاشان لەساڵەکانی نێوان (١٩١٠-١٩١٥)هەندێك كاری هەموارکاری تێدا بەکاربرا بەکاریگەری یاسای ئیتالی. ئەوەی پەیوەست بێت بە شوێنەواری منداڵی وەك بەرگیرێك(مانع)لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری یان پاساوێکی سووککەر دەقی مادەی(٤٠) لەو یاسایە کە نەوجەوانی خوار تەمەن سیازدە ساڵ بە ناجیاکار(هەراش نەبوو)دێتە هەژمار، چارەسازی خۆپارلستنی بۆ بەکاردێت تا دەگاتە شازدەساڵی، ئەگەر نەوجەوان تەمەنی سیازدە ساڵی تەواو کردبو تاوەکو تەمەنی گەیشتە پازدەساڵی و تەواوی نەکرد، پێگەیشتنی نەسەلما، ئەوکات بە منداڵیکی هەراش(ممین) هەژماردەکرێت و سزاکەی لەسەر سووك دەکرێت. پاش کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی هەریەك بەجیا خەریك نوسینەوەی یاساکانی خۆی بوو، بەڵام جیاوازیان لە چارەسەرکردنی نەوەجەوانانی کەتنکەر لە داڕشتنەوەی یاساکان هەبوو وەك لێرەدا دەیخەینە روو:

أ- هەندێکیان یاسای تایبەت بە نەوجەوانانی کەتنکەر دەرکرد لەوانە :

١- یاسای نەوجەوانانی عێراقی ژمارە ٤٤ ساڵی ١٩٥٥.

٢- یاسای نەوجەوانانی ئەردەنی ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٨.

٣- یاسای نەوجەوانانی سوری ژمارە ١٨ ساڵی ١٩٧٤.

٤- یاسای بێ نەوان نەوجەوانانی میصری ساڵی ١٩٧٤.

٥– یاسای نەوجەوانانی دەوڵەتی بەحرەین ساڵی ١٩٧٦.

٦– یاسای نەوجەوانانی لادەرلەدەوڵەتی میرنشینە یەککگرتوەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٦.

٧– یاسای نەوجەوانانی کوەیتی ژمارە ٣ ساڵی ١٩٨٣.

٨– یاسای پارێزگاری نەوجەوانانی لادەر ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٨٣.

ب– هەندێکیان چارەسەری حوکمەکانی نەوجەوانانی کەتنکەریان لە ناو یاسای تاوانکاریدا کردووە لەوانە:

١– یاسای تاوانکاری مەغریب بەشەکانی ١٣٨–١٤٠، لەبەشی ١٣٨ دا هاتوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەو منداڵەی کەتەمەنی نەگەیشتوەتە دوازدەساڵی لە ڕووی بەرپرسیاریتی تاوانکاریەوە لێیناگیرێت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی توانای جیاکاری(لانعدام تمیزه)، لە ڕووی تاوانکاری و کەتنەوە ناتوانرێت حوکمی بەسەردا بدرێت تەنها لەرێگەی یەکێ لەمانە یان زیاترەوە نەبێت لە چارەسازی پارێزگاری یاخود بەچاکسازی بڕیارلەسەردراو لە بەشی ٥١٦ . هەروەها لە سەرپێچیەکانیدا تەنها سەرەنشت دەکرێت ناتوانرێت حوکم بدرێت، لە بەشی ١٣٩دا هاتوە کە ئەو منداڵەی تەمەنی دەساڵی بریوەو نەگەیشتوەتە حەڤدە بە بەرپرسیاریتیەکی ناتەواوی هەیە بە هۆی ناتەواوی جیاکاری کردنیدا.

٢– یاسای سزادانی سودانی، لە مادەی ٩ ٤دا هاتوە: (لە کردەیەکدا کەمناڵێك ئەنجامی بدات لە حەوت ساڵ کەمتر یاخود حەوتی تراوزاندبێ و نەگەیشتبێتە دوانزەساڵی، ئەگەر هۆشی بەو شێوازە پێنەگەیشتوبوو، ئەوەش بەس نابێت بۆ ئەوەی حوکمی بەسەردا بدرێت لەسەر ماهیەت ودەرەنجامی ئەوکردەیەی کەلەدەستی دەکەوێتەوە).

٣–یاسای سزادانی لیبیا مادەی ٨٠ دا هاتوە: (بەرپرسیار نابێت لە ڕووی تاوانکاریەوە ئەو منداڵەی کە تەمەنی نەگەیشتوەتە چواردە ساڵی، بۆ دادوەرە کە ڕێوشوێنی چارەسازی خۆپارێزی گونجاو لەبارەیەوە بگرێتەبەر، ئەگەر تەمەنی حەڤدەساڵی تەواو کردبوو تاوانێکی ئەنجام دا ئیتر ئەوتاوانەی وەك تاوانێکی یاسایی هەژماردەکرێت و یاسایی لێپێچینەوەی لەگەڵدەکرێت.

هەروەها لەمادەی ٨١ دا هاتوە: (لە ڕووی تاوانکاریەوە بەرپرسیاریتی لەسەرە ئەو منداڵەی کەتەمەنی چواردەساڵی تەواوکردوە بەڵام تەمەنی نەگەیشتوەتە هەژدەساڵ لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە هێزی هەستەکی و ویستی ئەوەی هەیە بەوەی کە سزاکەی بۆ سووکبکرێت بەسێیەکی سزاکەی. .

٤- یاسای تونسی مادەی ٣٨: (تاوانکاریەك سزای لەسەر نیە ئەگەر تۆمەتبارەکە پێی تەمەنی نەگەیشتبێتە سیازدە ساڵی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی).

تێبینی دەکەین ئەم مادەیە هەڵەی زانستی تیایە، پاشان تێکەڵیەك لە نێوان بەرگیری سزایی و بەرگیری بەرپرسیاریتی تاوانکاری هەیە، پاشان هەڵەیەکی زمانەوانی تر هەیە دەبینین وشەی(لم) *کە نەفی رابردوودەکات لە بری (لا) بەکارهاتوە..کەنەفی رانەبردوو ئێستا دەکات. سەرباری ئەوەی کە جیاوازی نەکردوە لە نێوان نەوجەوانی جیاکار و(ممیز)و نەوجەوانی ناجیاکار، پاشان ئەوەی پێویستە بگیرێتە بەر دەرهەق بەهەرکامیان.

٥-یاسای جەزائیری مادەی ٤٩: (هیچ شتێك لەسەر کەمفام (قاصر)ێك ناگیرێت کە سیازدە ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبێت تەنها چارەسازی پاریزگاری یاخود پەروەردەکردنی نەبێت) هەروەها مادەی ٥٠: (ئەگەر سزایەك بریتی بوو لەلەدارلەدان یان سزای زیندانی هەمیشەیی، ئەوا حوکمی گرتنی لە دەساڵ بۆ بیست ساڵی بەسەردا دەبڕێت، ئەگەر سزاکەی زیندانی یان گرتنی کاتی بوو، ئەوا حوکمی گرتنی بەنیوەی ئەوماوەی حوکمەکەی بەسەردا دەدرێت، ئەگەر بالغ بوو).

لەم دوومادەوە ئەوە تێدەگەین کە نەوجەوان شیاوی(اهلیە) نیە ئەگەر تەمەنی لە ١٣ساڵی کەمتر بوو، پاشان نیوچە شیاو هەژمارە ئەگەر تەمەنی لە (١٣-١٨ساڵ)بوو، لە حاڵەتی یەکەمدا بەرپرسیاریتی تاوانکاری لەسەر نیەو لەحاڵەتی دووەمیشدا سزاکەی بۆ نیوە بۆ سووککراوە بەڵام تەبریری لەبەرپرسیاریتی لێنەکردوە.

٦- یاسای سەلتەنتی عومان مادەی ١٠٤، (لەرووی جەزائیەوە بەدوای ئەوکەسە ناکەوێت کە تاوانێکی ئەنجام داوەو تەمەنی نەگەیشتوەتە نۆ ساڵ، ئەگەر تەمەنی تۆمەتبار دیاری کراو نەبووئەوا دادوەر دیاریدەکات بۆی، هەمو وەختێکیش تەمەن بەساڵی زاینی هەژماردەکرێت،). هەروەها مادەی ١٠٥ (ئەوەی تەمەنی نۆ ساڵی تەواو کردبێت و پێی نابێتە سیازدە ساڵیەوە لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا ئەوە سزای زیندانی یان غەرامەکرنی لەسەردەبێت پاشان بە بریاری دادگاش دەخرێتە ناو دەزگایەکی چاکسازیەوە کە دادوەر ئەوەش دیاریدەکات بە شێوازێك کەتەمەنی نابێت بگاتە ١٨ساڵی)، مادەی ١٠٦: (ئەوەی تەمەنی سیازدە ساڵی تەواوکردبێت و پازدەساڵی تەمەنی تەواو نەکردبێت لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، سزای زیندانیکردن بەمەبەستی چاکسازی دەرەوونی لە سێ بۆ پێنج ساڵ دەدرێت بەسەریدا..ئەگەر

تاوانەکە سزاکەی لە رووی یاساییەوە بە سێدارەدان یان زیندانی هەمیشەیی بێت،، هەروەها لەساڵێکەوە تا سێ ساڵ بۆ تاوانەکانی تر،). پاشان مادەی ۱۰۷: (ئەوەی پازدە ساڵی تەواوکردبێت و نەگەیشتبێتە تەمەنی ۱۸ساڵی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەوا سزای زیندانی لە پێنج ساڵەوە بۆ ۱۰ساڵ بەسەردا دەدرێت. ئەگەر تاوانەکە سزای سێدارەدان یان زیندانی هەمیشەیی بوو، بەڵام بۆ تاوانەکانی تر زیندانی دەبێت لە سێ ساڵ بۆ حەوت ساڵی. بەلأم ئەگەر تاوانەکەی کەتن بوو ئەوا سزاکەی زیندانیە لە دە رۆژەوە بۆ یەك ساڵ دەبێت..

٧- یاسای یەمەنی مادەی ۳۱دا هاتوە: (لێپرسینەوەی تاوانکاری بۆ کەسێك نیە کە تەمەنی نەگەیشتوەتە حەوت ساڵی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا. بەلأم ئەگەر حەوت ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت ونەگەیشتبێتە پازدە ساڵی، دادوەر بریاری یەکێ لە چارەسازیە بریاردراوەکان بۆ ئەو مەبەستە لە یاسی نەوجەوانان هاتوە دەدات لە بری سزای بریار لەسەردراوی تاوانەکە. ئەگەر تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کردبو نەشگەیشتە۱۸ ساڵی، ئەوا حوکمی لای زیاتری نیوەی ئەوحوکمەی تاوانەکەی لەرووی یاساوە هەیەتی بەسەردا دەدرێت. بەلأم ئەگەر ئەو سزایە لە سێدارەدان بوو ئەوا حوکمی زیندانی بەسەردا دەدرێت کەماوەکەی لە ۳ ساڵ کەمتر نەبێ و لە ۱۰ساڵ زیاتر نەبێت.

٨- میرنشینی عەرەبی سعودیە: تاکە دەوڵەتی جیهانی عەرەبیە بەردەوامە لەسەر جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەهەموو جۆرەکانی تاواندا، بەلأم لە پایەو مەرجەکاندا ئەو کاریگەرە بە فیقهی حەنبەلی بەو پێیە کەفیقهی ئەهلی فەرمودە دێتە هەژمار..

بەشی سێیەم:
بەرگیریەکانی (الموانع)
بەرپرسیارێتی تاوانکاری خۆویست

واتە ئەو بەرگیریانەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری کە ویستی مرۆڤ دەستوەربانی لە ڕوودانیاندا هەیە، کە ئەمانە زۆرن، ئێمە لێرەدا لە سەر گرنگترینیان کە: (سەرخۆشکردن و ناچارکردن)ن دەوەستین و لەوانەدا بابەتەکەمان کورت دەکەینەوە، بۆ هەریەکەشیان باسێکی سەربەخۆ دەستنیشان دەکەین، پاشان وتەکانمان بە هەڵوێستی یاساکانی تاوانکاری عێراقی، لەسەر کاریگەری ناچارکردن و سەرخۆشکردن لەسەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری کۆتا دەهێنین .

باسی یەکەم:
سەرخۆشکردن

سەرخۆشکردن (السُکر –بەعەرەبی) پیتی سین بۆرەی بەسەرەوەیە، بە چەند واتا دێت، لەکاتێکدا چاوگە و کرداری تێپەڕەو بە تێنەپەڕیش دێت، تێپەڕە کاتێك پێویستی بە بەرکارێك دەبێت، لە رووی داڕشتنەوە لە بابی (نصر ینصر–سەرە لە رابردوو بۆرە لە رانەبردوو) دەوترێت : سکر الإناء: پڕی کرد، وسکر النهر: بەری گرت، وسکر بصره: واتە بەری بینینی لێگرت. وەك کاری تێنەپەڕ دێت ئەگەر لە بابی (ذهب، یذهب) بوو، دەوترێت سکر الحوض: پڕبوو، وسکر علیه: توڕەبوو، وسکران: وەك عطشان تینوویون، ناوی بکەرە یان ئیسمی صفه (صفة مشبهة) پاشان کۆکەی سکری وسکاری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾.[1]

لێرەدا (المتساکر) ئەوەیە وەك سەرخۆشێك خۆی دەنوێنێت لە بنەماش دا وانیە، (الفرزدق) دەڵێت:

مەگەر سەرخۆش بوو (ئەوەی مەرلغی) ئەوکات کە جنێویدا

بە تەمیم بە قوڵایی شام یان خۆی وەك سەرخۆشێك پیشاندا

(السَکَر) (بەسەرە – بفتح السین) مەی– الخمر، مەی دووماناى هەیە، یەکەمیان عورفیە ئەویش جۆرێکە لە سەرخۆشکەرەکان کە دروستکراوە لە گوشراوی ترێ و خورما، هەروەها دووەم زمانەوانی گشتی ئەویش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ سەرخۆش دەکەن و عەقڵی داگیردەکەن و ناتەواویەك دەخەنە میکانیزمی کارکردنیەوە..بە شێوەی بەشەکی یان یان گشتی، ئەمە بە چاوپۆشین لەوەی کە چیەو لەچی دروستکراوە و چۆن دروستکراوە..

لە قورئانی پیرۆزدا بە مانای زمانەوانیە گشتیەکە هاتوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ...الآیة﴾. مەبەست لە (الخمر) لە زاراوەی شەرعی لە کوێدا بەرچاو کەوت هەمان واتای زمانەوانی گشتی دەبێت، بە بەڵگەی وتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)کە دەفەرموێ: ((کل مخمر خمر وکل مسکر حرام)).

---

[1] الحج/٢

سەرخۆشی و بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە شەریعەتی ئیسلامی:

کە ئیسلام هات لەهەموو ماڵێکدا یان زۆربەی ماڵەکاندا مەی دروستدەکرا، لای زۆرینەی خەڵکی لەهەموو دانیشتنە تایبەت و گشتیەکاندا و کۆڕو کۆبوونەوە جیاوازەکاندا پێشکەش دەکراو دەخورایەوە، بە شێوازێك ئالوودەبوون بووبوە بەشێك لە نەخۆشی کۆمەڵایەتی. ئیسلامیش بە چوار قۆناغ هەوڵی بنبڕکردنی دا، کە ئەم قۆناغانە بەدەقی قورئانی هاتوون:

١- لە قۆناغی یەکەمدا ڕووی لە مرۆڤە بەگشتی لە هەرکات و شوێنێکدا دەفەرموێت : ﴿وَمِنْ ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾.[١] خوێنەری وورد لەم قۆناغەی کە قورئان باس لە مەی دەکات، هەست بەو ئاماژە عەقلانی و ژیرانەیە دەکات کە بە شاراوەیی دەڵێت: مەی بەهەموو جۆرەکانیەوە خراپە لە خۆیدا، بنچینەی ئەو خراپیەشی بریتیە لە خستنەوەی زیانی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری کە خۆی لە پێکهاتەی مەی وخواردنەوەیدا حەشاردراوە. ئەم ئایەتە لە دوور و نزیك بڕیاری ڕێپێدان(مۆباح کردن) نابەخشێتە مەی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەخراپیەکەی دەدوێت، دیارە هەڵبژاردنی سێیەمیش لەنێوان باش و خراپدا نیە، ئەوەش ڕوونە کە قورئان هیچ کات شتی خراپ موباح ناکات جا بۆ خودی یان بۆ دەرەوەی مەگەر پێویستی تەواوەتی لە ئارادابێت، بۆیە ئەوەی وابزانێت کە ئەم ئایەتە بەڵگەی موباحکردنی مەیە لە سەرەتاوەو پاشان نەسخ کراوەتەوە، ئەوە زۆر بەهەڵەدا چووە.

٢- لە قۆناغی دووەمدا: قورئان لە حەرامکردنی (مەی)دا شێوازی گوتاری خۆی گۆڕی، پشتی بە بەراوردکاری و خستنەگەڕی هۆش و بیری مرۆڤ کرد بە بەراوردێك لەویارەوە، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا﴾.[٢] مەبەستیش لە وشەی(الإثم) لەم ئایەتە پیرۆزەدا زیانە، بەوەی کەبەراوردی بە سوود(النفع) کردوە، ئەو پرسیارەش کە دەیخەنە ڕوو لەپێغەمبەری دەکەن دیارە مەبەستی حەڵاڵی و حەرامیەتی، کەحەرامکراوە، دیارە هۆکاری حەرامیەکەشی بوونی زیاتری زیانە لە نێو مەی، بەو هۆکارەش دەوترێت هۆکاری بەرجەستە(العله المنصوصه)، ئاماژەکانی لەحوکمدا بڕاوەن (قطعية)، هیچ بوارێکیشی بۆ ئیجتیهاد لە نێو دەقەکەدا نەهێشتوەتەوە، عەقڵی هۆشمەند

---

[١] الحج/٦٧

[٢] البقرة/٢١٩

لەو هۆکارە بەرجەستەیە ئەوەی لێدەفامێتەوە کە هەر شتێك زیانی زیاتر بوو لە باشی، ئەوە حەرامە وەك حەرامی مەی و قومار.

هەروەها لەم هۆکارە بەرجەستەیەوە ئەو دەرەنجامەی حەرامکردنی جگەرەکێشانی لێدەکەوێتەوە، چونکە تەنها زیانی لێ دەکەوێتەوە . هەروەها حەرامکردنی خەتەنەی ژنانیش بەهەمان شێوە چونکە زیانی زیاترە لە قازانجی، دیارە سودی مەی دوو جۆرە، ئەوانیش مادی و مەعنەوین، سودە مادیەکەی ئەو قازانجەیە کە بەرهەمهێن و فرۆشیار لێی دەستی دەکەوێت یان ئەو باج و گومرگەی لەو دەکەوێتەوە بۆ دەوڵەت .

ئەگەر ئەم سودە مادی و مەعنەویانەی بەراورد بکرێت بەوەی کە دەوڵەت لەدەستی دەچێت لەو رۆحە مەعنەویەی کە لە بەرخودان و قوربانیدان و هەست بەلێپرسراوێتیەی کە بەهۆی بەکارهێنانیەوە تاکەکانی لەدەستی دەدەن، دەبینین کە زیانەکانی چەندقاتی قازانجەکەینی کە لەکۆمەڵگەو دەوڵەت دەکەوێت، چونکە مەیخواردنەوە بەیەکێك لە هۆکارەکانی بلاَوبوونەوەی کەم هەستی و بێهێز کردنی هەست بە بەرپرسیاریتی دادەنرێت.

هەرچی سودە مەعنەویەکانیەتی بریتین لەو ساتە ناهەستیانەی کە مرۆڤ لە ماوەی سەرخۆشبوونیدا دەیچێژێت، بەو مانایە کە سەرخۆشی راکێشەری خۆشی و لەناوبەری خەم و بیربەرەوەی مەینەتیەکانە بە جۆرێك ئیتر مرۆڤ خەیاڵ دەکات و دەمیاتە جیهانی بەختەوەریەوە، ئەم بیرکردنەوەو تێگەیشتنە بۆ کاریگەری مەی لە راستیدا وانیەو ئەوە بۆلوانی هەندێ لە فەیلەسوفانی وەك فارابیە کاتێك دەڵێت:

بە دووشوشە تەمەن دەبرم	کارم خستە سەرشانی ئەوان
پڕ لەمەرەکەب شوشەیەکیان	پڕە لەمەی ئەوی تریان
بیرو ژیریم بەیەکێکیان دادەرێژم	بەوی تریان خەمەکانم هەڵئەرێژم.

بە بڕوای من ئەم فەیلەسوفە هەرگیز خۆی دانەبەزاندوە بۆ ئەو ئاستە کە مەبەستی مەی ئەم مەیە سەرخۆشکەرە بێت بەڵکو (مەی – عیرفانیە) و زۆر دوورە لەمانا ساکارەکەیەوە...

هەروەها شیعرێ تریش کەدراوەتە پاڵ شاعیر(عومەر خیام) و لە چوارینەیەك لە چوارینەکانیدا کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی تر لەوانە کوردی و عەرەبی و لەوانەش فارسی هاتوە دەڵێت:

خواردنەوەی مەی لای من لەجێی گەپ و شایی

بۆ چالاکی لاشەیی خۆمە.. نەك دین و ئەدەبی دنیایی.

ویستم پێی بۆ ساتێك ئازاد بیم لە نەفسی خۆم..

چونکە لەمەی و لەسەرخۆشی دەچێژم ژیانی ئاسایی..[1]

داوەر عەبدول وەهابی مالیکی[2] بەرپەرچی ئەم وتەو بیرکردنەوانە دەداتەوە و دەڵێت:

ئالودە بومکان دەخۆنەوە ..... وادەزانن خەم و مەینەتیان لەکۆڵ بووە.

راست دەکەن لەوەی کە وەهم عەقڵیانی داپۆشیوە ... وادەزانن کە خۆشی لای ئەوان جەم بووە.

دین و عەقڵیان لێسەنراوە، تۆ وانا نابینی کە ئەوەی ئەم دوانە لەدەست بدات خەمین و مەینەتبارە

ئاشکرایە کە خەمەکانی مرۆڤ پاساو نین بۆ ئەوەی روو لە سەرخۆشکەرەکان بکات، مرۆڤی عاقڵ کردەیەك ئەنجام نادات خراپەی زیاتر لەباشەی بێت و زیانی زیاتر لەقازانجی بێت..

٣- لە قۆناغی سێیەم کاتی خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان بەرتەسککرایەوەو نزیککەوتنەوەیان لە هەندێ کات یاساغ کرا بەمەش رێخۆشکردنێك بۆ وازهێنانی کۆتایی فەراهەم بوو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَقْرَبُوا الصَّلاَةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾.[3]

ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی تیا نیە لە دوور ونزیك بۆ رەوایی دان و رێپێدان بە سەرخۆشکەرەکان، وانە ئاماژەبێت بۆ ئەوەی لەدەرەوەی کاتی نوێژکردن مەیخواردنەوە رێپێدراو بێت..بەڵکو ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرخۆش کاتێ نوێژی کرد، بەرپرسیاریەتیەکی تری لەپاڵ بەرپرسیاری نەخواردنەوەی مەیەکەی دەکەوێتە سەرشان، مەبەستیش لەم فەرمانی وازهێنانە (نەهیە) راهێنانی مرۆڤە لە وازهێنان لەو کردە خراپەیە.

٤- قۆناغی چوارەم و کۆتایی: لوتکەی پلەبەندیەکەو جێگیرکردنی تەواوی حوکمەکەیەو ملکەچ بوونە بۆ فەرمانە خوداییەکە، ئەم قۆناغە ئەوەیە کەبەدەقی قورئانی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ

[1] چوارینەکانی خەیام/ لا١٦١.
[2] الفروق للقرافي ٢١٧/١.
[3] النساء/٤٣

لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾.[1]

ئەم دوو ئایەتەی کۆتایی ئاماژەن لە سەر حەرامکردنی هەموو جۆرەکانی سەرخۆشکەرو لە هۆشبەر، وەك ئاماژەیەکی بڕاوە لەم حەوت ڕووەی خوارەوە:

یەکەم: خوای گەورە مەترسی وحوکمی مەی لە ریزی مەترسی و حوکمەکانی وەك قومار و بتپەرستی داناوە، دیارە قومارو بتپەرستیش لە تاوانەگەورەکانن" ئەو تاوانەی کە مەترسین لەسەر کۆمەڵگە".

دووەم: مادە سەرخۆشەکەرەکانی بەشتێکی گڵاو (رجس) باسکردوە، دیارە گڵاویش وەك پیس(نجس) نیە کە بەشۆردن پاك ببێتەوە، چونکە گڵاو بەو شتانە دەوترێت کە پاکبوونەوەیان نیەو گڵاویان لێ نابێتەوە پیسیەکەیان لە خۆیاندا هەڵگرتوە.

سێیەم : خوای گەورە بەکردەی شەیتان هەژماریکردوە، دیارە هەموو کردەیەکی شەیتان لە خۆیدا خراپە، هەموو خراپێکیش زیانمەندو حەرامە، ئەمەش وەك بنەمایەکی شەرعی کە کۆڕاییەك لەسەری هەیە.

چوارەم: فەرمان بە دوورکەوتنەوە بە دەستەواژەی (فَاجْتَنِبُوهُ)ووون و رەوان وبەهێزە لە رووی دەستەواژەو دەربرینی شێوازی حەرامکردنەوە وەك (حرمت عليكم الخمر– مەی حەرام کرا لەسەرتان) چونکە ئەم دەستەواژەیە بەکار ناهێنرێت تەنها بۆ ئەو دۆخانە نەبێت کە مەترسی و نەخۆشی پەتا و لەناوبەر هەیە، وەك ئەو نەخۆشیانەی زوو بڵاودەبنەوە وەك تاعون و چاوەقووڵە، دەستەواژەی "دوورکەوتنەوە لێیان"فَاجْتَنِبُوه" بۆ بەکاردێت.

پێنجەم: خوای گەورە وەك سەرچاوەیەك بۆ شەڕو ئاژاوەو دوژمنایەتی باسی لێوەکردوە، بەهۆی ئەو کاریگەریە چالاکەی لەسەر عەقڵ و هۆشی مرۆڤ هەیەتی.

شەشەم: وەك ئەوەی بۆ مرۆڤ بەرگرێت لە بەردەم یادی خوادا، و بەربەستێك بێت لەبەردەم بەجێهێنانی پەیامە ئینسانیەکەی..

---

[1] المائدة٩٠–٩١

حەوتەم: فەرمانی وازهێنان لە خواردنەوەی هەموو جۆرە سەرخۆشکەرو هۆشبەرێك بە شێوەیەکی بنبڕکراو، بەدەستەواژەیەکی رەوان و بەهێز کە شێوازی پرسیاری ئینکاریە بەفەرموودەی خوایی کەدەفەرموێت:﴿فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾.

ئاستی کاریگەری سەرخۆشی لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە شەریعەتی ئیسلامیدا:

زانایانی ئیسلامی لەئوصولی و شەرعزانەکان، دەرکەوتەی شیاوی (الاهلیە)یان کردوە بەدوو بەشی سەرەکیەوە:

دەرکەوتە ئاسمانیەکان(عوارض سماویة) خۆنەویستەکان و دەرکەوتە دەستکەوتوەکان (عوارض مکتسبة) (دەرکەوتەی خۆویست).

دەرکەوتە ئاسمانیەکان ئەوانەن کە ویستی مرۆڤ دەسوەردانی تێیاندا لە روودانیاندا نیە، وەك شێتی و منداڵی و ئەوانەش دەچنە ژێرهەمان حوکمی ئەمانەوە. دەرکەوتە دەستکەوتوەکان ئەوانەن کە ویستی مرۆڤ لە بوون و روودانیاندا هەیە لەوانەش سەرخۆش بوون.

هەریەك لەوانەش بۆ سێ جۆر دابەشیانکردوون:

١- دەرکەوتانێك (عوارض) کە هۆش و ویست ووندەکەن وەك شێتی و سەرخۆشیەك کە کاریگەری عەقڵ ناهێلێت و تووشی شلۆلی دەکات و لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی پەکی دەخات، دیارە سەرخۆشی عەقڵ وا لێنکات وەك ئەوەی شێتی نایهێلێت، ئەوقسەیەی بەخامۆشکردنی عەقڵ بەسەرخۆشکردن هاتوە بەرەمبنای ئەگەری بوونیەتی.

٢- دەرکەوتانێك کە شیاوی کەم دەکەنەوە وەك منداڵی لە قۆناغی هەرلشی- جیاکاریکردن (مرحله التمیز)وگەمژەیی پاش دانانی حجر و سەرخۆشبوونی بەشەکی (نمچە سەرخۆشی)کە کاریگەری ناتەواو لەسەر عەقڵ دەخاتەوە. بەلام بەتەواوی پەکی ناخات، ئاشکرایە ئەم جۆرە بەرگیر(مانع) نابێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری، بەڵکو وەك پاساوێکی سووکردنی سزا رۆڵ دەبینێت و بەرگیرێکی سانا لەبەردەم سزای بریار لەسەردراوی تاوانەکە دەبێت لەسەر ئەوەی کە نیمچە شیاوە تاوانەکەی لەئەستۆدایە، بۆیە نابێتە بەرگیری رەهای سزاکە.

٣-دەرکەوتگەلێك کە هیچ کاریگەریەکیان لە سەر عەقڵ نیە، لێرەوە شوێنەواریش لەسەر شیاوی(اهلیە) دانانێن بەوەی کەم یان زیادی بکەن، بەڵکو هەڵسوکەوتی مرۆڤە تووشبوەکە سنووردارەدەکەن بەو دەرکەوتەیە، ئەوەش بۆ پاراستنی مافی ئەوانی تر وەك نەخۆشیەك

کەمردنی پێومبێت بەنەخۆشی مردن ناوبرێت، بۆنموونە مرۆڤی توشبوو بەنەخۆشی مردن بەخشین (تبرعات)ەکانی دەکەونە ژێر حوکمی راسپاردەکان(وصیە)وە، سێیەکی دەتوانێت هەڵسو کەوتی پێومبکات، لەوە زیاتر دەبێت پرس بە میراتگرەکانی بکات بۆی نیە بیبەخشێت بێ مۆڵەتی ئەوان پاش مردنی نەخۆش، ئەگەر مۆڵەت وەرگرتنەکە لەبەر دوورکەوتنەوە لە ناچاری ئەدەبی لەکاتی مانی نەخۆش سنووورەکەی تێنەپەڕێنێت .

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیدا گرنگە بەلای ئێمەوە بریتیە لە پرسی سەرخۆشبوون جا ئەگەر لابەری تەواوی شوێنەوارەکانی عەقڵ بێت، یان بە شێوەیەکی بەشەکی، بە جۆرێك ولەکات لەسەرخۆش شیاوی(اهلیە)نەهیلێت، بەڵکو بیگۆرێت بۆ ئاستی نیوچە شیاوی(ناقص الاهلیە)، بۆئەمەش زانایانی ئوصول وشەرعزانانی ئیسلامی رێگاکانی خواردنەوەی سەرخۆشکەرو هۆشبەرەکانیان دابەشکردووە بەم وردەکاریانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەر پێدان وخواردنەوەیان بە شێوەیەکی رێپێدراو بوو(مباحە):

گرنگترین ئەو رێگەو شێوازانەی دەست بردن بۆمەی وهۆشبەرەکان بە شێوەی رێپێدراو ئەمانەن:

١– رێگەی ناچارکردن، وەك ئەوەی کەسێك بە زۆر ناچاربکرێت لە خواردنەوەی مەی یان خواردنی مادەیەکی هۆشبەر و جێبەجێبکات، بەوەش ببێتە هۆی لاسەنگی ویست و هەڵبژاردنیەوە، لەوکاتی سەرخۆشی یان بێهۆشیەیدا تاوانێك ئەنجام بدات، جا ئیتر هەرجۆرە تاوانێك بێت و سزاکەشی هەر جۆرێك بێت، بۆیە ئەگەر سەلمێنرا کە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە ئەو سەرخۆش وبێهۆش بوو، ئەوە لەرووی تاوانکاریەوە نە سزای دونیایی نە پاشەرۆژی لەسەر نیە بێجگە لەخوێنبایی(دیە)، ئەگەر لەحاڵەتێکدا تاوانەکەی کوشتن بوو بە بێ ماف، چونکە کەسی بێهۆش کردە تاوانیەکانی بەهەڵە دێنە هەژمار، وەك شێت و منالی ناجیاکار.

بەڵام ئەگەر سەلمێنرا کە سەرخۆش بێهۆشی تەواوەتی نەبوبوو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، ئەوا تەنها باروبۆخەکەی بۆ سووك دەکرێت لە بەرپرسیارێتی وەرگرتن رزگاری نابێت، ئەوەش جێدەهێلرێت بۆ دادوەرکە "چۆن و چ ئەندازەو پێوەرێك" بە پاڵپشتی پسپۆرانی ئەوبوارە سزاکەی بەسەردا دەدات.

٢– حاڵەتی زۆر پێویست، لەوکاتەشدا کە بخۆری سەرخۆشکەر لێپرسینەوەی تاوانکاری لەسەر نیە، بە هۆی ئەو هێزو بارگرانیە لەتوانابەدەر و خۆنەویستەی لەسەریەتی و وای لێدەکات بەناچاری دەستی بۆببات و بیخواتەوە وەك ئەوەی لەکاتی زۆر تینوویەتی یان برسێتی

بەشێوازێك ئیتر ژیانی دەكەوێتە مەترسیەوەو خواردنەوەی ئەمەش هۆكارێك دەبێت بۆ رزگاربوونی لەو تینوێتی و برسیێتیەی. یاخود شتێك كەوتوەتە ناوقورگی كەسێكەوە لەم دۆخەدا تەنها رزگاركەرێكی ئەوبۆخە و میكانیزمێكی چارەسەر سەرخۆشكەرێك لەبەردەستە بۆ ئەوەی لە قورگی بچێتە خوارەوە .. ئەگەر خەڵەڵێكی گشتی خستەوەو لەو كاتی سەرخۆشكردنە تاوانێكی ئەنجامدا ئەو كات بەرپرسیارێتی تاوانكاری لەسەر نیە، بەلاّم ئەگەر نیوچە خەڵەڵێكی خستەوە ئەوكات پاساوەكەش تەنها سووككەرێكی بەرپرسیاریەتیەكە دەبێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- دەبێت هۆی خواردنەوەكە لە ژێر پەستانی پێویستیەكی تەواو (الضرورة)دابوبێت.

ب-دەبێت خواردنی سەرخۆشكەر بە پێی پێویستیەكە بێت، چونكە پێویستیەكان بە ئەندازەی خۆیان مەزندە دەكرێن..

ج- دەبێت لەكاتی سەرخۆشبوونەكەدا تاوانەكە ئەنجام نەدرابێت نەپێش نە پاشكەوتبێت..

د- لەوكاتەدا هیچ جێگرەوەیەك (بدیل)بۆ نەهێشتنی پێویستیەكە ئامادەنەبێت.

سەرچاوەی ئەم پاساوە بەرگیرە لە بەرپرسیارێتی تاوانكاری یاخود لە سزا ئەم ئایەتەیە كە دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾.[1]

٣- نەزانی: ئەوەی سەرخۆشكەرێكی خواردەوە و زانی سەرخۆشكەرە بەلاّم نەیزانی ئەوە حەرامە و لە تواناێشیدا نەبووبوو ئەو زانینەی دەسكەوێت، بەوەی كە تازە هاتبوە ناوئاینی ئیسلامەوەو لەنێو موسڵمانانندا نەژیاوە بەو ئەندازەی ئەم زانینەی لە حەرامی هەبێت . ئەم پاساوی نەزانینە وەك بەرگیرێك لەبەردەم بەرپرسیارێتی تاوانكاری سەرچاوەكەی قورئانی پیرۆزە بە چەند ئایەت جەختی لەوەكردوەتەوە لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا﴾.[2]

٤- هەڵە: مەبەست لە هەڵە، پێشبینیكردن و دەستبردن و و دەربڕینی بۆچوونێكە بە نارلست، ئەگەر كەسێك مادەیەكی هۆشبەر یان مەی خواردەوەو نەیزانیبوو ئەوە مەیە یان مادەی هۆشبەرە، لەم حاڵەتە دا بەرپرسیارێتی تاوانكاری لەسەر نیە. سەرچاوەی ئەم حوكمەش

---

[1] البقرة ١٧٣

[2] البقرة ٢٨٦

فەرمودەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)کە دەفەرموێت: ((لەسەر ئوممەتی من سێ شت هەڵگیراوە، هەڵەو بیرچوونەوەو ئەوەی بەناچاری پێیدەکرێت))، ئەمە سەرباری ئەو ئایەتە پیرۆزەش کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾.[1]

٥- هەر پاساوێکی تر کە شەرع بەرێگەیەکی رێپێدراو بۆ خواردنەوەی مەی و هۆشبەر وەصفی دەکات. شایانی باسەکە خواردنەوەی مەی لەلایەن نەخۆشێکەوە بە پاساوی ئەوەی کە رێنمایی پزیشکەو باوەریشی بە حەڕامبوونی مەی و هۆشبەر هەیە، ئەوە وەك پاساو پەسەند ناکرێت.

دووەم: ئەگەر خواردنەوەی سەرخۆشکەرێك بە رێگەیەکی نارەوا بێت:

هەر رێگەیەك ببێتە هۆکاری سەرخۆشی لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە یاساغ لەقەڵەم دەدرێت. کەسی سەرخۆش لە بەرپرسیارێتی نابوورێت بەرامبەر ئەوکردە نارەوایانەی کە لە کاتی سەرخۆشبوونی ئەنجامیان دەدات. حاڵی وەك ئەوکاتانەیە کە ئاگایە لەکردەکانی، بەمەش سەرخۆش جیادەکرێتەوە لەوەی کە مەرجی ئاگا لەخۆبوون وبوونی هۆشی تەواوی بۆ هەژمارە لە ڕوی بەرپرسیارێتی تاوانکاریەوە، ئەمەش تێکرای شەرعزان و کۆرای زانایانی ئومەت لە سەرەتای ئیسلامەوە تا بەئێمرۆی لەسەرە، بێجگە لە زاهیریەکان و هەندێك وتەی ناباوی مەزهەبەکانی تر ئەوەش بەهۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- سەرخۆش بە (موکەلەفی) دەمێنێتەوە لە کاتی سەرخۆشبوونیدا، چونکە خوای گەورە فەرمانیپێکردووە کە نزیك نەکەوێتەوە لە نوێژ لەکاتی سەرخۆش بوونیدا بە ئایەتی پیرۆزی : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾[2] . زانایانی ئوصول فیقهی ئەم ئایەتەیان وەك بەڵگەیەك هەژمارکردوە لەوەی کە سەرخۆشی بەرێگەیەکی یاساغ نە بەرپەرچی دەواو ئەرکە و نە پووچەڵکەرەوەی شیاویە (اهلیة)، بۆیە کەسی سەرخرش بەو دۆخەوە ملکەچی هەموو حوکمەکانەو هەموو دەستەواژەو رەفتارەکانی وەرگیراوە.

٢- سەرخۆشی فاکتەرێکی هاندەرە بۆ ئەنجامدانی تاوان. ..(القرافي[3]) لە ژێر ناونیشانی (چل

---

[1] الأحزاب/٥

[2] النساء : ٤٣

[3] الفروق للقرافي ٢١٧/١ بەدەستکاریەوە.

جیاوازیەکەی نێوان بنەما سەرخۆشکەرەکان و خەوێنەرو بێهۆشکەرەکان وخراپکەرەکان)دەڵێت: جیاوازی نێوانیان ئەوەیەکە ئەوەی دەیانخواتەوە یان ئەوەیە کە هەستەکانی لەدەست دەدات یان نا، ئەگەر هەستەکانی بینین و بیستن وبەرکەوتن و بۆنکردن و تامکردنی لەدەستچوو ئەوە بێ هۆشە و خەوالووییەتی، ئەگەر هەستەکانی لەدەس نەدا، ئەوکات خاڵی نیە لە یەکێك لەمانە، یان ئەوەیە لەگەڵیدا جۆرێك لە رەحەتی و خۆشی و هێزی ئارەزوی لای زۆری ئەوانەی دەیخۆنەوە یان نا، ئەگەر ئەوە رووبدا ئەوە سەرخۆشکەرە وەگەرنا ئەوە خراپکەرە، ئەوەیە کە عەقڵ وەلادەخات لەگەڵ رەحەتیو خۆشیەك وەك سەرخۆشکەرەکان. سەرخۆشکەرەکان ئازایەتی و هێزی دەروونی وتواناو ئارەزوو بۆ زەبرلێدان و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنان زیاد دەکەن.

لەسەری،، واتە وەك هۆشیارێك تەماشەدەکرێت لە ناولخنی رەفتار و دەرەنجامەکانی و هەروەها وەك خۆویستێك و هۆشیارێك هەرکردەیەك کە ئەنجامی دەدات لێی دەرولزێت، لەبەر ئەوەی هوشیارەو کارەکانی خۆ ویستن و ئەقڵی بەسەر شتەکاندا دەشکێ و بە پەیڕەنی عەقڵیەوە دەست بە مەیخواردنەوە دەکات، بۆیە لەکاتی سەرخۆشیدا هەر کردەیەکی تاوانکاری ئەنجام دا ئەوە وەك ئەوەی لە دۆخی هوشیاریدا ئەنجامی دابێت وەك سزایەك بۆی هەژمار دەکرێت، بۆیە راستەوخۆبونی لە بری حوکمی هۆکاربوونی بۆی هەژمار دەکرێت.[1]

٣- پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی گیان ماڵ وناموسیان. دیارە پارێزگاری بەرژەوەندی و پاراستنی مافی بێ تاوانەکان وادەکات سەرخۆش وەك بەرپرسیارێکی تاوانکاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە رووی تاوانکاری و مەدەنیەوە لەهەر کردەیەکی یاساغ کە لە کاتی سەرخۆشیدا ئەنجامی بدات، چونکە ئەگەر سەرخۆشی وەك بەرگیرێك (مانع)بە رەهایی لە بەرپرسیاریتی هەژمار بکرێت، چ بە رێپێدراوی یان بە یاساغی، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەرەنجامێکی نەرێنی مەترسیداری لە سەر ژیان و ماڵ و ناموسی خەڵکی دەخستەوە. ئەوکات ئەوەی بیویستایە تاوانێکی بکردایە ئەوە دەچو چەندپێکێ لە مەی دەخواردەوەو خۆی سەرخۆشدەکردو هەڵدەسا بەتاوانەکەو دواتریش

---

[1] شاعیرێکی کورد لەم بارەوە دەڵێت: کەجامت خستە سەر لێوت غەشیمانە..گەر زەهریشی تیادا بوو گوناهی خۆتە بیزانە

گوناهت کرد لەوکاتەدا کە بێ هۆشی....سزاو تاڵاوەکەی دەبێ هەروەکو بادە بنۆشی..(وەرگێڕ)

سەرخۆشیەکە دەبوە رێگری لە بەرپرسیاریتی تاوانیەکەی و کورد وتەنی " وەك بەرزەکی بانان بە بێ تاوان بۆی دەردەچوو"

٤- بنەمایەکی گشتیە لەشەریعەتی ئیسلامی و یاسای دانراودا: کە تاوانبار نابێت سود لە تاوانەکەی وەربگرێت، خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان لە تاوانەکانی (حەد)جێگیرەکانە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەگەر سەرخۆشی بەرگیر(مانع) بێت لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانکاریدا بە رەهایی، ئەوکات تاوانبار سودمەند دەبوو لەتاوانەکەی، کەئەمەش پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە کە کۆرای زانایانی یاساو شەریعەتی وەرگرتوە.

بەجێهێنانە ئوصولی و فیقهیەکان، ئەوانەی کۆرای زۆرینەی شەرعزانانیان وەرگرتوە:

١- **مەزهەبی حەنەفی:** زانایانی ئوصولی حەنەفی سەبارەت بە سەرخۆشبوون کۆڵینەوەیان کردوەو باسیان لێکردوە، وتوویانە کە ئەگەر سەرخۆش (مخاطب)ی سەلمێنرا، ئەوە ئە سەرخۆشیەی هیچ شتێك لە شیاوی(اهلیة)ی ئەو پوچەڵ ناکاتەوە. چونکە شیاوی بە عەقڵ و پێگەیشتوویە، بۆخۆی سەرخۆشی شتێك لە عەقڵ ناکات بە تەواوی بۆیە حوکمە شەرعیەکانی بەسەردا دەسەپێت..[1]

٢- **فیقهی حەنبەلی، لە (المغني)دا**[2] هاتوە: هەڵقلیسەنندنەوە (قصاص) لەسەر سەرخۆشە ئەگەر لەکاتی سەرخۆشیدا کەسێکی کوشت. چونکە هاوەڵانی پێغەمبەر هەستاون بە لێدانی حەدی ئەو سەرخۆشەی کە وتەی نابەجێ و جنێوی بە ناموسی موسڵمانانی وتوە، بۆیە ئەگەر سەرخۆش بەرامبەر بەکاری (جنێودان-قذف)ی لێبوردن نەیگرتبێتەوە و حەدی لەسەر بووبێت، ئەوە قصاصی لەسەر ئەولاترە..

٣- **فیقهی شافیعی: الباجوري**[3] دەڵێت: (ئەوەی بە هۆی خواردنەوەی (مەی)ەوە هۆشی وعەقڵی لەدەستدا وبوە هۆی ئالوودەبوونی پێی، ئەوە قصاصی لەسەرە، چونکە مامەڵەی موکەلەفی لەگەڵدەکرێت، ئەوەش وەك قورس کردنێکی بە ئەنقەست لەسەری، ئەگەرچی موکەلەفیش نەبو بە لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوەی سەرخۆش بوون نەبێتە هۆکاری خۆدزینەوە لە قصاص.)

٤- **فیقهی شیعەی ئیمامیە**، کە سێ بیرو بۆچوون لەوبارەوە لای ئەوان دەردەکەون:

---

[1] كشف الأسرار للعلامة عبدالعزيز البخاري على اصول البزدوي ١٤٧/٤.

[2] لأبن قدامة لبي محمد بن عبدالله بن أحمد بن قدامة ٦٦٥/٧

[3] پەراوێزی الباجوری هی (عەلامە الشيخ ابراهيم الباجوری) لە فقهی شافیعی لەسەر شەرحی (ابن القاسم الغزی) لە مەتنی(الغاية والتقريب، أبي شجاع أحمد بن حسين بن أحمد الأصفهاني الشافعي) ٢٠٥/٢.

یەکێکیان هاورای کۆرای زانایانی ئیسلامە لەوەی کە مەی نابێتە بەرگیر لە بەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا بەو مەرجەی بخۆرەکەی بەرێگەیەکی رێپێنەدراو(غیرمباح)بەکاری بردبێت.

وتەی دووەم هەڵگری دوولایەنە، یەکێکیان هاورایە لەگەڵ زاهیریەکانە لەوەی کە هیچ بەرپرسیاریەتیەك لە سەر تاوانباری سەرخۆش نیە بەو پێیەی لەوکاتەدا کە تاوان دەکات هیچ ئاگایەك و یستێکی هوشیارانەی راستەقینەی لانیە.[1]. دوەمیان تەماشەی بوونی ئەگەری وەك ویستی تاوانباری لای ئەو کەسە دەکرێت لەکاتی سەرخۆشبوونیدا، چونکە ئەگەر ئەو نیازە پێشتر لای ئامادەبووبێت، ئەوا لەشوێن کەسێکی هوشیار دێتە هەژمار.

وتەی سێیەمیش وەك ئەوەی بەرێزی لە(تکملە المنهاج)ی ئیمامی خوئی[2]دایهاتوە، دەڵێت: (ئەگەر بکوژ سەرخۆش بوو ئایا قصاصی لەسەرە یاخود نا؟ بۆ ئەمە دوو وتە هەیە: یەکەمیان دراوەتە پاڵ ئەولەی ناودارن(المشهور)و دوەمیان کۆمەڵ و حمهور لەسەری رۆیشتوون، بەڵام دوور نیە لەوەی کە بوترێت ئەوەی کە مەی دەخواتەوە وابزانێت بە جۆری لەجۆرەکان دەبێتە هۆکارێك بۆ تاوانی کوشتن، شوێنەکەی ئەوە دەخوازێت ئەو تاوانەی تیادەربکەوێت، ئەوە سەرخۆشی بکوژ قصاصی لەسەرە. ئەم حوکمە سەرباری ئەو بنەما (قاعدە)یە، کە سەرخۆش پێش ئەوەی مەی بخواتەوە ئەوە پێشبینی کوشتنی کردوەو پەی بەوە بردوە کەرەو کوشتن دەچێت، بۆیە لەخواردنەوەی مەیەکەدا نیازی ئەو کوشتنە هەبوە، بۆیە کوشتنەکەی بەسەرخۆشی بە کوشتنێکی ئەنقەست بۆی هەژماردەکرێت. بەڵام ئەگەر لەم شێوازە نەبوو کوشتنەکە رێکەوتنی بوو، حوکمی کوشتنی ئەنقەستی بەسەردا ناسەپێت بەڵکو خوێنبایی(دیە)ی دەکەوێتە سەر. ئەم وتەیەش ئامازەیەکە بۆ ئەوەی کە حوکمی سەرخۆش هەمان جۆری حوکمی شێتی هەیە لەکاتی تاواندا، ئەگەر پەی بەوەنەبرد لەوکاتەی مەی دەخواتەوە کەکاتی سەرخۆشبوونی تاوانێکی وەك کوشتنی نایەتە رێگەی، ئەوکات ئەم سەرخۆشیەی بەرگیرێك دەبێت لەبەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاری و سزاکەی، ئەوکات تاوانەکەشی بە تاوانێکی هەڵە دێتە هەژمار، بۆیە ئەگەر بەو جۆرە سەرخۆشیەوە

---

[1] الحلي، الشيخ ابوطالب محمد بن حسين بن يوسف المطهر الحلي، إيضاح الفوائد في شرح اشكالات القواعد ٦٠٠/٤.

[2] ٨٠/٢

كوشتنی ئەنجامدا سزاكەی تەنها خوێنباییە، بەلأم ئەوە روون نەكراوەتەوە ئایا خوێنباییەكە لەسەر تەنها ماڵی خۆی دەدرێت یاخود لەسەر خزمانی پشتی دەبێت.

٥- فیقهی زاهریە: دیارە فیقهی زاهیری پێچەوانەی ئەو راو بۆچوونەی زانایان و كۆرای شەرعزانانی باوی ئیسلامیە، لەو بارەوەی كە سەرخۆشی دەستدرێژی كار بەرێگەیەكی ناڕەوا بەرگیری لە بەرپرسیارێتیەكی تاوانی و مەدەنی پێكەوە بكات.، ئیبن حەزم دەڵێت:[1](لە چەندین بابەتدا حوكمی سەرخۆشمان خستە روو بەوەی كە سەرخۆش هیچی لێناگیرێت، تەنها ئەوە نەبێت كە حەدی خواردنەوەی مەیەكەی بەسەردا دەدرێت.

بوختەی بەڵگەی ئێمەش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَقْرَبُوا الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾[2]، خوای پەروەردگار بۆخۆی شایەتی ئەوەی داوە كە راسترینی شایەتدەرە، سەبارەت بەوەی كە سەرخۆش نازانێت و هۆشی لەوەنیە كە چی دەڵێت، باشە ئەگەر هۆشی لەوە نەبێت چی بڵێت ئیتر هیچی تری بۆ لەسەر بێت؟. هەمو دانایانی ئەم ئومەتە هاوڕان لەسەر ئەوەی كەسێك شتێكی هەڕلەخۆوە وت و نەیزانی چی دەڵێت و چی مەبەستە، ئەگەر ماناكەشی كوفر یان جنێو یان تەلاق بێت، ئەوا ئیتر شتی تری لەسەر ناكەوێت.

وەك وەلأمێك بۆ ئەم وتەیەی ئیبن حەزم كە بەدامەزرێنەری راستەقینەی مەزهەبی زاهیری دادەنرێت ئەم چەند تێبینیە دەخەینە بەرچاو:

أ. نارلستەیەكە پێچەوانەی هەموو ئەو كۆرایەیە كە ئومەتی ئیسلامی لەسەریەتی، كە هەر لەسەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تا بەئیمرۆ، بەوەی كە سەرخۆش بە رێگەیەكی ناڕەوا بەرپرسیارێتی تاوانی و مەدەنی لەسەرە لەبەرامبەر ئەوتاوانانەی لەكاتی سەرخۆش بوونیدا ئەنجامی دەدا..

ب. ئەم رایەی ئیبن حەزم رەتكراوەیە بەو بەڵگانەیە كە خستمانە روو لە سەلماندنی ئەوەی كە سەرخۆش بەرگیر نابێت لە بەرپرسیارێتی تاوانی ومەدەنی ئەگەر سەرخۆش هەستا بەئەنجامدانی تاوانێك لەكاتی سەرخۆشیدا چونكە ئەو بە رێگەیەكی ناڕەوا دەستی بردوە بۆخواردنەوەی مەی..

---

[1] ١٩٣/١١

[2] النساء : ٤٣

ج. ئایەتی پیرۆزی ﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى﴾ بەڵگەیە لەسەر بەرپرسیاربوونی نەك بەپێچەوانەوە، چونکە ئێمە سەلماندمان لە کۆڵینەوە ئوصولیەکاندا کە جەختیان لەسەر موکەلەفی سەرخۆش دەکردەوە کاتی کە سەرخۆشە. لێرەوەیە ئیتر بەرپرسیارە لەتاوانەی کەلێدەکەوێتەوە لەکاتی مەستیدا.

د. زۆرترین ئەو بەلگانەی کە ئیبن حەزم پشتی پێبەستوون لە کتێبەکەیدا(المحلى) بریتین لە قیاس، وەك خۆی لەم بانگەشەیدا بۆ ئەمە خستویەتیە روو، کاتێك دەڵێت" هیچ کام لە زانایانی باڵای ئەم دینە، لەوەدا ناکۆك نەبوون بەوەی کەسێك بە دەستەواژەی نازانم مانای...هتد" ئەمەش بۆخۆی ئاشکرایە کەقیاسە، لەکاتێکدا بەلگە هێنانەوە بەقیاس و پشت بەستن پێی لەلای ئیبن حەزم پوچەڵە، لێرەوە بنەمای پووچەڵ لەسەر پووصەڵ نانرێت.

هـ. سەرخۆش بۆ خۆی سەرپێچیکارێکی بەویست بووە، بەوەی کە مەی خواردوەتەوە، بۆیە کەسی سەرپێچیکار بۆی نیە سوود لە تاوانەکەی وەربگرێت، چونکە لە بنەما(القواعد)ڕێکەوتوو لەسەرەکانی زانایانی ئیسلامیە کە تاوانبار بۆی نیە سوود لە کردە تاوانیەکانی وەربگرێت.

و. مەرج نیە هەموو ئەوانەی مەی دەخۆنەوە هۆشیان لەدەست بدەن و نەتوانن جیاکاری بکەن و هەڵبژاردن و ویستی شتەکانیان لەدەست بەربێت و پەی بە دەرەنجامی تاوانەکەیان نەبەن. چونکە هەندێك بەهۆی زۆر بەکارهێنانی مەی، بەرگریان بۆمەی پەیدابوەو سەرخۆش نابن، بەڵکو مەستی زاڵ دەبێت بەسەریاندا بێ ئەوەی بیرو پەیبردنەکەیان لەدەست بڕوات.

ز. ئەگەر رای ئیبن حەزم وەربگرین، ئەوا گیان ومالّ و ناموسی خەڵکی بێتاوان دەکەوێتە بەر دەستدرێژی تاوانکاران، چونکە هەرکەس ویستی تاوانێك ئەنجام بدات خۆی لە مەی مەست دەکات و بەردەبێتە گیان و ماڵی ئەو خەڵکەو لەولاشەوە بێ سزا بۆی دەردەچێت، کە ئەمەش پێچەوانەی شەرع وعەقڵی ساغ ولۆجیکە.

٦- فیقهی مالیکی : فوقەهاکانی مەزهەبی مالیکی سەبارەت بەوەی کە سەرخۆشی بەرگیرە لەبەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاری و بەرپرسیار نەبوونی، بوونەتە دوو ئاراستە، یەکێکیان کە رای بەناوبانگ و پێشەنگیانە ئەوەیە کە کۆرای شەرعزانانی ئیسلامی لەسەریەتی، کەبەڵێ سەرخۆش موکەلەفە لەکاتی سەرخۆش بوونی، بەمەش بەرپرسیار دەبێت لەهەمو ئەو دلکەوتنانەی لەهەڵسو کەوتی نارەوای دەکەونەوە لەکاتی سەرخۆشبوونیدا، سەرەرای بێهۆشی وخۆنەویستی لەوەی کردویەتی، ئەوەش وەك سزایەك و زەجرێك بۆ ئەوەی کە سەرخۆشبوونی و لە هۆش خۆی نەمانی

بەدەست خۆی و هەڵبژاردەی خۆی بوە ئیتر لەوەش هەرچی بکەویتەوە هەربەرپرسیارە، لەلایەکی ترەوە خۆ دەبیێت سەرخۆش پێش خۆسەرخۆشکردنی بیری لەدەرنجامی سەرخۆشیەکەی بێت و بەرپرسیاریتی پارلستنی مافی خەلکانی لەبەرچاو بێت.

ئارلستەی دووەم، ئەوەیە کە ئەبووەلید سولەیمان کوری خەلەفی باجی[1] لەسەری رۆیشتوە، چونکە سەرخۆش پەیوەست نیە بەهیچ شتێك لەکاتی سەرخۆشبوونی وەك زیان خستنەوەی (نەفام وبێ عەقلّ—العجماء)ولیە و هیچی لەسەر نیە. دیارە ئەوسەرنج وتێبینیانەی هێنامانن بۆ ئیبن حەزم بەهەمان شێوەش بۆ ئەم رلستن و ئەم رلیەی ئەویش بەلای کورلی زلنیانەوە رەتکرلوەیە.

٧– فیقهی زەیدی: ئەمانیش لەگەڵ جەماوەرو کورلی زلنایانی ئیسلامی هاورلن لەسەر ئەوەی کە سەرخۆشی نابێتە بەرگیر(مانع)ی بەرپرسیاریتی تاولنکاری، ئەگەر سەرخۆش بەرێگەیەکی رێپێدرلوو رەوا مەی نەخوارلبیتەوە.[2]

١ المنتقى شرح موطأ الإمام مالك بن انس للقاضي الباجي ٧/٧١.

٢ الإمام أحمد بن قاسم اليماني التاج المنهب لأحكام المنهب، ٢٦١/٤

باسی دووەم
ناچارکردن و کاریگەری
لە سەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری
لە شەریعەتی ئیسلامی

(ناچارکردن –الإكراه) وشەیەکی عەرەبیەو لەڕوی زمانەوانیەوە وەرگیراوە لە "كره يكره كرهاً" واتە پێ خۆش نەبون، دژی پێ خۆش بوونە، یاخود خۆشم لەفلان نایە لەسەر ئەوکارەی خستویەتیە سەر من.[1]

لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە بە (الكره –بفتح الكاف وضمه)[2] بە ڕۆری یەکەمیان ئەوەی خۆشی لێت نایە لەسەری، دووەم ئەوەی خۆشت لێی نایە لەسەری، ولتای زاراوەیی (الإكراه) دوو تێگەیشتن لەسەری هەیە، گشتی کە لەناچارکردنی رەوا وەك ناچارکردنی قەرزدار بەگێڕانەوەی قەرزەکەی، ناچارکردنی ناڕەوا وەك ئەوەی بەزۆرە ملێ کەسێك ناچار بکەی کە مرۆڤێکی بێ تاوان بکوژێت، دیارە لێرەش مەبەستمان ئەم جۆرەیانە کە ناچارکردنێکی ناڕەوایە.

بە تێگەیشتنە گشتیەکەی پێناسەی وەها دەکرێت کە بریتیە لەو پەستانەی کە مرۆڤێك لەلایەن مرۆڤێکی ترەوە دەخرێتە سەری بەمەبەستی ئەوەی هەستێت بەکارێك کە ناچارکراو ڕەزامەند نیە لەسەری و پێی ناخۆشە کە بیکات یان وازی لێبهێنێت.

بە تێگەیشتنی تایبەتی پێناسەکەی بریتیە لەو پەستانە ناڕەوایەی کەکەسێك دەیخاتە سەر کەسێکی تر کە بەهۆی ئەو ترس وتۆقاندنەی هەیەتی دەیکاتە سەر دەروونی کەسی دووەم پاڵی پێوەدەنێت تابچێت بەکارێك هەستێت یان واز لەکارێك بهێنێت کە بەلای ئەوەوە ئەم کارە ناچاریە ناپەسەندە.

---

[1] لسان العرب لأبن منظور، ١٧/٤٣٠، فصل الكاف حرف الهاء.

[2] خودا دەفەرموێت ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً﴾الرعد : ١٥، خودا دەفەرموێت ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾البقرة : ٢١٦.

ئەم تایبەتە، ئەو مانایەیە کە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا بوونی هەیە، چونکە ناچارکردنی ناڕەوا کاریگەری لەسەر بەرپرسیاریتی تاوانکاری هەیە، ناچارکردنی سەربازێك بە کوشتنی ئەو کەسەی کەحوکمی سێدارەی بۆدەرچوە، ئەوحوکمەش پاڵپشتە بە بەڵگەی شەرعی یاسایی، هۆکارێك دەبێت بەوەی کەخوێنی کوژراو لەسەر ئەمی جێبەجێکەر نەبێت، نەلە رووی تاوانکاریەوە نەمەدەنی موە.

رەگەزەکانی ناچارکردن:

ئەوەی باوو ناسراوو بەناوبانگە لای یاساناسان ئەوەیە کە رەگەزەکانی ناچارکردن دوانن:

ئەوانیش: مادی و مەعنەوی.

رەگەزی مادی: بریتیە لەو میکانیزمەی بەکاردەهێنرێت بۆ پەستان خستنە سەر کەسێك کەمەستێت بە کارێك بەلایەوە پەسەندنیەو ویستی خۆی لەسەرئەنجامدانی نیە.

رەگەزی مەعنەوی: بریتیە لەو ترس و پەستانەی کە دەخرێتە سەر دەروونی ناچارکراولە ئەنجامی هەرەشەو بەڵێنی توند لەلایەن ناچارکارەوە.

بەڵام ئەم دابەشکاریە دوانیە بۆ رەگەزەکانی ناچارکردن لێکڕی دەبێت لەگەڵ ئەوینەما لۆژیکیە یەکلاکەرەوەیە کە "رەگەزی شتەدەرەکیەکانی دەرەوەی هزری مرۆڤ کە لەواقیعدا بوونیان هەیە، لەو بەشە پێکهێنەرانەی ئەوان، وەك مادەی سەرەتایی لە بونیادنانی کۆشکێك بۆ نمونە، بەڵام رەگەزەکانی بیرۆز و زاراوەکان لە هەموو زانستێکدا بریتین لەو موفرەدانەی کە لە پێناسەکانیانەوە وەرگیراون، لە سەر بنەمای ئەو راستیە لۆژیکیە رەگەزەکانی ناچارکردن پێنجن ئەوانیش: ناچارکار، ناچارکراو، ناچارلەسەرکراو، ئەوشتەی هەڕەشەی پێکراوە، جۆری ترس و تۆقاندنەکە(رەهبە) نمونە ئەوهەرەشەیەی کەبومتە شایەنی ترسان.

جۆری یەکەمیان لە رەگەزە مادیەکانن و پێوەرەکانیان بابەتین، پێنجەمیش مەعنەویەو پێوەرەکەشی خودی و کەسیە. پاشان ئەم رەگەزانە بەس نین بۆ جێبەجێبوونی تەواوی ناچارکردن وەك ئەوەی ببێتە بەرگیرێك لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانکاری، بەڵکو سەرباری ئەوانە دەبێت هەندێ مەرج هەبن کە ئێمە لەخوارەوە دەیانخەینە روو:

مەرجەکانی ناچارکار:

ناچارکار ئەوەیە کە هەڕەشەی مەترسی خستنەوە لەسەرئەوی تر دەکات کە ئەگەر ئەوەی دەیەوێت بۆی جێبەجێ نەکات، هەرەشەکانی بەجێدەگەیەنێت. ئەم ناچارکارە پێویستە ئەم چەند مەرجەی تێدا هەبێت:

١. دەبێت ئەوەی سەرچاوەی ناچارکردنەکەیە مرۆڤ بێت، ئەگەر ئاژەڵ بێت یان هێزێکی لە توانابەدەربێت (لەناو سرووشتدا بێت) ئەوکات کەسەکە خۆی (چ گیانی یان ماڵی یان ناموسی) لەبەرهەڕەشەدایە و لە حاڵەتی زەرورەتدایە نەك ناچارکردن.

٢. دەبێت ناچارکار توانای جێبەجێکردنی ئەو هەرەشەو بەڵێنە مەترسیدارانەی بۆ سەر ناچارکار هەبێت لەکاتی بەجێهێنانی یان بەجێنەهێنانی بەو کارەی بەسەریدا بە ئەرێ یان نەرێ داویەتی. هەندێ لە شەرعناسان لەوانە ئەبو حەنیفە(رەحمەتی خوای لێبێت) والیدەنێ کە" ناچارکردن ناسەپێنرێت تەنها لەلایەن سوڵتانەوە نەبێت، واتە خاوەن دەسەڵاتێکی دانپیانراو لەلایەن خەلکیەوەو ئەوانیتر ملکەچی و گێرایەڵی بۆبەن وەك سەرۆکی دەوڵەت یاخود هەرکەس نوێنەرایەتی ئەو بکات، بەڵام هاورێکانی (ئەبویوسف و موحەمەد– رەحمەتی خوای لێبێت) پێچەوانەی ئەون بروایان وایە کە ناچارکردن لەهەر کەس دەوەشێتەوە کە توانای جێبەجێکردنی ئەو هەرەشەکردن و مەترسی خستنەوەیان هەبێت کە لەکەسێکی تری دەکەن، جا ئیتر سەرچاوەکەی دەسەلاَت بێت یان خۆسەپاندن و یان دزی و چەتوونی ئەوانە بێت.

بەڵام کاسانی لە کتێبی البدائع[1] دا پاساوی بۆ ئەو جیاوازیەی ئەوانی هێناوەتەوە بەوەی کە هۆکاری ژینگەیی و قۆناغی مێژوویی وایکردو کەرای جیاوازیان لە ئەبو حەنیفە هەبێت.

مەرجەکانی ناچارکراو:

ناچارکراو ئەو کەسەیە کە هەڕەشەی مەترسی خراوەتە سەر ژین یان ماڵ یان ناموسی، یاخود هەڕەشەی مەترسی خستنە سەر ژیانی کەسێکی ئازیزی وەك منالەکەی یان ژنەکەی یان دایك و باوکی یان برایەکی یان خوشکەکانی...هتد لێکراوە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٩ /٤٤٨٩

بەمەرج گیراوە کە ناچارکراو ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

دەبێت هەڕەشەیەکی مەترسیداربێت بۆ سەرگیانی یان سەلامەتی یان نامووسی یان ماڵەکەی، جا ئەگەر ئەو هەڕەشەیە لە خۆی کرابێت یان لەکەسێکی ئازیزی .

دەبێت ناتوانا بێت لە ئاست لادانی ئەو ناچاریەی خراوەتە سەری، جا ئیتر بەرلکردن بێت لێی یان بەپشت بەستن بەپاساو دەسەلاّت بێت یان بە پەنابردنەبەر کەسێکی تربێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی، یان هەر رێگەیەك کەبتوانێت خۆی دەربازبکات، ئەوە بە ناچارکراو نازمێرێت.

دەبێت گومان تێبەرێنێت کە ئەگەر ئەو کار نەخوازراوەی خراوەتە ئەستۆی توانای خۆلادان یان جێبەجێنەکردنی نیەو گەر ئەنجامیشی نەدات ئەوا هەرەشەکە مسەوگەرە بەسەریدا دەیسەپێنێت، خۆ ئەگەر ئەو هەرەشەیە تەنها ترس و وەهمێك بوو ناچارکار مەبەستی جێبەجێکردنی نەبوو ئەوە لەم دۆخەی دەچێتەدەرەوەو بە ناچارکراو نایێتە هەژمار.

دەبێت ئەوەی ئەنجامی دەدات و لەوەوە دەردەچێت هیچ بژاردەیەکی خۆی تیایدا نەبێت و نەتێکەڵی بکات، چۆن وتراوە و ناچاکراوە بەبێ کەم و زیادی ئەنجامی بدات، هەرچی شتێك تێکەڵکرا بە ویستی ئەو ئەوە بە ناچارکراو نایێتە هەژمار بەڵکو وەك (گوێڕایەڵ) لە ڕووی بەرپرسیارێتی تاوانی و مەدەنیەوە مامەڵەی لەگەڵدەکرێت و لەسەریەتی.

مەرجەکانی ناچار لەسەرکراو (المکرە علیە):

ئەوەیە کە ناچارکار دەیەوێت کردنێك بە تۆبزی بە ناچارکراو ئەنجام بدات، چ بەکردن یان بە رێگیری بێت، جا ئیتر ئەوکردنە وتراو بێت یان رەفتاری بێت وەك تاوانێك، بەمەرج گیراوە کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١- کردەکە دەبێت کردەیەکی دیاریکراو بێت، نابێت هەڵبژاردن لەکردەکاندا هەبێت، واتە ئەگەر کەسی دووەم لە لایەن ناچارکارەوە پێی بوترێت ئازادی، من پێت دەڵێم دەبێت لەو کارانەدا یەکێکیان هەڵبژێریت ئەگەرنا دەتکوژم، ئەمە بەناچارکردن لای شەرعزانان وەرنەگیراوە، بەلاّم بەرای ئێمە ئەم مەرجە تەبریر نیە بۆ ئەو مەبەستە.

٢- دەبێت بەو کردەیەی ناچارکراو رزگاری بێت لە بەجێگەیاندنی هەڕەشەکەی ناچارکار، خۆ ئەگەر بڵێت خۆت بکوژە ئەگینا دەتکوژم ئەوە بە ناچارکردن نایەتە هەژمار.

٣—دەبێت ئەو کردەیە نارەوا بێت، ئەگەر ناچاریکرێت لە سەر جێبەجێکردنی قصاص یان گیرانەوەی قەرز بۆ خاوەنی خۆی یان هەر ئەرکێکی تری دونیایی یان دواڕۆژی سەرشانی مرۆڤ بەناچارکردنی ڕاستەقینە ئەمانە نایێنە هەژمار.

مەرجی هەڕەشەپێکراو (المهدد به):

دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیابێت:

١— دەبێت مەترسیەك بێت ڕوو لە ناچارکراو کرابێت یاخود ڕووی لە کەسێکی ئازیزی بێت جا مەترسیەکە مەترسی بێت بۆگیانی یاخود سەلامەتی جەستەیی یان ناموسی یانماڵی یان شتێ لەو جۆرە.

٢— دەبێت ئەو کردەیە لە سەر ناچارکراوە یاساغ بێت لە حاڵەتی هەڵبژاردن(اختيار)دا — ئەگەر بوترێت من خوێنی کوشتنەکەی فلان دەدەم دە تۆ بۆم بکوژە، گەرنا خوێنباییەکە لەتۆ دەسێنم ئەوکات بە ناچارکردن ناژمێرێت.

٣— دەبێت مەترسیەکە ڕاستەقینە بێت، خۆ ئەگەر شتێکی وەهمی بێت ئەوە ناچارکردنی لەسەر ناوەستێت..

٤—دەبێت مەترسیەکی چاوڕوانکراوی (ئێستایی-ئانی) بێت، خۆ ئەگەر هەڕەشەی مەترسی خستنەوە بکرێت لەسەر کەسێك لە پاشەڕۆژدا، ئەوە بە ناچارکردن نایەتە هەژمار.

٥—دەبێت مەترسیەکە گەورەو گران بێت خۆ ئەگەر مەترسیەکی سانا بێت وەك لە ناچارکردنی ناتەواو چونکە ئەوە پاساوێکی بەخشراو نابێت بۆ هەردو بەرپرسیاریەتیەکە، بەڵام بۆ دادوەرە وەك باروبۆخێکی سووککەری دەبینێت و تەماشەی توندی و هێزی ناچارکردنەکە مەزەندەبکات و پاشان سزاکەی لەسەر قیاس بکات.

٦—دەبێت لای ناچارکراو میکانیزمێکی تر نەبێت تاوەکو ئەو مەترسیە لە کۆڵ بکاتەوە، جا ئەگەر ڕێو شوێنێکی تری خۆرزگارکردن هەبوو لەوەی ناچارکار توشی کردوە ئەوە ئیتر وەك ناچارکراو نایەتە هەژمار و ئەو ناچارکردنەی نابێتە بەرگیر(مانع) لەبەردە بەرپرسیاریەتیە تاوانکاریەکەی.

٧—دەبێت مەترسیەکەی سەر ناچارکراو کەمتر نەبێت لە مەترسی ئەوەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات بەناچاری چونکە شوێنگەیەك بۆ ناچاری نابێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا کاتێك

هەرەشە لەسەرکراو بۆنموونە بریتی بێت لەماڵ و سامان لەجیاتی کوشتنی کەسێك، تەنها لە رووی سوککردنەوە رۆڵی دەبێت.

مەرجەکانی تۆقاندن(الرهبة):

بریتیە لەو مەترسیەی کە خراوەتە سەرناچارکراو وەك هەرەشە لە سەرگیانی و ماڵی و ناموسی یان کەسێکی ئازیزی، ئەمە رەگەزێکی مەعنەویە، پێوەرەکە پێوەرێکی کەسی و خودیە، بۆیە بۆ مەزەندەکردنی ئاستی ناچارکردنەکە سودی لێوەردەگیرێت، لەمەش رەگەزو تەمەن و تەندروستی و پێگەی کۆمەڵایەتی هەژمارن و هەرچی تریش لەو بارودۆخە کەسیانەی بۆ کاریگەری دڵنان لەسەر ویستی (ارادە)ئێی دەوەشێنەوە .

لە ترساندن وتۆقاندندا دوو مەرج بەشداری دەکەن:

یەکێکیان ئەوەیە کە بنەمایەکی ژێریانەی هەبێت و لەسەر بنەمای وەهم و خەیاڵ بونیاد نەنرابێت.

دوەمیش دەبێت ئەو ترس و سامە پاڵنەری سەرەکی لای ناچار کراو بێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە .

جۆرەکانی ناچارکردن:

شەرعناسانی حەنەفی ناچارکردنیان بەپێی ئەو مەترسیەی کە پێی هەرەشەدەکرێت لە ناچارکار، بۆ دوو جۆر دابەشکروە ئەوانیش ناچارکردنی تەواو و ناچارکردنی ناتەواو:

١- **ناچارکردنی تەواو** : ئەو جۆرەیە کە ئەوەی هەرەشەی لێکراوە مەترسی لەسەر گیانی یان سەلامەتی جەستەیی یان ماڵی یان ناموسیدەخاتەوە، پێی دەوترێت(ملجئ) چونکە ناچارکراو پەنا دەبات بۆ ئەنجامدانی تاوانێك کە خۆی پێی ناپەسەندە، کاریگەریەکەشی ئەوەیە کە هەڵبژاردن و ویستی ناچارکار بەرکەناردەکات و مەجبوری دەکات کە کردەیەك بکات کە خۆی پێی نارازیە یاخود لە کردەیەك وازبهێنێت کەدەبێتە هۆی ئازاردانی گیانی یان شتی تری ئەوانی تر. مەبەست لەو ناوهێنانەی بەو شێوەیە ئەوەیە نەرەزامەندەو نەهەڵبژاردن و ویستی کردنی بۆی هەیە، بۆیە ئەو لەنێوان هەڵبژاردنی دوو خراپەدایەو بەلای خۆیەوە ساناکەیان هەڵدەبژێرێت بۆ خۆی، ئەمە لەکاتێکدا ئەم هەڵبژاردنە بۆ خۆی هەڵبژاردنێکی پوچەڵە، چونکە ئەو ناچارکراوە بۆ وەرگرتنی ئەم هەڵوێستە لە چوارچێوەیەکی تەسکی دووخراپەدا گیری خواردوە نە هێزێك و نەپاڵپشتێکی فریادرەسیش شك دەبات.

٢- ناچارکردنی ناتەواو: بریتیە لەو جۆرەی کە هەڕەشەکان مەترسیەکەیان ناگاتە ئاستی کوشتن یان لەناوبردنی یەکێك لەئەندامەکانی یان لێدانێکی کوشندە کەبەر جەستە بکەوێت، یان لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە، کاریگەریەکەی ئەوەیە کە رەزامەندی ناهێڵێت بەڵام ناتوانێت هەڵبژاردن تەواو رەتبکاتەوەو خراپی بکات..

شایانی باسە پێوەری جیاکەرەوەی ئەم دووجۆرەی ناچارکردن(تەواو وناتەواو)سەرەڕای رەچاوکردنی و دیاریکردنی ناچارکردنەکە، بەڵام دەگونجێ ناچارکردنێك بۆ کەسێك تەواو بێتە هەژمارو بۆ کەسێکی تر بەناتەواو بێتە هەژمار، بەتایبەت ئەگەر ناچارکردنەکە پەیوەست بێت بە ماڵ و سامانەوە، ئەوە بەنسبەت هەژارەوە ناچارکردنی تەواوە و بۆ دەوڵەمەندێك بەناتەواو دێتە هەژمار، هەربەهەمان شێوە ئەگەر هەڕەشەکردن لە ناوبانگی و حورمەت بوو، پێدەچێت بە نیسبەت کۆمەڵێك کەسانەوە کەپێگەیەکی دیاریان هەیە لە هەوڵی پارلستنی سومعە و حورمەتی خۆیانن ئەوکات بەناچارکردنی تەواو بۆ ئەوان دێتە هەژمار، بەپێچەوانەوە بۆ کەسانی بێ پێگە و نەناسراو ناچارکردنێکی ناتەواو بێت. هەروەها بەنیسبەت گرتن و زیندانیکردن و ئەوجۆرە شتانە هەمان پێوەرو دەچەسپێت. لەبەرئەوە شەرعناسان زیاتر دەست بە پێوەرە کەسیەکانەوە دەگرن وەك لە پێوەرە بابەتیەکان.

پاشان حەنەفیەکان بەشێوەیەکی رەها ناچارکردنی بەشکراوی بۆ تەواو و ناتەواویان بۆ سروشتی ئەوشتە ناچارلەسەرکراوە دابەشکردوە بەناچارکردنی هەستەکی و، ناچارکردنی شەرعی.[1]

[1] بۆ زانیاری زیاتر تەماشەی نوسین و چاپکراوی ئێمە (موانع المسؤولیة الجنائیة في الشریعة الإسلامیة والتشریعات الجزائیة العربیة) لا١٧٦ دوای ئەو بکە.

باسی سێیەم :
هەڵوێستی یاسادانانەکانی سزایی عەرەبی سەبارەت کاریگەریی سەرخۆشکردن و ناچارکردن لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری

ئەم بابەتە دەکرێت بەدوو لقەوە، لقێکیان بۆ باسی کاریگەری یان بڵێین شوێنەواری سەرخۆشکردن تەرخان دەکەین و لقی دووەمیش بۆ کاریگەری ناچارکردن.

لقی یەکەم
کاریگەریی سەرخۆشکردن
لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری

سەرخۆشبوون لە زاراوەی یاساییدا حاڵەتێکی دەرکەوتەیە کە هۆش تیایدا تووشی لادان و لەخۆچوون دەبێت، بە هۆیەوە کۆنترۆڵکردن بەسەر ویستی خۆدا لاواز و بێ هێز دەکات، لە ئەنجامی ئەو مادەیەی کە ڕۆدەچێتە ناو لەش، بەتایبەت کاریگەری لەسەر مێشك دەبێت و کارلێکی لەگەڵ دەکات[1].

جۆرەکانی سەرخۆشکردن:

وەك چۆن شەرعزانان سەرخۆشکردنیان دابەشکردوە بۆ "سەرخۆشکردن بە ڕێگەی ڕێپێدراو سەرخۆشکردن بەڕێگەی ناڕەوا" بەهەمان شێوە یاسازانان خواردنەوەو وەرگرتنی سەرخۆشکەرەکان بەپێی ڕووکارە جۆراوجۆرەکان بۆ چەند جۆر دابەشکردوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

[1] د. محمود نجيب حسني، الوجيز في شرح قانون العقوبات المصري ،القسم العام، دار النهضة العربية، ل٤٤٣.
ل٤٤٣.

یەکەم: لەڕووی هۆکاربوونی خۆ هەڵبژاردنیان، بۆ دووبەشی "خۆویست وخۆنەویست" دابەشی دەکەن.

١- سەرخۆشبوونی خۆویستانە (ئەنقەست) ئەوجۆرەیە کەویستی کەسەکە لە هەڵبژاردنی سەربەستی خۆی ئامادەیە لەپشت خواردنەوەی مەی یان مادەی هۆشبەر، کە لەشەریعەتدا ئەمە بەرامبەرە بەوجۆرەی کە پێی دەوترێت خواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان بەڕێگەی ناڕەوا.

٢- سەرخۆشبوونی خۆنەویست(نائەنقەست) کە بریتیە لە سەرخۆشبوون بە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

یەکێکیان ئەوەیە کە تۆمەتبار مەی یان مادەی هۆشبەری خواردوە بەڵام بەویستی خۆی نا بەڵکو لەژێر پەستانی شتێکدا، بەوەی کەناچارکرابێت لەژێر پەستانێکی مادی یان مەعنەوی یان وەك وەلآمدانەوەیەك بۆ پێویستیەکی سەرەکی یان چارەسەر یان وەك خۆئامادەکردنێك بۆ نەشتەرگەریەك لە حاڵەتی لەهۆش خۆچوون.

دووەمیان ئەوەیە کە تۆمەتبار بێ ئاگایانە سەرخۆشکەری یان هۆشبەری بەکارهێناوە و نەیزانیوە ئەوە سەرخۆشکەرە یان هۆشبەرە، وەك ئەوەی کەوتبێتە هەڵەوەو خواردبێتی بێ ئەوەی بزانێت ئەوە هۆشبەر یان سەرخۆشکەرە.

بەرهەمی ئەم دابەشکاریە :

سەرخۆشبوونی خۆنەویستانەو دەست بۆ بردنی بەنەزانی، ئەوە بەرگیر(مانع)دەبێت لەبەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا بەهاوڕایی تێکرای یاساو یاساناسان و زانایانی دەوەری. بە پێچەوانەی سەرخۆشبوونی خۆویستانەی "دەستنەئەنقەست" کە ئەم جۆرەیان تا ئێستە جێگەی مشتو مڕو قسەلەسەرکردنە، کە ئایا بەرگیر دەبێت لە بەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاری وەك سەرخۆشبوونی خۆنەویستانە یان نەخێر بەرگیر نابێت لەبەردەم بەرپرسیارێتی..

دووەم: لە ڕووی کاریگەری " هەمەکی و هەندەکی"یەوە.

١- سەرخۆشبوونی قورس(هەمەکی) ئەو جۆرەیە کە وا دەکات لە سەرخۆش وەکو شێتی لێ بێت و هیچ هۆش و ژیریەکی تیانەمێنێت و نەتوانێت کۆنترۆڵی رەفتارو هەڵسوکەوتی بکات و نەتوانێت جیاکاری بکات.

٢-سەرخۆش بوونی سادە (هەندەكی) ئەو جۆرەیە كە كاریگەری نیمچەیی دەبێت لەسەر هۆشی و توانای جیاكاری لاوازدەكات..

بەرهەمی ئەم دابەشكاریە:

لە حاڵەتی ئەوەی سەرخۆشی خۆنەویست كە هەڵبژاردنی خۆی تیانەبوە، ئەگەر بە شێوەیەكی گشتی سەرخۆشی كردبوو، دەبێتە بەرگرێك(مانع)لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانكاریدا، بەڵام لەحاڵەتێكدا بایی ئەوەندە ئاگایی مابوو كە جیاكاری بكات "واتە نیوچە سەرخۆش بوو" ئەوكات ئەم حاڵەتەی دەبێتە نۆخێكی سووككەرلە سەر بەرپرسیاریەتیەكەی.

لەو یاسایانەی كە تیایدا بەدەق دانەنانی سەرخۆشبوونی خۆویستانەی هێنابێت وەك بەرگرێك لە بەردەم بەرپرسیاریتی تاوانكاریی لەیاسای سزادانی عەرەبی دەهێنین بەنموونە:

أ- یاسای میصری مادەی (٦٢): یاسای سزادانی كۆنی میصری بەیانی حوكمی سەرخۆشی پشت گوێ خستبوو، لە ڕووی بەرپرسیارێتی تاوانكاریەوە..كاریگەر بە یاسای تاوانكاری فەرەنسی، بەڵام پاش پەرەسەندنی یاسادان لەو وڵاتەدا بەدەقی مادەی (٦٢) لە یاسای سزادانی دەرچوو بەوەی كە "سزایەك بۆ ئەوە نیە كە هۆشی لەخۆی نەماوەو توانای هەڵبژاردنی شتەكانی لەدەستداوە، لەكاتی ئەنجامدانی تاواندا، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو لە هۆشخۆچوونەی كە بەهۆی هەر داوودەرمانێكی هۆشبەرەوە یان هەرشتێكی سەرخۆشكەر كە بەناچاری پێیدرابێت یان بە نەزانی خواردبێتی).

لەم دەقە ئەوە دەفامرێتەوە كە مەرجی بەرپرسیارنەبوونی سەرخۆش لەبەرامبەر ئەو تاوانەی كە لەكاتی سەرخۆش بوونی ئەنجامی ئەدات چوار شتە ئەوانیش:

١-دەبێت كەسەكە جۆرە دەرمانێكی هۆشبەر یان هەر جۆرە سەرخۆشكەرێكی خواردبێت و بەكارهێنابێت، یان مادەی هۆشبەری وەك حەشیش و ئەفیون و هاوشێوەكانی، جا ئەو بەكارهێنانە بەخواردن یان بە دەرزی لێدان یان بۆنكردن یان هەر ڕێگەیەكی تر..

٢-دەبێت خواردن یان خواردنەوەی ئەو مادەیە بەناچاری یان بە نەزانینەوە بوو بێت، بەوەی كە لەژێر پەستانێكی ناچاركردندا بووبێت یان لە حاڵەتی نەزانین و پەی نەبردن بووبێ پێی.

٣- ئەو مادەی سەرخۆشکەرە یان هۆشبەرە ببێتە هۆکاری لە هۆش خۆچوون و نەمانی هەستەکان و توانای هەڵبژاردنی ژیرانە. خۆ ئەگەر توانای جیاکاری و هەستی بە شێوەیەکی تەواو لەدەست نەدات، بەڵکو توانای ژیری مابێت و خاوەنداری هۆشی لەدەست نەدابێت بەتەواوی، ئەوا بەرپرسیاریەتی تاوانکاریی جێگیرە لای، بۆ دادوەر هەیە کە ئەو حاڵەتە سەرخۆشیە سادەی وەك سووککەرێکی بەرپرسیاریەتەکە بۆی هەژماربکات، وەك چۆن بۆیشی هەیە وەك ئەوەی باروبۆخەکەی لەبەرچاوە، وابخوازێت بە پێچەوانەوە سزاکەی قورستر بکات..

٤- دەبێت تاوانەکە لە کاتی سەرخۆشبوونەکەدا روویدابێت، بەوەی کە مادە سەرخۆشکەرەکەی خواردبوە، ئینجا هۆشی لەدەستداوە بە هۆیەوەو پاشان تاوانەکەی لەوکاتەدا ئەنجامداوە.

ئێمە کۆمەڵێك تێبینیمان لەو مادە یاساییە هەیە کە هاتووە لە چاپکراوێکماندا بەناوی(موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية والتشريعات الجنائية العربية) لاپەرە ٤٨ بە درێژی لەوبارەوە قسەمان کردوە، بۆیە ئەوەی دەمەوێت زیاتر لەوبارەی سەرنج وتێبینیانەمانەوە بزانێت بابگەرێتەوە بۆ ئەوسەرچاوەیە.

ب-یاسای عێراقی: لە دەقی مادەی (٦٠) دا هاتوە کە(لەرووی یاساییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت ئەوکەسەی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا هۆشی لەخۆی نەبێت یان ویستی لەگەڵدا نەبێت لەبەر شێتی یان بەهۆی نەخۆشیەکی پەکخەری ژیری، یان بەهۆی سەرخۆشبوونیەوە یان بە هۆی بەنجبوونەوە بەمادەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر کە بەناچاری پێی درابێت یان بەهۆی نەزانی و پێنەزانینەوە، یان لەبەرهۆیەکی ترەوە کە زانست پشتراستی لەهۆشخۆ نەبوونی یان وونبوونی ئیرادەی بکاتەوە، بەڵام کاتێك هیچ شتێك لەوبارەوە ساغ نەبوویەوە سەبارەت بەوە، یان مادە هۆشبەرەکە یان سەرخۆشکەرەکە بێجگە لەوەی تەنها نیمچە هۆش یان لاوازکردنێکی کاتی بوو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئەوکات ئەوە تەنها وەك بەڵگەیەکی سووککەری سزاکە دێتە هەژمار.)

هەروەها لە دەقی مادەی (٦١)دا هاتوە کە (ئەگەر لە هۆشخۆچوون یان نەمانی ئیرادەو ویست لە ئەنجامی هۆشبەرێك یان سەرخۆشکەرێکەوە بوو تاوانبار خواردبووی یان خوراندبوویەوە بە ئارەزوو ویست و زانینی خۆی، ئەوا سزای ئەو تاوانە وەردەگرێت کە لەو کاتەدا لێی

دەکەویتەوە،، وەك ئەوەی کەپێشتر ئەو تاوانەی لێ بکەویتەوە بە بێ سەرخۆشی و بێهۆش بوونێکی. هەروەها ئەگەر نیازێکی تاوانکاری لەپشت خواردنەوەی ئەو سەرخۆشکەرو هۆشبەرانەوە هەبوو، وەك ئەنجامدانی ئەو تاوانەی کەلەسەرخۆشیدا ئەنجامی داوە، ئەوکات نۆخێکی توندتری لە سزا بە سەریدا دەسەپێنرێت.)[1]

لەم دوو مادە یاساییە ئەوە دەفامرێتەوە کە یاسادانەری عێراقی سەرکەوتوو بوە لەوەی کە لە شوێنەواری سەرخۆشی یان بێهۆشی لە بەرپرسیاریتی تاوانکاریدا پێچ و پەنای نەهێشتوەتەوە، بە روونی هەستاوە بەجیاکردنەوەو بەشکردنی واتە بەم سێ بەش دابەشکردنەی:

بەشی یەکەم: سەرخۆشکردن (یان بێهۆشکردن)ی خۆنەویستانە کە هەڵبژاردنی خۆی تیانیە، ئەمە دەبێتە پاساوێکی یاسایی بەرگیر(مانع) لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانکاریدا بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- دەبێت خواردن یان خواردنەوەی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر لە دەرەوەی ویستی تۆمەتبارەوە بێت.

٢- دەبێت لە ئەنجامی ئەو سەرخۆشکەرو هۆشبەرەوە کە تۆمەتبار خواردویەتی هۆشی و توانای جیاکاری بەتەواوی لەدەست دابێت.

٣- دەبێت پەیوەندیەکی هۆکاری هەبێت لەنێوان خواردنەوەی مەی یان هۆشبەرەکە لەگەڵ لەدەستدانی هۆشی و نەمانی کۆنترۆڵی لەدەست خۆی.

٤- دەبێت ئەنجامدانی تاوانەکە لەکات و ساتی سەرخۆش بوونەکەیدا بێت.

بەشی دووەم: سەرخۆشکردن(یان لەهۆشبردن)ی خۆویستانە و بەهەڵبژاردنی خۆ:

ئەگەر تاوانبار (سەرخۆشکەر یا هۆشبەر)ی بە ویستی خۆو بەهۆشی تەواو هەروەها لەو مادەیەی کەدەیخواتەوە و چیش دەکەویتەوە لێی وەك دەرەنجامێکی سەرخۆشی و هۆشبەری زانی، بێ ئەوەی هیچ پەستانێکی لەسەربێت، ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتێکی تاوانی و سزایی لەسەرە، لەهەمو ئەو تاوانانەی لێی دەکەونەوە لەکاتی سەرخۆشبوونی یان بێ هۆشبوونی .

---

[1] بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ژمارە ١٤٧٧ لە ١٩٨٠/٩/١٥ سەبارەت بە هەژمارنەکردنی حاڵەتی خواردنەوەی مەی بە هەڵبژاردنی خۆ بە مەبەستی سووککردنی تاوان و وەك پاساوێکی سووککردنی و جۆرێك لە هەوڵی لەسەرلابردنی سزا، لە رۆژمێری الوقائع ژمارە ٢٧٧٩ لە ١٩٨٠/٩/٢٩دا بلاوکراوە.

بەشی سێیەم: ئەگەر تۆمەتبار بە ئەنقەست (سەرخۆشکەر یان هۆشبەری) خوارد یان خواردەوە، ولە بەنیازی ئەنجامدانی تاوانەکە لە کاتی سەرخۆش بوونی یان بێ هۆشبوونی ئەوکات سەرخۆشبوون یان بێهۆشبوونەکەی وەك دۆخێکی توندو قورس کەر بۆی هەژماردەکرێت، بۆ دادوەریش هەیە کە حوکمەکەی قورستر بدات لەوەی لە ڕووی یاساییەوە. بۆ تاوانەکەی دیاریکراوە، بۆ ئەنجامدەری تاوانێك کاتێك هاوشانی شتێك نیە کە دۆخەکەی سووك یان قورس بکات.

ج- یاسای سوریا مادەی (٢٣٤) و یاسای لوبنانی مادەی(٢٣٥): (لە سزاکەی دەبەخشرێت ئەوەی کاتێك بەهۆی هۆکارێکی کتوپڕ یان هێزێکی لەتوانابەدەری خۆیەوە تاوان ئەنجام ئەدات، لە دۆخی ژەهراوی بوونی کەسێك بەهۆی کحولەوە یان بێهۆشکەرێکەوە کە هۆشی پێ لەدەستدابێت، ئەگەر ئەو دۆخی ژەهراوی بوون لە هەڵەی بکەرەکەوە بوبێت، ئەوە بەرپرسیاردەبێت لەهەموو ئەو تاوانە خۆویست و خۆنەویستانەی لەو کاتی بێهۆشبوونەی دا دەکەونەوە، کاتێك وا پێشبینی کردبوو کە ئەگەر ئەو دۆخە بەسەرخۆیدا بهێنێت توانای ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی دەبێت، بۆیە هەر بە ئەنقەست وەهای کردبوو، بەمەبەستی ئەو تاوانەی کە ئەنجامیداوە لەکاتی بێ هۆشبوونەکەی دا ئەوە سزاکەی لەسەر توند دەکرێت.

لەم دوو یاسایە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەڵدەهێنجرێن:

یەکەم/ لە نێوان سەرخۆشکردنی خۆویستانە وخۆنەویستانە جیاوازیکردوە، دووەمی وەك بەرگیرێك لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانی دایە هەژمار و بەبێ ئەوەی یەکەمی لێ دەربکات.

دووەم/ بە پێچەوانەی یاسای میصری و عێراقی و زۆرینەی تری وڵاتانی عەرەبی کردوە لە جیاوازی کردنی نێوان تاوانە خۆویست وخۆنەویستەکان کەئەنقەستی و نەزانینی تێدا هەیە، لەبەرئەوە پێویستی بە بوونی نیازی تایبەتی ناکات وەك لە کوشتن و لێدان و لەناوبردن نیە. وادادەنێت کەسەرخۆشکردن و بێهۆشکردنی نائەنقەست بەرگیرێکە بە ڕەهایی لەبەردەم *بەرپرسیاریتی تاوانکاریدا، لەکاتێکدا هیچکامیان بەرگیر(مانع) نابن لە تاوانە* ئەنقەستیەکان، مەگەرتەنها واپێشبینیکرد لەکاتی خواردن یان خواردنەوەی هۆشبەر یان سەرخۆشکەرەکە بە ویست و هۆشی خۆی بۆی دەگونجێت کردەی تاوانی ئەنجام دەدات.

سێیەم/ وایداناوە خواردنەوەی سەرخۆشکەرو هۆشبەر تۆخێکی قورس ئامێز دەبێت بە پێی مادەی ٢٤٧ لەیاسای سزادانی سوریا و مادەی ٢٥٧ی یاسای سزادانی لوبنان، ئەگەر تۆمەتبار لەکاتی خواردنەوەکەی نیازی ئەوە بوبێت تاوانێك ئەنجام بدات.

چوارەم/ ئەگەر حاڵەتی خواردنەوە یان ژەهراوی بوونە خۆنەویستانەکە (غیر لختیاری) نەبوە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی لە هۆشی خۆی بچێت و توانای هەڵبژاردن و جیاکاری مابێت، ئەوە بکەر بەرپرسیارە بەرامبەر تاوانەکەی، بەڵام سزاکەی دەگۆڕێت یان سووك دەکرێت بە پێی مادەی ٢٤١یاسای سوری و یاسای ٢٥١ی لوبنانی.

پێنجەم/ هەردوویاساکە دەستەواژەی"لێخۆشبوون لە سزا"یان بەکارهێناوە، کە ئەمە دەستەواژەیەکی لەنگە، دەبوولەبری ئەوە بیان نوسیبا" لێخۆشبوون لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری" یان هاو واتای ئەوە چونکە لێخۆشبوون لە سزا واتادەروو دەستەبەرکەری لێخۆشبوون لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری نیە.

د- یاسای ئەردەنی: لە دەقی مادەی ٩٣ دا هاتوە کە (سزا بۆ کەسێك نیە کە بێ هۆش وبێ ئاگابێت لەکاتی کردنی تاوانەکەیدا ئەو بێ ئاگایی و بێ هۆشیەشی لە ئەنجامی خواردنەوەی مەی یان هەر جۆرە مادەو دەرمانێکی هۆشبەرەوە بووبێت، وەریگرتبێت یان خوراربێتیەوە بێ ویست و رەزامەندی خۆی یان بە نەزانانە و نەیزانیبێت مادەی سەرخۆش یان هۆشبەرن).

تێگەیشتنی پێچەوانەی مەرجی هاتوو لە کۆتایی دەقەکەدا ئەوەیە، ئەگەر سەرخۆشکردن یان بێهۆشکردن بەویستی خۆو رەزامەندی وزانیاری کەسی بکۆر بێت، ئەوە لێپرسینەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەرە لەو تاوانەی لەکاتی بێهۆشی و نەمانی توانای جیاکاری بەهۆی سەرخۆشبوونی یان بێهۆشبوونیەوە ئەنجامی داوە. پاشان تێبینی دەکەین کەئەم دەقە دەستەواژەی (لا عقاب) واتەسزای لەسەرنیە بەکارهێناوە، وەك لە مادەی پێشووتر ئاماژەمان پێدا دەستەواژەیەکی لەنگە.

هـ- لە دەقی مادەی (٢٣) لە یاسای سزادانی کومیتی جێبەجێکراو دا هاتووە کە(لێپێچینەوە لەرووی سزاییەوە لەسەر کەسێك نیە، لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا ئاگای لەخۆی و سروشتی کارو خەصڵەتە نارەواکانی نەبێت، یاخود ناتوانا بێت لە ئاراستەکردنی ویستی لە خواردنەوەی مادەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر، ئەگەر ئەو مادانەی خوارد لە ژێرپەستان و ناچارکردندا یان بە سەهوو نەزانیەوە، یاخود بە هۆی خواردنەوەیانەوە تووشی نەخۆشی عەقڵی بوو لەکاتی

ئەنجامدانی تاوانەکەو شێت بوو، لەم حاڵەتەی کۆتا حوکمەکانی بەندی دووەمی مادەکەی پێشووی بەسەردا دەدرێت).[1]

دەقی ئەم یاسایە ئاماژەیەکی روونی نەداوە لەبارەی حوکمی سەرخۆشبوونی خۆویستانە، بەڵکو ئیکتیفایکردوە بەو ئاماژەیەی کە لە تێگەیشتنی پێچەوانەی مەرجی هێنراو تیایدا هاتوە. ئەگەر مەرجەکە دولکەوت ئەوا تۆمەتبار لێپێچینەوەی بەرپرسیاری تاوانی تەواوی لێدەکرێت لەو تاوانەی ئەنجامی داوە لەکاتی سەرخۆشیدا. ئەم یاسایە جیاکاریەکی هەیە لەوەدا کەباسی لە حوکمی نەخۆشی عەقڵی بەهۆی سەرخۆشکەرو هۆشبەرەکانەوە کردوە، ئەگەر توش بوبوو،، ئاشکرایە کە نەخۆشی عەقڵی بە گشتی بەبەرگیر(مانع)ێکی رەها لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری هەژماردەکرێت، جا ئەگەر بەهۆی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر یان هەرهۆکارێکی تربێت.

و- یاسای قەتەری: لە دەقی مادەی (١٩) لە یاسای سزادانی قەتەری هاتوە، کە(بەرپرسیاریتی تاوانکاری لە سەر کارو کردەیەك نیە کە لە کەسێکی بێ هۆش هەروەها ناتوانا بەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتەکانیدا دەکەوێتەوە، ناتوانا بوە لە ئاراستەکردنی ویستی خۆی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا، بەهۆی ئەم هۆکارانەوە : أ، ب- سەرخۆشبونێك بەهۆی هەرمادەیەکەوە کە پێدرابێت بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی یان بێ زانین و ئاگابوون لێی). ئەم دەقە باسی لە حوکمی سەرخۆشبوونی خۆویستانەی (الاختیاري) نەکردوە، تەنها ئیکتیفای کردوە بەو ئاماژەیەی کە بە تێگەیشتنی پێچەوانە(مفهوم مخالف)دەکەوێتەوە.

ز- یاسای سودانی: لە دەقی مادەی (٥٠) هاتوە کە تەریب و چونیەکی هەیە لەگەڵ مادەی(١٩) لە یاسای سزادانی قەتەری، تەنانەت لە داڕشتنیشدا هەمان شێوەیە تەنها دەستەواژەی (لا مسؤولیة جزائیة-بەرپرسیاریتی سزایی نیە) بەڵام لە سودانیەکەدا دەستەواژەی(لا جریمە- تاوانێك نیە). ئاشکرایە کە دەستەواژەکەی دەقە سودانیەکە هەڵەیە چونکە سەرخۆشبوونی خۆنەویستانە هۆکارێك نیە لە هۆکاری رێپێدراوی(الاباحة)، تەنانەت دەوترێت (لا جریمة-

[1] واتە دادگا بریاردەدات، ئەگەر ئەو مەزندەی کرد کە مەترسیەکەی لەسەر ئاسایشی گشتی ئەوەندە هەیە ئەوە پابەندی دەکات بەوەی کە لەشوێنێی تایبەت بەو نەخۆشیانە راگیری بکات، لایەنی پەیوەندیدار بە ئیدارەکردنی ئەو شوێنەش ئاگادار دەکات هەرکات گەرایەوە باروبۆخی ئاسایی خۆی بیگەرێننەوە و رێگەی گەرانەوەی بەریدەن..

تاوانێك نیە) هەڵەیە، کە پێیوایە سەرخۆشبوون یان لەهۆشخۆچوون وەك شێتی یان منالّی ولیە، کردەی تاوانی لە خەصڵەتی تاوانی لێناکرێتەوە، کردەکە بۆخۆی هەر تاوانە بەلاّم بکەر لەبەرپرسیاریتی رزگاری دەبێت ئەوە لەبەر پاساوێکی یاسایی یان شەرعیە نەك شتی تر.

ح- یاسای مەغریبی: تەنها لەسەر سەرخۆشکردنی خۆویستانە وەستاوەو بەیانی حوکمی سەرخۆشبوونی خۆنەویستانەی پشت گوێ خستوە، ولەمردەکەوێت کە کە ئیکتیفای بە تێگەیشتنی پێچەولنە کردبێت، گەرنا ناکۆکیەك لە نێوان یاساکانی ولاّتانی عەرەبیدا نیە لەوەی کە سەرخۆشکردنی ناچاری و خۆنەویستانە بەرگیرێکە (مانع) لە بەرگیرەکانی بەرپرسیاریتی تاوانکاری، کە ئەگەر ئەو مەرجانەی خستماننە رو لەیاسای عێراقی و میصری تیایدا ئامادەبوو.

لە دەقی بەشی(الفصل ١٣٧)ی یاسای مەغریبدا هاتوە کە (سەرخۆشبوون و نەخۆشیەکانی هەڵچوون یان پاڵنەرە سۆزاویەکان یاخود ئەوەی لە خواردنی مادە هۆشبەرەکان بە ئەنقەستی دەکەوێتەوە هیچکات و لەهیچ باروەخێکدا ئەمانە بەرپرسیاریتی تاوانی لاتادەن یاخود کەمی ناکەنەوە.

گ- یاسای تونسی: یاسادانەری تونسی لەسەر سزای ئەوەی سەرخۆشکەرەکان دەخواتەوە کورتی کردوەتەوە، چونکە لای خۆیەوە بە تاوان دەینەناوێ، "بەپێی زانیاری من" باسی شوێنەواریشی لە سەر بەرپرسیاریتی نەکردوە، لەدەقی بەشی (٣١٧) دا هاتوە کە (سزا دەدرێت بەو سزا ئاماژەپێکراوە: یەکەم ئەوکەسانەی کە مەی و خواردنەوە کحولیەکان دەخۆنەوە لەموسڵمان و ئەوانەی تریش بەسەرخۆشی دەردەکەون. دووەم: هەرکەسێك لەحاڵەتی سەرخۆشیدا بوو بە ئاشکرا لە سەر رێگەگشتیەکاندا بوو یان شوێنەگشتیەکانی تردا بوو.)

هەروەها دەقی بەشی (٥٢) دا هاتوە (ئەگەرخۆی سەرخۆش کرد بۆ جاری دوەم و دووبارە، ئەوا سزاکەی بە قورسترین سزای بریاردراو لە بەشی ٣١٧ی ئەو یاسایە دەدرێت).

ی- یاسای لیبیا: لە مادەی ٨٧)یدا هاتوە: (لێپێچینەوەی نیە کەسێك کە کردەیەك ئەنجام دەدات و کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی بێ هۆش و ناتوانابوو بەسەر ویست و هەڵسوکەوتەکانیدا، بە هۆی سەرخۆش بوونی تەولوەتی یان رووداوێکی کتوپڕ، یان هێزێکی لە رادە بەدەر یان بەهۆی خواردن و وەرگرتنی مادەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر بە بێ زانین و زانیاری لەسەر بوونی.

هەروەها لە دەقی مادەی (٨٨) دا هاتوە (بەرپرسیاریتی تاوانکاری لەسەر لاناچێت و کەمیش ناکرێتەوە سەرخۆشبوونی رێکخراو بۆ ئەنجامدانی تاوانێك یان کردنە پاساوی، بەڵکو بە ئەندازەیەك لە سێ یەك تێپەر نەکات).

هەروەها لە مادەی(٩٠)دا هاتوە (سەرخۆشکردنی خۆویستانە ئاراستەی وەرگرتنی بەرپرسیاریەتەکە ناگۆرێت وکەمیشی ناکات).

ك– یاسای یەمەنی مادەی(٣٣): (لێپێچینەوەی لەسەر نابێت ئەوکەسەی کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی و لە سروشت و دەرەنجامەکانی بێ ئاگایە، بە هۆی مادەی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر بە تۆبزی یان بە نەزانی، یان لە بەرپێویستیەکی تەواوەتی دەستی بۆ مەی بردبێت. خۆ ئەگەر بە خۆ ویستانەو هەڵبژاردنی خۆی ئەوەی کرد، سزای دەدرێت وەك ئەوەی کە کردەکەی لەکاتی بە ئاگایی و دوور لە سەرخۆشی یان بێ هۆشی ئەنجامداوە.

ل– یاسای عومانی مادەی(٦٠٢)دا هاتوە:(سزایەك بۆ ئەوکەسە نیە کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانێك ئەوەش بە هۆی هۆکارێکی کتوپرەوە یان هێزێکەوە، هەروەها لە ئەنجامی حاڵەتی ژەهراویبوونی بەمەڵەی بکەر ئەوکات بەرپرسیار دەبێت لە هەرتاوانێکی نەخوازراو کە لێی بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر ولخۆی بینەوە لەحاڵەتێکی وا کەلەپاڵ خواردنەوەی نیازی ئەنجامدانی تاوانەکەشی تیابووە، بەوەش سزاکەی توندتر دەبێت بە پێی مادەی(١١٤).

ئەوەی لەو مادەیە بەپوختی دەفامرێتەوە ئەوەیە:

١– جیاکاریکردنی رۆشن لە نێوان لەهۆشخۆبردنی خۆویستانەو خۆنەویستانە، دوەمیش بەرگیر لەبەرپرسیاریەتی دەبێت بە پێچەوانەی یەکەم.

٢– جیاکاریکردن لە نێوان لەهۆشخۆبردنی نەخشە بۆ کێشراو[1] نەخشە بۆ نەکێشراو، یەکەمیان دەبێتە هۆی قورسکردنی سزاکەی..

لە سەر ئەم یاسایە چەند تێبینی هەیە :

أ–جیاکاری کردوە لە نێوان تاوانی بەئەنقەست و تاوانی نائەنقەست، وەك رێچکەگری بە یاسای سوری و لوبنانی، هەروەها کاریگەرە بەرای هەندێ لە راڤەکارانی یاسا، ئەوەش هەڵەیەکە

---

[1] نەخشە دارێژ: مەبەست ئەوەیە نیاز لەخواردنەوەی سەرخۆشکەرە بیانویەکە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، واتە پێش ئەوەی سەرخۆش کەرەکە بخوات پلانی بۆ تاوانەکە هەیە.

شایەنی لێبوردن نیە، ئەو جیاوازیکردنەش کاریگەری و دەرەنجامی مەترسیداری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

ب- تەنها باسی لەهۆشخۆچوونی کردوە بە هۆکاری هۆشبەرەکان، ئیتر باسی مەی و سەرخۆشکەرەکانی پشت گوێ خستوە.

ج- دەستەواژەی(لا عقاب- سزا نیە) ی بەکارهێناوە کە ئەمە نەنگیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، چاك وابوو بیوتایە (لا مسؤولية الجنائية- بەرپرسیاریتی تاوانکاری نیە).

لقی دووەم

ناچارکردن و

بەرپرسیاریتی تاوانکاری لە یاسادا

جیاوازیەك لەنێوان یاساناسانی تاوانکاری نوێدا نیە، لەوەی کە "ویستی ئازادی هۆشیار" بنچینەی بەرپرسیاریتی تاوانیە لە هەموو جۆرەکانی تاواندا، مەترسیدار بێ یان بێ مەترسی و زیان، - بە دەستەواژەی یاسایی- هەندێ دۆخی بەردەمگری(عارض)هەن وێنە پێشەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ویستە هەڵدەگرن و نایهێڵن، یان زۆرجارسنووری خۆویستانەی هەڵبژاردن تەواو بچوك و تەسك دەکەنەوە، بەحاڵەتی یەکەمی ئەم دۆخەش دەوترێت ناچارکردنی بەرجەستە(مادی) و بەدووەمیشیان دەوترێت ناچارکردنی مەعنەوی.

بەشی یەکەم: ناچاکردنی (بەرجەستە-مادی)

وەك ئەوەی هەندێك پێناسەیان کردووە[1]، ناچارکردنی بەرجەستە: سڕینەوەی ویستی بکەرە بە شێوەیەك ئیتر هەر شتێك کەلێوەی دەکەوێتەوە بێجگە لە جوڵاندنی ئەندامی یان هەڵوێستی نەرێنی ئیتر هەمووی لەخەصڵەتی خۆویستانە کەوتوون و نادرێنەوە پاڵی.

لەم پێناسەوە دەتوانین بڵێین ناچارکردن سڕەرەوەی ویستی مرۆڤە لە سەر کردەکانی، بەمەش سڕینەرەوەی کردارەکەیە لەسەر مرۆڤەکەو بەکردەی ڕاستەقینەی ئەو نایێتە هەژمار.

[1] الدكتور محمود حسني، الموجز في شرح قانون العقوبات(المصري)، القسم العام، لا٤٥٤.

کردە، ویست تیایدا رەگەزی بنچینەیە، جوڵەی ئەندامی و هەڵوێستی نەرێنی خۆنەویستانەن، لە زمانی یاسادا کردەی ئەرێنی یان رێگریکردن لە سەری ناوەستێ. ئەگەرکردەکە سڕایەوە و پەناکەوت پایەی مادی تاوانەکەش دەڕوخێت و نامینێت.

ئەگەر ئەم پایەی تاوانە(رکن الجریمە) بە بێ کردەکە بەدەرنەکەوێت. مانای وایە ناچارکردنی مادی بەرگیرێك نابێت لە بەرپرسیاریتی تاوانکاری، کاتێکیش شوێنگەی قسەوباس لەسەرکردنە لە بەرگیری بەرپرسیاریتی کە ویست ئامادەیی هەبێت.

ئەم پێناسەیە چەند تێبینی وسەرنجێك کەڵەکە دەکات لەوانە:

١– ئەم پێناسەیە سەرەوە هەڵەیە، سەرەرای پێگەی زانستی خاوەنەکەی، هەڵەکەش لە رووی لۆجیکیەوەیە، چونکە لۆجیکی یاسایی ئەوە دەبرێتەوە کە ناسێنەرو ناسێنرلو دەبێت لە خودا یەککگرتووبن، تاوەکو راڤەی یەکەم بۆ دووەم راستبێت و هەڵیبگرێت لەسەری. دەبێت لە رووی ئیعتباریەوە جیاوازبن، تاوەکو ئەرکی هیچ شتێ نەخاتە سەرشانی خۆی و راڤەی بکات بەخۆی . ئەم بنەما لۆجیکیە جێبەجێ نابێت بە سەر ئەو پێناسەدا، چونکە ناچارکردن خەصڵەتێکە ولبەستەیە بە ناچارکارەوە، هەلگیرانی ویستیش خەصڵەتێکی ناچارکراوە، چونکە ئەو خەصڵەتەی ولبەستەبوو بەو ویستەوە خەصڵەتی ناچارکراوە، بۆیە دوو وەصفکراو لە خودا جیاوازن، هەروەها صیفەتەکانیشیان جیاوازن، سڕێنەرەوەکە(المحو) بریتی نیە لە ناچاری کردنەکە، بەلکو شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی، بەلاّم ئەم تێبینیانە دەگونجێت پاڵیان پێوەنرێت، ئەوەی ئەو ویستویەتی لە (المحو–سڕێنەرەوەکە) لەکرداری تێپەڕ (فعل متعدی) بریتیە لە لابردنی کاریگەریەکە، نەك لە کرداری تێنەپەڕ(فعل لازم) بریتیە لە لاچوونی کاریگەریەکە.

٢–ویست بۆخۆی خەصڵەتێکی جێگیری نێو هەرمرۆڤێکی پێگەیشتووی خاوەن ژیریە، لە رووی خودیەوە نە راستدەکرێتەوەو نەدەسڕێتەوەو نەهێڵرێت، بەلکو لە بەهای یاساییەکەی نامێنێت و دەسڕێتەوە، ئەو لەکاردەخرێت بەهۆی ناچارکردنەکەوە تووشی ئیفلیجی دەبێت، لێرەوە شوێنەواری یاسایی لەسەر کەڵەکە نابێت وەك ئەوەی لەکاتی یاساییدا کەڵەکەدەبێت لەسەری، لەوانەش بەرپرسیاریتی تاوانکاری.

٣– ناچارکردنی مادی یان مەعنەوی، کردەکە ناسڕێتەوە، بەلکو لە بەها یاساییەکەی دلیدەماڵێت، بەوەش ئەو شوێنەوارە یاساییەی لەسەر کەڵەکە نابێت کە لەکاتێکی یاساییدا کەڵەکە دەبێت

لەسەری، کاری ناچارکراو لەسەر پاش جێبەجێبوونی لە ژێر پەستانی ناچاریدا، بوونی ڕۆشنی دەبێت، بۆ نموونە ئەوەی دەستی کەسێ تر دەگرێت و دەیجولێنێت ڕوەو سەلماندنی دلنایەکی نارلست لە ناو دەرچواندنی کردەیەکی ساختە، دلنای پێچەوانە بەرلستی بە هەست و بە بینین بوونی هەیە، بەلام بەها یاساییەکەی بوونی نیە،، هیچ گرنگی پێ نادرێت و هیچ شوێنەوارێکی یاسایی لەسەر کەڵەکە نابێت، لێرەوە لێپرسینەوەی تاوانکاری لەو ناچارکراوە نیە کە لە ژێر پەستانی ئەو ناچارکردنە مادیەدایە. ئەم دەستەوازانە زۆر ورد نین لای یاساناسانی تاوانکاری و مەدەنی ، هۆکارەشی نەزانینە بە بنەماکانی لۆژیك و ڕەوانبێژی زمانی عەرەبی.

پاشان ئێمە بەشوێن ریزکردنی پێناس و سەرنج نوسین لەسەریان نین، بەلام پێشنیاردەکەین کەپێناسەی ناچارکردنی مادی بکرێت بەوەی کە "ئەو هێزە مادیەی کە خۆی بەسەر ویستی کەسێکی تردا زاڵ دەکات و ئیفلیج و پەکی دەخات لە بەرەنگاربوونەوەیدا، بەپێچەوانەی ویستو ئارەزوەکانی، دەچێتە پێشی ئەوەی مەترسی لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوەکانی ناچارکردنی مادی:

ناچارکردنی مادی لەیاسادا وەك ناچارکردنی تەواوەتی نیە (الإكراه الملجي) لە فیقهی ئیسلامیدا، کە سەرچاوەکەی هەردەم مرۆڤ بێت، بەڵکو چۆن دەکرێت مرۆڤ بێت وەهاش دەکرێت کردەیەکی سرووشت یان کردەی ئاژەڵێك بێت[1].

أ- ئەو ناچاریەی کە لەرێگەی کردەی سرووشتیەوە ڕوودەدات: وەك کوژاندنەوەی لایتی ئۆتۆمبیلێك بەهۆی ڕەشەباوە لەشەوێکی تاریکدا و لەکاتی ڕێکردنی دا ببێتە هۆکاری تووشبوونی مرۆڤێك بە بریندلربوونی جەستەیی یان گیان لەدەستدان یان تیاچوونی ماڵ، ئەم شۆفێری ئۆتۆمبیلە هیچ بەرپرسیاریەتێکی تاوانی لەسەر نیە لەوەی کەلەدەستی دەکەوێتەوە لەکاری ناڕەوا و تاوان لە ئەنجامی ئەو هێزە لەتولنا بەدەرە خۆنەویستەوە، ئەمە لەتاوێکی ئەرێنیدا..

لەنموونەی تاوانە نەرێنیەکان کە هێزێکی زلدەبەدەر دەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا، لافاوە کە پردێك دەروخێنێت و ئەمەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم ڕۆیشتنی شایەتێك بۆ دادگاو لەوێ

[1] الدكتور القللي، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠١، الدكتور محمود محمود مصطفى، شرح قانون العقوبات، القسم العام، لا٤٩٥.

شایەتیدانەکەی لەبەردەم دادوەردا بدات، کە ئەم شایەتی نەدانەی لە خۆیدا سزای لەسەردەبوو وەك تاوانێك دەهاتە ئەژمار، بەلاَم لێرەدا بەرپرسیارێتی تاوانی لەسەر نیە، لێرەوە تاوانەکان ئەرێنی یان نەرێنی بن لەم شێوەیە بن بەرپرسیاریەتی تاوانکاریان لەسەر بکەرەکەیان نابێت.

ب- ناچارکردنێك لە ئەنجامی کردەیەکی ئاژەڵیدا کەوتبێتەوە: وەك دۆخی ئەو ولاَغەی کە شتێك دەیوروژێنێت و لێخورەکەی ناتوانێت بیگرێتەوەو دولجار زیان و تاوانێك دەخاتەوە .

نموونەی لەمەش سەگی هارە گاز لە کەسێك دەگرێ و رێگر دەبێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی یاسایی، کە ئەنجام نەدانی تاوانێکی یاساییە، لێرەدلو لەحاڵەتی یەکەمی کە ئەرێنیەو دوەمیش نەرێنیە، ئەوە تاوانبارلن هیچ بەرپرسیاریەتیکی تاوانی لەسەر هیچ کامیان نیە، لەسەر ئەم دوو حاڵەتەی لێیان کەوتەوە..[1]

ج- ناچارکردنێك لە ئەنجامی کردەی مرۆڤێك بکەوێتەوە: وەك ئەوەی کە مرۆڤێك کەسێك بگرێت و پەنجەمۆرێکی پێبکات لەسەر بەڵێننامەیەکی ساختە، یان قەباڵەیەکی ساختە، یان ناچاری بکات تا قسە لێوەرگرتنێکی درۆیینەی لێوەربگیرێت، یان زیندانی بکات و نەهێڵێت بچێت بەردەم جێبەجێکردنی ئەرکێکەوە کە بەیاسا ولزلێهێنان و نەکردنی تاوان بێت لەم دووحاڵەتە ئەرێنی و نەرێنیە لە رووی بەرپرسیاری تاوانیەوە تۆمەتبار لێپرسراو نیە.

پێوەرەکانی ناچارکردنی بەرجەستە (مادی):

ناچارکردنی مادی پێوەرەکانی بابەتین وەك ئەوەی لە پرلکتیك و نموونە ئاماژەپێکرلوەکاندا رۆشنکرلوەتەوە، هەرکات تۆمەتبار سەلماندی کە ئەوەی روویدلوە و لەو کەوتومەتەوە بەهۆی ناچارکردنێکی مادیەوە بووە، ئیتر لێپرسینەوەی تاوانی لەسەر نیە، جا ئیتر ئەوەی لەو کەوتومەتەوە تاولن یان کەتن یان سەرپێچی بێت، هەڵگیرلنی ئەو بەرپرسیاریەتیە پێویستی بەدەقێکی رووبر(صریح) نیە، مادلم ویستی ئازاد و هۆشیاری مەرجێکی بنچینەییە بۆ چوونە ژێر بەرپرسیارێتی تاوانی، ئەوەش جیاوازە لە حاڵەتەکانی ناچارکردنی تاوانی.

---

[1] الدكتور القللي، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٠١، الدكتور محمود محمود مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٩٥.

مەرجەکانی ناچارکردنی مادی:

بۆدانانی ناچارکردنی مادی وەك پاساوێك بۆ بەرگیری لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانی، کۆمەلێك خالّ بە مەرج دانراوە لەوانە:

١- دەبێت هۆکاری ناچارکار هۆکاری (ملجيء) وەك نەریت ڕوو نەدات و نەکراو بێت، - واتە بەعەقلّدا نەیەت- ڕوودانی یان دوورکەوتنەوە لێی...

خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی بوو پێشبینی دەکرا، یان لەتوانای ناچارکراودا بوو کە پێشبینی بکات و مل نەدات بۆی، کەچی هیچ شتێکی نەکرد بۆ دوورکەوتنەوە لێی. ئەوە بەگشتی بە هەڵنەبژێرەر (عديم الأختيار) نایەتە هەژمار، چونکە لە ویستیدا بەشێك لە ملکەچی ئامادەبوو هەیە بۆ ئەو هێزە سەپێنەرە، لێرەوە نابێت بۆ ناچارکردنی مادی بوونێکی یاسایی وەها هەبێت کە پاساوێکی بەرگیر(مانع) بێت لەبەردەم بەرپرسیارێتی کردەیەکی تاوانی کە لە ژێر پەستانی ئەو هێزە دا ئەنجام درابێت .

بۆنموونە سواری ولآغێك کە زانایە بەسەر خوو و جموجولّ و سەرشێتیەکانی ولآغەکەی، هەرکاتێك دەنگێکی ناسازی بیست کە پێی ڕانەهاتبوو ئیتر وادەکات، ئەگەر جارێك بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتنی بەناو ڕێیەکی قەرەبالّغی پر ئۆتۆمبێلدا بردی و یان نزیك بوو لە شوێنێك کە ئەودەنگە ناسازانە بە ئەو هەبوون، و حیسابی بۆ ئەو سەرشێتیانەی ولآغەکەی نەکرد، ئەوا لە ئەگەری سەرشێتی لێدانی ولآغەکە لەو ڕێگەدا بە هۆی ئەوخومیەوە کەمەیتی وا کەوتەوە کە زیانی مادی بخاتەوە یان بریندارکردنی خەلّکی لێبکەویتەوە، ئەوە سوارەکە بەرپرسیارە لەو ڕووداوانەی کەوتوونەتەوە لە ڕووی تاوانکاری و مەدەنی شەوە، هیچ کات ئەو دۆخەی کە لە ولآخەکە کەوتومەتەوە نابێتە پاساوێکی ڕەوا بۆ ئەوەی خۆویستی ئەو هەڵبگرێت لەو کردەیە، هەربۆیە نابێتە بەرگیر لەبەردەم بەرپرسیارێتی تاوانکاری، هەروەها خلیسکانی ئۆتۆمبێلێك بەخێرلییەکی ڕێپێنەدراو لە سەر زەویەکی نەرم و قوراویدا وەك پاساوێك نابێت بۆ خۆلادان لەو بەرپرسیارێتیە تاوانکاریەی لەو ڕووداوە کەوتومەتەوە، چونکە پێشبینیکردنی ڕووداوی لەو شێوە لەو شوێن و دۆخەدا ئەگەرێکی زۆرو هەبووە.

٢- دەبێت زۆر لە ئەستەمێکی باو بێت (المستحيل عادە) یاخود بلێین قورس بێت کەتۆمەتبار لەو کردەیە دووربکەوێتەوە، یان ڕێگریکار بێت لەوەی کەتاوانەکەی لەسەر دەوەستێت، بەوەی وا بیربکاتەوە کە قورس وناتوانایەو لە ئاستی وناتوانێت بەرەنگاری ئەو هێزە لە توانابەدەرە بێتەوە. ئەگەرچی لەخۆیدا ڕەنگ بوو بتوانێت یان کەسێکی تر ئەوەی توانیبا.

مەبەست لە (ئەستەم-الاستحالە) لێرەدا، نەکرانێکی سانای رێژەییە، ئەگەر لەتوانایدا بوو بەرەنگاری بکات یان بەرپەرچی بداتەوە و تاوانکردنەکە لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام کەموکورتی نواند و هیچ شتێکی ئەوتۆی نەکرد کە دۆخەکە لەسەرخۆی بگۆرێت و تاوانەکە ئەنجام نەدات، ئەوە بەرپرسیاریتی تاوانی لە ئەستۆیە، وەك چۆن گرتنی شایەت لە لایەن تاوانبارێکەوە بەمەبەستی(بەرگیری-منع) لە ئەنجامنەدانی شایەتی دژیان، کە وەك واجبێك ولبوو ئەو شایەتیدانە، بەڵام ئەو شایەتە بۆی دەرکەوت دەتوانێت رابکات یاخود داوای یارمەتی لە خەڵك بکات، بەڵام ئەوەی نەکرد و کەمتەرخەمی نواند، کردیە پاساوێك بۆ شایەتی نەدانەکەی، لەبەرئەوە ئەم کەسە لە رووی یاساییەوە بەناچارکراو نایەتە هەژمار، و لێخۆشبوونی لە ئاست بەرپرسیاریتی تاوانی نیە لەوەی کە شایەتیەکەی نەداوە.

هەروەها وەك لە ئەنجامدانی تاوانی شێلانی مرۆڤێك لە لایەن شۆفێرێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی، بەهۆی بەهێزی ئەو لایتە تیژانەی ئۆتۆمبێلێکی بەرامبەری وایکرد ئەم هیچ نەبینێت و بەردەوام بوو لەسەر رۆیشتە تیژرەویەکەی، کە لەتوانای ئەمدا هەبوو خاوی بکاتەوەو بوەستێت بەڵام نەوەستاو ئەوە روویدا.

هەروەها لێپرسینەوە دەکرێت لەو تاوانەی کە کتوپر روودەدات لە ئەنجامی تەقینی تایەیەکی ئۆتۆمبێلی کەسێك، چونکە دەیتوانی گرنگی بەو بوارە بدات و تایەی نوێی بۆ بکرێت.

هەروەها لێپرسینەوە لەو تاوانە دەکرێت کە بەهۆی ئەو بەردانەی لە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلێکدا دەردەچن یان بەردی بچووك دەردەچێت لەژێر تایەکان و رلگوزەرێك بریندار دەکات، ئەوەش بەهۆی توانای لەسەرخۆ رۆیشتن و بیری خۆپارلستن لەو رووداوانە.

٣- ئەگەر لەسەر ناچارکراو ناچارکردنێکی مادی بوونی نەبوو، بەڵام ئەو هێزە لەتوانا بەدەرە خۆی تێکەڵکرد، وەك ئەوکەسەی دەرگای ژوورێك یان باخچەیەکی ئاژەڵانی کردەوەو ئاژەڵێکی درندەی تێدابوو، هێرشی کردە سەری پاشان لە هەوڵی خۆرزگارکردنی خۆیدا تاوانێکی ئەنجامدا، ئەوە بەرپرسیاریتی تاوانکاری لەسەرە.

هەروەها ئەگەر کەسێك ئاگری نا بە شوێنێکی گشتیەوە، لەکات و هەوڵی کوژانەوەی ئەو ئاگرەدا کەسێك توشی سووتان هات، ئەوە بەدەر لەبەرسیاریەتی وەرگرتنی لە خستنەوەی ئاگرەکە، ئەوە لە رووی بەرپرسیاریتی تاوانکاریشەوە بەرپرسیارە لەو رووداوانەی کە زیانی گیانی و ماڵی بەوانی تر دەدەن و لەو ئاگرەوە دەکەونەوە .

٤- دەبێت ویستی دەسەوسان ببێت بە تەواوی: لە سەر بنەمای ئەم مەرجە، بۆ شۆفێری ئۆتۆمبیلێك نیە، بەكتوپڕی منالێك دێتە رێگەی و لەدورپانێك بۆ دووركەوتنەوە لەو دۆخەو لێنەدان لەمنالەكە بەئۆتۆمبیلەكە دەچێتە سەرشۆستەكە، لەسەر شۆستەكە كەسێتر دەكوژێت، ئیتر خۆی رزگار بكات بە بابەتی ناچاركردنی مادی، چونكە تۆمەتباری ئەم حاڵەتە ویستی هەرماوەو خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی، هەربۆیە ئەم دۆخەی بۆی دێتە پێش نابێتە بەرگیر لەبەردەم بەرپرسیاریتی تاوانی بەڵكو ئەم حاڵەتە وەك دۆخێكی سووككەر بۆی هەژمار دەكرێت.

ناچاركردنی بەرجەستەو هێزی زاڵ ولە توانابەدەر:

هەردوو لە رووپەكەوە لەیەك دەچن و لە رووپەكی ترەوە لەیەك ناچن :

أ- هاوبەشیان لەرووی لێكچوونەوە :

١- بەوەی هەریەكەیان دەتوانن بەرگیر(مانع) بن لەبەرپرسیاریتی تاوانكاری، ئەگەر مەرجەكانیان ئامادە بێت.

٢- رۆڵی بەرگیری هەریەكان پەیوەستە بە بوونی ئەو چوار مەرجەی پێشتر ئاماژەمان پێدان.

ب- رووی لێكنەچووی ئەو دوانە:

١- لە رووی سەرچاوەیانەوە: سەرچاوەی ناچاری مادی دەگونجێت مرۆڤ بێت یان سرووشت یان ئاژەڵ وەك پێشتر باسمان كرد، لەكاتێكدا سەرچاوەی هێزی زاڵ و لەتوانابەدەر خۆی لە دوانەكەی كۆتایی كورت دەكاتەوە، واتە مرۆڤ نیە مەگەر ئەو مرۆڤە شیاوی بەرپرسیاریتی تاوانی لەدەست دابێت، وەك شێت .

٢- لە رووی دەرەنجامەوە: لە حاڵەتی ناچاركردنی مادیدا بكەری راستەقینە لە تاوانەكە لەسەر ئەندازەی نەبوونی بەرگیری ناچاركردن، هەیە، بە پێچەوانەی دۆخی هێزە زاڵەكە، تاوان تیایدا بوونێكی نیە بەراستەقینەیی، بەهۆی نەبوونی شیاوی لەبەرپرسیاریتی تاوانی تاوەكو بیدرێتە پاڵ..[1]

پوختەی قسان لەوەی باسكرا ئەوەیە كە رێژەی لۆجیكی لە نێوان ناچاكردنی مادی و هێزی زاڵی

---

[1] د.محمود محمود مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩٤. د.محمود نجیب حسني، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٥٥.

لەتوانابەدەر بریتیە لە گشتێتی و تایبەتێتی ڕەها، هەموو هێزێكی زڵی لە توانابەدەر بۆخۆی ناچاركارێكی مادیە، چونكە تایبەتێتی تیایدا ڕەهایە، بەڵام پێچەوانەكەی گشتی بوونی نیە.

ناچاركردنی مادی فراوانترو گشتیترە بەرەهایی، لە گەڵ هێزی لەرادەبەدەر كۆدەبێتەوە، لەوكاتەی كەسەرچاوەكەی سروشت و ئاژەڵ بێت، جوێ دەبێتەوە لە حاڵەتی سەرچاوەبوونی مرۆڤ و شیاوی بەرپرسیارێتی تاوانی تیایدا.

بەشی دووەم: ناچاركردنی مەعنەوی

لە یاسای تاوانكاریدا (ناچاركردنی مەعنەوی)لە ڕووی چەمك ومەرجەكانیەوە، یەكسانە بە ناچاركردنی تەواو(الملجئ) لە فیقهی ئیسلامیدا، راڤەكارانی یاسای تاوانكاری پێناسەیان كردوە بەوەی كە(پەستانی كەسێكە لەسەر ویستی كەسێكی تر تاوەكو بە پێی ویستی ئەو ڕووەو رەفتارێكی تاوانی ئارلستەی بكات).[1]

لە بەرئەوە تەنها بە پێشتر هێنانی مەرجەكانی ناچاركردنی لە فیقهی ئیسلامی ئیكتیفا دەكەین و پێویست بە دووبارەكردنەوەیان لێرەدا نیە، بەڵام یاسا لەگەڵ فیقهی ئیسلامیدا لە ڕووی شوێنەوارەكانی ناچاركردن جیاوازی هەیە، چ لەڕووی مادی چ لەڕووی مەعنەوی، سەرباری ئەوەش یاساناسان ناچاركردنی مەعنەویان دابەشكردووە بۆ دوو شێوە:

یەكەم: شێوەیەك كە گریمانەی بەكارهێنانی توندوتیژی دەكات لە كاریگەری دانان لەسەر ویست(ارادە). وەك گرتنی كەسێك یان لێدانی یان هەڕەشەلێكردنی بە بەردەوام تاوەكو رازی بێت بە ئەنجامدانی تاوانەكە. هەروەها گشت ئەو ئامرازە مادیانەی كە كاریگەری لەسەر ویست دادەنێن، بە بێ ئەوەی ویست وون بكەن دەچنە خانەی توندوتیژیەوە، وەك پێدانی مادەی هۆشبەر یان سەرخۆشكەر بە جۆرێك پێدانەكەی وەهابێت كە هۆشی تەواو نەڕوات و بەڵكو هۆشی كەم بكاتەوە..

دووەم: لە توندوتیژی دادەماڵرێت، وبوخت دەكرێتەوە ناچاركردنەكەش لە چوارچێوەی هەڕەشەلێكردندا، وەك هەرەشەكردنی كوشتن لەكەسێك بەوەی كە ئەگەر ملكەچ نەبێ وخۆی یەكلانەكاتەوە بۆ خزمەتی ئەو، یاخود هەرەشە لە ئافرەتێك بكات كە ئەگەر كاری سیكسی لەگەڵدا نەكات ئەوا مناڵەكەی دەرفێنێت.

---

[1] . د.محمود نجیب حسني، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٥٧.

شێوەی یەکەم نزیك دەکەوێتەوە لە ناچارکردنی مادی لەو ڕووەوە کە توندو تیژی تیدا ئامادەیە و بەکاردەهێنرێت. بەڵام لەوەشدا جوێ دەبێتەوە کاتێك توندو تیژی نابێتە مەرجێك، ناگاتە ئەو ئاستەی کە کۆنترۆڵی جەستەی ناچارکراو بکات و ملکەچ و ڕامی بکات بۆئەنجامدانی تاوانەکە. بەڵکو تەنها بەکاریگەری دڵتان لەسەر ویست و هەڵگرتنی ڕووەو ئاڕاستەیەکی دیاریکراو ئەوەش لە ڕێگەی هەڕەشەی ئازارپێگەیاندنی چاوەڕوانکراوەوە لەکاتی جێبەجێ نەکردنی خواستەکانی ناچارکار.[1]

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٥٨.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە تەماشەی چاپکراومان (موانع المسؤولية الجنائية في الشريعة الإسلامية والتشريعات الجزائية العربية)، لا٢١٦ دواتری بکە.